**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٤

**١٩٩٧ - بەرگی چواردەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

**له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ناوی کتێب: **ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**پرۆتۆکۆڵەکان ١٩٩٧ـ بەرگی چواردەیەم**

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: **٢٠٧**

# پێرست:

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/٩. ــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/١١ ــــــ ل١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/١٩ ــــــ ل٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢ ــــــ ل٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٩ ــــــ ل١١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٠ ــــــ ل١٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١١ ــــــ ل٢٠٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٦ ــــــ ل٢٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٧ ــــــ ل٢٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٨ ــــــ ل٣١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢٤ ــــــ ل٣٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢٥ ــــــ ل٣٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٧/٦ ــــــ ل٣٧٣



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی کردنەوەی
# خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧

یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی کردنەوەی
# خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧
## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/٩

کاتژمێر ( ١١ )ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی «کردنەوەی»خولی یەکەمی ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجوومەن ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکەیان چەسپاند و دەرکەوت کە ئامادەبووان «٥٧» ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی «٤٤» ئەندام.
ناوی غائیبەکان: بەڕێزان: ١- ئازاد فتاح میران ٢- د.حسن حسین بەفری ٣- فرحان عبدالله شەرەفانی ٤- موحسین خالید موستەفا ٥- بەتروس سخەریا (لەدەرەوەیە) ٦- شمائیل نەنو (لەدەرەوەیە) ٧- یونادم یوسف کەننا (مۆڵەت).
بەرنامەی کار:
١- وتاری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی «١٩٩٧»ی پەرلەمانەوە.
٢- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی پەرلەمانی کوردستان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەکەینەوە.
**هێژا جەنابی سەرۆک بارزانی.**
**میوانە بەڕێزەکان، خوشک و برایانی خۆشەویستم.**
بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێرهاتنی هێژا جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین و سوپاسی بەڕێزی دەکەین کە ئەو ئەزیەتەی کێشاو تەشریفی هێناوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ئامادەبوون لەکردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی شەشەمیدا. ئەم هەنگاوەش ڕێزنانە لە پەرلەمان و شەرعیەت و تەقدیرە بۆ خەڵکی کوردستان، کە هەمیشە جەنابی بۆ بەرگری کردن و خەمخۆریی ئاڵا هەڵگری

بووە. ئەم ئەزموونەش کە بریتییە لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وا پێمان نایە سالّی شەشەمییەوە، ئەزموونێکە کە بە خوێنی ئالّی پێشمەرگە قارەمانەکان و بەفیداکاری و خۆبەخت کردنی گەلی کوردستان و، بە کۆمەک و هاوکاریی دۆستانی گەلەکەمان لە دایک بووە. ئەزموونێکە کە خەون و ئاواتی ملیۆنەها خەلّکی ئێمەیە، ئەزموونێکە کە چقلّی چاوی دوژمنانە، کە هەمیشە ناحەزان بۆ نەهێشتنی هەولّ و تەقەلّلایەکی زۆریان داوە و بەپێچەوانەی ئەم هەموو کۆسپ و تەگەرانەوە، ئەو ئەزموونە بەردەوامەو، زیاتر فراوان بووەو بۆ پێشەوە ئەچێت بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ناوخۆی خۆمان و هەمیشە بڕوای هەر بە دیموکراتییەت بووە. دیموکراتیەتیش بریتییە لە هەلّبژاردنی گشتی و فرەحزبی و رێزنانە لە شەرعیەت و مافی مرۆڤ و، ئازادی بیروڕاو بۆچوون، کە ئەوە رۆژ بە رۆژ لەم تاقیکردنەوەیەدا خۆی دەنوێنێت و، پاش گەڕانەوەی شەرعییەت ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە شەرعییەتی خۆی لەم پەرلەمانە وەرگرت بەپێی یاسا فراوانترین و باشترین بنچینەی هەیە، بەباشترین شێوە ئیش و کاری خۆی دەکات و ئەنجامی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم «٦،٥» مانگەی دووایییدا خۆی لە خۆی دا بەلّگەیەکە بۆ ئەوەی کە ئێستا ئێمە تەئکیدی لێ دەکەین. هاوکاریی لەنێوان ئەم دوو دەزگایە: پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە یەک تەواوکەری ئەوەی ترە، پێویستە و شتێکی ژیانییە بۆ بەردەوام بوون و چەسپاندن وبەرەوپێشەوە چوونی ئەم تاقیکردنەوەیە. ئەگەر پێش ئێستاکە برایان، ئەرکی سەرشانی ئێمە دامەزراندن و چەسپاندنی ئەم تاقیکردنەوەیە بووە، ئەمڕۆ بۆ پێشەوە بردنی ئەم تاقیکردنەوەیە لەئەستۆی هەموومانە، ئەو هەنگاوانەی هەتاکو ئێستا نراون خۆی لە خۆیدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکات، ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستاکە چەسپاون ئەو بۆچوون و پروپاگەندە رەشانە دژ بەم تاقیکردنەوەیەو دژ بەم بۆ پێشەوەچوونە رەد دەداتەوە.

لە کۆتاییدا، جارێکی تر بەناوی ئێوەوە بەخێرهاتنی هێژا سەرۆک بارزانی دەکەم و، بۆ ئەم خولە داوای موەفەقیەت و سەرکەوتنی بۆ دەکەین و، هیواداریین ئەندامانی پەرلەمان هەروەکو چۆن لە قۆناغەکانی تری ئەم تاقیکردنەوەیەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون لەگەلّ ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە کەوتوونەتە رێگەیان، ئێستاش بەردەوام بن و بە گیانێکی هەست کردن بە مەسئوولیەت بە ئەرکی خۆیان هەستن،

چونکه ئومێدو ئاواتی ئەو خەڵکەنە. بەم بۆنەیەوە داوا لە هێژا سەرۆک بارزانی دەکەین تەشریف بێنێ و چەند قسەیەک بۆ ئەندامانی پەرلەمان و لەو ڕێگەوە بۆ خەڵکی کوردستان بکاو زۆر زۆر سوپاسیان دەکەین. جا باجەنابیان بفەرموون.

**بەڕێز مەسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشک و برایانی بەڕێز:**

خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە لەگەڵتان ئامادەبم، بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانەوە، کە ئەمە بۆ خۆی جێگەی ئومێدێکی یەکجار زۆرە. داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و ئومێدەوارم کە ئەم پەرلەمانە پیرۆزە هەر خوا بیپارێزێت و دەبێ هەر پارێزراوبێت، چونکە دەسکەوتێکی یەکجار زۆر پیرۆزە. بەرهەمی خەباتێکی یەکجار زۆر سەختە، بەرهەمی خوێنی شەهیدانی زۆر عەزیزە. زۆر لە ناحەزانی گەلی کورد هەوڵیان دا کە ئەم پەرلەمانە تێک بچێ، حکومەتی هەرێم نەمێنێ. پەنایان بردە بەر هەموو شێوەیەک کە ئەم تاقیکردنەوەیە نەمێنێ، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە، سوپاس بۆ گەلی کورد، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز کە نەتان هێشت ئەو خەونە پیسەی دوژمنان و ناحەزان بێتەدی. بوونی پەرلەمان لە کوردستاندا بۆ خۆی دەسکەوتێکی گەورەیە. بوونی حکومەتی هەرێم لە کوردستان دا، دەسکەوتێکی گەورەیە، خەونێکی دێرینی میللەتی کورد بوو کە هاتەدی. هەر بوونی ئەم دوو دەزگایە زۆر شتێکی گەورەیە، ئینجا چ بگاتە ئەوەی کە دەسکەوتی گەورە پێشکەش بە گەلی کورد بکات. ئومێدەوارم کە ئەو پەڕی هاوکاریی و تەبایی لە نێوان هەردوو دەزگادا هەبێ، چونکە بەڕاستی هەموو هیواو ئاواتی گەلی کوردستان لەوەدایە کە حکومەتی هەرێم چ پێشکەش دەکات بە گەلی کوردستان و، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان چ یاسایەک دادەمەزرێنێ بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنمایی گەلی کورد. ئینجا بە هاوکاریی هەردوو دەزگا ئەتوانن معجزات دروست بکەن. من لەو بڕوایەدام، چونکە شتێکی دروست کراو نییە، شتێکە لە دەروونی گەلی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە، میللەتی کورد پشتیوانیی لێ دەکات و ئامادەیە بەسەر و بەگیان فەرمانەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکات. هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان، بەشەرەفی دەزانێ کە سەربازێک بێ لەبەر

دەستی ئەم دوو دەزگایە.

بێگومان ئەندامانی پەرلەمان تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر بوون، بەڵام خۆیان ڕاگرت و ئەو خۆڕاگرتنەی ئێوەی بەڕێز وای کرد کە ئەمڕۆ لێرەدا جارێکی تر کۆببینەوەو، پێ بنێینە ساڵی شەشەم لە تەمەنی پەرلەمان. پێم وایە ئەندامانی پەرلەمان دەبێ زیاتر بچنە ناو جەماوەری کوردستان، دەبێ زیاتر بچنە ناو خەڵک و لە گیروگرفتی ئەوان بکۆڵنەوەو ئێش و ئازاری ئەوان بزانن و بیهێننەوە لێرە باسی لێوە بکەن و بزانن چۆن چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکرێت و، دەبێ بەرگری لە مافی ئەو خەڵکە بکەن کە ئەو بڕوایەی بە ئێوە داوە. من پێم وایە با هەر بەقسە نەبێ، بەکردەوە دەبێ خەڵکی کوردستان تێ بگات و ببینێ کە گۆڕانکارییەکی گەورە بووە: لەباری ئابووری، لەباری ئاسایش، لە ئازادی، چونکە بەداخەوە لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هەرچەندە ئەزموونێکی زۆر زۆر گەورە بووە، ئەزموونێکی زۆر پێویست بوو، بەڵام لەبەر بیری تەسکی هەندێ کەس نەکرا کە ئەو ئامانجەی کە پەرلەمانی بۆ دامەزرا، ئەو ئامانجەی حکومەتی بۆ دامەزرا بتوانین بەجێی بگەیەنین، بەڵام ئێستا الحمدالله ئەو کۆسپە نەماوە. ئێستا پەرلەمان پەرلەمانەو حکومەتیش حکومەتە. پەرلەمان پەرلەمانی کوردستانەو حکومەتیش حکومەتی کوردستانەو، بەرپرسن لە ژیان و ئاسایشی هەموو کەسێک کە لە کوردستان دا ئەژی، سەر بەچ حزبێک بێ، سەر بەچ لایەنێک بێ، بێ لایەن بێ. مادام لە کورستان دا ئەژی دەبێ ئەو هاوولاتییە هەست بە ئازادییەکی تەواو بکات، دەبێ هەست بە ئاسایش بکات، دەبێ هەست بەوە بکات کە سەرو سامانی پارێزراوەو، هەروەها لە ژێر سێبەری یاسایەکی زۆر زۆر بەقەدرە، یاسایەکی زۆر بەرزە. ئەو کاتە دەبێ لە خۆی بترسێ کە دژی یاسا ئیش بکات ئەگینا نابێ هیچ هاوولاتییەک لە کوردستاندا، ئەگەر پەیڕەوی لە یاسا بکات نابێ لە شتێکی تر بترسێ، نابێ بەپێی ویستی ئەو لێپرسراو یان ئەو لێپرسراو هیچ هاوولاتییەک لە کوردستان بۆ یەک چرکە زیندانی بکرێت، بەڵام ناشبێ کەس لە کوردستان هەبێ باشتر بێ لەیاسا، نە وەکو تاکە کەسی، نە وەکو حزبەکان.

خۆشبەختانە لەماوەی ئەو مانگەی ڕابردوودا من پێم وایە، ئەگەر یەکێک مونصیف بێ و، داخ لەدڵ نەبێ دەتوانێ زۆر بەبڕواوە بڵێ کە گۆڕانێکی گەورە بەسەر باری کوردستان دا هاتووە، ئەمن و ئاسایش تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بەر قەرار بووە،

باری ئابووری خەڵکەکە تا رادەیەک باشتر بووە. ئومێدەوارین کە زۆر زۆر باشتر ببێ. دام و دەزگاکانی شەرعی کەوتوونەتە کاری خۆیان و کارەکانیان بەباشی ئەنجام دەدەن، تەبیعی ئەوەش واناگەیەنێ کە گیروگرفت نامێنێ، یاخود کاری تیرۆرانە سەر ناگرێ و ئەوەی بیەوێ کە پەنا بباتە بەر تیرۆر، تیرۆر کارێکی ئاسانە، بەڵام لەڕاستیدا ئیشی نامەردانە. ئەوەی بڕوای بەخۆی بێ، بڕوای بە کێشەی خۆی بێ، رێزی خۆی بوێت هەرگیز پەنا ناباتە بەر تیرۆر، نەش بووە لەدنیادا رۆژێک لە رۆژان ئەوەی کە پەنای بردبێتە بەر تیرۆر رێزی لێ گیرابێ، یان توانیبێتی ئامانجێکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. ئێستاش بەڕاشکاوی دەڵێم، کە ئەوانەی لەشەرعییەت لادەدەن نابێ بەتەمای ئەوەبن کە شەرعییەت لە شوێنی خۆی بلەقێ بۆ ئەوەی ئەوان رازی بن، ئەبێ ئەوان بگەڕێنەوە بۆ بەر سێبەری شەرعییەت، ئەگینا شەرعییەت لەجێی خۆی ماوەو دەشمێنێ، رۆژ بە رۆژیش بەهێز تر دەبێ.

جارێکی تریش زۆر سوپاستان دەکەمەوەو هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاک مەسعود بۆ ئەو وتە بەنرخانە.

ئێستاش وتەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کاک د. رۆژ نوری شاوەیس با بفەرموێت.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**سەرۆکی خۆشەویست کاکە مەسعود بارزانی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتا بەم بۆنەیەوە کە خولی یەکەمی ساڵی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانی تیادا دەست پێدەکات، پیرۆزباییەکی گەرم وگوڕ لەهەموو لایەکمان دەکەم، ئومێدیشمان پتەوە کە ئەم خولە نوێیەی پەرلەمانی گەلی کوردستان کە لەمانگی ئازاردا لە جەرگەی بیرەوەرییە مەزنەکانی گەلەکەماندا دەست پێدەکات، بەهێزو تواناو حەماسی رۆژانی راپەڕین پتر رووەو پاراستنی ئەو دەسکەوتانە و چەسپاندنی شەرعییەت و یاسا و دابینکردنی ئاسایش و پەیڕەوکردنی نەریتە دیموکراتییەکان هەنگاوی بەهێز بنێ بەهاوکاری دڵسۆزانەی گشت لایەنێکی دڵسۆز بە رەنج و خەباتی گەلە ستەمدیدەکەمان وگوزەرانی جەماوەری کوردستان لەهەموو روویەکەوە بەرەو چاکتر ببەین.

**بەڕێزان:**
بەهەڵی دەزانین کە بەم بۆنەیەوە هەڵوێستەیەک بکەین و ئاوڕێک لەکارو چالاکیی پێنج مانگی رابوردوو کە تەمەنی کابینەی سێیەمی حکومەتەکەمانە بدەینەوە. لای هەمووان ئاشکرایە کە کابینەی سێیەم لەبارو رەوتێکی ئێجگار نالەبار پێکهات، نەک لەسفرەوە، بەڵکو لەژێر سفرەوە ئەرکی حوکمڕانی و بنیاتنانەوەی هەموو شتێکی کەوتە ئەستۆ، بە بنیاتنانەوەی بارە دەروونییەکەی جەماوەری کوردستانەوە کە ئێش و ئازارێکی زۆری بەهۆی رووداو وکارەساتەکانی دوو سێ ساڵی رابوردوو چەشت، هیچ گومانیشی تیادا نییە ئەگەر باوەڕی پتەو بە پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و راپەڕین و خەباتی دەیان ساڵی گەلە تێکۆشەرەکەمان نەبوایە و خەمی دڵسۆزانەی بووژاندنەوە و چاککردنی ئەو نەریتانە نەبووایە کە ئەم حوکمڕانی و ئەزموونەیان لەسەر بنیات نراوەو، ئەگەر هیممەتی دڵسۆزان و ئێوەی بەڕێز و بەتایبەتی سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی نەبووایە خەونی ناحەزان دەهاتە دی و ئەوەی گەلە نەبەزە تێکۆشەرەکەمان ساڵەهای ساڵە خەبات و رەنجی بۆ ئەدا بە یەکجاری لەدەست دەچوو.

**بەڕێزان:**
وەک لە بەرنامەی کاری کابینەی سێیەمدا ئاماژەمان بۆ کرد دووبارەی دەکەینەوە کە ئەم ئەزموونە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی تێکۆشانی نەپساوە و سەخت و کوردایەتییەکی بێ غەلوغەشی بارزانیی نەمرە، کە بۆ ماوەی نیو سەدە سەرکردایەتیی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەکەمانی کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەحوکمی لێپرسراویەتی مێژوویی بەرامبەر بەم دەسکەوتانە هەموو تواناو وزەیەکی بۆ رزگار کردنی ئەم دەسکەوتانە لەداو و پیلانە ترسناکەکانی دوژمنان خستەکار. هەر بەگوێرەی نەریتە دیموکراسییەکانی و باوەڕی پتەو ونەگۆڕی پێیان و بەهاریکاری گەلێ حزب و لایەنی تێکۆشەرو دڵسۆزی کوردستان، بەجۆرێکەوە رووبەڕووی رەوشی ناهەمواری پاش شەڕی ناوخۆ و ئاڵۆزکارییەکانی بووەوە، پاش ئازاد کردنی هەولێر لەدەسەڵاتی تاکڕەوی زۆرە ملێیی، کابینەی سێیەم لەکەش و دۆخێکی شەرعی ودیموکراتی پێکهات و بەرنامەی واقیعی خزمەتگوزاری خۆی لەبەردەم پەرلەمان بۆ گشت جەماوەرە تامەزرۆکەی ئاسایش و ئاشتی و یەکسانی لەکوردستاندا... خستە روو.

بەرنامەی کابینەی سێیەم بەرنامەیەکی خزمەتگوزاری بوو، چونکە دەبووایە بەپەلە ئەوەی رووخێنراوە سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوە و متمانەی میللەت بە ئەزموونەکەیان و دواڕۆژیان

بگەڕێتەوە، ئەمەیش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئەوەی لەبەر دەست بوو وێرانەیەکی بەرفراوان و خاپووربوو و پیلان و شالاوی بەربەرەکانێ و تەگەرە نانەوەیش بەردەوام بوو. بەڵام ئەمڕۆکە پاش تێپەڕبوونی پێنج مانگ بەسەر دەست بەکار بوونمان دەتوانین بەڕوویەکی سوورەوە ڕووبەڕووی جەماوەرە تێکۆشەرەکەی کوردستان ببینەوە، ئەوەی لەیەکەم ڕۆژی پێکهاتنی ئەم کابینەیەوە (٢٦ی ئەیلوولی ١٩٩٦)هەتاوەکو ئەمڕۆ لەچەندین ڕوودوە وەدی هاتووە دڵخۆشکەرە و باوەڕی خۆمان و جەماوەر بە وزەو توانای خۆمان دەبووژێنینەوە، دەتوانین بڵێین گەلێ لەو دەسکەوتانەی لەم تەمەنە کورتەی سێیەمی حکومەتی کوردستان وەدی هاتوون لەهەموو تەمەنی کابینەی یەکەم و دووهەمیشدا ئەنجام نەدراون.

هەر لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی بەر قەرارکردنی ئەمن و ئاسایشی هاوولاتیان و کەم بوونەوەی ڕادەی تاوان و تاوانکاری لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەم حکومەتە دان، تا دابەش کردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و پێشمەرگەو ئەنفالکراوەکان بەرێکوپێکی و دەست بەکاربوون لەگەلێ پرۆژەی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر و خەرج کردنی بڕی پتر لە «٦٠» ملیۆن دینار هەتا ئێستا بۆ ئەنجام دانی ئەو پرۆژانە. گەلێ چالاکیی دیکە ئەنجام دراوەو لە ئارادایە کە هەر هەمووی هەناسەیەکی نوێی بووژێنەری بە کوردستاندا هێنایەوە.

دەبێ ئەوەیش لەبیرنەکەین کە وێڕای ئەوەی پیلان و هەوڵی تێکدان و ئاژاوە نانەوەی ناحەزان هەمیشە بەردەوام بووە، جگە لەهەوڵی تیرۆریستی تێکدەر و تەگەرە نانەوەی جۆراو جۆری وەک گرفت نانەوەی کارەباو ئاو و هەڕەشەو گوڕەشەی شەڕ هەڵگیرساندنەوە، کابینەی سێیەم لە ڕەوتەکەی سست نەبووە و نەوەستاوە، نەتەنها لەڕووی چاککردنی باری ناوخۆیی هەرێم، بەڵکو لە ڕووی پەیوەندییەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەو هاوسێکاندا بگرە بەرەو پێشتر چوون و لەزیادبوون دایە. لەلایەکی دیکەوە هەموو توانایەکی خستۆتە گەڕ بۆ سەرخستن و ئەنجامدانی بڕیاری «٩٨٦»ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەڕاستیدا گوزەرانی سەرجەم جەماوەری کوردستان چەندین هەنگاوی بەهێز بەرەو پێش دەبات. بۆیەش سیاسەتی دان بەخۆ داگرتنی(ضبط النفس)پەیڕەو کردووەو هەر لەخزمەت ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەدایە کە لەڕاستیدا باری شەڕو ئاشووب لەکوردستاندا دەبێتە هۆیەکی سەرەکیی ئەنجام نەدانی.

**بەڕێزان:**

ئەگەر لەزەمانی کابینەکانی تردا ماڵ و سامان و پرۆژەکانی گەلەکەمان تێک دراوون، ئێستاکە پەیتا پەیتا بینا دەکرێ وڕێگاوبانمان چاک دەکرێنەوە، قوتابخانەکانمان، خەستەخانەکان و کارگەکان زیاتر بایەخیان پێ دەدرێت، رەچاوی یاساو مافی مرۆڤ دەکرێن. داهاتەکان رێک دەخرێن و بۆ میللەت بەپێی بودجەی دانراو بەرێکوپێکی خەرج دەکرێت. رێز لە ئایین و لەحزبەکان و لەخوێندن و خوێندنی باڵا دەگیرێت، رێز لەداب و نەریتی جوانی کوردەواری و خوو ورەوشتی پاک دەگیرێت و پەیرەو دەکرێن. بەڵام ئەمانە هەمووی ئەوە ناگەیەنن کە ئیتر کارمان ئاسانەو هەموو ئەرکێک ئەنجام دراوە. ئێمە تازە لەسەرەتای رێگەیەکی دووروردرێژداین کە پێویستی بە بەردەوامی و کارو ماندووبونێکی جیددی و هاوکاریی و پشتگیریی هەموو لایەک هەیە بەتایبەتی پشتگیریی و هاوکاریی ئێوەی بەرێز.

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. دەست لەدەست و هێز لەخوای گەورە بەرەو حکومەتی دیموکراتیی کوردستان. هەربژین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. دانیشتنی ئەمرۆمان لێرەدا تەواو دەبێت. دانیشتنی ئایندەمان سبەینێ ۱۹۹۷/۳/۱۰ سەعات «۱۰» ی بەیانی دەبێ، زۆر زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١١/٣/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٧/٣/١١

سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٧/٣/١١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن. دانیشتنی ژماره (١)ی ئاسایی خولی یەكەمی ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان و سكرتێری ئەنجوومەن رادەی یاسایی كۆبوونەوەیان چەسپاند ئامادەبووان «٥٥» ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی «٤٦» ئەندام. ناوی غائیبەكان: ١- بەڕێز ئازاد فەتتاح رەشید میران ٢- د.حەسەن موسێن بەفری ٣- رێزدار فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی ٤- رێزدار موحسین خالید موستەفا ٥- بەڕێز پوترس سخەریا (لەدەرەوەیە) ٦- بەڕێز شمائیل ننو (لەدەرەوەیە) ٧- بەڕێز یونادم یوسف كەننا (مۆڵەت) ٨- بەڕێز نەهلە محەمەد سەعید.

بەرنامەی كار:

١- بڕوادان بەوەزیری هەرێم كاك (عەبدولجەلیل فەیلی) وسوێندخواردنی لەبەردەم ئەنجوومەندا.

٢- لێدوان لە بارەی بەجەژن كردنی رۆژی لەدایك بوونی بارزانی نەمر لە ١٩٩٧/٣/١٤ .

٣- لێدوان لە پرۆژەی حكومەتی هەرێم لەبارەی درێژكردنەوەی پشووی جەژنی نەورۆز بۆ سێ رۆژ.

٤- لێدوان لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان.

٥- لێدوان لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٦- یاسای بودجەی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات.

بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان ٣/١١ بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەكەم: بڕوادان بە وەزیری هەرێم كاك «عبدالجلیل فەیلی» و سوێندخواردنی لە بەردەم ئەنجوومەندا.

دووەم: لێدوان لەبارەی بەجەژن كردنی رۆژی لە دایك بوونی بارزانی نەمر لە ١٩٩٧/٣/١٤دا.

سێیەم: لێدوان لە پرۆژەی حكومەتی هەرێم لەبارەی درێژكردنەوەی پشووی جەژنی نەورۆز بۆ «٣» رۆژ.

چوارەم: لێدوان لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان

پێنجەم: لێدوان لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
شەشەم: یاسای بودجەی هەرێم.
ئەمە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە.
خاڵی یەکەم بروادانە بە وەزیری هەرێم کاک عەبدولجەلیل فەیلی و سوێندخواردنە، بەڵام چونکە تاکو ئێستا نەگەیشتووە، ئەم خاڵە دوا دەخەین و دەچینە سەر خاڵی دووەم، ئەویش لێدوان لە بارەی بە جەژن کردنی ڕۆژی لە دایک بوونی بارزانی نەمر لە ١٩٩٧/٣/١٤. پڕۆژەیەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرلەمان ناردراوە، دراوە بە لیژنەی یاسا. ئێستاش جەنابی سکرتێری پەرلەمان پڕۆژەکەمان بۆ دەخوێنێتەوە پاشان دەیخەینە گفتوگۆوە، با بفەرمووێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة «١» من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٧ اصدار القرار الآتي:

١- اعتبار يوم ٣/١٤ من كل سنة، يوم مولد الزعيم الخالد «مصطفى البارزاني» رمز حركة التحرر القومي الكوردي عيداً وطنياً وقومياً في جميع انحاء كوردستان واعتباره عطلة رسمية في الاقليم.
٢- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پڕۆژەکەیەو خوێندرایەوەو ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە با ناوەکان بنووسین، دوای ناونووسین دەرگای گفتوگۆ دادەخەین. ئەوانەی کە دەستیان بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم پڕۆژەیە بکەن ئەم بەڕێزانەن:

١- د. قاسم، ٢- مامۆستا مەلا مەحمود دێرەشەوی، ٣- کاک سیروان، ٤- مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی، ٥- کاکەڕەش. کەسی تر هەیە قسە بکات لەسەر ئەم بابەتە؟ ٦- د. ناصح کێی تر؟ ٧- ئازاد قەرەداغی. ئێستا کاک د. قاسم با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن.**

بەڕاستی بارزانیی لە ساڵەکانی چلەوە تاکو ئێستا بەبێ پسانەوە رابەری شۆڕش وبەرخودانی گەلی کوردستانە، بارزانیی چیرۆکە، بارزانیی شۆڕشە، بارزانی سەمبولی بەرخودانی گەلی ئێمەیە، زۆر لەجێگای خۆی دایە وجێگای سەرفرازیە پەرلەمانتارانی کورد ئەمڕۆ لە هۆڵی پەرلەمان رۆژێکی ئاوا پیرۆز بڕیاری لەسەر بدەن و بکرێتە پشوو لەسەرانسەری هەرێمدا تاکو زیاتر بایەخی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی حەقی بارزانیی بدەینەوە. لێرەدا من پێشنیارەکی بچووکم هەیەو دەیخەمە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وبرادەرانی ئەندامانی پەرلەمانەوە، هیوادارم جێگای خۆی بگرێ ئەویش دەستەواژەی(یحتفل به)لە کۆتایی رستەکەدا، دابندرێ.(١٤/٣ من كل سنة يوم مولد الزعيم الخالد مصطفى البارزاني رمز حركة التحرر القومي الكوردي عيدا وطنياً وقومياً في جميع أنحاء كوردستان وأعتباره عطلة رسمية في الأقليم ويحتفل به) هەرچەندە پشوودان بۆ خۆی هەروەکو ئاهەنگ گێرانە(أحتفال)ە، بەڵام بۆ زیاتر گرنگیدان بەو بۆنە مێژووییەوە، تا زیاتر حەقی خۆی بدرێتێ پێشنیار دەکەم ئەو دەستەواژەیە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوللا دێرەشەوی:**
**هـێـــژا ســـــەرۆكی پـەرلـەمــــــان.**

هەر وەک د.رزگار باسی کردو هەرچەندە بەرامبەر بە جەنابی خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا باس بکرێ من دەڵێم هێشتا هەر کەمە، بۆ ئەو کەسانەی لەناو میللەتی کوردو لەدەرەوەی دنیا مەلا مستەفا دەناسن، (والعكس هو الصحيح) ئەوەی میللەتی کورد بناسێ دەبێ بزانێ مەلا مستەفا جێگای شانازیی و سەربەرزی ئێمەیە، ناوی بەرزی ئەو ناو ودەنگە لە مێژووی کوردایەتیدا مەلا مستەفا بارزانییە، نەک مستەفا بارزانی بەتەنێ، لەوانەیە ناو مستەفا بارزانیی زۆر هەبن، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی یەک مەلا مستەفا بارزانی هەیە، تکام وایە ئەو ناوەی(مەلا مستەفا بارزانی)پێناس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرتیپ مـــحـــەمـــەد حــســێن:**
**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن.**

لەڕاستیدا رۆژی ١٩٩٧/٣/١٤ رۆژێکی مێژووییە لە دیرۆکی میللەتی کورددا، رۆژی لەدایک بوونی سەرکردەی لێهاتوو، پێناسەی گەلی کورد سەرۆکی مەزن بارزانیی نەمرە. زۆر جێگای خۆیەتی کە هەرچی بکرێ و بووترێ بۆ رێزنان لەخەباتی کە بە درێژایی تەمەنی خەباتی بۆ ناساندنی گەلی کورد بووە، بۆ بەرگری کردن لەبوونی هەستی کورد بووە. من بەتەواوی پشتیوانی ئەم پرۆژەیە دەکەم و، لێرەدا هەرچی بمەوێت بیڵێم زۆر کەمترە لەئاستی خەبات و ماندوو بوون و تێکۆشانی ئەو سەرکردە لێهاتووەدا. جێگای خۆیەتی و پێشنیار دەکەم کە ئەو رۆژە بکرێتە جەژنێکی نیشتمانیی میللی ونەتەوایەتی، کە هەموو گەلی کوردستان بەشدار بن، چونکە

بارزانیی نەمر تەنها سەرکردەی حزبێک نەبووە، بارزانیی نەمر پێناسەی میللەتی کورد بووە و میللەتی کوردی لەسەدەی بیستەمدا ناساندووە بەجیهان و، جارێکی تریش پشتگیری تەواوی ئەو پرۆژەیە ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زیندوو کردنەوەی(تخلید) بارزانی نەمر بە بریارێکی وا دەکرێت و، بەتایبەتی دانانی رۆژی لەدایک بوونی. لایەنی تریش هەیە کە ناوچەی بارزان دەیان ساڵە ناسراوە بەوەی کە یەکەمین ناوچەی کوردستانە کە بەشێوەی تایبەتی خۆیان بریاری پاراستنی ژینگەیان داوە، چ بە پاراستنی دارو درەخت و دارستانەکان و چ بە پاراستنی گیان لەبەران لەو دارستانانەدا بێ. دانانی رۆژی دارو درەخت، چاندنی گوڵ و نەمام بەناوی بارزانیی نەمرەوە لەمێشکی مرۆڤ دا ئەوەیش دێنێتەوە یاد کە ناوچەی بارزان ئەو داب و نەریتەی چەسپاندووە پێش دەیان ساڵ. ئومێدەوارین ئەو داب و نەریتە بڵاو ببێتەوە بە هەموو کوردستاندا، چونکە پاراستنی ژینگە پاراستنی سروشتی کوردستانەو ئەرکێکی نیشتمانییە، ئەرکێکی نەتەوایەتیشە، ئەرکێکی مرۆڤایەتیشە. ئێستا لەجیهاندا نەک تەنها مەسەلەیەکی سۆزی بێ و یامەسەلەیەکی تەنها بەرواڵەت و بۆ خۆپیشاندانێکی نومایشی بێ، بەڵکو ئەبێ مەسەلەیەکی جیددی بێ، چونکە مەسەلەی پاراستنی دارستانەکان، مەسەلەی پاراستنی سروشت مەسەلەیەکی مرۆیی گشتییە لەسەرانسەری وڵاتاندا. ئێمەش لەکوردستاندا هەوڵ دەدەین ئەم داب و نەریتە بچەسپێت، ساڵ بە ساڵ یاد بکرێتەوە، وەکو گوتم لەبارەی مێژوو لەبارەی سایکۆلۆژیشەوە زۆر گرنگە کەوا ببەسترێتەوە بەناوی بارزان و بارزانیی نەمرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا وەرگرتنی بریارێکی ئەوتۆ وەکو بریاری کردنی رۆژی ٣/١٤ بە رۆژێکی پشووی رەسمی کە رۆژی لەدایک بوونی بارزانیی نەمرە جێی خۆیەتی و، ئەمە وەفاداریی ئەبێ لەلایەن نوێنەرانی گەل و لەلایەن پەرلەمانەوە بەرامبەر بە بارزانیی نەمر، نووسراوە (یوم مولد الزعیم الخالد«مصطفی البارزانی») کە تەرجوومەکەی ئەگەر بکرێت (سەرۆکی نەمر بارزانیی مستەفا)چونکە بەو شێوەیە زیاتر ناسراوە کە وەربگێردرێت، لەکۆتاییش ئەو پێشنیارەی کاک د. رزگار کردی منیش بەپەسندی ئەزانم و، هەمان رام هەیە، بەڵام (ویحتفل بە رسمیاً) یەعنی وشەی رەسمییەن زیاد بکرێ نەک هەروەکو (یحتفل بە) زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی من زۆر سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە

ئەم پێشنیارەیان خستۆتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕۆژێک بکرێت بە پشووی ڕەسمی لەیادی سەرکردەی نەمر بارزانیی دا، بەڕاستی جێگای شانازییە، من بەش بەحاڵی خۆم خۆشترین ڕۆژم لەژیاندا ئەوەیە کە یادی ئەو سەرکردە نەمرە بکرێتەوەو وەفایەکیشە بۆ ئەو سەرکردە نەمرە کە ڕۆژێک بەناوی ئەوەوە بکرێت بە پشووی ڕەسمی، لە هەمان کاتیشدا هەر چ شتێک بکرێت بۆ بارزانی بە بڕوای من هەر کەمە، من پێشنیارێکی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەهەموو دەزگا ڕەسمیەکاندا وێنەی سەرۆک بارزانی بە ڕەسمی دا بکوترێ و هەڵبواسرێ، ئەوە وەفایەکی ترە بۆ بارزانی نەمرو هەر سەرکەوتوو بن ان شاء الله، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لەشوێنی خۆیەتی. من پێم وایە ئەو پێشنیارە تازانەش کە برادەران کردیان گومان نییە کە پێشنیارەکانیان لەدڵسۆزی و خۆشەویستیانە بۆ بارزانیی، هەریەک لەوان حەزدەکات شتێک زیاد بکا بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە ئەو شتەی کە ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە تەنیا لەسەر ئەو بڕیار بدرێ، چونکە کە بوو بە پشووی ڕەسمی ئاهەنگی بۆ دەگێردرێ، من پێم وا نییە کە ئاهەنگ بە یاسا یان بە بڕیار بکرێ، ئاهەنگ گێران یاسای پێ ناوێ کە دەکرێتە پشووی ڕەسمی واتا ئاهەنگە، لەبەر ئەوە من پێم باشە دەقەکەی حکومەت دەنگی لەسەر بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەمێنێتەوە دوو پێشنیاری تر، پێشنیاری کاک فەلەکەدین لەسەر مەسەلەی چاندن لەو ڕۆژەدا، دووەم پێشنیاری کاک ئازاد بۆ مەسەلەی زیاد کردنی بڕگەیەک کاتی خۆی قسەمان لەسەر کرد، بالیژنەی یاسای پەرلەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بابەتە تەرتیب بکات. لەسەر خاڵی پێشنیاری کاک ئازاد ئێمە لەگەڵ کاک دکتۆر باسمان کرد بوو ئەبوایە لیژنەی یاسا ئەو بڕگانەی ئیزافە بکردبایە، بەڵام لەبەر سەرقاڵی دوێنێ دیار بوو بوار نەبوو ئەو پێشنیارە زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەم بڕیارە ئەبێ کاکڵەکەی بزانین کە ئەوەیە: بڕیار بدرێت ڕۆژی لەدایک بوونی بارزانیی نەمر بکرێ بەجەژنێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی ئەمە کاکڵی بڕیارەکەیە بە یاسا دەری ئەکەین یا بەبڕیار، هیچ کێشەیەک نییە، لەئەنجوومەنی وەزیران بەتێر و تەسەلی کفتوگۆو دیراسە کراوەو، لەوانەیە بواری ئەم درێژ کردنەوەی نەبێ بۆ ڕۆژی لەدایک بوونی بەتایبەتی هەڵبژێردراوە؟ لەوانەیە زانراو بێ لای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەڵامی ئەوە چییە. شتێکی شاراوە نییە کە میللەتی کوردیش بەگشتی ئەیەوێ ڕۆژێ هەڵبژێرێ بەخۆشی تیایدا یادی بارزانیی نەمر بکاتەوە، میللەت هەمووی تیایا دڵخۆش بێ، بیکات بەجەژن. ئەمە پێشنیارەکەمانەو تەبیعی ئەمە کاکڵی

پێشنیارەکەیە، ئەمە ئەگەر بکرێ بە بڕیاری پەرلەمان ئەوکاتە درێژەی ئەم جەژنە چۆن ئەکەین ئەکرێ بە ئەرکی حکومەت، ئەو کاتە بڕیار ئەدەین دار بچێنین، بڕیار ئەدەین هەموو میللەت هەڵپەڕێ و ببێ بەجەژنێکی میللی، ئەو کاتە بڕیار ئەدەین بەپێی ئەو پێشنیارانەی کە هەنە ئەتوانین ئەو ئاهەنگانە گەورەکەین، دیاری کەین، خۆشی کەین، هیچ سنوورێکمان لەبەردەمدا نییە واتا هیچ شتێک نییە ڕێگەمان لێ بگرێت، لەبەر ئەوە بە بڕوای من ئەم بڕیارە چەن درێژەی پێ بدەین لەوانەیە لە داڕشتنەکەی کەم کاتەوە(لاواز بکات)ئەوانی تر ئەتوانین هەموویان وەکو بڕیارێکی حکومی جێبەجێ بکەین لەسەر ڕاسپاردەی پەرلەمان. ڕاسپاردەی هەر برادەرێک کە پێشنیارێکی جوانی هەبێ زیادی کەین پێشی بخەین، سوودی لێ وەرگرین. سەبارەت بە بابەتی وێنەی جەنابی بارزانیش شاراوە نییە لەهەموو هەرێمدا وێنەی بارزانیش هەڵواسراوە(تحصیل حاصل)ە. کاتی خۆی لەپەرلەمان گفتوگۆمان لەسەر کردو پەسەند کرا، تەنیا ئەوە نازانم بۆ چی دەرنەچوو؟ لەوانەیە پەیوەندی بە بارودۆخی ئەو کاتەی پەنجا بەپەنجاوە هەبوو بێ، هەر ئەویش بڕیاری پەرلەمانی پێوە هەیە کە وێنەی سەرۆک بارزانی ئەبێ لەهەموو فەرمانگەیەکی حکومەتدا هەڵبواسرێ. جا ئەگەر پێتان خۆشە ئەوە وەکو بڕیارێکی جیاواز بکەن، بۆ پەرلەمانیش باشە بۆ ئێمەش باشە وەکو جیاواز ڕێزێکی تایبەتی بۆ دابنێین گفتوگۆی لەسەر بکەن و بیکەن بە بڕیارێکی تایبەتی. ئێستاش بەڕای من ئەو بڕیارە بەو شێوەیە بمێنێتەوە پڕ بەپێستی خۆیەتی وباش داڕێژراوە، سوودی زۆریشی لێ ئەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا بابەتی ئەو زیاد نەکردنەی ئەورۆو بابەتی هەڵواسینی وێنەکەش بەڕاستی لامان پەسەند نەبوو لەدوتوێی ئەم یاسایەدا بێ، چونکە وامان دەزانی لەناوەڕۆک و هەیبەتی یاساکە کەم دەکاتەوە. ئەو یاسایە تەنها بۆ پشوودانە (پشوودانی ڕەسمی)ی لە لایەک و دانانی ڕۆژی (١٤)ی مانگ بۆ (پشووی ڕەسمی)ی لەلایەکی ترەوە لەوانەیە وشەیەکی زمانەوانی لەسەرمان بەهەڵە تێپەڕ بوو بێ (يكون عطلة رسمية)... لەباتی «اعتبارها»، اعتبار يوم ٣/١٤ من كل سنة يوم مولد الزعيم الخالد مصطفى البارزاني رمز حركة التحرر القومي الكوردي عيداً وطنياً قومياً في جميع انحاء كوردستان ويكون عطلة رسمية في الاقليم) لەباتی (اعتباره) دووبارە لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ پێشنیارەکەی کاک ئازاد دەخەینە ئەو لاوە، هەروەکو سەرۆکی حکومەت هێمای بۆ کرد دواتر لیژنەی یاسا دەتوانێ پڕۆژەیەکی تایبەتی بۆ ئامادە بکات، بەڵام ئێمە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکە وەربگیرێ. سەبارەت بە چۆنیەتی ئاهەنگ گێران بەڕای من ئەوە پشووە، ئەوکاتە ڕێنمایی لە ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزارەتی تایبەتمەند دەرئەچێ

بۆ چۆنیەتی ئاهەنگ گێڕان. تەنها پێشنیارەکەی کاک ئازاد ئەمێنێتەوە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی تەواو بێ، دوای ئەوە بڕیارەکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە تاکو بڕیارێک وەربگیرێ لەپەرلەمان بۆ ئەوەی رەسمی بارزانیی لەهەموو فەرمانگەکان هەڵبواسرێ. گفتوگۆ تەواو بوو، بەڕای من ئێستا دەقی بڕیارەکە بخوێنینەوە پاش ئەوەی ئەو هەموارەی کە لەسەری کرا لەبەرچاو بگیرێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئازاد پێشنیار دەکا یاسایە، یاساش بەتاکە کەس ناکرێ، دەبێ بەلایەنی کەم چەند کەسانێک کۆ ببنەوەو پێشنیارێک ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان بکەن(هەروەک لەپەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە)سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش بیداتە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی لە پرۆژە بڕیارێک دایڕێژێ دواتر بخرێتە روو، وابزانم ئێستا ئەو کارە بە پێشنیاری یەک برادەر ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک کراوە بۆ ئەو بابەتە. کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە بەڵام وەکو پێشنیارێکی خۆمە خستۆمەتە بەردەم برادەران ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەری بدەن و، من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاک فرەنسۆدا نیم کە هەموو پێشنیارێک بکرێت بە پرۆژە. پێشنیارەکەم کردووەو خستوومەتە بەردەم پەرلەمان ئەمەوێ بڕیاری لەسەر بدەن. جا مەرج نییە هەموو پێشنیارێک پرۆژەی بۆ بنووسرێ یان هەموو پێشنیارێک (١٠) کەس یان (١٥) کەس زیاتر بینووسێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت رابکێشیتەوە یان نەء ئەوە لەدوتوێی ئەو بڕیارە نابێت، بەڵام ئەم پێشنیارە جێگیر ئەکەین، پاشان رێچکەی یاسایی خۆی وەردەگرێ، لیژنەی یاساش دایدەڕێژێ و بەرچاوی پەرلەمان ئەخرێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ـ اعتبار يوم ٣/١٤ من كل سنة يوم مولد الزعيم الخالد «مصطفى البارزاني» رمز حركة التحرر القومي الكوردي عيداً وطنياً وقومياً في جميع انحاء كوردستان ويكون عطلة رسمية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگەی یەکەم ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ برگەی یەکەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ شتێک هەیە لەسەر برگەی دووەم؟ نییە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرد. ئیستاش وەکو بڕیارێک دەیخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ئەوەی کە بوو بە بڕیار واتە ڕۆژی لەدایک بوونی جەنابی بارزانیی جەژنێکی میللی و نیشتمانییە. دوای ئەوە حکومەتی هەرێم ئەتوانێ هەموو بڕیارێک وەربگرێ بۆ چۆنیەتی جەژنەکە. هەتا مەسەلەی وێنەی بارزانیی ئەمڕ کە ئێستا لەهەموو دەزگا حکومییەکاندا هەڵواسراوە ئەوەش دەرئەنجامە(تحصيل حاصل)ە مادام لەدایک بوونی ئەو جەژنێکی میللی و نیشتمانییە تۆ ئەتوانی بە بڕیارێکی ڕەسمی هەموو وێنەکانی هەڵبواسی و بیکەیت بە بڕیارێک و جێبەجێ بکرێ لە هەموو فەرمانگەکاندا لەبەر ئەوە ئەو بابەتە بە بڕوای من دەرئەنجامە(تحصيل حاصل)ە وێڕای ئەوەش بەباشی ئەزانم کە پەرلەمان بە ڕێگایەکی یاسایی با (١٠) ئەندامی پەرلەمان بینووسن و لەکۆبوونەوەیەکی دیکەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێ بەتێرو تەسەلی و بڕیاری لەسەر بدرێ. لێرەدا بەڕای من ئەم بەرنامەی کە ئەمڕۆ دامان ناوە خاڵ بەخاڵ لەسەریان بڕۆین وئەوەی پێمان بکرێ تەواوی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. دەمێنێتەوە پێشنیارەکەی کاک ئازاد. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران رای خۆی دەربڕی. پێشنیارەکەی کاک ئازاد قەرەداغی ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرد.

پاشان پرۆژەیەکی بۆ ئامادە ئەکرێ لیژنەی یاسا دەیخاتە بەردەم پەرلەمانەوە. سوپاستان دەکەین، ئێستا دێینەوە سەر خاڵی سێیەم لەبەرنامەی کارمان کە لێدوانە لەپرۆژەی حکومەتی هەرێم لەبارەی درێژ کردنەوەی پشووی جەژنی نەورۆز بۆ سێ ڕۆژ. جەنابی سکرتێری پەرلەمان با پرۆژەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**« قرار »**

استناداً الى احكام الفقرة « ١ » من المادة « ٥٦ » من القانون رقم« ١ » لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٩٧/٣/١١ اصدار القرار الآتي :

١- تكون الاحتفالات الرسمية والشعبية في اقليم كوردستان بمناسبة عيد نوروز لمدة ثلاثة ايام اعتباراً من ٣/٢١ من كل سنة.

٢- تعتبر ايام الاحتفالات عطلة رسمية في كافة انحاء الاقليم.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

ئێستاش گفتوگۆ لەمەڕ ئەم بڕیارە دەکەینەوە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات؟

١- د.قاسم ٢- کاک جەمیل ٣- مەلا هادی

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وا پێشنیار ئەکەم کەوا بڕگەی دووەمی ئەم بڕیارە بێتە شوێنی بڕگەی یەکەمی، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ساڵ لەمەو بەر بڕیاری درێژکردنەوەی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز گفتوگۆی لەسەر کرا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری کرد ئەم سێ ڕۆژە لە ٢٠/ئادارەوە دەست پێ بکات لەبەر ئەمە پێشنیار دەکەم لە ٣/٢٠ بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی من برادەران کردیان، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شـاوەیس/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئیمە پشووەکەمان لە ۳/۲۰وە نەکرد چونکە لەهەموو دونیادا وا باوە یەکەم رۆژی جەژن پشووە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مادام وایە برگە بەبڕگە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کاک جەمیل جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی دایەوە.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من پێشنیارەکەی خۆم دەکێشمەوە، پشتگیری قسەکانی بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، مادام وایە بڕگە بەبڕگە ئەیخەینە دەنگدانەوە. بڕگەی یەکەم هیچ گۆڕانکاریەکی نایەتە سەر، کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. برگەی «۲» چ تێبینییەک لەسەری نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. برگەی «۳» چ تێبینییەک لەسەری نییە. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. وەکو بڕیار ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتیکڕای دەنگ وەکو بڕیار پەسەند کرا. دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو ئەبێ، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین لەلیژنەکانیان ئامادەبن، چونکە لەوانەیە لەم هەفتەیەوە دانیشتنی ترمان هەبێ، لەمەڕ لیژنەکانیش بڕیارە دانیشتنیان لەگەڵدا بکەین لیژنە بەلیژنەو، خۆ ئامادە کردنیشە بۆ گفتوگۆ لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. جا تکاتان لێ ئەکەین لە لیژنەکانی خۆتان ئامادەبن و، لێپرسراوی لیژنەکانیش ئەگەر سەردانیکمان بکەن چونکە هەندێ نووسین وراسپاردە هەنە ئەبێ وەری بگرن لەکاروباری ئەنجومەن، زۆر زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩/٣/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## كۆبوونەوەی یەكەم/ چوارشەممە شەممە رێكەوتی ١٩٩٧/٣/١٩

***كاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ١٩٩٧/٣/١٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سكرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی ئاسایی یەكەمی سالی (١٩٩٧)ی خۆی سازدا. بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان و سكرتێری ئەنجوومەن رادەی یاسایی كۆبوونەوەكەیان چەسپاند، ئامادەبووان «٥٦» ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی «٤٦» ئەندام. ناوی غائیبەكان: ١- بەرێز ئازاد فەتتاح رشید میران ٢- د.حسەن حوسێن بەفری (لەدەرەوەیە) ٣- بەرێز فەرحان عەبدوللا شەرەفانی ٤- بەرێز موحسین خالید مستەفا ٥- بەرێز نهاد نورەدین رەشید ٦- پەتروس سخەریا (لەدەرەوەیە) ٧- بەرێز شەمائیل نەننو (لەدەرەوەیە) ٨- بەرێز یونادم یوسف كەننا (مۆڵەت)***

***بەرنامەی كار:***

***١- بروادان بەوەزیری هەرێم بەرێز(عەبدولجەلیل فەیلی)و سوێندخواردنی لەبەردەم ئەنجوومەندا.***
***٢- لێدوان لە بودجەی سالی١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان.***
***٣- لێدوان لە بودجەی سالی ١٩٩٧ی حكومەتی هەرێم.***
***٤- یاسای بودجەی هەرێم.***
***٥- حیسابی كۆتایی بودجەی سالی ١٩٩٦ی حكومەتی هەرێم.***

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنی ئەمرۆمان ١٩٩٧/٣/١٩بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەین. پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەكان دەكەین، بۆ ئامادەبوونیان لەم دانیشتنەدا.

بەرنامەی كاری ئەمرۆمان (٥) خالە، یەكەم: بروادانە بە وەزیری هەرێم بەرێز عەبدولجەلیل فەیلی و سوێندخواردنی لەبەردەم ئەنجوومەن دا. دووەم: لێدوان لە بودجەی سالی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان. سێ یەم: لێدوان لە بودجەی سالی ١٩٩٧ی حكومەتی هەرێم. چوارەم: یاسای بودجەی هەرێم. پێنجەم: حسابی كۆتایی بودجەی سالی ١٩٩٦ی حكومەتی هەرێم.

ئێستا بەخالی یەكەم دەست پێ دەكەین. لەبەر ئەوەی بەرێز كاك عەبدولجەلیل فەیلی بیانوویەكی رەوا ئاگاداری كردینەوە كە بەهۆی عوزرێكی رەوا ناتوانێ لەم سات و كاتەدا ئامادەبێ، بۆیە ئەم

برگەیە دوادەخەین تا ئەو کاتەی کە ئامادە دەبێت، بۆ ئەوەی برگەکە جێبەجێ بکەین. ئێستاش دەست دەکەین بە خاڵی دووەم: لێدوان لە بودجەی ساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. کاک جەمیل ئەگەر جەنابت بێیتە سەر مەنەصەکەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەکەتان پێشکەش بکەن لەبارەی ئەم بابەتەوە، بەڵام پێشەکی وەکو تێبینییەک ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن پێش وەخت خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی مایکرۆفۆنەکە لەسنگ ببەستن، چونکە لە دانیشتنەکانی تر، تۆزێک کێشەمان هەبوو، دەنگ باش تۆمار نەدەبوو. ئێستاش فەرموو کاک جەمیل، فەرموو بودجەی پەرلەمان بخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نووسراوی لیژنەی دارایی و ئابووری ژمارە «م/٩» لە ١٨/١٢/١٩٩٦دا

م/ موازنة البرلمان لعام ١٩٩٧

السيد رئيس برلمان كوردستان المحترم

تحية واحتراماً

اجتمعت لجنتنا المالية والاقتصادية مساء يوم ١٧/١٢/١٩٩٦ وصباح يوم ١٨/١٢/١٩٩٦ وتمت دراسة ومناقشة موازنة البرلمان لعام ١٩٩٧ المحالة الينا من قبلكم وقد أيدت اللجنة فقراتها راجين عرضها على البرلمان الموقر للمناقشة والاقرار وادناه الجدول النهائي لخلاصتها حسب الفصول. مع التقدير.

فەسڵی یەکەم: خەرجی ئەندامان وفەرمانبەرانی پەرلەمان بری(١٤) ملیۆن و (٧٩٣) هەزار دینار لەگەڵ(٤٠) هەزار دۆلاری بۆ دانراوە. فەسڵی یەکەم خەرجی فەرمانبەران و ئەندامانی پەرلەمان بریتییە لە مووچەو دەرماڵە (مخصصات)ی هەمەجۆر، ئەو(٤٠) هەزار دۆلارە بۆ چارەسەرکردنە لە دەرەوەی هەرێم، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی یەکەم، فەسڵی یەکەم، (١٤) ملیۆن و(٧٩٣) هەزارە (چواردە ملیۆن و حەوت سەدو نەوەت و سێ هەزار دینارە) لەگەڵ(٤٠) هەزار دۆلار تەرخان کراوە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم خاڵە؟ کەس نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی دووەم پێویستیە خزمەتگوزارییەکان(المستلزمات الخدمية) «٥» میلۆن و «٧٩١» هەزار دینار و «٨٠» هەزار دۆلار کە بۆ ئەم دوو مەبەستەیە: «٥٠» هەزار دۆلار بۆ (أيفادات) بۆ دەرەوەی هەرێم و وفوودی رەسمی ئەگەر بێت، «٣٠» هەزار دۆلاریش بۆ ئامێری تلکس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی دوو، کێ تێبینی هەیە؟ کاک دکتۆر رزگار. کێی تر؟ کاک د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«٥٠» هەزار دۆلار هیچ نییە بۆ (آیفادات). ئەو «٥٠» هەزار دۆلارە بۆ ساڵەکی تەواوە، یان ئەگەر بێت حساب کرێت ئەگەر وفوود هەبێت، چالاکی هەبێت، بە بۆچوونی من زۆر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی مەزەندەی ئێمە بەگوێرەی ئەزموونەکانی ئەو چەند ساڵەی پێشوو کەم نییە، و ئەگەر لە داهاتوو خوا کردی و ناردراومان زۆر بوو، دوو حاڵەتمان هەیە:

لەوانەیە بتوانین گواستنەوە لە بودجەکە بکەین، یان دەکرێ ئەو کاتە روو لە ئێوە بنێن، لەگەڵ برایانی ئەنجوومەنی وەزیران قسە بکەین. ئەگەر کارێکی پێویست بوو من دڵنیام چارەسەری دەکەین، بەڵام بەڕای ئێمە برەپارەیەکی باشە. ئەم تاقیکردنەوەش وا ئەڵێ، تا ئێستاکە ئەوەندەمان پێویست بووە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من چالاکی چەند زۆر بێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ان شاء الله ئەگەر لە داهاتوو پێویستیی بوو ئەتوانین داوایەک پێشکەش بکەین بۆ ئێوەی بەڕێز، پاشان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. باوەڕناکەم گرفتێکمان هەبێت. خوا بکا ناردراومان هەبێت، باشە ئەم خاڵە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسلی سێیەم، مستلزماتی سلعیە کە جۆرەکانی قرطاسیە وشتی وا دەگرێتەوە، «٢» ملیۆن و(٦٥)هەزار دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەم خاڵە قسە بکات؟ کەس نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم. پاراستن و چاککردنی کەلوپەلەکانی بەردەست(صیانة الموجودات) لەگەڵ تەلارو مەکینەکان وئامێری چاپکردن «٢» میلۆن و «٩٣٠» هەزار دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی چوارەم، کێ حەزدەکات لەسەر ئەمە قسە بکات؟ کەس (مداخلە)ی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە کە خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم دەرماڵەی سەرمایەییە(المخصصات الراسمالیة) بۆ کڕینی ئامێرەکان و مەکینەو ئامێری کۆپی«٢» ملیۆن و «٩٦٠» هەزار دینارو «٥٠» هەزار دۆلار بۆ کڕینی ئامێرو مەکینەیە بۆ پەرلەمان، کە پێویستە لەدەرەوەی وڵات بهێنرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی پێنجەم وەکو خوێندرایەوە دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە. کێ(مداخلە)ی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی (٦) (نفقات تحویلیة) یانی ئەگەر پەرلەمان قەردار بێت، چ رواتب، چ شتەکی تر. یان هەندێ جار بۆ کاری دادگەری پێویستی بە پارێزەر دەبێت (٣٤١...٢٠٠)دوو ملیۆن و سێ سەدو چل و یەک دینار، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی (٦) چی (مداخلە)یەک هەیە لەسەری، چ برادەرێک ئەیەوێ قسە بکات؟ کەس نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی (٧) پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، چونکە بابەتە دەرەکییەکانە(بەگەڕ خستنەوە)، بابەتی دەرەکی واتا هاریکاری کردنە بۆ دەرەوە.

فەسڵی (٨) پرۆگرامی تایبەتە(٥٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی (٨) کێ (مداخلە)ی هەیە؟ کەس نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆی گشتی بودجەی پەرلەمان بەو شێوەی کە ئێستا پەسەند کرا، «٣١» سی و یەک ملیۆن و(٣٨٠) سێ سەدو هەشتا هەزار دینارو(١٧٠) سەدو حەفتا هەزار دۆلارە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین. دێینە سەر برگە(٣)ی بەرنامەی کار، ئەویش لێدوانە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٧. ئەگەر برادەرانی لیژنەی ئابووری جێگەکەمان بۆ چۆڵ بکەن. کاک جەمیل سوپاستان دەکەین. بۆ حساباتی ختامی پەرلەمانی ئەو چوار مانگەی کە پەسەند کرا لە پەرلەمان دەهێڵینەوە بۆ برگەی تر جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری شتێکی ئامادە کردووە لەسەری. ئەو کاتە ئەگەر (مداخلە) یەک دەربارەی بابەتی ئەو چوار مانگەی پەرلەمان هەبێ، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، تەشریف بێنێت لەگەڵ یاریدەدەرانی. خاڵی «٣» لێدوانە لەبودجەی ساڵی ١٩٩٧ی حکومەتی هەرێمی کوردستان با جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری بفەرمووێ.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی دارایی و ئابووری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی گشتی هەموو دەزگاکانی بۆ ساڵی ١٩٩٧ دەخاتە بەردەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێزەوە.

ئەم بودجەیە پاش گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری هەموو وەزارەتەکان وهەموو برایانی بەڕێزیش و فەرمانبەرانی دەزگای ژمێریاری و بەڕێوەبەرە تەکنیکییەکانی وەزارەتەکاندا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. بەو پەڕی وردی ڕەچاوی ئەو بارە ئابوورییەمان کردووە کە بەهۆی دوو گەمارۆی ئابوورییەوە رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە. ئەو بڕەپارانەی لەلایەن وەزارەتەکانەوە پێشکەش کرابوون بەهۆی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نائاساییەی دوچاری هەرێمی کوردستان ببوو، بەڕێوەبەرایەتییەکان زیانیان پێ گەیشتبوو، زۆر زیاد تەقدیر کرابوو. لەئەنجامدا، لەدوای گفتوگۆ کردن هەردوولا گەیشتینە ئەو باوەڕەی کەوا ئەو تەرخان کردنانەی بۆ ساڵی ١٩٩٧ لەسەری ڕێککەوتوون بەشی ڕاپەڕاندنی ئەرکی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان دەکات. بۆ ئامادەکردنی ئەم بودجەیە، سەرەتا نووسراوێکمان بە ژمارە «٦٠» لە ٦/١٠/١٩٩٦ ئاراستەی گشت وەزارەتەکان کرد، لەم نووسراوەماندا وێڕای ناردنی خشتەی ئامادەکردنی خەمڵاندنی بودجەی ساڵی ١٩٩٧، ڕێنوێنی پێویست بۆ ئامادەکردنیان، داوامان لەگشت وەزارەتەکان کرد،

کەوا پێویستە ئەنکێتەکان تا ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٥ تەواو بکرێن و، بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بنێردرێن. وێنەی ئەم نووسراوە دراوەتە بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەداخەو خشتەکان لەکاتی دیاری کراودا نەگەیشتنە وەزارەتەکەمان، بۆیە لە ١٩٩٦/١١/٧بەنووسراوی ژمارە«١٢» داوامان لەگشت وەزارەتە بەڕێزەکان کرد پەلە بکرێت لەناردنی ئەنکێتەکان و دووپاتمان کردەوە کەوا پێویستە ئەنکێتەکان تا ١٩٩٦/١١/١٤ بگاتە وەزارەتی دارایی و ئابووری. وێنەی ئەم نووسراوەشمان بۆ بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە، دوای گەیشتنی خشتەی ئامادەکردنی بودجەی وەزارەتەکەمان بە نووسراوی ژمارە «٥٤٤» لە ١٩٩٦/١١/٢١دا خشتەکان و ڕۆژی گفتوگۆ کردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٧ هەریەک لە وەزارەتەکانی دیاریکردو ئەم گفتوگۆیە لە ١٩٩٦/١١/٢٢دا دەستی پێکرد، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن لە ساڵانی ١٩٩٤، ١٩٩٥، ١٩٩٦ بودجەیەکی پەسندکراو لە ئارادا نەبووە، تەنیا بۆ چوار مانگی نێوان ١٩٩٦/٩/١ تا ١٢/٣١ی ١٩٩٦ نەبێ، بۆیە پێویست بوو بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٣ بکەین بە بناغە بۆ ئامادەکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٧، بەڵام لەبەر ئەوەی جیاوازی بڕی پارە بەهۆی زیادبوونی میلاکات و کردنەوەی فەرمانگەی نوێ لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٧دا زۆر بوو، بۆیە بودجەی پێشنیارکراوی ساڵی ١٩٩٤مان کرد بەبناغە، ئەمەی خوارەوە پوختەیەکی بودجەکەیە کە پێشکەشتان دەکەین:

**یەکەم:** کۆی گشتی تەرخان کراوی بودجەی ئاسایی دەکاتە بڕی «دوو ملیارو دووسەدو پەنجاو چوار ملیۆن و(٣٣٧) هەزارو هەشت دینار)، واتە: بەڕادەی بڕی پێنج سەدو حەفتاو حەفت ملیۆن و هەشت سەدو هەشت هەزارو شەش سەد دینار زیاتر لە بودجەی پێشنیارکراوی ساڵی ١٩٩٤ بووە، لەبەر ئەوەی هەروەکو باسمان کرد ساڵی ١٩٩٤ مان کردووە بەبناغە، هەروەها گەشە کردنەکەش بەڕێژەی (٣٤٪) دەبێت وا لەخوارەوەش ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئاستی فەسڵەکان پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین.

**دووەم:**

أ - مووچەی کارمەندان واتە تێکڕای فەسڵی یەکەم دەکاتە بڕی(٩٤٠٥٣١٧٥٠) نۆسەدو چل ملیۆن و پێنج سەدو سی و یەک هەزارو حەفت سەدو پەنجا دینار، لەم بڕە پارەیەشدا بڕی(٢٨٩٠٤٠٤٠٠) دووسەدو هەشتاو نۆ ملیۆن و چل هەزار و چوارسەد دینار بریتییە لە زیادەی پەرلەمان، هەروەها بڕی(٢٢٨٢١٥٩٥٠) دووسەدو بیست و هەشت ملیۆن و دووسەدو پازدە هەزارو نۆسەد و پەنجا دیناریش بریتییە لە عەلاوە و تەرفیعاتی موستەحەقی فەرمانبەران لەساڵی ١٩٩٧دا.

ب - پلەی نوێ (درجات) لەمیلاکی وەزارەتەکان نەکراوەتەوە، تەنیا ئەو ڕێککەوتنە نەبێ کە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دا کراوە، ئەویش

لەپاش پەسەند کردنی بودجە پلەی پزیشکی و تەندروستی و فێرکاری تەنیا ئەو کاتە دەیکەینەوە کە خشتەی مفرەدات و میلاکاتی ئەم دوو وەزارەتە پەسەند بکرێ، هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا پێویستییە گرنگەکان لەبەرچاو بگیرێ.

**سێیەم:** فەسڵی پێداویستییەکانی خزمەتگوزارییی کە بریتییە لە خەرجی سەفەر و بەئەرک ناردنی جۆراوجۆرو جۆرو بڵاوکردنەوەو راگەیاندن ـ چاپ ـ برووسکەو تەلەفۆن ـ کرێ - بڕی تەرخان کراو بۆ ئەمانە گەیشتە(١١٠٣٢٠٢٥٠) سەدو دە ملیۆن و سێ سەدو بیست هەزارو دووسەدو پەنجا دینار بەڕێژەی (٢٦ر٣٣٪) سی و سێ و بیست و شەشە لەسەدا، زیاتر لەچاو تەرخان کراوی ساڵی ١٩٩٤ کە بڕی «٨٢٧٨٨٦٥٠» هەشتاو دوو ملیۆن و حەفت سەدوو هەشتاو هەشت هەزارو شەش سەدو پەنجا دینار بوو.

**چوارەم:** پێداویستییەکانی کالایی: ئەم فەسڵە بریتییە لە پڕکردنەوەی پێویستی فەرمانگەکان لەبواری کەل و پەلی جۆراو جۆری وەک (چاپەمەنی ـ قرطاسیە ـ کارەبا ـ سووتەمەنی ـ داوو دەرمان ـ کەل و پەلی پێویستی تر). بڕی(٣٨١٩٣٥٢٠٠) سێ سەد و هەشتاو یەک ملیۆن و نۆسەدو سی و پێنج هەزارو دووسەد دینار تەرخان کراوە بۆ ئەم فەسڵە، کەواتە بەڕادەی(٨٩٢٥٠٦٠٠) هەشتاو نۆ ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزارو شەش سەد دینار زیاتر لەساڵی ١٩٩٤ بەڕێژەی (٣٥٪) زیادبوونی زۆری ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە ناتوانرێ نرخ لەبازاڕدا کۆنترۆڵ بکرێ، هەروەها زۆربەی زۆری فەرمانگەکان بەکەل و پەلەکانیانەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی هەرێم دووچاری زیانێکی زۆر بووە.

**پێنجەم:** پاراستنی شتە بەردەستەکان (صیانە الموجودات): وەزارەت لەکاتی گفتوگۆدا بایەخێکی گەورەی بەم فەسڵەدا، لەبەر ئەوەی زیانێکی گەورە بە باڵەخانەو ئامێرو مەکینەو ئۆتۆمبیلەکان کەوتووە، تەرخان کراوی ساڵی ١٩٩٤ بریتی بووە لە(٧٣٤٥٣٠٥٠) حەفتاو سێ ملیۆن و چوارسەدو پەنجاو سێ هەزار و پەنجا دینار، بەڵام تەرخان کراوی ساڵی ١٩٩٧ گەیشتە(١٤٠١٠٧٧٥٠) سەدو چل ملیۆن و سەدو حەفت هەزارو حەفت سەدو پەنجا دینار، واتە گەشەکردن بەڕێژەی (٩١٪)و، بەزیادەی(٦٦٦٥٤٧٠٠) شەست و شەش ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو چوار هەزار و حەفت سەد دینار، هەروەها لەکاتی کفتوگۆکردن لەسەر بودجەدا سوور بووین لەسەر ئەوەی کەوا کاتێک دیاری بکرێت بۆ ئەوەی پێش پەسەند کردنی بوودجە دەست بەصیانە بکرێ و ڕەچاوی ئەوەش بکرێ کە هەر بەشێکی صیانەی جیا بەجیا جێبەجێ بکرێ بەپێی حاڵەتەکە.

**شەشەم:** خەرجییە سەرمایەییەکان: تەرخان کراوی فەسڵی ناوبراو گەیشتە بڕی (٧٦٠٥٨٢٥٠)حەفتاو شەش ملیۆن و پەنجاو هەشت هەزارو دووسەد و پەنجا دینار بەڕادەی(١٥٦٦٥٢٥٠) پازدە ملیۆن و شەش سەدو شەست و پێنج هەزارو دوو سەدو پەنجا دینار، زیاتر لەتەرخان کراوی ساڵی ١٩٩٤ بەڕێژەی (١ر١٨٪) هەژدە و یەک لەسەدا، لەبەر

ئەوەی زۆربەی داو دەزگاکانمان زیانیان بە کەلو پەلە بەردەستەکانیان کەوتووە، ئەمە وا دەخوازێ پێویستییە ناچارییەکانیان دابین بکرێ، بەڵام دابین کردنەکە بەلایەنی کەم بێ و ڕەچاوی بارودۆخی ئابووری ئێستا بکرێ و ئەوەی کە دەکرێ دوابخرێ، با دوا بخرێ.

**حەوتەم:** فەسڵی خەرجی گوازراوەیی. تەرخان کراوی ئەم فەسڵە گەیشتە (٥٣٦٣٦٤٦٠٠) پێنج سەدو سی وشەش ملیۆن و سێ سەدو شەست و چوار هەزارو شەش سەد دینار، سروشتی تەرخان کراوی ئەم فەسڵە ئەوەیە داوودەزگاکان خەرجی شێوە تایبەتیان هەبێ، سەرف کردنی ئەم تەرخان کراوەش تەنیا بەپێی پەسەندکردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێ و بۆ هەر حاڵەتێکیش بەشێوەیەکی تایبەت و ئەمەی خوارەوەش درێژەو هۆی هەندێ لەم خەرجیانەیە:

١ـ بڕی(٢٢٠٠٠٠٠٠٠)دووسەد و بیست ملیۆن دینار وەک تەرخان کراوێکی یەدەگ لە ژێر دەستی وەزارەتی دارایی دا دادەنرێ بۆ ئەوەی لەم ساڵەی دارایی دا بۆ کاری پێویستی کتوپڕ بەکاری بێنێ.

٢ـ تەرخان کردنی بڕێک بە ڕادەی(٣٠٠٠٠٠٠٠) سی ملیۆن دینار، وەک پاداشتێک بۆ داوو دەزگاکانی شارەوانی. ئاماژە بەوە دەدەین کە شارەوانییەکان مەڵبەندی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان هەر یەکەو بەرپرسیاریەتیەکی دارایی هەبێ. پاش ئامادەکردنی بودجەی گشتیی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو وەزارەتەدا دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ڕادەی خەرجی و داهات و هەر پارەیەکی کە هەشیانە هەتا دەگاتە ڕۆژی ١٢/٣١چەندە. پاش ئامادەکردنی بودجەی وەزارەتی شارەوانی بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان پەسەندی دەکات، ئەم منحەیە بۆ هەموو شارەوانییەکان خەرج ناکرێت، بگرە هەندێ شارەوانی هەیە داهاتی خۆی بەشی پێداویستییەکانی ناکات و وەزارەتی دارایی بڕێک پاداشتی دەداتێ. پاش چاک بوونی بارودۆخی هەرێم و هەڵسانی ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر شارەوانییەکان هەیەو دوای دەست کردنیان بە دابەش کردنی زەوی و زارو فرۆشتنی بە هاووڵاتیان، ئەو کاتە باری ئابووری دام و دەزگاکان بەگشتیی چاک دەبێت وئەو کاتە زۆربەی شارەوانییەکان داهاتیان بەشی خەرجی خۆیان دەکات.

٣ـ هەندێ بڕی جیا جیا بۆ بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری تەرخان دەکرێت، بۆ ئەوەی وەک پاداشتێک و یارمەتییەکی دارایی بدرێت بەیانە وەرزشییەکان و یەکێتی نووسەران و هونەرمەندان، بۆ ئەوەی بتوانن چالاکییەکان ڕاپەڕێنن ،لەبەر ئەوەی ئەم دەزگایانە داهاتیان نییە، هەروەها بڕی «٢٥٠٠٠٠٠» دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن تەرخان کراوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بەناوی حکومەتی هەرێم، هەروەها بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی ناوەندیی تەلەفزیۆن کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێ جگە لەم بڕانەش، تەرخان کراون. أ ـ «٢» ملیۆن دینار بۆ گۆڤاری کاروان و قافڵەو هەنگ. ب ـ «٢٩٠٠٠٠٠» دوو ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار بۆ یانە وەرزشییەکان و بنکەکانی وەرزش و لاوان.

**فەسلی هەشتەم:** بۆ پرۆگرامی تایبەتی: تەرخان کراوی ئەم فەسلە دەگاتە «٢١» ملیۆن و(٦٠) هەزار دینار «بیست و یەک ملیۆن و شەست هەزار دینار بۆ ئەوەی لە هەندێ جاری کتوپڕدا سەرف بکرێت، وەکو وشک کردنەوەی زەلکاو و قەلاچۆکردنی مەلاریاو ئاهەنگی نەورۆز، کە بەشێوەیەکی ساڵانە ئەم برەپارانەیان بۆ تەرخان دەکرێت.

**نۆیەم** - مووچەو خەلاتی خانەنشین بە بڕی «٤٨» ملیۆن دینار مەزەندە کراوە، لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو خانەنشینانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە پسپۆڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە خانەنشین کراون «١٧» هەزار خانەنشینە، جگە لەو خانەنشینانەی بەر لە کشانەوەی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی مووچەی خانەنشینیان بۆ برا بووە ژمارەیان دەگاتە «٧٥» هەزار خانەنشین لە دەرەوەی هەرێم مووچەکانیان وەردەگرن، هەروەها ئاماژە دەکەین کە ئەم وەزارەتە هەموو ئەرکێکی لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینییەوە بۆ زانینی ژمارەی خانەنشینان گرتۆتە ئەستۆ.

**دەیەم** - بڕی «١٢٠» ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی «پ.م» تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم وەزارەتە سروشتێکی تایبەتی هەیەو بە وەزارەتی بەرگری دەژمێردرێت وەک باوە لە هەموو دنیادا، ئەو وەزارەتە درێژەی تەرخان کراوی خۆی رانەگەیاندووە ئێمەش بۆ پاراستنی نهێنی و کارو ئامادەکردنی کادیرو کارمەندان و کەل و پەلەکانی لە ئامێرو چەک و کەل و پەلی بودجەی ئەم وەزارەتەمان بە ماددەو جۆر پێشکەش نەکردووە، بەلام لە کاتی گفتوگۆ لەبارەی بودجە لەسەر رادەی تەرخان کراوی فەسڵ و ماددە رێکەوتووین لە دوای پەسەندکردنی بودجە لە ماوەی ساڵی دارایی دا بەپێی تەرخان کراوی بڕیار لەسەردراو کە دانەیەکی دراوە بەم وەزارەتە، پارە بۆ وەزارەتی ناوبراو لە بانق دادەنرێ.

**یازدەیەم** - بڕی(١٨٠)ملیۆن دینار بۆ ئەو حزبانەی کە لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارن تەرخان کراوە.

**دوازدەیەم** - کارگەکانی سەر بەوەزارەتی پیشەسازی: ژمارەی کارگە بەرهەم هێنەکانی سەر بەو وەزارەتە «٢٨» کارگەیەو بڕی (٥٣٥٧٧٥٠٠٠) پێنج سەدو سی وپێنج ملیۆن و حەوت سەدو حەفتاو پێنج هەزار دیناری بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان پێویستە، لەکاتێکدا کە داهاتیان دەگاتە (٦٢٤٥٥٧٠٠٠)دینار لە کاتی گفتوگۆدا رەچاوی ئەوەمان کردووە کە لە هەل و مەرجی تایبەتی هەرێمی کوردستان و هەبوونی زەحمەتی لە پەیداکردنی پێداویستییەکان دا بڕی پارەی پێویستی بۆ هەڵسوڕانی ئەو کارگانە دابین بکرێت.

**سێزدەیەم** - هەروەها بودجەیەکی سەربەخۆ بۆ بانکی ناوەندیی و بانکەکانی بازرگانی و اختصاصی و نووسینگەکانی تەئمین بە بڕی(١٣٩٩٣١٨٠) سێزدە ملیۆن و نۆسەدو نەوەدو سێ هەزارو سەدو هەشتا دینار ئامادەکراوە.

**چواردەیەم** - پلانی ساڵانەی وەزارەت، بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ پلانی ساڵانە بە هاوکاری

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان داناوە، بەجۆرێ کە ئەم پلانە لەگەڵ توانای گونجاو لە راپەڕاندن و باری پێویست دا رێک بکەوێ، وەک کردنەوەی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و چاکردنەوەی رێگەو بان و کڕینی مەکینەو ئامێرو کەل و پەلی ئۆتۆمبیلی کارو بەرهەم هێنان و پەیاکردنی کەل و پەل و کەرەستەی کارگە بەرهەم هێنەرەکان و چاپکردنی کتێبی قوتابخانەیی وگەلێ پێداویستی تر کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە ژیانی هاوولاتیانەوە هەیە، تەرخانی ئەم پلانە دەگاتە «٦٨٤١٦٠٠٠٠» شەش سەدو هەشتاو چوار ملیۆن و سەدو شەست هەزار دینار.

**پازدەیەم** - کۆی گشتی داهات لەسەرتاسەری هەرێم بە بڕی «١» ملیارو «٦٣١» ملیۆن و «١٥٠» هەزارو «٩٥٠» دینار دەخەملێندرێ، ئەم داهاتەش بریتییە لە باجی گومرگی کە دەکاتە «١» ملیارو «٤٩٢» ملیۆن دینار، هەروەها داهاتی تری جۆراو جۆری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

**شازدەیەم** - کەواتە کورت هێنانی مەزندە کراوی بودجەکەمان(عجز تقديري) بۆ ساڵی ١٩٩٧ دەکاتە مەبلەغی (٦٢٣) ملیۆن و «١٨٦» هەزارو «٨٥٠» دینار. بەزیادکردنی پلانی ساڵانە کورت هێنانەکەمان دەگاتە «١» ملیارو «٣٠٧» ملیۆن و «٣٤٦» هەزارو «١٨٥» دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری. ئەمە پێشەکییەک بوو کە پێشکەش کرا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەربارەی بودجەی ساڵی ١٩٩٧، وەکو پێشەکییەک تیادایە بەراشکاوی فەلسەفەی بودجەی ئەم ساڵەیەی روون کردەوە. وا بەباشی ئەزانین ئەگەر چ رایەکی تر نەبێ وەزیری دارایی و ئابووری بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی بودجەکە بەپێی ئەو راپۆرتەی کە ئامادەکراوە: کێ دەیەوێ قسە بکات، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەباشی دەزانم کە راپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووریش دوا بەدوای خوێندنەوەی راپۆرتی وەزارەتی دارایی وئابووری بخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری من لەسەر پێشەکی راپۆرتەکە نییە، پێشنیار دەکەم چۆن بودجەی پەرلەمان خوێندرایەوە بەهەمان شێوە بودجەی هەر وەزارەتێک ئەو فەسڵانەی کە بۆ دانراوە بخوێندرێتەوە وگفتوگۆی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆكـى ئـەنجـــوومـــەن :**
منیش دەڵێم هەر بەم شێوەیە دەست پێ بكەین، بەڵام لیژنەی ئابووری ئەوانیش راپۆرتێكیان هەیە وەكو لیژنەیەكی تایبەت لەوانەیە ئەویش بەو شێوەیە دەبێ بۆ پێشەكی وناوەڕۆكەكەی، جا با لیژنەی ئابووری راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە.
**بەڕێـز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**
**بەڕێـز ســـەرۆكـى ئـەنجـــوومـــەن.**
السيد رئيس پرلمان كوردستان المحترم
م/ موازنة الحكومة لعام ١٩٩٧
يسعدنا ان نقدم اليكم تقريرنا عن موازنة الحكومة لهذا العام ١٩٩٧، ولايخفى عليكم بان الموازنة تخطيط مالي لسنة كاملة يشمل السياسة المالية للحكومة أو المؤسسة لسنة كاملة ويؤخذ بنظر الاعتبار الوضع المالي والامكانية والقدرات المالية المتاحة لها لتحقيق تلك السياسة المالية الهادفة، وتختلف السياسة المالية، من حكومة لاخرى بناءً على الحالة الاقتصادية والاجتماعية لتلك الحكومة وشعبها واهدافها... ويؤخذ في الحسبان الوضع المالي للسنة السابقة للمقارنة.
وقبل ان نقدم رأينا بشأن موازنة حكومة الاقليم لهذا العام ١٩٩٧ نجد من الانصاف ان نقول للتاريخ بان الكابينات السابقة لحكومة الاقليم كانت لديها فقط موازنة مقدمة للاشهر الثلاثة الاخيرة لعام ١٩٩٢ وموازنة مصدقة لعام ١٩٩٣، رغم ان الپرلمان الموقر في ١٩٩٣/٦/٣٠ طلب رسمياً من حكومة الاقليم آنذاك بضرورة البدء بتهيئة واعداد موازنة حكومة الاقليم لعام ١٩٩٤ وان تصل الى الپرلمان في تشرين الاول ١٩٩٣ ليتم دراستها ومناقشتها واقرارها في الوقت المناسب. ورغم التأكيدات المتكررة من الپرلمان الموقر الا ان حكومة الاقليم آنذاك «الكابينة الثانية» لم تقم بالواجب ولم تحضر لمناقشة ميزانيتها في الپرلمان الا بعد نوروز ١٩٩٤ وشملت تلك الموازنة المقدمة من قبل الوزارة على اخطاء لاتعد ولاتحصى تجاوزت في بعض فقراتها(١٢) مليون ديناراً ولم يتم تصديقها في الپرلمان نظراً لتلك الاخطاء والسياسة الغير حكيمة لتلك الوزارة التي ارادت وحاولت تمرير تلك الاخطاء والسياسة المالية الخاطئة آنذاك ولم تفلح! ولم يسبق للجنتنا المالية والإقتصادية بان تستلم موازنة لحكومة الاقليم بدون اخطاء جمعية الا بعد استلام السيد وزير المالية والاقتصاد الجديد في الكابينة الثالثة مهام وزارة المالية والاقتصاد وهذا دليل على دقته لاموره المالية ومؤشر جيد لبيان حرصه. ومن خلال دراسة هذه الموازنة تبين بان الصدارة هي للرواتب لكونها مقننة ولضخامة عدد منتسبيُ حكومة الاقليم وعدد الفائضين فيها... ولقد تم تثبيت الزيادة البرلمانية في فصل الرواتب لكافة الوزارات تحت مادة غلاء المعيشة وهذا يزيد من آملنا في سياسة الوزارة للالتزام بالقوانين الصادرة من الپرلمان ولخدمة المواطنين، ولكن نجد ضرورة درجها تحت المادة الحقيقية باسم الزيادة الپرلمانية

وليست غلاء المعيشة.
وفي مجال الخدمات ولتمويل عجز البلديات دون في الفصل السادس في ديوان وزارة البلديات والسياحة مبلغ «٣٠» مليون دينار كمنحة لتمويل العجز في البلديات وهذا شيء معمول به حسب القوانين المرعية ولابد منه لتقديم الخدمات للمواطنين، ولكن نجد من الضروري ان تقوم كافة مديريات البلديات و دوائرها بالسيطرة على املاكها سيطرة تامة وجباية رسومها بالشكل الكامل وان تلتزم باسلوب المزايدة العلنية السليمة حتى تزيد من وارداتها وتفي بالتزاماتها الخدمية للمواطنين كل ضمن حدودها البلدي وان ترفع هذا العبئ عن خزينة الاقليم.
ولاهمية الاتصالات الهاتفية بين محافظات ومدن الاقليم وبين الاقليم والعالم الخارجي درجت مبلغ «٣٨» مليون دينار ضمن موازنة الخطة لوزارة النقل والمواصلات لنصب البدالات الاوتوماتيكية والاشتراك للاقمار الصناعية للاتصالات الداخلية والخارجية على التوالي علماً في موازنة عام ١٩٩٣ كان المبلغ المصدق لهذا الغرض «٤٠» مليون دينار الا ان وزير المالية ورئيس الوزراء آنذاك لم يقبلا بتمويل وزارة النقل والمواصلات بهذا المبلغ المصدق لها!!.
وبالاضافة الى المشاكل الخدمية التي كان المواطنون يعانون منها كانت مشكلة الدواء من اعقد المشاكل لهم نظراً لارتفاع اسعارها وصعوبة الحصول عليها من المستشفيات الحكومية التي كانت تعاني من الشحة في السنوات السابقة والجدير بالذكر ان وزارة المالية والاقتصاد في هذه الموازنة، ١٩٩٧ وافقت مشكورة على شراء ادوية لوزارة الصحة بمبلغ «٢٠٠» مليون دينار حسب طلب وزارة الصحة وهو مبلغ لايستهان به علماً في موازنة عام ١٩٩٣ كان المبلغ المصدق لشراء الادوية «٥٠» مليون دينار الا ان وزراة المالية والاقتصاد في عام ١٩٩٣لم تقم بتمويل وزارة الصحة لشراء الادوية بالمبلغ المصدق لها بل تم تمويلها بمبلغ (٣٦٠٠٠٠٠) دينار لستة الاشهر الاولى لذلك العام ولحين انتهاء السنة المالية لعام ١٩٩٣ لم يتجاوز مبلغ التمويل «٧» ملايين دينار اي اقل من ١٤٪ من المبلغ المصدق لها من قبل البرلمان الموقر في حين تم تمويل وزارات اخرى بميزانيتها ١٠٠٪ !! .
كما جاءت في موازنة وزارة الصحة الحالية مبلغ «٤» ملايين دينار لشراء تجهيزات المرضى من ملابس و مفروشات وهذا شيء جيد وتبين إن الاولوية لمجال الصحة لدى الكابينة الثالثة لحكومة الاقليم الموقرة واخذت ميزانية وزارة التربية نسبة جيدة من الموازنة الاعتيادية الجارية حيث اتت نسبتها بعد نسبة وزارة الصحة مباشرة ولكن في الموازنة التخطيطية اخذت وزارة التربية اعلى نسبة.
وقبل ان نأتي على المبالغ التي توصي لجنتنا بتغييرها حسب الجدول المرفق ولمحاولة سد العجز نوصي بما يلي:
١- ان تسيطر وزارة المالية والاقتصاد على كافة النقاط الگمرگية سيطرة تامة وان تتعاون وزارة الداخلية ووزارة شؤون الـ (پيشمرگه) لمنع التهريب او التهرب من دفع الرسوم الگمرگية

وان يتم محاسبة المخالفين محاسبة شديدة.

٢- ان يكون منتسبو الدوائر الكمرگية و الضريبية من الاكفاء وذوي السمعة الجيدة وان يتم ابعاد المسيئين عند اثبات الادلة عليهم ومحاسبتهم.

٣- ان تتم جباية الرسوم في كافة الوزارات بشكل جيد.

٤- ان تتعاون كافة الوزارات في استحصال ديون الحكومة.

٥- ان تسيطر البلديات والاوقاف على املاكها وان يكون اسلوب المزايدة العلنية السليمة متبعاً في معاملات الايجار والبيع في كافة الوزارات وان تتم موافقة السيد المحافظ كل في محافظته على كل معاملة بيع او ايجار حكومي قبل تصديقها من قبل الوزارة المعنية وان تكون هناك لجان سرية لمتابعة كافة المزايدات و معاملات الايجار والبيع والتعاقد الحكومية اضافةً الى اللجان العلنية.

٦- عندما تتم مصادرة اية مادة من قبل رئيس اية وحدة ادارية قانوناً يجب تسجيلها ايراداً نهائياً باسم وزارة المالية والاقتصاد ولايحق لاي رئيس وحدة ادارية التصرف بها.

٧- ان يتم تشغيل كافة المعامل والمصانع باقصى طاقاتها.

٨- ان يتم استغلال كافة الاراضي الزراعية زراعة حديثة مقننة.

٩- ان يكون هناك لجان تفتيشية ومفتشين لمتابعة الامور المالية لكافة الوزارات ومحاسبة المخالفين.

١٠- اصدار بطاقة دعم الخزينة بفئة خمسة دنانير وتباع على المعاملات الحكومية المهمة المحددة بعد استحصال الموافقات الاصولية وان يستثنى من ذلك عوائل الشهداء وكافة الايتام.

١١- تنفيذ المشاريع الحكومية عن طريق التنفيذ المباشر.

١٢- محاربة الاحتكار وتشجيع التجارة الحرة خدمة للاقتصاد والخزينة.

راجين عرضها على البرلمان للمناقشة والاقرار. مع فائق الشكر والتقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری. ئێستاش ئەگەر چی تێبینییەک نییە با جارێکی تر وەزیری دارایی و ئابووری بەردەوام بێ، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕاپۆرتەی کە ئێستا لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی بەڕێزەوە پێشکەش کرا پەسەند کردنی خۆیان لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری کابینەی سێ کرد. پڕ بەدڵ سوپاستان دەکەین و ئەو بۆچوون و پێشنیارانەی کە هەیان بوو بە تەئکید لە بەرچاویان ئەگرین و بەجیددی بەدواداچوونیان ئەکەین، لەبەرنامەی کاری خۆماندا ڕێکی دەخەین. هەر چەندە زۆربەی

بەڕێزیان ئاماژەیان پێکرد، لەسەرەتاشدا ئەو بۆچوون و هەنگاوەمان هاویشت، بەڵام بەتەئکید زیاتر گرنگی پێ دەدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی دووەم فەسڵی یەکەمی بودجەی پەرلەمانمان تەواو کرد. فەسڵی دووەم: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران «٩٤٥٠٣٥٠٠» نەوەت و چوار ملیۆن و پێنج سەدو سێ هەزارو پێنج سەد دینار، زانکۆی سەلاحەدین «٤٣٨٣٩٢٠٠» چل و سێ ملیۆن و هەشت سەدو سی و نۆ هەزارو دووسەد دینار، زانکۆی سلێمانی «١٧٧٥٧٠٠٠» حەڤدە ملیۆن و حەوسەدو پەنجاو حەوت هەزار دینار، زانکۆی دهۆک «١٨٤٢٩٠٠٠»هەژدە ملیۆن و چوارسەدو بیست و نۆ هەزار دینار، پەیمانگای تەکنیکی/هەولێر «٧٦٨٠٠٠٠» حەوت ملیۆن و شەش سەد و هەشتا هەزار دینار، پەیمانگای تەکنیکی/سلێمانی «٥٧٠٩٠٠٠» پێنج ملیۆن و حەوسەدو نۆ هەزار دینار، پەیمانگای تەکنیکی/ دهۆک «١٧٥٥٠٠٠» یەک میلۆن و حەوسەدو پەنجاو پێنج هەزار دینار، فەرمانگەکانی ئامار کردن «١٢٣٣١٠٠» یەک ملیۆن و دووسەدو سی وسێ هەزارو سەد دینار، دائرة القبول المركزي «١٣٤٦٠٠٠»یەک ملیۆن و سێ سەدو چل و شەش هەزار دینار، سەرۆکایەتی پەیمانگا تەکنیکییەکان «١٧٧٨٠٠٠» یەک ملیۆن و حەوسەدو حەفتاو هەشت هەزار دینار، کۆیەکەی گشتی دەکاتە (١٩٤٠٢٩٨٠٠) سەدو نەوەت و چوار ملیۆن و بیست ونۆ هەزار و هەشت سەد دینار، لیژنەی ئابووری هیچ تێبینی لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم خوێندرایەوە ، هیچ تێبینیەکتان نییە لەسەری ئێستا دەرگای گفتوگۆی بۆ ئەکرێتەوە.کەس دەیەوی قسە لەسەرئەم فەسلە بکات؟ چ موداخەلەیەک نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟ سوپاستان ئەکەین . کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. زۆر سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەرمولەت بدەن کاک رەشید کە بەڕێوەبەری دارایی ئێمەیە بیخوێنێتەوەو، بخرێتە دەنگدانەوە بە رای من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشتر وایە پوختەی راپۆرتی لیژنەکە بخوێننەوەو تێبینی خۆیان بڵێن و ئەو تێبینیەش وەزیری دارایی ئەتوانێ روونی بکاتەوە ، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی سێیەم: وزارەتی پەروەردە: دیوانی وەزارەت «١٥٢٨٩٠٠٠٠» پانزە ملیۆن و دووسەد و هەشتاو نۆ هەزار دینار. خویندنی دواناوەندی «٧٦٧٢٠٠٠٠»دینار، خوێندنی سەرەتایی «١٦٢٢٧٧٠٠٠٠» دینار، باخچەی ساوایان «٦٢١٩٠٠٠٠» شەش ملیۆن و دووسەدو نۆزدە هەزار دینار، خوێندنی پیشەیی «١١٥٤٧٠٠٠٠» یانزە ملیۆن و پێنج سەدو چل و حەوت هەزار دینار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە «٦١٨٩٢٠٠» شەش ملیۆن و سەدو هەشتاو نۆ هەزارو دووسەد دینار، پەیمانگاو وخانەی مامۆستایان «٤٥٠٧٠٠٠٠» چوار ملیۆن و پێنج سەدو حەوت هەزار دینار. کۆی گشتی دەکات «٢٨٣٢٤١٢٠٠» دووسەدو هەشتاو سێ ملیۆن و دووسەدو چل و یەک هەزارو دووسەد دینار، هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارتی پەروەردە، لیژنەی ئابووری هیچ تێبینیەکی نییە لەسەر ئەو تەرخان کراوانەی کە پێشنیار کراوە لەوەزارەتی دارایی و ئابووریەوە. ئەندامانی پەرلەمان چ تێبینییەکیان هەیە؟ نییە. ئەگەر وەزیری پەروەردە چ تێبینیەکی هەبێ، نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ بەشی وەزارەتی پەروەردەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی چوارەم: وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن، دیوانی وەزارەت «٦٠٦٨٨٠٠» شەش ملیۆن و شەست و هەشت هەزارو هەشت سەد دینار، فەرمانگەکانی ئەشغال «٢٥٩٤٨٠٠٠٠» بیست و پێنج ملیۆن و نۆسەدو چل و هەشت هەزار دینار، فەرمانگەکانی ڕێگاو پردەکان «٢٧٩٢١٠٠٠٠» بیست و حەوت ملیۆن و نۆ سەدو بیست و یەک هەزار دینار، کۆی گشتی بودجەی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن دەکاتە «٥٩٩٣٧٨٠٠» پەنجاو نۆ ملیۆن و نۆسەدو سی و حەوت هەزارو هەشت سەد دینار، هیچ تێبینییەکمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری لەسەر بودجەی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن هیچ تێبینییەکیان نییە، وەزیری وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن هیچتان هەیە؟ نییە. زۆر سوپاس. ئەندامانی پەرلەمان چ تێبینییەکیان نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی پێنجەم وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.

دیوانی وەزارەت «٢٣٣٢٥٠٠٠»دوو ملیـۆن و سێ سـەدو سی ودوو هەزار و پێنج سـەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ/هەولێر «٢٢٥٣٤٠٠٠» بیست و دوو ملیۆن و پێنج سەدو سی و چوار هەزار دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ/ سلێمانی «٣٧٤٣٨٠٠٠» سی و حەوت ملیـۆن و چوارسـەدو سی و هەشت هەزار دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی کشـتوکـاڵ/دهۆک «٩٢٣١٥٠٠» نۆ ملیۆن و دووسەدو سی و یەک هەزار و پێنج سەد دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ/کەرکووک «١٤٨٤٧٥٠٠» چواردە ملیۆن و هەشت سەدو چل و حەوت هەزار و پێنج سەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تووتن «٤٠٦٩٠٠٠» چوار ملیۆن و شەست و نۆ هەزار دینار. کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو/هەولێر «٤١٨٤٠٠٠» چوار ملیۆن و سەدو هەشتاو چوار هەزار دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ئاودێری وبەنداوەکـان «٥٥٨٥٠٠٠» پێنج ملیـۆن و پێنج سەدو هەشتاو پێنج هەزار دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵی «٧٣٥٨٠٠٠» حەوت ملیـۆن و سێ سـەدو پەنجـاو هەشت هەزار دینار، وێسـتگەی لێکۆڵینەوەی کـشـتوکـاڵی ومەشق کـردن «١٠٧١٠٠٠» یەک ملیـۆن و حەفـتـاو یەک هەزار دینار. کـۆی گـشـتی وەزارەتی کشـتوکاڵ و فەرمانگەکانی دەکات «١٠٨٦٥٠٥٠٠» سەدو هەشت ملیۆن و شەش سەدو پەنجا هەزار و پێنج سەد دینار. لیژنەی ئابووری هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەشی پێنجەم چ تێبینی نییە؟ وەزیری دارایی چ تێبینی نییە؟ وەزیری کشـتوکـاڵ و ئاودێری تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محـەمـەد بازیانی/وەزیری کـشـتـوکـاڵ:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەڕاستیدا پرۆژەیەک پێشنیار کراوە ئەگەر ئەم ساڵ دەستی پێ بکەین جەنابی د. رۆژ ئاگادارە پرۆژەی (سەنحاریب)ـە کە ئاوی پێ بدرێتە شاری هەولێر، بەڕاستی ئەگەر ئەوە بیێت وای بۆ دەچم بودجەیەکی زیادەی دەوێ، ئەوە نازانم سەرۆکایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیران ئەوا خۆی داوای دەکا لە نووسینگەی سەرۆکی وەزیرانەوە یان نا، بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری وبەنداوەکان ئەم ئیشە دەکا؟ ئەوە تێبینی ئێمە بوو، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس تا ئیستاکە هیچ پرۆژەیەک نەهاتووە بۆ ئێرە تاکو لیژنەی ئابووری دیراسەی بکات، بزانین جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینیەکی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شـاوەیس/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە ئەنجوومەنی وەزیران باس دەکرێ ئێمە دیراسەی چەند پرۆژەیەک ئەکەین بەشێوەیەکی گشتی،

چارسەرکردنی ئاوی شاری هەولێر لەوانەیە ئەوان لە ئەنجوومەنی وەزیران هێشتان ماوە بڕیاری لەسەر بدرێ، بەتەئکید لە حاڵەتی ناچاری لە بودجە پارە هەیە، ئەگەر ئەو کاتە زانیمان پڕۆژەیەک جێبەجێ بکرێ و ئەو کاتە وەزیر دێ و ئێمە پارەشی بۆ دابین دەکەین ان شاءالله، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو د.قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەک بۆ بەڕێز وەزیری دارایی لەو سەرمایەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ/ هەولێر «٢٢» ملیۆن دینار، سلێمانی «٣٧» ملیۆن دینار، کەرکووک نزیکەی «١٥» ملیۆن دینار، دهۆک(٩)ملیۆن دینار، دیاری نەکردووە کە ئەم جیاوازە چییە؟ ئەگەر وەزیری دارایی و ئابووری ڕوونی بکاتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

عادەتەن ئەو جیاوازیە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ زیادەی کارمەندان. واتا پارێزگاکان ئەگەر لەبەر چاو بگرین جیاوازیەکە لەوێ دا دەبێ. ئێمە گفتوگۆیەکی زۆرمان کردووە لەگەڵ وەزارەتی ناوبراودا گەیشتینە ئەو ڕێککەوتنەی کە بەم شێوەیە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئەکرەم.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە لەبارەی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە تێبینیەکم هەیە، ئەوشتانەی پێویست بۆ لەناوبردنی ئافاتی کشتوکاڵی کە ناوچەیەکی زۆری لە کوردستان داگیر کردووە ئامادەکراون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بۆ ئەو حاڵەتە تێبینی خۆمانمان پێشکەش کردووە گەر هاوکاریی پێویست بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ (مداخلە) یەک نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، بابی پێنجەم وەک خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابی شەشەم وەزارەتی ناوخۆ، دیوانی وەزارەت «١٢» ملیۆن دینار، دەزگای گشتی پارێزگاکان

«٧٧٢٣٠٠٠» حەوت ملیۆن و حەوسەدو بیست و سێ هەزار دینار، ئاسایشی گشتیی (٦٨٠٠٥٠٠٠)شەست و هەشت ملیۆن و پێنج هەزاردینار، بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو حاڵ وباڵی شارستانی(١٠٩٦٣٥٠٠) دە ملیۆن و نۆسەدو شەست و سێ هەزارو پێج سەد دینار، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی (١٤٤٩٣٦٠٠٠) سەدو چل و چوار ملیۆن و نۆسەد و سی و شەش هەزار دینار، کۆی گشتی دەکات(٢٥٥٧١٤٥٠٠) دووسەدو پەنجاو پێنج ملیۆن و حەفت سەدو چواردە هەزار و پێنج سەد دینار، هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابی شەشەم خوێندرایەوە ئەوە لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینی نییە. جەنابی وەزیری ناوخۆ چ تێبینیەکی نییە؟ ئەندامانی پەرلەمان چ تێبینییەک نییە؟ باشە. بابی شەشەم دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی حەفتەم: وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دیوانی وەزارەت (٣٢٣٥٨٠٠٠) سی و دوو ملیۆن و سێ سەدو پەنجاو هەشت هەزار دینارە. بەڕێوەبەراتیەکانی گەشتیاری (٢١٢١٦٠٠) دوو ملیۆن و سەدو بیست و یەک هەزار و شەش سەد دینارە، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان (٢٤٢١٥٠٠) دوو ملیۆن و چوارسەدو بیست و یەک هەزار و پێنج سەد دینارە، بەڕێوەبەرایەتی ئاوو زێرابەکان (٤٥٩٧٥٥٠٠) چل و پێنج ملیۆن و نۆسەد وحەفتا و پێنج هەزارو پێنج سەد دینارە، نەخشەی ئاوەدانی (٢٧٨٥٥٠٠) دوو ملیۆن و حەفت سەدو هەشتاو پێنج هەزار و پێنج سەد دینارە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان (١٤٨٠٠٠٠) یەک ملیۆن و چوار سەدو هەشتا هەزار دینارە، کۆی گشتی وەزارەت (٨٧١٤٢١٠٠) هەشتاو حەفت ملیۆن و سەدو چل و دوو هەزارو سەد دینارە، لیژنەی ئابووری هیچ تێبینی لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابی حەفتەم لیژنەی ئابووری چ تێبینییەکی نییە، جەنابی وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار چ تێبینی نییە؟ ئەندامانی پەرلەمان چ (مداخلە)یەکتان نییە؟ زۆر زۆر سوپاس. ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی هەشتەم: وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، دیوانی وەزارەت (٢٧٩٧٥٠٠) دوو ملیۆن و حەفت سەدو نەوەت و حەفت هەزارو پێنج سەد دینارە، بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی کردن وپۆستە

( ۱۳۷۲۵۰۰۰ ) سێزده میلۆن و حەفت سەدو بیست و پێنج هەزار دیناره، کۆی گشتی بودجەی ئەم وەزارەتە بووە ( ۱٦٥۲۲٥۰۰ ) شانزه ملیۆن و پێنج سەدو بیست و دوو هەزارو پێنج سەد دینار، لیژنەی ئابووری هیچ شتێکی لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابی هەشتەم لیژنەی ئابووری چ تێبینییەکی نییە. جەنابی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن چ تێبینییەکی نییە؟ ئەندامانی پەرلەمان هیچ بەدواداچوونیان نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە؟.. زۆر زۆر سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی نۆیەم: وەزارەتی رۆشنبیرییە، دیوانی وەزارەت ( ٤١٤٠٠٠٠ ) چوار ملیۆن و سەدو چل هەزار دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و رۆژنامەگەری و بلاوکردنەوە و دابەش کردن ( ۳۰۹٦۰۰۰ ) سێ ملیۆن و نەوەت و شەش هەزار دینارە، بنکەی مافووری دەستکرد لەهەولێر ( ٥۷۱۸۰۰۰ ) پێنج ملیۆن و حەفت سەدو هەژدە هەزار دینارە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری وهونەر «۱٤۳۳۱۰۰۰» چوارده ملیۆن و سێ سەدو سی و یەک هەزار دینارە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان «۱۲۰٤۲۰۰۰» دوانزە ملیۆن و چل و دوو هەزار دینارە، کۆیەکەی لای ئێمە دەبێتە( ۱۱۰٤۲۰۰۰ ) یانزە ملیۆن و چل و دوو هەزار دینار، تێبینییەکەشمان ئەوەیە لایەنی وەرزشی فەسڵی شەشەم داوای دوو ملیۆنیان کردبوو و لیژنەی ئابووری بەپێویستی دەزانێ ببێتە یەک ملیۆن، بۆ مەڵبەندەکانی وەرزش و لاوان پارە دانراوە، بۆ کاروباری کۆمپانیاکان پارە دانراوە، بۆ زۆر شتی تریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی و ئابووری چ تێبینیەکی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزمان بۆ تێبینی لیژنەی دارایی وئابووری پەرلەمان، خۆی هەروەکو تێبینیتان کرد لە راپۆرتەکەمان و لە زانیاری ئێمەو کابینەی سێیەم لەراستیدا بەپێویستمان زانی یەکێک لەو وەزارەتانەی کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت وەزارەتی رۆشنبیریی بوو، لەسەر ئەو بنەمایە بوو ئێمە پێشنیارمان کرد پاش گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل گەیشتە ئەوە کە ئەم بڕەپارەیان بۆ دابین بکرێت، بۆیە تکامان ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیریی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ تێبینی بەڕێز وەزیری دارایی ، وەزارەتی ئێمە لەراستیدا سێ وەزارەتە. لەوڵاتانی

تر، وەزارتی رۆشنبیری جیاوازە، وەزارەتی راگەیاندن جیاوازە، وەزارەتی وەرزشی جیاوازە،«٣» وەزارەتە، یەکێ لەگرفتە هەرە بنەڕەتیەکانی ئێمە ئەوەیە کە تا ئێستا نەمان توانیوە مافی خۆی پێ بدەین، رەنگە تا ئەم دواییە بەهەمووی دوو سێ هەزار دینارمان بۆ سەرف نەکرابێ ،واتە نەمان توانیوە پاداشتێ بدەین بە هیچ یانەیەک، کە یانەیەکی زۆر لە کوردستان دا هەیەو، چالاکی زۆر باشیان هەیەو، بەپێویستمان زانی کەوا پاڵەوانیەتیەکان رێک بخرێ ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو برەی کە وەزارەتی دارایی دەستنیشانی کردووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەروەها سەبارەت بە راگەیاندنیش. رگەیاندن تەبیعی پێشنیارەکەی ئێمەش هەر ئەوە دەگرێتەوە، بەڵام پێش بینی ئەوەمان نەکردووە کەوا دەزگایەکی دیکەی تەلەفزیۆن بکەینەوە. تا ئێستا دەزگایەکی تایبەتی تەلەفزیۆنیمان نییە، کە ئەمەش دەزگایەکی زۆر پێویستە.. بۆ ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان ئەوەش دەبێ تێبینی بکرێت تەنانەت ئەوەش لەوانەیە کەم بێ، بەڵام سەبارەت بە وەرزشیش ئەو برەپارەیە زۆر پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەم کردنەوەی لە بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری کراوە بەتایبەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان لەڕاستیدا من ئەوە لەشوێنی خۆی نابینم، ئەبوایە زیاتر گرنکیمان پێ بدا بایە، بەتایبەتی بۆ وەرزش و لاوان من نموونەیەکی بچووکتان بۆ دێنمەوە تەنیا چاکردنەوەی یاریگای خۆجێیەتی لە هەولێر لەوانەیە ملیۆن و نیوێکی تێ بچێ، واتە بەشێوەیەکی بەپەلە چاکی کەینەوەو، کەشتێکی زەرووی یە ئەمرۆ، کە مەترسی ئەوە هەیە بینەرێک کە بچێ سەیری یاریەک بکات لە پڕ بروخێ. بێجگە لەمە هەمووی ئێمە ئەبێ ئەرکێکی گەورەی سەر شانمان بێ گرنگی بەلاوان و بە وەرزش بدەین بەتایبەتی ئەم توێژە بەشتێکی باش سەرقاڵ کەین. دووبارەی پەروەردە کردنی لاوانی خۆمان بکەین بە وەرزش. لەجیاتی بێ ئیشی، لە جیاتی شتی خراپ، لە جیاتی لادان، ئینجا وەزیری ناوخۆ لەوانەیە پشتگیریم بکات لەوە ئەگەر لاوان خەریکی وەرزش و پێش برکێکانی وەرزشیی بن دوور دەکەونەوە لە تاوان و دوور دەکەونەوە لە کاری خراپ، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەو برە پارەیە کفایەت نەبێ، ماوەیش بدەن واتا ئاماژەیەک بدرێ بە وەزارەتی رۆشنبیریی کاتی پێویست کە داوا بکەن پارەی ئیزافی بۆ تەرخان بکرێت، بەتایبەتی بۆ وەرزش و بۆ لاوان لەگەڵ مەسەلەی ئیزگەو تەلەفزیۆن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک جەمیل سندی نیم و، من پێشنیار دەکەم ئەگەر وەزارەتی دارایی بەباشی بزانێ و پەسەندی بکات و وەکو برای بەڕێز کاک د. رۆژ فەرمووی «یەک . دوو» ملیۆنی تری بۆ زیاد بکرێت لەو بابەی کە ئەو کەمی دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

ئەو ئەرکەی کە لە ئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری دایە، ئەرکێکی مەزن و گەلێ گەورەیە لەسەرووی هەموویانەوە ئەو دەسەڵاتەی کە پێی رەوا ئەفەرموون، دەسەڵاتی راگەیاندنە کە پێویستی پێیەتی، بوژاندنەوەیەو، دروست کردنەوەیە، سارێژ کردنی ئەو رووخان و زامە سەختانەیە کە ئەو چەن ساڵە بارێکی دژوار بووە بە باری رۆشنبیریی لە نزیکەوە وەکو سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری ئاگاداری پرۆگرامی کارنامەی وەزارەتی رۆشنبیریم ئەوەی کە بۆی دەستنیشان کراوە ناتوانێ دەرەقەتی مەبەستەکەی بێت و لە سەرووی ئەوەشەوە ئەوەی کە خۆیان پێشنیاریان کردووە هێشتا کەمە. ئەگەر لەباری راگەیاندندا تەماشای بکەین بەتایبەتی وا بەدەست و برد بێتە خاوەنی دەزگا راگەیاندنەکانی وەک رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئاژانسی دەنگوباس، بەڵام ئەبینین ئێستاکە ئەیەوێ دروستی بکات، پێویستی بەکۆمەکی زیاترو و بودجەیەکە کە لەبارێ بۆ ئەو پێویستییە. لە بارەی تریشەوە کە ئەوەی ئەو پێشنیارەی کردووە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەوە هەندێکی کراوەتە نیوەو هەندێکی وەکو خۆی ماوەتەوە هەندێکیش بۆتە (١ـ٣)ی ئەوەی کە خەملاندویانە. بۆ نموونە بڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر کە ئەرکێکی گەورەی هەیە دەیان ڤیستیڤاڵ و بوژاندنەوەی لە ئەستۆدایە هێنراوەتە خوارەوە. یانە وەرزشییەکان ئێمە لەسەرو ئەوەوە کە ئەڵێین لە هەموو کوردستان لە هەموو هەرێمی ئێمە یاریگەیەکی تێدا نییە کە خەسلەتیە زانستییەکانی وەرزشی تیا بێ، جگە لەوە دەستگیرۆیی ئەو ژمارەیانانەی کە هەنە جاران کە دوو یانە یان یەک یانە بوو بێ ئێستا لە جاران پترە پێویستی بە دەستگیرۆیی هەیە، جگە لەوە کەرەستەو پێداویستییەکانی وەرزش بەهیچ شێوەیەک نابینین، پێویستە هەوڵ بدات و کۆمەکی بکرێت بۆ ئەوەی دابین بکرێت بۆیان. لە بارەی چاپ کردنەوەی کتێب ئەمە بۆتە دانسقەو دەگمەن. لە بارەی رۆشنبیری کوردییەوە بەپێی ئەو پلانە ئەیەوێ بتوانێ کە لەمەودوا چاپەمەنی بەتایبەتی کتێب بێتە ئاراوە وابزانم بەوەی کە بۆی دەستنیشان کراوە دەستە کۆڵ دەبێ لە ئاستی ئەو مەبەستەش دا. لەسەروی ئەوانەوەش وێران کردنی ئەو شوێنە هونەرییانەو، ئەو مەڵبەندانەی کە هەبوون بۆ هونەرو بۆ وەرزش لە وڵاتەکەدا زۆربەی بۆتە کەلاوە و پێویستی بە بینا کردنەوە هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە کۆمەکێکی گەورە بکرێت، بۆیە لە زۆر رووەوە وەک چۆن کە پێشنیار کراوە (٤٨) ملێون پتر لەوەی کە پێویستە بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ئەوەی کە بتوانرێت ئەو کەشە پێویستەی کە بۆ داهێنان و راگەیاندنی رۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەدیبانی گەلەکەمان دەست بخرێتە ژێر باڵیان ئەو کەش و هەوا پێویستەش لە باری ژیان و دەستگیرۆییان ئەبێ کە ئەو ئەرکەش خراوەتە ئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری، بۆیە پێشنیار دەکەین بەناوی لیژنەی رۆشنبیرییەوە کە بتوانرێ دەستگیرۆیی وەزارەتی رۆشنبیری بکرێ و بەلای ئێمەوە (٥٠) ملێونی تر بخرێتە سەر بودجەکەیان ، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو وڵاتانی جیهاندا بایەخێکی زۆر دراوە بەوەرزش و لاوان. لەکۆمەڵگای ئێمەشدا وەرزش و لاوان بایەخێکی زۆری پێ ئەدرێ. پشتگیری پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، ئەگەر بکرێ زیاد بکرێ، یان وەکو خۆی بمێنێتەوەو دەستکاری نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆم لە لیژنەی داراییمە، بەڵام من لەگەڵ کاک جەمیل نیم کە ئەو ملیۆنە کەم بکرێت لە وەرزش ولاوان. کاک جەمیل خۆی دەزانێت دهۆک و زاخۆ گۆڕەپانی تۆپی پێی تێدا نییە، گۆڕەپانێکی ئیعتیادییە، لەبەر ئەوە من وا ئەبینم (٢)ملیۆنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە. کەم نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. کەسی تر نەماوە ئەوانەی کە ناونووس کراون بۆ گفتوگۆ کردن؟

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەکو جەنابی دکتۆر ڕۆژیش ئاماژەی بۆ کرد، ئەگەر زیاد کردنی پارەی ئەو بودجەیە بۆ ئەوە بێ کە خوو ڕەوشتی لاوەکان بێتە سەر کەلی ڕاستی خۆی، پێم وایە ئەگەر زیاد بکرێ باشە، من پێم وایە کاک جەمیل دەیەوێ کەوا شتێک بەفیڕۆ نەڕوات، ئەگەر بەڕاستی خوو ڕەوشتی لاوەکان ڕاست بێتەوە زیاتریش بێ وەکو کاک ئەحمەد وتی ئەگەر «٥٠» ملیۆن بێ قەیناکا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە زۆربەی ڕاسپاردەکانی کە بە یاسا دەردەچن. مەرج نییە هەموو ئەندامان (١٠٠٪) لێیان ڕازی بن، بەڵام ئەندامانی لیژنە پابەندیان دەبن، ئەوە شتێکە ئێمە لەسەری ڕۆیشتووین وکۆکین. دەبینم زۆر شت تێکەڵاو دەکرێن. ڕێزم هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی وەزیران و بەڕێز فرەنسۆ هەریری ووەزیری ڕۆشنبیری. بەڵام یاریگای هەولێر باس کرا، یاریگا سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیریی نییە، هی حوکمی خۆجێیەتییە، یان وەزارەتی ناوخۆ یان وەزارەتی شارەوانییەکان یاریگا دروست دەکەن یاخود چاکیان دەکەنەوەو پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییەوە نییە.

دووەم: هەمیشە ناوی بەشدار بووان تیایدا دێت وهەتا زۆر جاران لەڕووی ئابوورییەوە بە فائیدەوە داخل دەبێت، یانەکان شتێکن وبنکەکانی وەرزش و لاوانیش شتێکی تر، بۆ بنکەکانی وەرزش و لاوان دەستمان لێ نەداوە(٥٠٠٠٠٠)پێنج سەد هەزار دینار نووسراوە، بەڕای من ئەو مەڵبەندانە زۆر گرنگترن لەیانە وەرزشییەکان، چونکە ئەوانە منالانی قوتابخانەکانی ناوەندیی و سەرەتایی

بەشدارییان دەکەن و پارەیان نییە بەشداریی لەیانە گەورەکاندا بکەن. ئەو مەڵبەندانە لەسەر ئەرکی دەوڵەتن و بەشێکن لەو وەزارەتە، بۆیە دەبێ زیاتر بە ئەرکی خۆی هەڵسێت بەرامبەر بە ئەوان. ئەگەر بۆ بنکەکانی وەرزش ولاوان (٥٠٠٠٠٠) دینارو بۆ کاروباری لاوانیش(٤٠٠٠٠٠) چوارسەرد هەزار دینار بێ، بۆ یانە وەرزشییەکان راستە هاوکاریی زۆر چاکە، بەڵام نەوەکو لەسەر ئەرکی وەزارەتەکان. ئەرکی وەزارەتی داراییە، چونکە ئەوانی تر بنکەکان بەشدارییان هەیە بۆ(٢)ملیۆن بێ؟ لەبەر ئەوە پێشنیارمان کرد ببێتە(١)ملیۆن، ئەگەر لە پاداشتی بنکەکانی وەرزش ولاوان لەگەڵ هەموو پاداشتەکانی کاروباری لاوان کۆبکەینەوە دەکاتە(٩٠٠٠٠٠)دینار لەگەڵ ئەوەشدا رای من کەمتریش بوو لەوە، بەڵام وەکو پێشتر گوتم بەزۆرینەی دەنگی لیژنە پێشنیار کرا (١) ملیۆن بێت ئەمە لەلایەک، لە فەسڵی سێیەمیش (١)ملیۆن دینار بۆ کرینی کەلوپەلی وەرزشی هەیە لەبودجەی وەزارەتی رۆشنبیریی، لەبەر ئەوە ئێمە پارە بە فیرۆ نەدەین لەگەڵ ئەو ژمارەیە دام، پابەندم پێی. هیوادارم بیخەنە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزیری دارایی و ئابووری ئەگەر چ تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کران. ئەو پێشنیارانە هەندێکیان کران بۆ ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشنیاری تریش هەیە کە زیاد بکرێ. بابزانین رای وەزارەت و حکومەت چییە لەم بارەیەوە.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا هەر وەکو لەمەو پێش گوتم بۆ گرنگی پێدانی ئەم وەزارەتە ئێمە پێمان باشە برەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا دەستمان بکرێتەوە لەحاڵەتێکدا هەنگاوەکانیان بەرەو پێش تر چوو لە بەرژەوەندی لاوە خۆشەویستەکان بێ، ئەو لایەنانەی کە برایان باسیان کرد دەستمان کراوەیە بۆ ئەوەی هەنگاوی بۆ بهاوێژین بەپێی توانای خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم، لیژنەی دارایی داوا ئەکا ملیۆنێک کەم بکرێتەوە لە بەشی چاودێری گشتی وەرزش ولاوان، رەئیەکی تریش بەرامبەر هەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە ئەو ملیۆنە کەم نەکرێتەوە. پێشنیارەکە ئەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر لیژنەی ئابووری چ تێبینی تری نەبێت کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو برە «١» ملیۆن دینار کەم بکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی و ئابوورییە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە. بەڵێ ، سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە پێشنیارەکە پەسەند نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ولاوان وەکو خۆی ماوە( ١٢٠٤٢٠٠٠ ) دوانزە ملیۆن و چل و دوو هەزار دینار ماوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن( ٦٣٢٨٠٠٠ ) شەش ملیۆن و سێ سەدو بیست و هەشت هەزار دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار( ٣٨٤٧٠٠٠ ) سێ ملیۆن و هەشت سەدو چل و حەوت هەزار دینار، کۆی گشتی دەکاتە( ٤٩٥٠٢٠٠٠ ) چل و نۆ ملیۆن و پێنج سەدو دوو هەزار، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس ئەگەر چ تێبینییەک نییە. دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ بابی نۆیەمدایە وەکو خوێندرایەوە؟..سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بابی دەیەم: وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، دیوانی وەزارەت «٦٨١٦٠٠٠» شەش ملیۆن و هەشت سەدو شازدە هەزار دینارە. فەرمانگەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی «٣٨٩٨٤٢٠٠٠» سێ سەدو هەشتاو نۆ ملیۆن و هەشت سەدو چل و دوو هەزار دینارە. فەرمانگەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی «١١٢٩٣٨٠٠» یانزدە ملیۆن و دووسەدو نەوەت و سێ هەزار و هەشت سەد دینارە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی «٢٧٨٩٦٠٠» دوو ملیۆن و حەوت سەدو هەشتاو نۆ هەزارو شەش سەد دینارە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی «٤٠٤٨١٠٠» چوار ملیۆن و چل و هەشت هەزارو سەد دینارە. کۆی گشتی وەزارەتی تەندروستی دەکاتە( ٤١٤٧٨٩٥٠٠ ) چوار سەدو چواردە ملیۆن و حەوت سەدو هەشتاو نۆ هەزار و پێنج سەد دینار.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی دارایی و ئابووری چ تێبینیتان نییە لەسەری. وەزارەتی تەندروستی چ تێبینی نییە؟.. ئێستا دەرگای گفتوگۆ کردنی ئەم بابە کراوەتەوە فەرموون کاک د. قاسم کێی تر تەنها کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قـــــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لێرەدا پێشنیارێکم هەیە، لەبودجەی وەزارەت نزیکەی( ٢٠٠٠٠٠٠٠٠ ) دووسەد ملیۆن دینار بۆ کڕینی دەرمان تەرخان کراوە، وەزیری ئەم وەزارەتە لەهەر سێ کابینە ئەگەر سەرنج بدەین لەبودجەی ساڵی ١٩٩٣( ٤٠، ٥٠ )ملیۆن دینار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو، کەچی وەزارەتی تەندروستی تەنها(٧)ملیۆن دیناری سەرف کرد، لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی ناوبراو دەیتوانی کۆی

پارەکە بۆ ئەم مەبەستە سەرف بکات، ئەگەر نەشی توانی بێ دەکرا لە پەرلەمان شکات بکات، جا هەر چەندە وەزیری تەندروستی لێرە نییە تاکو بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە بخاتە روو، هیوادارم ئەو برەپارەی تەرخان کراوە هەمووی بۆ ئەم مەبەستە خەرج بکات نەوەک وەکو سالّی ١٩٩٣هەروەک باسم کرد تەنها(٧)ملیۆنەکە سەرف بکات، ئێستا ئەوا(٢٠٠)دووسەد ملیۆن دینار تەرخان کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو پارەیەی بۆ کڕینی دەرمان تەرخان کراوە، پێویستی وەزارەتی تەندروستی «٢٠٠» ملیۆن دینارە بۆ سالّێک کە دەرمان بۆ کوردستان دابین بکات، تەبیعی بەشێک لەو پێویستیانە ریکخراوەکان ئەیدەن، ئێمە بەهیوای ئەوەین بەشێکی بڕیاری (٩٨٦) جێبەجێی بکات، واتە مەبەست ئەوە نییە کە ئەوە ئەبێ ئەو «٢٠٠» ملیۆنە خەرج بکرێ، ان شاءالله بەو هیوایەین کە بڕیاری (٩٨٦) جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێز و ئیحترامم هەیە بۆ جەنابی سەرۆکی وەزیران، بەلاّم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئومێد دەکەین کە ئەو برەپارەیە فعلەن خەرج بکرێ ئەگەر بڕیاری (٩٨٦)یش جێبەجێ کرا. چونکە رەزامەندی لەسەر دەکەین ئێمە حەز دەکەین سەرف بکرێ، چونکە میللەتی ئێمە پێویستی پێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د. قاسم، فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بۆچوونەکەی کاک د.رزگار لەڕاستیدا خۆی ئەگەر تێبینی کردبێ ئێمە هەتا لە بلاّوکراوەکانی خۆماندا نیشانمان داوە، گرنگیمان بەمەسەلەی دەرمان لەماوەی چوار مانگ داوە، ئێمە(٣٥٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن و نیو دینارمان تەرخان کردووەو پارەکەمان لە تەرخان کراوەکانی وەزارەتی تەندروستی دانا بۆ کڕینی دەرمان، ئەمەش دەلیلی ئەوەیە کە گرنگیمان پێداوە. ئەم برەپارەش کە لە بەرچاو گیراوە بۆ هەمان مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز د.رزگار فەرمووی ئەو «٢٠٠» ملیۆنە لە چوارچێوەی بەشی فەرمانگەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی دایە، گلەیەکەش لەجێگەی خۆی دایە کە خودی وەزیری تەندروستی ماوە کە کاتی خۆی چ شکایەتی نەکردووەو باری خەلّکیش کە ئێمە نوێنەری ئەم میللەتەینە وا

بەخراپی مابۆوە لەبەر نەبوونی دەرمان ،لام وایە گلەییەکە کۆنە هی ساڵی ١٩٩٣ یە گلەیەکە هی ئێستا نییە، لیژنەی ئابووری چ تێبینی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەو تێبینییەی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئاماژەی پێکرد دانانی بوودجە وەکو پێشنیارێک پێشکەش بکرێت، بۆیە هەموو حسابات وا بوو کە ئەم بڕیارە جێبەجێ ئەکرێت، بڕیارەکە، خاڵێکی هەرە سەرەکی بۆ ئێمە کێشەی دەرمانە هیواداریـن ئەو بڕیارە زوو جێبەجێ بکرێت، حکومەتیش ئامادەیە ئەگەر هاتوو دواکەوت یا خود دەرمان پێویست بوو بەتەئکید ئەوە مناقەلەی بۆ ئەکەین، کاک د.رزگار،دەکرێ پێشنیار بکەن بۆ زیاد کردنی ئەوبڕە لەپەرلەمان، ئەو کاتە جەنابت و برادەرانی تریش پێشوازی لێ ئەکەن زۆر سوپاس. ئەگەر چ تێبینی تر نەبێ ئەیخەینە دەنگدانەوە .بابی دەیەم کێ لەگەڵە؟ سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی یانزدەهەم، وەزارەتی پەرەپێدانو ئاوەدان کردنەوە، دیوانی وەزارەت «٢٥٩٢٠٠٠» دوو ملیۆن و پێنج سەدو نەوت و دووهەزار دینارە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدان وئاوەدان کردنەوە «٢٢١٩٧٠٠٠» بیست و دوو ملیۆن و سەد و نەوت و حەوەت هەزار دینارە. کۆی بوودجەی ئەم وەزارەتە دەکاتە (٢٤٧٨٩٠٠٠) بیست و چوار ملیۆن و حەوسەدو هەشتاو نۆ هەزار دینار. چ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ،بابی یازدەیەم خوێنرایەوە لیژنەی ئابووری چ تێبینییەکیان لەسەر نییە. وەزاەت چ تێبینیی نییە؟ دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە ،لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ بابی یازدەیەم چ تێبینییەک نییە؟ کێ لەگەڵ بابی یازدەیەمە، وەکو خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی دوازدەیەم وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری، بەخۆی هەمووی یەک بەشە کۆیەکەی دەکاتە (٣١٩٤٥٠٠) سێ ملیۆن و سەدو نەوەت و چوار هەزار و پێنج سەد دینار. هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە لەلایەن لیژنەی ئابووریەوە. ئەگەر وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری تێبینی هەبێ. فەرموو کاک د.شفیق.

**بەڕێز د. شەفیق قەزاز/وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دیارە ئەمە کە هیچ مفرەداتێکی نییە، بودجەی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی تارادەیەک درەنگ هاتووە، لەڕاستیشدا لەبەر ئەوەی ئەم وەزارەتە ئەتوانم بڵێم لە لەنۆژەنەوە دروست بووە فریای ئەوە نەکەوتین بتوانین بەشێوەیەکی تێروتەسەل لێیەوە بدوێین، تەنانەت هەتا ئێستاش هەندێ لەبەشەکانی تێدا دانەمەزراوە، من تەنها تێبینییەکەم ئەوەیە، کە لەوانەیە لەدوارۆژێکی نزیک یا دووردا بڕەپارەیەکی وا ئاوێنەی راستەقینەی ئەم وەزارەتە نەبێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێستاش کێ تێبینی هەیە؟ کەس نییە. بابی دوانزە وەکو خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی سێزدەهەم: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییە، دیوانی وەزارەت «٦٠٣٥٥٠٠»شەش ملیۆن و سی و پێنج هەزار و پێنج سەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر «١٣٢١٦٠٠٠» سیانزە ملیۆن و دووسەدو شانزە هەزار. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی «١٠٨٨١٥٠٠» دە ملیۆن و هەشت سەد و هەشتاو یەک هەزار و پێنج سەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک «٥٧٤٦٥٠٠» پێنج ملیۆن و حەفت سەدو چل و شەش هەزارو پێنج سەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کەرکوک «٢٦٣٦٤٥٠» دوو ملیۆن و شەش سەدو سی شەش هەزارو چوار سەدو پەنجا دینار. کۆی گشتی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکاتە (٣٨٥١٥٩٥٠) سی و هەشت ملیۆن و پێنج سەدو پانزە هەزارو نۆسەدو پەنجا دینار. لیژنەی دارایی وئابووری هیچ تێبینییەکی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابی سیانزە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، جەنابی وەزیر هیچ تێبینی نییە؟ دەرگای گفتوگۆ کراوەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان. لەسەر بابی سیانزە هیچ (مداخلە)یەک نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابی چواردەیەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆیەتی. دیوانی وەزارەت «٤٥٠٩٢٧٠٠٠» چوارسەدو پەنجا ملیۆن و نۆسەد و بیست و حەوت هەزار دینار. بەڕێوەبەرایەتی داهاتەکانی هەرێم «٣٧٦٠٧٦٥٠» سی و حەوت ملیۆن و شەش سەدو حەفت هەزار و شەش سەدو پەنجا دینار.

بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکانی هەرێم «٣٧٣٩٥٠٠» سێ ملیۆن و حەوت سەدو سی نۆ هەزار و پێنج سەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی «٣٧٦٧١٠٠٠» سی وحەوت ملیۆن و شەش سەدو حەفتاو یەک هەزار دینار. سەرۆکایەتی دادگای گومرگ«٦٢٩٤٠٠» شەش سەدو بیست و نۆ هەزارو چوار سەد دینار. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی گومرگ «٢٣٦٤٥٠٠٠» بیست و سێ ملیۆن و شەش سەدو چل و پێنج هەزار دینار. کۆمپانیاکانی بازرگانی گشتی «١٧٨٥٢٥٠٠» حەڤدە ملیۆن و هەشت سەدو پەنجاو دوو هەزارو پێنج سەد دینار. کۆی گشتی بودجەی وەزارەتی دارایی (٥٧٢٠٧٢٠٥٠) پێنج سەدو حەفتاو دوو ملیۆن و حەفتاو دوو هەزار و پەنجا دینار. لیژنەی دارایی هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی ئابووری، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری هیچ تێبینیەکی نییە؟ دەرگای گفتوگۆ کراوەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ بابی «١٤» بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کابینەی سێیەمی ئەنجومەنی وەزیران لە فەسڵی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەرکی سەرەکی وەزارەت ئاماژە دەدا بەوەی کە دابینی ئاسایشی خۆراک بکات بۆ دانیشتوانی هەژاری کوردستان. بۆیە وا دەڵێم، چونکە بە تەئکید برسیەتی ئینسان پاڵ دەدات بۆ شتی ناشەرعی و ناڕەوا. ئایا وەزارەتی دارایی هیچ پارەیەکی تەرخان کردووە بۆ ئەم مەبەستە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەئکید ئەو بابەتەی کاک سەعید فەرمووی ئێمە حساباتی خۆمان کردووە لەسەر ئەو بنەمایەی انشاءالله لە کاتی پێویستدا هەنگاوی بۆ بهاوێژین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکی ترم هەبوو لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری: سەبارەت بەو خەڵکەی دەفتەری حسابات و تەوفیریان هەبوو لەبانقەکاندا، ئایا وەزارەتی دارایی و ئابووری هیچیانی بۆ تەرخان کردووە؟ کە هەندێکیان پارەکەیان زۆر کەم بوو، دوو سێ هەزار دینار بوو. دەبوو شتێکیان بۆ بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لەڕاستیدا هەر لە بیدایەتی دەست پێکردنی کاری خۆمان لە کابینەی سێ دا تووشی ئەم گرفتانە بووین. تەنها ئەمە نییە، بەڵکو کێشەیەکی زۆری دەسەڵاتداریەتی کابینەی دووەم بۆ ئێمە

بەجێ ماوە، وەکو کابینەی سێ. ئەو تێبینیەی کە کاک محەمەد سەعید فەرمووی لەڕاستیدا شتێکی گچکە نییە وا بتوانین بە ئاسانی جێبەجێی بکەین، بڕێکی زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چەندین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا دیراسەت کراوەو بە تەئکید هەوڵ ئەدەین وردە هەنگاوی پێویستی بۆ بهاوێژین بەمەرجێک داهاتەکە بوارمان بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک سەعید دوا پرسیارەکەی پرسی، منیش بۆ ئەو پرسیارە دەستم بڵند کردبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری سەبارەت بە گوزەرانی ئەو خەڵکەیە کەوا دەرکراوەو ئاوارە بووە ئێستا لە شاری هەولێرن. لای هەمووان ئاشکرایە بارەکە چ بارێکە و خەڵکێکی زۆر دەر بە دەر بووە. ئەوەی کە لەناو شارو ئۆردوگای دەوروبەریش ڕۆیشتووە هەتا ئۆردوگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەزۆری خەڵکێکی زۆر دەربەدەرو ئاوارە بووە. نازانم لەو پارانەی کەوا تەرخان کراوە، هیچ بڕەپارەیەک تەرخان کراوە بۆ پشتیوانی کردن لە باری ئەو خەڵکەی کەوا دەربەدەر و ئاوارە بووە؟ چونکە بەڕاستی تا ئێستا ئێش وئازارەکە بەردەوامە، باری ژیانی ئەو خەڵکە کەم و کوڕیەکی زۆری تیایە، پێویستی بە پشتیوانی هەیە. من حەزم دەکرد جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری ڕوون کردنەوەیەکی لەو بارەیەوە بدابایە، بزانم چ بۆ ئەو خەڵکە دەکرێ؟ سوپاس

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەڕاستیدا لە بودجەی ئێمەدا لەبەر چاو گیراوە، لە بەرنامەکانی تایبەتی و ئیداری دا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تێبینێ بکەن بەردەوام هەنگاوەکانی کابینەی سێ لە ڕێگەی لیژنەی باڵای سەرپەرشتی ئاوارەکان بەردەوام بڵاویان کردۆتەوەو، ئێمە پشتگیرییەکی تەواومان کردووە چ لە ڕێگەی حکومەتەوە چ لە ڕێگای ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ ڕوون کردنەوەکەی جەنابی وەزیر، مەبەستی من لەمەدا ئەوەی کە جەنابیان باسیان کرد بەڕاستی وەزارەتی دارایی و ئابووری کەم تەرخەمی نەکردووەو، لە ڕێگەی لیژنەی باڵای دەرکراوەکان، ئێمەش تارادەیەک بەدوای ئیش و کارەکاندا چووین، تا ئێستا بەباشی ڕۆیشتووە. ئەوەی کە مەبەستە کێشەکە تا ئێستا بەردەوامە، ئەگەر شتێک تەرخان کرابێ لەو بەرنامەیە؟ هەر بۆ ئەوەندە بوو، سوپاس.

**بەڕێز شەوكـەت شـێخ یـەزدین/ وەزیــری دارایــی:**

**بــەڕێـز ســـــــــەرۆكـی پـەرلـەمـــــــــان.**

وەكو عەرزم كردن ئێمە لەبەر چاومان گرتووە لەو دوو شوێنە تایبەتیەدا كاریان بۆ بكرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستـه لە دانیشـتنەكانی ئەنجـومـەنی وەزیران زیاتر دیراسـەت بكرێ، ئەو كـاتە هەنگاوی پێویستی بۆ بهاوێژین، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شـاوەیس/سـەرۆك وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

لەڕاستیدا مەسەلەی ئاوارەكان مەسەلەیەكی نارەوا و لە هەمان كاتیشدا مەسەلەیەكی كاتییە، ئاوارەكـردنی ئەو خـەڵكە تاوانێكی گـەورەیە بەرامـبـەر بەو خـەڵكە كـراوە و ئەركی سـەر شـانی حكومەتی هەرێمەو، ئەركی هەمـوو رێكخراوەكانە كە یارمـەتیـان بدا بە هەموو تواناییەك ئێش و ئازاریان كـەم بكەنەوەو پێویسـتیـەكانیـان دابین بكەن، بەڵام لە هەمان كـات دا مـەسـەلەی ئاوارە مەسەلەیەكی كاتییە مەسەلەیەكی هەمیشـەیی نییە، ئێمە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین كە مەسـەلەی ئاوارەیی نەمـێنێ ئەو خـەڵكە بچنەوە شـوێنی خۆیان و مـافـەكـانی خـۆیان بەتـەواوی پێ بدرێ وە ئەوانەی ئەو تاوانە بەرامبەر بەوانیـان كردووە سزا بدرێن، بۆیە بە بابێكی جێگیر لە بودجە دایان نەناوە، بەڵكو لە بابی كتـوپڕەكـان بەشـێوەیەكی گشـتی لەناو مـەسائلی كـاتی دایان ناوە. ئەوەی پێمان بكرێ بۆیانی تەرخان ئەكەین و بۆیان جێبەجێ ئەكەین، سوپاس.

**بەڕێـز مـحـەمـەد بازیانی/وەزیری كـشـتـوكـاڵ:**

**بەڕێـز ســـــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

لەسەر فەرموودەكەی كاك سەعید یەعقوبییەوە دەڵێم، ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا ئاماژەمان بە ئاسایشی خۆراكی كردووە، بەڵام بڕەپارەیەكی دیاری كراوی بۆ تەرخان نەكراوە. تەنها لەبەندی یەكەمدا باسی چۆنیەتی پتركردنی خزمەتگوزاریی كشتوكاڵی هاتووە لە بودجەی دەستنیشان كراودا بۆ دیوانی وەزارەت كە ئەمەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمـەتگوزاریی كشـتـوكـاڵی دەیگرێتەوە. بەهەمان شێوە پشت بە بڕیاری(٩٨٦)بەستراوە بۆ جێبەجێ كردن و دابین كردنی هەندێ پێداویستی و، گێڕانەوەی ژێرخانی كشتوكاڵ، كە نەخشەی بووژاندنەوەی ئەمەیش لە پلانی بڕیاری(٩٨٦)دایەو، بەبۆچوونی ئێمە لە(٣٠٪)ئەو بووژاندنەوەیە دەكرێ بەتەنها لە مەیدانی كشتوكاڵ وئاودێری دا بكرێت. من ئەمەم بۆ روون كردنەوە گوت، سوپاس.

**بەڕێز شـەوكـەت شـێخ یـەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

پێش چەند دەقەیەك لەسەر وەزارەتی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی باسمان كرد لەوێ لەو بابەتەی كە بەڕێزیان باسیان كرد بەرچاوخراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرمووی و نەخشەی ئێمەش لەسەر ئەوە بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا بۆ مووچەی مانگی هەشت کە سەرف نەکراوە، چ ئیجرائاتێک هەیە بۆ سەرف کردنی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو لەبیرتانە ئێمە لە گفتوگۆی بودجەی چوار مانگی ١٩٩٦دا هەر ئەلێرە بەڵێنمان بە ئێوەی خۆشەویست دا کابینەی سێ و وەزارەتی دارایی و ئابووری هەنگاوی پێویست دەهاوێژێ و لەمە بەرپرسیارە، سەرەڕای ئەوەی کە دەبوایە دەسەڵاتداریەتی پێشوو ئەم پارەیەی دابا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە واجبی سەر شانی خۆمانمان زانی کار بۆ ئەوە بکەین، هەروەکو تێبینیتان کرد مانگی «٧» پێشکەش بە مووچە خۆرانمان کرد ان شاء الله بۆ مانگی «٨» هەموو هەوڵێک دەدەین بە هەم ئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان، هەموو توانای خۆمان سەرف دەکەین ان شاء الله بە زووییەکی زۆر زوو بتوانین مووچەی مانگی «٨» سەرف بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم گرنگ لەهەر بودجەیەک کۆی داهاتەکان و کۆی خەرجییەکانە، بەڕاستی لە ئەم بودجەیەدا دەبینی زۆر گۆڕینێکی ئیجابی باش هەیە لە بودجە. بودجەی چوار مانگەکە بەپێوانە بۆ ئەو بودجەی ئەم ساڵە شتێکی باشی کردووە وەزارەتی دارایی و ئابووری وابزانم زیادەی بە سنووری (٤٢ ـ ٤٥٪) زیادەی هەیە ئەوە شتێکی زۆر باشە، وابزانم دەورێکی زۆر بوێرانەیە و بۆ زیرەکی و چەلەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، جێ سوپاسی مەیە بەڵام وابزانم لە راپۆرتا بەڕێز وەزیری دارایی ئەو زیادە هەروەکو جەنابی بەڵێنی داوە کە لە بودجەی چوار مانگی ١٩٩٦ هاتووە لەوانەیە زیادە بدەن، ئەو زیادە کە کاتی خۆی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دابوو، ئێستاش لەوانەیە زۆر برادەریش هەیە زۆر باش تێ نەگەیشتینە ئایا ئەو زیادەیە دەدرێ یان نا؟ هەتا ئێستا لەوانەیە بۆ داهاتووش هەر دوادەخرێ ئەمە بزانین شتێکی زۆر باشە. شتێکی دیش وابزانم تەرخان کراویش هەیە بەڕاستی بۆ دام وەدەزگاکانی وەزارەتەکانی هەرێم بۆ پارێزگای کەرکووک و سلێمانی ئەوە چۆن ئەو تەرخان کراوەکان حساب دەکەن و باش دەزانین ئێستاش

ئەگەر باری ئەنجوومەنی وەزیران باش بێ ئەو سەلاحیاتەی هەیە، حەز دەکەین جەنابی وەزیر قسە بکات لەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە زیادەی پەرلەمان لەڕاستیدا هەروەکو ئەو بڕیارە پیرۆزە لەلایەن جەنابتانەوە دەرچووە، ئێمە بەڕێزەوە هەروەکو لە چوار مانگی پێشووش دا تەقەبوولی ئەو بڕیارەمان کردو ئێستاش تەقەبوولمان کردووە خستومانەتە سەر بودجەی خۆمان و بڕیارێکی پیرۆزە، بەڵام سەبارەت بە پرسیاری برامان ئایا ئێستا دەتوانین بیدەین؟ بەڕاستی خۆشە مرۆڤ بەڕاشکاوی بیڵێ، کاتێک تۆ دەتوانی زیادەی پەرلەمان بدەی توانای داراییت هەبێ، ئەگەر کەسانی تریش قەزاوەت نەکەن زۆرمان لاباشە کە ئێوە قەزاوەت دەکەن. لەم چوار مانگە داهاتی ئێمە چەند بوو، چی کراوە؟ کاتێک زیادەی پەرلەمان دەدرێ کە دەستکەوتێکی باشی هەبێ. ئەگەر لەبیرتان بێت ئێوە کاتێک ئەو بڕیارەتاندا بەلای کەمەوە «١٤» ملیۆن، (١٥) ملیۆن دۆلار لەبانقەکانی هەرێمدا بوو، هەر دۆلاریش لە (٧٠) تا (٩٠) دینار بوو، بێجگە لە چەندین ملیۆن دینار. تەبیعی ئێوە ئەو کاتە ئەو بڕیارەتان دا ئەگەر هیچ داهاتێک نەبێ بەلای کەمەوە بۆ شەش، حەوت مانگ هەشت مانگیک بتوانن ئەم بڕیارەی خۆتان جێبەجێ بکەن. بەڵام بۆ کابینەی سێ ئەرکێکی زۆر کەوتۆتە سەر شانمان، تەنها زیادەی پەرلەمان نییە، ئێمە وەکو وەزارەت، وەکو حکومەت گەڕاینەوە سەر ئەوەلیاتەکانی پێشوو کە ئێوەی بەڕێز چ بڕیارێکتان داوە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە. ئێمە تێبینیمان کرد بێجگە لە دوو سێ بڕیاری تری پیرۆز کە دەبێ جێبەجێ بکرێن و نەکراون کە ئێستا ئەرکە لەسەر شانمان. بەڵێ یەک لەوانە مەسەلەی یارمەتیدانی خێزانی شەهیدانە. ئەم دەستکەوتەی ئێمە بەخوێنی ئەو شەهیدانە بەدەست هاتووەو، تا ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە کە ئێمە لە ئێستاوە خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین و هەوڵی جیددی ئەدەین کە دەزگایەکی تایبەت بەناوی شەهیدان دابندرێ و، مووچەیان بۆ دابین بکرێ، خۆی لە خۆیدا ئەمە پارەیەکی پێویستە. بۆ خانەنشینان دیسان بڕیارێکی ترتان هەیە کە ئەوانەی مووچەیان لەناو رژێم وەردەگرن بەشی ئەوە ناکا بتوانن بچن و مووچەکانیان وەربگرن و بگەڕێنەوە لەبەر ئەوەی پارەیەکی کەمە، بڕیاری ئەوەتان داوە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارە جێبەجێ بکا کە لە بەرژەوەندی میللەت و خەڵکەکە دایە. ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئەرکێکە لەسەرشانی ئێمە، بۆیە ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیسان بەڵێن ئەدەینەوە. لە گفتوگۆی بودجەی چوار مانگی ١٩٩٦. ئێمە خەمڵاندوومانە کە داهاتمان ئەوەندە ملیۆن دینارە، بەڵام دەتوانم بڵێم توانیمان بەشێکی زۆر باش پاشەکەوت بکەین، بەو پاشەکەوتەش بوو توانیمان مووچەی مانگی «٧» بدەین و زۆر لە گرفتی کابینەی دوو بەجێمابوو جێبەجێ بکەین، توانیمان قەرزێکی زۆری خەڵک بدەینەوەو ئێستاش بەرنامەمان بۆی هەیەو پێویستمان بە هاوکاری و پشتگیریی ئێوەی

خۆشەویست هەیە کە هاوکاریمان بکەن تیایدا سەرکەوین، زوو چارەسەری ئەو گرفتانە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زیادەی پەرلەمان لەکات و ساتی خۆی دا بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ وەزیری دارایی و ئابووری بۆ ئەم روون کردنەوەیە، ئەگەر پارە هەبایە، ئەگەر ئەو زیادەش کە جەنابی وەزیر باسی کرد کە ئەوە بەڵێن دانە جێبەجێ بکا، خۆزی ئەگەر بکرابا بەلایەنی کەم مووچەیەک بۆ چەژنی قوربان بدرابا شتێکی زۆر پیرۆز بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگفتوگۆی ئەو بابەتەی کە دانراوە دەرنەچین، ئەو بابەتانە هیچ پەیوەندی بە بودجەوە نییە، ئێستا بابی چواردەیەم گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، وەلامی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری بۆ ئەم دوو سێ پرسیارەی کاک سەفەر روون بوو، ئەگەر چ تێبینییەک لەسەری هەیە دەنا دەچین بۆ خاڵەکەی تر.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا حسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی کە دەزانم داهات کەمە لە کوردستان و شەهیدەکان تا ئێستا مافی خۆیان وەرنەگرتووە، خانەنشین هەیە، من داوا لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم دەکەم کە ئەنفالەکانیش لەبیر نەکات و، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەوکەت فەرموو ئەگەر چ تێبینییەک هەیە لەسەر وەلامی برادەران.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا هیچ تێبینییەکی وام نییە، چونکە ئەوەی پێویست بوو وەلامم دایەوە. تەنها سەبارەت بەم پرسیارەی دوایی، ئەمە دەگەرێتەوە بۆ توانای ئێمە وەکو حکومەت، ئەگەر توانا هەبێ بەتەئکید ئێمە پێمان خۆشە خزمەتی باش پێشکەش بەمیللەتی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاماژەیەک کرا بە شەهیدان و یارمەتی دانیان. لەڕاستیدا دەزگای شەهیدان و دامەزراندن هەیە، ان شاءالله بەم زووانە پرۆژەی فەرمانەکەی دەکەوێتە بەر دەستتان و گفتوگۆ دەکرێت و جێگیر دەکرێ، هەم یەدەگیشی بۆ دانراوە، پێویستە کاتێ کە کەوتە ئیش حساباتیان پێشکەش کردین ئەو کاتە بتوانین بەڕێک و پێکی بە شێوەیەکی ئوسولی و یاسایی یارمەتی شەهیدان بدەین. لێپرسراوی ئەو دەزگایە دەستنیشان کراوە و هەندێ لە فەرمانبەریشیان دەستنیشان کراون خەریکین جێگاو شوێنیان بۆ ئامادە بکەین، ئەمە تەنها بۆ زانیاریتانەو بەتەئکید ئەنفالەکانیش دەکەونە ئەو بابەوە، بابی شەهیدان، لەگەڵ ئەواندا مەسەلەکەیان چارەسەر ئەکرێت، دەبێ ئوسولی و یاسایی بێت، بێجگە لەو قسانەی کە کاک شەوکەت کردی، لەڕاستیدا حکومەتی هەرێم خەریکە ئەم جارە بەتەئکید شتێکی زیادە دەکات ئەو شتە زیادانەی کە ئەرکی سەر شانێتی یان لەسەریەتی یان شتێکە خەتای خەڵکی تر بووە یا حکومەتی پێشوو پێی نەکراوە ئێستا ئێمە وردە وردە هەر مانگەی ئەنجامێکمان هەیە، هەر مانگەی شتێکمان هەیە، هەر کاتێ بینیمان تۆزێ پارەیەک لەبەر دەست دا هەیە کە بتوانین شتێکی پێ پێک بێنن یاپرۆژەیەک بێ ئەیکەین یاخود مووچەیەکی پێ ئەدەین کە بەقەرز ئیعتبارمان کردووە یاحسابێکی ئەو حسابانە ئەکەین کە لە بانق دانراوە. ڕاستە حسابی ئەو زەمانە، بڵێین زەمانی شەڕی عێراق و ئێران لەپێش ڕاپەڕین لەبانق دانراوە بەڵام لەهەمان کاتدا ئەمە ئەرکی سەر شانی حکومەتە، ئێمە حکومەتین لەبەر ئەوە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی ئەزانین کە مافی هاووڵاتیان بپارێزین کە توانا هەبوو بۆیان جێبەجێ بکەین، وەکو مەسەلەی مووچەی مانگێک کە توانا هەبوو زانیمان شتێکی پێویستە و یارمەتی خەڵکەکەیە یەکسەر ئەو مووچەمان دا، ئێستاش مووچە هەیە بەتەئکید بیر لەوە ئەکەینەوە، هەر کاتێ کە پارە هەبوو لەوەزارەتی دارایی باس کراوە، لەئەنجوومەنی وەزیران باس کراوە، کە ئێمە بەزووترین کات ئەو مووچەیە بدەین، ئێنجا هەر کاتێک ئەو پارەیە هەبوو ئەوە دەیدەین ئەمەش بڕێکی گەورەیە و کەم نییە، ئەو بڕە کۆبۆوە بە تەئکید بەزووترین کات دەدرێ. خاڵێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر مامۆستامان هەیە، لەوڵاتێکی وەکو وڵاتی ئێمە ڕۆشنبیریی پێش هەموو شتێکە، ئێمە ڕۆشنبیریمان دوا بکەوێ واتە وڵاتەکەمان بەگشتی دوا ئەکەوێ. ڕۆشنبیریی بەردی بناغەی پێشکەوتنی میللەتە. مامۆستایانی کوردستان لەبارێکی گوزەرانی دارایی زۆر خراپدا ئەژین، گەیشتووتە ڕادەیەکی وا مامۆستا کە پێویست بێ بچێ سەرجادە پاکەت بفرۆشێ یا شوفێری تاکسی بکات، ئەو مامۆستایە سبەینێ چۆن بەرەو ڕووی قوتابییەکانی دەبێتەوە، چۆن قوتابییانی ڕێزی لێ بگرن؟ وگوێی لێ بگرن؟ بۆیە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانمان کەدەبێ بەڕاستی حەملەیەکی گەورەی بۆ دروست بکەین، بۆیە بڕیارماندا کە تەنیا حسابی ئەو مامۆستایانەش نەکەین کە بڵێن لەهەولێرن لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دان،

بۆیە بڕیارماندا بە بۆنەی جەژنی نەورۆزو لەدایک بوونی بارزانیی نەمرەوە یارمەتییەکی گشت مامۆستاکانی پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانیش بدەین، یانی ئەم جۆرە شتانە بە بەردەوام ئێمە ئەیکەین. ئەگەر ئێوە ئێمەتان بینی ڕۆژێ لەڕۆژان پارەمان هەبوو، حکومەت ئیشێکی پێ نەکرد یا ئەنجامێکی نەبوو ئەو کاتە پەنجەمان بۆ ڕاکێشین، دەست لەچاومان بنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ سەرەک وەزیران. چ تێبینی تر نییە؟ بابی چواردەیەم دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابی پازدەیەم: وەزارەتی پێشمەرگەیە(١٢٠) ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە لیژنەی داراییش چ تێبینی لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بابی پازدەیەم لەلایەن جەنابی وەزیری پێشمەرگەوە تێبینیەک نییە. سوپاس دەرگای گفتوگۆ بۆ بابی «١٥» دەکەینەوە. کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتێکی زۆر گرنگە و پێویستە زۆر گرنگی پێ بدرێت، چونکە پارێزەری پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانە و پارێزەری ئەوەیە کە لەناحەزانی ناوەوەو دەرەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەپارێزێ و جەنابی وەزیریش خۆی کە لێرەیە بۆ ئەوەی چ لەڕووی مەشق کردن چ لەڕووی پێشکەوتنی وەزارەتەکەمان ئەو بودجە بۆ دیاری کراوە نازانم ئەوە جەنابی خۆی ئەڵێ ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر نییە، بەڵام پێشنیارمان ئەوەیە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ پتر گرنگییان پێ بدرێ. چونکە چارەنووسی میللەتی کورد بەپەرلەمان و حکومەتەوە پێوەی بەستراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئازاد بۆ ئەو تێبینییە، دیارە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەندە توانایان هەبووە، چونکە ئەگەر تەماشای بودجەکەیان بکەین ئەوەی کە پێشکەش کراوە بودجەیەکی کەم نییە و لە بودجە تەرخان کراوە بۆ دوو سێ خاڵی سەرەکی ان شاءالله دوارۆژ ئەوەی پێویستی وەزارەتی پێشمەرگە بێ دریغی بۆ ناکرێ، چونکە سەرپشکی بودجەی حکومەت بۆ تەندروستی و بۆ ئەمن و ئاسایش و بۆ پەروەردەو بۆ حالاتی وا تەرخان کراوە کە ئێستاکە بەڕێزان باسیان کرد بەدوورو درێژی، بەتەئکید وەزارەتی پێشمەرگە خاڵێکی گرنگە لەو خاڵانەی کە باس کران، ئێستاش بابی (١٥) بخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بابی شـازدەیەم: وەزارەتی پیشـەسازی و وزە، دیوانی وەزارەت «٣٩٥٢٠٠٠» سێ ملیـۆن و نۆ سەدو پەنجاو دوو هەزار دینارە. تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بودجەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە چ تێبینیەکی لەسەر نییە؟ جەنابی وەزیر چ تێبینی نییە؟ ئێستا دەرگای گفتوگۆ بۆ بابی «١٦» کراوەیە، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

وەزارەتی پیشەسازی وەزارەتێکی بەرهەم هێنەرە کەکارگەو فابریقەکانی هەمووی بەرهەمیان هەیە، ئایا وەزیری پیشـەسازی توانای هەیە وەکو فەرمانگەکانی تر پشت بە داهاتی ئەم بەرهەم هێنانە ببەستێ؟ ئەگەر توانا هەیە ئەمە بێتە سەر وەزارەتی دارایی باشە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەمـــیـد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە، ئایا کێشەی ئاویان لەبەر چاو گرتووە کە ئەبێت چار بکرێت؟ چونکە زۆربەی خەڵکی ئاوی ناگاتێ، باری کـارەباشـمـان باش نییـە ئایا ئەوەیان لەبەر چاو گرتووە، کە ئاو بۆ خەڵکی هەولێر پەیا بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت شـێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بۆ پرسـیـارەکـەی کـاک د.رزگـار لەڕاسـتـیـدا من وەکـو وەزیری دارایی بەپێویسـتی دەزانم ئەو پشتگیرییە لەوەزارەتی پیشەسازی بکەم، هەر لە سەرەتاوە تائێستا هەم ئاهەنگێکی باشمان پێکەوە بووە ،وەزارەتی دارایی زۆر یارمـەتی داون، بەڵام خـۆشی گـرفـتی زۆرە، چەندین دانیشتنمان کردووە کە گرفتەکانیان چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

مادەم خودان پێ ی رازی یە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە داهاتی خۆمان هەمووی بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری دەنێرین(داهاتی کارگەو فابریقەکان)،

هەم ئاهەنگییەکیش هەیە، پێشکەشیش کراوە بەجیا. ئەو بودجەی هەمانە تەنها هی دیوانی وەزارەتە. سەبارەت بە کێشەی ئاو لیژنەیەکی باڵا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێکهاتووە بۆ بەستنی کارەبا بۆ بیرەکان، بودجەیەکی تایبەتی بۆ کێشەکانی دانراوە، ئێمە لە بەرنامەی خۆشمان دا پێشکەشمان کردووە ئەو شتە هەموو حسابی بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا دەبوایە وەزیری پیشەسازی زیاتر ئەو بابەتە روون بکاتەوە، مەسەلەی کارەباو مەسەلەی ئاو مەسەلەیەکی ژیاریە سەبارەت بە هەولێرەوەو هەموو مرۆڤێکەوە لە هەر شارێکدا بژێ. بەتەئکید سەرچاوەی وزەی کارەبایی کە لە دوکان و دەربەندیخان لە ژێر دەستی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نییە، ئەوە لەژێر دەسەڵاتێکی ناشەرعییە و ئەو دەسەڵاتە ناشەرعیەش گەمەی پێ ئەکاو بەشێوەیەکی ڕێک و پێک نایبنێرێ بۆ هەولێر وە ئێمە وای بۆ دەچین تا ئەو دەسەڵاتە بەو شێوەیە لەوێ بێ مەسەلەی ئاو و کارەباو ئەو کێشەیە ئەگەر ئێمە چارەیەکی بۆ نەدۆزینەوە بەو شێوەیە ئەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە ئەبێ پێشبینی ئەوە هەموو بکەین و ڕێگای چارەیەکی وای بۆ بدۆزینەوە کە بتوانین سەربەخۆییەکمان هەبێ لە بارەی کارەباو مەسەلەی ئاو بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەوەمان کردووە کە لیژنەیەکی باڵا دروست بکەین بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئاو، چونکە مەسەلەیەکی زۆر پەلەیە لە هەولێردا کەپێش هەموو شتێک حسابی ئەوە بکرێت کە ئەو وزەیەی کە دێت کەمە یان زۆرە پێش ئەوە وا دابەش بکرێ کە مەسەلەی ئاوی پێ چاک بکرێ. هەموو دەسەڵاتێک دراوە بە لیژنەکە، بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە سەرۆکی ئەو لیژنەیە لە هەمان کاتیشدا هانی سەرمایەداران دەدەین، هانی خەڵکی ئەهلی دەدەین کە لە هەولێردا موەلیدات دابنێن وەکو بازرگانییەک وەکو کۆمپانیایەکی کارەبا بڵێین، کۆمپانیایەکی کارەبای سەربەخۆ ئەتوانێ موەلیدات بێنێ لێرە لە هەولێر دابنێ، کارەبا دابەش بکەنە سەر ماڵەکان و، پارەی خۆی وەربگرێت، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان گومرگیان لێ وەرناگرین، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان گازوایلیان بە نرخی حکومی و بەهەرزان دەدەینێ، ئەگەر ئەو ئاسانکارییانەش کەم بوو ئاسانکاری دیکەشیان بۆ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ سەرۆک وەزیران. ئێستاش ئەیخەینە دەنگدانەوە، بابی شازدەیەم کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بابی حەڤدەیەم: وەزارەتی داد، دیوانی وەزارەت (٤٠٩٦٦٠٠) چوار ملیۆن و نەوەدو شەش هەزار و شەش سەد دینار، بەڕێوەبەرایەتی دادگاکان (١٣٣٨٣٠٠٠) سێزدە ملیۆن و سێ سەدو هەشتاو سێ هەزار دینار، هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆماری خانوو بەرە (٤٤٦٠٠٠٠) چوار ملیۆن و چوار سەدو شەست هەزار دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری نەباڵقەکان (٣٤٤٨٠٠) سێ سەدو چل و چوار هەزارو هەشت سەد دینار، کۆی گشتی وەزارەتی داد (٢٢٢٨٤٤٠٠) بیست و دوو ملیۆن و دووسەدو هەشتاو هەشتاو چوار هەزارو چوارسەد دینار. لیژنەی ئابووری هیچ تێبینی لەسەر نییە.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی ئابووری، بابی حەڤدەیەم هیچ تێبینیەک نییە. جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز قـــادر جــــەباری/ وەزیری داد:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەڕاستیدا لەو ماوەیەی کە ئەم بودجەیە گفتوگۆ کراوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، ئەو ماوەیە وەزارەتی داد بەڕێز مامۆستا عەبدولغەنی وەزیر بوو بەوەکالەت، خاڵێک هەیە ئەویش لە مێژەوە منداڵانی بێ سەرپەرشتی و بێ باوک کە ئەمەش مەسەلەی (قاصرین)ە کاتی خۆی کە حکومەتی مەرکەزی دام و دەزگای خۆی لە کوردستان کێشاوەتەوە، ئەو پارەی کە هەیان بووە لە بانق هەموویان بردووەو ئەمە چەند ساڵێکە ئەم منداڵانە بێ سەرپەرشتی ماونەتەوەو ئەم تووێژە لاوازە بە دەست ئەم بابەتەوە دەناڵێنن، ئێستا پارە نییە قەرزەکانیان بدەنەوە ئەوەی کە بەقسط ئەیان دەنێ پارە نییە بیان دەنێ. داوا ئەکەم وەکو بەزەییەک بەم لێقەوماوانە کە بودجەیەک تەرخان بکرێ لە سنووری پێنج شەش ملیۆن لە بانق دابنرێ، بۆ ئەوەی بتوانن هاوکارییەکی ئەوانە بکەین کە بەشێک لە ئێش وئازاری ئەمانە کەم بکرێتەوە، دەنا پارەکەی خۆیان کاتی خۆی کە براوە زۆر تر بووە لەوەی کە ئێمە داوای ئەکەین،زۆر سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز مـــەلا عـــەبدولغـــەنی/ وەزیری هەرێم:**
**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕاستی ئەوەی کەوا جەنابی وەزیری داد ئاماژەی بۆ کرد وایە. سەبارەت بە قاصرین کە بێکەسوکارن بارەکەیان(أيتام) زۆر پەرێشانە، ئەو پارەی ئەو کاتە، کاتی خۆی لە بەغدا دانراوە نزیکەی «١٨» ملیۆنە من دەڵێم کێشەی هەتیمان لە شەهیدان کەمتر نییە، لەبەر ئەوە من لێرە پشتگیری لە بۆچوونی وەزیری داد دەکەم کە ئەو بڕەپارەی دانراوە زۆر کەمە، دەبێ زیاتر دابنرێ وە لێرەوە فەرموودەی پێغەمبەرتان درودی خوای لێبێت بەبیر دێنمەوە، کە دەفەرموێ «انا وكافل اليتيم في الجنة سواء» سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەی ئێستا هەردوو بەڕێزان باسیان کرد ئێمەش وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ ڕەئیەکانیانین، لە هەمان کاتیشدا لەچەندین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەم بابەتە باس کراوە، پێشنیارکرا لە وەزارەتی داد بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ ئەو برە پارانە دەستنیشان بکرێ پێشکەش بە وەزارەتی مرۆڤایەتی بکرێ تا لەبەرنامەکانی بڕیاری(٩٨٦) بەڕێزیان لەگەڵ بەرپرسانی (UN) باس بکەن بۆ ئەوەی بتوانن مافی ئەو هەژارانە وەربگرن، سەبارەت بە ئێمەش وەکو وەزارەتی دارایی ئەوەی لە دەستمان بێت بە تەئکید دریغی ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە لەئەنجومەنی وەزیراندا ئەمە ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش باس کراوە، لەسەر ئەو زانیارییەی کە ئێمە لەوەزارەتی داد وەرمان گرت نامەیەکی پێکراوەو ڕاپۆرتێکی پێ نێردرا بۆ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە. ئەمە پێش ئەوەی کەوا بڕیاری (٩٨٦) پیادە بکرێت، هەتا ئێستاش چاوەڕوانی ئەوە ئەکەین، لەڕاستیدا ئەوەی کە دراوە بەنەتەوە یەکگرتووەکان شێوازی سکالایەک وەرئەگرێ کە لە حکومەتی عێراق کراوە، ئینجا ئایا ئەمە چەند ئەنجامی دەبێ، چەند شتێکمان دەست ئەکەوێ یان دەستمان ناکەوێ؟ بێگومان هەموویان پشتگیری ئەوە دەکەن منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو برە پارەیە تەرخان بکرێ، چونکە بەڕاستی هێنانەوەی ئەو برەو لەم بارودۆخەی ئێستادا ڕەنگە شتێکی نەختێ دوور بێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە ئەو برە پارەیە تەرخان بکرێ بۆ چاودێری( القاصرین)، بەڵام کێشە هەیە، تکا لە وەزیری داد دەکەم کە ئەم گرفتە چارەسەر بکرێ سەبارەت بە چاودێری(القاصرین). کاتی خۆی پێش ڕاپەڕین زۆر برەپارە دابین کرابوو لەسەر حسابی(القاصرین)تەبیعی ئەوە لە موسڵ بوو یان لەبەغدا دەهاتەوە ئەو برەپارە دەهات ژمارەی (١٠٠) ئەبوو، (١٠٠)ی ئەو برەپارەیان ژمارەی ئەنکێتی چاودێری (القاصرین)هەبوو پاش ڕاپەڕین ئەو ژمارانە نەمان و ئەو چەکانەش نەمان، ئێستا دێنە(رعایة القاصرین) داوا دەکەن دەڵێن ژمارەی حسابمان بۆ بێنە، یان ژمارەی چەکمان بۆ بێنە، یان ژمارەی ئەنکێتی کۆمپانیای (تەئمین) دابینمان بۆ بێنە دەچنە موسڵ کەس ئەو ژمارەیان ناداتێ چونکە کۆنە، ژمارەی چەک نییە، جا من تکا ئەکەم لەوەزیری داد ئەو کێشەیە چارەسەر بکات سەبارەت بە(رعایة القاصرین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لە بۆنەیەکی تر باس بکرێت باشترە، چونکە ئەو برگەیەی کە ئێستا گفتوگۆ ئەکرێ بابەتی

بودجەیەو، ئەو بڕگەیەی کە تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری(القاصرین) ئەوەی تر ان شاءالله لە دەرفەتێکی تریان بەشێوەیەکی پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیری ئەکەین پاشان وەڵامەکەی وەرئەگرینەوە و گفتوگۆش دەکرێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە ئێستا لێرە گفتوگۆ دەکرێ، وابزانم نەدەبا بکرێ، چونکە کاتێک بودجە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە کرا، چەند رۆژێک، یان چەند مانگێکی خایاند، باشە لەبەر چی ئەو بابەتە بەبیری واندا نەهات؟ تاکو ئێستا لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین؟ هەر چەند من پشتگیری لەوان دەکەم، بەڵام پێویست بوو ئەمە لەئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی تەواوی بکرابا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی وەزیری داد، فەرموو.

**بەڕێز قادر جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەرەتای قسەکەمەوە وتم داوای لێبوردن ئەکەم ئەو کاتە من لەوەزارەت نەبووم. جەنابی بەڕێز مامۆستا عەبدولغەنی وەزیری داد بوو بەوەکالەت، بۆیە من لەسەرەتای قسەکەمەوە ئاماژەم بەوە کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری، فەرموو.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکی ترم نییە، ئەوەی کە پێویست بوو هەر ئەوەندە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی لەلایەن وەزیری دادەوە باس کرا. ئێستا ئێمە چ پرۆژەیەکمان نییە وەکو روون کراوە، ئەگەر پرۆژەیەکی وا بێ پێشکەش بکرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران. پاشان ئەگەر بخرێتە سەر بودجەکەیان، ئێمە لێرە دەیخەینە بەردەم برادەرانەوە. ئینجا بابی «١٧» دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆی ئەو برە پارەیەی بۆ بودجەی حکومەتی هەرێم پەسەند کرا بۆ ساڵی ١٩٩٧بریتییە لە(٢٢٥٤٣٣٧٨٠٠)دینار، ئەوە بودجەی ئاسایی تەواو بوو. پاش ئەوە لاپەڕەیەکی ترمان هەیە بۆ خشتەی تایبەت بە بودجەی نەخشەیی پلانییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین. وابزانم ئەم دانیشتنەی ئێستاکە کۆتایی پێ دێنین. پێشنیارەک هەیە کە سبەی سەعات «١٠» گفتوگۆی بودجەکە تەواوکەین . ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینیەکی نەبێ، زۆر باشە.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو خاڵمان هەیە حەز ئەکەین ئەگەر بکرێ ئەویش تەواو بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین ئیش و کاری خۆمان تەواو بکەین. خۆشتان ئەزانن نەورۆزیش لەرێیە واتە تا زووتر تەواو بین باشترە. لەوانەیە سبەینێ لە فەرمانگەکان هەموو ئیشێکی زۆرمان هەبێ، سێ رۆژیش پشووی نەورۆزە. ئەگەر بکرێ پاش نیوەڕۆ دانیشینەوە. کارەکانمان تەواو بکەین لەهەمان کاتدا کاک عەبدولجەلیل فەیلی سوێندی خۆی بخوات وەکو وەزیری هەرێم، چونکە ئەو ئامادەیەو پاش نیوەڕۆ ئامادە دەبێت بەتەئکید، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مادام وایە پشوویەک ئەدەین لە سەعات (٣٫٣٠) بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەوەی ماوە لەبودجەی حکومەتی هەرێم، هەروەها سوێندخواردنی بەڕێز کاک عەبدولجەلیل فەیلی. ئەم دانیشتنەمان لێرە کۆتایی هات، زۆر سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## کۆبوونەوەی دووەم/چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٣/١٩

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەست دەکەین بە تەواوکردنی بەرنامەی کاری سەر لە بەیانیمان و کۆبوونەوەی دووەمی ئەمڕۆمان، بەردەوام بوونە لەسەر دانیشتنەکەی خۆمان، ئێستاش خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری بەیانی کە دوامان خست لەبەر ئەوەی پاڵێوراوی پۆستی وەزیری هەرێم کاک عەبدولجەلیل فەیلی لەبەر هۆیەکی تایبەت دواکەوت، ئێستا دەست بەوە دەکەین با جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەین بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پۆستێکی وەزارەتی هەرێم بدرێ بەبەڕێز کاک عەبدولجەلیل فەیلی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولجەلیل فەیلی بۆ پۆستی وەزیری هەرێم دەستنیشان کراوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. زۆر سوپاس. ئێستاش کاک عەبدوجەلیل فەیلی کە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم دانرا بابفەرمووێ بۆ سوێندخواردنی یاسایی.

**بەڕێز عەبدولجەلیل فەیلی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی لەکاک عەبدولجەلیل فەیلی دەکەین بە بۆنەی بوونی بە وەزیری هەرێم ،داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین لەئیش وکارەکانیدا.

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی سێیەممان کە ئەویش تەواوکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی و، لیژنەی یاسا تەشریف بێنن بۆ ئێرە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەی ئاسایی ڕاستە تەواو بوو، بودجەی پلان ماوە، بودجەی تەمویلی زاتیش ماوە دەبێ ئەوە تەواو بکەین پاشان بێنە سەر یاسای بودجەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. باجەنابی وەزیری دارایی و کاک جەمیل بفەرموونە جێگای خۆیان. وەزیری هاوکاری و وەزیری دارایی و ئابووری باتەشریف بێننە ئێرە ،تابەردەوام بن لەسەر بەرنامەی خۆیان پاشان لیژنەی یاساش......

ئەگەر تەماشا بکەن ئێستا خشتەی ژمارە «٣» پوختەی کۆتایی بودجەی پلانە (الخطة).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیستە کە هاوپێچە لەگەڵ «م/٤» لیستی سێیەمە . هێژا سەرۆکی پەرلەمانێ باب بەباب پوختەی کۆتایی بودجەی پلانی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوەو دەنگی لەسەر دەدەین ئەگەر جەنابت ڕەزامەندی بفەرمووی، ئەگەر نا تەفصیلەکانیش هەر لامان هەیە دەیخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابی یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پازدە ملیۆن دینارە، هیچ شتێکمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابی یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینییەکی نییە. دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەندامانی پەرلەمان کراوەیە لەسەر ئەم خاڵە. چ (مداخلە)یەک نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زانکۆو پەیمانگاکان حەوت ملیۆن دینارە هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دووەم: زانکۆو پەیمانگاکان تێبینیتان لەسەری نییە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری خوێندیانەوە؟ دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە. چ تێبینییەک نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بابی دووەم: وەزارەتی پەروەردە(٣٠٠٠٠٠٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینارە ئەویش بۆ کەلوپەلو پێداویستی پەرتووکی خوێندنە کە زۆر کەمە. هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

وەزارەتی پەروەردە چ تێبینی نییە؟ دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە بۆ ئەم بابە کەس گفتوگۆی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بابی سێیەم: وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن لە بودجەی پیلاندا هاتووە «٥٣٥٠٠٠٠٠» پەنجاو سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە. لە لیژنەی ئابووری کەمترە لەدیوانی وەزارەت بیست و سێ ملیۆن دینار نووسراوە بۆ چاودێری وچاککردنەوەی ڕێگاو پردەکان ئەمە ئیشی دیوانی وەزارەت نییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەشغالی پارێزگاکان ـ کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەشغالیشە لەبەر ئەوە لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە کە ئەو برە پارەیە بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن پێشنیاری لیژنەی ئابووری بەو شێوەیەی کە گوێتان لێ بوو، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز شـەوکـەت شـێخ یـەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئێمەش پشتگیری ڕایەکەی لیژنەی دارایی ئەنجوومەن دەکەین، بەڕای ئێمە باشترە هەمان برەپارە بمێنێتەوە، بەڵام بگوازرێتەوە بۆ نەخشەی وەزارەتی ئەشغال بۆ ئەوەی لەوێ سوودی هەبێ بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان، تەبیعی لەوێ سوودی لێ بکرێ باشترە نەک برەپارەکە کەم بکرێتەوە، چونکە ئەوانیش ئیش وکاریان زۆرە پێویست بەوە دەکات کە پشتگیریان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

مادام وایە یەک تێبینی هەیە بۆ جەنابی وەزیر، کەمیش نەکرێتەوە برگەیەک هەیە لەیاسای بودجەدا بە گواستنەوەی خۆتان دەتوانن چارەسەری کەن. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

چاکتر ئەوەیە ئێستا گواستنەوەکە بکرێ، چونکە ئەو کاتە گواستنەوە کە چەسپا لەدیوانی وەزارت کە ئیشی ئەو نییە، ئەو کاتە جەنابی وەزیری دارایی لەوانەیە احراج دەبێت بۆ گواستنەوەی ئەو

بڕەپارەیە، ئەو بڕەپارەیە کە جەنابی وەزیری دارایی پێشنیاری دەکات بگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەشغالی پارێزگاکان، ئێمە لە لیژنەی ئابووریش لامان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیارێکە لەلایەن وەزارەت و لەلایەن لیژنەی ئابوورییەوە. چ تێبینی نییە؟ باشە دەیخەینە دەنگدانەوە. فەرموو جەنابی وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن تێبینیەکی هەیە.

**راست نووری شاوەیس/ بریکاری وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو پارەیەی کە تەرخان کراوە، ئەوە لەدیوانی وەزارەت کراوە لەوانەیە بەشێوەیەکی تایبەتمەند کرابێ کە بڕەپارە دانراوە پارەیەکی کەمیان داناوە کە زیاد کراوە لەوانەیە رسوم وەربگرێ، ئەگەر لەدیوانیش بێ ئێمە هەر داوا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆمان دەکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئیشەکانمان بەجۆرێکی ئۆتۆماتیکی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی وەزارەتی دارایی ولیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی وەزارەتی دارایی و لیژنەی ئابوورییە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پێشنیارەکە چەسپا.

واتە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن ئەو پارەیە کە بۆی تەرخان کراوە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. بێجگە لەو گۆڕانکارییەی کە گواستنەوەیەک دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن بڕی پارەکەی «٥٣٥٠٠٠٠٠» پەنجاو سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە، پاشان گۆڕانکاری لەدیوانی وەزارەت بۆ فەرمانگەکەکانی کراوە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەشغالی پارێزگاکانە. ئێستا دێینە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری دیوانی وەزارەت(٨٢٥٩٢٠٠٠) هەشتاو دوو ملیۆن و پێنج سەدو نەوەت و دوو هەزار، بەڵام لیژنەی ئابووری کە پرۆژەی دەواجن(٧٠٠٠٠٠٠٠) حەفتا ملیۆنی تێدا هاتبوو، من پێشنیارم کرد ئەو پرۆژەیە بکات بە نەخشە بۆ دوو ساڵ ئەم ساڵە(٤٠٠٠٠٠٠٠) چل ملیۆن جێبەجێ بکرێ، کە چی پێویستە(٣٠٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن بۆ ساڵی داهاتووش تەرخان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دووبارەی دەکەمەوە، ئەو بودجەی کە دەستنیشانمان کردووە بۆ ئێوەی بەڕێز گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر کراوە، تائێمە گەیشتینە ئەو بڕە پارەیە، بە بەرژەوەندمان زانی کە ئەو

برەپارەش بەرچاو بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن وەکو پێویست بە ئەرکەکانی پرۆژەکان هەڵبستین. جا من پێشنیار دەکەم بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ روون کردنەوەی زیاتر بدات لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد بازیانی/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە لەنیبەتی ئەوەداین دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ وەزارتی دارایی ئەو پرۆژەی دەواجنانە بەگەڕ بخەینەوە ئەگەر بەرهەم هێنانی تەواوەتی نەبێ زەرەرە، هەروەهاش بەنیوە چڵی بێت هەر زەرەرە، لەبەر ئەوە کەڵکێکی ئابووری هەیە وای بۆ دەچم ئەوەی کە جەنابی کاک شەوکەت فەرمووی هەر ئەوەیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم رەئی کاک جەمیل هەر ئەوەیە، بەڵام ئەیەوێ بیکات بە بەش بەش مادام وایە با هەروەکو خۆی بمێنێتەوە هیچ گرفتێک نییە، باشە کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام بەش بەشەکە پلانێکە بۆ دوو ساڵ زەرەری تیایە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل، دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ ئەم بابە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە واتە رای لیژنەی دارایی و ئابووری ئێستاکە هەر «٨٢٥٩٢٠٠٠» هەشتاو دوو ملیۆن و پێنج سەدو نەوەت و دوو هەزار دینارە، کە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو رەئیەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن داوای «٨٠» هەشتا ملیۆن دیناری کردووە، ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بودجەی پلانەکە پێشنیاری «٨٠» هەشتا ملیۆن دینار کراوە، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری هیچ تێبینیەک هەیە؟

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینییەکمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەم برگەیە کرایەوە چ تێبینی نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی رۆشنبیری «١٥٠٠٠٠٠» یەک ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینارە تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی رۆشنبیریی «١٥٠٠٠٠٠» یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە چ تێبینی نییە؟ کەس تێبینی نییە لەسەر ئەم برگەیە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان «٦١٦٥٠٠٠٠» شەست و یەک ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینارە. تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان چ تێبینییەک لەلایەن لیژنەوە نییە. دەزگای گفتوگۆ کراوەتەوە بۆ ئەم برگەیە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتا ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی داوای «٦» شەش ملیۆن دیناری کردووە، ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لیژنە چ تێبینی نییە. برادەران چ تێبینییەکیان نییە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی دارایی و ئابووری «٢٥» بیست و پێنج ملیۆن دینارە. هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینییان لەسەری نییە، چ تێبینییەک نییە؟ چ (مداخلە)یەک هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی پیشەسازی و وزە «٥١٩١٨٠٠٠» پەنجاو یەک ملیۆن و نۆسەدو هەژدە هەزار دینارە. تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک نییە لەسەر بودجەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی کۆتایی بودجەی پلانی هەرێمی کوردستان هەروەکو پەسەند کرا دەکاتە(٦٨٤١٦٠٠٠٠) شەش سەدو هەشتاو چوار میلۆن و سەدو شەست هەزار دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم بڕگەیەش تەواو. دەچینە سەر بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو بودجە تەواو بوو، بودجەی ئاسایی وەکو دەڵێن بودجەی جاریە و بودجەی پلان(خطة)، تەواو بوو ئێمە ئێستا دێنە سەر بودجەی فەرمانگەکانی خۆیی کارگەکان وفەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی پیشەسازی و وزە بۆ ساڵی ١٩٩٧ «٥٣٥٧٧٥٠٠٠» پێنج سەدو سی و پێنج ملیۆن و حەفت سەدو حەفتاو پێنج هەزار دیناریان داوا کردووە، هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەم بڕگەی کە خوێندرایەوە؟ دەرگای گفتوگۆ کرایەوە، کەس قسەی نییە لەسەری؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بانقی مەرکەزی وبانقە بازرگانییەکان و بانقە تایبەتمەندەکان کە بانقی کشتوکاڵی وپیشەسازی و

نووسینگەکانی تەئمین دەگرتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧ (١٣٩٩٣٧٠٠) سیانزە ملیۆن و نۆسەدو نەوەد و سێ هەزارو حەفت سەد دینارە. هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەو بڕگەیەش نییە بۆ گفتوگۆ کێ ناونووسی خۆی ئەکا؟ کەس نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی تەمویلی خۆیی بووە (٥٤٩٧٦٨٨٠٠) پێنج سەدو چل و نۆ ملیۆن و حەفت سەدو شەست و هەشت هەزار و هەشت سەد دینار، ئێستا پەسەند کراوە. هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، واتە بودجەی ئاسایی و بودجەی نەخشە و تەمویلی خۆیی تەواو، دوای دەنگدان پەسەند کرا، زۆر سوپاستان دەکەین. ئێستاش دەچینە سەر بڕگەیەکی تر لە بودجە، ئەویش بڕیاری یاسای ئەم بودجەیە، ئەگەر لیژنەی یاسا یەکێکیان تەشریف بێنێ بۆ ئێرە یان دوویان، ئارەزووی خۆیانەکاکە شێخ عەدنان یاسای بودجە وەکو پرۆژەیەک دەخوێنێتەوە، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە. وادیارە کاک جەمیل تێبینی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێستا پەسەند کراوە پرۆژەکانی لەلای من هەیە، ئیتر ئەوەی کە لەلایەن شێخ تەنها گۆڕانکاری یەک ملیۆنی لێ دەکەم، لەبەر ئەوە ئێستا کاک شێخ لەوە ئاگادار دەکەمەوە. ئەوەی من دەمەوێ بڕگەی سێیەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەم ئەمە جێگای باسە، باشە کاک جەمیل بۆ ئەم ژمارانە روون کردنەوەیەک بدات، ئەگەر تەماشای پرۆژەی یاساکە بکەن مادەی «٢» خەمڵێندراوی داهاتی هەرێمە کە دەی چەسپێنین، جەنابی وەزیری دارایی پوختەی ئەم داهاتە دەخوێنێتەوە وەکو روون کردنەوەیەک لە کاتی گەیشتنی ئەو مادەیە، تاکو بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بێت، فەرموو کاک شێخ. وابزانم باشە لەسەرەتاوە دەست پێ بکەی.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

رقم القرار:

تاريخ القرار: / /١٩٩٧

استناداً الى احكام الفقرتين «١و٥» من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد وبموافقة مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراف بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الآتي:

**قانون موازنة اقليم كوردستان العراق**

**القانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧**

المادة الأولى:

أ- يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق والوزارات وادارات الاقليم لعام ١٩٩٧ مبالغ مجموعها (٢٢٨٤٧١٧٨٠٠) دينار مع «١٧٠» الف دولار امريكي.

ب - يرصد لموازنة الدوائر والشركات ذات التمويل الذاتي لعام ١٩٩٧ مبالغ مجموعها (٥٤٩٧٦٨٨٠٠) دينار.

ج - يرصد لموازنة الخطة لعام ١٩٩٧ مبالغ مجموعها (٦٨٤١٦٠٠٠٠) دينار..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی یەکەم وەکو خوێندرایەوە کێ تێبینی هەیە لەم مادەیە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

ئێستاش بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری خشتەی داهات دەخوێنێتەوە بابفەرمێ.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خشتەی داهات بەم جۆرەی خوارەوەیە، خەملاندنی ساڵی ١٩٩٤ «١١٥٠٠٠٠٠٠٠» دینارو خەملاندنی ساڵی ١٩٩٧ «١٤٩٢٠٠٠٠٠٠» دینار. دووەم باجی دەرامەت: «١٧» ملیۆن دینار لەساڵی ١٩٩٤ و(١٥) ملیۆن لەساڵی ١٩٩٧دا. سێیەم باجی خانووبەرە «٥» ملیۆن دینار ساڵی ١٩٩٤و «٥» ملیۆن بۆ ساڵی ١٩٩٧. چوارەم خانوو بەرەی میری «٢» ملیۆن دینار لە ساڵی ١٩٩٤ و «٣» ملیۆن دینار لە ساڵی ١٩٩٧. پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی ساڵی ١٩٩٤ هیچ بۆی دانەنراوە، ساڵی ١٩٩٧(٥٠٠) هەزار. شەشەم: وەزارەتی تەندروستی و

کاروباری کۆمەلایەتی ساڵی ١٩٩٤(٩) ملیۆن دینارو ساڵی١٩٩٧(١٠) ملیۆن و(٤٨٠) هەزار دینار. حەوتەم: وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ساڵی ١٩٩٤(٩) ملیۆن دینارو بۆ ساڵی ١٩٩٧(١٨) ملیۆن و (٣٤١) هەزار دینار. هەشتەم: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ساڵی ١٩٩٧ «١» ملیۆن و(٣٠٠) هەزار دینار. نۆیەم: وەزارەتی ناوخۆ ساڵی ١٩٩٤(٢) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دینارو ساڵی ١٩٩٧ یەک ملیۆن و(٥١٠) هەزار دینار. دەیەم: وەزارەتی رۆشنبیری یەک ملیۆن و(٥٠٠) هەزار دینار، ساڵی ١٩٩٧(٤)ملیۆن و(٦٠٠) هەزار دینار. یازدەیەم: وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ساڵی ١٩٩٤ چی بۆ دانەنراوە ساڵی ١٩٩٧ «٢٥» ملیۆن دیناری بۆ دانراوە. دوازدەیەم: وەزارەتی پەروەردە ساڵی ١٩٩٤چی بۆ دانەنراوە ساڵی ١٩٩٧(٦٠٠) هەزار دینار. سێزدەیەم: وەزارەتی داد(٢٠) ملیۆن دینار ساڵی ١٩٩٤ دەستنیشان کراوە، ساڵی ١٩٩٧(٤٢) ملیۆن و(١٠) هەزار دینار. چواردەیەم: زانکۆ و پەیمانگەکان و فەرمانگەکانی ئامار ساڵی ١٩٩٤هیچی بۆ دانەنراوە، ساڵی ١٩٩٧ «٨٠٩٩٥٠» دینار. پانزدەیەم: دام و دەزگا وکارگەکانی وەزارەتی پیشەسازی ساڵی ١٩٩٤(٢٧) ملیۆن دینار دانراوە، ساڵی ١٩٩٧ «٧» ملیۆن دینار دانراوە. شانزدەیەم: داهاتی جۆراو جۆر ساڵی ١٩٩٤(٦) ملیۆن دینار دانراوە، ساڵی ١٩٩٧ «٣» ملیۆن دینار دانراوە، کۆی گشتی لە ساڵی(٩٤) یەک ملیارو (٢٥٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینارە لە ساڵی ١٩٩٧ (١٦٣١١٥٠٢٥٠) یەک ملیارو(٦٣١) شەش سەدو سی و یەک ملیۆن و(١٥٠) سەدو پەنجا هەزارو ٢٥٠ دوو سەدو پەنجا دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پوختەی خشتەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو خەمڵاندنێک بۆ ئەم ساڵە بوو، واتە لەمادده «٢» ئەو کۆی گشتی یە دەخوێنێتەوە یەک ملیار بوو. بیخوێنەوە زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی برەپارەیەکمان لەبیرچوو کە زیادەی سەر داهاتی گشتیمان کرد، بەڕاستی لە راپۆرتی ساف کردنی حسابی چوار مانگی ١٩٩٦(٤) ملیۆن و(٨٦٦) هەزارو (٥٤٢) دینار دەستنیشان کراوە کە هی ساڵی ١٩٩٦دێتە سەر بودجەی ١٩٩٧ ئەوەش زیادەی سەری بکرێ کۆی گشتی داهاتی ئێمە دەکاتە(١٦٣٦٠١٧٤٩٢) یەک ملیارو شەش سەدو سی و شەش ملیۆن و حەڤدە هەزارو چوار سەدو نەوەت و دوو دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری دارایی پێشەکی ئەگەر چ تێبینی هەبوو لەسەر ئەو پوختەیە کە جەنابی وەزیر خوێندیەوە، چ تێبینی نییە، فەرموو کاکە شێخ.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن.**

المادة الثانية تخمن ايرادات اقليم كوردستان العراق مجموعها(١٦٣٦٠١٧٤٩٢) مليارو ٦٣٦ مليون و ١٧ الف و ٤٩٢ دينار، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن:**

مادەی دووەم وەکو خوێندرایەوە تێبینی نییە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن.**

المادة الثالثة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن:**

مـادەی سێ یەم چ تێـبـینی نییـە، دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵە؟.. کێ لەگـەڵ نییـە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن.**

المادة الرابعة: لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن:**

مادەی چوارەم چ تێبینی هەیە لەسەری؟ نییە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن.**

المادة الخامسة: يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن:**

لەسەر مادەی پێنجەم چ تێبینییەک نییە؟ نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــــەن.**

المادة السادسة: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادەی شەشەم ئایا چ تێبینی هەیە لەسەری؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..
سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة السابعة: يخول وزير المالية والاقتصاد اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية لعام ١٩٩٧ بنسبة(١٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:
١- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال العام المذكور اعلاه.
٢- اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادەی حەوتەم تێبینی هەیە لەسەری؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الثامنة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد اعداد مفردات ميلاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للعام ١٩٩٧ والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادەی هەشتەم کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ نییە. ئێستا دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..
سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة التاسعة: على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادەی نۆیەم؟ ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة العاشرة: لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی یەک هەیە لەسەر مادەی دەیەم؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الحادية عشرة: ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية ويعتبر نافذاً اعتباراً من ١/١/١٩٩٧، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی یازدەیەم چ تێبینییەکی لەسەر نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئینجا وەک یاسای بودجەی ساڵی ١٩٩٧ئەیەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێزان:**

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان پەسەند کرا پیرۆز بایی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو بودجەیە، سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەو موداخەلاتە بۆ دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆوەکە. وەکو دەڵێن «والحق يقال» ئێمە لەو پەرلەمانە ئەوەی کە پەیوەندار بێت بە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ئەزموونەوە ساڵی ١٩٩٢، چەن مانگێکی (١٩٩٢) و بودجەی (١٩٩٣)مان گفتوگۆو پەسەند کرد. بودجەی ساڵی (١٩٩٤)مان گەڕاندەوە بۆ حکومەت لەسەر داوای خۆیان. بەداخەوە وەکو لیژنەی ئابووری لەراپۆرتەکەیدا هاتبوو بەو شێوەیە نەکراو، ئەمە دووەم جارە لەپاش دامەزراندنی کابینەی سێیەمەوە بەرێک وپێکی و بەو تواناو بارودۆخەی ئێمە کە هاوکاریمان دەکات بودجەی چوار مانگی (١٩٩٦) پێشکەش کرا و پەسەند کرا لەلایەن پەرلەمانەوەو، بودجەی (١٩٩٧) هەر چەندە دوا کەوت لەبەر بارودۆخ و لەبەر ئەو کارەی کە پێویست بوو بیکەن، ئەمە کەم نییە یەکەم جارە لەپەرلەمانی ئێمە بودجەیەک بەم شێوەیە، بەم گەورەییە پێشکەشی پەرلەمان ئەکرێت پاش ئەوەی کە گفتوگۆ کرا لەلایەن وەزارەت و کار بەدەستانی رەسمی و حکومەتی هەرێم و، بەو شێوەیە پێشکەشی پەرلەمان کراو بەرێک و پێکی ئەنجام درا. دووشتی تریش هەنە ئەوانەش یەکەم جارە لەپەرلەمانی ئێمە لەلایەن کابینەی سێیەمەوە، کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشکەش کراوە بۆ حکومەتی هەرێم ئەویش پوختەی حساباتی کۆتایی ئەم چوار مانگەی (١٩٩٦)ە کە لەلایەن کابینەی سێیەمەوە کاتی خۆی پێشکەش کراو لەپەرلەمان پەسەند کرا. دوا برگەمان لەمەسەلەی بودجەی حکومەت حساباتی کۆتایی ئەو چوار مانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش وەکو گوتم یەکەم جارە حساباتی کۆتایی پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت وەکو تاقیکردنەوەیەکی نوێ، ئیستاش جەنابی

وەزیری دارایی و ئابووری ئەگەر ئەو برگەیەمان بۆ تەواو كات. پێش ئەوە جەنابی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران وتەیەكی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێشەكی سوپاسی هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەكەم بۆ گفتوگۆ و هاوكاریان بۆ ئەوەی بەتێرو تەسەلی باسی بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت وا بە سەركەوتوویی و بەتەوافق بریاری لەسەر بدرێت. لەهەمان كاتیشدا و هەروەك چۆن ئێوە پیرۆزبایی لەبودجەی ئێمە دەكەن، ئێمەش پیرۆزبایی لە بودجەی پەرلەمان دەكەین و، هیوادارین لەمەودوا هەموو كارێكمان بەرێكو پێكی بەرێوە بروات بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەكەمان. تەبیعی بریار دان لەسەر بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ سالی ١٩٩٧ رێگایەكی یاساییمان پێ ئەدات كاروبارمان رێكتر بخەین و پۆختەتری بكەین بە پێی یاسا بیبەین بەرێوە بەشێوەیەكی وا كە هەر برێك لەشوێنی گونجاوی خۆیدا بەپێی بریارێ كە پێشوو لەسەری دراوە، هەروەكو وتمان تەرخان بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پیرۆز بایی لە جەنابتان و لەبەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران دەكەم و هەروەها بەدلێكی خۆش و ئومێدی مە سەركەوتنی حكومەتی كوردستانە بۆ خزمەتی میللەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێستاش حساباتی كۆتایی بودجە دەخرێتە روو با وەزیری دارایی بفەرموێ .

**بەڕێز شەوكەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا ئێمە وای بۆ دەچووین كە گفتوگۆی سەرەتا ساخ كردنەوەی حسابی سالی ١٩٩٧ پێش تەصفیەی حسابی ١٩٩٦ دەكرێ، بۆیە لەسەرەتای نووسینەكانمان ئاماژە بەسالی (١٩٩٧) دەدات بەر لەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێت. سالی (١٩٩٧) بە پێویستی دەزانین هەندێ لەچالاكییەكانی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەماوەی چوار مانگی كۆتایی سالی ١٩٩٦ پێشكەش بە پەرلەمانی بەرێز بكەین. پێش ئەم هەنگاوانە بودجەی پەسەند كراو لەماوەی ئەم چوار مانگەدا لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و بە ئاگاداری و بە رەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرانی بەرێز بەهاوكاری و هاوبەشی لەگەل وەزارەتە بەرێزەكاندا ئەنجام درابوو، لەم راپۆرتەمان دا جگە لەوەی كە ئاماژە بە چالاكییەكانی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەكەین ئەو بابەتە داراییانەی لەرێگەی وەزارەتەكەمانەوە بۆ چالاكی وەزارەتەكان سەرف كراون دەخەینە روو، لەچۆنیەتی خەرج كردنیان و داهات لەگەل پوختەی حسابات بۆ ئێوەی بەرێز دەستنیشان دەكەین.

١ـ كۆنترۆڵ كردنی بانقەكان: بە رزگار بوونی هەولێری پایتەخت یەكەمین هەنگاوی وەزارەتی دارایی و ئابووری بریتیی بوو لە كردنەوەو جەرد كردنی بانقەكان و پاراستنییان، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەكی تایبەت لە بەڕێوەبەرە گشتییەكان و كادیرانی پسپۆڕی وەزارەت كەوتنە جەرد كردنی بانقەكانی شاری هەولێر، ئەركی پاراستنیان خرایە ئەستۆی چەن پێشمەرگەیەكی چالاكی لیوایەكی تایبەتی. پاش رزگار كردنی شاری كۆیە و رانیەو سلێمانی و دەربەندیخان و شارەكانی تری هەرێم هەمان لیژنە بانقەكانی ئەو شوێنانەشی جەرد كرد. بەنووسراوێكی رەسمی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گشت بانقەكانی ئاگادار كردەوە، هەروەها لەبارەی رەصیدی بانقەكان زانیاری درا بە دەزگاكانی راگەیاندنی هەرێم و بڵاوكرایەوە.

٢ـ بەگەڕ خستنەوەی گومرگەكان و كۆنترۆڵ كردنی داهات: لەسەرەتای كاردا وەزارەت هەوڵی بەگەڕ خستنەوەی گومرگەكانی داو فەرمانبەرانی دڵسۆزو بەتوانای بۆ ئەو مەبەستە خستەكار لەپێناو زاڵ بوون بەسەر داهاتی هەرێم و پەرەپێدانی جموجۆڵی بازرگانیی لە هەرێمی كوردستاندا، وەزارەت چەندین كۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەكانی گومرگدا كردووەو گرنگی پێداون و دیارە ئەمانە هەرچی داهاتە گومرگیەكان و سەرچاوەكانی تری داهات دەیدەن و رۆژانە هەمووی بەبانقەكان سپێردراون و خرانە خزمەت بۆ راپەڕاندنی كاروبارو جێبەجێ كردنی پێداویستییەكانی رۆژانەی حكومەتی هەرێمەوە.

٣ـ داڕشتنی بەرنامەی كار:- دیارە راگەیاندنی كابینەی سێهەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەست بەكار بوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەزارت لەیەكەمین كۆبوونەوەی خۆیدا بەرنامەی كاری سێ مانگی كۆتایی ساڵی ١٩٩٦ لە «١٧» خاڵی گرنگ داڕشت و بەنووسراوێك لەرێكەوتی ١٩٩٦/١٠/٣دا بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێزی بەرز كردەوە مەبەستیش لەوە چاككردنی باری ئابووری و رێكخستنی دارایی ناو دەزگا رەسمییەكانی سەر بە حكومەت بوو. شایانی ئاماژە پێدانە كە زۆربەی خاڵەكانی بەرنامەی باس كرا ولە ماوەی دیاری كراوی خۆیاندا جێبەجێ كراون.

٤ـ ئامادە كردنی بودجە: وەزارەتی دارایی و ئابووری بودجەی (٤) مانگی كۆتایی ساڵی ١٩٩٦ بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامادەكرد كە لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشكەش بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی كرا، بۆ پەسەند كردنی. لە دوای گفتوگۆی ئەم بودجەیە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی بەڕێزەوە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٦ بەپێی بریاری ژمارە «٧»رۆژی ١٩٩٦/١١/٦ بریاری لەسەر دراو بەپێی ئەم بودجەیە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەنگاوی هاویشتووە. خشتەی سەرفیاتی لە ٩/١ هەتا ١٩٩٦/١٢/٣١ بەو شێوەیەی خوارەوە بوو.

أ ـ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بودجەی بڕیار دراو «١٢» دوانزە ملیۆن دینار بوو، بڕی سەرف كراو(٤٦٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار بوو. جیاوازییەكەی

(٧٤٠٠٠٠٠)حەوت ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار بوو، سەبارەت بە دۆلار دیسان بودجەی بڕیار دراو (١٦٠٠٠٠) سەدو شەست هەزار دۆلار بوو، بڕی سەرف کراو(٣٠٠٠٠) سی هەزار دۆلار بوو. جیاوازییەکەی(١٣٠٠٠٠) سەدو سی هەزار دۆلار بوو، لێرەدا هەر وەکو بەڕێزتان تێبینی دەکەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەنیا بڕەپارەیەکی کەمی لە بودجەی پەسەند کراوی ڕاکێشاوەتەوە بۆیە بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی بەڕێزیان بکەین بۆ هاوکاری کردن و ڕەچاو کردنی باری ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین. لەو بڕەی کە دیاریکراو پەسەند کرا بودجەی «١٢» دوانزە ملیۆن، (٤٦٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار کە سەرف کرا لەزمنی ئەو چوارو شەش سەدە وەکو ئاگادارن چاککردنەوەی «تعمیر» کردنی پەرلەمان بوو. ئەوەی لەزمنی ئەو بڕەپارەیە کە هەندێ کە ل و پەلمان پێویست بوو، ئەوە کرا لەزمنی ئەو(٣٠)هەزار دۆلارەی کە بۆ پەرلەمان تەرخان کرابوو بۆ ئەو چوار مانگەی کە رابکێشرێ، ڕاکێشرابوو، بەلام لە سنووری سێ تاکو پێنجی سەرف کراوە ئەوەی تریش بۆ هەندێ کەرستەو ئامرازی پێویست بەکار هات، هەروەها بۆ نەخۆشی ئەندامانی پەرلەمان لە دەرەوەی هەرێم. سوپاسی وەزیری دارایی دەکەین بۆ ئەو تێبینییە.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بە شێوەی خشتە دامان بەزاندووە، تەبیعی فەسڵەکان و بڕی پەسەند کراو لەلایەن پەرلەمان و بڕی سەرف کراو لەلایەن حکومەتی هەرێم و جیاوازیەکانە.

فەسڵی یەکەم: خەرجی فەرمانبەران (٢٧٢) ملیۆن و(٣٣٩) هەزار دینار ئەوەی کە سەرف کراوە (٢٦.) ملیۆن و(٨٧٧) هەزارو(١٢٥) دینارە. جیاوازییەکەی (٩١١ ملیۆن و(٤٦١) هەزار (٨٧٥) دینارە. دووەم: پێویستییەکانی خزمەت (١٠) ملیۆن و (١٩٧) هەزار دینار پەسند کراوە سەرفەکەی(١٤) ملیۆن و(٧٥٤) هەزار و(١١١)دینارە جیاوازییەکەی (٤) ملیۆن و(٥٥٧) هەزار و(١١١) دینار. سێیەم: پێویستییەکان درایی ئەوەی پەسەند کراوە(٢٠) ملیۆن و(٧٩٨) هەزار دینارە. ئەوەی سەرف کراوە(٣٨) ملیۆن و(٥٣٥) هەزارو (٩٨٨) دینارە، جیاوازییەکەی(١٧)ملیۆن و(٧٣٧) هەزارو(٩٨٨) دینارە. چوارەم: پاراستن (١٠) ملیۆن و (٩٨٣) هەزار دینار سەرفیەکەی(٢١) ملیۆن و(٥٤٥) هەزار و (١٢٤) دینارە، جیاوزییەکەی (١٠) ملیۆن (٥٦٢) هەزارو(١٢٤) دینارە. پێنجەم: خەرجی سەرمایەداری ئەوەی پەسەند کراوە (٣) ملیۆن و ٩٩٥٠) هەزار دینارە. ئەوەی سەرف کراوە (١٦) ملیۆن و(٢٧٤) هەزارو(٥٢٢) دینارە، جیاوازییەکەی (١٩)ملیۆن و(٢٧٩) هەزارو(٥٢٢) دینارە. شەشەم: خەرجی گوازراوەیی ئەوە پەسەند کراوە(٢٠) ملیۆن و (٦٩) هەزار دینارە. ئەوەی سەرف کراوە(٥٠) ملیۆن و(٩٣٤) هەزارو(٥٧٣) دینارە، جیاوازییەکەی(٣٠) ملیۆن و(٨٦٥) هەزارو

(٥٧٣) دیناره. هەشتەم: پرۆگرامی تایبەتی هیچی دەستنیشان نەکرابوو یەک ملیۆن و(٨١٦ هەزارو٣٩٤)دیناره جیاوازییەکەی هەمان برە. نۆیەم: مووچەو خەڵاتی خانەنیشنی (٧) ملیۆن و (٣٥) هەزار دیناره سەرفەکەی (٧) ملیۆن و(٢٩٧) هەزارو(٨٤٤) دیناره، جیاوازییەکەی (٢٦٢) هەزارو(٧٤٤) دیناره. کۆی گشتی برەکەی کە پەسەند کرابوو لەلایەن بەرێزتانەوە بری(٣٤٥ )ملیۆن و(٤١٦) هەزار دینار بوو سەرفەکەی(٤١٢) ملیۆن و (٣٥ )هەزار و (٣٨١) دیناره جیاوازییەکەی(٦٦) ملیۆن و(٦١٩) هەزارو (٣٨١) دیناره. کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی بری(٦٦) ملیۆن و(٦١٩) هەزار و(٣٨١) دیناری زیاتر خەرج کردووە لەو بودجەیە کە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرێزەوە بڕیاری لەسەر دراوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی تایبەتی و پێویستی وەک پێدانی مووچەی مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٩٦ بە فەرمانبەران و یارمەتی دانی ئەو حزبانەی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارن و سەرف کردنی ئەو قەرزانەی هەر لە ١٩٩٦/٨/٣١دەسەڵاتداریەتی ئەو کاتی هەولێر سەرفی نەکردوون. چاککردنەوەی باڵەخانەی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی سەر بەوەزارەتەکان و کڕینی پێداویستییەکانی پێویست، یارمەتی دانی دەرکراوەکانی پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی. بۆ روون کردنەوە زیاتر ئاماژە بە هەندێک لەم سەرفیاتانە دەکەین. خەرج کردنی پارەی پێویست بۆ چاک کردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی باڵەخانەی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی سەر بەوەارەتەکان کە بەهۆی شەڕو تاڵانکارییەوە زیانیان پێ کەوتبوو. ئیستا زۆربەی زۆری ئەم کارانە تەواو بووەو زیاتر لەبری(١٣ ملیۆن و ٥٠٠) هەزار دینار بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوەو کڕین و دابین کردنی پێداویستییەکانی تریان خەرج کراوە، لەکاتێکدا کە پاشەکەوتێکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نەبووە وەزاەت پشتی بەداهاتی رۆژانەی خۆی بە ستووە. سەرف کردنی مووچەی مانگی(٩) زیاتر لە (١٩٠) هەزار فەرمانبەری سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەردەوام بوون لەسەرف کردنی مووچەی بۆ هەر چوار مانگەکەی تری کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ کە دەکاتە(٢٦٠) ملیۆن و(٨٧٧) هەزارو (١٢٥) دینار. سەرف کردنی مووچەی چوار مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٩٦، (١٢) هەزار خانەنیش و ئەنفال کراو کە دەکاتە(٧) ملیۆن و(٢٩٧)هەزار و(٧٤٤) دینار. سەرف کردنی سلفەی مستەدیەی هەموو وەزارەت و فەرمانگەو دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی رێک و پێک و مانگانە. دابین کردنی(٣٠) ملیۆن دینار و پێدانی ئەو برە بە فەرمانگەی سلێمانی بۆ خەرجیەکانی دام و دەزگاو مووچەی مانگی (٩و١٠)/١٩٩٦ی سنووری کەرکووک و سلێمانی. سەرف کردنی یارمەتی مانگانە بۆ ئەو حزبانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن، ئەوەش بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی بەرێز کە دەکاتە(٣٧ ملیۆن و ٥١٠) هەزار دینار. دابین کردنی و سەرف کردنی بودجەی مانگانە بۆ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی و سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و یەکێتی جوتیاران و رێکخراوی منداڵ پارێزان و سەندیکای پارێزەران و هی تر، کە دەکاتە(١) یەک ملیۆن دینارو پشتگیری لەیانە وەرزشییەکانی کوردستان.

وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پشتیوانی کردن لە وەزارەتەکان و زانکۆو پەیمانگەکان و فەرمانگەکانی تر و چارەسەری گیروگرفت و دابین کردنی پێداویستییەکان و جێبەجێ کردنی هەندێک لەو پرۆژە گرنگانەی بەردەستیان زیاتر لە (٦٢) ملیۆن و٩٤١ هەزارو(٤٢٥) دیناری بەم شێوەی خوارەوە خەرج کردووە. زانکۆ و پەیمانگەکان(٥)ملیۆن و (٧٦٧) هەزار دینار، (٢) ملیۆن دینار مافی دەرس گوتنەوەی مامۆستایان کە پێش ١٩٩٦/٨/٣١ دەسەلاتداریەتی ئەوکاتی هەولێر سەرفی نەکرد بوو(٤٠٠) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی زانکۆی سەلاحەدین. (٣٥٠) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی کۆلیژی کارگێری و ئابووری لەزانکۆی سەلاحەدین. (٢٨٢) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی زانکۆی دهۆک. (٣٧٠) هەزار دینار بۆ کڕینی حاسباتی الکترۆنی. (١٥٠) هەزار دینار کڕینی پێداویستییەکانی پەیمانگای هونەری. (٤٠٠) هەزار دینار چاککردنەوەی زانکۆی سلێمانی. (٧٢) هەزار دینار کڕینی کەل و پەلی هۆلی شەهید محەمەد قەرەداغی.(٢٠) هەزار دینار خەرجیەکانی ئاهەنگی دەرچووانی پەیمانگای هونەریی. ملیۆن و(٥٣٩) هەزار دینار کڕینی پێداویستی جۆراوجۆر و(١٨٤) هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستییەکان پێش ١٩٩٦/٨/٣١.

وەزارەتی ناوخۆ (٥) ملیۆن و(١٩٩) هەزارو(٥٠٠) دینار،(٢) ملیۆن دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ پۆلیسی فریاکەوتن و ئاسایش و هاتووچۆو پێویستی تر. یەک ملیۆن و(٢٥٠) هەزار دینار بۆ نەخشەکێشان،(٢٨٠) هەزار دینار پارەی خواردنی زیندانییەکان کە قەرزی پێش ١٩٩٦/٨/٣١ بوو کە دەسەلاتداریەتی ئەو کاتەی هەولێر سەرفی نەکردبوو، (١٧٠) هەزار دینار چاککردنەوەی باڵەخانەی زیندانی ئاکرێ، (١٠٠) هەزار دینار چاککردنەوی ئۆتۆمبیلەکانی بەرگری شارستانی،(٤٦٠) هەزار دینار چاککردنەوەی گرتووخانەی ناوەندی هەولێر.(٤٣٧) هەزار دینار چاککردنەوەی هەندێ بنکەی پۆلیس لە هەولێر، (٣٦٥) هەزار دینار کڕینی کەل و پەل بۆ بنکە پۆلیسییەکانی هەولێر، (٤٢) هەزار دینار (٩٥٠) هەزار دینار کڕینی پێداویستیی جۆراوجۆر.

وەزارەتی پەروەردە:(٨) ملیۆن و٢٦٤ هەزارو٧٠٠) دینار کە بەم جۆرەی خوارەوە سەرف کراوە. یەک ملیۆن و(٣٧) هەزار دینار بۆ کرێی ئۆتۆمبیلی مامۆستایان لە ٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ بۆ هاتوچۆی قوتابخانەکانیان،(٩٠٠) هەزار دینار بۆ دەرس گوتنەوەی مامۆستایان کە قەرزی پێش ١٩٩٦/٨/٣١ کە دەسەلاتداریەتی ئەوکاتەی هەولێر سەرفی نەکردبوو، (٩٠٠) هەزار دینار خەرجیەکانی لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان، (٣٦٣) هەزار دینار خەرجیەکانی چاودێرانی پەروەردەیی لە هەولێر، بڕی (٢٣١ هەزارو٤٠٢) دینار دەگەڕێتەوە بۆ قەرزەکانی پێش ١٩٩٦/٨/٣١ کە دەسەلاتداریەتی ئەوکاتەی هەولێر سەرفی نەکردبوو.(١٥٠) هەزار دینار بۆ کڕینی تەباشیر بۆ قوتابخانەکان،(١٥٠) هەزار دینار بۆ کڕینی پێویستییەکانی وەرزشی، (١١٦) هەزار دینار بۆ لە چاپدانی کتێبی خوێندنی سریانی، یەک ملیۆن و(٥٧٤ هەزار و ٧٠٠) دینار بۆ چاککردنەوەی رەحلەی قوتابخانەکان، (١٦٥) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی چەند

قوتابخانەیەک،(١٧) هەزار دینار بۆ دروست کردنی تابلۆ بۆ قوتابخانەکان،(١٣٠)هەزار دینار بۆ کرینی پێداویستیەکانی قوتابخانە سەرەتایی و پیشەییەکان،(١ ملیۆن و ٥٠٠) هەزار دینار بۆ چاک کردنەوەی ئاوو ئاودەستی قوتابخانەکان، یەک ملیۆن و(٢٦٢) هەزار دینار بۆ کرینی کەل و پەلی جۆراو جۆر.

وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی: (٦ ملیۆن و٥٢٧ هەزار و٩٠٥) دینار لەگەڵ (٣ملیۆن و ٥٠٠) دینار بۆ کرینی داو دەرمان. (١٩٦) هەزاردینار بۆ کرینی جل و بەرگ بۆ چاودێری کۆمەلایەتی(الرعایة الاجتماعیة) و(١٠٧) بۆ راکێشانی کارەبا بۆ نەخۆشخانەی هێڤی لەدهۆک. (٧٠) هەزار دینار بۆ کرینی بەروانکە (صدریة) بۆ نەخۆشخانەکانی دهۆک، (٣٥ هەزارو٤٦٠)دینار بۆ چاککردنەوەی بەشی شکان(کسور) لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر،(١٣٣) هەزار دینار چاککردنەوەی بنکە تەندروستییەکانی دهۆک ، (٨٨) هەزار و(٩٤٥) دینار چاککردنەوەی بنکەی تەندروستی د.نافع ئاکرەیی و د.نازدار بامەرنی و خانووی دکتۆران لەشەقلاوەو هەولێر ، (٤٤٢ هەزارو٥٠٠) دینار بۆ چاککردنەوەی نەخۆشخانەکان، یەک ملیۆن و(٩٥٥) هەزار دینار بۆ کرینی پیداویستی نەخۆشخانەکان بەگشتی.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار: (٤ ملیۆن و٩٦٢ هەزار و٦٣١) دینار لەگەڵ (٢ ملیۆن و ١٥هەزارو ٩٧٠) دینار بۆ چاودێری و چاککردنەوەو دروست کردنی پرۆژەکانی ئاو لە هەولێر و دهۆک، (٣١٣ هەزار و ١٥٠ دینار) بۆ لێدانی(٨) بیری ئیرتوازی لە هەولێر،(٣٠٠) هەزار دینار بۆ چاک کردنی بیرە ئیرتوازییەکان و (٢٥٠) هەزار دینار بۆ لێدانی بیرێکی ئیرتوازی لەگەرەکی مامۆستایان لە هەولێر، (٦٠) هەزار دینار بۆ هەڵمەتی خاوێن کردنەوەی شاری هەولێر، (٣٠٠) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی پردی سەیداوە، قۆناغی یەکەمی یەک ملیۆن و(٧٢٣ هەزارو٥١١) دینار کرینی پێداویستییەکانی جۆراوجۆر.

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان: (٢ملیۆن و ٨٠ هەزار و ٧٠٠) دینار لەگەڵ «١» ملیۆن و(٢٠٠) هەزار بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، (٥٧٦) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی رێگای بارزان ـ رێزان،(١٠٠) هەزار دینار بۆ مالینی بەفر، (٧٢) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی پردی بەستۆرە، (١٢٠)هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی هەردوو بەری رێگای حاجی ئۆمەران، (١٢هەزارو ٧٠٠) دینار بۆ چاککرنەوەی ئاوی گوندەکە.

وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن: (٣ ملیۆن و ٣١٥) هەزار دینار، یەک ملیۆن دینار بۆ چاککردنەوەی رێگای شەقلاوەو ئەتروش، (٤٦٥) هەزار دینار بۆ قیرتاو کردنی رێگای پیرمام و دەوروبەری،(٢٠٠) هەزار دینار بۆ مالینی بەفر، (٤٠٠) هەزار دینار چاودێری وچاککردنەوەی رێگای مێرگەسۆر،(٣٣٠) هەزار دینار چاودێری وچاککرندنەوەی رێگای زاوێتە ـ ئامێدی،(٩٢٠) هەزار دینار بۆ کرینی پێداویستی جۆراوجۆر.

وەزارەتی رۆشنبیری: یەک ملیۆن و (٧٢٢ هەزارو ٦١٦)دینار بۆ چاپ ودەرکردنی رۆژنامەو

گوڤارەکانی وەزارەت، (٣٠٩) هەزار دینار بۆ کەل و پەل و دانانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێم، (٦٢)هەزار دینار بۆ چاپ کردن و پشتگیری کردنی شانۆگەری ودەرهێنانی فیلمی کوردی و سریانی، (٦٠)هەزار دینار بۆ ڤیستیڤاڵی یادی (٨) هونەرمەندی پایەبەرز، (٦٤٥) هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستی جۆراو جۆر، (٣٠) هەزار دینار بۆ کۆنفرانسی وەزرشی.

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری: یەک ملیۆن و(٧٦) هەزارو(٥٠٦) دینار لەگەڵ بڕی (٢٠٠) هەزار دینار خەرجیەکانی لیژنەی دابەش کردنی زەوی و(٥٣ هەزارو ٤٦٠) دینار خەرجیەکانی کۆن. (٥٧)هەزارو (١٠٠) دینار چاککردنەوەی نەمانگەی (مەشتەلی) عینکاوە،(٦٥) هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی فەرمانگەی کشتوکاڵی عینکاوەو گۆڕینی ماکینەکانی ئالیکی ئاژەڵ، (٢٨) هەزار دینار بۆ چاککردنی ئاوی گوندی بێخشەش و کانی بۆت،(١٧٠) هەزار دینار بۆ چاندنی گەنم و جۆو نیسک و نۆک. (٢٥) هەزار دینار چاککردنەوەی تاقیگەی بەیتەرە لە هەولێر، (١٦٠)هەزار دینار لێدانی بیر، (٣١٨) هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستی جۆراو جۆر.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی : (٧٨٨) هەزار دینار و (١٢٠) هەزار دینار بۆ کڕینی کتێبی قوتابخانە ئایینیەکان ،(٤٢) هەزار دینار بۆ چاکردنەوەی قوتابخانە ئایینیەکان،(٣٠) هەزار دینار بۆ ئاهەنگ گێڕانی شەورۆیی پێغەمبەر (اسراء و معراج )و راکێشانی هێلی ئاو بۆ مزگەوتێک لەسەلاحەدین، (٣٤٦) هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستی جۆراوجۆر،(٢٥٠) هەزار ینار بۆ چاککردنەوەی تەکیەی بریفکانی قۆناغی یەکەمی.

وەزارەتی دارایی و ئابووری،:(١٠) ملیۆن و ٦٢٥) هەزار دینار، «١» ملیۆن و (٦٢٥)هەزار دینار تاکو ئێستا بۆ کرێی ئۆتۆمبیل و خانوو جێ نیشگەی ئەوانەی لەلایەن «ینک» لە پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و شوێنانی تر دەرکراون سەرف کراوە ،بڕی (٣٥) تەن ئازووقەی جۆراو جۆر لەرێگای لیژنەی بالای دەرکراوەکان و (١٠٠) پارچە و(٢٠٠) بەتانی دراوە بە دەرکراوەکان، بڕی (٩)ملیۆن دینار مەسروفاتی جۆراوجۆر.

وەزارەتی پیشەسازی و وزە :(٨) ملیۆن و(٦٩٢ هەزارو٨٠٠) دینار لەگەڵ (٦) ملیۆن و (٦٦٠) هەزار دینار بۆ وزەی کارەبا. (٢) ملیۆن و(٣٢) هەزارو(٨٠٠) دینار گەیاندنی وزەی کارەبا بۆ گوندەکان.

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن :(٩٣) هەزار و (٨٢٩) دینارو، (٦٢١) هەزارو (١٢١) دینار بۆ کڕینی پێداویستییەکانی گەیاندنی هەولێر، (٣٠٩) کڕینی پێداویستییەکانی گەیاندنی دهۆک.

**وەزارەتی داد:(٤٦٢٠٠٠)چوار سەدو شەست و دوو هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستی جۆراو جۆر بۆ پارێزگای کەرکووک سلێمانی. (٢٥٢٧٥٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەدو بیست و حەوت هەزارو پێنج سەد دینار بۆخەرجی فەرمانگەکان لەمانگی «٩» ١٩٩٦ کە ئەوکاتە ئەو شوێنانە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون.**

٥- بەڕێزتان ئاگادارن خەملاندنمان بۆ داهاتی چوار مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ کە پێشکەش بە پەرلەمانی بەڕێز کرا (٢٢٥٠٠٠٠٠٠) دوو سەدو بیست و پێنج ملیۆن دینار بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی مانگی «٩» و «١٠» ساڵی ١٩٩٦ تەواوی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو بەهۆی بوونی یەک ئیدارەو یەک تەعریفەی گومرگی، جووڵانەوەو کاری بازرگانی بەهێزتر کەوتبوو داهاتەکەمان گەیشتە (٤٠٧) چوار سەدو حەفت ملیۆن دینار واتە «١٨٢» ملیۆن دینار زیاتر لە داهاتی خەملێندراوە بوو.

٦- کەواتە پوختەی حسابات لە ٩/١/ هەتا ١٩٩٦/١٢/٣١ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت: داهاتی گشتی (٤٢٢١٠١٩٢٣) چوار سەدو بیست و دوو ملیۆن و سەدو یەک هەزارو نۆسەدو بیست و سێ دینار بووە. سەرفیاتی گشتیمان (٤١٧٢٣٥٣٨١) چوار سەدو حەڤدە ملیۆن و دوو سەدو سی و پێنج هەزارو سێ سەدو هەشتاو یەک دینار بوو. گوازراوە(مدور) بۆ ساڵی ١٩٩٧ دەکاتە بری (٤٨٦٦٥٤٢) چوار ملیۆن و هەشت سەدو شەست و شەش هەزارو پێنج سەدو چل و دوو دینار. بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەم برە لە حسابی بانکی مەرکەزی هەرێم دانراوە.

٧- ئامادەکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٧و پێشکەش کردنی بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز بۆ گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەری.

٨- بەگەڕخستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و چاودێری دارایی سەر بەدیوانی وەزارەت کە لەم ماوەیەدا بۆ مەبەستی پشکنین و ورد بوونەوە لە حسابات و دیاری کردنی تێبینی، سەردانی زۆر لە وەزارەت و فەرمانگەکانی کردووە، بۆ ئەوەی هەموو کار بەپێی ئوسووڵی ژمێریاری گشتی بێت و لەگەڵ یاسای بودجەی گشتی دا بگونجێت، ئەمەش بووەتە هۆی زیاتر کۆنترۆڵ کردنی خەرجییەکان. بەگەڕخستنەوەی چاودێریی بازرگانی لە هەولێرو دهۆک بۆ زیاتر بەدواداچوونی نرخی کەرەستەی هەموو جۆرە خواردن و خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تری رۆژانەی هاووڵاتیان لەناو بازاڕدا، هەروەها لیژنەی ئابووری پارێزگای دهۆک و پارێزگای هەولێر رۆڵێکی باشیان لە دیار کردنی نرخی گونجاو و یەکسان بۆ خواردەمەنی لە چێشتخانەو ئوتێلەکان و نرخی نووستن و کرێی پاس و پلیتی پزیشکەکان و نرخی سووتەمەنی و شتی تری بینیوە. رۆژانە چاودێرانی بازرگانی بە بەردەوامی سەردانی نووسینگە بازرگانییەکان و نانەوا زێڕنگرو سەڕراف و بەزازو گۆشت فرۆش و میوەو سەوزە فرۆشەکان دەکەن بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی نرخ و هەتا ١٩٩٦/١٢/٣١ شەش سەدو سی نانەواو «١٠» چێشتخانە کە سەرپێچی رێنوایەکانیان کردووە هەواڵەی لایەنە بەرپرسەکان دراون بۆ سزادان. جگە لەمەش چاودێری بازرگانی دووجار رۆژانە نرخی هەموو دراو و کەرەستەی خواردەمەنییەکان لە فۆرمێکی تایبەتدا تۆمار دەکات و بۆ وەزارەت بەرزی دەکاتەوە.

١٠- رێنوێنی تایبەت بۆ مۆڵەت پێدانی نووسینگە بازرگانییەکان دانراوەو بانگەوازێک بۆ هەموو کۆمپانییە بازرگانییەکان بڵاوکراوەتەوە بۆ ئەوەی بەپێی یاسای «٣٦» ساڵی ١٩٨٤ مۆڵەتی دامەزراندن لە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم وەربگرن، هەروەها تاکو ١٢/٣١

مۆڵەتی «٣٣» سەڕراف لە هەولێر نوێ کراوەتەوە. لە دهۆکیش لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتووە، لەماوەی چوار مانگ دا خشتەی پێدان و هەڵوەشاندنەوەو گۆڕینی وەکالەتەکانی ئاردو خۆراک و نانەواو شیرنەمەنی لەلایەن وەزارەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:
وەکالەتی خۆراک پێدان «٣٨٧» ، هەڵوەشاندنەوەی «٥١» ، گۆڕین «٣٩» . وەکالەتی ئاردپێدان «١٣٧» ، هەڵوەشاندنەوەی «١٢» ، گۆڕین «٦» . وەکالەتی نانەواو شیرنەمەنی پێدان «٢١» ، هەڵوەشاندنەوەی چوار، گۆڕینەوە «٣» ، نوێ کردنەوەی مۆڵەتی نانەواکان «٥٧» .

١١- چەند کۆبوونەوەیەکی پێویست لەگەڵ بەڕێوەبەرە گومرگییەکان و پسپۆڕو فەرمانبەرانی شارەزا لە بواری گومرگدا بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی داهات و داڕشتنی سیاسەتی تازەی گومرگی کە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێم دا بگونجێ کراوە، هەروەها هەم ئاهەنگییەکی تەواو لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگەو، لایەنە بەرپرسەکانی تردا کراوە بۆ ئەوەی بە مەبەستی زیاد کردن و زەبتی داهات، ڕێگاو بانەکان کۆنترۆڵ بکرێن و کاری بازرگانی ئاسان بکرێ و ڕێگا لە قاچاخ بگیرێ. بەڕێوەبەرایەتی یە گومرگیەکان و پشکێنەرانی گومرگی لە دیوانی وەزارەت بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی بەڕێوەبەرایەتییە گومرگییەکانیان و موڵگە زاڵگەکانیان کردووە بۆ پشکنین و چاودێری لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکی ڕۆژانەیان و نەهێشتنی کەم و کورتی و زیاتر ڕێکخستن و بەگەڕخستنی کارەکانیان.

١٢- تەواوکردنی مامەڵەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژمارەیان بیانیەو لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا نەیان توانیوە ژمارەی خۆماڵی لێ بدەن تا ١٢/٣١ «٥٩» ئۆتۆمبیل لە هەولێرو «٢٣» ئۆتۆمبیل لە دهۆک و «٣» ئۆتۆمبیل ژمارەی بەرەی کوردستانی مامەڵەیان تەواوکراوەو نێردراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

١٣- بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی داهاتی باجی دەرامەت و خانوو بەرە نووسراوێک لە ١٩٩٦/١٢/٢٣ ئاراستەی وەزارەتەکانی ناوخۆ و شارەوانیی و گەشت و گوزارو دادو تەندروستی و کۆمەڵایەتی کراوە بۆ ئەوەی هاوکاریی وەزارەتی دارایی بکەن و هیچ مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتن و بەکرێ دانی خانووبەرەو زەوی و بەکرێ گرتنی پرۆژەکانی میری بەبێ بەڵگەی باج وەرگرتن نەڕوێنن. ئاگاداری فەرمانگەکانی باجی دەرامەت کراوەتەوە کەوا پێویستە لەسەرەتای ساڵی «١٩٩٧»ەوە باجی دەرامەت لە داهاتی گشت کۆمپانیاکان و دەزگاکانی پیشەسازی کەرتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستان وەربگیرێ، جگە لەمەش بە فەرمانی وەزاری لە ١٩٩٦/١٢/١٩ لیژنەی وردبوونەوەو استئنافی تایبەت بە کێشەکانی باجی دەرامەت لە شاری هەولێر پێکهاتووە.

١٤- چارەسەرکردنی کێشەی زەوی(٣/٢)ی کەرتی «٦٠»ی شاخەکەی دهۆک سەر بەلایەنی شارەوانیی ئەمەش بەپتر لەشەش ملیۆن دینار خەملێندراوە، هەڵوەشاندنەوەی نووسراوی ژمارە «٤١٣» لە ١٩٩٥/٦/٧ وە دەسەڵاتداریەتی ئەو کاتەی هەولێر کە بەهۆی شارەوانییەوە (١٠)

پارچە زەوی نایابی بای سێ ملیۆن دینار لەسەر ناوی خۆی تۆمارکردبوو ژمارەی ئەو زەویانە لە(٢١٦)، «١٢٥» کەرتی «٤٤» وارش هەولێر بووە. کردنەوەی فایلی تایبەت بۆ گشت خانوو بەرەکانی دهۆک بە هەموو جۆرەکانی لێبووردنەوەو والاکردن و پێداچوونەوەیان.

١٥- بەدواداچوون بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانەی کە خەڵک لە بانقەکانیان وەرگرتووەو نەیان داوەتەوە.

١٦- دەرکردنی ناسنامە بۆ ئەو خانەنشینانەی بەر لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون.

١٧- بۆ جێبەجێ کردنی بریاری «٩٨٦» لە رێگەی لیژنەی ئابووری پارێزگای هەولێر - دهۆک هەنگاوی پێویست هاوێشتراوە، لیژنەی تایبەتی بۆ ئامارکردنی خێزان لە گوندو کۆمەڵگاو شارەکان دا پێکهاتووە. جگە لەمەش وەکالەتەکانی خواردەمەنی دیاری کراون لەلایەن کۆمپانیای گشتی کەل و پەلی خۆراکەوە، فۆرمێکی تایبەت بۆ تۆمارکردنی زانیاری تەواو بەگوێرەی ناسنامە ئامادە کراوە، هەروەها کاری دابین کردنی عەمبارو خۆ ئامادەکاری بۆ وەرگرتنی کەلوپەل ودابەش کردنی لە رێگەی وەکالەتەکانەوە جێبەجێ کراوە.

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانین پڕ بە دڵ سوپاسی سەرۆکی بەڕێز هێژا کاک مەسعود بارزانی بکەین کە ئەو پەڕی پشتیوانی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کردووە بۆ ئەوەی هەموو تواناکان تەرخان بکرێن لە پێناو ئەوەی دەسەڵاتی یاساو شەرعییەت سەقامگیر بێ و حکومەت و دام و دەزگاکان لە راپەڕاندنی کارو ئەرکەکانیاندا سەرکەوتووبن، بە هەنگاوی گورج و ژیر بۆ خزمەتی گەلەکەمان، بەرەوپێش برۆین و ئەو کەلەبەرانە پڕ بکەینەوە کە سالآنی رابردوو دروست بوون و بتوانرێ تاقیکردنەوەکەمان دەولەمەند بکەین و بیپارێزین. هەروەها پڕ بە دڵ سوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێزو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێزو گشت وەزیرو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرمان بوون لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پێ سپێردراوماندا بۆ خزمەت کردنی گەلەکەمان. ئیتر سوپاس و ئومێدەوارین هەنگاوەکانی ئەم چوار مانگەمان جێگەی رەزامەندی ئێوەی بەڕێز بووبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بۆ ئەو روونکردنەویەو ئەو پوختە حسابەی کە پێشکەشیان کرد. ئێستاش برگەی کۆتایی ئەم دانیشتنە ئەوەیە کە پوختەی حساباتی ئەم چوار مانگەی کۆتایی ساڵی١٩٩٦ کە لەلایەن جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری ئێستا پێشکەش بە ئێوە کرا، بیخەینە دەنگدانەوە بۆ پەسەند کردنی، پێشەکی ئەگەر چ (مداخلە)یەک وتێبینییەک نەبێ لەسەر ئەوەی کە خوێندرایەوە؟. راپۆرتی دارایی هەیە؟ باشە، فەرموو کاک جەمیل راپۆرتەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی راپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری پەرلەمان بەکورتی بخوێنینەوە، جێگای باسە کە ئێمە لەماوەی کابینەی یەکەم ودووەمدا بەنووسراوی رەسمی داوای حساباتی کۆتاییمان لە وەزارەتی دارایی وئابووری ئەوکاتە کرد، بەڵام نە کابینەی یەکەم و نەکابینەی دووەمیش نەیانتوانی حساباتی کۆتایی پێشکەش بکەن، چونکە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی ئەو کاتە زۆر کاری نابەجێ وهەڵەی داراییان هەبوو، لەکاتێکدا ئێمە داخوازی شەرعییەت و سەقامگیر بوونی یاسامان دەکرد ئەوان دەستیان بە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ کرد، ئێستاش بەکورتی راپۆرتەکەمان دەخوێنینەوە.

**السيد رئيس پرلمان الكوردستان ـ العراق المحترم**

**م/ الحسابات الختامية**

لاول مرة تصل الى الپرلمان الموقر والى لجنتنا المالية الحسابات الختامية لموازنة حكومة الاقليم وهي الحسابات الختامية للاشهر الاربعة الاخيرة للعام المنصرم ١٩٩٦ ولقد تم تنفيذ كافة بنودها بدقة من قبل الحكومة و وزارة المالية ولكن الزيادة عن المصدق كان لوزارة ال(پێشمەرگە) التي تم استحداثها بقرار پرلماني واجل اقرار مبلغ لها في الموازنة حتى يكتمل هيكل الوزارة وتكون موازنتها واقعية، وكذلك منح المساعدة للاحزاب، حيث قانون الاحزاب ينص على ذلك، كما تم توزيع رواتب شهر تموز ١٩٩٦ وتم دفع مبلغ للحالة الطارئة للمرحلين والمشردين من السليمانية وكركوك ومناطقهما ودفع اجور المحاضرات للجامعة والتربية للعام الدراسي ١٩٩٥ـ ١٩٩٦. وأملنا ان يتم درج التخصيصات بشكل كامل لموازنة عام ١٩٩٧، والحق بان السيد وزير المالية والاقتصاد في الكابينة الحالية قام بتقديم الحسابات الختامية للاشهر الاربعة الاخيرة لعام ١٩٩٦ المصدقة من قبل الپرلمان قبل ان نطلبها بشكل رسمي وهذه بادرة جيدة ودليل على حرصه والتزامه.

مع فائق التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ ئەو راپۆرتە. ئێستاش ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە لەسەر حساباتی کۆتایی حکومەتی هەرێم. ئەگەر هەیە با ناونووس بکەین، کاک ئەکرەم عاشوور.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرف کردنی یارمەتی مانگانە بۆ ئەو حزبانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن

(٣٧٥٠٠٠٠٠) سی و حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بوو، ئایا چەند حزبەو هەریەکە چەند پارەی وەرگرتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیاری ئەم برایەمان تەبیعی دیارە ئەو ئەحزابانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن کێن، بەڵام سەبارەت بە درێژەی حسابەکە، پاشان بەنامەیەکی رەسمی بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بودجەیەی کە تەرخان کراوە بۆ حزبەکان وەکو خوێندرایەوە لە ئەنجومەنی وەزیران باس کراوەو نوێنەری ئەو حزبانە کە لە ئەنجومەنی وەزیراندا بەشدارن ئاگاداری ئەو شتەن. وەکو جەنابی وەزیریش بەڵێنی دا بەنامەیەکی رەسمی ئاراستەی پەرلەمان ئەکرێ پاشان وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لەو بارەیەوە ئاگادار دەکرێینەوە. پوختەی حساباتی کۆتایی وەکو خوێندرایەوە مادام هیچ تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە .کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

سوپاستان ئەکەین و سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری و هاوکاری کاک رەشید دەکەین، سوپاس بۆ کاک جەمیل سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان. لێرەدا دانیشتنی ئەمرۆمان تەواو دەبێت، سوپاسی هەموو لایەک دەکەین، ئەندامانی پەرلەمان سبەینێ وابزانم لیژنەکان لەوانەیە کۆبوونەوەی خۆیان هەبێت، سوپاستان ئەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق
# یاسای ژمارە ((١))ی ساڵی ١٩٩٧

**ماددەی یەکەم:**

أ- ئەم خەرجیە بەردەوامانەی خوارەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و کارگێڕییەکانی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٧تەرخان دەکرێن. کە ئەم گوژمە پارانەن.

«٢ر٢٨٥ر٧١٧ر٨٠٠»دینارو «١٧٠» هەزار دۆلاری ئەمریکییە.

ب - ئەم پارانەی خوارەوە بۆ بودجەی فەرمانگەو کۆمپانیای کە خۆیان بەڕێوەدەبەن بۆ ساڵی ١٩٩٧ تەرخان دەکرێن کە «٥٤٩ر٧٦٨ر٨٠٠» دینارە.

ج - بۆ بودجەی نەخشەکێشانی گشتی ساڵی ١٩٩٧ گوژمە پارەی «٦٨٤ر١٦٠ر٠٠٠» دینار تەرخان دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٧، «١ر٦٣٦ر١٧٠ر٤٩٢» دینار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو داهاتە داراییەی دێتە دەستی پارەی ژمێریاری وەزارەتەکان و هەموو کارگێڕییەکان دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەتی ئەنجوومەندا بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەسەلات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ تا گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی یەک دەروازە بکات، جگە لە فەسڵی مووچە، ئەویش دەشێ بۆی بگوێزێتەوە، بەلام ناشێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی دەروازەکانی بکات، بەمەبەستی پاشەکەوت کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کەبڕیاری

لێکردنەوەیان لەوەزارەتێک و لکاندنیان بە وەزارەتێکی دیکەوە دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

دەستەڵات بەوەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە لە تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ بەرێژەی «١٪» لەکۆی گشتی ئەو تەرخان کراوە بخاتە سەر کۆی گشتی تەرخان کراوی پەسەندکراو لە بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ بودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لەو ساڵەدا دروست دەکرێن.

٢- تەرخان کراوی نوێ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەت و کارگێڕییەکان بۆ ئەو بارە کتو پڕیانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەکانی (مفردات) میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٧ ئامادە دەکات و بەپێی پارەی مووچەی پەسەندکراو لەبودجەدا پەسەندی دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ دانانی رادەی دەستەڵاتی خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکوومەتییەکان دەربکات لەماوەیەکدا کە لە دوو هەفتە لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لەرۆژی (١/١/١٩٩٧)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

دووشەمە ڕێکەوتی ٢/٦/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

## دوو شەممە ریکەوتی ١٩٩٧/٦/٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی دوو شەممە ریکەوتی ١٩٩٧/٦/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی یەکەمی سالی (١٩٩٧)ی خۆی بەست . سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا. ئامادەبووان «٥٤» ئەندام بوون و بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی «٤٧» ئەندام.***

***ناوی ئامادەنەبووان:***

***١ـ بەرێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی (مۆلەت).***
***٢ـ بەرێز د. حەسەن حسێن بەفری (مۆلەت).***
***٣ـ بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی (مۆلەت).***
***٤ـ بەرێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی (مۆلەت).***
***٥ـ بەرێز عوسمان حەسەن دزەیی (مۆلەت).***
***٦ـ بەرێز سەعید عەلی خان عەبدی.***
***٧ـ بەرێز سەلام کەریم خان.***
***٨ـ بەرێز ئەهلە محەمەد سەعدوللا.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ یاسای هەلواسینی وێنەی سەرۆک بارزانیی نەمر لە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم.***
***٢ـ یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای حزبەکان ـ ژمارە «١٧»ی سالی ١٩٩٣.***
***٣ـ یاسای بەرابەرکردنی بروانامەی خوێندنی دیراسەی ئاینیی لەکوردستان.***
***٤ـ راستکردنەوەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ژمارە «٧»ی سالی ١٩٩٢.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان.

کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمرۆمان ١٩٩٧/٦/٢ بریتییە لە چوار خال:

خالی یەکەم: یاسای هەلواسینی وێنەی بارزانیی نەمر لە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

خاڵی دووەم: یاسای هەموارکردنی یاسای حزبەکان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣.
خاڵی سێیەم: یاسای بەرابەرکردنی بڕوانامەی خوێندنی ئایینی لە کوردستان.
خاڵی چوارەم: راستکردنەوەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢. ئەگەر شتێکی تازە بابەت نەبێت ئێمە دەست بکەین بە خاڵی یەکەم، با برادەرانی لیژنەی یاسا یەک دوویێکیان تەشریف بێننە ئێرەوە.
خاڵی یەکەم: لە پێش ماوەیەک باس کراوەو دراوەتە لیژنەی یاسا، پاشان پرۆژەیەکیان ئامادە کردو ئێستا ئەو پرۆژەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە تەواو کراوەو دراوە بە ئەندامانی پەرلەمان. با لیژنەی یاسا کەرەم بکا، فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەق بوو وەزیرە تایبەتمەندەکان لێرە ئامادە بوونایە. بۆ ئەوەی ئەوانیش تێبینی خۆیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، بەڵام ئەو پرۆژانە جگە لە خاڵی یەکەم ئەوانی تر لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتوون و بەپێی ئەو نووسراوەی کە بۆمان هاتووە لە ئەنجوومەنی وەزیران باس کراون و بڕیاریان لەسەر دراوەو لە ڕێگای وەزیری پەیوەندارەوە هاتوون بۆ ئەنجوومەن. دوو، ئێمە وەکو هەموو جار کە بڕیاری دانیشتنێک ئەدەین پێش وەخت بەرنامەی کار ئەنێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، و ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بڕیار ئەدات، ئەگەر بە پێویستی بزانێت وەزیری پەیوەندار ئاگادار دەکات. بۆیە ئێمە ئەوەی یاسایی بێ جێبەجێمان کردووە، وئێستا دوو سێ وەزیر لێرەنە.. فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار:
مێژووی بڕیار:

**بڕیار**

پشت بە بڕگە (١)ی مادە (٥٦)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی

کوردستان لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢/٦/١٩٩٧دا ئەم بریارەی خوارەوەی دا:
١. هەڵواسینی وێنەی سەرۆک بارزانیی نەمر لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.
٢. دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەم بریارە جێبەجێ بکات.
٣. ئەم بریارە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی پەرلەماندا بلاو دەکرێتەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا دێینەوە سەر خاڵی یەکەم. چ تێبینی هەیە لەسەر خاڵی یەک؟ با ناوەکان بنووسین، ئەوانەی کە ویستیان لەخاڵی یەک قسە بکەن، کاک ئەحمەد سالار، ئەکبەر حەیدەر، د. ناسح، ئیبراهیم سەعید، د. رزگار، مامند ئاغا، جەمیل عەبدی، شێخ یەحیا، شێخ جەعەفر، کەسی تر؟.. فەرموو کاک ئەکبەر.

**بەرێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشنیارە زۆر پەسەندە ئەبووایە زووتر بکرابایە، بەڵام پێشنیارێکی ترم هەبوو ئەویش ئەوەیە کە ئەم وێنەیە «موحد»بێت، نەک هەریەکە بۆ خۆی هەر وێنەیەکی بە دڵی بوو هەڵیواسێ و ئەو وێنەیەش لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دابەش بکرێت، تەنها رایەکەم ئەوەیە وێنەکان وەک یەک بن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. جا بۆ ئەوەی نەوەک برادەرێکی تر هەمان بۆچوونی هەبێت. وا باوە کە ئەمە ئەبێت بە یاسا پاشان ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی خۆیدا بریار ئەدات لەسەر جۆرو قەبارەی وێنەکەو رێنمایی تایبەتی یا بریارێکی تایبەتی پێ دەردەچێت. تەنها لێرە بریارەکە دەردەچێت. کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد ئەحمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتێکی رەواو لە شوێنی خۆیەتی کە بۆ پاڵەوانی نەتەوایەتیمان، بۆ سنومبولی تێکۆشانی نەتەوەکەمان و مامۆستای یەکەمی کوردایەتی کە ئەو بریارە بدرێت، چونکە ئەگەر خوانەخواستە نکۆڵی هەبێ لەم رۆڵە مەزنە، بەڵام مێژوو ئاگاداری ئەو راستییەیە، پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر بفەرموون دەستنیشانی ئەوە بکرێ لە بریارەکە کە پاڵەوانی نەتەوایەتییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک ئەکبەر کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بارزانیی نەمر ڕەمزی کوردەو درێژایی تەمەن و ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ڕزگاریی کورد، منیش هەمان پێشنیاری کاک ئەکبەرم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم، فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ پەسەند کردنی ئەم بڕیارە هەموو میللەتێک لە دنیادا ڕێزو تەقدیریان بۆ سەرکردەیان هەیە. جا هەڵواسینی وێنەی سەرۆکی نەمر جورێکە لە وەفاداریی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە بکرێ بۆ سەرکردەی نەمر بارزانیی هەر کەمە. پێشنیارێکی ترم هەیە: لە دوای ناوی سەرۆک بارزانیی نەمر بنووسرێ «قائد الحركة التحررية الكوردية»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە جێگای بەختەوەرییە بۆ هەموو گەلی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها یاساکە ئێمە دەری دەکەین، باوەڕ دەکەم ئەو شتە تازە نییە، ئەمە تەنها ئیجرائاتێکی یاساییە کە پێویستە بۆ ئەوە بکرێ. لە مێژە ئەو خەڵکە هەریەک بە بۆچوونی خۆی، بەشێوەی خۆی هەڵیواسیوە، باوەڕناکەم پێویستی بەشتێکی وا هەبێت. خۆی چۆن ڕۆیشتووە هەر وا ئەڕوات، تەنها ئەمە لایەنی یاساییە، چونکە ئێمە لە بەڕێوەبردنێکدا ئیش دەکەین حکومەتێکمان

هەیە بەو ئیجرائاتانە هەڵدەستێ، ئەبێ ڕێگای یاسایی خۆی بگرێت. فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەمەوێ شتێکی مێژوویی باس بکەم لەم کاتە پیرۆزەدا کە ئەو بڕیارە پیرۆزە ئەدرێت. بەڕاستی بە هەڵواسینی وێنەی سەرۆک بارزانیی نەمر کە زیاتر لە نیو سەدەیە لە هەموو ماڵ نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە دەرەوەی کوردستانیش، لە هەندەران وێنەی بارزانیی لە هەموو ماڵێک هەڵواسراوە. بۆ ئەوە دەیان ڕۆڵەی کوردی شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری سلێمانی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا ژیانی خۆیان بەخشی و تووشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر بوون لەبەر ئەوەی وێنەی بارزانیی سەرکردە لە ماڵیاندا هەبوو و ئامادە نەبوون پەشیمان ببنەوە لەو کارەی خۆیان، یا خوانەخواستە سوکایەتی پێ بکەن. لەبەر ئەوە مافی خۆیەتی لێرە ڕێز بنێین لەو شەهیدانەی ساڵی ١٩٦٣، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێدا، جەماوەر زۆر پێش بڕیارەکەی ئێمەوە چەندین ساڵە ماڵەکانیان ڕازاندۆتەوە بە وێنەی بارزانیی نەمر، لەگەڵ پشتگیریی تەواوم بۆ ئەم بڕیارە، بەڕاستی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هەر دەزگایەکی تر بەرهەمێکەو دەستکەوتێکە بە خوێنی شەهیدان هاتۆتەکایەوە. سەروەری شەهیدانمان بارزانیی نەمرەو ئێمەش وەکو وەفادارییەک بەرامبەر بەو شەهیدانەی کە خوێنی خۆیان و ژیانی خۆیانیان کردە قوربانی ئازادی و ڕزگاربوونی گەلەکەمان، بەڕاستی جێی خۆیەتی و مایەی وەفادارییە کە ئێمە پشتگیریی لەم بڕیارە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی یەکەم یەک پێشنیار هەیە، بیخەنە سەر «قائد الحركة التحررية الكوردية» لە پێش ناوی خوالێخۆشبوو بارزانیی نەمر، ئەگەر خاوەن پێشنیارەکە لەسەر پێشنیاری خۆی بەردەوام بێت. ئەگەر پێشنیارەکە بخەینە سەری دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ هەر زیادکردنێک داوا کراوە بخرێتە پێش ناوی بارزانیی نەمر لە خاڵی یەکەم (ڕەمزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)، یا (سەرکردەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد) ئەوە زیاد بکرێت.کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەر ناوی پیرۆزی بارزانیی نەمر بە تەنها بەسە، کە ناوی بارزانیی نەمر بێت. هەموو

مێژووی کوردایەتی، مێژووی کوردستان و هەموو خەباتی ڕێبازی کوردایەتیی پیرۆز لەگەڵ ئەم ناوە پیرۆزە دایە، تەنها وشەی بارزانیی نەمر کافییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پشتگیری ڕایەکەی د. ناسح دەکەم، چونکە کە وتت سەرۆک بارزانیی نەمر هەم ڕەمزە، هەم سەرکردەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جا ئەگەر برادەرانی خاوەن پێشنیارەکان، پێشنیاری خۆیان بکێشنەوە، دەقە یاساییەکە وەکو خۆی هاتووە ئاوا بیخەینە دەنگدانەوە. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ناوی سەرۆک بارزانیی بەتەنها بێت، یاسا شتێکی دییە. لەبەر ئەوە من دەبینم لەگەڵ ناوی سەرۆک بارزانییدا بنووسرێت ڕەمزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە ئەوەی کاک جەمیل تەنها تێبینییەکە ئەڵێن سەرۆک بارزانیی نەمر وابزانم هەموو شتێکی یەکلا کردووە، مەبەستم ئەوەیە یاساکە تەنها پەیوەندیی بە وێنەی ئەوەوە هەیە. بۆ ئەوەی ڕوون بێت لای برادەران، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکایەتی بە یاسا نابێ، میللەت خۆی بڕیار دەدات کێ سەرۆکە، بارزانیی یاسا هەبێ و یاسا نەبێ، هەر ڕەمزی میللەتی کوردە. لەبەر ئەوە یاسا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ تەنیا پابەندبوونێکی ئەدەبیە بەرامبەر پەرلەمان، ئەو پابەندییە ئەدەبیە کە خۆی نوێنەری میللەتە بۆ ئەوەی خەڵک تێ بگەیەنێ کە وەفایەکی بەرامبەر سەرۆک بارزانیی هەیە دەنا میللەت لە ئێمە باشتر پایەی بارزانیی زانیوە، جا لەبەر ئەوە تەنیا وشەی سەرۆک و ئەگەر سەرۆکیشی پێوە نەبایە هەر بارزانیی نەمر بوایە بەتەنیا کافی بوو بەرامبەر هەموو میللەتی کورد، چونکە بارزانیی ناسراوە لای هەموو مرۆڤێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا تێبینیم هەیە لەسەر قسەی بەڕێز کاکەڕەش کە ئەڵێ سەرۆکایەتی بە یاسا نابێت. بەڵام سەرۆکی هەموو دەوڵەتەکان جگە لە سەرکردەی ئێمە (٥٠) ساڵە خەباتیان نەکردووە وەک سەرۆک بارزانیی نەمر، بەڵام هەڵبژاردن دەکرێ، بە یاسا ئەکرێت. بەڵام ئەو تێبینیم هەبوو و وڕا رای جەنابتانە نوێنەرایەتی پەرلەمان ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس .مادام وایە ئەو بڕگەی کاک جەمیل پێشنیاری کردبوو وەکو خۆی ئەمێنێتەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

٢. دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر ئەم خاڵە؟ نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی پەرلەماندا بلاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی(٣) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئەمە وەکو بڕیار دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕا ئەم بڕیارە پەسەند کرا.

بێینە سەر خاڵی دووەم. هەمووارکردنی یاسای حزبەکان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق وبجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٩٧/٦/٢ اصدار القانون الآتي:

**القانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧ قانون التعديل الاول لقانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق رقم (١٧) لسنة ١٩٩٣**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن. لە مادەی یەکەم وشەی (تبدل) هەڵەی چاپە، خۆی (تعدل)ە.

المادة الاولى:

تعدل المدة الواردة في الفقرة الاولى من المادة السابعة من ثلاثين يوماً الى(٩٠) تسعين يوماً.

المادة الثانية:

تعدل المدة الواردة في الفقرة الثالثة من المادة السابعة من (٤٥) يوماً الى(٩٠) تسعين يوماً.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام ئەو تێبینیەی (تبدل) لە هەردوو مادەی (١و٢) دەکرێت بە (تعدل)، دێینەوە سەر مادە یەک.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة الاولى:

تعدل المدة الواردة في الفقرة الاولى من المادة السابعة من(٣٠) يوماً الى (٩٠) يوماً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە، با ناونووس بکەین.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاسای ژمارە (١٧) ماوەی(٣٠) ڕۆژ هاتووە بۆ ئەو حزبانەی کە داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکەن. لەوێ دانراوە کە لە ماوەی(٣٠) ڕۆژدا وەزیری ناوخۆ باس لەو بابەتە بکاو وەڵامی بداتەوە، بۆ ئەوەی بەرزی کاتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وا دەردەکەوێ ماوەکە کەم بێت، وەزارەتی ناوخۆ پێشنیاری کردووە بۆ ئەوە ماوەیان زۆر بێت تا دیراسەتی داخوازی ئەو حزبانە بکەن ئەو ماوەی(٣٠) ڕۆژە بکرێت بە(٩٠) ڕۆژ تاکو بتوانن ئەوانیش خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیان و حزبەکە بکەن و داواکە تەماشا بکەن ئەوجا بەرزی بکەنەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. بۆیە پێشنیار هاتووە لە(٣٠) بکرێ بە(٩٠) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیە، ئێستاش ناونووس دەکەین ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر مادە یەک کە

خوێندرایەوە قسە بکەن، کێ دەیەوێ قسە بکا لەسەر ئەم مادەیە؟ تەنها دوو ئەندامی پەرلەمان کاک د.رزگار و کاک ئەکبەر حەیدەر. فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو پرۆژەیەی بەردەستماندا(٣٥)رۆژ هاتووە، هەرچەندە لە یاسای بنەڕەتیدا(٣٠) رۆژە ئەوە یەک. دووەم: ئەم یاسایە لە ساڵی ١٩٩٣وە دەرچووە واتە چوار پێنج ساڵە ئەم یاسایە کاری پێدەکرێ، هەرچەندە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە نییە، گەر لێرە بایە پرسیارمان لێ دەکرد ئایا لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا چی گرفت وکۆسپ و لەمپەر دروست بوون تاوەکو پێویست بێت ئەو(٣٠) رۆژە بکرێت بە(٩٠) رۆژ؟ پێم وایە ئەو ماوەیە گەلەک زۆرە، هیچ کێشەیەکیش نەبووە تا ماوەکە بگۆڕێت و بکرێتە(٩٠)رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار، کاک ئەکبەر فەرموو.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەمە تەنها بۆ حزبەکانە؟ یان کۆمەڵەکانیش دەگرێتەوە؟ ئێستا کۆمەڵەی کوردی فەیلی هەیە ئایا ئەوانە بواریان هەیە یان نا؟ هەر ئەوەندەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەکبەر، حزبەکان یاسای خۆیان هەیە، کۆمەڵەکان یاسای خۆیان هەیە، چ پەیوەندیان بە ئی یەکترەوە نییە بۆیە ئەوەی تر ناگرێتەوە، کاکەرەش لەوانەیە بەدواداچوونێکی هەبێ لەسەر ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەی «٣٠» رۆژ لەوانەیە کێشە دروست بکات چونکە بەحوکمی یاسا ئەگەر لە ئەو سی رۆژەدا بەرز نەکرایەوە حزبەکە بەحوکمی یاسا بە مۆڵەت دراو دەژمێردرێ، لەوانەشە لە واریدە یا لەلای تیبینەرێک ئەو داوایە بمێنێ، بەلام ماوەی «٩٠» رۆژ زۆر کافیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ تا بتوانێ دیراسەتی بکا، وبزانێ ئەو کەسانەی کە داوای دامەزراندنی حزبیان کردووە مەرجیان تێدا هەیە یان نا، چونکە ئەوەش پێویستی بە پرسین و لێکۆڵینەوە هەیە تاکو بگەنە ئەنجامێک، لەبەرئەوە بە چاکی دەزانین ئەم «٣٠» رۆژە بکرێ بە «٩٠» رۆژ بۆ ئەوەی بە رێک و پێکی بتوانن ئیشەکەی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم روونە کاک دکتۆر. فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا / وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەر لەبەر بەدواداچوونی برادەرێک کە لە دواوە دانیشتووە وتی دژم، ویستم هەندێک روون کردنەوە بدەم، یەکەم ئەگەر بارودۆخی هەرێم سروشتی بوایە لەوانەیە «٣٠» رۆژ بەس بوو با، بەڵام تەکنەلۆژیای خۆمان ئەنترنێت و کۆمپیوتەر نییە کە بزانین لە (١٠) رۆژ یان (١٥) رۆژدا ئەمانە چین، چۆنن. لێکۆڵینەوەی(٥٠) کەس لە هەرێم بە (٣٠) رۆژ کافی نییەو بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا لەبەر ئەوە حکومەت ئەوەی داوای کردووە رەوایە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

زۆر سوپاس کاک یۆنادەم، وابزانم ئەو بابەتە باش روون کرایەوە. زیادە لەسەر قسەکانی کاک یۆنادەم تەنها مەسەلە کەسایەتی نییە، ئەو حزبە ئەبێ پرۆگرام و پێڕەوی پێشکەشی ئەو لیژنەیە بکا، لەوانەیە لەسەرەتای ئەو ئەزموونەدا ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری تایبەتمەند وای بۆ بچن «٣٠» رۆژ کەم بێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی پرۆگرام و پێڕەوەکەی بکرێت لەسەر ئەو بنەمایە بووە چی تر نییەو شەرت نییە ئیللا «٣٠» رۆژ، لەوانەیە بە «٢٠» رۆژ یان بە «١٠» رۆژیش تەواوی بکەن، بەڵام ئەمە یاسا رێی پێ داون لەوە زیاتر نابێ ببێت، تەنها ئەوەیە بواری پێ ئەدات لەو ماوەیە ئەو پەڕەکەی کە سێ مانگە، و بوارەکەی زۆرە، بە بۆچوونی ئێمەو وەزیری پەیوەندار ئەو ماوەیە باشە کە بتوانن ئەوان بریاری خۆیانی لەسەر بدەن. زۆر سوپاستان دەکەین، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

هەموار کردنەکەی مادەی یەکەم، کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة الثانية: تعدل المدة الواردة في الفقرة الثالثة من المادة السابعة من «٤٥» يوماً الى(٩٠) يوماً.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

لەسەر مادە دوو چ تێبینییەک هەیە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە سێ دەخەینە دەنگدانەوە. چ تێبینیەک نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. وەکو بڕیار ئەم هەموار کردنە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بڕیارەکە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی سێ لەبەرنامەی کارمان یاسای بەرابەر کردنی بڕوانامەی خوێندنی ئایینی لەکوردستاندا، فەرموو مامۆستا مەلا محسن ئەگەر تەشریف بێنیتە ئێرەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا، روون کردنەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە هەیە.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەیەکە دەمانەوێ کە بڕوانامەی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف رەسمیەتێکی هەبێت. بڕیار دراوە لەسەر هەموارکردنی ئەو بڕوانامەیەی قۆناغی ناوەندی ودواناوەندی وەکو خوێندنی ئەکادیمی لەناوەندی ودواناوەندی بەرەسمی حیسابی بۆ بکرێ، هەم بۆ دامەزراندن و هەم بۆ وەرگرتن لەو زانکۆیانەی کە تایبەتمەندار بەئیسلامین، واتە لە کۆلیژەکان و خوێندنی ئیسلامی بتوانن لەدوای شەشی دواناوەندیی وەربگیرێن، دیارە ئەمەش کاتی خۆی بڕیاری ئەو قوتابخانە ئایینیانە لەحکومەتی مەرکەزیدا دراو هەشت پۆلە. ئەم هەشت پۆلە پۆلی یەکەمیان دوای تەواو کردنی قۆناغی شەشی سەرەتایی لەوێ وەردەگیرێ بە بڕیارێکی تایبەتی. ئەم شەش ساڵی یەکەمیان، ئەوەی لێرە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە تەنها مەبەستەکە شەش ساڵی یەکەمیانە ومەبەستەکە قۆناغی حەوت وهەشت نییە، قۆناغی حەوت وهەشت ئەوە دوایی بە پرۆژەیەکی تر باسی لێ دەکرێ، ئێستا ئەوەی کە لەبەردەستمان دایە تەنها ئەوەیە قۆناغی سێی ناوەندی خوێندنی ئیسلامی سەر بەوەزارەتی ئەوقافە لەگەڵ شەش، کاتێک کە دەردەچن بەرابەری ئەم بڕوانامەیان بکرێ بەقۆناغی سێی ناوەندی خوێندنی اکادیمیەی سەر بەوەزارەتی پەروەردە لەگەڵ شەشەکەی، بۆ مەبەستی وەرگرتن و دامەزراندنیان بە وەزیفەی ئیمام لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، لیژنەی یاسا راپۆرتێکیان هەیە دەربارەی ئەو بابەتە با بفەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند شتێک لەپرۆژەکەی وەزارەتی ئەوقافدا هاتووە، ئەوەی کەسەرۆکی لیژنەی ئەوقاف فەرمووی لەگەڵ بابەتی دانیشتگا دەورەیەکیان کردۆتەوە لەئەوقاف داوایان کردووە ،کە دبلۆمیان پێ بدرێ ئێمەش لیژنەی یاسا رامان لەسەر پرۆژەکە ئەوەیە ئێستاکە بۆبەڕێزتانی دەخوێنینەوە:

ورد في مشروع قانون معادلة شهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون

الاسلامية عدة مواد متفرقة ممكن معالجتها من قبل جهات اخرى دون الحاجة الى اصدار تشريع بذلك عليه فان :

١- طلب تخصيص عشرة مقاعد دراسية لخريجي الدراسة الاعدادية من العشرة الاوئل في كليات الشريعة ـ الاداب قسم الدراسات الاسلامية غير وارد لان هذا الموضوع هو من اختصاص القبول المركزي والسياسة التعليمية لمجلس التعليم العالي في الاقليم.

٢- ان طلب اعتبار السنتان الدراسيتان في معهد الائمة والخطباء لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية سنتين تقويميتين لغرض التعيين في الوظائف الدينية ومنحهم شهادة دبلوم هو الاخر غير وارد لاصدار تشريع بذلك ،حيث ان هذا الموضوع يتطلب معالجته بالتنسيق مع وزارة التربية ومجلس التعليم العالي لان شهادة الدبلوم العالي لايمكن منحها اعتباطا من قبل الوزارات الابعد تقييم المناهج الدراسية من قبل الجهات ذات الاختصاص.

٣- ان طلب اعفاء الائمة والخطباء من الخدمة الالزامية غير وارد قانونا، حيث ان قانون الخدمة الالزامية لم يطبق في الاقليم، ومن الممكن النظر في الموضوع بعد تطبيق ذلك القانون.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن، هەروەها داواكەی ئەوانە ئەگەر پەیمانگا كرابێتەوە پێویستە بە یاسا بكرێتەوە. ئەگەر یاسا هەیە پێویست نییە یاسا دابنرێت وئەگەر یاساش نییە پێویستە ئەو پەیمانگایە دیراسەت بكرێت، هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەكانی لەلایەنی هونەرییەوە و بریار بدرێ كە ئەو بڕوانامانە چییە؟ ئەگەر پێویست بە یاسا بوو ئەو كاتە بەرز دەكرێ ویاسایەكی بەرامبەری بۆ دەردەچێ، سەبارەت بە بەرابەر كردنی بڕوانامەی قوتابخانەكانی ئەوقافیش ئەوەش بە پرۆژە كردوومانە، چونكە توانا هەیە لەبەر ئەوەی تاقیكردنەوەی وەزاری دەدەن وئێستا پرۆژەكەمان ئامادە كردووە بەبڕگەیەك ئەویش بەرابەری بڕوانامەی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی كە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن، بەرابەری دواناوەندی وناوەندییە بۆ كۆلیژی شەریعە وكۆلیژی ئاداب بەشی خوێندنی ئیسلامییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ كاكەرەش لە لیژنەی یاسا بۆ ئەو ڕوونكردنەوانەی. فەرموو مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا لە شوێنی خۆیەتی بەڵام تێبینی من لەسەر ئەوە كە لە بنەڕەتدا ئەو یاسایەی كە دامەزراندنی قوتابخانەكەی پێ كراوە دوا قۆناغەكەی كە پێی دەڵێن حەوت وهەشت بە دبلۆم حساب كراوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین، ئێمە حكومەتی هەرێم لەگەڵ خوێندنی باڵا، لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند داوا كراوە قۆناغی كەپێی دەڵێن حەوت وهەشت ناوی بنرێ بە (معهد العالي للائمة والخطباء)واتە ئێمە هیچ یاسایەكی زیادمان داوا نەكردووە لە پرۆژەی ئەوقاف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێز مامۆستا محەمەد تاهیر فەرمووی ئەگەر یاسا و بڕیار هەیە، لە حکومەتی مەرکەزی یاساکە کاری پێکراوە (نافذ المفعول) پێویستی بە یاسادانانێکی نوێ نییە، ئێمە یاسایەکی بۆ دابنێین، ئەگەر شتێکی تازەش بێ ئەبێ دیراسەت بکرێ لە هەموو ڕوویەکی هونەریەوە. لە زانکۆ و خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە وئینجا پرۆژەیەکی پێ پێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو مەلا محسن.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بکرێ خاڵی یەکەمی ئەم بابەتە بکرێتە بڕیار، لە دوای خاڵی یەکەمی ئەو بابەتە خوێندنی باڵایە ئەو کاتە قسەیەکی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرۆژەکە بەو شێوەیە هاتووە کە لیژنەی یاسا دەی خوێنێتەوە، ئەمە داخلی بەرنامەی کاری ئێمە بووە، ئەو ڕاسپاردانەی کە بە شێوەی ڕاپۆرت خوێندرایەوە لەلایەن (کاکەڕەش)ەوە ڕای لیژنەی یاسا بوو دەربارەی ئەو پرۆژەیە بەگشتی. جارێ ئێمە بەرنامەی کارمان ئەم بڕیارەیە وئەم بڕیارەش دەخەینە گفتوگۆوە، ئێستاکە ئەگەر چ پێشنیارێکی تر هەبوو یا هەر پرۆژەیەکی تر بە دەستەوە بێ ئەوە بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشکەشی بکەن ئێمە بەرچاوی لیژنەی پەیوەندیدار وئەنجوومەنی وەزیرانی دەخەین بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدرێ. ئێستا ئەمەمان لەبەر دەست دایە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

قرار

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم« ١ » لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الاوقاف ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني

بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الآتي:
قانون معادلة شهادة المدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف لمرحلتي المتوسطة والاعدادية بشهادتي المتوسطة والاعدادية.

المادة الاولى:-

تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين (المتوسطة والاعدادية) للمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتي الدراسة المتوسطة والاعدادية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الاداب بجامعات الاقليم وذلك بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية المقررة قانوناً.

المادة الثانية:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:-

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە بەگشتی بوو، دێینەوە سەر مادده یەک، بەڵام یەک تێبینی بچووک هەیە پێش ئەوەی بچینە سەر مادەی یەک ناونیشانی ئەو یاسایە (معادلة شهادة المدارس) تۆزێ ئەگەر کورت بکرێتەوە چونکە زۆر درێژە وەکو تێبینییەک. بابزانین کاکەڕەش چ دەڵێ؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە دوو جۆر قوتابخانەی ئایینی هەیە، دوایی تێکەڵاوییەک پەیدا دەبێ، قوتابخانەی ئایینی وناوەندی ئایینیش هەیە ئەوان بە خۆیان بروانامەیان بەرابەرە، مەسەلەکە ئەو قوتابخانانەیە کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن تەنیا ئەوەیە دەنا ئەوانی دی بەرامبەرن. ئەگەر روونی نەکەینەوە نابێت، بەڵام ئەگەر بڵێین لە بنەڕەتی ماددەکەدا هەیەو لە ناونیشانەکەیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە خۆی بیرۆکەکە هەر عینوانەکەیە، تەنها عینوانەکە هەڵ گرین چونکە درێژە، (قانون معادلة شهادة المدارس الدينية)بابڵێین یاساکە بەو ناوەوە بێ باشە، سوپاستان دەکەین. مادام وایە فەرموو مادده یەک بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆو دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:-

تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين (المتوسطة والاعدادية) للمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتي الدراسة المتوسطة والاعدادية لغرض التعيين والقبول

في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الأداب بجامعات الاقليم وذلك بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية المقررة قانوناً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی ماددەی یەک بخەینە دەنگدانەوە، دەرگای گفتوگۆ کراوەیە، با ناونووس بکەین. تەنها د.ادریس. فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەرابەر کردنی بڕوانامەکان ئەوەی کە هاتووە،سەبارەت بە مەدارسی ئیسلامی لەگەڵ دواناوەندی دەبێ ڕێژەیەکی دیاری کراو هەبێ لەو بابەتانەی هاوبەشن ، من نازانم مەنهەجی ئەوەی ناوەندی و دواناوەندیە دینیانە، نەم دیوە بەتەواوی ،بەڵام دەبێ ئەو وانانەی کە هاوبەشن لە ٧٠٪ یا ٧٥٪ وەکویەک بن ، ئەوە یەک ،دوو لێرەکە لە یاساکەدا هاتووە دەڵێ دەبێ (التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتي الدراسة المتوسطة والاعدادية) پێویستە هێڵێکی لار دابنرێ بەشی(الادبی) ،چونکە لەگەڵ بەشی زانستی بەرابەر ناکرێ ،کەباسی وشەی دواناوەندی دەکا دەبێ بەشەکەشی لەگەڵ دیاری بکا، چونکە لەوەی یەکەم نزیکترە لە پەیوەندی بە کۆلیژی ئادابەوە. سێیەم کە دەڵێ: (بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية المقررة قانوناً). ئەوە کامە تاقیکردنەوەی وزارییە؟ قوتابخانەی ئایینی یان بەشی ئەدەبی دواناوەندییە؟ واتە لێرە ئەگەر بێ تاقیکردنەوەی وزاری بەشی ئەدەبی ببڕێ ئەو کاتە پێویستی بە هاوجێ کردنی مەنهەجەکە زۆر نابێ، بەڵام ئەگەر نا دەبێ بڕگەیەک زیاد بکرێ یان ماددەیەکی تر بخرێتە سەری بەپێی (ضوابط)ێکی تایبەتی کە بۆ پرۆگرامەکان دادەنرێ و لە لیژنەیەکی تایبەتی بەراوردی پێ دەکرێ، واتە دەبێ ئەوەش بکرێ یا زیاد کرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە دیراسەت کرا لەلایەن وزارەتی پەروەردەو لیژنەی پەروەردەوەی پەرلەمانەوە، پاش هاوجێ کردنی پرۆگرام کە لە (٨٠٪)ی پرۆگرامەکانی هاوبەشە لەگەڵ دواناوەندی ئیسلامی کە ئەوی بڕوانامەی خۆیان ئاساییەو بەرابەری دواناوەندییە، لەبەر ئەوە وتیان لاریمان نییە چونکە (٨٠٪)ی پرۆگرامەکانیان وەکو یەکە، دووەمیش لەبەرئەوەی کە ئێستا کاک دکتۆر فەرمووی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بەشی ئەدەبی، عادەتەن ئەو وشەیە ناوترێ کە وتت دەرچووانی ناوەندی یا دواناوەندی ئەدەبی و عیلمی تیا نییە. دەمێنێتەوە مەسەلەی دواناوەندی و دیاریشمان کردووە، زانستی و وێژەیی جیاوازی نییە بۆ دامەزراندن هەر دەرچووی ئامادەیی وا دادەنرێت، دوو جێگاشمان وتووە لەکۆلیژی شریعە بەشی خوێندنی ئیسلامی تەنها

ئەدەبی وەردەگیرێ وە دیاریشمان کردووە، لەبەر ئەوەی سیفەتەکە دیاری کراوە بۆ جێگای وەرگرتنیان. بۆ دامەزراندنیش جیاوازی زانستی و ویژەیی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوێدا تاقیکردنەوەی وەزاریی وەکو دەزانرێت وەزارەتی پەروەردە دەیکات. باشە تاقیکردنەوەی قوتابییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف کێ دەیکات؟ ئاخۆ ئەو تاقیکردنەوانە پەیڕەوی یاسای پەروەردە دەکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای تایبەتی هەیە، یاسای تاقیکرنەدەوەکانی وزاری خوێندنی ناوەندی ئیسلامی و پرسیارەکان وەکو یەک دەبن(موحد) دەبێ، مەرکەزی دەبێت، لە وەزارەتەوە پرسیارەکان دەردەچێ و کۆنترۆڵیشیان یەک کۆنترۆڵە پێکەوە چاک دەکرێ بۆیەش ئێمە ئەو وشەمان بەکار هێنا بەئیعتبار یاسا چۆنیەتی برینی تاقیکردنەوەکەی دیاری کردووە. تاقیکردنەوەکان چۆن دەکرێ، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو وشەیەمان بەکار هێنا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێشنیارێک ئەگەر گفتوگۆ کردنی ئەم پرۆژەیە لەم کۆبوونەوەیە دوابخرێ بۆ کۆبوونەوەی ئاینده، بۆیە ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە لە کۆبوونەوەی ئەمرۆکە دوا بخەین بۆ کۆبوونەوەیەکی تر؟ دواخستنی بۆ ئەوەیە تۆزێکی تر دیراسەت بکرێ، بۆ ئەوەی برادەران زیاتر لەم بابەتە زانیارییان هەبێ، چونکە لە کاتی گفتوگۆ دەرئەکەوێ تۆزێک تێکەڵاوی (ألتباس) هەیە لە بنەمای پرۆژەکە خۆی کە هاتووە ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تر لیژنەی پەروەدەش دیارە ئەبێ رای هەبێ لەم بابەتە، راپۆرتیان تا ئێستاکە ئامادە نەکردووە بۆیە دوای ئەخەین بۆ کۆبوونەوەی ئاینده، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف (٢٥) ماددەیە ئەوەی لیژنەی یاسا پەسەندی کردووە هەریەک ماددەیە ئەوە من واپێشنیار دەکەم وەزیر خۆی ئامادەبێ هەتا ماددەکانی تر بە ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف گفتوگۆ بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئێمەش ئەو تێبینیەمان ڕەچاو کردبوو لەڕاستیدا بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەبێ، ئەو ساڵەی خوێندنیش تەواو بوو بۆ ساڵی ئاییندە کاتێکی باشمان لەبەر دەستە، بۆیە ئەم گفتوگۆیە ڕابگرین بۆ بەرنامەی ئاییندەمان. کێ لەگەڵ دواخستنە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین، سوپاس بۆ لیژنەی یاساو لیژنەی ئەوقافیش.

خاڵی چوارەم: ڕاست کردنەوەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٩٢. لیژنەی یاسا با بفەرمووێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسایەکیان بۆ هەموار کردن ناردووە بەڕای ئێمەش لە لیژنەی یاسا، پێویستی بە هەموار کردن نییەو، ڕاپۆرتی خۆمان نووسیوە. ئینجا ئەگەر بفەرموون پرۆژەکە و ڕاپۆرتی لیژنە بخوێنمەوە بۆ ئەوەی برادەران وێنەیەکیان لەبەر چاو دابێ،وئەگەر ڕەئیەکی تریان هەبێ بتوانن گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە ئەصلی پرۆژەی وەزارەتی ئەوقافە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة« ١ » من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الآتي :-

**القانون رقم( ) لسنة ١٩٩٧قانون التعديل الاول**

**لقانون وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية رقم (٧) لسنة ١٩٩٢**

المادة الاولى:

تعدل الفقرة(٢) من المادة الخامسة وتقرأ على الوجه الآتي:

(مكتب وكيل الوزير: يرأسه موظف بوظيفة سكرتير ويعاونه عدد من الموظفين حسب الاقتضاء.

المادة الثانية:

تعدل المادة السابعة الفقرة اولاً ويضاف عضو آخر في عضوية المجلس الاعلى للاوقاف والشؤون الاسلامية وتقرأ كالآتي:

(ج: حاكم من الصنف الاول - عضواً)

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئینجا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا بە پێویستی نازانین هەمواری ئەم یاسایە بکرێ لەبەر ئەو هۆیانەی کە ئێستا بۆ بەڕێزتان وبرادەران دەخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم بعد التحية والاحترام.

نود ان نبين رأي لجنتنا بصدد ما هو مطلوب من تعديلات في المشروع المقدم من قبل وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية:

١- بصدد مدراء المكاتب للوزير ووكيل الوزارة فأن هذا التخصيص هو عام بالنسبة لكافة الوزارات، فلا نرى فرقاً يذكر بالنسبة لموظف بدرجة مدير وسكرتير، حيث التسمية لا تدعو لتعديل القانون في حين لن تكون النتيجة بشئ ملموس غير التسمية.

٢- لقد نصت المادة السابعة فقرة اولاً /ج من القانون المذكور ما يلي:

ج- للمجلس الاستعانة بالخبراء عند الحاجة وبطلب من الوزير.

فيجوز برأي لجنتنا للوزير ان يستعين في اجتماعاته(اي اجتماعات المجلس الاعلى) بحاكم أو باحد السادة القضاة ويجوز له ان يجعله خبيراً دائميا في المجلس او خبيراً وقتياً عند الاقتضاء. فلا حاجة لتعديل القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە سەبارەت بە ڕای لیژنەی یاسا لە ڕووی یاساییەوە تەماشای بابەتەکەیان کردووە کە پێویست بەو هەموارکردنە ناکا، چونکە خۆی لەنێو خودی یاساکەدا هەیە. ئێستا ڕای لیژنە ئەخەینە دەنگدانەوە، چونکە ئەو پێشنیارەی ڕەتکردۆتەوە، وپاساویشی لە ڕووی یاساوە بۆ هێناوەتەوە کە نەکرێت. جا ئەگەر هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ڕای لیژنە با ناونووس بکەین. چوار کەس دەیانەوێ قسە بکەن. د.ئیدریس، د. ڕزگار . کاک سەفەرو مامۆستا مەلا تاهیر. فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەم بابەتە لە ئەنجومەنی وەزیراندا باس کرا و رای زۆربەی وەزیرەکان سەبارەت بە هەموو وەزارەتەکان ئەوەیە کە نووسینگەی بریکاری وەزیر تەنها سکرتێری هەبێت، چونکە ئێستا لەهەندێ وەزارەت نووسینگەی بریکاری وەکو هی وەزیرەکەی تەصمیم کراوە، بەڕێوەبەری نووسینگەی بۆ دانراوە، ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەران جێگایەکی زۆریان گرتووە، خەرجیەکی زۆری پێویستە، بۆیە بڕیارەکە ئەگەر بکرێ بۆ هەموو وەزارەتەکان بەیەک شێوەبێ و بڕیاری لەسەر بدرێ کە نووسینگەی وەزیر تەنها سکرتێرێک و چەند فەرمانبەر یاریدەیان بدەن، ئەوەش هەمووومان کۆکین لەسەری لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کردن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سوپستان ئەکەم، جا ئەگەر برادەرانی ترکە ویستیان قسە بکەن، مادام رای حکومەت بەو شێوەیە بۆچی ئێمە تەنها هەموار کردن بخەینە یەک وەزارەت؟ ئەم بابەتە دوا بخەین، بایەک پرۆژەی هاوبەش لە حکومەتەوە بێ بۆمان هەموو وەزارەتەکان بگرێتەوە باشترەو جێگای خۆیەتی. فەرموو کاکەرەش.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە یاسای وەزارەتەکاندا هاتووە (للوزیر الغاء او استحداث مدیریات واقسام) بەرای من هەر وەزارەتەک پێی دەکرێ مادام برگەیەک لە یاسای وەزارەتەکەی خۆیدا هاتووە دەتوانێ نووسینگەکەی بریکارەکەی لاببا شتێک دابنێ ناوی لێ بنرێ سکرتێر چونکە لە ئەصلی زۆر یاساکاندا ئەوە هاتووە، بەرای من پرۆژەیەکی یەکگرتووی ناوێ، هەر خۆیان دەتوانن ئەو ئیشە بکەن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
فەرموو کاک فرەنسۆ.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێم وایە لە یاسادا هاتووە کە بریکاری وەزیر نووسینگەی هەبێ ئەمەش لە کاتی(٥٠) بە(٥٠)دا دروست بوو. بریکاری وەزیر وەزیریش بوو وا هەڵسوکەوت دەکرا. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا وەکو برای بەڕێز د.ئیدریس فەرمووی بڕیار درا کە بریکاری وەزیر تەنیا سکرتێری هەبێ نووسینگەی نەبێ، بۆ ئەوەی جیاوازیەک هەبێت لە نێوان وەزیر و بریکارەکەی لە لایەنی داراییش کێشەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە مادام لە یاسا هەیە ئەبێ بە یاسا نەمێنێ. ئەوەی جەنابت فەرمووت لەجێگای خۆیەتی کە ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەک بنێرێت تا قسەی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئینجا مادام وایە ئەم پرۆژەیە وەکو رای لیژنەی یاسا رەت دەکەینەوە و داوا ئەکەین پرۆژەیەکی تێرو تەواو بێت و بەرای لیژنەی یاسا ئەمە وەکو زیاد کردنەوەیەکە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا باستان کرد نابێت. جا ئەم پرۆژەیە وەکو لیژنەی یاسا باسی کرد ئەخەینە دەنگدانەوە با رەزامەندی لەسەر بکرێ، دوای ئەوە دوو رێگا هەیە یان دەبێت گفتوگۆیەکە دوا بخەین یان ئەبێ رەتی بکەینەوە. مادام ئێمە پرۆژەیەکی تازەمان بەدەستەوەیە با ئەمە رەت بکرێتەوە، پرۆژەیەکی تازە پێشکەش بکرێت، رای لیژنەی یاسا لە جێگای خۆیەتی بۆیە ئێمە رای لیژنەی یاسا بەگشتی ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو راسپاردەیەکیش ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیەکی یەکگرتوو(موحد) ئامادە بکەن بۆ هەموو وەزارەتەکان، تا ئەم برگەیە چاری بکرێت. زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ. ئێمە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ زانیاریتان قسەمان کرد لەسەر ئەوەی کە ئەو پرسیارانەی ئەنێردرێن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ برا وەزیرەکانمان بەرنامەیەکی بۆ دابنرێ هەموو سێ شەممەیەک وەزیرێک یان دوو وەزیر دەست نیشان بکرێت بەپێی پرسیارەکان بۆ ئەوەی وەلامی پرسیارەکان بدەنەوە، کۆمەڵێک پرسیارمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لە سێ شەممەی ئایینددا لەوەیە بەرنامەیەک دابنێن بۆ ئەو بابەتە لە گەڵیاندا، چ وەزیرێک ئامادەیە لەو سێ شەممەی بێتەوە هەر ئەندامێکی پەرلەمان پێش وەخت ئەزانێ ئەم سێ شەممەی پرسیارەکەی وەلام ئەدرێتەوەو برا وەزیریش ئەزانێ ئەم سێ شەممەی بێ ئامادە بێ بۆ ئەوەی وەلامی ئەنجوومەن بداتەوە، ئەمە یەک. دوو: مادام رۆژی چوارشەممەیش بە بۆنەی دامەزراندنی پەرلەمانەوە ٦/٤ ئاهەنگێکی بچووکمان هەیە لێرە هیوادارم هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ و سبەینێ خەریکی ئیشوکاری لیژنەکان بن و رۆژی چوارشەممە پێکەوە یادی ئەو رۆژە پیرۆزە بکەینەوە. لایەنەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتیش لەگەڵ هەندێ میوانانماندا لێرە ئامادە ئەبن بۆ رۆژی ٦/٤. بۆ ئەمڕۆ زۆر سوپاستان ئەکەین.دانیشتنەکەمان تەواو بوو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## دووشەممە ڕێكەوتی ٩/٦/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٩

کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بەئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەناوی خوای گەورەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد. ئامادەبووان (٥٥) ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی (٤٦) ئەندام.

ناوی ئامادە نەبووان:

١- بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی. (لە دەرەوە).
٢- بەڕێز د. حەسەن حسێن بەفری. (لە دەرەوە)
٣- بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس (سەرۆک وەزیران/ مۆڵەت).
٤- بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی (مۆڵەت).
٥- بەڕێز وریا ئەحمەد حەمەد ئەمین (لە دەرەوە).
٦- بەڕێز شەمائیل نەننو (لەدەرەوە).
٧- بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی (لە دەرەوە).
٨- بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا (ئامادەنەبوو).

بەرنامەی کار:

بەرنامەی کار ئەم خاڵانەی خوارەوە بوون.

١- برواپێدان و سوێندخواردنی بەڕێز د.جاسم الیاس مراد - وەزیری هەرێم.
٢- خستنە ڕووی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراون.
٣- پرۆژەی هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و گەشت وگوزار ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٩٣.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان.

کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان سێ خاڵە:

خاڵی یەکەم: بروایپێدان وسوێند خواردنی بەڕێز د.جاسم الیاس مراد.
خاڵی دووەم: خستنەڕووی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراون.

خاڵی سێیەم: پڕۆژەی هەموار کردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان وگەشت وگوزاری ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣.

خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، لەبەر ئەوەی کە سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە نییە ئەو خاڵە دوا دەخەین تاکو ئامادە دەبێت، چونکە بەپێی یاسا ئەبێ ئەو پێشکەشی بکات بە ئەندامانی پەرلەمان.

دێینە سەر خاڵی ژمارە (٢): کۆمەڵێک پرسیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بەپێی یاسا ئەو پرسیارانە وەکو ئاگادارن ئێمە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین، بۆ ئەوەی هەر پرسیارێک بگاتە وەزارەتی تایبەتمەندی خۆی تا ئەوانیش ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی، بەپێی ئەو بڕگەیەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دیاری کراوە بۆ ئەم چەشنە کارانە، ئینجا لە هەموو کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بەم شێوەیە ئەبێ، ئەگەر کۆمەڵێ پرسیار هەبوو، بەتایبەتی دووشەممان، ئێمە ئەو پرسیارانە ئەخوێنینەوە ،لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنیش قسەمان کردووە بۆ ئەوەی ڕۆژی سێ شەممە تایبەت بێ بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کاتی خۆی ناومان نا بە ڕۆژی حکومەت بۆ ئەوەی ئەو وەزیرانەی کە پرسیارەکانیان پێ گەیشتووە و خۆیان ئامادە کردووە بۆ وەڵامدانەوە ئامادەبن، پێشتر ئاگاداریان دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەر لە کۆبوونەوەی دووشەممەدا ئێمە ئاگاداری برا پەرلەمانتارەکان بکەین کە پرسیاریان کردووە ڕۆژی سێ شەممە فلان وەزیر یا چەند وەزیر دێن بۆ ئەوەی پرسیارەکەیان وەڵام بدرێتەوە لە دانیشتنەکەدا، جا ئێستا جەنابی سکرتێری پەرلەمان کاک فەرسەت پیشاندانێکی پرسیارەکان ئەکات وابزانم بۆ ڕۆژی سێ شەممە، بۆ ئاگاداریتان وەزیری پیشەسازی کاک د.ئیدریس ئامادە دەبێت، ئینجا بەپێی ئەوە برادەرێکی تریش ئامادە دەبێت، بەلام ئەوەی تا ئێستاکە ئاگادار بین د.ئیدریس ڕۆژی سێ شەممە ئامادە دەبێت بۆ ئەو برادەرانەی کە پرسیاریان هەیە لەبارەی وەزارەتی پیشەسازییەوە و ئەوانە انشاء الله سبەی باسی دەکەین. فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری ژمارە (١) لە ١١/٥/١٩٩٧ لەڕێزدار ئەندامی پەرلەمان ئەحمەد سالارەوە، بۆ ڕێزدار وەزیری گواستنەوەو گەیاندن: بابەتی پرسیارەکە ئەوەیە: ئەرکی وەزارەت ڕێکخستنەوەی کاری پۆستەی ناوخۆ و دەرەوەیە، ئەوەی دێتە پێش چاو ئەوەیە بۆ پۆستەکاری ئیفلیج بوو؟ تاکو ئێستاش پوولی پۆستەیی بەکار نەهاتووە، پرسیاری ئەوە دەکات بۆ تاکو ئێستا ڕێکخستنی

ئیشی کاری پۆستەیی نەبووەوتاکو ئێستا پوولی پۆستەیی بەکار نەهاتووە؟
پرسیاری ژمارە (٢) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان شێروان حەیدەرییەوە بۆ رێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە: پرسیارەکە پرسیاری قۆناغی چاککردنەوەی کێشەی کارەبایە لە هەولێر، چ پلان بۆ داهاتوو دانراوە؟
پرسیاری ژمارە (٣) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان شێروان حەیدەرییەوە بۆ رێزدار وەزیری ناوخۆ: پرسیاری پاساوی قەدەغەکردنی وەزارەت بۆ بەکارهێنانی وەکالاتی تایبەت بە گواستنەوەی موڵکی خانووبەرە دەکا، چۆن ئەبێت قانونا بە فەرمانی بەرێوەبردن و جێبەجێ کردن رابکات؟
پرسیاری ژمارە (٤) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان د. قاسم محەمەد قاسمەوە بۆ رێزدار وەزیری هاوکاری ویارمەتی مرۆڤایەتی ئەڵێت: وەزارەت چی بەدەستەوەیە بۆ جێبەجێ کردنی برگەی (٢) لە پەیرەوی وزاری بۆ دروست کردنی پرۆژەیەک بۆ رێکخستنی چالاکیەکانی رێکخراوەکانی مرۆیی؟
پرسیاری ژمارە (٥) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان د.قاسمەوە بۆ رێزدار وەزیری دارایی وئابووری، ئەڵێت: بۆ تاکو ئێستا پرۆژەیەکی یاسایی دروست ناکرێت کە رسوم وباجەکان بەشێوەیەکی وا رێک بخەن کە بریارەکانی بەرێوەبردن وجێبەجێ کردن هاودژ نەبێ لەگەڵ یاسا کار پێکراوەکاندا؟
پرسیاری ژمارە (٦) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان د.قاسمەوە بۆ رێزدار وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن، پرسیارەکە لەسەر وەرگرتنی (٥) دینارە لەپردی قەسرۆک لەهەر سەیارەیەک کە تێپەڕ دەبێت ئەڵێت بۆ ئەو کارە بە یاسایەکی تایبەت رێک ناخەن هەتاسیفەتی شەرعیەتی پێ بدەن؟
پرسیاری ژمارە (٧) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان د. قاسمەوە بۆ رێزدار وەزیری ناوخۆ، پرسیارەکە لەسەر ئەوەیە، بۆ قەدەغەی گواستنەوەی نەوتی سپی و دیزل ئەکەن لە زاخۆ دەشزانین ئەو اجرائاتە کاریگەری لەسەر باری گوزەرانی جوتیارو هەژارەکاندا هەیە.
پرسیاری ژمارە (٨) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان جەمیل عەبدی سندی بۆ وەزیری ناوخۆ، پرسیاری مەودای رەوایی کردارەکانی قائمقامیەت وبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی زاخۆ لەمەڕ قەدەغەکردنی گواستنەوەی گازوایل ونەوتی سپی بۆ زاخۆ دەکات، چۆن هەڵسوکەوت بە داهاتی ئەم ماددانەوە دەکەن، وچەند ئەو کارانە دەگونجێ لەگەڵ یاساکانی وەزارەتی ناوخۆدا؟
پرسیاری ژمارە (٩) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان شێروان حەیدەرییەوە بۆ سەرۆک وەزیران، پرسیار دەکات دەڵێ: بۆ بریارەکانی حکومەت بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی نایەت تاکو شەرعیەت قالبی خۆی وەربگرێتەوە بتوانێت دەوری دەستوری خۆی ببینێت؟
پرسیاری ژمارە (١٠) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان د.قاسمەوە بۆ وەزیری

پەیوەندی وهاوکاری مرۆڤایەتی ئەڵێت: ئایا دەتوانرێت بەرهەمی گەنم لە جووتیارەکان بکڕدرێت بە هاوکاری(UN) لەچوارچێوەی بریاری(٩٨٦) یان نا ؟

پرسیاری ژمارە (١١) لە ١٩٩٧/٥/١١ لەرێزدار ئەندامی پەرلەمان د. قاسمەوە بۆ سەرۆک وەزیران ئەڵێت: بۆ نوێنەرانی کۆلیژی شریعە لە دهۆک کۆبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ مموەلەکانی سعودی لە ئەنقەرە ئەبەستن بۆ لە دهۆک کۆبوونەوەکانی خۆی لە ئەو کۆلیژە نابەستێت؟

پرسیاری ژمارە (١٢) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار ئەحمەد سالار ەوە بۆ وەزیری تەندروستی وکۆمەڵایەتی ئەڵێت: بۆ سنوورێک بۆ دیاردەی پەک کەوتەو وسواڵکەران لە چوار ریانەکانی رێگا وترافکلایتەکان دانانێن؟.

پرسیاری ژمارە (١٣) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار ئەحمەد سالارەوە بۆ سەرۆک وەزیران ئەڵێت: زۆر پێویستە پێویستیەکانی زانستی بۆ قوتابیەکانی زانکۆ دروست بکرێت وئامادە بکرێت چونکە ئەو پێویستییانە تەکلیفەیەکی دارایی زۆرە لەسەر شانی قوتابیەکان.

پرسیاری ژمارە (١٤) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار ئەحمەد سالارەوە بۆ رێزدار وەزیری رۆشنبیری، پرسیاری دەزگاکانی راگەیاندنی حکومی ئەکات دەڵێ: چ هەنگاوێک هاوێشتراوە بۆ ئامادە کردنی رادیۆ وتەلەفزیۆنی حکومی؟

پرسیاری ژمارە (١٥) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار ئەحمەد سالار ەوە بۆ وەزیری پیشەسازی ووزە ئەڵێ: هەتاکو ئێستا ژمارەی کارگە لەکار کەوتووەکان چەندە وچ پیلانێک دانراوە بۆ ئەو کارگانە تا کاری خۆیان بکەن؟

پرسیاری ژمارە (١٦) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار ئەحمەد سالارەوە بۆ رێزدار وەزیری شارەوانی، ئەڵێ: بۆچی هیچ پلانێک دانەنراوە بۆ پاراستنی ئەو دارو درەختانەی کە بەبۆنەی لەدایک بوونی بارزانییەوە چاندراون؟

پرسیاری ژمارە (١٧) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار سەفەر محەمەدەوە بۆ وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن ئەڵێ: چ پاساوێکی یاسایی وپێویست هەیە بۆ وەرگرتنی باجی(٥)دینار لەو ئۆتۆمبیلانەی کە بەسەر پردی قەسرۆک تێپەڕ دەبن؟

پرسیاری ژمارە (١٨) لە ١٩٩٧/٥/١٤ لەرێزدار سەفەر محەمەدەوە بۆ وەزیری پ.م ئەڵێ: چ پلانێک هەیە لە وەزارەت بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای رێزلێنانی پ.م؟

پرسیاری ژمارە (١٩) لە ١٩٩٧/٥/٢٥ لەرێزدار سەفەر محەمەدەوە بۆ وەزیری ناوخۆ ئەڵێ چ ئیجرائێکی بەڕێوەبەری ویاسایی وەرگیراوە بەرامبەر بەڕێوەبەری ئاسایشی دهۆک لەسەر ئەو رەفتارەی لەبەرامبەر مافی رێزدار ئەندامی پەرلەمان جەمیل عەبدی سندی کردوویەتی؟

پرسیاری ژمارە (٢٠) لە ١٩٩٧/٦/٧ لەرێزدار حەمید سەلیم میرانەوە بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە ئەڵێ: هۆیەکانی تەواو نەکردنی بەستنی بیرەکانی شاری هەولێر لەگەڵ هێڵی کارەبا چییە؟

پرسیاری ژمارە (٢١) لە ١٩٩٧/٦/٧ لەرێزدار حەمید سەلیم میرانەوە بۆ وەزیری پیشەسازی و

وزە ئەڵێ: ئایا توانای بەستنی کارەبای خانووەکان لەگەڵ ستونی کارەبا بە هۆی فیوزی (٢ ـ ٤) پرم هەیە؟

پرسیاری ژمارە (٢٢) لە ١٩٩٧/٦/٧ لەڕێزدار ئیبراهیم سەعیدەوە بۆ وەزیری پیشەسازی و وزە، پرسیاری ئەوە دەکات توانای ناردنی چەند ئەندازیارێک بۆ تورکیا بۆ مەشق کردن لەسەر دروست کردنی پرۆژەی وێستگەی کارەبایی بچووک بۆ کارەبای گوندو دێیەکان هەیە؟.

پرسیاری ژمارە (٢٣) لە ١٩٩٧/٦/٨ لەڕێزدار ئیبراهیم سەعیدەوە بۆ وەزیری دارایی وئابووری ئەڵێت: بۆ بوار بەوکەسانە ئەدەن کانەکانی کەلوپەلی بیناسازی لەسەر رووبارەکانی سنووری دروست بکەن؟ کە دەبنە هۆی گۆڕینی هێڵی تالیۆک لەناوچەکانی سنووردا؟.

پرسیاری ژمارە (٢٤) لە ١٩٩٧/٦/٨ لەڕێزدار ئیبراهیم سەعیدەوە بۆ وەزیری پەروەردە ئەڵێت: زۆر پێویستە وەزارەتی پەروەردە یاسای بە زۆر خوێندن (قانون التعليم الإلزامي) جێبەجێ بکات تاکو سنوورێک بۆ کرداری خۆ دزینەوەی قوتابییەکان لەقوتابخانەکان دابنێ.

پرسیاری ژمارە (٢٥) لە ١٩٩٧/٦/٨ لەڕێزدار جوهر ئەحمەد شاوازەوە بۆ وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار، ئەڵێت: وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ دروست کردنی جێگا لەهاوینە هەوارەکاندا؟

پرسیاری ژمارە (٢٦) لە ١٩٩٧/٦/٨ لەڕێزدار جوهر ئەحمەد شاوازەوە بۆ وەزیری شارەوانی، ئەڵێت ئایا دەکرێ شاری هەولێر لەرێگای بەڵێندەرانەوە پاک بکرێتەوە یان نا؟

پرسیاری ژمارە (٢٧) لە ١٩٩٧/٦/٨ لەڕێزدار ئیبراهیم سەعیدەوە بۆ وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ، ئەڵێ بۆ تاکو ئێستا وەزارەتی ئەشغال هیچی نەکردووە بۆ چارەسەرکردنی ڕۆیشتنی گازوایل لەگەڵی زاخۆ و باجێک ناسەپێنێ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی؟ وپرۆژەیەکی یاسایی لەو بابەتە دروست بکات لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلانەی دابنێت کە ئەوەی گازوایل دێن ودەبەن لەو ڕێگایەوە.

پرسیاری ژمارە (٢٨) لە ١٩٩٧/٦/٨ لەڕێزدار عەبدولخالق زەنگەنەوە بۆ وەزیری دارایی وئابووری ئەڵێ: بۆ تاکو ئێستا زیادەی پەرلەمان بۆ مووچە خۆران خەرج نەکراوە؟

پرسیاری ژمارە (٢٩) لە ١٩٩٧/٦/٩ لەڕێزدار جوهر ئەحمەد شاوازەوە بۆ وەزیری گواستنەوە وگەیاندن پرسیاری ڕێکخستنی هاتووچۆی هاوولاتیان وکەل وپەلیان دەکات لە هەرێمی کوردستان، چ پلانێک بۆ ئەوە دانراوە؟

پرسیاری ژمارە (٣٠) لە ١٩٩٧/٦/٩ لەڕێزدار عەبدولخالق زەنگەنەوە بۆ وەزیری پیشەسازی ئەڵێت: هۆیەکانی چارەسەر نەکردنی سووتەمەنی بەشێوەیەکی ڕێک وپێک چییە؟ و بۆ سنوورێک بۆ بازاری ڕەش دانانرێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئەو پرسیارانە تاکو ئێستاکە گەیشتوونەتە سەرۆکایەتی

ئەنجوومەن. وتمان ئێستا کاک د.ئیدریس ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ جەنابی وەزیر تا چەند خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەو پرسیارانە، لەوانەیە لەکاتی گفتوگۆش چەند پرسیارێکی بەزار بەرەو رووی بێت، ئەو جۆرە پرسیارە پەیوەندارە بەجەنابی وەزیر خۆیەوە، ئەتوانێت وەڵام بداتەوە وئەتوانێت وەڵامەکەی دوابخات.

دێینەوە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار. پرۆژەی هەموار کردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان وگەشت وگوزار ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣، پێشەکی داوا دەکەین لە لیژنەی یاسا ولیژنەی خزمەتگوزاری بفەرموونە ئێرە راپۆرتی خۆیان بخوێننەوە. لیژنەی یاساش راپۆرتی خۆی هەیە، پاشان دێینەوە سەر پرۆژەکەی حکومەت کە پێشکەش کرابوو بۆ گفتوگۆ کردنی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئاگاداریشن کە رای لیژنەی تایبەت ولیژنەی یاسا دەربارەی ئەو پرۆژەی کە پێشکەش کراوە هەیە، پاشان ئێمە دێینەوە سەر ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە. فەرموو مەلاهادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەت وەڵام /پەراوێزتان لە ١٩٩٧/٥/٣ لەسەر نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٧٥٥) لە رۆژی ١٩٩٧/٥/١٠ بۆ هەموار کردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان، لیژنەکەمان داوای لێکۆڵینەوەو ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە دەربڕی بەم شێوەیەی خوارەوە:

الفصل الاول: المادة الاولى. لاریمان نییە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

الفصل الثاني: المادة الثانية، فقرة(أ). لاریمان نییە وەک لە هەموارەکە هاتووە رەزامەندیمان لەسەری هەیە (ب) لاریمان نییە بەمەرجێک لەو برگەیە وشەی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی زیاد بکرێ هەر وەکو لە پرۆژەی پێشنیارەکانی یاسایی هاتووە.

المادة الرابعة: لاریمان نییە بەمەرجێک (مصادقة السلطة الادارية) بگۆڕدرێ بە پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن یان (مدير عام البلديات).

الفصل الثاني: المادة الخامسة. ئەویش لاریمان لەسەری نییە وەکو هەموار کراوە وابێ.

الفصل الرابع: المادة السادسة: رەزامەندیمان لەسەرە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ(للوزير بناءاً على اقتراح السلطة الادارية زيادة عدد الاعضاء بنسبة زيادة عدد السكان، بحسب اصنافها في المجلس البلدي على ان لايتجاوز عن واحد وعشرين عضواً، بالنسبة للصنف الخاص والممتاز وزيادة عضوين بالنسبة للاصناف الاخرى وذلك قبل الشروع بالانتخابات بمدة لاتقل عن ثلاثين يوما.

المادة السابعة: پێویست ناکات ئەو برگەیە بگۆڕدرێت یان زیاد بکرێ. مادەی (٢٥) وەکو خۆی بێ کە لە برگەکە هاتووە، دەسەڵاتی رێگرتنی داوەتە هەموو کەس بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەوەش و خەڵکانی تر کەوا پەیوەندییان پێوە هەیە.

المادة الثامنة: پێویست ناکات هەموار بکرێ، چونکە مادەی (٣٤)ی لە برگەی یەک پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی جیاوازی دەسەلاتی لەنێوان دەسەلاتی بەرێوەبردن و وەزیردا جیا نەکردۆتەوە.

المادة التاسعة: لاریمان نییە بەمەرجێک وشەیەک زیاد بکرێ کە (تعدل) برگە پێنج لەماددە (٣٨) وبەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ، چونکە ئەم ماددەیە پێویستی بەوەیە کە زیاتر روون بکرێتەوە ودیاری بکرێ:

٢- لمجلس الوزراء بهدف تنفيذ السياسة الاسكانية في اقليم كوردستان بيع الاراضي المخصصة للاسكان بدون مزايدة علنية الى مواطني الاقليم الذين لايملكون هم وازواجهم قطع سكنية و داراً لهم، بسند قبل صدور هذا القانون.

المادة العاشرة: لاریمان نییە بەمەرجێک برگەی (لایتجاوز) بکرێتە تجاوز چونکە رێژەی ئەو (٣٥٪)و ئەو(٢٥٪). (لا) یەکە زیادە.

المادة الحادية عشرة: ئەوەی هاتووە (على المجلس ان يقرر تعيين استقامات و سعة الشوارع التي هي ضمن العقارات التي يروم اصحابها).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەکەمان دەوێ...

**بەرێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

لێرە دەڵێ:(٢٥٪ من مساحة العقار التي لاتتجاوزمساحته الكلية (٥٠٠٠)م مربع، لە هەمان برگە یەک (ب) دەڵێ (٢٥٪ من مساحة العقار التي) لەوێش گووتی (لاتتجاوز )لێرە دەبێتە تجاوز المساحه الكلية (٥٠٠٠)م مربع ئەوە جیاوازی هەیە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانین ئێمە ئەمانەوێ ڕای لیژنەکە دەربارەی ئەم ماددەیە بزانین چییە؟ پاشان دێینە سەری، مادە بە ماددە دەیخوێنینەوە ئەو کاتە ئەتوانی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەی.

**بەرێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو چۆن هاتووە ئێمە لاریمان نییە لەسەری، ماددەی (١١) ئەویش لاریمان لەسەری نییە بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێت (لمجلس الوزراء بناءا على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي إذا فقد المجلس اكثرية اعضائه اذا كانت البلدية من الصنف الخاص و الممتاز وللوزير حل المجلس بالنسبة للاصناف الاخرى بناءاً على اقتراح السلطة الادارية). ماددەی (١٢ و ١٣ و ١٤) لاریمان نییە وەکو هەموار کراوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. لیژنەی یاسا با بفەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەت: پرۆژەی چاک کردنی یاسای شارەوانیەکان، ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کە رای لیژنەکەمان بەم شێوەی خوارەوەیە: یاسای شارەوانییەکان هەر خۆی لەیاسای شارەوانی عێراقی وەرگیراوە وکاتی خۆی لەبەر ململانێی پەنجا بەپەنجا بەم شێوەی کە هەیە دەرچوو، هەوڵ درا کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن (محافظ، قائمقام، مدیر ناحیة) دوور بخرێتەوە لەهەموو ئیش وکارەکانی شارەوانی و ئێمە رامان لەگەڵ چاک کردنی یاساکەیە بەم شێوەی کە هاتووە، چونکە بەڕاستی نازانین کەوا دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەم شێوەیە دوور بخرێتەوە چونکە ئەوان نوێنەری هەموو وەزارەتەکانن نابێ بەم شێوەیە پشت گوێ بخرێ وبەم چاک کردنەوەیە یاساکە ئەگەڕێتەوە دۆخی جاران هەر وەکو سەرچاوەکەی یاسای شارەوانی عێراقیە لەگەڵ رێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دێینە سەر ئەو پرۆژەی کە مادده مادده بخوێنرێتەوە، پاشان مادده بەمادده بخرێتەگفتوگۆوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير البلديات والسياحة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة

قانون التعديل الاول لقانون ادارة البلديات لكوردستان العراق

رقم (٦) لسنة/١٩٩٣

الفصل الاول:

تضاف فقرة على المادة الاولى وتكون تسلسها (١٠) وكالآتي:

السلطة الادارية: المحافظ - القائمقام - مدير الناحية.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەڵێ ماددەكانى دى بخوێنەوە، پرۆژەكەش دوایى ماددە بە ماددە گفتوگۆى لەسەر دەكەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

الفصل الثاني: المادة الثانية:

أ- تعدل الفقرة (٢) من المادة الخامسة وتكون كالآتي:

٢- القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثة آلاف نسمة بناءاً على اقتراح السلطة الادارية وموافقة الوزير.

ب- تعدل الفقرة (٣) من المادة الخامسة وتكون كالآتي:

٣- تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لايقل عدد نفوسها الحد المشار اليه اعلاه و للوزير الغائها بناءاً على اقتراح السلطة الادارية. ئەوە لە وەزارەتى دارایى لێپرسراوى بەڕێوەبردن بێ.

المادة الثالثة: تعدل المادة الثامنة وتكون كالآتي:

المادة الثامنة: تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي ومصادقة السلطة الادارية متضمنا الاسباب الموجبة للتعديل وموافقة الوزير.

المادة الرابعة: تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي:

المادة الحادية عشرة: يجوز توحيد بلديتين او اكثر ببلدية واحدة في حالة توسع حدودها واتصالها ببعضها بقرار من مجالسها ومصادقة السلطة الادارية وموافقة الوزير وينفذ من تاريخ نشر القرار في الجريدة الرسمية.

الفصل الثالث: المادة الخامسة: تعدل المادة الثانية عشرة وتكون كالاتي:

المادة الثانية عشرة على الوزير ان يلغى البلدية بناءاً على اقتراح السلطة الادارية او مدير البلديات العام في الحالات التالية:

١- زوال شروط استحداثها.

٢- توحيدها ببلدية ثانية.

الفصل الرابع: المادة السادسة، تعدل الفقرة (٢) من المادة الثامنة عشرة وتكون كالاتي:

٢- للوزير بناءاً على طلب السلطة الادارية زيادة عدد الاعضاء على ان لايتجاوز عن واحد وعشرين عضواً وذلك قبل الشروع بالانتخابات بمدة لاتقل عن ثلاثين يوماً.

المادة السابعة: تضاف الفقرة التالية الى المادة الخامسة والعشرين وتكون تسلسها (ثلاثاً) اما

الفقرة فيها فتصبح تسلسلها (٤) وكالاتي:

٣- تكون قرارات المجلس التي تتعلق بإعداد التصاميم الاساسية والتفصيلية وتعديلها وإلغائها وتقسيم المدينة الى مناطق عمرانية وسكنية وتجارية وصناعية خاضعة للاعتراضات من قبل السلطة الادارية خلال خمسة عشرة يوماً و من تاريخ وصوله اليه وترفع الاعتراضات الى الوزارة للبت فيها.

المادة الثامنة: تعدل الفقرة الاولى من المادة الرابعة والثلاثون وتكون كالأتي:

١. تكون قرارات المجلس لاستعمال الوظائف المنصوص عليها في هذا القانون والتي لا تتطلب صرف مبالغ من البلديات قابلة للاعتراض خلال خمسة عشرة يوماً من قبل الوزير او السلطة الادارية اعتباراً من وصول القرار اليها وللوزير حق توقيف تنفيذ هذه القرارات لمدة لاتتجاوز خمسة عشرة يوماً لغرض دراستها وتقرير مايلزم بشأنها.

المادة التاسعة: تستثنى القطع السكنية للبلدية من قانون بيع وايجار اموال الدولة.

المادة العاشرة: تعدل المادة الثامنة والاربعون وتصبح اصل المادة الفقرة الاولى منها وتضاف اليها فقرة اخرى وبتسلسل (٢) وتكون كالأتي:

٢. على المجلس ان يقرر تعيين استقامات وسعة الشوارع التي هي ضمن العقارات التي يروم اصحابها تقسيمها وتقطيع البلدية في هذة الحالة مجانا من العقار مساحة الشوارع والمرافق العامة بالنسب التالية.

أ- مالايزيد عن ٢٥٪ من مساحة العقار الذي لاتتجاوز مساحته الكلية(٥٠٠٠ ) متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع فيها.

ب- ٢٥٪ من مساحة العقار الذي تتجاوز مساحته الكلية خمسة الاف متر مربع ولايزيد عن عشرة الاف متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع فيها.

جـ- اذا كانت مساحة العقار تزيد على عشرة الاف متر مربع فتكون كما يلي:

١- ٤٠٪ من مساحته الكلية اذا كان واقعا ضمن المنطقة العمرانية الاولى والثانية.

٢- ٣٥٪ من مساحة الكلية اذا كان واقعا ضمن المنطقة الثالثة.

٣- ٣٠٪ من مساحة الكلية اذا كان واقعا ضمن المنطقة العمرانية الرابعة والممتازة.

٤- ٢٥٪ من مساحة الكلية اذا كان واقعا ضمن المنطقة العمرانية الخامسة.

د- اذا نظم صاحب العقار خارطة التقسيم وكان مجموع مساحة الشوارع والمرافق العامة يزيد على النسب المبينة بالفقرة السابقة وكانت هذه الزيادة لمصلحته، فعليه ان يسجل هذه المساحة باسم البلدية مجانا مهما بلغت وان كانت الزيادة في المساحة من مقتضيات التصميم الاساس او التفصيلي للمنطقة العمرانية التي يقع ضمنها العقار فعلى البلدية ان

تستملك هذه الزيادة وفق قانون الاستملاك على ان تعين البلدية مقدماً على الخارطة المساحة التي تؤخذ مجاناً وفق احكام الفقرات السابقة والمساحة التي يجب ان تستملك قبل المصادقة على الخارطة،

المادة الحادية عشرة: تعدل الفقرة الاولى من المادة التاسعة و الاربعون وتكون كالاتي:

لمجلس الوزاراء بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه اذا كانت البلدية من الصنف الخاص او الممتاز اما بالنسبة للاصناف الاخرى فيقدم الاقتراح من قبل السلطة الادارية.

المادة الثانية عشرة: تعدل المادة الثانية والخمسون وتطرح كما يلي:

١- للوزير منح بعض صلاحياته المنصوص عليها في هذا القانون الى السلطات الادارية لتقليص الروتين وتسهيل سير الامور.

٢- للوزير ان يخول رئيس البلدية مايراه ضرورياً من الصلاحيات المقررة له بموجب القوانين المرعية لتسهيل اموره.

المادة الثالثة عشرة:

تلغى الفقرتان (س،ع) من المادة السابعة والعشرون.

المادة الرابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطنى لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مادده بە مادده دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە. فەرموو کاک محەمەد مادده یەک بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

المادة الاولى: تضاف فقرة جديدة على المادة الاولى ويكون تسلسلها (١٠) وكالاتي:

(١٠): السلطة الادارية، المحافظ، القائمقام ، مدير الناحية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموارکردنێک لەسەر ماددەی یەک بەو شێوەی کە باس کرا، کراوە، زنجیرەی(١٠) ئەو وشانە، یاخود ئەو زاراوانەی بۆ زیاد دەکرێ، کێ قسەی لەسەر ماددەکە هەیە؟ کاک سەعیدو کاک د.رزگار کێی تر؟ نییە؟. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە رای لیژنەی یاسایی (السلطة الادارية) مانای چییە؟ چونکە لێرە هاتووە (محافظ، قائمقام، مدير الناحية، السلطة الادارية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم پێناسەکەی لەگەڵدایە با پرسیارەکە روون بێ.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ منیش رونکردنەوەم دەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چونکە نووسراوە وخۆی پێناسەی کردووە(السلطة الادارية، المحافظ، القائمقام، مدير الناحية)، چی ترت دەوێ لەوە زیاتر؟.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا منیش مەبەستم هەر ئەوەیە،(السلطة الادارية) واتا مەبەستمان هەر (المحافظ، القائمقام، مدير الناحية) یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دیاری کراوە، یاسایەکە لات نییە؟دووخال لات نییە؟ مەبەستم دوایی ئەو دوو خاڵە لەوکاغەزەی لاتە نەنووسراوە (المحافظ، القائمقام)، ببوورە دوو نوختەکە فاریزەیە.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ یاساکەم لا هەیە بەڵام مەبەستم دوو خاڵەکە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

الفصل الثاني/المادة الثانية:

أ- تعدل الفقرة (٢) من المادة الخامسة وتكون كالآتي:

٢- القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثة آلاف نسمة بناءا على اقتراح السلطة الادارية وموافقة الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا حەز ئەکەی ئەوەمان بۆ روون بکەرەوە.( القرى التي لا يقل عدد نفوسها) چییە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هەموارەی هاتووە(القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن ثلاثة آلاف نسمة بناءاً على اقتراح الوزير).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی یاسایەکە وەکو ئێمە کە لیژنەی یاسا تێگەیشتین کە هەموارەکەی هاتووە کورتەی بابەتەکە ئەوەیە سەرەتای دەستنیشانەکە(مشار)ڕەچاو کراوە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە قەزاو ناحیەو لە پارێزگادا نوێنەرایەتی هەموو وەزارەتەکەمان ئەکەن و نوێنەری هەموو وەزارەتەکانن.
بەڕاستی نازانین وەزارەتێک لە وەزارەتەکانیش ئیشوکاری بکرێ ئەوانیش وەکو خەڵک ئاگادار نەبن، چونکە (قانون المحافظات) مەرجێکی تێدایە و یاساکەش لە هەموو فەرمانگەکاندا پیڕەو دەکرێ، مادده (٢٢)ی دەڵێ: (على الوزارات والدوائر الرسمية وشبه الرسمية ان ترسل الى المحافظ نسخة من الاوامر والتعليمات والمقررات التي ترسلها الى دوائرها في المحافظة لاطلاعه عليها ومراقبة تنفيذها) جا لەو روانگەوە وەرگیراوە، وە ئەگەر نا دوا وشە لە هەموو یاساکە تەنها بۆ وەزیر ماوەتەوە. ئەگەر وەزیر ڕەزامەندی لەسەر نەکا سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن هیچی پێ ناکرێ کە بەڕێوەبەری ناحیەو پارێزگار و قائمقام دەگرێتەوەو برگە دووەکە لە بنەڕەتی یاساکە هاتووە دەڵێ (القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثة آلاف نسمة بناءاً على اقتراح المدير العام للبلديات وموافقة الوزير والمدير العام للبلديات) پێک هاتووە لە بەشێک لەوەزارەت چونکە ئەو پرۆژەیە کە دەچێتە وەزارەت بەتەئکید بە بەردەمی بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانی دا دەڕوات و دەتوانێ ڕاپۆرت بۆ وەزیر بەرز بکاتەوە هەرچی بڵێ دەتوانێ بۆی بکا. کە چووە بەردەمی وەزیر ئەگەر پەسەندی بکا یان نەیکا، جا لەبەر ئەوە ئەو بازنەیەی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی زیادە، لە جیاتی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دانراوە کە پێشنیارەکە بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت، وەزارەتیش لەوێ بڕیاری لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە. دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ ئەو برگەیە لیژنەی خزمەتگوزاری هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. نییە.کێ تێبینی هەیە؟ کێ ئەیەوێ قسە بکا لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو هەموارەیە کە لیژنەی یاسا خوێندیەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەکەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. فەرموو

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ب- تعدل الفقرة (٣) من المادة الخامسة وتكون كالآتي: تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه وللوزير الغائها بناءاً علي اقتراح السلطة الادارية. هەمان روونکردنەوەی برگە (أ)ە واتە(السلطة الادارية) هاتۆتە جێگای(المدير العام للبلديات). هەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری. فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رازین لەسەر ئەوە. بەڵام ئێمە پێشنیارمان ئەوە بوو(تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه وللوزير الغاءها بناءا على اقتراح السلطة الادارية او المدير العام للبلديات) چونکە لەوێ (المدير العام) هەبووە ئەویش وەکو دەزگایەک هەیە لەو وەزارەتە دەبێ دەسەڵاتێکی بدرێتێ، ئاگاداری هەبێ ئەمەش رەئیمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەوە رای لیژنەی خزمەتگوزاری بوو، با رای وەزیری تایبەت بزانین، فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە وەزارەتدا نیو سەعات دانیشتین لەگەڵ لیژنەی یاسایی و باسی گفتوگۆی گشتی ئەم رەشنووسەمان کردووەو من پێم باشە لەسەر دەقەکەی لیژنەی یاسایی بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر ئیجازە هەبێت مەسەلەی گفتوگۆ کردن شتێکی ترە، لیژنەی خزمەتگوزاری پێشنیارێکی هەیە ئەڵێت: ئەگەر هاتوو پاشی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن وشەی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان دابنرێت، (المدير العام للبلديات) بەشێکە لە وەزارەتی شارەوانییەکان.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بێگومان هەموو شت لە وەزارەتەوە ناگاتە لای وەزیر ئەگەر تێنەپەڕێ بە بەردەم بەڕێوەبەرە گشتییەکان ولەسەر بەڕێز جێگری وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بۆ ئەم ماددەیە، با برادەران ناونووس بکەین: د.ئیدریس

،كاك فرەنسۆ هەریری، كاك جەمیل عەبدی، جوهر شاواز، كێی تر؟ تەنها چوار ئەندامی پەرلەمان، فەرموو كاك فرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەی لیژنەی یاساییین، و بەڕێز وەزیری شارەوانیش پشتگیری لیژنەی یاسا كرد، هەر وەكو برای بەڕێزم كاكەرەش وتی ئەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دەینێرێ بەپێش بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەكان دا دەڕوا، پێویست ناكا ناوەكەی زیاد بكا، ڕۆتینەو بەلای ئەودا دەڕوا تا دەگاتە وەزیر، بۆیە ئێمە لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك فرەنسۆ. فەرموو كاك د.ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دەیكا عادەتەن دەنێردرێتە وەزارت ولە وەزارەت دوا بریار بۆ وەزیرە، جا وەزیر پرس و راوێژ بە بەڕێوەبەری گشتی تایبەتمەند دەكا. لێرە سەرەتا كە هەموار لە برگەكە كرا«السلطة الادارية» پێناسە كراوە، داخل كراوە، بەڵام بریاری كۆتایی هەر بۆ وەزیری تایبەتمەند دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك ئیدریس، فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك شارەوانی پێویست نییە، وتەكلیفێكی زۆر زۆر بۆ وەزارەتی ئابووری و دارایی دروست دەكەن، نەك بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەكان تەنها لە وەزارەتی خۆی لەسەر وەزارەتی داراییش تەكلیف ئەكا، لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم كە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەكان بزانێ فلان شارەوانی پێویست نییە، مەرجی تیا نییە، زۆر تەكلیف لەسەر حكومەت دەكات، دەبوایە ئەویش مافی هەبێت. راستە مامەڵە هەر ئەڕوا بۆ لای بەڕێووبەری گشتیی شارەوانی و لەوێوە بۆ جەنابی وەزیری شارەوانیەكان، بەڵام دەبێ بەلایەنی كەم مافی پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەكانیش هەبێت، چۆن دەسەڵاتی بەڕێوەبردن مافی هەبێت كە بەڕێوەبەری ناحیەكە و شارەزایی زۆر زۆر لە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەكان كەمترە، دەبوایە ئەمەش جیا بكرابایەوە، زیاتر كێ دەگرێتەوە؟ بەڕێوەبەری ناحیە دەگرێتەوە، نە جەنابی پارێزگار نە جەنابی قائمقام ناگرێتەوە. دەبێ بەلایەنی كەم بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی(المدير العام للبلديات) یش مافی پێشنیاری هەبێ، كە بودجەی حكومەتی هەرێم ئەم ساڵ پەسەندمان كرد زیاتر لە (٣٠) ملیۆن

دینار وەزارەتی دارایی لە ئەستۆی خۆی ئەگرێ، تەحەمموولی دەکات بۆ شارەوانیەکان، لەبەر ئەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی دەبوایە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی مافی پێشنیاری هەبێ و، رای کۆتایی بۆ جەنابی وەزیرە بێ، لەبەر ئەوە من پشتگیری لیژنەی کارگوزاری گشتی دەکەم و هەر ئەو پێشنیارەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل. فەرموو کاک جوهر.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی نابێ دەوری لەو لاوە لێ بسەندرێتەوە، چونکە زۆر یەکەکانی بەڕێوەبردن هەیە لەوانەیە ئاوەدان ئەکرێتەوە، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان ئەو دەسەلاتەی هەبێت، ئەو مافەی هەبێت لەگەڵ سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن، ئەگەر هاتوو لەو شوێنەدا یەکەی بەڕێوەبردن هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک یۆنادەم.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز ئەکەم روونکردنەوەیەک بدەم بە برادەران، ئەڵێ (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون) مانای وی چییە؟ دوای راپەرین ئێمە وەکو دەسەلاتی ئەمری واقیع، وەکو بەرەی کوردستانی، هەندێ شارەوانیمان نوژەن کرد بە شێوەیەکی کاتی، بەر لەدامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم. جا دوای ئەوە بریارەکە یان یاساکە وا دارێژرا کە هەندێک لەو شارەوانیانە پێویست ناکات یان هەڵەیە واتا کارێکی کاتیمان کردبوو، ئێستا ئەڵێ (ئەکرێ ئەو شارەوانییانە هەڵبوەشێندرێتەوە؟ بەرای من مافی بەڕێوەبەری گشتی پارێزراوە لە رێگەی وەزیرەوە، چونکە بەپێی یاسای وەزارەت وەزیر بۆی هەیە پەیرەوی وەزارەتی خۆی هەرچۆنی بەباشی ئەزانێ گۆڕانکاری تێدا بکا، یان لەغوی بکا، بەرای من وەکو خۆی چۆنە هەروا بمێنێ، مافی بەڕێوەبەری گشتی هەر پارێزراو بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یۆنادەم، فەرموو جەنابی وەزیر وەلامی برادەران بدەنەوە.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان شتێکی گرنگە کە بەڕێوەبەرە گشتییەکان رای خۆیان هەبێ، من تەئکید ئەکەم هیچ

نووسراوێک ناگاتە لای وەزیر بەبێ ئەوەی هامشی بەڕێوەبەری گشتی تایبەتمەند و جێگری وەزیری لەسەر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حسێن تەنها یەک پێشنیارمان ماوەتەوە، پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاری دەربارەی ئەو بابەتە، ئەگەر بەو وەلامانەی کە درایەوە لەگەڵ پێشنیاری دوو ئەندامی پەرلەمان کاک جەمیل و کاک جوهر کە پشتگیریان لە پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاری کرد. بابزانین لیژنەی خزمەتگوزاری لەسەر رای خۆیەتی یان بڕوای کردووە چونکە ئەگەر سوور بێ لەسەر ئەوە ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە. فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز ئەکەم لای برادەران شتێک ئاشکرا بێت، کە دەڵێین (للوزير الغاءها بناءا على اقتراح السلطة الادارية) مانای ئەوە نییە ئەگەر دەسەلاتی بەڕێوەبردن شتێکی پێشنیار نەکرد وەزیر پێی ناکرێ، واتە وەزیر شارەوانیەکەشی هەر پێ هەڵدەوەشێندرێتەوە، ئەگەر لەلای دەسەلاتی بەڕێوەبردنیش پێشنیار نەهات. جا ئەگەر پێشنیارەکە هات تەماشای دەکا. جا لەبەر ئەوە خۆی بەڕێوەبەری شارەوانیەکان دەوری زۆر پارێزراوە ئەگەر دیتی لەگەڵ وەزارتەکەی خۆی شارەوانیەک پێویستی نییە، لەگەڵ وەزیر دەتوانێ هەم ئاهەنگی بکا، بەڕێوەبەر لەغوی بکا بەبێ ئەوەی هیچ پرس بەکەس بکا چونکە دوا دەسەلات هی ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە دەسەلاتی وەزیر کەم دەکاتەوە، ئیلا دەبێ پێشنیارەکە لە دەسەلاتی بەڕێوەبردنەوە بێ، نەخێر وا نییە، وەزیر بەخۆی بەتەنیا ئەو دەسەلاتەی هەیە بەبێ دەسەلاتی بەڕێوەبردن لەبەرئەوە پێویست بەم وشەیە نییە باس بکرێ، دوایی دوومافی بۆ پەیا دەبێ، هەم بەڕێوەبەری شارەوانی پێشنیار بکاو هەم دەسەلاتی بەڕێوبردن، بەڕێوەبەری شارەوانی با بچێتە لای وەزیرو پێی بڵێ ئەو شارەوانییە کەڵکی نەماوەو با هەڵی بوەشێنێتەوە، هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکەڕەش، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزو ئیحترامم بۆ کاکەڕەش کە خۆی یاساناسەو ئەندامی لیژنەی یاسایە، ئەڵێت جەنابی وەزیری شارەوانی مافی هەڵوەشاندنەوەی هەیە، نەخێر لێرە ئەڵێ (تبقى البلديات) ماددەکە دەمێنێت، تەنها مەرجێکی بۆ داناوە، وەزیر کەی هەڵی بوەشێنێتەوە، بەلام ئەگەر دەسەلاتی بەڕێوەبردن پێشنیاری کرد، مانای نە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی نە جەنابی وەزیریش ناتوانێت هەڵی بوەشێنێتەوە، چونکە ئەڵێت «تبقى البلديات» لێرە ماددەکە ئاشکرایە لەبەر ئەوە من سورم

لەسەر پێشنیاری خۆم، ئەو بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیە زیاد بکرێ، برادەرانی یاسایی دەبوایە بە ڕاشکاوی بدوێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاکەڕەش گەر هیچ هەیە لەسەر ئەو بڕگەیە ڕوونی بکەیەوە بۆمان.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک جەمیل هەندێ پابەندە بە وشە زیاتر لەبابەت، چونکە ئەگەر یەکێک دەسەلاتی هەبێ شتێک هەڵبوەشێنێتەوە لەسەر پێشنیاری یەکێک مانای ئەوە نییە دەسەلاتی نییە بۆ خۆی بەتەنیا بیکا، پێشنیار تەنیا ئاگادار کردنەوەیە، چونکە ڕاسپێردراویش نییە، ئەگەر دەسەلاتی بەڕێوەبردن پێشنیاری کردو وەزیر خۆی بڕوای نەبوو بیکات، ئەتوانێ نەیکات ڕەدی بداتەوە، ئەڵێ ئەو هۆیانە معقوول نین، بۆیە حەزناکەم بە (الفاظ)ەوە خۆتان ببەستنەوە(تبقى وللوزير الغاءها) وەزیر دەتوانێ هەڵی بوەشێنێتەوە ئەگەر دەسەلاتی بەڕێوەبردن پێشنیار بکا یا خۆی بۆ بەرژەوەندی گشتی دایبنێ کە پێویست نییە ئەو شارەوانیە هەبێ، لە هەموو حاڵەتێکدا دەتوانێ هەڵی بوەشێنێ، و دەتوانێ پێشنیاری کە دەسەلاتی بەڕێوەبردنیش دەیکا، نەیکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەو دەقە کاکەڕەش ئەگەر زەحمەت نەبێت لەوانەیە ڕوون کردنەوەی زیاتری پێویست بێت پرسیارەکە ئەوە بوو. تەنیا یەک پێشنیار ماوەتەوە کە لیژنەی خزمەتگوزاری دەربارەی ئەو بابەتە کردوویانە بۆ ئەو وەڵامانەی کە دابوویانەوە لەگەڵ پێشنیاری دوو ئەندامی پەرلەمان، کاک جەمیل و کاک جوهر پشتگیریان لە پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاری کرد. بابزانین لیژنەی خزمەتگوزاری لەسەر ڕەئیەکەی خۆیانن؟ ئەگەر سور بن لەسەری، ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان وەکو لیژنەیەک ئێمە کە ئەبەنای ڕەئیەکمان کرد لەبەر بەرژەوەندی گشتی، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ شارەوانیەکان و لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، لەوانەیە ئێمە نزیکتر بین تا خەڵکی تر لە لیژنەیەکی تر کە دوور لەم وەزارەتەن، جا ئێمە بە پەسەندی دەزانین بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کۆمەڵێک مەرج هەیە بۆ ئەو شارەوانیانە، هەندێکی هەیە مەرجەکانی ون دەکات. ئەوە هەمووی ڕوون کراوەتەوە، هەندێکی هەیە ژمارەی دانیشتوانی کەم دەبێ، نازانم چی کەم دەبێ،

بەلام هەر شارەوانیەک کە وەزیر بە معقولی نەزانێ، وبە پێویستی نەزانێ مانای دەتوانێ هەلی بوەشێنێتەوە ئەوە لەگەڵ ئەوەی پاساوی هەلوەشاندنەوشی هەبێ. هەرشتێ لەغو بوو ئەبێ پاساوی هەلوەشاندنەوی هەبێ بە تەئکید و پاساوەکەی خۆی هەلدەوەشێنێتەوەو بەیانی هەلوەشاندنەوەکەشی دەکات، بەلام من روون کردنەوەکەم لەسەر ئەوەیە کە برادەران دەلێن (بناءاً علی اقتراح السلطة الادرایة) وای بۆ نەچن کە ئەو شارەوانییە هەر دەمێنێ ئەگەر دەسەلاتی بەرێوەبردن رای لەسەر نەبێ، وەزیر موقتەنعیش بێت، شارەوانییەکە پێویست نییە ئەگەر دەسەلاتی بەرێوەبردن نەیکات هەر دەمێنێ مەبەستم ئەوەیە وەزیر دەتوانێ خۆی هەلی بوەشێنێتەوە بەبێ پێشیناری دەسەلاتی بەرێوەبردنیش. ئەگەر لای روون بوو کەوا مەرجی مانی نەمایە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە چ ماددەیەک لەم یاسایەدا؟

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان ماددە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەزدەکەین روون بێتەوە، واتە گفتوگۆی ئەم ماددەیە ئەکەین بۆ ئەوەی روون بێتەوە. بەپێی ئەو ماددەیە وەزیر بۆی هەیە شارەوانیەک هەلبوەشێنێتەوە کە هەیە؟ بێجگە لە دەسەلاتی خۆی، بەپێی ئەو پێرەوەی کە هەمانە، بێ ئەوەی کە پابەندیش بێ بە پێشنیاری دەسەلاتی بەرێوەبردن، جا ئەو روون کردنەوەیە لەم ماددەیە پێویستە، بۆ یاساییەکان. فەرموو کاک محەمەد حەسەن.

**بەرێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەی یاسایی بنەرەتی دەسەلاتی بە وەزیر داوە، پێشنیاری دەسەلاتی بەرێوەبردن « کل ما في الامر » ئاگادارکردنەوە و روونکردنەوەیەکە بۆ وەزیر کە ئەم شارەوانیە ئێستا پێویستی پێی نییە بۆی روون دەکاتەوە، دەسەلاتی هەلوەشاندنەوەی شارەوانی هەر بە دەست وەزیرە، بەلام پێشنیاری دەسەلاتی ئیداری تەنیا روونکردنەوەیەکە بۆ وەزیر کە پێویستیان هەیە یان نا، ئەگەر وەزیر خۆی زانیاری لەسەر پێویست بوون ونەبوونی ئەو شارەوانیە هەبوو، دەسەلاتی هەیە هەلی بوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە لەکوێیە ئەو دەسەلاتە؟

**بەرێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە هەمان ماددەیە ئێستا ئەگەر رێم پێ بدەن دەیخوێنمەوە.

«ب/ تعدل الفقرة (٢) من المادة الخامسة وتكون كالآتي:
(تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه) واته برگه (أ)(و للوزير الغائها بناءا على اقتراح السلطة الادارية). بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن. با روون کردنەوەیەکی تریش بدەم:
ئەم ماددەیە لە بنەڕەتدا لە یاسای ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤ کە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی عێراقە وەرگیراوە، هەتا ئێستاش ئەو یاسایە کاری پێدەکرێ ئەمە لەبنەڕەتدا لەو یاسایە وەرگیراوە، دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی ئەگەر ئەم مەرجەی تێدا نەبێ وەزیر دەتوانێت بەبێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیش شارەوانیەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەگەر وەزیر زانیاری نەبوو، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن وەکو روون کردنەوەیەک پێشنیاری هەڵوەشاندنەوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بنەڕەتی ماددەکە کە برادەران کاتی خۆی لە دانیشتنی پەرلەمان گفتوگۆیان کردووە، نووسراوە(تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لايقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه وللوزير الغاءها بناءاً على اقتراح مدير البلديات العام)، مانای وایە وەزیر ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی پێی نەڵێ حەقی نییە ئەوە هەڵبوەشێنێت. معقول نییە بەڕێوەبەرێکی گشتی لەبەر دەستی وەزیر بێت و پێوەی بەسترابێتەوە ئەو بە وەزیر بڵێ ئەوەی هەڵبوەشێنێت. نازانم برادەران بۆ پێیان لەسەر ئەو دەقە داگرت؟ وەزیر چۆنی هەڵدەوەشێنێت مادام بەڕێوبەری شارەوانی نەیڵێ، ئەگەر نەیگوت، هەر هەڵناوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە پرسیارەکەمان ئەوەیە، ئەوەی بوو ئەوە بارێکی خۆی هەیە، مادام جەخت دەکەینە سەر یاسایەک بەشێوەیەکی وا کە تێگەیشتنی باش بێت کە ئەوە پێش ئەوە بێخین، کاتی خۆی شتێ کراوە مانای ئەوە نییە ئەوە پیرۆزە. نابێ ئێمە دەستکاری یاسایەک نەکەین؟ باشتر وایە بەتێروتەسەلی گفتوگۆی بکرێت. لەڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە وەزیر بۆی هەیە ئەو شتە بکات بێ پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن؟ ئەوەمان بۆ روون کەن، لەسەری رێک بکەوین کێشەکە حەل دەبێت. جارێ با لیژنەی یاسا وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەتوانین بڵێین (للوزير الغاءها او الغائها بناءاً على اقتراح السلطة الادارية) واتە بە (أو) زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس، ئەو پێشنیارەی جەنابت لەجیگەی خۆیەتی، ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن با

ناونووسیان بکەین: کاک یۆنادەم، کاک سەفەر، کاک رەجەب، کاک د.ئیدریس، کاک سیروان کاکەیی. کاک محسن. کاک د.ناسح. کێی تر کاک جەمیل، فەرموو کاک یۆنادەم.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی وتران لەپەرلەمان پەسەند کراون، لە پەرلەمان یاسا هەیە پەیڕەو هەیە. بەبێ یاسا وەزیر مافی نییە دەستکاری ئەوشتانە بکات بەڕێوەبەری گشتی ناتوانێ شتێک ئالوگۆڕ پێ بکات یان هەڵی بوەشێنێتەوە. هەڵوەشاندنەوەشی بە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمان دەنێردرێ لەوێ پەسەند ئەکرێت. لە خواری بەڕێوەبەری گشتی پەیڕەوی وەزاری یە، وەزیر بەپێی یاسا دەسەڵاتی پێدراوە پەیڕەوی وەزارەتی خۆی دابنێ بەپێی پاساو جارێ بۆ نموونە ئەگەر پاساوی دروست بوون هەبوو دروستی دەکەن ئەگەر پاساوەکە نەما ئەوە هەڵی دەوەشێنێتەوە. بەڕای من مافی وەزیر پارێزراوە بەپێی مادەی یەکەم یان یا مادەی دووەم، ئەگەر لەبیرم مابێ ماددەی یەکەمی یاسای وەزیرانە، مافی پارێزراوە ئەتوانێ هەڵی بوەشێنێتەوە، ئەتوانێ دایمەزرێنێت تەنها بەڕێوەبەری گشتی مافی نییە، ئەوە مافی وەزیرە و زۆر سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە نادیاریەکی تێدایە، ئینجا ئەوە من بەباشی دەزانم ئەگەر هەر دواخستنی برگەکە بێنینە سەری وەکو(للوزير او بناءاً على اقتراح السلطات الادارية الغاء بلديات قبل نفاذ هذا القانون في القرى...الخ)، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وا هات وابزانم لێرە هەر دەسەڵاتی وەزیری نامێنێت، بەڵام یەک زیادە بێن کە پشتگیری لیژنەی خزمەتگوزاری ئەکەین بنووسین «بناءاً على اقتراح السلطة الادارية والمديرية العامة للبلديات» تەنها ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب مەسەلەی بەڕێوەبەری گشتی گفتوگۆی لەسەر کرا بەشێکە لە وەزارەت، ئەوە گفتوگۆ کراوە وابزانم وەڵامەکانی وەزیر و برادەرانی تر زۆر ئاشکرایە، پرسیارەکە لێرە تەنها ئەوەیە، بۆ ئەوەی تووشی گفتوگۆی لا بەلای تر نەبین، ئینجا کێ پێشنیارێکی تری هەیە، ئەو مافی هەیە یان نییە ئەبێ لەسەر ئەوە گفتوگۆ بکرێت.

**بەڕێز ڕەجـــەب شــــەعـــــبـــــان تـەییب:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئینجـا وەزیری شـارەوانی لێـرە ئەگـەر ئەوها هات مـانای وایە ئەو دەسـەلاتی نییـە کـە هەڵی بوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بێگومـان من پشـتگیـری قسـەکـانی کـاک یۆنادەم دەکـەم، لە هەمـوو یاسایەک هێنانەکـایەی هەر بەڕێوەبردنێک یان بەشێک ئەوە لە دەسەلاتی وەزیرە، ئەگەر بێین تەماشا بکەین خۆی ئەو یاسایە ئێستا لە سەردەمی کابینەی سێیەم لەبەر چی ئەو گۆڕانکاریی ڕوویداوە؟ ئێستا خزمەتگوزاری وبەڕێوەبردن چوویتـە گـوندێک هەتا جێی دووریش کـە وەزارەت لێی دوورە. مـافی کـارگـوزاریی هەیە، کابینەیەکی خزمەتگوزارییە. ئێمە لەو گەڕانە مەیدانیانەو ئەو سەردانانەی کەکردوومانە چووینـە زۆر جـێگا نە وەزیر و نەبەڕێوەبەری گـشـتی کـەس ئاگـای لێ نـەبووە، ئەو جـێگەیە چی پێویستە؟ دەسەلاتی بەڕێوەبردن پێویستیەکانی چییە؟ جا ئەوە بدرێتە ئەوان، پێشنار بکەن ئایا ئەوە پێویستە بمێنێتەوە؟ یا پێویست نییە، بەلام لێرەدا ئەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەوە ناکات کە دەڵێن(تبقى والغائها) ئەوەش لەدەسەلاتی وەزیرە کە لە برگەدا هاتووە، بەلام پێشنیارەکە لەکوێوە دێت؟ ئێمە دەزانین بەڕێوەبەری گشتی بۆ نموونە لەشیلادزێ دەکرێ یەک جاریش نەچووە نەیدیوە بزانێ چی پێویستە و چی پێویست نییە، پێویستە دەسەلاتی بەڕێوەبردنی ئەوێ بڕیار بدات ئایا لەوێندەرێ ئەو شتە پێویستە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

جا مۆڵەت بدە کاک ئیدریس پرسیارەکە لەوە نییە، لەڕاستیدا پرسیارەکە تەنها ئەوەی ئەم برگەیە وا دەخوێندرێتەوە، کە تەنها ئەو شتە دەکرێ کە پێشنیاری دەسەلاتی بەڕێوەبردن بێ مانای ئەوەیە هەڵناوەشێندرێتەوە، ئەگەر وەزیر بیەوێت، ئێمە ئەو ڕوون کردنەوەیەمان دەوێت.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەوە دەسـەلاتی بەڕێوەبردن(السلطة الادارية) هاتۆتە جێی بەڕێوبەری گشتی، پێشنیاری دەکرد ئێستا دەسـەلاتی بەڕێوەبردن کە لە شوێنەکە دەزانی پێویستی سەرەکیەکانی چییە مانای هیچ لە پێشنیارەکە نەگۆڕا.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

هیچ لە مەبەستەکەت تێنەگەیشتم. کاک فرەنسۆ ناومان نووسیوی باناوەکان تەواو بێت دوایی تۆ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لەسەر بابەتی خودی هەڵوەشاندنەوەکەیە. جەنابتان دیاریتان کرد وەزیر بۆی هەیە یان بۆی نییە. بەڵام لەسەر خودی هەڵوەشاندنەوەکە بوارم بدەی قسە بکەم واتا خۆی بنەڕەتی ماددەی (٥) بەو شێوەیەی کە هاتووە شارەوانی لەم شوێنانەدا دادەمەزرێن لە قەزاو ناحیەو پارێزگا ژمارە هەر چەندێک بێ لە بڕگە (٢) هاتووە دەڵێ ئەو گوندانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە (٣) هەزار کەس کەمتر نین لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان و پەسەند کردنی لەلایەن وەزیرەوە، بڕگەی (٣) ئەو شارەوانیانەی پێش کارکردن بەم یاسایە لەم گوندانەدا دامەزراون کە ژمارەی دانیشتوانیان لەم رادەی سەرەوە کەمتر نین دەمێنێتەوە، بەڵام وەزیر لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانیەکان بۆی هەیە هەڵیانوەشێنێتەوە، پرسیارەکەی من ئەمەیە: بۆچی بۆی هەیە هەڵیانوەشێنێتەوە؟ ئەگەر لە بڕگە (٢) هاتووە ئەوانەی کە کەمتر نین لە (٣٠) هەزار بمێنێتەوە بۆ ئەمە نەمێنێتەوە ئەوە پرسیارەکەم لێرەیە هەرچەند جەنابتان پەیوەستتان کرد بە بابەتی دەسەڵاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام بە پەیوەستکردنەکەیە بە بۆچوونی من بۆیە ئەبێ یەک لای کەینەوەو، ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین. فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەمەش بابەتێکە بەڕاستی حەز ئەکەم باسی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵی باشە، سوپاس، دێینەوە سەری، کاک محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بنەڕەتی یاساکەوە کێشەیەک هەیە. دەقەکە بەلای منیشەوە نایگرێتەوە، دەسەڵاتی وەزیر نابێ، چونکە ئایەتێکی قورئانی هەیە وەکو نموونەیەک ئەیهێنینەوە باس لەوە ئەکات: ئەفەرمووێ ئەگەر تاوانێک کرا ئەبێت دوو کەس شایەتی بدا یان چوار کەس شایەتی بدا ئەو دەقەی کە داناوە هەتا خەلیفەی ئیسلام کە دەسەڵاتی رەهای هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەی خۆی ناتوانێ ئەم یاسایە جێبەجێ بکا بەبێ ئەوەی دووکەس شایەتییەکەی نەخاتە بەردەست. جا بۆ نموونە خەلیفەی ئیسلام حەزرەتی عومەر جارێکیان لە وتارێکیدا فەرمووی ئەرێ موسڵمانەکان من خۆم شایەتی بدەم بەچاوی خۆم ئەو کارەم یان ئەو تاوانەم بینی زیاتر بڕوام هەیە یان دوو کەس شایەتیم بۆ بێنێ کە فلانە کەس ئەو ئیشەی کردبێ؟ ئەوانیش پێیان گوت ئەگەر تۆ ئێستا شتێکی

وات له میشکدا هەیە ئێمە داری حەدت لێ ئەدەین، ئەوە بەپێی ئیسلام نابی بووترێ ئیللا بەشهادەت نەبێ، جا لەم بابەتە مەبەستم ئەگەر یاساکە هەموار نەکرێ، دێڕێکی نەخرێتە سەر یان وشەیەک نەخرێتە سەری دەسەڵاتی وەزیر پێ دیاری بکرێ بەپێی بنەمای یاساکە دەسەڵاتی نییە. ئیلا ئەبێ لەو حاڵەتانە بێ کە شایەدەکە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محسن. فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من ئەو دەقەی کاکەڕەش خوێندیەوە دارشتنی زمانەوانی تەواو نییە، بۆیە کە ئەڵێ (بناءاً على اقتراح السلطة الادارية) فعلا ئەوە ئەگەیەنێ کە بەبێ ئەو (بناءاً ) وەزیر ئەو دەسەڵاتەی هەیە، ئینجا لێرە دوو چارە هەیە، بە بۆچوونی من یەک: یان زیادەیەک بکرێ (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه وللوزير الغائها او) یان زیاد بکرێ( او بناءاً على اقتراح السلطة الادارية) یان ئەگەر ئەوە ناکرێ لەوێ کۆتایی بێ (تبقى البلديات المتسحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه وللوزير الغائها) ئەمە بکرێتە برگەی (أ)، برگەی(ب) (وللسلطة الادارية اقتراح فقرة (أ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس. تەقریبەن هەمان ناوەڕۆکەکەیە کاک حەسەن پێشنیاری کرد، ئەو وشەیە زیاد بکرێت. ئینجا ئێستا گفتوگۆیەکە تەواو بکەین دێینەوە سەر پێشنیارەکان بەڵکو لە ناو گفتوگۆدا قەناعەتمان هێنا ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێ. جارێ گفتوگۆ با تەواو بێ دێینەوە سەر پێشنیارەکان، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، فەرموو کاک جەمیل عەبدی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاکەڕەش فەرمووی جەمیل بە (ئەلفاظەوە ) بەندە ئەمە یاسایەو عەرەبی جلفی نییە(تبقى البلديات) دووەم خۆیان دانیان بەوە نا کە ئەمە لە بنچینەی یاسای عێراقی ساڵێ ١٩٦٤وەرگیراوە لە سەردەمی عەبدولرەحمان عارف کە چەند گۆڕانکاری کراوە لە عێراق ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر لای ئێمە شارەوانی بە یاسای هەڵبژاردنە، هی عێراق دامەزراندنە، زۆر جیاوزای هەیە لە نێوان هەڵبژاردن و دامەزراندندا. ئەگەر ئەو بخرێتە سەر(للوزير الغائها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل پرسیارەکە دیارە، پێشنیارەکەی کاک حەسەن و هی جەنابتە، ئێستا بێینەوە سەرخودی بابەتەکە، تەنها بۆ روون کردنەوەی ئەم ماددەیە. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا ئەزانم کاریگەری ئەم برگەیە کاتێک ئەبێ کە ئەم لایەی پێش(یقل) نەبێت (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه) ئەگەر بێ لەگەڵ برگەی دوو جیاوازێکیان هەیە، چییە مفهوومەکەی؟ ئەبێ بلێی «تبقى» ئینجا ئەگەر دەسەڵاتیش بدرێ بە وەزیر بۆ ئەوەی کە هەڵی بوەشێنێت، لەڕاستیدا دەقەکە دەقی برگەکە دەسەڵاتی ناداتێ، بەڵام ئەتوانرێ بڵێ (للوزير الغائها او الغاء بعض منها اذا ارتأى ذلك) یان (بناءا على) ئەگەر وای لێ بێت من پێموایە «لا»کە زیادە، چونکە لەگەڵ برگەی دوو دەست ناکەنە ملی یەک واتە جووت نابن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک رەقیب حسێن.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه) ئەو برگەیە زیادە پێویست نییە، دەکرێ پێی بگوترێ ئەوە بە هەڵە داڕێژراوە، ئەو برگەیە هەڵوەشاندنەوەی شارەوانییەکانە (للوزير الغاء بلدية بناءاً على اقتراح السلطات الادارية) ئەوەی پێشەوە زیادە چونکە ئەوە باسی هەڵوەشاندنەوە دەکات، پێشتریش باسی بنیات کردن دەکات دەڵێ:( القرى التي لا يقل عدد نفوسها عن ثلاثة الاف نسمة بناءاً على اقتراح السلطة الادارية و موافقة الوزير) واتا بە رەزامەندی وەزیری شارەوانی بنیات دەندرێ، شارەوانی پێک دەهێنرێ، پێشتر بنیات نراوە واتە دروست کراوە (١٠٠) شارەوانی لە عێراقدا هەیە، (١٠٠٠) شارەوانی لە عێراق هەیە، ئەگەر شارەوانییەکی کە لەنوێ دروست کرا مانای وا نییە لەگەڵ کۆنەکان هەمان شت بێت، ئەو برگەیە تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوە(للوزير الغاء بلديات) لەپێشەوەش هەر شارەوانیەک هەر شارەک هەر گوندەک (٣) هەزار نفوسی زیاتر هەبێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پێشنیار دەکات و بەپێی عورفو و عادەت هەر وابووە بەڕێوەبەری ناحیە پێشنیار دەکات، قایمقام پشتگیری دەکات، پارێزگار پشتگیری دەکات بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزیر، وەزیر فەرمانی پێ دەردەینێ، شارەوانی بنیات دەنێ، ئەگەر شارەوانی هاتوو مەرجێکی کەم بوو دیسان بەڕێوەبردن دەنووسێ دەڵێ ئەوە پێویست نەماوە، لەبەر ئەوە وەزیر هەڵی دەوەشێنێتەوە، ئەوجا بەرای من لە برگە (ب) ئەو دەستەواژەیە زیاد هاتووە(تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا

القانون) ئەو یاسایە پەیوەندی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە نییە، پەیوەندی لەگەڵ نوێ هەیە، باسی نوێ دەکات ئەوەی پێشتر هەبووە هەر مافی خۆیەتی، یەک شت هەیە ئەگەر هاتوو ژمارەی کەمتر نەبێ، ئەوەش کە ژمارەی لە (٣) هەزار کەمتر بێ هەر بۆ خۆی یاساکە تێدایە دەبێ بۆ خۆی لە (٣)ی پتر بێت ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، زۆر روونە هیچ شتێک لەوە روونتر نابێت، هیچ فەرمانیان بەوەزیر نەداوە، ئەگەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردن داوای کرد ئەبێ هەڵی بوەشێنێت، ناڵێ (علی الوزیر) دەڵێ (للوزیر) حەز بکات هەڵی دەوەشێنێت، حەز نەکات هەڵی ناوەشێنێت، نازانم ئەوەندە گفتوگۆیە بۆ چییە؟ زۆر روونە، زۆر رێکوپێکە، بە وردی تەماشا نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە وردی تەماشا کراوە کاک فرەنسۆ، ئەگەر وەزیر دەسەڵاتی نییە لە خۆیەوە شت بکات، لەم ماددەیە دەسەلاتی ئەبێ، من بۆیە لە لیژنەی یاسام پرسی ماددەیەکی تر هەیە دەسەڵات بە وەزیر بدات؟ وابزانم لەناو گفتوگۆدا رای لیژنەی یاسا دەردەکەوێت.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئامانجمان ئەوەیە هەم ئاهەنگیەک لەنێوان وەزارەت ودەسەڵاتی بەڕێوەبردندا هەبێ، ئەگەر ئەو برگەیەمان زیاد کرد ئەو هەم ئاهەنگیە نامێنێ. عادەتەن ئەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پێشنیاری دەکات وەزیر مافی دەستکاری هەیە، ئەگەر لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردن رێکەوتین، لە وەزارەت ئەو ئامانجەمان جێبەجێ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەدواداچونێکم لەسەر رای بەڕێز یۆنادەم هەیە، بەڕاستی نابێت تەماشای شارەوانیەکان بکەین یان شارەوانی بکەینە هۆبەیەک لە وەزارەت، چونکە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان هۆبەیان بەشێک لەگەل شارەوانیەکدا هەیە، شارەوانی کەسایەتیکی مەعنوی هەیە بەو ئاسانییە هەڵناوەشێندرێتەوە(٢) ئەگەر بێتوو ئێمە راقەی دەقێکی یاسایی بکەین، گۆڕینی دەقی یاسایی وەکو گۆڕینی زمانەوانی نییە، پێویستە تەماشای ماددەی پێش و پاشیش بکەین. مادەی پێش هاتووە مەرجی بنیادنانی شارەوانیەک ئەگەر بێتوو لە(٣) هەزار کەس کەمتر نەبێت، بۆ رێگای

بنیادنانی مەرجی داناوە (بناءاً) لەسەر پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن هەڵناوەشێندرێتەوە با ڕێگەیەکی جیاواز بێت، هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی دەبێ بە هەمان ڕێگای بنیات نانی بێت. لێرەش بەڕای من هەڵوەشاندنەوەکە پێویستە (بناءاً) لەسەر پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بێت، وەزیر ئەو دەسەڵاتەی نییە، ئەوە خاڵێک. خاڵی دووەم ئەگەر دەقی دوای ئەوە بخوێنینەوە (للوزیر الغائها بناءاً علی اقتراح السلطة الادارية) ئەو مافەی بە وەزیر داوە بەڵام بەمەرجی پابەند کردووە. مەرجی پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن وئەوە بابەتێکی تایبەتە لەیاسادا هەیە، بەڕای من دەسەڵاتی وەزیر پابەندە بەو مەرجەوە، مەرجی پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن. واتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پێشنیار نەکات وەزیر مافی نییە ممارەسەی ئەو دەسەڵاتە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیە، وابزانم هەموو لایەنێکی ئەم برگەیەی ئەم مادە ڕوون کرایەوە، بەتێرو تەسەلیش وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی باس کرا وهەر دوو لایەنەکەی ڕوون کرایەوە، پێشنیار هەیە جا ئەگەر جەنابی وەزیری شارەوانی چ بەدواداچونێکی بەگشتی لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، ئەگەر نا دێینەوە سەر پێشنیارەکان.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کاتێک هاودژییەک(تناقض) لە نێوان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و وەزارەتی تایبەتمەند دەبێ لەم حاڵەتەدا وەزارەتی شارەوانی سەر ئێشەیەکی گەورەی بۆ پەیدا دەبێ وهەروەها ناتوانین ئیش وکارەکانمان بە باشی بروێنین بێگومانیش ئەوە سەبارەت بە هەموو وەزارەتەکانە. حکومەتی هەرێم یەک حکومەتە چەند حکومەتێکی جیاواز نییە، ئێمە تەواوکەری یەکترین هەم ئاهەنگی وهاریکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەین بەهۆی ئەو هەم ئاهەنگە وهاوکاریە ئیش وکارەکان بە باشی ئەنجام ئەدەین. من جارێکی تر وای بۆ دەچم کە لەگەڵ لیژنەی یاسایی زۆر بە دوورو درێژی باسمان کردووە، بێگومان ئەگەر دەقەکە چەن ڕوون وچەن دیاریکراو بێ کە وەزیر بتوانێت ئیجرائاتی خۆی لەسەر بابەتێکی دیاری کراو بریاری خۆی لەسەر بدات، باشترە. من لایەنگیری ئەوەم کە گفتوگۆ کرا با داڕشتنەکەی دیاریکراوتر بێت. لە دوای ئەویش کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت. وەزیریش مافی هەبێت کە ئەو بریارە بدات. بێگومان من تێبینی بەڕێز وەزیری پیشەسازی بەهەند (بنظر الاعتبار) وەردەگرم کە ئێمە زۆر جار هەیە بەڕێوبەری گشتی ئاگای لە شارۆچکەو شاری دوور نییە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن زیاتر ئاگادار دەبێ، تێبینی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەهەند (بنظر الاعتبار) وەربگیرێت، چونکە زۆر گرنگە، وبێگومانیش ئەبێ ڕای کۆتایی هی وەزیری تایبەتمەند بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەکەم خاڵێک ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی کە تێکەڵاوییەک لەسەر ئەم مەسەلەیە کەم

بکرێتەوە، کە گفتوگۆی برگەیەک ئەکرێ پەیوەندی بە جۆری پەیوەندی نێوان دەزگاکانەوە نییە. ئەمە یاسایە، یاساش بەرفراوانە هی ئەورۆوە نییە پەیوەندی بە دەزگای ئەورۆ نییە، بۆیە کە هەمواری دەکەین حەز دەکەین بە فراوانتر تەماشای بکرێت پەیوەندی بەوە نییە لەڕاستیدا ئەمڕۆ بەڕێوەبەری شارەوانی یان سەرۆکی شارەوانی لە دێیەک یاخود لە ناحیەیەک ئاگای لە باری خۆی نییە یان بۆ نموونە لە وەزارات یان لایەنی تایبەتمەند ئاگای لە جێگەیەک نییە، پێویستە ئاگای لێ بێت، یاسا دانانرێت بۆ ئەوەی کە ئەو ئاگای لێ نییە یاساش پەیوەندی بەوەوە نییە. ئەوە بۆ ئەوە دائەنرێت کە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر وابێت یاسای سزادان هەیە زۆر کەس تاوان ئەکات، بەلام یاساکە پێش(٢٠-٣٠) ساڵ دانراوە ئەو ئیمڕۆ تاوانێک دەکات کە واتە لە دادگا بڵێ من ئەو یاسایەم نەخوێندووەوە من ئاگادار نیم بۆیە تاوانم کردووە، ئەگەر بم زانیبایە دەم گرێت من نەم ئەکرد. مەسەلەکە ئەبێ تۆزێ بە فراوانتر تەماشای بکەین، ئەگەر نادیاریەک لە برگەیەکیان هەیە با بە باشی گفتوگۆی بکەین بگەڕێین بۆ باشترین داڕشتن بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین. ئێستا دوو پێشنیار لەسەر ئەم بابەتە هەیە: پێشنیاری یەکەم ئەم دەقە لەلایەن لیژنەی خزمەتگوزارییەوە کە ئەڵێن ئەبێ وشەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان زیاد بکرێت، ئەوە پێشنیارێکە. پێشنیارێکی تریش مەسەلەی دەسەلات لەنێوان وەزیرو دەسەلاتی بەڕێوەبردنە کە وەزیر مافی ئەوەی نییە هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی بکات، ئەگەر ئەو برادەرانە کە ئەم پێشنیارەیان کرد، بیانەوێ بیکێشنەوە ئێمە تەنها پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاری ئەگەر هەر سوورن لەسەری دەخەینە دەنگدانەوە. ئێمە ئەو زیادەی(على اقتراح السلطة الادارية) دوای ئەوە(المديرية العامة للبلديات) یش داوا ئەکرێ ئەم رستەیە لەو برگەیە زیاد بکرێ(المديرية العامة للبلديات) کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگەیە زیاد بکرێت؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەو برگەیە ڕەت کرایەوە. دەمێنێتەوە مەسەلەی ڕوونکردنەوەی ئەو پێشنیارەی کە زیاد کردنی «للوزير» شتێکی وا وابزانم کاک محەمەد حەسەن باڵتە کردی، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پێشنیارەم کرد بەلام من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم مادەیە ڕوونە، ئەوەی یاسای ئەم مادەیە بخوێنێت هەر وەکو کاک فەرسەت فەرمووی برگەکانی ئەم یاسایە بەیەکەوە دەبەسترێتەوە بۆیە بنچینەی دەسەلات هی وەزیرە، بەلام بە پێشنیاری دەسەلاتی بەڕێوەبردن بەستراوە بە اعتبار دەسەلاتی بەڕێوەبردن ئاگادارە. من پێشنیاری خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر لەسەر ئەم برگەیە تێبینی هەیە؟ کاک سەعید کاک د. ناسح کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو گفتوگۆیەی کە کرا کە جەنابی وەزیر بتوانێت کە شارەوانییەک هەڵوەشێنێتەوە، ئەوە لەگەڵ مادده (٦) کە لە هەموار کردنەکان داوا نەکراوە تێک ناکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٦) چی ئەڵێ؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە(٦) ئەڵێ (لغرض استحداث البلدية) پێویست وایە بنیادنان بە چ ڕێگەیەک بێت هەڵوەشاندنەوەش بەهەمان ڕێگە بێت. دەڵێ (المادة السادسة لغرض استحداث البلدية تقوم الوزارة بتهيئة الخارطة وصفة حدوده للقصبة ويعلن عن ذلك في الجريدة الرسمية ويعلق اعلان لمدة(٣٠) يوما في الاماكن العامة ويقبل خلالها الاعتراضات والملاحظات من الدوائر والمواطنين وعلى ضوء الاعتراضات الواردة يقررالوزير ما يراه مناسبا ويكون قراره خاضعا للاعتراض لدى مجلس الوزراء خلال(١٠) ايام من تأريخ صدوره ويكون قرار الوزير في حالة عدم الاعتراض خلال المدة المذكورة وقرار مجلس الوزراء عند وقوع الاعتراض بهذا الشأن نهائيا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ،ئەوە لەحاڵەتی بنیادناندا.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ پێویست وایە بنیادنان بە چ ڕێگایەک بێ هەڵوەشاندنەوەشی بەهەمان ڕێگا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لێرە ئەوە ئەگرێتەوە، مانای ئەوەیە ئەوە ناکۆکییەک پەیدا ئەکات لەگەڵ ئەم برگەیەدا. بنیادنان دەبێ بەو شێوەیەی کە جەنابت ئێستاکە خوێندتەوە وەک لە یاسایەکە هاتووە، بەڵام لە هەڵوەشاندنەکەش ناکۆکی هەیە کە بەهەمان ڕێگە بێت کاک فەرسەتیش هەمان ڕەئی هەبوو، ئەبێ هەمان ڕێگە بگرێت، جا گرفتەکە لێرەیە حەز دەکەین چاری بکەن بۆمان، واتا ڕوونی کەنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ کورت بێتەوە، با د. ناسح بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕوونکردنەوەی کە جەنابی کاکەڕەش و کاک فەرەنسۆ کردیان لەگەڵ ئەوەی جەنابی سکرتێری

پەرلەمان دوو شتی جیاوازە، واتە راستیەکەی (مقرون)ـە یان (مشروط)ـە بە (بناءا) بەبڕوای من وەزیر هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ئنجا ئەبێ چارەسەری ئەو برگەیە بکرێت، چونکە ئێستا (مشروط)ـە یان ئەبێ ئەوە لابدرێت یان چارەسەرێکی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە ئێستاکە کاک سەعیدو کاک فەرسەت بۆ ئەو ماددەیە باسیان کرد روونە، چۆن شارەوانیەک دادەمەزرێت لە هەڵوەشاندنەوەکە بەپێی ئەو سێ لایەنە نییە، جا بابزانین روونکردنەوەی وەزیر چییە؟ کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ روونکردنەوەیەکم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو..

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم برادەران زۆر بە قووڵی سەیری بابەتەکە دەکەن، ئەوەندە قووڵ بوونەوەی پێویست نییە، چونکە دامەزراندن لەهەموو حاڵەتدا وەکو هەڵوەشاندنەوە نییە، دامەزراندن دەبێ نەخشە و کەسانی رابگەیەندرێ. بەڵام لە هەڵوەشاندنەوە ئەمانە راناگەیەندرێ، بۆیە لە دامەزراندن نەخشە رادەگەیەندرێ، چونکە ناوچەی دێتە سەر، شتی دەکەوێتە ناو، لەوانەیە خەڵکێک هەیە تێدا زەرەرمەند دەبێ، هەیە باری تێدا دەگۆڕێت، یەکەی بەڕێوەبردنەکان شێوەی دەگۆڕێت، بەشێک لەو یەکەی بەڕێوەبردنانە دێتە ناو ئەو شارەوانیەی لەگەڵ یەکەکەی تر، پێویستە راستکردنەوەی نەخشەکانیان بکرێت، ئەمما هەڵوەشاندنەوەی شارەوانیەک، بگرە شارەوانیەک مەرجی یاسایی مەرجەکەی لەدەست دەدا و هەڵدەوەشێندرێتەوە، دوو شارەوانی پێکەوە دەمج دەکرێت کە دەمج کران یەکسەر ئەوەی دەچێتە سەر ئەوی تر هەڵدەوەشێتەوە. چ پێویستی بەو ئیجرائاتانە نییە نەخشەی رابگەیەندرێ وخەڵک بزانێ، دەق لە یاسا هاتووە لەبەر ئەوەی ئەوە شتێکی رەها نییە واتە بۆ هەموو هەڵوەشاندنەوەیەک وەکو بنیات نان بێ. بنیات نان جیاوازی زۆرە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە. هەڵوەشاندنەوە شتەکە پاساوی مانی نەماوە، هەڵوەشاندنەوە دەکرێ بۆچی؟ ئەمما ئەگەر دروستت کرد پێویستە زۆر بە روونی دروستی بکەی، خەڵک ئاگادار بکەی چۆن دروستی دەکەی؟ بۆ دروستت کردووە؟ چ پێویستی هەیە؟ ئەوانە دەبێ خەڵک بزانێ وخەڵک تێدا زەرەرمەند نەبێ، شارەوانیەک ئێستا ژمارەی دانیشتوانی(٣) هەزارە ئەگەر بووە هەزار نەخشەی رادەگەیەنی؟ یان یەکسەر هەڵی دەوەشێنیەوەو دەڵێی لەبەر ئەوەی مەرجەکانی مانی لەدەست داوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

وابزانم پرسیارەکە لەسەر شکلیات نییە لەسەر دەسەڵاتە.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێزتان واتان ڕاگەیاند کە کاک سەعید وای فەرموو دەبێ هەمان ڕێگا بەکار بێت بۆ هەڵوەشاندنەوە.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

لە دەسەڵات؟.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

نەخێر نەک لە دەسەڵات، لە ئیجرائات باسی نەخشەی کرد، باسی ڕاگەیاندنی ڕەخنەی کرد لەو بڕیارە بدرێ، پاش چەند ڕۆژێک خەڵکی وا هەیە کە ڕەخنە دەکا دەبێ هەمان هەنگاوەکان بگرێتە بەر، لەهەمان کاتدا خۆی بابەتەکە پێشنیارەکەی پێشەوە هاتووە دەڵێ : شارەوانیەکە کە(تستحدث بأقتراح بقرار من الوزير أو السلطة الادارية) ئێستاش هەڵوەشاندنەوەی تێدایە دەڵــێ:(بأقتراح من السلطة الادارية) وابزانم چ هاودژێکی تێدا نییە هەمان هەنگاو پەیڕەو کراوە. لێرەش دەڵێ (تستحدث) شتەکانی گوتراوە، دوایەش دەڵێ (بأقتراح من السلطة الادارية). سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

کاکەرەش، ئەگەر مۆڵەت بدەی مەسەلەکە پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتی وەزیر لە (أستحداث)ی شارەوانیەک وەکو کاک سەعید خوێندیەوە ئێستاکە ماددەکە ئەڵێت بەو شێوەیە دەسەڵاتی وەزیر بۆ(إستحداث)ی لە ماوەی ئەوەندە و ئەوەندە دیارە، بەڵام لە هەڵوەشاندنەوە وەزیر ئەو دەسەڵاتەی لەم ماددە هەیە یان نییە؟ ئەو هاودژە لە نێوان ئەوەی خوێندتەوە لەگەڵ ئەو ئیجرائاتانەی کە جەنابت دەڵێی، ئەوە شتێکی ترە، شێوەیەکی ترە. بەڵێ فەرموو..

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

هەمان شتە هیچ جیاوازی نییە دەڵێ (القرى التي لايقل) ئەوە(استحداث) ـە (القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثة آلاف نسمة بناءاً على اقتراح المدير العام للبلديات) مانای وایە ئەو حاڵەتە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی نەیکات وەزیر ناتوانێ شارەوانیەک دروست بکات، کەوا بوو هەر هەمان ئیجرائە، لێرەش کە بەڕێوەبەری شارەوانی بووەتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، لە

هەڵوەشاندنەوەکەش هەمان شتە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی بووەتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، لەبەر ئەوەی کە ئەو ئیجرائاتە شەکلیەی ئەوان گوتیان با شەکلی بێ، بەڵام (تستحدث) ـکە پێش هەر (بناءاً على اقتراحه)، مانای وایە ئەگەر پێشنیاری نەکرد دیارە وەزیر دەسەڵاتی نییە دروستی کات، کە لێرە دەسەڵاتی نەبێ ودروستی کات مانای وایە لەخوارێش دەسەڵاتی نییە دروستی بکات ئەگەر پێشنیار نەبێ لەبەر ئەوە دووشتی زۆر رێکوپێکن گونجاون(منسجم) لەگەڵ یەکتریدا وەکو یەک دروست کردن وهەڵوەشاندنەوە، لەبەر ئەوەی هیچ جیاوازیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید فەرموو..

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش فەرمووی سەعید باسی ئەوەی کردووە کەوا ئەو یاسایە پەیوەندی بەشەکلیات و شتی وا هەیە، ئەمن مەبەستەکەم لە شەکلیاتی نییە کە بڵێین بڵاو بکرێتەوە لەرۆژنامەدا یان لەجێگایەکی دی، گرنک ئەوە نییە، رێگەی (استحداث)ی دەڵێ پێویست وایە بڵاو بکرێتەوە نەخشە بێ، هەر شتەکی بێ لەماوەی (١٠) رۆژ وەزیر ئەتوانێ رای خۆی بدات لەماوەی (١٠)رۆژ دانیشتوان یان فەرمانگە ئەتوانن رەخنە بگرن من مەبەستم ئەوەیە. باشە بۆ دروست کردنی ئەو هەموو مەراسیمە هەبێ لە هەڵوەشاندنەوەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکانەوە هەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە نەبێت کە خەڵکێکی پەیوەندیدارو فەرمانگەکان رەخنە بگرن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو بڕگەیەی دوایی دووبارە بکەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاکەرەش فەرمووی سەعید پابەندی دەکات بە شەکلیاتی مادەکەوە، من پابەندی بە شەکلیاتی ماددەکە ناکەم دەڵێم (إستحداث)ی شارەوانی بەچ رێگە بێ پێویست وایە هەڵوەشاندنەکەشی بە هەمان رێگابێ، چونکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکانەوە هەیە، پەیوەندی بە فەرمانگەکان و وەزارەتەکانی تریشەوە هەیە. دەڵێ ئەگەر وەزیر فەرمانێکی دەرکرد بۆ (إستحداث)پاش ئامادە کردنی مراسیم وشەکلیاتی، خەڵکانی پەیوەندیدار یان فەرمانگەکانی پەیوەندیدار دەتوانن رەخنە بگرن لەماوەی(١٠)رۆژ رەخنەکانیش پێشکەش دەکرێن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، باشە هەڵوەشاندنەوەکەی پەیوەندیی هەیە بە دانیشتوان و بە فەرمانگەکانەوە، باشە لە هەڵوەشاندنەوەکەی بۆ هەمان رێگە بگیرێ؟ ئەو ماددەیە داوا نەکراوە بگۆڕێ من بۆیە دەڵێم ئەو پێشنیارە کە کراوە بۆ هەموار کردنی ئەو ماددەیەی پێویست وایە ئەو ماددە هاودژی لەگەڵ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار چییە کاکە؟...

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(استحداث) بەچ ڕێگایەک بووە هەڵوەشاندنەوەکەشی بە هەمان ڕێگا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس، گفتوگۆی ئەکەین. روون نییە، با روون بکرێ. مادام خەڵکی ئەیەوێ قسە بکات با ناونووس بکەین ئەوانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن: کاک یۆنادەم، عەبدولخالق، کاک رەقیب، کانەبی ئاغا، مامۆستا مەلا محسن، فەرموو کاک حسێن سنجاری.

**بەڕێز حسێن سنجاری / وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە بەڕاستی بابەتەکە درێژەی کێشا. لە دوای ئەوەندە هەموو روونکردنەوەیە دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئێمە لەوەزارەتەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی دانیشتین و بەتێروتەسەلی باسمان کرد و پێم وایە مافی وەزیر هەیە کە رەئی بەجێ وەرگرێت لەسەر ئەم بابەتە، زۆر بە ئاسانی رەنگە بکرێت بەڵام یاساناسەکانیش باش ئەزانن ئەگەر بگوترێ (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لايقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه وللوزير الغائها بناءا على اقتراح السلطة الادارية او عدم ذلك) بەشێوەیەکی وا یەک لای دەکەینەوە و بەڕاستی من پێم وایە کە بەم شێوەیە هیچ ناکۆکییەک دروست نابێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام وایە ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ (بناءاً على اقتراح وللوزير الغائها او بناءا على اقتراح) وشەی (او)زیاد بکرێت باشە، ئەوە بیخەینە دەنگ دانەوە کێشەکە یەک لادەبێتەوە،دەرگای گفتوگۆ کراوەیە، ئەوانەی کە ناونووسیان کراوە تەنها لەسەر ئەوەیە وەزیر بۆی هەیە، لەگەڵ ئەو ماددەی کە کاک سعید ئاماژەی بۆ کرد ، کەسی تر نییە ناونووسی بکەین؟ باشە فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی خالی سەرەکی نیزامی ئێمە دەنگمان لەسەردا وتەواو کۆتایی هات،بەڕای من ئەو برگەیە وەکو خۆی بمێنێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر وەکو پێشنیارێک دامان نا ، زیادکردنی بەرێوەبەری گشتی رەت کرا لەپەرلەمانەوە..

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

ئەمەویٚ یەک روون کردنەوە بدەم،دیسان ئەم ماددەیە کە هاتووە تەنها ئەو شارەوانیانە لەخۆوە دەگـریٚ کـە بەر لە دامــەزراندنی حکومــەت و پەرلەمـــان دروست کـراون، و ئەم یاســایە ئـەڵـیٚ(المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون) ئەوە بەرهەڵا نییە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە، باسی ئەوان دەکات ئینجا نابیٚ دامەزراندن، هەڵوەشاندنەوە، شامل نییە، تەنها بۆ ئەوانەیە، کۆمەڵگا زۆرە ملێکان، تا دروست بوو. دوای گەڕانەوەی میللەتی ئێمە بۆ شوێنەکانی خۆیان ئەمە نەما جگە لەوە زۆر بڕیاری سیاسی رژێم لەمەڕ هەندیٚ ناوچەی کوردستان هەبوو، ئەوە بەرهەڵا نییە، تەنها مەبەستم ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز رەقـــیـب حـــســـێـن مـــەلا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

لەسەر قسەی ئەو برادەرە مانای ئەوەیە ئەوە بکەینە دوو برگە (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون في القرى التي لايقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه) تبـــقى چ لاریيەک نییە، یاساش ماوەی هێشتەوە و برگەیەکی تر دابنێین (ج- للوزير الغاء البلديات بناءاً على اقتراح السلطة الادارية). سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن:**

جا ئەوە ئەگەر مۆڵەت بدەی ئەم برگەیە وابزانم کاک یۆنادەم روونی کردەوە کۆمەڵەک شارەوانی دیاری کراوە پێش کار پێکردنی ئەم یاسایە، جا ئەوەی جەنابت ئەڵێی کە دەڵێی و کە زیادت کرد بەگشتی ئەو کاتە شارەوانی تریش ئەگرێتەوە دوای کار پێکردنی ئەو یاسایە، حەق نییە ئێوە ئەو مافە بدەن بە خۆتان، چونکە ئەوانی تر بە هەڵبژاردن کراون.

**بەڕێز رەقـــیـب حـــســـێـن مـــەلا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

من ئەڵێم (تبقى البلديات المستحدثة قبل نفاذ هذا القانون) لەهەر هەمان دەقدا (في القرى التي لايقل عدد نفوسها عن الحد المشار اليه اعلاه)، ئەوە جۆرێکە رازینە لەسەر ئەوەی کە بمێنێتەوە. ئەوەی دەمینێ برگەیەکی ترە ئەوها دەبیٚ(ج- للوزير الغاء اي بلدية او بلديات بناءاً على اقتراح السلطة الإدارية)، بەڵام ئەوە دەر ئەنجامە.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن:**

ئەو برگەیە تەنها ئەو شارەوانیانە دەگرێتەوە کە لێرە دیاری کراوە ئێمە ئەمانەویٚ ئەوە یەک لا بکەینەوە. ئەوانی تر لەجێگای تر وابزانم یەک لا کراوەتەوە، جا ئەگەر مۆڵەت بدەی کاکە شێخ ئێمە دێینەوە سەر پێشنیاری ئەوە چونکە ئەوە کێشەی گفتوگۆ هەمووی چارەسەر دەکات.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا برگەی پێشتریش هەر ئەوهایە(القرى التي لايقل عدد) ئەوە (تستحدث القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثة الاف نسمة بناءاً على اقتراح السلطة الادارية) کە شارەوانی دروست دەبێ (بناءاً على اقتراح السلطة الادارية وبموافقة الوزير) بەهەمان ڕێگەش هەڵدەوەشێندرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک کانبی..

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دروست کردن بە ڕێگەیەی هەڵوەشاندن نابێ، دروست کردن نەخشەی پێ دەوێ، فراوان کردنی سنووری پێ دەوێ، توێژینەوەی زۆری دەوێ، بۆ نموونە لێرە دەڵێ (توحيدها ببلدية ثانية) واتە کە شارەوانیەکە نەما هەڵدەوەشێندرێ یاخود(زوال شروط احداثها) حالاتی تریش هەیە لەو حاڵەتانە لەسەر پێشنیاری دەسەلاتی بەڕێوەبردن، واتە ئەگەر لەناحیە بێ بەڕێوەبەری ناحیە پرۆژە بە ڕەزامەندی قائمقامی قەزا بۆ پارێزگار دەنووسی پارێزگار پشتگیری کرد بۆ شارەوانی بۆ وەزارەتی شارەوانی دەینێرێ، وەزارەتی شارەوانی تەبعەن پاش ڕاوێژ کردن کە بڕوای بەو ڕایە هێنا فەرمانی هەڵوەشاندن دەردەکات. ئەو داڕشتنەی کە هاتووە هەر وەکو کاک فەرسەت ئاماژەی بۆ کرد ئەوە زۆر ڕوونە بەڕای من بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسین فەرموو..

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو دێهاتانەی کە ئێستا (٣) هەزار کەسیان تێدا نیەو پێویستەهەڵبوەشێندرێتەوە، لە پێشدا ئەڵێ ئەگەر کەمتر بێت ، ئایا دروستە بمێنێتەوە؟ یان کەمتر نەبێ و دروستە بمێنێتەوە ئەو(لا)یە زیادە لەبرگەکە، لەمەر ئەو قسانەش کە کردمان باسی ئەوەمان کرد کە ئەمە شتێکی دیاری کراوە ئایا دەسەلاتی وەزیر هەیە یان نیەتی؟ بەڕای من دەسەلاتی نییە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئاوا چارە دەبێت ئێمە وابزانم کۆتایی بێنین بە گفتوگۆیەکە، ئەوە بخەینە پێشنیارەکەوە، زیاد بکرێتە سەر ئەوەی کە وەزیر خۆی پێشنیاری کرد، ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە، (للوزير او للسلطة الادارية) جا ئێمە لێرە لەڕاستیدا بۆمان دەرئەکەوێ بەو شێوەو بەم دەقە وەزیر دەسەلاتی نییە، بۆچوونەکە بەم شێوەیەیە وەزیر ودەسەلاتی بەڕێوەبردن دەسەلاتی ئەو شتەیان هەبێت واتە هەموو

پێشنیارەکە ئەمەیە چۆن لێرە جێگیر دەکرێت ئەوە بابەتێکە بەڕای من بۆ لیژنەی یاسا جێماوە خۆیان سیغەیەک دەدۆزنەوە،کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگی پێ درا،جێگەی خۆیەتی بەڕای من شارەوانی وەک کاک فەرسەت فەرمووی بەڕێوەبەرایەتیەک یان هۆبەیەک نییە لە وەزارەتێک. ڕاگرتنی بڕیار پەرلەمان ئەیکا کە هەڵبژاردن کرا وئەگەر میللەت دەنگی بەئەنجومەی شارەوانی دا، نەوەزیر نە لایەنێکی تر مافی هەیە هەڵی بوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوە با ئەو کێشەیە بۆ خۆمان درست نەکەین، بەڕای من زۆر باشترە. لەبەر ئەوەی کە بەیانی دوو بەیانی، ئەبێتە یاساو ئەو ئەنجومەنە هەڵدەبژێردرێ بایاسای ئەنجومەنی هەڵبژێردراو هەڵی بوەشێنیتەوە، من داوا دەکەم مەسەلەی هەڵوەشاندنەوە لەیاسای ئێمەدا نەبێت چونکە مافی میللەتە، هەتاکو ئێستا ئەگەر ئێمە ممارەسەشمان کردبێ هەڵەیە، من وای بۆ دەچووم کە هەموار کردنی یاساکە بۆ ئەوەیە کە ئەبێ هەڵبژاردن بکەین هەروەکو کاک مەسعود لە دوا دانیشتنی پەرلەماندا لە ٩٧/٦/٤ فەرمووی کە ئێمە بەرەو هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەین. شارەوانیەکان ئەبوایە پێش ساڵێک ودووساڵ هەڵبژاردنی تێدا کرابا، لەبەر ئەوە بەڕای من مەسەلەی بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوە لەلایەن هیچ کەسێکەوە نە بەڕێوەبەری گشتی مافی ئەوەی هەیە نە بەڕێوەبەری شارەوانی و نە وەزیریش مافی هەیە. ئەوە مافێکی وەدەست هاتووی میللەتە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو بڕگەیە هەر گفتوگۆ نەکرێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی قسەکانی بەڕێز کاک عەبدولخالق مەسەلە هەڵبژاردنی شارەوانی نییە، مەسەلە (استحداث)ە و ئەگەر ئێمە بچینە یاسای ژمارە (٦)ی شارەوانیەکان دوو بڕگەیە، ئەو دوو بڕگەیە بە هەموار کردن هاتووە، بڕگەی یەکەم ئەڵێت (تستحدث البلدية)(تستحدث) نەک (تنتخب) (تستحدث البلدية في مركز المحافظة والقضاء والناحية مهما كان عدد نفوسها)، دوایی بڕگەی (٢) دەڵێت القرى التي لايقل عدد نفوسها عن ثلاثه آلاف) دروست کردنی شارەوانی بە هەڵبژاردن نییە، هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی شارەوانیە، بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیە، وئەگەر ئێمە بێینە هەمواریش ئەو شارەوانیە هەڵدەوەشێندرێتەوە ئەگەر مەرجی بڕگەی(١)تێدا نەمێنێ، کەمتر بێت لە (٣) هەزار کەس ئەوە هەڵدەوەشێندرێت، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم دەقە تەنها بۆ کۆمەڵێک شارەوانیە کە پێش کار پێکردنی ئەم یاسایە دەکرێ هەندێکیان ئەو ژمارەی یاساییان تێدا نەبێت تەنها بۆ ئەوانەیە بۆ ئی تر نییە. ڕوونکردنەوە بۆکاک عەبدولخالق دیارە ئەم بابەتە زۆر حەساسە، ئەمە لەڕاستیدا لەم حاڵەتە ئەمە کورتی بکەین بوار هەیە قسەی لێ بکەین دوای ئەخەین بۆ حەفتەیەکی تر تاکو دەگەین بە دوا ڕەئی و دەنگی لەسەر ئەدەین، لەڕاستیدا ئەم برگەیە شایەنی گفتوگۆ کردنە وئەندامانی پەرلەمان دەست بەرز دەکەنەوە دیارە بابەتێکە ئەبێ ڕوون بکرێتەوە. (٢) لێرە بابەتەکە بەکورتی ئەوەیە لەم برگەیە تەنها دەسەڵات بدرێ بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن یا تەنها دەسەڵات بدرێ بە وەزیر یان بە هەردووکیان پێکەوە، واتە بابەتەکە بەکورتی ئەمەیە، تکایە ئەگەر ئەوەی ئەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم بابەتە با لە ئەمە دەرنەچێ کە ئەمە ئەم برگەیە تایبەتە بۆ کۆمەڵێک شارەوانی کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دروست بووە. پێشنیارەکەش ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەوشارەوانییە هەڵوەشێندراوە ئەبێ لەسەر پێشنیارێکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بێ یان وەزیر، ڕایەک هەیە ئەڵێ ئەگەر ئەمە بەو شێوەیە بێت مانای ئەوەیە وەزارەت یا وەزیر هیچ دەسەڵاتێکی نییە یا ئەوەتە وەزیر بەتەنها یان وەزیر لەگەڵ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، لەڕاستیدا ئەم بابەتەیان دەخەینە دەنگدانەوە یان با یەک لا بێتەوە ئەو گفتوگۆیە بۆیە ئەمە دوایین گفتوگۆیە، با ناوەکان بنووسین، تکایە گفتوگۆ دیاریکراو بێ یان وەزیر بەتەنیا دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی هەبێ یان وەزیر لەگەڵ دەسەلاتی بەڕێوەبردن ئەم بابەتە ئەگەر یەکێک (مداخلە) یەکی لەسەری هەبێ بەکورتی قسە بکا دوایی ئەیخەینە دەنگدانەوە. کاک حسێن سنجاری فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دووبارە دەڵێم (بناءاٍ علی اقتراح السلطة الادارية او عدم) بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مەبەستی هەمان پێشنیارە یان وەزیر لەگەڵ دەسەلاتی بەڕێوەبردن یان بە تەنها، پێشنیاری ئێمەش هەر ئەوەیە. کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە بیرۆکەیەکم هەبوو بەڵام دوایی وەزیر ڕوونی کردەوە، ئەمە بەسە، واتە بیخەینە دەنگدانەوە ئەو وشەیە زیاد بکرێ و ئەو کێشەیە چار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر برادەرانی تر هەمان قسە ئەکەن بۆ ئەوەی ئێستا من یەک لای بکەمەوە بەیەک شت پێشنیارەکە بەو شێوەیە (وەزیر لەگەڵ دەسەلاتی بەڕێوەبردن ئەو دەسەلاتانەی هەبێت) ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، (وەزیر لەگەڵ دەسەلاتی بەڕێوەبردن)ئەم کارە دەکەن.

ئەوە لیژنەی یاسا پاشان دەقێکیان بۆ جێگیر بکات ئەو کاتە بەرچاوی دەخەین، لێرە زۆر سوپاستان دەکەین ئینجا ئەوە دوایی لە کۆبوونەوەی تر ئێمە ئەوە دەخەینە روو. کاکەرەش بڕگەیەک ئامادە بکەن بۆ کۆبوونەوەی ئاییندە سبەی ئێمە بەرچاوی برادەرانی دەخەین. فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تعدل المادة الثامنة وتكون كالاتي:

المادة الثامنة: تعدل حدود البلدية بقرار المجلس البلدي ومصادقة السلطة الادارية متضمنا الاسباب الموجبة للتعديل وموافقة الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مادده سێ لیژنەی خزمەتگوزاری چ تێبینیەکی هەیە؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان نییە، بەلام بەو شێوەیە خۆی وابوو:المادة الثالثة: تعدل المادة الثامنة وتكون كالاتي:

المادة الثامنة:(تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي وبأقتراح من السلطة الادارية متضمنا الاسباب الموجبة للتعديل وموافقة الوزير) لە جیاتی وشەی (تصديق) وشەی(باقتراح) بێ، چونکە بەڕێوەبەری ناحیە یان قائمقام لە قەزایە یەکسەر پەسەندی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی بکا، مانای ئەوەیە ئەو کاتە هەڵوەشانەوەی لای وەزیر دەبێتە شتێکی زەحمەت، ئینجا ئێمە پێشنیار دەکەین وشەی (اقتراح)لە جیاتی (مصادقة) بگوترێ ئەوان پێشنیار بکەن و دەسەلاتی بەڕێوەبردن و وەزیریش مافی هەبێ پەسەندی بکات یان رەتی بکاتەوە ئیتر ئەوە رای ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم هەموار کردنەو پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاری دەکەینەوە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، با ناونووس بکەین یەکجاریش ناونووس ئەکەین، تکایە دەستتان بەرزکەنەوە: کاک ئیبراهیم، کاکەرەش، کاک کانەبی، کاک ئیدریس، بەڵێ هەر ئەو چوار

برادەرە ئەیانەوێ قسـە بکەن لەسـەر ئەو بابەتە. جـەنابی وەزیریش چ تێبـینی هەبێ یان وەڵامی براردەران بداتەوە ئەوە دوایی بەیەکجار وەڵامیان بداتەوە. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـمـەد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لەڕاستیدا هەموار کردنی سنووری شارەوانی یان نەخشەی بنەڕەتی (اساسی) بابەتێکی گەلەک گرنگ و سەرەکیە لە بابەتەکانی شارەوانی، ئینجا بەڕای من چەند ژمارەی دەنگدەران زیاتر بن بۆ پەسەند کردنی باشتر دەبێ تاکو لا بەلا نەچێت، چونکە بابەتێکی زۆر حەساس و گرنگە لەلای من پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەتەنها بەش نەکات واتە بوونی وەزیر پەسەندکردنەکەش بەهێزتر دەکات، برادەران دەڵێن ئەو کەسەی پێشنیاری کرد بۆ پەسەندیشی نەکات؟، وابزانم سێ لایەن بەشدار بن لە نەخشەی ئەساسی زۆر بابەتێکی باشە و لیژنەی یاسایی رەئیەکەی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس. کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەو پێشنیارەی لە لیژنەکە هاتووە دەڵێ(متضمنا الاسباب الموجبة) دیارە هەر هەموارێک کە دەکرێ(الاسباب الموجبة)ی بەدواوەیە، واتە دەرئەنجامە پێویست ناکا لەناو یاسا(الاسباب الموجبة) باسی بکرێ دوای پەسەندکردنیشی بەهێزترە. هەمواری سنووری شارەوانی ئەنجوومەنی شارەوانی دەیکات دەبێ پەسەند بکرێ لەلایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەوە، نەک پێشنیار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کـانەبی عـەزیز ئەحـمـەد دزەیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

دەقەکە تەواوە هیچ ناتەواوی تێدا نییە، بەڵام بەڕای من لەجیاتی پەسەند بکرێ بە پشتگیری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن جیاوازی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شارەوانی، عادەتەن ئەو ناحیەی کە شارەوانی لێیە سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی بەبێ بەڕێوەبەری ناحیە ئەبێتە بریکاری سەرۆکی شارەوانی، بەسیفەتی سەرۆکی شارەوانی ئەگەر پەسەندی کرد دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پێویستە پشتگیری ئەو بڕیارەی هەموار کراوە بکات و بینێرێ بۆ وەزارەتی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت ئەڵێ «پەسەند» بکرێتە «پشتگیری». کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی خزمەتگوزاری لایەنی یاسایی هەندێک لەنگ دەکا، چونکە ئەگەر بریار دەرچوو معقوول نیبە پاشی بریاری پێشینار هەبێ، چونکە گوترا(تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي) واتە پاشی بریاری ئەنجوومەنی شارەوانی، هەر کەسێ پێشنیار بکا بە دەسەڵاتی بەرێوەبردنیشش بێ وەکو پێشنیار نامێنێ، ئەو وشانە بەکار دێ (مصادقة)(تأييد) ئەوانە هەمووی شیاون، چونکە برادەران بەڕای من دەبێ ئەوە بزانن ڕەزامەندی زۆر لە پەسەند کردن گەورەترە، چونکە زۆر جار هەیە مستند پەسەند دەکرێ ئەما سەرف ناکرێ لەبەر ئەوە جێیەک ئەمر بە سەرف ناکاو ڕەزامەندی لەسەر خەرج کردن ناکا لەبەر ئەوەی ڕەزامەندی بە هێزترە لە پەسەند کردن، ئەوجا گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ئاگادار بێ بەهەر شێوەیەک گرفت نییە، بەڵام حەز دەکەم بەڕێزتان وئەندامانی پەرلەمان بنەڕەتی دەقەکە ببینن وبزانن چەند جوان هاتبوو کاتی خۆی (تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي ومصادقة الوزير متضمناً الاسباب الموجبة للتعديل وموافقة الوزير) واتە معقوولە توخوا جارەک وەزیر پەسەندی بکات و جارێکیش ڕەزامەندی لەسەر بکات، ئێستا ڕای برادەران ئەوەیە پەسەند کردن ببتە پشتگیری گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ئاگاداری بێ بەڕای ئێمە لە لایەنی یاساییەوە چ گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. بەڵێ بۆ پێشنیارەکەی لیژنەی خزمەتگوزاری گرنگ ئەوەیە هاودژ نەبن ئینجا پێشینار بێت، پشتگیری بێت، پەسەند کردن بێت چی وا لە بابەتەکە ناگۆڕێ، وابزانم باویش وایە ئەگەر ئەنجوومەنی شارەوانی بریارێکی دا معقول نیبە قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە ئاگایان لێ نەبێت یان پەسەندی نەکەن یان پشتگیری نەکەن تۆزێک وەکو بڵێین لەنگ رادەوستێ. فەرموو مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناڵێین ئێمە دژی ئەمە دەوەستین یاخود لەگەڵی نین، بەڵام کاکەرەش دەڵێت پەسەند کردن پاشی بریار نابێ، نەخێر بریاری بەڕێوەبەری ناحیەیەک، ئەنجوومەنی شارەوانی لە ناحیەکی کە بریارێک ئەدا سنووری شارەوانی فراوان بکات یان بگۆزێتەوە ئەگەر ئەوان پەسەندیان کرد بەڕێوەبەری ناحیە پەسەندی کرد دەبردرێتەوە لای پارێزگار یاخود دێتە لای وەزارەت ئەو کاتە مانای ئەوەیە ناتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە، یاخود زەحمەتە گۆڕانی بریاری ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵبژێردراو بکرێت، ئێمە دەڵێین ئەوانیش پێشنیار بکەن یەکسەر پەسەندی بکەن مانای ئەوەیە هیچ

گۆڕانێک بەسەر ئەو بڕیارە نابێ. ئێمە داوا ئەکەین وشەی پەسەند کردن بگۆڕێ بە پێشنیار لەبەر ئەوەی مافی ئەوە بدرێتە ئەنجوومەنی شارەوانی چ لە قەزا بێ یا لە ناحیەک، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من نەم گوت پەسەند کردن پاشی بڕیار نابێ گوتم پێشنیار پاشی بڕیار نابێ. بڕەک وشەکان لێک دوورن، چونکە ئەگەر بڕیارێک دەرچوو پێشنیاری چ دەکەی؟ وابزانم چ پێشنیار لەگۆڕێ نامێنێ، پێشنیار مانای ئەوەیە پێشنیارێک بکرێ بۆ ئەوەی خەڵک بڕیارێکی لەسەر دەربچوێنێ، کەچی بڕیارەکە دەرچووە ئەو بڕیارە دێتە پێش دەسەڵاتی بەڕێوەبردن کە بەڕێوەبەری ناحیە یان قائمقامە، ئەوجا رای خۆی لەسەر دەدات، پشتگیری دەکات یان پشتگیری ناکات، دەنووسێ ئەو بڕیارە دەگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئێرە، ناگونجێ هەموو پێکەوە بەرز دەکاتەوە بۆ وەزیر و رەزامەندی کۆتاییشی بۆ وەزیرە، وەزیر هەمووان تەماشا دەکات، بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی و پشتگیری یان پەسەند کردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەوێ وەزیریش وشەی کۆتایی بۆ ئەوە ئەگەر رەتی کرد بڕیارەکەش رەت دەبێتەوە و پشتگیریەکەش رەت دەبێتەوە و پەسەند کردنەکەش رەت دەبێتەوە، ئەگەر رەزامەندیشی لەسەر کرد ئەوە بڕیارەکە جێگیر دەبێت و شتێکی زۆر سروشتیە، ئەمما پێشنیار پاشی بڕیار نابێ پێشنیار پێشی بڕیار باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سـوپاس، با ئەو بابەتە یەک لا بکەین، ئەگەر تۆزێک ئینسان بەوردی تەماشای بکا واتە زنجیرەکەی بەو شێوەیە دەبێ، پێش وەخت ئەبێ پێشنیارێک بێت، ئەو پێشنیارە ئەبێت وەزیر رەزامەندی لەسەر بکات پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی، ئەنجوومەنی شارەوانی ئەیکات بە بڕیار، ئەو بڕیارەش ئەبێ لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەردنەوە پەسەند بکرێت، واتە ئەو بابەتە یەک لابۆتەوە، مەلا هادی وابزانم ئەگەر تۆ تەماشای کۆتایی بکەی (متضمنا الاسباب الموجبة للتعديل وموافقة الوزير متضمنا) جا یاساناسەکان ئەوە روونکەنەوە، بەڕێز کاک فەرسەت وابزانم تێبینیەکی هەیە ئەویش روونە، با کاک فەرسەت روون کردنەوەکەی خۆی بدات، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەگەر انسان بێت ئەو رستەیە بخوێنێت تەماشا دەکات وشەی (متضمنا) ئەگەر راڤەی بکەی بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی دەگەڕێتەوە، واتە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی (يتضمن الاسباب الموجبة للتعديل وموافقة الوزير) نازانم من لێرە وەک دەبینم هاودژێک هەیە، لەپێش وەخت چۆن رەزامەندی وەزیر وەربگیرێ پێش بڕیار دەربچێ، ئێستا بڕیارەکەش مەبەستی ئەوە نەبێت ودوایی

ڕەزامەندی وەزیر وەربگیریێ جا وشەی (متضمنا) پێویستە بە وشەیەکی تر بگۆڕدرێت، چونکە چۆن ڕاڤەی دەکەی (تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي و مصادقة السلطة الادارية متضمناً الاسباب الموجبة للتعديل و موافقة الوزير) پێویستە(الاسباب الموجبة) لەگەڵ بڕیارەکە بێت و ڕەزامەندی وەزیریش پێویستە لەگەڵ بڕیارەکە بێت، ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێت ڕەزامەندی وەزیر پاش بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی وەربگیرێ ئەویش فیعلەن شتێکی ڕەوا و مەعقوولیشە، بەڵام وشەی (متضمنا) پێویستە بە وشەیەکی تر بگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تووشی ئەوە بووم بۆ ئەوەی سوپاسی ئەو رووون کردنەوەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بکەم، بەڵام خۆی دەقەکە زۆر روون هاتووە. ئەنجوومەنی شارەوانی کۆدەبێتەوە بڕیارێک دەردەچوێنێ بۆ هەمواری سنووری شارەوانی، لەو بڕیارە پێویستە (الاسباب الموجبة) بۆ ئەو هەموارە هەبێ، خۆ بە خۆڕا نابێ ئەو ئیشە بکات، بۆ نموونە گریمان فراوانمان کرد بۆچی فراوانی دەکەی(الاسباب الموجبة) کەی چییە؟ ئەو(متضمنا) دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی (ان يكون القرار متضمنا للاسباب الموجبة للتعديل) دوایی بەرز دەکرێت هەموو بۆ وەزیر، وەزیر ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر کرد ئەوە بڕیارەکەیان جێ دەگرێ، ئەگەر وەزیریش ڕەزامەندی لەسەر نەکرد ئەوە بڕیارەکەیان دەگەڕێتەوە(کانما لم يكن) لەبەر ئەوە وشەی (متضمنا) دەگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتی بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی(ان يكون قرار بلدي متضمنا للاسباب الموجبة للتعديل) بەو شێوەیە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت، وەزارەتیش بزانێ ڕەزامەندی لەسەر دەکات یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئەمە گفتوگۆی دەکەین دوو برادەری تر (مداخلە)یان هەیە، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر (بعد مصادقة)کە قسە دەکەم ئەو ماددە کە ئێستا هاتووە دەڵێ (بعد مصادقة السلطة الادارية) لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ڕەزامەندی وەزیر مانای ئەوەیە ڕەزامەندی وەزیری ناوێ ئەگەر ئەوان پەسەندی بکەن من پێشنیار ئەکەم ببێ(بناءا على اقتراح السلطة الادارية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای باو سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی لەپێشا وابووە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی تەنها پارێزگار مافی پەسەند کردنی هەیە، قائمقام وبەڕێوەبەری ناحیە ئەو مافەیان نەبووە، واتە تا ئێستا پەسەند کردن تەنها لەلایەن پارێزگار و سەرۆکی شارەوانیش دەکرا، هەموو

بڕیارێکی ئەنجوومەنی شارەوانی هەموو (الاسباب الوجبة) تێدایە هەر بڕیارێکی ئەنجوومەنی شارەوانی بیدا لە(الاسباب الموجبە) بڕیارەکە شەرح دەکات وباسی دەکات، ئینجا دوایی دەینێرێ بۆ پارێزگار و پێشتر قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە رەئی دەردەبڕن ئەوەی کە بڕیارەکە بدا لەگەڵ شارەوانی بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکەن ئەو بڕیارە ئەگەر گرنگ بێت، شتەکە گشتی بێت، پەیوەندی بەو شتانەوە هەبێ بیرورا لەگەڵ قائمقام و دەسەلاتی بەڕێوەبردن ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەلام لێرەدا ئێوە دەسەلاتی بەڕێوەبردنتان تێکەلاو کردووە، دەسەلاتی بەڕێوەبردن ودەسەلاتی پارێزگار و قائمقام وبەڕیوەبەری ناحیە هەمووتان وەکو یەک لێ کردووە، کە دەڵێی (مصادقة السلطة الادارية) مانای هەموویان دەتوانن پەسەندی بکەن، کەچی یاسای باو لە بنەڕەتدا ئەو مافە تەنها بە پارێزگار دەدات، ئەڵبەتا دوای پەسەند کردنی پارێزگاریش دەچێ بۆ وەزیریش، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک مامەند ئەگەر مۆڵەت هەبێت دەزانی کێشەی ئێمە لەوە نییە، کێشەکە لە دەقەکەیە، لە رەزامەندی وەزیرە، ئەو دەقەی کە هاتووە وا راڤە ئەکرێت کە پێش وەخت وەزیر رەزامەندی کردووە لەسەر هەموار کردنەکە، منیش ئەڵێم نابێ، بەپێی ئەو راڤەی کە ئێستاکە هەندێ برادەران ئەڵێن ئەو تێکهەڵچوونە لە بابەتەکە هەیە، ئەوە بوو ئیتر پێویست بە پەسەند کردن و بەوانی تر هەموو ناکا، کە وەزیر رەزامەندی لەسەر کردو سەرۆکی شارەوانی وئەنجوومەنی شارەوانی رەزامەندیان لەسەر کرد ئەو تێکهەڵچوونە لە بابەتەکە هەیە، فەرموو کاک مامەند قسەکەت تەواوی بکە.

**بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەبیعی ئەبێ پەسەند کردنی وەزیر دواین بێت لەپێشەوە نابێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو مەلا موحسین.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو هەموار کردنە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، هەموار کردنی سنووری شارەوانی لەسەر دوو شت بەندە: یەکەمیان ئەبێ (الاسباب الموجبة) تێدا بێت بەندی دووەمیشیان رەزامەندی وەزیری لە کۆتایی ئەنجامەکە بکرێ، مانای ئەوەیە سنووری شارەوانیەک کاتێک هەموار ئەکرێ ئەگەر ئەو دوو مەرجەی تێدا بێتە جێ، واتە لەپێشەوە (الاسباب الموجبة)کە هەبێ لەوانەشە پەسەند کردنی وەزیری لەسەر هەبێ لەبەر ئەوە کێشەی تێدا نییە، سوپاس

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم ئەمن لەگەڵ رەئی خۆمم، ئەگەر بێت ولەلایەنی زمانەوانی راڤەی بکەی وای بۆ دەچێ،

وكـأنه پێویسـته ڕەزامەندی وەزیر پێش وەخت بێت، ئەوەش شتێکی مەنطیقی وعەقلی نییه بەڕاستی بۆ لابردنی ئەو کێشەیە بەڕای من بەو شێوەیە دەبێت (متضمناً الاسباب الموجبة للتعديل ومقترن بموافقة الوزير) واته ڕەزامەندی وەزیر(الاسبابي الموجبة)کە لێک جیاوازی بکەین، له چوارچێوەی یەک شت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت، لیژنەی یاسایی کامتان قسه ئەکەن باشه دوایی کاک ڕەجەب کاک محەمەد ، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لایەنی زمانەوانی تەواوە، هیچ شتێکی کەم نییەو دروسته، چونکه منیش تایبەتمەندیم له زمانی عەرەبیدا هەیه، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس تەنیا ئێمە ئەو تێکهەڵچوونە گفتوگۆ ئەکەین تکایه کەسێکی تر ئەوە بۆ زمانەوانی نەگەڕێنێتەوە، ئەوەی کاک ڕەجەب دەڵێ ئێمە هیچ کێشەمان لێ نییه. کاک جوهر فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ هەموواری سنووری شارەوانی ئەبێ پێش وەخت پێشنیار بێ، بەڕای من بەوشێوەیە دابڕێژرێت (تعدل حدود بلدية بناءاً على اقتراح السلطة الادارية وبقرار من المجلس البلدي متضمنا الاسباب الموجبة للتعديل وبمصادقة الوزير) ئەوها بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل چ زیادەت هەیە فەرموو..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له کێشەی(متضمنا) پشتگیری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم مادده یەک ئەوها کێشەی نامێنێ (المادة الثامنة: تعدل حدود البلدية بقرار من المجلس البلدي متضمنا الاسباب الموجبة للتعديل) پاشان (ومصادقة السلطة الادارية بموافقة الوزير) واته پاش وپێش بکرێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا کێشەکە ئەوە بوو ئەوە لەلایەنی زمانەوانی دووسێ برادەران کە لەناو پەرلەمان پسپۆڕی زمانەوانین دەڵێن: دەق لەمەنطقی ئەو بابەتە ناگۆڕێ مادام لەسەر ئەوە کۆکن بە بۆچوونی من کاک فەرسەتیش موقتەنیعە بە ڕاڤەی برادەران کە لایەنی زمانەوانی کێشەیەک دروست ناکات ئەگەر لەسەر ئەوە بمێنێتەوە، مانای وایە ڕەزامەندی وەزیر پاش ئەو ئیجرائاتانەیە کە کراوە لە زنجیرەی

ئیشەکەدا، مادام وایە ئەو تێکهەڵچوونە نەما، تەنها پێشنیارەکەی لیژنەی خزمەت گوزاری ئەمێنێتەوە لەجیاتی «پەسەند» بکرێ بە «پێشنیار»، وابزانم کە ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیارێکی وای دا ئیتر پێشنیاری چی ئەکەن! لەوەیە لەم تێکهەڵچوونە ئێوە باش تێنەگەیشتبن، روون بوو وابزانم تێکهەڵچوونەکە نامێنێ. فەرموو کاک مەلا هادی.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــووەمـــــەن.**

ئەمە دەڵێن کە ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیارێکی دا سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن کە قائمقامێکە یان بەڕێوەبەری ناحیەکە ئەگەر هاتوو پەسەندی کرد چووە لای وەزیر مانای وەزیر چی بۆ ماوەتەوە ڕەت بکات نابێ، چونکە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵبژێردراوە ڕەد ناکرێتەوە، بەڕای من لەیەکەم جارەوە پێشنیار بێ و ڕەزامەندی کۆتایی بۆ وەزیری بمێنێتەوە، یاخود دەبێ لەپێشەوە ڕەزامەندی وەزیری پێ وەرگیرا بێ ئینجا ئەوە ئەگەر نا وشەی (مصادقة) نابێ پێشنیار بکرێت بۆ وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــووەمـــــەن.**

بەڕای من ئەگەر پێشەکی پێشنیاری بدەینە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن مانای ئەوەیە مافی ئەنجوومەنی شارەوانی دەخۆین، واتە مانای ئەوەیە ئەنجوومەنی شارەوانی لێ ناگەڕێ کۆبێتەوە. ئێستا پاشی ماوەیەک برادەران گفتوگۆی لەسەر دەکەن دەڵێن ئەگەر پێشنیارێک پەیوەندی بوو بە ڕەزامەندی مانای ئەوەیە وەزیری بێ دەسەڵاتی دەبێ چونکە پێشنیاری تێدایە کەواتە ئەنجوومەنی شارەوانی دەبێ دابنیشێ چاوەڕوان بکات کەی سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن پێشنیارێکی بۆ دەکات، گەرچی ئەوها نییە، ئەنجوومەنی شارەوانی زۆر بابەت هەیە چارەسەری دەکاو خۆی دادەنیشی بڕیاری بۆ دەردەچوێنێ وبڕیارەکە بەرز دەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، ئەویش ڕای خۆی لەسەر دەدات، کە ڕای خۆی لەسەر دا دەنێرن بۆ وەزارەت، وەزارەتیش ڕای لێ بێ پەسەندی دەکات، ڕای لێ نەبێ ڕەتی دەکات، بابەتەکە یەک لا دەبێ لەبەر ئەوەی قەت ناکرێ(بناءاً علی اقتراح) چونکە نابێ ئێمە ئەوە بشارێنەوە، برادەران پشتگیری ئەوە دەکەن دەڵێن هەڵبژێردراو کە انسانێک هەڵبژێردراو چۆن دەبێ هەر چاوەڕێ بکات تا خەڵک پێشنیاری بۆ بکات ئەبێ خۆشی ئەو مافەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــووەمـــــەن:**

بابەتەکە لێرەدا تەواو بوو بەتێروتەسەلی گفتوگۆ کرا ئەو تێکهەڵچوونە نەما، ئەو پێشنیارەی لیژنەی خزمەتگوزاری ئەگەر سوورن لەسەری دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر بیکێشنەوە پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەوەی ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی خزمەتگوزاری پێشنیارەکەتان

دەکێشنەوە؟ بەڵێ کێشراوە زۆر سوپاس، ماددەکە وەکو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..
سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.
کۆبوونەوەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێنین، رۆژی سێ شەممە جەنابی وەزیری پیشەسازی لێرەیە سەعات (١٠) ئێمە کۆدەبینەوە، ئەگەر کاتەکە گونجاو بوو بۆ ئەوان. کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێ پاش نیوەڕۆ بێ چونکە سەردانمان هەیە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر ئەو شتە رەچاو بکرێ ئەگەر بەربەستێ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە رۆژی سێ شەممان ئێمە نەتوانین لێرە دوای نیوەڕۆکەی ئامادە بین ئەگەر سبەی بتوانین باشترە، باشە ناکرێ جەنابت سەعاتێک لە کاتەکەت وەرگری و زووتر بێ یت؟ سبەی سەعات (٩،٣٠) دادەنیشینەوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە تەواو بکەین.
دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان لێرەدا دێتە کۆتایی... سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٠

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بەئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە(٥)ی ئاسایی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی سازدا. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای گەورەو بەخشندە دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد. ئامادەبووان (٥٤) ئەندام بوون و بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٧) ئەندام.**

**ناوی ئامادە نەبووەکان ئەم بەڕێزانەن:**

**١ـ ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی(لە دەرەوەیە).**

**٢ـ ئازاد فەتاح رەشید میران.**

**٣ـ د.حەسەن حسێن بەفری(لە دەرەوەیە).**

**٤ـ عەدنان محەمەدنە قشبەندیی(لە دەرەوەیە).**

**٥ـ ئەکرەم عاشوور(لە دەرەوەیە).**

**٦ـ شەمائیل ننۆ(لە دەرەوەیە).**

**٧ـ عوسمان حەسەن دزەیی(لە دەرەوەیە).**

**٨ ـ سەلام کەریم خان.**

**٩ـ وریا ئەحمەد حمەدئەمین.**

**١٠ـ نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا.**

**بەرنامەی کار:**

**١ـ بڕواپێدان و سوێند خواردنی بەڕێز د.جاسم ئەلیاس مراد ـ وەزیری هەرێم.**

**٢ـ خستنە رووی ئەو پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان کە ئاراستەی بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح ـ وەزیری پیشەسازیی و وزە کراون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان ١٩٩٧/٦/١٠ بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکا. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵە، خاڵی یەکەم بڕوادان وسوێند خواردنی بەڕێز د.جاسم ئەلیاسە، دوێنێ دوامان خست بۆ ئەمڕۆ، خاڵی دووەمیش ئەو پرسیارانەیە کە ئاراستەی بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح

وەزیری پیشەسازی و وزە کراون، ئەمڕۆ ئەو برادەرانەی کە پرسیاریان کردووە کاک ئیدریس لێرەیە و وەڵامی پرسیارەکانیان ئەداتەوە. دەست ئەکەین بەخاڵی یەکەم. جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بابفەرموویت.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێویستی ئەزانین وەزیرێکی ئەقلیم بخەینە سەر کابینەی سێ بۆ ئەوەی بنکەی وەزارەتەکانمان فراوانتر بێت، لەبەر ئەوە پێشنیاری بەڕێز د.جاسم ئەلیاس دەکەم وەکو وەزیری هەرێم. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێز د.جاسم ئەلیاس مراد پێشنیار کراوە بۆ پۆستی وەزیری هەرێم، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستاش بەڕێز د. جاسم سوێندی یاسایی بەرامبەر بە پەرلەمان دەخوات، بابفەرمووێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز د.جاسم ئەلیاس مراد وەزیری هەرێم با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.جاسم ئەلیاس مراد/ وەزیری هەرێم:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەیەزدانی مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لەیاسا بگرم وچاودێریی بەرژەوەندییەکانی میللەت بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کاری خۆمان، خاڵی دووەم لە بەرنامەکەمان ئەو پرسیارانەیە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و ووزە یان کردوون لەم ماوەیەدا، بەڕێز شێروان حەیدەری پرسیارێکی هەیە بابفەرموویت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من لە ١١/٥/١٩٩٧ کراوە، ئەوکاتە کارەبای شاری هەولێر چارەسەر نەکرابوو، سەبارەت بە برگەی یەکەمی پرسیارەکە ئێستا لە هەولێر کارەبا فوولە، واتە کارەبا چارەسەر کرا. بەشی دووەمی پرسیارەکەم لە بەڕێز وەزیری پیشەسازی دەکەم، سەرچاوەی کارەبا لەکوردستان دووانن، یەکێکیان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزییە، یەکێکیشیان ئاوی دوکان ودەربەندیخانە، سەبارەت بە شارەکانی کوردستان، هی دهۆک چارەسەر کراوە بە یارمەتی

دەسەلاتی مەرکەزی لەوێوە کارەبا دێ، ئاسایی کارەبایان هەیە و فوولە نزیکەی (٢٠) سەعات (٢١) سەعاتە. سەبارەت بە سلێمانیش دوو پرۆژەیان بەدەستەوەیە دەربەندیخان و دوکان ئەوانیش تەقریبەن بارییان باشە. بەرزی ونزمی ئاوەکە سەبارەت بە هەولێر بەسەریدا زاڵە. زائیدەن باری سیاسی، پرسیارەکەم ئەوەیە وەزارەتی پیشەسازی چی پلانێکی بنەرەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئاوی هەولێر، چ بەرێگەی دەسەلاتی مەرکەزی بێت چ لە رێگەی(UN) یاخود لەژێر بریاری(٩٨٦)ەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی ئەو نەریتەی پەیرەوی دەکەین لەم جۆرە بابەتانەدا، پرسیار دەکرێ وجەنابی وەزیر وەڵام ئەداتەوە، خاوەنی پرسیار مافی بەدواداچوونێکی هەیە و جەنابی وەزیر مافی بەدواداچوونێکی تری هەیە و لەوێدا گفتوگۆی ئەو بابەتە تەواو دەبێ وتەنها ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە خاوەنی پرسیارەکەیە مافی ئەو گفتوگۆیەی هەیە، دوایی ئەوە کە تەواو بوون ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پرسیاری شەفەوی ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەن، وجەنابی وەزیریش ئازادە وەڵامی پرسیاری زارەکی بداتەوە، یان نەداتەوە. زۆر سوپاس فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەرێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو بەرنامەیەی کابینەی سێیەم کە لێرە لەپەرلەمان پەسەند کرا، بەشێکی لەبارەی پیشەسازی و وزەوە بوو، کە لە دە خاڵ پێک هاتبوو، ئەو پرسیارەی بەرێز کاک شێروان حەیدەری لەخاڵی حەوتەم وهەشتەمی بەرنامەی وەزارەتی پیشەسازی و وزەدا هاتووە، حەز دەکەم ئەو دوو خاڵە لێرە بخوێنمەوە: حەفتەم چاککردنەوە وبایەخدان بە بەنداوەکانی دوکان ودەربەندیخان، هەوڵدانی جیددی وبێ وچان بۆ رێگەگرتن لەدزینی ئامێرەکانیان، بەردەوام بوون لە بەگەرخستنەوەی وێستگەی کارەبای دوکان ودەربەندیخان. هەشتەم چاککردنەوە وپەرەپێدانی تۆرەکانی کارەبا وتەواو کردنیان، گەیاندنی تۆرەکانی سلێمانی وکەرکووک ودهۆک بەیەکتری و گەیاندنی دێهاتە ئاوەدان کراوەکان بەکارەبا، ئەو دوو خاڵە وەکو بەرنامەی وەزارەت ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە تا رادەیەکی زۆر لەخاڵی حەوتەم بایەخێکی تەواو بە هەردوو بەنداوەکە دراوە، هەرچەندە ئەو دوو بەنداوە لەژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێم دانینە، بەلاّم بە هەم ئاهەنگی لەگەڵ (UN) ئەوەی پێویست بووە بۆ ئەو دوو بەنداوە کراوە، هەروەها لە بریاری(٩٨٦)برە پارەیەک کە لێرە بە لیستی پێداویستییەکان ئامادە کراوە بۆ ئەو دوو بەنداوە دانراوە کە چاودێری و چاک بکرێتەوە، چونکە ئەو دوو بەنداوە ئەگەر بێت وکەم وکوریان نەبێ وئاستی ئاو باش بێ ئەتوانن بە بەردەوامی کارەبا بدەن بە شاری هەولێر . لەخاڵی هەشتەم لەبەرنامەکەی ئێمەدا هاتووە دەڵێ: گەیاندنی تۆرەکانی سلێمانی وکەرکووک ودهۆک، وەکو باوە تۆری کارەبا دەبێ هەمووی داخراو بێ، پێکەوە بەستراو بێ، نابێ لێک دابڕاو بێ، ئێستاکە لەنێوان هەولێر ودهۆک لێک دابڕاوە، لە

خەلیفان هەتا سەرسەنگ هیچ بەستانیک نییە، ئێمە پرۆژەیەکمان بۆ ئەوە پێشکەش کردووە کە (١٣٣)کم مەسافەکەیە، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە تێچوونی، ئەو پارەیەی کە پێویستی یەتی زۆرە لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نییە کە نزیکەی زیاتر لە (١٢)ملیۆن دۆلارە ئێمە بۆ ئەوە لەگەڵ بەرپرسانی (UN)لە بریاری (٩٨٦) قسەمان کردووە کە داخیلی بەرنامەکەیان بکەن بۆ شەش مانگی دابێ، کە حسابێکی بۆ بکەن بەڵکو بتوانن ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدەین ئەمە جگە لەوەی وەکو ئاشکراو روونە پێش ساڵی ١٩٩١ هەولێر لە سێ سەرچاوەوە کارەبای بۆ دەهات، هێڵێکی لە دوکان، هێڵێک لە دبس، هێڵێک لەمووسڵەوە دەهات، بەڵام بەداخەوە لەساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤ ئەو خەتانە هەمووی دزرا بەتاوەرەوەو تەلەوە هیچی نەما ئەوەی هەولێر ودبس نەما، مووسڵیش نەماوە مەسافەکەی نزیکەی (٤٥) کم نەماوە، ئەوە ئێمە لەگەڵ (UN)کاتێ کە پێداویستییەکانی خۆمان لە بریاری (٩٨٦)دا جێگیر دەکرد کە (١٣) ملیۆن دۆلار تەرخان کرا بۆ کارەبای کوردستان باسی ئەو پرۆژەیەمان کردووە، وباسیشمان کردووە کە ئەوان هەوڵی ئەوە بدەن ئەو پرۆژەیە تەبەنی بکەن بۆ ئەوەی کارەبا لەگەڵ مەرکەزیشەوە ببەسترێ، هەنگاوی بۆ هاوێشتراوە، بەڵام پرۆژەکە لەبەر ئەوەی گەورەیە، بریارەکە ئەوە نییە بە رۆژێک ودوو رۆژ بدرێت. بۆ پلانی ئایندە ئەوە بە ئەکید داخیل ئەکرێ وهەوڵ وکۆششی بێ وچان بەردەوامە لەو بووارەدا، چونکە چەند سەرچاوەی کارەبا زیاد بێ لە بۆ هەولێر باشترە. هەولێر زۆر پەرەی سەندووە، شارێکی گەورەیە پێویستی بە کارەبایەکی زۆر هەیە بەتایبەتی لە زستاندا کە سووتەمەنی زۆر کەم دەبێ، خەڵک زۆر هیتەرو ئامێری کارەبا بەکار دەهێنێ لەبەر ئەوە ئەو هێڵەی هەیە لەنێوان دوکان و هەولێر بەرگەی ئەوە ناگرێ یان دەبێ هێڵێکی تر بە هاوتەریب (تـوازي) بۆ هەولێر بهێنین بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو کارەبایە بگرێ، یاخود دەبێ هێڵێکی تر لە مەرکەزەوە یان دوو هێڵ لە بۆی بێ، جگە لەوەی ئەو هێڵەی لەنێوان هەولێر ودهۆکە زۆر زۆر گرنگە پێکەوە ببەسترێ بۆ ئەوەی کارەباکە داخراو(موغلەق) بێ ئەگەر ئەوێ کارەبای نەبوو لێرەوە بۆ بچێ و بەپێچەوانەوەش ئەگەر لەدهۆک هەبوو لە هەولێر نەبوو لەوێوە بۆهەولێر بێت، ئەو هەنگاوانە هاوێشتراون بۆ چارەسەر کردنی کارەبای هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر. کاک شێروان چ بەدواداچوونێکی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەپێی زانیاریمان مانگی (٩) ئەم کەم کردنەوەی کارەبا سەبارەت بە شاری هەولێر دەگەرێتەوە ئایا ناکرێ لە ئێستاوە هەتا مانگی (٩) ئەو کارەبایە چارەسەر بکرێ؟ بەپێی زیانیاری ئێمە کشوفاتێک کراوە بۆ کارەبای هەولێر وکەرکوک وئەو کەشفەش گوایە دوومانگ

دەخایەنێ بۆ ئەوەی کارەبای کەرکووک بە هەولێر بگەیەندرێ، ئینجا لێرە نازانم هیچ هەنگاوێک هاوێشتراوە بۆ ئەم بابەتە یان نەء؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بێگومان جارێ هێشتا کەشف نەکراوە. ئەو زانیاریانە نازانم لە کوێوە هاتوون؟، چونکە ئێمە لە وەزارەتەوە ئاگادارین، بەڵام ئێمە داوامان لە (UN)کردووە کە ئەوان ئەو حیسابە بکەن ئێمە زانیاری و (تفاصیل) مان داوە، مەسافەکە چەندە بەپێی زانیاری تەکنیکی دیارە هەر (کم) چەند تاوەری دەوێ، چەند تەلی دەوێت، واتە بە خەملاندنی ئێمە دەتوانین بڵێین کە بۆ ئەم مەسافەیە چەند بڕە پارەی دەوێ. ئەوان ئەبێ لەگەڵ مەرکەزیش قسە بکەن، ئایا ئەو تەکالیفە لە چ پارەیەک دەردێ کە تەرخان دەکرێ بۆ کارەبا، لە هی ئێمە، یان لە هی ئەوان؟ جارێ بڕیار نەدراوە، هەوڵی دیکەش دراوە، بەڵام تا ئێستا بڕیارێکی بنبڕ نییە بۆ ئەم شتە، هەوڵدانیش بەردەوامە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، سوپاس بۆ کاک شێروان، پرسیارێکی تر هەیە لەلایەن ئەندامی پەرلەمانەوە بەڕێز کاک ئەحمەد سالار عەبدولواحید با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە ئاراستەیە بۆ ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە. بابەتەکە ئەوەیە لە کارنامەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە نەخشەکێش بۆ کاروبەرهەم هێنان کراوە، ئایا لەماوەی ئەم چەند مانگەدا توانیویەتی چەند لەو نەخشەیە ئەنجام بدات وبە چ ڕێژە و ژمارەیەک لەگەڵ ڕەچاوکردنی زۆری کاتدا؟ لەهەمان کاتدا لەم دواییەدا هەواڵمان بیستەوە لە ڕاگەیاندنەوە کە ئەوە کارێکی چاکە، بۆ نموونە لەکارگەی چنیندا کەوا خووری خۆماڵی بەکار ئەهێنێ بۆ ئەوەی لەکار نەکەون، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا وەزارەتی پیشەسازی و وزە چەندەی لە نەخشەی کارەکەی ئەنجام داوە وهەروەها لە ژمارەی کارگە لەکارکەوتووەکان بە چ ڕێژەیەک بەگەڕی خستوونەتەوە؟ لەگەڵ ڕێز وسوپاس دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرنامەی کاری کابینەی سێیەم دا، وەزارەتی پیشەسازی لە خاڵی دووەم خۆی گرتۆتەوە،

بەگەڕخستنەوە وچاککردنەوە وگەشەپێدانی کارگەکانی چیمەنتۆ وجگەرە وچنین هەتا دوایی وپەیدا کردنی کەرستەکانی بەرهەم هێنان وهاندانی وفرۆشتنی بەرهەمە پیشەسازیەکانی خۆماڵی لە دەرەوەی هەرێمدا، ئەو کارگانەی کە سەر بە وەزارەتی ئێمەن کارگەی جگەرەیە، کارگەی رستن وچنینە، کارگەی مەرمەڕە،کارگەی غازە، کارگەی مافوورە لەگەڵ ئەوانە کارگەی چیمەنتۆیە کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم کابینەی سێ یەمدا نییە، ئەو کارگانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئێمەن، ئێمە پاش دامەزراندنی کابینە یەکسەر ئیشمان بۆ کردووە. پێشتر کارگەکان بەتەواوی هەموویان لەکار کەوتبوون، ئیشیان نەدەکرد و، هیچ کەرەستەیەکیشیان تێدا نەمابوو، چونکە دیار بوو پێشتر دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی هەولێر ئەو کەلوپەلانەی کە لەناو کارگەکاندا هەبوون زۆریان بۆ دەرەوە ئاودیو کردبوو، واتە چەند تووتن هەبوو زیاتر بایی (٣١) ملیۆن دینار تووتنەکانیان فرۆشتبوو بە حکومەتی مەرکەزی، هیچیان بەجێ نەهێشتبوو، کەلوپەلی خاوی رستن وچنین ئەوانیشیان نزیکەی بایی (٣٠) ملیۆن دینار زیاتر فرۆشتبوو، هەروەها قوماش و شتی وا هەبووە ئەوانەشیان هەموو لەناو کارگەکە دەرهێنابوو فرۆشتبوویان. کە ئێمە هاتینەوە کارگەکە پەکی کەوتبوو، کەلوپەلی خاوی هیچی تێدا نەمابوو، دەبێ بە دوولاوە ئیشی بۆ بکەین، یەکەم ئەو شتانەی ئەو ئامێرانە کە شکاون پێویستی بەیەدەگ هەیە تا چاکیان بکەینەوە و دووەم کەرستەی خاویان بۆ پەیدا بکەین، جگە لەوەی کارگەکان بەڕێوەبەرێکی رێک وپێک وباشی نەبوو، ئێمە لە هەنگاوی یەکەمدا بەڕێوەبەرێکی چالاک و لێهاتووی بۆ دابنێین، بەڕێوەبەری کارگەکان لەسەر شارەزایی و بنەمای تەکنیکی چاک خەڵکی چاکمان دانا، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە چاکە بتوانێ ئەو کارگانە رێکوپێک بخات و بیخاتە سەر سکەی خۆیەوە، دەستمان بە رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیەکە کرد جگە لەوەی کە کارگەی جگەرەی هەولێر بەڕێوەبەرایەتیەکەی بە دەستێکی ئانقەست بەتەواوی سووتا بوو. پاش رزگار کردنی شاری هەولێر کە ئێمە هاتین پارەیەک تەرخان کرا بەڕێوەبەرایەتیەکەی چاک کرایەوە، دەستمان کرد بەپەیوەندی کردن لەگەڵ دەرەوەی هەرێم بەتایبەتی بۆ کارگەی جگەرە بۆهێنانی فلتەرو کاغەزو تووتن وئەم جۆرە شتانە کە هیچ کەرستەیەکی وامان نەمابوو. لەو ماوەیەدا توانیمان چەند بەڵێننامەیەک ببەستین لەگەڵ چەند جێگایەک، یان چەند کۆمپانیایەک بۆ هێنانی فیلتەر، توانیمان سێ وەجبە فیلتەر تا ئێستا بگەینینە کارگەی جگەرەی هەولێر، هەروەها تووتنی خۆماڵی رۆژهەڵاتی بتوانین لە جووتیارەکان بکڕینەوە لە بازاری کوردستان لە هەرێم، لە هەولێر و سلێمانی ولەشوێنەکانی تر، هەروەها هەتا بەرێگەی دەرەوەش هەوڵمان داوە بەڵێننامەیەکمان بەستووە کە بڕێکی زۆر تووتنمان بۆ بێت، ئێستا کەلوپەل و کەرەستەیەکی پێویستی چاکمان ئامادە کردووە بۆ بەگەڕ خستنەوەی ئەو کارگەیە، هەتا ئێستا لەم هەنگاوانە دا هەم ئاهەنگیەکی تەواو لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەبووە زۆر سوپاسیان دەکەین، ئاسانکاریەکی تەواوی بۆ کردووە بۆ هێنانی ئەو کەرەستانە لە دەرەوە، ئەو کەرەستانەی کە ئێمە داوامان کردووە، هەتا داوای ئیعفایی گومرکیشیان بۆ کردوون، ئیتر بۆ

تووتن وشتی وا ڕەزامەندیان دەربڕیوە، بەڕاستی کاری ئێمەیان زۆر ئاسان کردووە، لەو بوارەدا، ئەگەر وا نەبووایە بەو خێراییە ئێمە نەمان دەتوانی ئەو کەرستانە بهێنین.
بە بەردەوامی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئەو هاوکاریەمان هەیە، چونکە شتەکانمان هاوبەشن، هەتا وەکو ئێستا ئێمە توانیومانە بەرهەمێکی باش بەو کارگانە بەرهەم بهێنین گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئێمە بە دوو شەفت کارگەکە ئیش پێبکەین، ئەوەش یەکەم جارە لە مێژووی کارگەی جگەرە پاش ساڵ و نیوێک، واتە ئەو بەرهەمەی کە دەکەین بە بەراوردی ساڵانی پێشوو دوو بەرابەرە، فرۆشتنەی ئێمە تا ئێستا بای نزیکەی(٢٠) ملیۆن دینار جگەرەمان فرۆشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەمان هێناوە، هەندێ پارەشمان وەکو قەرزێک لە وەزارەتی دارایی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانین کەرستەی خاو بۆ ماوەی ئەم ساڵە دابین بکەین، بۆ ئەوەی کارگە نەوەستێ، چونکە پێویستی بە هەندێ کەرستەی یەدەگ هەیە وەکو قایش و هەندێک شتی تر، ئەگەر ئەوانە بە بەردەوامی نەهێنین ئێمە بەو توانای بەرهەمییە ناتوانین ئیش بکەین. درێژەی ئەو هەموو بەڵێننامانە ئێستاکە پێویستی ناکا لێرە بەرچاوی بخەین، بەڵام ئێستاکە ئەو کارگەیە لە(١٠٠٪) ئیش دەکا، کەموکوری تێدا نییە، کەرستەی خاویشی بە بەردەوامی بۆ دێ، ئێمە لە دوو رووەوە پەرەمان پێ داوە هەم لە رووی (کمي) هەم لە رووی (نوعي)یەوە، نیازی ئەوەش هەیە کە هێڵێکی بەرهەم بگۆڕین جگەرەیەکی تازە دەربکەین. ئێستا لەسەر ئەوە ئیش دەکەین کە شێوەی جگەرەکە باشتر بێ، تاقیکردنەوەشمان کردووە لەسەری ئەوەش سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.
سەبارەت بە کارگەی دووەمی گەورەی کە هەمانە کارگەی رستن و چنینە لە هەولێر، ئەو کارگەیەش توانیمانە پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بە پاڵپشتی وەزارەتی دارایی کە هەندێ کەرستەی بۆ بهێنین بەتایبەتی پۆلیستەر، تا ئێستا (١٢) تەنمان بۆ هێناوە، کارگەکە ئێستا بەرهەمی هەیەو ئێمە توانیومانە ئەو بەرهەمە بخەینە بازاڕەوەو بیفرۆشین. هەروەها وەزارەتی ناوخۆیش بۆ پۆلیسەکان هەمووی لە بەرهەمی ئێمە وەرگیراوە بە رێژەیەکی کەم کراوە، پلانێکی تایبەتی دانراوە کە ئەم بەرهەمەی خۆمان بنێرینە دەرەوەی هەرێمیش هەروەکو بەرهەمی جگەرە، ئێستا لە دەرەوەی هەرێم دەفرۆشرێ و لە ناوەوەش، واتە ئەو بەرهەمە بەڵێننامەیەکی تایبەتیمان کردووە بۆ دەرەوە سەبارەت بە جگەرە. بۆ رستن وچنینیش هەمان پلانمان هەیە. لە هەمان کاتدا بۆ یەکەم جار توانیمان خوری خۆماڵی بکڕینەوە ئەوەی کە لێرە هەیە بیرێسین لە کارگەی رستن وچنینی هەولێر ئەو خورییە بەکار بهێنین بۆ دروست کردنی رایەخ. بۆ ئەوە کارگەکانی مافوور کە سەر بە وەزارەتەکەی ئێمەن لە هەولێرو دهۆک بیان دەینێ. پێشان ئەوانە دەبوایە لە دەرەوە بهێنین، پارەیەکی زۆری تەکلیف دەکرد لە سەرمان، ئەو کارەی ئێمە سەرکەوتوو بووە، توانیوومانە ئێستا کارگەکانی مافوور ئەوەیان پێ بدەین کە پێشتر تەقریبەن راوەستابوون. ئێستا لە(٧٥٪) ئەو کارگانە بەگەڕ کەوتوونەتەوە هەندێ کارگەمان هەیە هی مافوور کە بینایەکانی تێکچوون و نەماون

وەکو رەواندزو شیلادزێ ئەوانە ئێمە سەردانمان کردوون نیازی ئەوەمان هەیە کە بینایەکان چاک بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو کارگانەی ئەویش کەلوپەل و کەرەستەی پێویستیان بۆ دابین بکەین، ئەوانیش دەست بە ئیش بکەن. ئێمە لەو ماوەیەدا لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانی کە لە دەرەوە هاتبوون دانیشتنێکی زۆرمان کردووە بۆ ئەو کەرەستانە، بەڵێننامەیەکمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کردووە بۆ هێنانی کەرەستەی خاو بۆ کارگەی رستن وچنین، هەروەها کۆمپانیایەکی بولغاری و چەند کۆمپانیای تر، بەڵام ئێستا چاوەڕوانی وەڵام دەکەین، چونکە دابین کردنی ئەو کەرستانە زۆر ئاسان نییە. ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەک کردووە کە دەستمان گەیشتبێتێ بۆ پەیداکردنی کەرەستەی خاو و کەلوپەلی یەدەگ بۆ ئەو کارگانە. هەروەها ئێمە توانیومانە لەکارگەی رستن وچنیندا جۆرە بەتانیەک دروست بکەین لە پاش ماوەی ئەو کەلوپەلانەی کە دەمێنێتەوە، ئەوەی بە کەڵکی قوماش و شت نایەت کردوومانە بە بەتانیی. ئێستا بەرهەمی بەتانییەشمان هەیە، هەروەها جۆرە کرێکمان بۆ رانک و چۆغە دروست کردووە لە مەرەز، ئەوە پێشان بە دەست دەکرا ئەوەشمان توانیوە بەرهەم بهێنین لە کارگەی خۆمان لە هەولێرو، لە دهۆک. هەروەها کارگەی رستن وچنینی دهۆک راوەستابوو، ئێستا توانیوومانە بەشێکی بە ئیش بخەینەوە، بەشێکی لە مەکینەکان و کارگەی مافووریش کە لەوێ هەیە ئەویش بەئیش بخەینەوە. ئێستا هەردوو کارگەی کە لە دهۆکن هی مافوور و هی رستن و چنینیش ئەوانیش ئیش دەکەن، بەڵام ئەوەی دهۆک بەشێکی تەواوکەری هەیە دەبێ لە هەولێر تەواو بکرێت، ئەو بەرهەمەی ئەوێ دێتە هەولێر هەتاوەکو تەواو بکرێ ئینجا دەخرێتە بازاڕەوە. سەبارەت بە کارگەی مەرمەڕ ئەوە وەستابوو. پاش ئەوەی توانیمان کەرەستەیەکی یەدەگی لە دەرەوە بۆ دابین بکەین، توانیمان لە شەش مەکینە پێنجی چاک بکەینەوە. ئێستا پێنج مەکینە بە تەواوی ئیش دەکات. ئێستا جۆرەها لە ناوچەکانی کوردستان، لە دەربەندیخان و سەید سادق بەردی گەورە دەکڕینەوە هەمووی دەکەینە مەرمەڕ، پاش ئەوەی بەڕێوەبەرێکی رێکو پێکمان بۆ داناو ئیشمان بۆ کرد، کەلوپەلی یەدەگمان بۆ دابین کرد، ئێستا کارگەکە لە ئیش کردنەو، بەرهەکەمان لە بازاڕ دەفرۆشرێ بەنرخێکی هەرزان، لەوانەیە نیوە قیمەتی ئەو نرخەیە کە کارگە ئەهلیەکان دەیفرۆشن لە بازاڕدا.

سەبارەت بە کانگاکانی تر کە هەمانە توانیمان پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر کارگەی گەڵاڵە بەئیش بخەینەوە بەردەکە دەربکەین ، هی کانزاکان، ئێستاش بەڵێننامەیەکمان بەستووە بەرهەمەکەمان دەفرۆشرێ دەچێتە بازاڕ بۆ دروست کردنی کاشی. کارگەی غاز لە هەولێر کارگەیەکی گەورە بوو پەکی کەوتبوو لە ساڵی ۱۹۹۱ەوە ئیشی نەدەکرد. پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیمان ئەو کارگەیە سەر لە نوێ چاک بکەینەوە، ئێستا کارگە ئامادەیە بۆ بەرهەم هێنان، بەڵام هەوڵێکی زۆرمان داوە کە غازی شلمان بۆ بێ، بەڵام هەتا ئێستا سەری نەگرتووە هەوڵیش بەردەوامە هەر کاتێک غازی شل هات ئێمە لە رۆژێکدا دەتوانین(۱۰) هەزار قەنینەی غاز بەرهەم بهێنین، بەڵام ئەو قەنینانەی کە ئێستا بۆمان دێت بەرێگەی ئەو بریکارانەی

که بریکارن له مووسڵ ڕۆژی تەنها(٧٥٠)دانه دەگاتە هەولێر، واته لەوە زیاترمان بۆ ڕەوانه ناکەن ئەو پێویستیانەی هەولێرو دەوروبەری هەیه بە (٧٥٠) دانه دابین ناکرێ، ئەگەر ئێمه بتوانین غازی شلمان بۆ بێ ئەوا پێویستی هەموو ناوچەکه دابین دەکەین بەتەئکید. ئەمه سەبارەت بە کارگه حکومییەکان، جا نازانم ئەگەر پرسیارەکەی بەڕێز مامۆستا ئەحمەد سالار کارگه ئەهلیەکانیش بگرێتەوە ئەوە وەڵامی دەدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر. فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنێکی تری وەکو بەڕێزتان فەرمووتان یەکێک له ئەرکەکان و له پەیڕەویشدا له کارنامەشدا ئاماژەی بۆ کراوە بریتییه لەوەی که چۆن سەرپەرشتی کارگەکانی بەشی تایبەت ئەکا وابزانم له شارێکی وەک هەولێر ڕەنگه سەدان کارگەی تایبەتی تێدا بێ، ئایا کێ هەولێکی داوە بۆ بوژاندنەوەو بەکارخستنیان؟ وەکو ئەزانین زۆربەیان پێداویستیان نییه، کەرەستەیان نییه، یان له کار کەوتوون، بە هۆیەکی هونەرییەوە، ئایا وەزارەتەکەیان تا چ ڕادەیەک توانیوویەتی ئەوە ببوژێنێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئایا له بازاڕا بەرهەمەکانی وەکو جگەره که ئاماژەتان پێ کرد، ئەتوانری بە ئاسانی دەست خەڵکەکه بکەوێ؟ چونکه لایەنێکی گرنگی پیشەسازییەکه ئەو لایەنه خزمەتگوزارییەیه که گەیاندنه بەخەڵکەکه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد. فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەرتی تایبەت له خاڵی چوارەمی بەرنامەی وەزارەتی پیشەسازیدا هاتووە: بایەخدان بە کردنەوەی پرۆژەی نوێ و ڕێگا خۆش کردن بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەتی، (القطاع الخاص)و، ئاسانکردنی کاروبارەکانیان، هەروەها هاندان و ڕێگادان بە ئیستثماری پیشەسازی له هەرێمداو، کارکردن له پێناو ڕاکێشانی سەرمایه بۆ ناو هەرێم ئێمه بۆ ئەو خاڵه ئیشی باشمان کردووە، تاڕادەیەکی زۆر سەردانێکی مەیدانی ناوچەی پیشەسازی باشوورمان کردووە که زۆربەی ئەو کارگانه دەکەونه ئەوێ و نزیکەی(١٢٠٠) کارگەی تایبەتی(أهلي) لێیه لەو ناوچەیەدا (٩٠٠) له یەکێتی و پیشەسازی بەرەسمی تۆمارکراون، زۆربەی ئەو کارگانه ئێمه مۆڵەتمان بۆ تازە کردوونەتەوە که مۆڵەتەکانیان بەسەر چووە. ئەو کارگانه پێش کابینەی سێیەم زۆربەیان لەکار وەستابوون هیچ بەرهەمیان نەبوو، بەشێکیان داخرابوون. ئێمه بەرنامەیەکی تایبەتیمان بۆ دانا، چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ یەکێتی پیشەسازی وبازرگانی کردو توانیمان سەردانێکی مەیدانی ئەو

کارگانە بکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هانیان بدەین و بەگەڕیان بخەینەوە، کارگەکان دەست بکەن بە ئیش کردن، پاش ئەوەی کە سەردانمان کردن گوێمان لە پێداویستییەکانیان بوو. ئەو داواکارییانەیان کە لەسەر وەزارەتی پیشەسازی بوو ئێمە ئاسانکاری تەواومان بۆ کردن بەتایبەتی لەو کاتەی کە کارەبا نەبوو ئێمە توانیمان کارەبایان چەند سەعاتێک بۆ دابین بکەین، رادەیەکی وا مەعقوڵ لەو کارگانە بە رۆژ بتوانن کار بکەن، ئەو داواکارییانەی کە لە وەزارەتی ئێمەیان کرد ئەنجامی سەردانمان بۆ ناوچەی پیشەسازی باشوور ئەوە بوو کە ئەو کارگانە گازوایلیان بدەینێ، هەندێ مووەلیدات و هەندێ کورە و شتی وایان هەبوو کە بە گازوایل ئیشی دەکرد ئەوانەمان بۆ دابین کردن. هەروەها کارەباشمان بۆ دابین کردن بەو رادەی کە دەکرێ بۆ چەند سەعات بتوانن کارگەکان ئیشی خۆیان جێبەجێ بکەن.

ئێمە لەو بوارەشەوە هەماهەنگی تەواومان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە، لەبەر هەندێک داواکاری ئەو کارگانە داخرابوون، چونکە داوای ئەوەیان دەکرد لەباج تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ ببەخشرێن، هەروەها هەندێ ئاسانکارییان بۆ بکرێ بۆ هێنانی کەرەستەی خاو لە گومرک کەم کردنەوەیان بۆ بکرێ. ئەو کەلوپەلانەی کە دێ و لێرە دروست دەکرێ، ئەوەی لە دەرەوە دێ گومرکی زیاد بکرێ بۆ ئەوەی ئێمە هانی پیشەسازی خۆمان بدەین لە بازاڕ رەواجی هەبێ بفرۆشرێ، بۆ نموونە کارگەی دروست کردنی شووشە و پیاڵەو پەرداخ و شووشەی لەمپاو ئەو جۆرە شتانە، پێشان کارگەیەکی هەبوو ئێستا بووە بە دوو بەمانای ئەوەی کارگەیەکی تازە کراوەتەوەو مۆڵەتمان پێ داوە، گازوایل و کارەبامان بۆ دابین کردووە، شووشە لەمپایەک پێشان بە(١٠) یان (١٢) دینار بوایە ئێستا بە (٢) یان (٣)دینارە. بە مانای نرخەکەی دابەزیوە، ئەوەش لەو شووشە کۆنە شکاوانە کە کۆ دەکرێتەوە دروست دەکرێ خەڵکێکی زۆر خەریکەو سەرقاڵی کۆکردنەوەن بە کیلۆ کارگەکان لێیان دەکڕنەوە، جارێکی تر ئەی هێننەوە شتی تازەی لێ دروست دەکەن لەهەر کارگەیەک(٢٠،٢٥،٥٠) کرێکار ئیش دەکات. هەر یەک لەوانە ئەتوانێ خێزانێک بەخێو بکات، باری ژیانیان سووک بکات و ژیان و ئابووری کەسانێک لە هەرێمیش بەتایبەتی شاری هەولێر چاکتر بکات. کارگەی دروست کردنی سۆندەی لێیە، هەر لە کەرەستەی کۆنی پلاستیک ئەو کەلوپەلانە چەند کردارێکی بەسەردا دەکرێت و کەرستەی سەرەتاییەکانی لێ دروست ئەکرێ جارێکی دیکە دەکرێتەوە بە سۆندە. کارگەی عەللاگەی نایلۆنی لێیە ئەو شتانەش بۆ رۆژانە پێویستن. جا ئەو کەرەستانەو ئەو شتانە، لە دەرەوەش دێن وەک ئێران وشوێنی تر، (منافسە) ی ئێرە دەکەن، ئەگەر کەلوپەلی سەرەتاییەکانمان لێرە گران بێت بابەتەکە گران تر رائەوەستێت کارگەکانمان زەرەر دەکەن، ئینجا لەبەر ئەوە داوا کراوە کە گومرگ لەسەر کەرەستە سەرەتاییەکان کە بۆ ئەو کارگانە دێن کەم بکرێتەوە. وەزارەتی دارایی بە سوپاسەوە وەڵامدانەوەی ئیجابی هەبووە بەرامبەر ئەو داواکاریانە، بڕیاریش وایە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەین لە نێوان ئێمەو ئەواندا ئەو داواکاریانەیان بۆ جێبەجێ بکەین.

جگە لەمانە کارگەی تر زۆر هەیە وەکو کارگەی کاشی، کارگەی بلۆکە و، کارگەی سەهۆڵ و، چەند کارگەیی تر کراوەتەوە کە ئێمە گرنگی تایبەتیمان پێداون، بەتایبەتی کە لە وەرزی هاویندا پێویست دەکات بۆ هاووڵاتیان. ئەم کارگانە بەگشتی ناوچەیەکی زۆر فراوانیان لە هەولێر گرتووە و پیشەسازییەکی زۆر چاک بەرەوپێش دەڕوات لەوێ، هەتا ئەو قاپ و شتی نایلۆن کە دروست ئەکرێت، ئەوانەش کارگەی تایبەتی خۆیان هەیە. کارگەی پێڵاوی لاستیک کە ئەمەش تەکنەلۆژیەکی تازەیە. ئەو ئامێرانەی کە ئەو کارگانە بەکاری دەهێنن خۆجێیە لێرە دروست کراون ئەوە نییە کە لە دەرەوە ئیستراد کرابن. واتە بۆ دروست کردنی ئەمانە ئامێرەکەش هەر خۆی لێرە دروست کراوە، خۆکردە واتە ئەرکەکە لەوەدایە کە ئێمە هانی ئەوەمان داون کە پێشکەوتن بە چەشن و کەمیە بدەن بۆ ئەوەی بەپێی پێویستیمان دروست بکرێن، هەردەم لە گەڵیان کۆبوونەوەمان هەیە، ئێستا ئەنجوومەنێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە لە ناوچەی پیشەسازی ئەو ئەنجوومەنە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی پیشەسازی(اتحاد الصناعیین) ئێرە هەیە کە بەپێی یاسایەکی تایبەت ئیش دەکەن، ئەوانیش بە رێگای ئێمەوە سەرپەرشتیان دەکەن بۆ بەرهەم هێنان و هەروەها هەماهەنگی کردن لەو بوارانەدا. ئەو کارگانەش ئێستاکە ئەو داواکاریانەی کە ماویانە ئێمە بۆیان جێبەجێ بکەین بە تەئکید بەرهەمیان زیاتر دەبێت و بەرەو پێشتریش دەڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری پیشەسازی، پرسیارێکی تر لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کاک حەمید سەلیم میرانەوە، با بفەرمێ.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەمیان لە بارەی بەستنی بیرەکانی ئاوی ناو شاری هەولێر بە کارەبای بەردەوامەوەیە. وەزیری پیشەسازی چەندەها جار لە پەرلەمان ئاماژەی کردووە بەوەی کە وەزارەتی ناوبراو هەڵدەستێت بە بەستنی بیرەکانی ئاوی ناو شاری هەولێر بە هێڵی کارەبای بەردەوام و لە بودجەی وەزارەتدا پارەی پێویستی بۆ دانراوەو لە پرۆگرامی کارەکانی کابینەی سێیەمدا ئەم بەندە هاتووە وەکو ئیشوکاری وەزارەتی ناوبراو، ئەمە کارێکی بەپەلەیە بۆ ئەوەی بەزووترین کات خەڵکان کەڵکی لێ وەربگرن. ئەوەی ئاشکرایە کۆی بیرەکان ( ٢٠٠ ) بیرە هەتا ئێستا بەشی یەکەم کە بریتیە لە (٦٠) بیر بەستراوە بەم هێڵەوەو ئێستا خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ بەشی دووەم کە بریتیە لە (٤٨) بیر. ئەبێت لە دواییدا بەشی سێیەم و بەشی چوارەمیش هەبێت. ئێمە ئەم کارەمان بە کارێکی بەپەلە ئەزانی ئەوە مانگی شەش دەستی پێکرد هەتا ئێستا نزیکە یەک لەسەر چواری تەواو بووە پرسیارەکە: ئەمانەوێت بزانین ئەو پرۆژەیە کەی تەواو ئەبێت لەگەڵ رێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئــەنجــــــومــــــەن.**

بێگومان ئەوەش هەر لە بەرنامەی کاری وەزارەتی پیشەسازیدا هاتووە لە خاڵی دەیەم، بەستنی هێڵی کارەبای تایبەت بە پرۆژەکانی ئاو و نەخۆشخانەکان و دەزگا گرنگەکانی دی خزمەتگوزاری، بۆ ئەوەی کارەبایان بەردەوام بێت دەزگا خزمەتگوزاریەکان تۆڕیان بۆ کراوەو بەستراون. بیرەکانی ئاو ماوەتەوە، بێگومان شاری هەولێر، دوو سەرچاوەی ئاوی هەیە یەک لە ئیفرازەوە بۆی دێ ئەوانی دی کە بە هۆی بیرە ئیرتیوازییەکانەوەیە، پرۆژەی ئاوی ئیفراز ئێستا کارەبای بەردەوامان پێداوە (٢٤) سەعات بەستراوەو دەتوانین بڵێین(٥٠ ٪)، (٦٠ ٪) ئاوی هەولێر دابین دەکات. ئەوانی تر کە بە هۆی ئەو بیرە ئیرتیوازیانەوە دەدرێ هەموو لەم لاو لەولایە، لەیەک دوورن، ئاڵۆزاوینە واتە شوێنەکانیان نزیکی یەکتر نییە، تۆڕەکان ناتوانین وا بەئاسانی بۆی دروست بکەین، کۆی هەموو بیرەکان نزیکەی (١٩٧)بیرە لەوانە ئەوەی کە ئیش دەکەن (١٨٠) بیرن ئەوانی دیکە کەم و کوڕیان هەیە، ئێمە بە دوو قۆناغ دامان نابوو دەوری نزیکەی (١٠٨) بیر لە قۆناغی یەکەم ببەستین، وەک بەڕێز کاک حەمید ئاماژەی بۆ کرد دەوری (٦٠) بیرمان بەست ئەو کەشفەی کە کردوومانە ملیۆنێک و حەفت سەدو هەشت دیناری تێ چووە، قۆناغی دووەم کە مابوو (٤٨)بیر بە کۆی ئێمە کردوومانە (٥٢) چوار بیری دیکەمان زیاد کرد، ئەویش نزیکەی حەوت ملیۆن و سی و شەش هەزار دیناری دەوێ، کە هێشتا ڕەزامەندی ئەو پارەیەی ماوە، چونکە پارەیەکی زۆرە ئێستا ئیشی بۆ دەکەین کەشفەکە ئامادەیە لەبەر ئەوەی ئیشەکان ئەوەندە زۆرن پرۆژەکانیش زۆرن ناکرێ ئەم هەموو پارەیە بەیەکجاری دابین بکرێ. دووەم: لایەنی تەکنیکی هەتا ئێستاکە پارەمان هەیە لە دوای کەرەستە ئەگەڕێین کەرەستەکانمان دەست ناکەوێ، واتە کەرستەی کارەبا لە تێلەکانی ستوون و کێبڵ کە دەمانەوێ لە بۆ بەستنی ئەو تۆڕە بە ئاسانی لە بازاڕ دەست ناکەوێ بەڕاستی ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بەو زووانە ئەو ماددانەی کە داوامان کردووە بە پێی بڕیاری (٩٨٦)، چونکە بەشێکی لەوێ داخیل کراوە بۆمان دابین کەن ئەو بیرانە هەتا ئێستا ئەو کەرەستانەی (UN) نەگەیشتینە ئەگەر ئەوانە بگەن ئێمە ئەو کاتە دەتوانین ئەو بیرانەش ببەستین. تا ئێستا نزیکی(٤٠ ٪) کارەکانمان جێبەجێ کراوە، بەڵام هەمووشی لە چوارچێوەی ئەو پلانە نییە، چونکە بەشێکی داخیلی ئەو بەرنامەیە کراوە کە بڕیاری(٩٨٦)دابینی دەکاو هێشتا لە پێشیشە، ئێستاش کارەبا بەردەوامە بیرەکان هەموو کارەباش هەیە هەتا (٩/١) هیچ گرفتی ئاومان نابێ لە هەولێر. پاشان ئێمە ئیشی بۆ دەکەین چەند بیرێکی تر دەبەستین، کۆمەڵە بیرێکی دیکە هەیە پێویستی بە موەلیدات هەیە لە تۆڕەکان دوورە، لەوانەیە هەر نەبەسترێ ئێمە ئەو کاتە (١٠)موەلیدەمان داوا کرد لە دهۆک بۆمان هات موەلیدەکان هەمووی شکابوون (٧)یان چاک کراینەوە. ئەوە بۆ سەر ئەو بیرانەی کە جێگاکانیان دوورن و تۆڕی کارەبا یاخود هێڵی کارەبا پێیان ناگا، دەتوانین بە موەلیدە دابینی بکەین جگە لەوەش بۆ ئەو تۆڕەی بیری ئاوی هەولێر،

شتێکی تریشمان به دەستەوەیە کە چەند موەلیدەیەکی گەورە بە بەردەوامی دابین بکەین، ئەگەر هەر کاتێ هیچ کارەباش لە هەولێر نەبوو بتوانین ئەو بیرانە بەئیش بخەین، ئێستاکە کارمان بۆ ئەوەش کردووە لیژنەیەکی تایبەتیشمان بۆ پێکهێناوە بۆ ئەوەی هەولێر بکەینە چەند کەرتێک، چوار پێنج تۆری سەربەخۆین هەریەکی بە موەلیدەیەکی گەورەی دوو میگاواتی ئیش بکات بۆ ئەوەی بیرەکان هەموو کارەبایان هەبێت بۆ ئاو. تا رادەیەک دەتوانین بڵێین کێشەی ئاو لە هەولێر بەوە چارەسەر کراوە، هەندێکی تر ماوە کە ئەو کۆمەڵە بیرەی پرۆژەی ئاوی کەسنەزان، ئەو گەڕەکانەی لە رۆژهەڵاتی هەولێر ئاو دەدا، ئەو پرۆژەیە وێران بووە هیچ جۆرە ترومپایەکی لەسەر نەماوە، کارەباکەی پچڕاوە، کەشفێکمان کردووە بۆ گەیاندنەوەی کارەبا بۆ ئەو بیرانە، ئەویش نزیکەی یەک ملیۆن دیناری تێ دەچێ جگە لە چاککردنی بینایەکەو کڕینی ترومپا بۆ ئەو بیرانەکە(١١) بیرن ئەوەش کێشەیەکی گەورەی ئاوی ئەو گەڕەکانەی رۆژهەڵاتی هەولێرمان بۆ چارەسەر ئەکات، ئەوە پرۆژەیەکی زۆر گرنگەو بایەخمان پێداوەو ئینشائەڵڵا بەو زووانە ئەوانەش چاک دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەزانین کەوا وەزارەتی پیشەسازی لەم بارەیەوە وەکو لەراپۆرتەکەماندا نووسیومانە کاری کردووە، بەڵام بابەتی ئاو پەیوەندییەکی زۆری بە ژیان وگوزەرانی خەڵکەوە هەیە، حەق وایە لەهەموو کارێکی دیکە زیاتر بایەخی پێبدرێ، ئەو ماوەی پێش ئەوەی کەوا کارەبا بەردەوام بێتەوە، ئەگەر ئەو کارەبایەکە بۆ دابەش کردن دانرا بوو نەبڕایە و هەموو بدرابا بە بیرەکان تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر گەورە ئەبوو لەناو شاردا بۆ نەبوونی ئاو. جا لەبەر ئەوە حەز دەکەین جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە وهەروەها کابینەی سێیەم بایەخێکی زۆر بەمە بدەن چونکە ئەگەر بێت وکارەبا نەبێت تەنگوچەڵەمەی ئاو گەلێک نارەحەتترە لەتەنگوچەڵەمەی نەبوونی کارەبا لەگەڵ رێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە بەڕێزتان ئاگادارن ئەو کاتەی کە کێشەی ئاو لە هەولێر دروست بوو ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی باڵای دروست کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو، منیان راسپارد بۆ سەرۆکی لیژنە و وەزیری شارەوانی ئەندام و وەزیری هەرێم(پارێزگاری هەولێر) ئەندام لە لیژنەکە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر لەو لیژنەیە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد وچەند پلانێکی گونجاومان دانا بۆ چارەسەرکردنی ئاوی هەولێر، لەڕاستیدا هەموو تواناو دەسەڵاتیشمان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێدرا بۆ ئەوەی ئیشەکە بکەین. ئێمە توانیمان لەوانەیە هەمووتان شاهێدی ئەوەی بدەن ئەو کێشە گەورەی ئاوی هەولێر بە ماوەیەکی کورت چارەسەر بکەین،

ئەوەبوو وەکو ئاماژەتان بۆ کرد هەر بەزووترین کات تۆڕەکانی کارەبامان لە هەموو ماڵەکان جوایەز کردەوە و بە بیرەکانمانەوە بەست، بە وزەیەکی تەواو ئیشمان بە ئاوی ئیفراز کرد پاش چاککردنی ترومپاکان وشتەکان، هەروەها چەند کەم وکوڕی تریشمان هەبوو لەهەندێ جێگا کلیل وشت تێکچوو بوون، یاخود مەیلی بۆریەکان تەواو نەبوو، هەندێ ماڵ ئاوی بۆ دەچوو، هەندێ ماڵ بۆی نەدەچوو جگە لەوەی ئێمە کەشفێکی تایبەتیمان کردووە، بە ژیاندنەوەی ئەو تانکیانەی کە لەناو شاری هەولێر هەیە تاکو سوودی لێ وەربگیردرێ بۆ کاتی پێویست، ئەو تانکیانە دەتوانن عەمباری ئاو بکەن و بەو بەرزیەیانەوە پاڵەپەستۆ بکەنە سەر تۆڕەکە، بۆ ئەوەی ئەگەر کارەباش نەبێ ئاوەکە هەر خۆی بتوانێ هەرچ نەبێ (علی الاقل) بچێتە نهۆمی یەکەم لە ماڵەکاندا، واتە بێ ئەوەی کە ترومپا وشت بەکار بهێنن، ئێمە لەو ماوەیەدا کە کارەبا نەبوو ئەو شتەمان کرد، هەروەها خەڵکانمان هان دا کە موەلیدات بێنن لەگەڕەکەکانی دابنێن، توانیمان (١٥٠) موەلیدە دابەش بکەین لەناو شاری هەولێر، ئەو خەڵکانەی کە توانایان هەبوو هاوبەشیان کرد و بەو موەلیدانە چەند گلۆپێک وترومپای ئاوێ ئیش پێ دەکرا ئەوەش بووە چارەسەر کردنی کێشەی ئاوەکە لەگەڕەکەکاندا، وە ئێمەش پشتگیریمان دەکردن ئەوانی موەلیدەیان هێنا لە باجی گومرک عەفوومان کردبوون و گازوایلی پێویستمان پێ دەدان و هەموو ئاسانکاریەک ومۆڵەتمان دەدانێ.

سەبارەت بە چارەسەری کێشەی ئاو لە زۆربەی گەڕەکەکان ئەوەش بزاندرێ کێشەی ئاو کێشەیەکی وا ئاسان نییە ئەو تۆڕەی ئاوی شاری هەولێر تۆڕێکی زۆر کۆنە هەتا ئێستاکە نەخشەیەکی تەواوی نییە کە بزانین ئەو تۆڕە چۆنە و چۆن نییە، جا لە ڕێگای فەرمانبەر وکرێکارە تەکنیکیە کۆنەکان کە ئیشیان تێدا کردووە ودەزانن هێڵ و بۆریەکە بەکوێ دا تێپەڕیوە، چارەسەری هەندێ شوێنمان کردووە، بە ئاوی بیرەکان وئیفراز توانیمانە هەر ماڵێک نزیکی (٢٦٠) لیتر ئاوی بەرکەوێ، بەڵام گرفتی گەورەمان کە هەر مایتەوە خەڵکەکە هاریکاریمان ناکەن، زۆر ماڵ هەیە بۆرییەکان بەلوعەی هەر پێوە نییە و کە ئاوەکە دێ نای گرنەوە لەبەری دەڕوا، ئەوەی لەتوانامان دابووە بەڕێی ڕاگەیاندن یان ڕاسپاردنی ئەو کارمەندەی کە دەچن پارەی ئاو وەردەگرن ئامۆژگاری هاوولاتیان بکەن یاخود مەفرەزە دەرکەین بۆ ئەوەی تەبلیغیان بکەین، سوودی نەبووە و ئەو شتە هەر ماوە، ئەگەر بێتوو هەر ماڵێک بەگوێرەی پێویستی ماڵەکەی ئاو وەرگری وعەمباری بکات گرفتی ئاو نامێنێ، بەڵام کە بەلوعەکە نەگیرێتەوەو سبەینێ تا ئێوارە ئاوەکە دەچێتە ناو کۆڵان و دەرەوە یان دەیخەنە سەر باخچەوە کە ئاوی خواردنەوەیە پێویستە دەستی پێوە بگیرێ.

ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە وئێستاش ئەو کێشەی ئاو وەک پێشتر هەبوو بەو جۆرە نەماوە، ڕاستە هەندێ جێ هەیە پێویستی بە بیر یان هەندێکی تر بە ترومپا هەیە، ئێمە هەوڵمان بۆ داون لەبازارەوە ئەو ترومپایانە دەست ناکەون، بە ڕێگای ڕێکخراوەکان یان لە بڕیاری (٩٨٦) کە کەرەستەیەکی زۆر دابین دەکات وبۆ پڕۆژەکانی ئاو ئەوە تێدا هاتووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەگەیشتووە ودواکەوتووە، بە گەیشتنی کەرەستەکە ئەو کێشانەمان هەموو بۆ چارەسەر دەبێ،

هەروەها تۆڕی هەولێریش پێویستی بە پێشخستن وفراوان کردن هەیە، چونکە شاری هەولێر زۆر گەورە وفراوان بووە خەڵکێکی زۆریش بە زیادرۆیی بۆری لەم لاو لەو لا راکێشاوە وئەوەش هەر کار لە کەمی ئاو دەکا، واتە تۆ چ حساباتی دابەش کردنی بۆ دەکەی خەڵک هەیە هەر لەخۆیەوە دەبینێ جێی کلیلەکە شارەزایە دەچی دەیگرێتەوە لە ناوچەکە بۆ خۆی دەیبات جا کۆنترۆڵ کردنی ئەم هەموو شتانە ئاسان نییە، بە کتوپڕی، بەڵام ئێمە دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی باش گرفتی ئاو نییە، زۆر کەم گوێمان لەکێشەی ئاوی ناوشار دەبێ. بەڵام ئێمەش هەر بەردەوام دەبین کە ئەو شتانەی کە تێکچوونە چاکی دەکەینەوە چارەسەری بۆریەکانی ئاو دەبێ بکەین، گرفتی ئاو هەر لەناو شاری هەولێر نییە ئێمە لەو سەردانانەی کە کردمان وەکو حکومەتی هەرێمی بۆ ناوچە وقەزاو ناحیەکانی جێگایە دوورەکان وگوندەکان و ئۆردوگاکان لەهیچ جێگایەک نەبووگوێمان لە بوونی گرفتی ئاو نەبێ، یەکەم شت کە باس دەکرا گرفتی ئاوبوو. جا لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمیش بایەخێکی زۆری بەوگرفتە داوە، لەهەر جێگایەک چارەسەری بۆ داندراوە بەڵام توانای دەوێ، ئیش کردنی دەوێ، لەوانەیە بە رۆژێک ودوو رۆژ وا بەئاسانی چارە نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر. یەک روون کردنەوەیەکی بچووک دەربارەی گرفتی ئاو لەزمنی پرۆژەی یاخود بەرنامەی (UN) بۆکوردستان، ئایا بۆ ئێمە چ بەشێکی تەرخان کراو هەیە دەربارەی ئاو؟ چ توانایەک هەیە حکومەت کۆمەکتان بکات لەمە؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(UN) لەقەراری (٩٨٦)دا بڕەپارەیەکی بۆ پێداویستیەکانی ئاو دابین کردووە، لیستێکی تێروتەسەلە ئەگەر ئەو شتانە بێ، بەشێکی زۆر لەکێشەی ئاومان بۆ چارەسەر دەکات، هەروەها لێرەش رێکخراوەکان هەن یونسیف وئەوانە هاوکاریان کردوون، هەندێک رێکخراوی تریش هەن وابزانم هاوکاری وەزارەتی شارەوانیان کردووە لە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو حکومەت ئەو شتانە باس کراوە، پێشکەش کراوە؟ مەبەستم پێداویستیەکانە، یاخود پرۆژەتان هەیە لەم بارەیەوە؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لیستێکی تەواو بە پێداویستیەکان پێشکەش کراوە ودیار کراوە، کە چ وچی پێویستە گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە ئێمە لەو سەردانەمان دا کە چووین بۆ ئیبراهیم خەلیل سەردانی ئەو نووسینگەی(UN)مان کرد کە ئەو شتانە دێن ئەوان داخلی کۆمپیوتەریان کردووە، لیستەکەشیان داینێ گوتیان بەو زووانە دەگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، کاک حەمید پرسیارێکی تری هەیە، فەرموو کاک حەمید.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم دەربارەی دابەش کردنی کارەبای کوردستانە، دەڵێم خۆی کە ئێستا کارەبا بەردەوام هەیە ڕێژەیەکی چاکە ئەم گرفتە نییە، بەڵام بەزۆری لەزستاندا گرفت دروست دەبێتەوە، چونکە هەندێک زیادڕۆیی هەیە لەسەر پێوەرەکان، کاتی کارەبایەکان لەلایەن خەڵکەوە کە بەتەواوی نایکوژێننەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەوە ئەگەر ئەم ڕێگایە بەبیر هێنانەوەیەک بیری بەڕێز وەزیری ئەهێنینەوە بۆ ئەوەی بیر لەدابەش کردنی کارەبای زستان بکەینەوە. بەچاکی ئەزانین چۆن خاوەن مۆلیدەکانی ناو شار بۆ هەر حاڵەتێکی فیوزێکی باریک دەبەستێ کە دوو تا چوار ئەمپێر کارەبا ئەتوانێت تێیدا بڕوات، هەر ماڵێک لەو برە زیاتر کارەبای داگیرساند فیوزەکە ئەسووتێت وجاران بیست ساڵێک لەمەوبەر هەموو ماڵێک فیوزی هەوایی هەبوو لەسەر ستوونی بەر ماڵەکەی دا کە زۆری کارەبا بەکار بهێنایە فیوزەکە ئەسووتا. پرسیارەکە: ئایا وەزارەتی پیشەسازی ناتوانێ بیر لەشتێکی گونجاو لەو بارەیەوە بکاتەوە بۆ ئەوەی کارەبا لەزستاندا بە ڕێکوپێکی دابەش بکرێت؟ ومەبەستمان لەوە نییە دوو تاچوار ئەمپێر بدات بەخەڵک، مەبەستمان ئەوەیە بەخۆیان چەند ڕێژەیەک فیوزی بۆ دابنێ وهەر ڕێژەیە نرخی تایبەتی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بیرۆکەیە، یاخود ئەو پێشنیارە شتێکی زۆر باشە، ئەگەر ئەو شتە بکرێ، بەڵام دەمەوێ هەندێکیش ڕوونی کەم هەر چەندە ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان هەبوو، بەڵام ئاسان نییە جێبەجێ کردنەکەی ئاسان نییە، هەرچەندە پێویستیشە ئەگەر کارەبا کەم بوو شتێکی وا بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە بڕێکی کارەبای پێبدەین وبەشی هەمووان بکات ئەو مۆلیدانەی کە لە هەولێر دانرا بوو گوتم نزیکەی(١٥٠) مولیدە بوون هەر ماڵەک کە بەشداریان ئەکرد دوو ئەمپێر تا چوار ئەمپێر دەیداتێ، بەڵام مولیدەکە زۆر دەیدا (١٠٠) ماڵ، (٧٠) ماڵ، (٨٠) ماڵ، (٥٠) ماڵ، ئەوە بوو ئەو ژمارەیە کابرا دەتوانێ بۆخۆی بۆردەک دانێ دابەشی بکات، بەڵام ئێمە لەناو هەولێر سەد هەزار بەشداریکەر هەیە، ئەگەر بمانەوێ شتێکی وا بکەین دەبێ دیراسەیەکی زۆر باش و دوورودرێژی لەبۆ بکەین بەتایبەتی ئەو هەموو وایەرە زیادە کە لە قاتەعێکەوە دەردەچێ بۆ ماڵان ئەوە تۆرێکی نا ڕێکی تر دروست ئەکات توشی ئیشکالاتمان دەکات. بۆ ئەوە ئێمە بیرمان کردەوە ئەگەر بێت کارەباکە کەم بێتەوە هەولێر دابەش بکەینە چەند کەرتێک، ئەو ناوچانە بەکرێ بدەین، واتە بدەینە قۆنتەرات چی، با بڵێین ئەو ناوچە هەزار ماڵی تێدایە ئێمە ئەوەندە کارەبایەت دەدینێ تۆ دابەشی بکە بەسەر ماڵەکان ئەوەندە وەرگرە، کرێی مانگانەی کارەبای بابڵێین (٥٠) دینار (٤٠) دیناری بۆ (١٠) دیناری بۆ تۆ، واتە بەو جۆرە دەکرێ، چونکە ئەوە بە دامودەزگاکانی ئێمە

ناکرێ، نەئەوەندە فەرمانبەرمان هەیە، نەپێشمان زەبت دەبێ، بەڵام ئەگەر قۆنتەرات چی بێ لەبەر کرێی خۆی دەتوانێ بە رێکی بیگەێنێتەماڵەکان وپارەکەش بەتەواوی کۆکاتەوە، واتە ئەوە کردارێکی زۆر فرەوان و گەورەیە، بەڵام بیرۆکەکە زۆر چاکە ئێمە پەسەندی دەکەین.

ئێمە ئێستا تا ٩/١ کارەبامان بەردەوامە پاش (٩/١) خشتەیەکی تازە دادەنرێ. ئێستا لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان ئێمە وسلێمانی بۆ مەسەلەی کارەبا دروست بووە نوێنەرایەتی (UN)ی تێدایە، جاری کۆتایی (PMF) لەگەڵ بووە دەچنە ئەوێ رێژەی ئاو وەردەگرن خشتەی تازەی هاوبەش دەبەن بۆ دانانی کارەبایەکەو چاودێری هەموو شتێک دەکەن هەر بەینا بەینێ ئێمە هەواڵی ئاومان زانی لەمەر چۆنیەتی گەیشتنی کارەبایەکە ئەو کاتە دەتوانین بۆ ماوەی ساڵەکە هەموو کارەباکە دابەش بکەین، بەڵام ئومێد دەکەین کە تووشی ئەو حاڵەتەی کاک حەمید دەیڵێ نەبین، بەڵام وەکو بیرۆکە ئەکید ئێمە بەتێروتەسەلی تر دیراسەی دەکەین بزانین ئەو فەترەی کە کارەبا زۆر کەم دەبێتەوە چۆن بەجۆرێکی وا کەدابەشی بکەین، بەڵام هەر ماڵە ئێستا کەحسابی دەکەین کەمتر لە (٥٠) ئەمپێر بەکار نایێ کەس قەناعەت بەدوو ئەمپێر وسێ وچوار ئەمپێر ناکات،لەوانەیە بەمولیدەیەک کەبەپارەیەکی گرانیش ئەکرێ بەدوو ئەمپێر قەناعەت دەکات، بەڵام وەرە ئەو کاتە تێبینی بکە کە کارەبا دەگەڕێتەوە چ ئامێری کارەبایی هەیە لەماڵ بەکاری دەهێنن ودای دەگیرسێنن قەت ئەوە نییە کە دەستی پێوە بگرن هەتا بە رۆژ پێویستی بە گڵۆپ نییە گڵۆپی داگیرساوە.

ئێمە بۆ فەرمانگاکان لە ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کرد گوتمان پاش سەعات دوو کەدەوام نامێنێ دەبێ کارەبایەکە بکوژێندرێتەوە، بەڵام کە من بەشەو ئەسووڕێمەوە زۆربەی وەزارەتەکان وفەرمانگاکان فوول هەمووگڵۆپەکانیان پێکردووە، واتە زۆر جێ هەیە پابەندی پێناکات، فێرە دەست پێوە گرتن نەبوونە ناو بازاریش هەر ئەوها، جا ئێمە بۆ ئەو مەبەستەش هەر وەکو لەبەرنامەی کارەکەش هاتووە خاڵی ژمارە(٩) ئامۆژگاری و هاندانی هاووڵاتیان بۆ دەست پێوە گرتن کردنیان لە بەکار هێنانی کارەبا، ئەگەر تێبینیتان کردبێ لەو ماوەیە لەتەلەفزیۆن بەرنامەمان داناوە جاروبار دروشم وشتێ دەردەچێ خەڵکەکە ئامۆژگاری دەکرێ دەست پێوە گرتن لە کارەبا بکات. کە وەرەقەی کارەباش دەچێتن بۆ پارە وەرگرتن بە پارە وەرگرەکانمان گوتووە کە ئامۆژگاری خاوەن ماڵەکان بکەن کە ئەوەی پێویست نەبێ دای نەگیرسێنن، سوود لەو کارەبایە وەربگرن بەشێوەیەکی چاک و رێکو پێک، زیادە کارەبا سەرف نەکەن، کە ئیشیان پێ نییە بەڵام ئەو بیرۆکەیەی کە کاک حەمید باسی کرد بیرۆکەیەکی چاکەو بە تەئکید تەبەنی دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر، فەرموو کاک حەمید.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری پیشەسازی بیر لەوە بکەنەوە لەسەر ستوونەکانی بەر ماڵەوە ئەتوانن فیوز دابنێین بۆ هەر ماڵێک؟ سوپاس.س

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ سەبارەت بەو کارە من گوتم کارێکی ئاسان نییە، چونکە لەگەرەکێکدا مۆەلیدەکان وزەیان بە(٥٠ ـ ٦٠) ماڵێ داوە نەیان داوەتە هەموو ماڵێک، ستونێک هەزاران هێڵی لێ دەبێتەوە دەبێ بۆردێکی بەو ژمارەیە بۆ بکەی، ئەتۆ سەد هەزار بەشداریکەر هەیە هەر یەکەی دەبێ هێڵێکی بۆ رابکێشێ لەلایەنی تەکنیکیەوە ئەوەندە ئاسان نییە. بە تەئکید بیری لێ ئەکەینەوە کە بە چ شێوەیەک دەکرێ لەسەر ستوونەکە بێ، لە ژوورێک بێ ئەوە بێگومان ئەوە لایەنی تەکنیکیە، ئەگەر گەیشتینە ئەو حاڵەتە چارەسەری بۆ ئەدۆزینەوە، چونکە ئێمە کە کاتێک کارەباش کەم بووە، کە ماڵەکانیش نەیان بووە ئێمە دەزگا خزمەتگوزاریەکان وپرۆژەکانی ئاو وناوچەی پیشەسازی نەمان هێشتووە پەکیان بکەوێت، نەمان هێشتووە ژیان لە جوڵە بوەستێت بێگومان ئەو کاتەش بیرێکی ئەوها دەکەینەوە، بەڵام نابێ لەسەر ستوونێک هەزار وایەر رابکێشرێ ئەوە ئاڵۆزکارییەک دروست ئەکات لەناو تۆڕەکە، بەڵام ئێمە لیژنەی تایبەت دروست ئەکەین ئەو کاتە راوێژ بە شارەزایی بەڕێزانیش دەکەین، ئەکەسانێک کە شارەزایی هەبێ، کاک حەمید بێت یەکێ تر بێت، تا دەگەینە ئەنجامێکی باش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، سوپاس بۆکاک حەمید. بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید ئەندامی پەرلەمان پرسیارێکی هەیە، بابفەرموێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک ئەکرێت رەنگ بێ کێشەکە کەمتەرخەمی بێت، وەکو دەڵێ: چاوەڕێی رەحمەتی قەدیسین مەبە، هەموومان باری کارەبامان دیوە کە دەکەوتە ژێر رەحمەتی کەسانێک کە چی بەداخەوە سەرچاوەی وزەی کارەبای هەر دوو پارێزگای دهۆک وهەولێر کەوتوونەتە دەرەوەی کۆنترۆڵی پارتی وبووەتە ئەگەری ئازارو ئەشکەنجەی هاوولاتیانمان وهەروەها هۆکارێکی پاڵەپەستۆ دژی ئێمە، هەمووماندەزانین کە ئەورووپا شارەزاییەکی زۆر گەورە و فراوانی هەیە لە بواری دروست کردنی وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبایی بچووک بۆ روناک کردنەوە بەشی شارۆچکەیەک دەکات دەبینم زۆر پێویستە کە وەزارەتی پیشەسازی چەند ئەندازیارێکی کارەبایی بنێریتە ئەورووپا بۆ مەشق وخوێندن لەسەر دروست کردنی ئەو وێستگە کارەباییانە تاکو سوود لە رێچکە ئاوەکانی لای خۆمان بوەربگرین، ئینجا پرسیارەکەم ئەوەیە وەزارەت چ پلانێکیان داناوە لەو بوارەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیاری کاک ئیبراهیم روونە، کە مەسەلەی سەرچاوەی کارەبا ئەمڕۆ بەتایبەتی بۆ

ناوچەی دهۆک وهەولێر لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە هەندێ جێگای ئاو وشتمان هەیە دەکرێ سوودی لێ وەرگرین، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی پیشەسازی بە تایبەتی بیر لەوە ئەکاتەوە کە هەندێ تەکنیکاران و پسپۆڕ بنێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی سوود لەشارەزایی خەڵکی وەربگرن ولە ئایندە بەڵکو بتوانن سوود لەوانە وەربگرن بۆ جێگا بچووکەکان؟ وابزانم ناوەرۆکی پرسیارەکەی کاک ئیبراهیم بەو شێوە بوو جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەخۆی ئەوە دوولا ئەگرێتەوە (١) دروست کردنی وێستگەیەکی گەورە چ بۆ شاری هەولێر چ بۆ دهۆک بێ، وێستگەیەکی بوخاری بێت (٢) دروست کردنی کارەبا بۆ دێیەکان یان قەزاکان ئەوەی لە تۆڕەکە دوورە. لەڕاستی ئەگەر لای دووەم بێ ئەمە لیژنەیەکی ناوخۆمان پێکهێناوە بۆ ئەوەی ئەو گوندانەی کە نزیکن لە تۆڕی کارەبا لە ڕێگای تۆڕەکەی خۆمانەوە کارەبایان بۆ راکێشین زۆر تەکالیف ناکا ئەو جێگایانەی کە ڕێژگەی ئاویان هەیە بتوانین خۆجێیی کارەبای بۆ دروست بکەین وەکو ئەوەکە لە(ناوپردان) دروست کراوە سوود لە ڕێژگەی ئاوەکە بکەین وتۆربینی بۆ دابین بکەین ولەگەڵ هەندێک پێداویستی دیکە وئەوەی کە ڕێژگەی ئاوی نییە ودووریشە لە تۆڕی کارەبا بە ڕێگای موەلیدە چاری بکەین، موەلیدەی بۆ دابین بکەین وەک ناوچەی(شێروان مەزن) یاخود (مێرگەسوور)، یا هەر ناوچەیەکی تر کە ڕێژگەی ئاوی نییە لە تۆڕی کارەباش دوورە کە ناکرێ ئەو بە دابین کردنی مولیدە بە ژمارەی خانووەکان حیساب بکەین، چەندی پێویستە وموەلیدەیەک بەو نرخە بکڕین ولە بۆی داینێین تۆڕێکی ساکاری بۆ دروست بکەین وکارەبای بدەینێ، بەڵام ڕاستە ئێستاکە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لە ژێر دەستی ئێمەدا نییە. ئەوەی لە بۆ دهۆک دێ لە مووسڵەوە دێ، ئەوەی لە بۆ هەولێریش دێ ئەوە دیارە لە دوکان ودەربەندیخانەوە دێ، ئێمە هەر زوو هەر چەندە ئەو خاڵە لە پرۆگرامەکەدا نەهاتووە کاتی خۆی ئێمە لە بنەڕەتی پرۆگرامەکەی وەزارەتی خۆمان دامانناوبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی گەورەیە پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە دیارە لە بەرنامەی کابینەی سێیەم پەسەند نەکرا، بەڵام ئەوە وای نەکردووە کە هەوڵ وکۆشش نەکەین، توێژینەوە نەکەین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە وێستگەیە دروست بکەین، بەپێچەوانەوە ئێمە چەند وەفدێکی تورکی کاتی خۆی کە هات کە کارتەکانی دوکان دزرا بوو تەکنیکارو پسپۆڕ بوون لە دەرەوەی وڵات هات بوون بردمان بۆ توێژینەوەی کارەبا لەهەمان کاتدا ئەو هەڵەمان قۆستەوە قسەی ئەوەمان لەگەڵ کردن کە وێستگەیەک بکەینەوە لەنێوان ئێرەو دهۆک، بۆ نموونە لەسەر ئاوی قەندیل وێستگەیەکی (١٥٠) میگەواتی لەوانەیە بەشی دهۆک بکات لەوانەشە بەشی هەندێک لە هەولێر بکا، لەوانەیە (١٥٠) ملیۆن دۆلار تەکلیف بکات، ئەوەش لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە.

ئێمە بیرمان کردۆتەوە بەپێی بڕیاری(٩٨٦) ئەوانی ئەو وەفدە تەکنیکیانەی لەئەمەریکاوە دووسێ جار هاتن ئێمە دانیشتنمان لەگەڵیان کرد لە (UNDP) کە وێستگەیەکی وا بتوانین دروست بکەین، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بێت و بە ڕەژووی بەردی ئیش بکا وسووتەمەنی زۆر دەوێ ڕەژووی بەردینیش لە زاخۆ هەیە ئەو شارەزاییەش هەیە زۆر وێستگەی ئەوها لە تورکیا هەیە لەوێندەرێ دەتوانین سوود لە شارەزای ئەوان وەرگرین. لەو ماوانەدا چەند وەفدێکی تەکنیکی لە دەرەوە هاتوون وقسەمان لەگەڵ کردوون، سەبارەت بەو پرسیارەی کاک ئیبراهیم کە دەڵێ چەند ئەندازیارێک بنێرینە دەرەوە، ئێمە (١٠) ڕۆژ پێش ئێستا دوو ئەندازیاری کارەبامان ناردووە بۆ دەرەوە ئێستاکە لەتورکیان لە ڕاستیدا هەر چەندە ئەوان بۆ مەبەستەکی دی ڕۆیشتبوون، بەڵام ئێمە هەمان ئەو ڕاسپاردانەمان پێیان داوە. ئەوان چووبوون کە پێداویستیەکانی ئێرە لیستی بڕیاری(٩٨٦) لەسەر کۆمپانیاکان.بگەڕێن وجێگیری بکەن کە لەکێ پێشکەشیان بکات باشە، وبزانن کەرەستەکان چین؟ هەروەها سوودیش بکەن، وێستگەکانی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبای چۆنە و شارەزاییان چییە؟ زانیاریمان بۆ بێنن مواسەفات وکەتەلۆکمان بۆ بێنن لەگەڵ ئەوان دانیشن بۆ بەدەست هێنانی شارەزایی، ئەوانە لەوانەیە دوو سێ ڕۆژی دیکە بگەڕێنەوە، بۆ ئایندەش بیرۆکەیەکی باشە پەسەندی دەکەین، ئەگەر چەند شارەزایەکی ئێمە بچن، بەڵام ئەگەر بچن وبگەڕێنەوەش شارەزاییشمان بۆ بێنن توانای حکومەتی هەرێم ئەوەندە نییە ئەو وێستگانە دروست بکات، ئێمە ئەو توانایەمان نییە، و هەتا حکومەتی مەرکەزی گەورەش وەکو عێراق لەو بارودۆخە ناتوانێت وێستگەیەکی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بەو گەورەییە دروست بکات، بەڵام ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی (UN) لە بڕیاری(٩٨٦)دا وامان داناوە بە قۆناغ بیکەین، واتە بە شەش مانگێک تەواوی بکەن ئەگەر سەد ملیۆن دۆلار تەکلیف بکات لەو سەد ملیۆن دۆلارە، بەخۆی کوردستان هەموو پارەکەی کە بۆیان داناوە(٢٦٠) ملیۆن دۆلارە ئەوەش بۆ کەلوپەلی خۆراک وبەشێکی کەم بۆ کارەبا کە(١٣)ملیۆنی بۆ داندراوە، کەلوپەلی یەدەگ سەد ملیۆن دۆلار بۆ وێستگەیەک زۆر ئاسان نییە دابینی بکەی، جا لەبەر ئەوە پرۆژەیەکی گەورە وزەبەلاح ئەگەر بێت وئەو ڕێژەی فرۆشتنی نەوت زیاد بکرێ، یان بە قۆناغ بکرێ، بۆ نموونە بڵێین بە چوار، یان شەش مانگێ بکرێ لەوانەیە دووساڵ دەخایەنێ، بەڵام ئێمە دەبێ دەستی پێ بکەین هەر چەندە هەنگاوی یەکەم ئاسان نییە، بەڵام ئێشمان لە بۆ کردووە تا ڕادەیەکی زۆر، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم پرسیارەکەم لەسەر بابەتێکی گچکە بوو دکتۆر چووە بابەتی (١٥٠) ملیۆن دۆلاری وئاوی قەندیل،(مسافة (١٠٠٠) میل تبدأ بخطوة واحدة)، ئەگەر ئاوی بچووک وەکو ئاوی سۆلاف، وەکو گەلی عەلی بەگ وەکو شوێنی وا بچووک، وەکو تاقی کردنەوەیەک بۆ ئێمە دروست ببی شارەزایی لێ وەربگرین، ئینجا فراوانی بکەین انشاء الله بە (١٥،١٠) ساڵی تر دەچینە (١٥٠) ملیۆن دۆلار وقەندیلیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەمن باسم کرد وتم، هەندێ لەو شوێنانەی ڕێژگەی ئاوی هەیە لیژنەمان دروست کرد بۆ توژینەوەی هەموو شت ئامادەیە، ماوە بچن کەشفی ئەو جێگایانە بکەن. ئەوانی کە دووریشە لە ڕێژگەی ئاو و تۆڕی کارەبا ئەوانیش بکەن ئێمە شارەزایی تەواومان هەیە، ئەگەر بۆ ئەو شتەی بی پێویست ناکا خەڵک بنێرینە دەرەوە هیچ پێویستمان بە مەشق و ناردنە دەرەوە نییە. من گوتم ئەو خەڵکانە بنێرینە دەرەوە بۆ ئەوەی شارەزاییمان لە دروست کردنی وێستگەی بەرهەم هێنانی وزەی گەورەدا نییە، بەڵام بۆ ئەو شتە بچووکانە شارەزاییمان هەیە ئەوەش دەکرێ، ئەوە هەر خۆجێینە، خۆم لەگەڵ ناوچەی پیشەسازی باشوور قسەم کردووە، هەندێک تۆربین وشت هەیە ئەوان خۆیان دەتوانن دروستی بکەن، واتە تەکنیکاری وامان هەن. لەدەرەوەش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن قسەمان لەگەڵیان کردووە دەتوانن ئەو شتانە بکەن. ئێستا لە چۆمان هەر لەسەر ئاوەکەی، کاتی خۆی ڕێکخراوێک دەیویست دروستی بکات، بەشێکی کەمیان لێ دروست کردو بەجێیان هێشت، بەڵام لە بۆ نەخۆشخانەیەک و قوتابخانەیەک دەتوانێ وزەیەکی کەم بدات، ئەو شتانە انشاءالله دەکرێ و بەرهەمەکەشی دەبینن لەچەند جێگایەک دەیکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک ئیبراهیم ئەندامی پەرلەمان بۆ پرسیارەکانی، سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ وەڵامدانەوەی. ئێستاش کاک عەبدولخالق زەنگەنە با بفەرموێ.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـیـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسیارەکەم لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە دەربارەی سووتەمەنیە کە هەتاکو ئێستا ڕێکوپێک نەکراوە لە وەزارەت. لەبازاری ڕەشیشدا زۆر بە گرانی دەفرۆشرێ، تاکەی خەڵک چاوەڕێ بکات و ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت؟، مەسەلەی سووتەمەنی پەیوەندی هەیە بە ئابوورییەوە، بە هاووڵاتیەوە، بە شوفێرەکانیشەوە، ئەوەش دەزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پیشەسازی و وزە بەتایبەتی لە حکومەتی مەرکەزی بڕێکی باش سووتەمەنی وەردەگرێت، ئینجا ئەوە بەنزین بێت، نەوتی سپی بێت، گازوایل بێت، غازی چێشت کردن بێت، نازانم وەردەگرن سەرژمێری ڕەسمیم نییە، بەڵام ئەوەندە ئەزانم بە نرخێکی هەرزان وگونجاو وەردەگیرێ، بەتایبەت ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان دیناری سویسری خۆمان و دیناری چاپی ئەوان، بۆ نموونە نرخی بەنزین لیترێکی بە دینارو نیوێکی چاپ دەکرن کە ئەکات ( ٣٠ ) فلسی دیناری سویسری، هەمان پێوانەش سەبارەت بە نەوتی سپی و گازوایل و غازیش کە هەرزانە، بەهەر حاڵ ئەگەر جیاوازی بکەن بەو دینارەی خۆمان کە هەمانە وەزارەتی پیشەسازی دابەشی دەکات لەسەر بەنزینخانەکاندا! بەسەر دوو جۆرە بەنزینخانە، بەنزینخانەی حکومەتی کە لە سنووری (١٢) بەنزی... ی هەیە لەشاری هەولێر بەگوێرەی زانینی من کۆمەڵێک بەنزیخانەی ئەهلی هەیە. سەبارەت بە

بەنزیخانەی حکومەت کە لیتری بە(٢٥٠) فلس دەفرۆشن و لە بەنزینخانەی ئەهلی بە(٤٠٠) فلس دەفرۆشن، لەبازاری رەشیش بەنزینەکە لە گشت جادەکان و شوێنەکان هەیە نرخی لیترەکەش(٩٠٠) تاکو دینارەکە حکومەت (٢٠٠٠) هەزار لیتر دەدات بەنزینخانەی ئەهلی و،ئەگەر حیسابی بکەین بەو بریارەی کە وەریان گرتووە هەر سەیارەی (٢٥) لیتری بدرێتێ مانای ئەوەیە کە (٨٠) سەیارە رۆژانە ئەگرێتەوە بەداخەوە ئەو زانیاریەی من هەمە کە لە سنووری تەنها(٢٠ تا ٢٥) سەیارە بەنزین وەردەگرێت، ئەوانی تر نازانم دابەش دەکرێ لەبازاری رەش بەتایبەتی سەبارەت بەوانەی کە لەو بەنزینخانە ئەهلیانە کە پەیوەندی تایبەتی مەحسووبیەتییان هەیە، یان چەکدارەکانی میلیشیاتی بێ، شوفێرەکانیش گرفتی خۆیان هەیە، بەتایبەتی شوفێری تاکسی ئەبێ زۆریش چاوەرێ بکەن و دوایی ئەوەش دەڵێن بەنزین نییە ناچار دەبێ بچێ بە دینارێک لە بازاری رەش بیکرێ ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر باری ژیانی توێژیکی گەورەی کۆمەڵەکەمان و لە هەولێریش(١٥٠٠٠) تا (١٦٠٠٠) سەیارەی تاکسی هەیە، واتە وا دەبینین لە بەنزینخانە ئەهلیکان لە(٤٠٪)بەنزینەکە دابەش دەکەن لە(٦٠٪) ئەنێرنە بازاری رەش، چونکە پارەیەکی باش ئەکات کە دوو جار و نیوە بەرامبەر نرخەکەی خۆی. سەبارەت بە نەوتی سپی کە ئەمە سەبارەت بە ئێمەوە زۆر هەرزان بووە وابزانم لای حکومەتیش تارادەیەک هەرزانە لیتری بە دینارو روبعێکە کە دەکات(٣٠) فلس بۆچی گالۆنی لە بازار ئەفرۆشرێ بە(١ر٢٥٠) دینار، گالۆنیش پێنج لیترە بە شەش دینار دەفرۆشرێ، هەروەها سەبارەت بە گازوایل کە ئەوە پەیوەندی هەیە بە سەیارەی گەورەی گواستنەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە کەرەستە و کەلوپەل دەیێن و دەبەن ئەمە کاریگەرێکی زۆر دەکاتە سەر نرخەکان.

لەوە گرنگترمەسەلەی قەنینە غازە لەبازاری ئێمە بە (٣٥) دینار یان (٤٠) دینار دەفرۆشرێ کە ئەوە نرخێکی زۆر گرانە بۆ فەرمانبەرێک کە داهاتی (٣٠٠) دینارە، ئەمە نە تەنها کار ئەکاتە سەر ژیانی ئەو فەرمانبەرانە بەڵکو پەیوەندی بە بەکارهێنانی کارەباوە هەیە، ئەوەی کە ناچار بێ بەو گرانیە نەوت بەو پارەیە بکرێ و غازیش بەو شێوەیە بکرێ ناچارە بروا پەنا بباتە بەر کارەبا کە هەرزانترە بەکاری بهێنێ، کاریگەرێکی خراپ دەکاتە سەر بەکارهێنانی کارەبا، لە زۆر شوێنیش دیومە بە کارەبا سۆپایان کردووە، ساجی نانیان کردووە، ئینجا بۆ ئاو گەرم کردنیش بیستوومە ودیومە بەچاوی خۆم کە شیشیان لەناو بەرمیل داناوە بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، کە ئەوە چەند کاریگەرێکی هەیە لەسەر بارودۆخمان، بۆیە بەرای من ئەبێ حکومەت ئەو مەسەلەیە بە جیددی وەربگرێ ئەمە مەسەلەیەکە بە جەماوەرەوە، بە هاووڵاتیانەوە بەندە، بەداخەوە هەست دەکەم کە وەزارەتی پیشەسازی و وزە گرنگییەکی بەم لایەنە نەداوە، زۆر بەبێ موبالاتی تەمەشای دەکەن لە کاتێکدا ئەمە بە زۆر شتەوە بەندە، بەنرخی ئابورییەوە بەندە، واتە ئەوەی کە بەنزین بەکاردێنێ بۆ نموونە، شوفێری تاکسی، کە رۆژانە سواری تاکسی دەبم کەمترین کرێی تاکسی لێرانەوە بۆ ئێرانە (١٠) دینارە ئەو فەرمانبەرە چۆن دەتوانێ سواری تاکسی بێ ناچار دەبێ سواری ریم ببێ مانای ئەوەشە ئیشی بە پەلەشی هەبێ دوا دەکەوێ، ئەوەش کار ئەکاتە سەر

ئەو(١٦٠٠٠)سەیارە تاکسی یەی کە هەمانە گشتیان خێزاندارن، کە تەماشا ئەکەی لە بەیانیەکەوە هەتا ئێوارە بڕێکی کەم لە پارە پەیدا دەکات وئەو پارەیەش کە پەیدا دەکات دەبیاتە ناوچەی پیشەسازی باشوور وباکوور دەیداتە چاکردنەوە لەبەر ئەوەیە ئەو توێژە زۆر گرفتیان هەیە، ومن ڕۆژانە دەیانبینم چ گرفتێکیان هەیە ئەوەش لەبەر هەڵسوکەوتی خاوەن بەنزینخانەکەیە کە زۆربەی خزم و کەسوکاری خۆی یان ئەوانی کە مەحسووبن لەسەری یان هەندێ لێپرسراوی میلیشیاتمان کە سەیارەکانیان دەنێرن سەیارەکانیان پڕ ئەکەن هەتا هەندێ جار بەرمیلیش ئەبا پڕی ئەکات و خەڵکەکەی تریش چاوەڕێی ئەکات، بەڕای من ئەو کێشەیە بەجیددی وەربگیرێ وەزارەتی پیشەسازی لەم مەسەلەیە ئەبێ چارەسەریەکمان بۆ بدۆزەرێتەوە، چونکە کاریگەری ئەکاتە سەر ئەو شتوومەکەی کە ئەگوازرێتەوە و گشتیشی لە بازاڕ لە کیسی هاووڵاتیان دەچێ ئەگەر بەنزین گران بێ، یان گازاویل گران بێ، بەتایبەتی ئەو دوو شتە مانای ئەوەیە ئەو لۆریەی کە ئەتوانین بە (١٠٠) دینار بیگرین ناچارین بە (٢٠٠) دینار بە کرێ بیگرین لەبەر ئەوەی بەنزینەکە گرانە، ئەویش ئەڵێ من لە بەنزینخانە وەری ناگرم من لە بازاڕی ڕەش دەیکڕم، بێجگە لەوەش کە ئەم مەسەلەیە کۆمەڵێکی هەڵپەرستی گەمە پێکەری لێ دروست بووە، ئینجا نازانم وەزارەتی پیشەسازی و وزە بەوە دەزانێ یان نازانێ؟ خەڵکێک هەیە هەڵپەرستی ئەم مەسەلەیەی کردووە بەکەیفی خۆی هەڵسوکەوتی پێ دەکات و لەسەر حیسابی میللەت، لەسەر حیسابی ئەو خێزانە زەحمەت کێشانە. لەبەر ئەوە داوا ئەکەم ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگی پێ بدرێ و وەزارەت ئەبێ تەدخولی راستەوخۆ لەم بارەیەوە بکات، و ڕێگا بگرێ لە هەڵپەرستی. لەمەڕ نرخەکانیشەوە بەڕای من نرخەکە ئەگەر وەزارەت بە(٣٠) فلس وەری بگرێت کە دینار و نیوێکی چاپە بۆ لە بەنزینخانە حکومییەکان بە(٢٥٠) فلسە؟ گومانم لەوە نییە کە گواستنەوەی بنزین لە کەرکووکەوە، یان لە مووسڵەوە تەکالیفی زۆرە، لەگەڵ ئەوەی دووریش نییە، دوو جار بیگوازنەوە بیبەنە بەنزینخانەی سەرەکی دوایی بیبەنەوە بۆ بەنزینخانەی ئەهلیەکەش، بەڕای من بڕەپارەیەکی زۆر زۆرە، واتە ئەگەر (٣٠) فلس بێت ئێمە بە (٢٥٠) لە بەنزیخانەی حکومەت دابەشی کەین وا لەبەنزیخانەی ئەهلی بە (٤٠٠) بێ و بۆ هاووڵاتی لە بازاڕی ڕەش بە دینارێک بێ ئەمە نرخێکی خەیالیە و ئەبێ رادەیەکی دەست بەجێ بۆ دابندرێ، و داواش ئەکەم ئەم مەسەلەیە چونکە پەیوەندی هەیە بە هاووڵاتیانەوە تکام وایە سنوورێکی بۆ دابندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس کاک عەبدولخالق، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی کاک عەبدولخالق زۆر دوورو درێژ بوو منیش هەر بەو دوورو درێژیەوە وەڵامی دەدەمەوە، بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئاگادارین، ئەگەر ڕێگام پێ بدەن خاڵی یەکەم سەبارەت سووتەمەنی ئێمە گرنگیەکی زۆرمان پێداوە دەتوانم بڵێم سێ بەشی کات ئێمە لە وەزارەت بەم

شتەوە خەریکین، بەڕاستی زۆر بە شێوەیەکی ڕێکوپێکیش ئێمە ئەو کاری دابەش کردنمان کردووە لەو بڕەی کە وەری دەگرین، بەڵام لەوانەیە بەڕێز کاک عەبدولخالق لە نزیکەوە نەهاتووەتە لامان، ئیستفساری نەکردبێ ئەو هەندێک شتی ناو بازار ببینێ لەسەر ئەوە ئەو قسانە بکات، ئێستا من بۆی روون ئەکەم کە ئەو بڕە چەندە و چۆن دێ؟ چۆن دابەش دەکرێ؟ بۆ ئەوەی کە تێی بگات بزانێ ئایا ئەو شتە گرنگی پێ دراوەو بەڕێکوپێکی دابەش کراوە یان نا؟ خۆتان دەزانن هەموو شتێک خستنە روو وداواکردنە(عرض وطلب)، کە خستنە روو کەم بوو داواکاری لەسەر زۆر دەبێ و شتەکە بەشی خەڵک ناکاو شت گران دەبێ دەچێتە بازاڕی رەشەوە. بەنزین رۆژانە (١٥٠) هەزار لیترمان بۆ دێ حەز دەکەم ئەوە تۆمار بکەن ئەمانەتان لابێ بۆ ئەوەی بزانن چۆن دابەش دەکرێ لە بۆ هەولێر ودەوروبەری و قەزاو ناحیەکان، پێشان تەنها بەنزینخانەی مەنتکاوە رۆژی (١٥٠) هەزار لیتر بەنزینی بۆ دەهات، ئێستا ئێمە پێنج بەنزینخانەی حکوومی گەورەمان هەیە، حەفتی ناوەندیان هەیە، (١٢) بەنزیخانەی بەرامبەری حکومەتیەکانن (٥٠) بەنزیخانەی ئەهلیمان هەیە لەناو شار، نزیکەی (٢٠) بەنزیخانە زیاتر لە قەزاو ناحیەکان هەن ئەو هەموو بەنزینخانانە هەمووی (١٥٠) هەزار لیتری بۆ دێ، پێش ساڵی ١٩٩١ یەک بەنزینخانە ئەو بڕەی بۆ دەهات، ئەگەر ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی پێش ساڵی ١٩٩١ وەربگرین لەگەڵ ئێستا بەراوردی بکەین چوار پێنج هەزار ئۆتۆمبیل زیاد بووە لەناو شاری هەولێر ئێمە سەرژمێریمان لە مرور وەرگرت ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە تۆمارکراون لە مروری هەولێر هاتنی ئەو بڕە بەنزینەش کە بۆمان دێ بە لیتر حیسابمان کرد، هەر ئۆتۆمبیلێک رۆژی دوو لیتر کەمتری بەر دەکەوێت، واتە هەر ئۆتۆمبیلێک لەماوەی مانگێکدا (٥٠) تا (٥٥) لیتر زیاتری بە بەر ناکەوێ تەبعەن کە ئەو حاڵەتە رووبدات من ناتوانم هەموو ئۆتۆمبیلێک چەند بەنزین سەرف ئەکات رۆژانە ئەوەندە بەنزینی بدەمێ، بۆ نموونە تاکسی دەڵێ رۆژێ (٢٠) لیتر کەمتر نەبێ من نامەوێ، ئێمە ناچارین لەو حاڵەتەدا رێگا بە خەڵک بدەین بە قاچاغ بهێنن بۆ ئەوەی ئەو کەمیە(نقص)ـە کە هەیە پڕی کاتەوە لە سفیەو شوێنی دیکە دەیهێنن، پێشان بە حکومەت بە رەسمی بۆمان نەدەهات هەر بەقاچاغ بەنزین هەبوو لەسەر جادەکانیش هەبوو، بەڵام لیتر بە چوار دینار وپێنج دینار بوو کە دەیهێنی خەرجی رێگاو شیرینی دەداو بە بەرمیل دەیپەڕێنێتەوە ناچارە لەڕاستیدا بە (٧٥٠) فلس تا دینارێک بیفرۆشێ ئەوە بازاڕی رەشە، بەڵام چییە نرخەکەی ئەوهایە. ئێمە دیاریمان کردووە ئەگەر ئێمە نرخەکەمان دیاری نەکردبا ئەو (٩٠٠) فلسەی کاک عەبدولخالق باسی دەکا لەوانەیە ئێستا بە پێنج دینار دەبوو، چونکە بەش ناکات، کە بەش نەکا تۆ ناچاری رێگا بدەی، چونکە جولەی بازار دەوەستێ ئێمە ئەو بڕەی کە دێت بەنزیخانەی حکومەتمان هەیە، بەنزینخانەی ئەهلیمان هەیە چونکە ئەو خەڵکەش دەبێ کە کەسابەت و باری گوزەرانی بۆ بمێنێ و ناتوانی لێی قەدەغە بکەی ئێستا ئەو هەموو خەرجیاتی رێ تانکەرو، خێزانی لەسەرە شتێکی (١٠٠ر١٥٠) فلسە قازانجی بۆ بەجێ نەهێڵی لیتری چۆن ئەو کاسبی خۆی بکات، بەڵام بە مەرجێکی کە هەڵپەرستی نەکرێ لە

رادەیەکی مەعقوول بێ من پێموایە روبعە دینارێک بۆ لیترە بەنزینێک برەیەکی زۆر نییە و گرانیش نییە، نازانم روبعە دینارێک تۆ بێ، (٢٠) لیتر بەنزینی نزیکەی پێنج دینار وەربگری کە بۆ مامۆستایەک لەوانەیە بەشی حەفتەیەکی ئەکات وابزانم زۆر نییە.

دوایی ئێمە توانیمان بەو برەی کە هەمانە توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵ کە پێمانوایە ئەمانە گرنگن دەبێ گرنگیان پێبدەی ئیش وکاریان رانەوەستێ تەنزیمان کردووە، بۆ نموونە بۆ دکتۆرەکان بەنزینخانەکەمان داناوە لە رێگای سەندیگای پزیشکەکان ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانمان وەرگرتووە، ئەوانە حەفتانە بەشێکمان پێ داون کە حیسابمان کردووە چەند بەشیان دەکا (٢٥) لیترە (٣٥) لیترە بەپێی ئەو لیستەیە دەیان دەینێ لە بۆ مامۆستایانی زانکۆ کە ناتوانن سێ چوار سەعات بوەستن و چاوەڕوان بکەن و مەحازەرەکەی دەرِوات ناچارین بەنزیخانەیەکمان بۆ داناون هەموو مامۆستایانی زانکۆ لەو بەنزیخانەیە بەنزین وەردەگرن. بۆ هێزی پاراستنی ناوخۆو پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ دوو بەنزیخانەی ئەهلییمان داناوە بۆ ئەوەی کە تیکەڵی خەڵکی ئەهلی نەبن لە بەنزینخانەکانی دی بۆ پێشمەرگەو سوپای دوو بەنزیخانەی شاوێسمان داناوە، برێکیان دەدەینێ بۆ ئەوەی ئەو چەکدارانە دوور خەینەوە لەناو بازار ئەو کارەی کشانەوەو تەعداد و ئەو شتە نازانم نەمێنێ ئەوان بچن بەنزینی خۆیان لەوێندەرێ وەربگرن. بۆ رێکخراوەکانی (UN) بەنزینخانەی عەینکاوەمان داناوە تایبەتەو هیچ ئۆتۆمبیلێکی تر ناچێ هەموو رێکخراوەکان لەوێندەرێ بەنزین وەردەگرن. لە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو وەزارەتەکان وپەرلەمانیش بەنزینخانەیەکمان داناوەو هەر کەس بەنزیخانەی خۆی هەیەو دەچێ لەوێ وەردەگرێ، چونکە ئەوە کەرتی تایبەتین دامودەزگاکانی حکوومی ئەوە هەموومان رێکخستووە، باقی بەنزیخانەکانی تر کە ماوەتەوە لە بۆ ئەهلی ماینەوە ئەوانیشمان کردیتە تاک و جووت، لەبەر ئەوەی برەکە کەمە، رۆژەک ژمارەی جووت و رۆژەک ژمارەی تاک ئەچێ ئەو برە بەنزینەی کە هەیە لێرە بەو جۆرە رێکخراوە.

سەبارەت بە قەزاو ناحیەکان مەصیف و شقلاوە و سۆران و چۆمان هەمووی بەنزینخانەی تێدایە، مێرگەسۆریش بەنزینخانەی تێدایە، ئەوانە بە رێگای قائممقام هەموو ئۆتۆمبیلەکانی ئەو ناوچەیە بۆ خۆیان کارتیان بۆ کردوونە، بەنزین دەدەنە ئۆتۆمبیلەکان بەپێی ئەو برەی کە بۆیان دەچێ دابەشی دەکەن، بێ کێشە، ئەوها رێکخستنەکە تەواو دەکا، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمبیلی هەبێ بەری ناکەوێ لەبەر ئەوەی کەمە، بەنزینەکەی کە بۆمان دێ ناچارە دەچێ لەو بەنزینخانەکانی سەرجادەکان دەکرێ کە بەنرخێکی گرانە لەوێندەرێ ئیشی خۆی دەستەبەر دەکا، سەبارەت بە نرخەکەی راستە نرخی بەنزین کە لە مووسڵ یان کەرکووک لەوێ بە (دینارێک و نیوی چاپە) بەڵام وەرە حیسابی گواستنەوەکەی بکە ئێمە لیژنەیەکمان دروست کردووە دەچێتە مووسڵێ پارەی چاپ دەگۆڕێتەوە، پارەی چاپ لەرزۆکە رۆژێک زیاد دەکات، رۆژێک کەم دەکات، هەندێک رۆژ زەرەر دەکەی هەندێک رۆژ قازانج دەکەی، چونکە ئێمە بە پارەی چاپ دەیکڕین پارەی سویسری کە لێرانەیە دەبێ بیگۆڕینەوە بیکەینە خەرجی ئەو لیژنەیە، خەرجی بەنزیخانەکان، چەند کرێکارت هەیە

خەرجی مەستەودع، خەرجی ئەوەی کە چاودێری دەکا ئەمە لە بۆ هەر بەزینخانەیەکی ئەهلی فەرمانبەرێکمان داناوە حیساب دەکات ئەو ئۆتۆمبیلانەی (٨٠) ئۆتۆمبیلە دەبێ بەنزینی بداتێ، من زۆر سەیرم پێ دێ کە دەڵێن لە بەنزیخانە ئەهلیەکان دابەش ناکرێ، چونکە ئێمە چاودێرییەکی زۆر توندمان لەسەر داناون و بۆ هەر بەنزیخانەیەک یەکێکمان داناوە، دوو شێوە بەنزینخانەمان هەیە، ئەوی کۆن رۆژێک نا رۆژێکە (٢٠٠٠) هەزار لیتر وەردەگرێت واتە رۆژێ موعەدەل دەکاتە (١٠٠٠) هەزار لیتر (٤٠) ئۆتۆمبیل وەری دەگرێ، من حەز دەکەم کاک عەبدولخالق بێ لە وەزارەت ئەو کارمەندە ی پیشان دەدەم کە من بە چاودێریم داناوە لە بانزینخانەکەی رۆژانە کە بەنزینەکە وەردەگرێ ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان وناوەکانم بۆ دەنووسێ، لەوێ راوەستاوە لەوانەیە من ناڵێم خاوەن بەنزینخانەکە دووستێ برادەری خۆی بەرێ دەکات لەگەڵ وانە ئەو لاو ئەو لا ئەو شتانە رێک ناخرێت، بەڵام لە(٢) هەزار لیترەکە بۆ ماوەی دوو رۆژەکە بەتەواوی لیستەم بۆ دێت بە لیست هەمووی موستەمسەکاتمان هەیە، رۆژ بەرۆژ کە ئەو بەنزینەی دابەش کراوە، بەڵام ئەو بەنزینەی کە لە بازاڕە ئەوە لە بەنزینی ئێمە نییە، ئەوە خۆی هێناویەتی وئێمەش رێگەمان پێدایە هانیشمان داوە، بەڕاستی لەبەر ئەوەی ئەو کەمیەی کە هەیە لەناو شار پڕ بکرێتەوە، ئێمە قەت لەگەڵ ئەوە نین کە بەنزین نەیەتن راشمان نەگرتووە لەبەر ئەوەی بەش ناکات، کە بەشی نەکرد تۆ ناچاری رێگە بکەیتەوە. رۆژێکیان لێپرسراوێکی گەورە لەحکومەتی بەغدا نازانم عزت ابراهیم بوو کێ بوو هاتبووە مووسڵ؟ رێگای داخستبوو گوایا بەنزین نییە نرخی بەنزین یەکسەر لێرە هەستایەوە، بۆ خۆتان بە بیرتان دێ گوتمان چییە گوتیان رێگای قاچاغ گیراوە، ئەو قاچاغە یارمەتیمان دەدات کاتی خۆی پێش کابینەی سێیەم کە بەنزین بە رەسمی نەدەهات، ئایا بەنزین لە بازاڕ لەسەر جادەکان هەبوو یان نا؟ هەمووش بەقاچاغ دەهات بەشی هەموو کەسێکیشی دەکرد، بەڵام دەبێ راستیەک بزانین کە میللەت شتی بە هەرزان دەوێت، بەنزین ئێستا تۆ بیکەی (٥٠) فلس دەستی پێوە ناگرێ وەکو ئاو دەی رێژی، بەڵام وەرە بیکە(٢) دینار، موعەدەل شەو رۆژ بەنزین هەیە لەسەر شەقامەکان بۆ ئەتۆ ئۆتۆمبیلی خۆت دەبەی (٢٠ یان ١٠) لیتری تێ دەکەی، بەڵام کە دەبێتە (٥٠) فلس پڕی دەکات بەرمیلێکیش دێنی لەگەڵ خۆی پڕی دەکات دەیباتەوە دەستی پێوە ناگرێ، بەڵام کە نرخەکەت زیاد کرد بۆ خۆی کەسەکە دەستی پێوە دەگرێ، چونکە ئەو توانایەی نییە کە بیکرێ، کاتی خۆی کە نەدەهات لە مووسڵەوە لەسەر جادە بەنزین هەبوو هەموو کەسیش دەیتوانی بیکرێت، بەڵام چ بوو نرخێکی زۆر گران بوو میللەتەکە بۆ خۆی دەستی پێوە دەگرت بە لیتر حیسابی دەکرد ئۆتۆمبیلەکەی لەماڵەوە رادەگرت زۆر جار بۆ جێی نزیک دەری نەدەهێنا، بەڵام ئێستا زۆر سوڕانەوەی زیادی پێ دەکرێت چونکە بەنزین هەرزانە وسەرفی دەکات، ئێمە لێرەدا دووشتمان رەچاو کردووە بەنزینەکە بەنرخێکی مەعقوول بێ، بتوانین خەرجی کارمەندەکانی خۆمان بدەین شتێکیش بمێنێتەوە، هەر وەزارەتەک لایەنی ئابووری بۆ خۆی لێک دەداتەوە، بەقازانجی ئەو بەنزینە دەتوانین پرۆژەی پێ بکەین، بەنزینخانەکان چاک بکەین. ئەوە

هەمـوو ترومپـاو شتـەکـانمان چاکردۆتەوە بەنزینخانـەکان و بینایەکـانی پێ چاک دەکـەینەوە و یان بۆیاغ دەکەین لەو قازانجە دێت. ئێمە وەکو حکومەت هاوکێشـەکە دەکەین حسابی ئەوەمان کردووە قازانجێکی کەم باری سـەرشانی هاوولاتیان قورس نەکەین و روبعە دینارێکە ئێمە پێمان وایە زۆر نییـە هەتا (٤٠٠) فلسـیش خـەڵـک دەتوانێ و چینێکی زۆریشـمـان لە کـەرتی ئەوانەی کـە لە دەزگـاکـانی حکومـەت ئیش دەکـەن بەنزینمـان لە بۆ هەمـوویان دابین کـردووە، چونکە دەخلیـان دیاریکراوە، ئەوان ناتوانن بەگران بیکڕن، بەڵام ئەوەی کە کاسبی پێ دەکات راستە نرخی تەکسی ئێسـتـا لەوانەیە زۆر زۆر جیـاوازی کـردووە هەرزان بووە. چونکە ئەوەی کـە لەبازاری رەشـیش دەفرۆشرێت نرخـەکەی زۆر نییە لە نێوان (٧٥٠) فلس هەتا (١) دینارێکە دەکرێ ماوەیەکی تر بتوانین زەخت بکەین، بیهێنینە خوارەوەش. ئەکید ئەگەر لە بەنزینخانە ئەهلییەکان بە (٤٠٠) فلس بێ روبعێکی داوێتـە سـەری یان نیـو دیناری داوێتـە سـەری بۆ قـازانجی خۆی، چونکە بە رێگایەکی دوورو درێژ هێناویەتی تکالیف و خەرجی زۆری کردووە لەسـەری، لەبەر ئەوە بەوەندە دەیدەن ئەوە رێکخراوە، لەو رۆژانەش بایەخمان پێداوە ولەم ماوەیەدا ئێمە خەریکی دابەش کردنی وچۆنیـەتی دابەش کـردنی بەنزینین دەتوانم بڵێم(٩٠٪) لەکـاتی دەوامی رەسـمی ئێـمـە ئەگـەر شتێکی کەممان هەبێ پاش دەوام دێین دەوام دەکەین، لەبەر ئەوە حەز دەکەم بزانن کە گرنگیەکی زۆر بەو شتە دراوە، رەچاوی هەموو شتەکیش کراوە حساب بۆ هەموو شتێ کراوە، ئەوە سەبارەت بە بەنزینەکە.

سـەبارەت بە نەوت ئێـمـە رۆژانە(١٣٠) هەزار لیـتـرمـان بۆ دێ تەبعـەن ئەو برە مـاوەیەک بوو بریبوویان هەر نەدەهات، هەندێ جار کەم دەهات. ئێمە حسابی ئەوەش دەبێ بکەین ئەوە بزربوون دەبێ نازانم چ دەبێت، لیک دەبێ ...، بەڵام ئەوەی کە تۆمار کراوە (١٣٠) هەزار لیتر دێت ئەمە نەوتمان بە رێگای بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک بەسەر هاوولاتیاندا دابەش کردووە لەناو شاری هەولێـردا ئێسـتـا من ژمـارەی بریکارەکـانی کـەلوپەلی خۆراکم لەلایە هی ناو شـاری هەولێر. هی دەرەوەی هەولێریش. نەوت لە قۆناغێکی بە (١٥٠) فلسمان دەدا دوایی دیتمان دەری ناهێنێ بە (٢٠٠) فلس لیـتـری دەدەین، بە دینار و روبعـێک نییـە، یەک بەرمـیل نەوت بە (٤٠) دینارە لەلای ئێمە کە دەفرۆشرێ ئەوە نە هەڵپەرستییە ورەسمیشە دەتوانن بپرسن لەوانەی کە وەریان گرتووە هەر خێزانێک بێجگە لەوەی کە بریکارەکە وەری دەگرێت بۆ گواستنەوەو قازانجی خۆی کە دەکـاتە (١٠) دینار دەیهـاوێتـە سـەری لەوانەیە بە(٥٠) دینـار بیـدات، لە قـۆناغـێـک بە (٣٠) دینار بوو دوایی کە دەری نەهێنا بووەتە(٥٠) دینار لەوەی زیاتر نەبووە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیتری بەچەندە ئێستا؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لیـتری بە (٢٠٠) فلسە(٥٠) فلسیش ئێمە پاڵپشتمان کردووە کە بەنزین بە (٢٥٠) دەدەین

نەفت بە (٢٠٠)ی لەبەر ئەوەی بۆ خەڵکە، ژمارەی بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک لەناو شاری هەولێر (١٤٠٦) بریکارە ئەوە (٩٤) هەزار خێزانیان لێیە کە بەسەر ئەو(١٤٠٦) بریکارە دابەش بووینە، ژمارەی ئەو بریکارانەی کە ئێمە دیاریمان کردووە تا ئێستا (١٢٥٤) بریکار وەری گرتووە، واتە (٨٣١٩٣) خێزان بەری کەوتووە لەکۆی (٩٤) هەزار خێزان لە مەرکەزی پارێزگا، کۆی ئەو برە نەوتەی کە دراوەتە بریکارەکان و بەسەر خەڵک دابەش کراوە (٢١) ملیۆن و (١٥) هەزار لیتر بووە، (٢١) ملیۆن لیتر لەناو شاری هەولێر بەرێگەی بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک دابەش کراوە، ئەوەی کە هەتا ئێستا ماوەتەوە (١٥٢) بریکار ماوەتەوە ئەمە یەک، دووجار لەو ماوەی دواییدا پەیوەندیمان بە بریکارەکانەوە کرد کە بێن بەشە نەوتیان وەرگرن ئەوە خەتای خۆیان بوو نەهاتن، لەبەر ئەوەی ئەو کات خەریکی وەرگرتنی کەلوپەلی خۆراک بوون وایان بەباش زانی بوو خۆراکەکە وەرگرن نەوتەکە دوابخەن، چونکە بەشە نەوتەکەیان ناسوتێ ماوەیەکی دیکە وەری دەگرن ئەوەش بەو زووانە وەردەگیرێت، ئەوە سەبارەت بە ناو شار، سەبارەت بە قەزاو ناحیەکانەوە ژمارەی بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک کە هەمانە ئەگەر کۆیە و ئەوانەی لێ دەربێنین کەلەژێر دەسەڵاتی ئێمە نین (١٥٨٢) بریکارە، لەوانە (١٣٦٤)بریکار بەشە نەوتی خۆیان وەر گرتووە ئەوەی کە ماوە (٢١٨) بریکارە، بێ لەوانەی کەوەریان نەگرتووە ئەوەی کە دابەش کراوە (٠٠٠و٥٠٣و٩) نۆ ملیۆن و پێنج سەد و سێ هەزار لیترە هەزار لیتر دراوەتە دەوروبەر، (٢٢) ملیۆنیش دراوەتە ناو شاری هەولێر، بێجگە لەخەڵکەکە دابەشی زۆر شوێنی کەمان کردووە، هەموو قوتابخانەکان کاتی زستان ئێمە نەفتمان داوەنەتێ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئەو لیستی کە هێنایتیان، ئێمە نەفتمان دیاری کردووە بۆ ئەو دەرکراوانە و ئاوارانەی کە لەهەولێر و سۆران و شەقڵاوە و سەلاحەدین و جەدیدە و حەریر هەنە ئەوانە هەمووی بەرێگەی لیژنەی باڵای دەرکراوەکان یاخود ئاوارەکان کتابیان هێناوە ئێمە نەفتمان داونەتێ، وەزارەتی پەروەردە(٦٠٨٥٠٠) شەش سەدو وهەشت هەزار وپێنج سەد لیتری وەرگرتووە ئەوەی کە قوتابخانەکان فەرمانگەی حکومەت هەمووی بەتێکرا (٢٨١٩٩٧٠) دوومليۆن و هەشت سەدو نۆزدە هەزار و نۆسەد وهەفتا لیتریان وەرگرتووە. مزگەوت و کەنیسەکان، مزگەوتەکان لەزستاندا نەوتمان بۆ دیاری کردوون بۆ هەموو کەنیسەکان بۆمان دابین کردوون ئەویش بری(٤٧٦٠٠) چل وحەوت هەزار وشەش سەد لیترمان دابەش کردووە بۆ مزگەوتەکانی ناو شارو قەزاو ناحیەکان ئەوە هەمووی حسابی لەبۆ کراوە. من تاکید دەکەمەوە کە ئێمە حسابی هەموو جێگەیەکمان کردووە کە چەند بایەخمان بەم لایەنە داوە و چەند بە رێک وپێکی دابەشمان کردووە، ئەو بەشانەی کە هاتووە هەتا ئەوەی کەلەبازار دەفرۆشرێ لەو لاو لەو لا پەیوەندی بەئێمەوە نییە من نازانم، بەڵام ئەوەی کەبۆمان دێت هەمووی بەحساباتی ورد تۆمارمان کردووە. بۆ وەزارەتی شارەوانی، حسابی هەموو شتێکمان کردووە، پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوە، هی وەزارەتی ئەشغال، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و هی وەزارەتی شارەوانی، قیرتاو کردن، کە جادە قیرتاو دەکەن پێویستیان بە گازوایل و بەنەوت

هەیە تێکەڵی دەکەن ئەوە هەمووی بەنووسراوی رەسمی کەبۆمان هاتووە تۆماری تایبەتمان کردووە ئەو برانەی کە پێویستیان پێ بووە ئێمە بۆمان دابین کردوون لەوانەیە ئەوانەی ئەندازیاری شارستانی کاک ئیبراهیم وئەوان دەزانن کە ئەوان پێویستیان بەچ برێک هەیە. وەزارەتی (پ.م) کە لەفەلەک و وەزارەتی (پ.م) خۆی دەنوێنێ بەشی تایبەتی مانگانەی هەیە، ئەوانە چ نەوتیان ویستییە، چ گازوایلیان ویستی یە، چ بەنزینیان ویستی یە ئێمە ئەو بەشەمان داونەتێ، ئەوە هەمووشی داخلی حسابات کراوە. کۆلیژەکان هەندەک ئامێرو شتیان هەیە بەگازوایل کار دەکەن. هەموو ئامێرەکانی خەستەخانەکان کەپێویستیان بەگازوایل هەیە کە نووسراوی رەسمییان هێناوە ئێمە پێداویستی ئەوانەمان دیاری کردووە، لەگەڵ ئەوانە کارگەکانی حکومی هەموو پێداویستییەکانیمان لەسۆتەمەنی دابین کردووە ژمارەی تەفصیلیم لایە، بەڵام خستنەرووی زۆر دەخایەنێت، خشتەم کردووە کە ئەوانە چۆن دابەش کراوە بەلیتر هەمووی حسابی بۆ کراوە.

کارگە ئەهلی یەکان ئەو ماوەیە ئێمە گازوایلمان پێداون، (١٥٠) مولیدە لەناو هەولێر هەبووە کە ئیشی کردووە رۆژی (٦) سەعات کارەبای داوتە گەرەکەکان ئێمە لیژنەیەکمان پێک هێناوە کەشفیان کردووە قەوارەی مولیدەکە چەندە، دەیداتە چەند ماڵ، چەند سەعات ئیش دەکات، ئەو موەلیدەیە رۆژێ چەندی پێویستە حسابمان بۆ کردووە بەشی مانگەکیمان داوتە خاوەن مولیدەکە کە کارەبا دەداتە ئەو ماڵانە. بیرەکانی ئاو کە پێویستیان بەگازوایل هەیە کاتێکی کە کارەبا نەبووە بەگاز ئیشی دەکرد ئێمە بۆمان دابین کردووە، بیرەکانی ئاوی دەرەوەی شار کە بۆکێڵگە بەکار هاتوون هەر بیرێک پێویستی بەچەندگازوایل هەیە دایتمانێ تەبعەن ئەوانە بەحساب و خشتە هەمووی بەتۆمار جێگیر کراوە، ئێمە نەمان هێشتوە هیچ جێگەیەک کە پێویستی بەگازوئیل هەبێ پەکی بکەوەێ، بەم جۆرە دابەش کراوە، ئاشەکان کە ماوەیەک گرفتێکی گەورەبوو کە بۆ گەنم هارین وشتی وا بەکار دێن، ئێمە هەمووی چ لەناو شاری هەولێر و چ لەقەزاو ناحیەکان گازوائیلمان لە بۆیان دابین کردوون، لەوانەیە شتی جیاجیاش هەبووبێ من لێرەکانە باسم نەکردووە.

یەک لەکارە هەرە گەورەکانی لەو ساڵدا کردومانە کەتا ئێستا شتی وا نەکراوە سێ ملیۆن لیتر گازوایلمان تەرخان کردووە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ لەبۆ کێڵان. وەرزی کشتوکاڵی ئێستاکەش ملیۆنێک زیاترمان تەرخان کردووە بۆ دەراسەکان کەکاتی دروێنەیە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ لیژنەیەکی هاوبەشمان داناوە ژمارەی دەراسەکانمان وەرگرتووە بەنزینخانەیەکی تایبەتیمان بۆ داناون دەچن لەوێندەرێ بە (٣) وەجبە هەزار هەزار لیتریان دەدەینێ، بۆ ئەوەی چاندنی کشتوکاڵی نەوەستێن، ئایا لەوە زیاتر دەتوانێ وەزارەتی پیشەسازی بەو برەی کەوەری دەگرێت رێکی بخا، بەدواداچۆنی بکات وخۆی پێوە خەریک بکات؟ من ئەو پرسیارە ئاراستەی جەنابتان دەکەم حەز دەکەم ئەگەر قەناعەتتان پێی نییە وەڵامی دانەوە، ئەوهەموو شتانە کراوە ئەگەر تەفاصیلی وردی تریشتان دەوێت لەبۆ چۆنیەتی دابەش کردن ئێمە ئامادەین وەڵامتان دەینەوە

بەژمارە بۆ هەموو ئەو بەنزینخانانەی کە بۆیان چووە، نرخی گواستنەوە چۆنە، لەبۆ قەزا وناحیەکان کەدێ چەندە وچۆن سەرف دەکرێ، بەپێی ئەو مەصروفاتانەش قازانجیشمان چبووە، ئەوانەش هەمووی حساب کراوە، بەکردارێکی حسابی ئابووری دیاری کراو، هەم ئەم لایەنە لێک دراوەتەوە هەم لایەنی خزمەتگوزاری، بەلام دەمەوێت ئەوە بخەمە روو ئێمە زیاتر گرنگیمان بەلایەنی خزمەتگوزاریەکە داوە بۆ ئەوەی خزمەتی هاولاتیان بکەین. لەلایەنی بازرگانیەکەی ئێمە ئیستغلالی ئەو بەنزین ونەوتەمان قەت نەکردوە بۆ لایەنی بازرگانی ئەوەندەی کە بایەخمان بە لایەنی خزمەتگوزاریەکەی داوە. ئەگەر تا ئێستا نرخی لیترێکی لەباتی روبعێکی قازانج بکەین بەنیو دینار لەبەنزینخانەکان ئەگەر بمان ویستبایە لایەنی تر رەچاو بکەین، بەلام لەگەل ئەوەشدا حسابی ئەوەمان کردووە ،واتە حسابی قازانجەکەشمان کردووە، بەلام بەرێژەیەکی کەم. سەبارەت بە بتلی غاز حەز دەکەم بزانن (١٤٠٦) هەزار وچوار سەدو شەش وەکیل هەیە (٩٤) هەزار خێزان لەهەولێر هەیە نەوەت وپێنج هەزارو حەو سەدو هەشتا وهەشت عائیلەش لە دەوروبەر هەیە رۆژێ (٧٥٠) حەو سەدوپەنجا قەنینە دێ. سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٧٥٠) حەو سەدو پەنجا قەنینە رۆژانە دێ بۆ هەولێر، هەزارو چوار سەد بریکار هەیە؟

**بەرێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر(١٤٠٦)هەزار وچوار سەد وشەش بریکار هەیە، کە ئێمە غازیان دەدەینێ، بەلام هەر بریکارەی (٨٠) (٩٠) خێزانی لەلایە، ئەو(٧٥٠) قەنینە سێ بریکاری غاز دەیهێنێ ئەو بریکارانە پێش سالی (٩١) وەکالەتیان لەموصل هەبووە، ئەوەی پێشتر ناوی تۆمار نەبووبێ لەوێ نایدەنێ، واتە نایدەنە ئێمە وەکو حکومەت، ئەوانە دەیهێنن، ئێمە ئەوانەشمان زەبت کردووە، هەر بریکارێکی(٢٥٠) قەنینە وەردەگرێت سێ بریکار دەیهێنێ دوو سەد لە هەر بریکارێک دەگیرێنەوە، پەنجا بۆ بریکارەکە بەجێ دێلین، چونکە ئەگەر ئەو بریکارە پەنجای بۆ بەجێ نەهێلین لەوانەیە ئیشەکەی نەکات، ناچێ لەموصل بۆمان بێنێ، دووەمیش بازار هەمووی دەوەستێ. ئێمە لەو دوو سەدو پەنجایە دووسەدی دەدەینە بریکارەکانی خۆراک ئەوانیش بەسەر خێزان دابەشی دەکەن، واتە پەنجا دەچێتە بازار، ئەو پەنجایە لەبۆ چێشتخانەیە، لەبۆ خەلکی دیکەیە کە کاسبی پێ دەکات، ئەگەر ئێمە هەمووی دەست بەسەردا بگرین بازار رادەوستێ ئەو کاتە لەوانەیە قەنینەیەک بە (٢٠٠) دیناریش بۆت ناهێنێ، مانای وایە لەو (٧٥٠) ئێمە (١٥٠) دەخەینە بازار، شەش سەدیش دەدەینە خەلک، ئەو شەش سەدە لەبۆ ناو شاری هەولێر و دەورو بەریشە، ئێمە ئەوەی دەدەینە بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک بە (١٠) دینار دەیدەین لەوانەیە بە گواستنەوە وشتی وا بکاتە (١٢) دینار، واتە بە (١٠ تا ١٥) دینار زیاتر نافرۆشرێ، بەلام ئەو (٣٠ ـ ٣٥)دینارەی کە کاک عەبدولخالق باسی دەکات ئەوە هی بریکارەکە

که باسم کرد که بۆ خۆی دەمێنێتەوە بازرگانی پێ دەکات، دەیداتە چێشتخانەیەک، لەو بەشەی ئێمە هەندێ قەزا داوای (٥٠٠) قەنینەم لێ دەکات کەچی بۆ خۆم شەش سەدم هەیە، یەک قەزا بەرۆژێک ئەو داوایە بکات باشە ناو شاری هەولێر چی لەبۆ دەمێنێتەوە؟.
لەبەر ئەمە ئێستا ئێمە بایەخمان داوە کارگەکەی خۆمان چاککردۆتەوە ئەگەر غازی شلمان بۆ بێ بۆ ئەو کارگەیە رۆژێ دەتوانین (١٠) هەزار قەنینەی غاز بەرهەم بێنین، ئەو کەمی یەی کە هەیە دەیشکێنین، هەر کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەو برەی بۆمان دێ سەرچاوەکەی لەدەستمان نییە، کێشەی ئێمە ئەوەیە ناتوانین زیادی بکەین کە برەکە کەم بوو چ جۆرە چارەیێکی لەوە زیاتری بۆ بەکەین؟ ئێمە توانیومانە ئەو بریکارانەی لەموصل غاز دێنن کۆنترۆلی بکەین لەو (٧٥٠) قەنینە شەش سەدیان لێ بستێنین وبیدەینە خەڵکەکە، سەدو پەنجاش لەبۆ ناو بازارە، ئەگەر چاریتر هەیە لەوە گۆنجاوتر پێشنیاری کەن ئێمە تەبەنی دەکەین، زۆر سوپاستان دەکەین. ئەمە سەبارەت بە غازەکە. ونەوتەکە وگازوائیلەکەش بوو چونکە بەو جۆرە دابەش کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەم وەڵام دانەوە و بۆ ئەم تەفاصیلە، جەنابی کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی وەزیری پیشەسازی دەکەم کە ئەو زانیارییەی دا پێمان، بەراستی ئەو زانیارییە زیاتر قەناعەتم پێ دەکات کە ئەبێ دابەش کردنەکە زیاتر بەیەکسانی بێ. من لەو لایەنی کە ئەو ئێستا ژمارەیەکی زۆری لەپێشە، زۆر لە ولاتانی تر بوونە قوربانی ژمارە ئێمە پێویستمان بەوەیە هاووڵاتی ئاسودە بێت، چونکە ئاسودە نییە، شوفێری ئوتۆمبێل و شوفێری گواستنەوە و فەرمانبەر ئاسودە نییە ئێمە لەو روانگەوە بۆی دەروانین، من فیعلەن زانیاریەکەم لەمیللەت وەرگرتووە ژمارەی وەزارەتم وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی.من دەزانم وەزارەت دەستە کۆمەیە ژمارەم دەداتێ بەس من ئەوەندە دەزانم کە من نوێنەری میللەتم دەبێ من هاووڵاتیەکان قەناعەت پێ بکەم کە ئایا ئەو دابەش کردنە یەکسانە یان نا؟ بەڕای من لەوەڵامی وەزیر من ئەڵێم ئەکرێ فیعلەن وەزارەتی پیشەسازی لەوە باشتر دابەش بکات، هەروەهاش خستنەروو داواکردن(عرض وطلبُ) راستە، ئەبێ، ئێمە ناکرێ ئێمە چارەسەری قاچاخچیەکانیش بکەین. باشە من هێشتا موقنیع نیم کە نرخەکەی مناسب بێت (٣٠) فلس و دوو سەدو پەنجا بێنین، لەبەر ئەوە سەبارەت بە منەوە هەتا کرێی گواستنەوە کەدەیگوازنەوە من وا بۆیدچم کەقازانجێکی نە سروشتیە، راستە وەزارەتی پیشەسازی دەیەوێ نزم بوونەوەی داهات ومەشاکیلی وەزارەتی خۆی چارە بکات بەس لەسەر حسابی هاووڵاتیان، ئەم مەسەلەیە ئەبێ وا وەربگیرێت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لەوەزارەتی پیشەسازی مەسەلەی چاودێری زیاد بکات، ژمارەکانی کەلایانە زۆر ورد نییە، وە ئەم مەسەلەیەی

بەنزینخانەکان ئێستا حەز دەکات خۆی بچێتە ناو شوفێرەکان وبزانێ ئێش وئازاریان چییە؟ ئەو ژمارانەی کە دایپێم زۆر سوپاسی دەکەم ئەوانەیە ئەوە قەناعەتم زیاد پێ بکات کە ئەبێ ئێمە ئەوە چارەسەر بکەین لەنێوان ئەوانە چارەسەری قەنینەی غاز بەهاتنی غازی شل بۆ نەیکەین؟ هەتاکو کەی ئەوە شەش ساڵە هاوولاتی ئێمە چاوەڕوانی ئەوەیە ئیشی چاکی بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم تەئکید بکەمەوە کە بەدواداچوونی هەموو ئیشەکان دەکەم، زۆر هەوڵیش دەدەین مرۆڤی زۆر نزیک وپاک دابنێین بێ ئەوەی پەیوەندی بە هیچ شتێکەوە هەبێ و حزبایەتی وشتی وا لەو جێگایانە دادەنێین بۆ ئەوەی زۆر ورد بن لە ژمارە و دەستیان پاک بێت، دزی نەکرێت، من لێپرسراوی گەورەم لاداوە لەبەر هەندێ هەڵسوکەوتی نا بەجێ، من حەز دەکەم ئەوانەی دەیانەوێت موتەئەکید بن لەو راستیە بەتایبەتی کاک عەبدولخالق بێ لەنزیکەوە سەردانمان بکات، بەخۆی بچێ جێگاکان ببینێ هەر بەقسە نا کە گوێی لێ دەبێت، بۆ ئەوەی بزانن تاچ رادیەک ئێمە توانیومانە بەوردی وبەرێکوپێکی و بەگرنگیەوە بایەخ بدەینە ئەولایەنە، بەڵام من قەت لەگەڵ ئەوەی دانیمە روبعە دینارێک لەبۆ نرخی لیترێک زۆر بێ چونکە خەرجی گواستنەوە خەرجی فەرمانبەران وبزربوون و چاککردنەوەی وێستگاکان و ئەوە دەبێ هەمووی حساب کرێت لەچوارچێوەی خەرجیەکان، ئێمە ئەگەر لە لیترێکی پەنجا فلس هەتا سەد فلسیش قازانج بکەین بۆ ئێمە زۆر نییە، چونکە ئەوڕۆکە کەس حساب بۆ پەنجا فلس و سەد فلس ناکات ئێستا ئەو عوملەیە هەر نەماوە نازانم روبعە دینارێک بۆ دەبێ زۆر بێت ئەگەر تکالیفی خۆی لەسەر تۆ نزیکی با بڵێین (١٧٥) یان (١٨٠) فلس بکات بۆ دەبێ لەنێوان شەست حەفتا فلس قازانج زۆر بێت بۆ لیترێکی کە ئەتۆ مصاریفی زۆرت لەسەر بێ، من حەز دەکەم بێ بەدوادابچێت بزانێ خەرجی بەنزینخانەکان چەندە؟ هاتوو چۆ چەندە؟ ئێمەپەنجا بەنزینخانەمان هەیە، پەنجا فەرمانبەرمان هەیە چاودێر لەسەر ئەو بەنزینخانانە، فەرمانبەری ئێمە لەبەیانیەوە ئیش دەکات هەتا عیشایێ ئێمە نان خواردنی نیوەڕۆیان دەدەینێ، ئێمە مصاریفی دیکەمان هەیە ئەی ئەگەر بێتن رۆژێک من مصاریفی خۆمی پیشان دەم کە ئەو کارە بۆ زەبت کردنی ئەو عەمەلیەتە چەند مصاریفی پێویستە لەوانەیە بۆ خۆشی بگاتە قەناعەتێک کە ئەمە زۆر نییە،

ئێستا ئەگەر ئەو بۆ خۆی تەماشای ناو هەولێر بکات وابزانم جوڵەیەکی زۆر بەهێزی ئۆتۆمبێلەکان دەبینێ ئەوە ئەنجامی ئەو رێکخستنەیە کە ئەو بەنزینە وا دابەش دەکرێت، ماوەیەک لەناو هەولێر سەیارە بەدەگمەن دەرۆیشت ئێستا دەچیە هەندێ جادە لێی دەرناچێ لە قەرەباڵغی مانای وایە ئەو بەنزینە بەیەکسانی دابەش دەکرێ ودەگاتە خەڵکی، بەڵام کۆنترۆڵ کردن لەرێگەی ئەو شتەی کە فەرمووی بۆ قاچاخچیەکان، ئێستا کەوەکو گوتم ئەمەروون و ئاشکرایە ئەمە بۆ خۆمان هانی قاچاخچیان دەدەین بۆ ئەوەی بیهێنن بۆ ئەوەی ئێمە کەمیمان هەیە قەزیەکە خستنەروو داواکردنە،

نوقسانیم هەبێ بۆ خۆم پێم نەیەت ناچارم خەڵک هان بدەم بازرگان هەیە دێ دەڵێ من دەیهێنم، بەڵام نەم هێشتووە بۆ قازانجێکی زۆر بکات، لەهیچ حاڵەتێکی نەگەیشتۆتە دینارێکی، بەڵام ئەگەر کۆیان بکەمەوە من لێیان وەربگرم، ئێمە هەوڵمان داوە کە رێکی بخەین وسەیتەرە بکەین، بەڵام خۆیان لێکێشاوەتەوە ونەیان هێنا، یانی ئەوە مەسەلەکە بەو ئاسانیە نییە، خەڵکەک بچێ بیەوێ بازرگانی بکات ئەتۆ پێی بڵێی بێنە لەوەندەی زیاتر نابێ بیفرۆشی ئاسان نییە، وەکو هەر کەلوپەلێکی لە ناو بازار قەزیەکی بازرگانیە، گرنگ ئەوەیە خزمەتگوزاریەکە وابێت بۆ خەڵکەکە، جارێ تۆێژی فەرمانبەر ئێمە قەناعەتمان پێ کردووە فەرمانگەکانی حکومەت هەمووی قەناعەتمان پێ کردووە، هیچ گرفتێک نییە، کەرت نەماوە لەچینی فەرمانبەر ئێمە پاڵپشتمان نەکردبێ، بەنزینمان پێ نەدابێ، هەتا بەشێک لە حزبەکانیش کەداوامان لەبۆ دەنێرن ئێمە رزامەندیمان کردووە بەنزین وشتمان بۆ سەیارەکان دابین کردووە، بەڵام ئەهالیەکە ئێمە ناتوانین، کەمە، گوتم سەرژمێری مرورم وەرگرتووە دوو لیتر زیاتر لەکوێ بێنین (بەشە زیادە)کە من بە کاک عەبدولخالق دەڵێم لەکوێ بێنم؟ بیان دەمێ قەناعەتیان پێ بکەم، پرسیارەکە ئەوەیە برەکە دێت، گرفت کەمیەکەیە، ئەبێ لەسەر ئەو کەمیە قسە بکەین کە چەند دێت و ئەو کەمیە چۆن دابەش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو روونکردنەوەیە. وابزانم پرسیارەکان لێرە تەواو ...

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئەگەر پرسیاری تری لابەلا هەیە من ئامادەم، ئەگەر پرسیار مابێ وەکو شتێ قەناعەت نەکرابێ هەر لاری نییە بەکورتی وەڵامی بدەینەوە، ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەن رێگەم پێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رێگە هەیە، بەڵام لەوانەیە ئەم دانیشتنە کاتی خۆی وەرگرتبێ نیو سەعات زیاتر لەکاتی خۆمانیش دا بەم بابەتە. ئەو بابەتانەی کە برادەران لەبیریانە بۆ هەلێکی تر برادەران با ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەن ئێمەش ئەیگەیەنین بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی لەدەرفەتێکی تردا لە دانیشتنێکی تر وەڵامی ئەو شتانە بدرێتەوە، چونکە بەتەفصیل وەڵامی پرسیارەکان درایەوە، وەکو وتیشم زیاتر لەنیو سەعات لەکاتی ئەو دانیشتنەی کە تەرخان کرا بۆ ئەو روون کردنەوانە درا ئێمە سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەو بەدواداچۆنە و پرسیارەکانیان، هەروەها سوپاسی وەزیری پیشەسازی و وزە دەکەین بۆ هاتن بۆ پەرلەمان و ئامادەبوونی بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، دانیشتنەکەمان لێرە کۆتایی پێ دێت زۆر سوپاستان دەکەین، سبە سەعات (٥ر٩) لێرە کۆدەبینەوە، تکا لەئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە رەچاوی ئامادەبوون

بکەن ،چونکە ئەوە چەن جارێ روو دەدات دێینە هوڵ ئەندامانی پەرلەمان، یان نەهاتون، یان دوا کەوتوون، بۆیە کە وتمان (٩ر٥) ئامادەبن پێش وەخت لێرە بن، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ئیش وکارەکەمان بەرێکوپێکی ئەنجام بدەین، لەبیریشتان نەچێ زۆر لەم دانیشتنانە پێویستە سەرۆکی وەزیران و وەزیرە بەرێزەکان ئامادە بن ئێمە لەگەڵیان پێکهاتووین بەپێی بەرنامەیەک ماوەکەمان رێکخستەوە لەگەڵیاندا، بەڵام ئەگەر نیو سەعات سێ چارەک ئێمە چاوەرێ بکەین لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بەشێکیان دواکەوتوون ئەوە لەراستیدا تۆزێ جێگای سەرنج راکێشانە، بۆیە داوا ئەکەین لەمەودوا لەکاتی پێویست لێرە بن، بۆ ئەوەی ئیشەکان وەکو لەبەرنامەی کار ئامادە کراوە ئاسانی کەین.

تێبینییەکی تر هەیە حەز دەکەم تەئکیدی لێ بەکەم وبەنووسینیش دەری دەکەین لەمەودوا چ پێویست ناکات، ئەگەر لەکاتی پێویست نەبێت چیتر ئێمە کاتی کۆبوونەوە راگەیەنین ، رۆژی دوو شەممان و سێ شەممان و چوار شەممان دانیشتنی پەرلەمان هەیە، رۆژی دووشەممە بۆ یاسا و بریارەکانی پەرلەمانە، رۆژی سێ شەممە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانە لە وەزیرە بەرێزەکان، کە کاتی خۆی و بەردەوامین لەسەری ناومان ناوە رۆژی حکومەت، رۆژی چوارشەممە بۆ درێژە پێدان لەسەر بریارو یاساکان ئەگەر تەواو نەبووبێ و بریار دان لەسەری و راپۆرتی لیژنەکان چی راستەوخۆ لێرە یان پەیوەندار بێت بەوەزیری تایبەت و ئامادە بوونی وەزیری تایبەت. بۆیە وەکو گوتم ئێمە لەمەو دوا چیتر کاتی کۆبوونەوە راناگەیەنین بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بزانن کە دووشەممان پێش سەعات (١٠) تشریفتان ئەبێ لێرە بن و دانیشتنمان دەست پێدەکات، وتاکو چوارشەممە و ئەگەر شتێ هاتە پێشەوە لەو ماوەیەدا بەتەئکید ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە . تکایە لای برادەران ئەوە روون بێت هەموو دوو شەممان وسێ شەممان و چوارشەممان لە پەرلەمان ئامادە بن، چونکە دانیشتنمان هەیە، دانیشتنی ئەمرۆمان لێرەدا کۆتایی هات و زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١١/٦/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٦/١١

***كاتژمێر ( ١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٦/١١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی یەكەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان و سكرتێری ئەنجومەن ڕادەی یاسایی كۆبوونەوەكەیان چەسپاند، ئامادەبووان (٥٤) ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی( ٤٧) ئەندام.***

***ناوی غائیبە بەڕێزەكان:***

***١ـ ئازاد عبدولقادر قەرەداغی (لە دەرەوەیە)، ٢ـ بەڕێز د. حەسەن حوسێن بەفری(لە دەرەوەیە) ٣ـ بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی (لەدەرەوەیە)، ٤ـ بەڕێز ئەكرەم عاشوور (لەدەرەوەیە)، ٥ـ د. ڕۆژ نوری شاویس(مۆڵەت)، ٦ـ بەڕێز وریا ئەحمەد حەمەدەمین(غائب)، ٧ـ بەڕێز ئازاد فتاح ڕەشید میران (غائب)، ٨ـ بەڕێز شەمائیل نەنۆ(دەرەوە)، ٩ـ بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی(دەرەوە)، ١٠ـ بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا(غائب)***

***بەرنامەی كار:***

**** بەردەوام بوون لەسەر پرۆژەی هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكان و گەشت وگوزار ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ ئەكا. بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان ١٩٩٧/٦/١١ بریتیە لە خاڵێك ئەویش بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەی هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكان و گەشت و گوزار ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ كە لەكۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە دەستمان پێ كرد ئەمڕۆ هەوڵ ئەدەین بەردەوام بین لەسەر ئەو پرۆژەیە. تكایە برایانی لیژنەی یاساو لیژنەی خزمەتگوزاری ئەگەر تەشریف بهێنن بۆ ئێرە. تێبینییەكمان هەیە سەبارەت بە گفتوگۆ كردنی پرۆژەكان هیواداربن برادەران كە گفتوگۆ ئەكەن دەرنەچن لەچوارچێوەی ئەو خاڵانەی لەپرۆژەكەدا هاتووە، بۆ ئەوەی ئاگامان لە كاتیش بێت، كە تەنها تەرخان بكرێ بۆ ئەو بابەتە، گفتوگۆ، یان ڕوونكردنەوە یان چییە لەسەر خودی ئەو پرۆژەیەی كە هاتووە. وابزانم ئێمە دووشەممە گەیشتووین بە مادە چوارو، ئێستا دەست ئەكەین بەم مادەیە. فەرموو كاكە ڕەش.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

المادة الحادية عشرة (يجوز توحيد بلديتين او اكثر ببلدية واحدة في حالة توسع حدودها واتصالها ببعضها بقرار من مجالسها ومصادقة السلطة الادارية وموافقة الوزير وينفذ من تأريخ نشر القرار في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماده چوار لیژنەی خزمەتگوزاری چ تێبینیەکیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتەی کەگوتمان پەسەندەو دەبێ دووا شت بێت، بۆ هەموو بڕیارێک کە پەسەند دەکرێ پێشی ئەوە دەبێ وەزیر پەسەندی بکا. دەبێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پشتگیری بکاو بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی لە بۆ وەزارەت بنێرێ و وەزیر پەسەندی بکاو رای ئێمەش ئاوایە:

تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي:

المادة الحادية عشرة(يجوز توحيد بلديتين أو أكثر ببلدية واحدة في حالة توسع حدودهما واتصالهما ببعضهما بقرار من مجلسها ومصادقة السلطة الادارية وموافقة الوزير). ئەوەش دوێنێ دیار بوو حسابی بۆ نەکرا. دەبێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پشتگیری ئەو بڕیارە بکات کە ئەنجومەنی شارەوانی دایتی ئینجا بەرزی بکاتەوە بۆ وەزارەت و وەزارەت پەسەندی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونە، چونکە ئەم خاڵە لەمادەکەی تریش دیسان باس کرا. وابزانم بە دەنگدان ئێمە ئەوەمان تەواو کرد. ئەیخەینە گفتوگۆوە. تکایە تەنها ئەوانە مافی قسە کردنیان هەیە کە ناویان نووسراوە دوایی لەسەر ئەم خاڵە بوار نادەین چی تر دووبارە بکرێتەوە، تەنها یەک جار دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکرێتەوە .کێ حەز ئەکا قسە بکا لەسەر ئەم بابەتە باناونووسیان بکەین، کاک سەعید یەعقوبی، کاک یۆنادەم یوسف، کاک بورهان جاف، کاک د.قاسم، کاک مامەند ئاغا، کاک سەفەر. د.قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من تەنها لەسەر وشەی (يجوز)ە چونکە لەوانەیە وشەی(يجوز) باش نەبێ(توحيد بلديتين أو أكثر ببلدية واحدة في حالة توسع حدودها) ئەگەر دوو شارەوانی فراوان هەبوون سنووریان تێکەڵ بوو بە(واقع الحال) بوون بەیەک شارەوانی وشەی (يجوز)ی بۆ چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.قاسم ئەگەر مۆڵەت هەبێت وابزانم تێکەڵاو(دمج) دوو شارەوانی بابەتێکی ترەو هاوسنووری دوو شارەوانی شتێکی ترە، زۆر سروشتیە دوو شارەوانی تخوبیان لەسەر یەک بێت. (یجوز) لەوەیە دوو شارەوانی سێ شارەوانی تخوبیشیان لەسەر یەک بێ، بەڵام پێویست نەکات یەک بگرن. وابزانم فیکرەکە لەوەوە هاتووە، لەوانەیە لە جێگایەکی تر پێویست بکات بۆ ئەوە (یجوز) هاتووە، ئەو (لایجوز)ەکەش لەوە هاتووە لەوانەیە لە سنووری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن وشارەوانییەکان بێ (یجوز)دوایی ببێت بە(لایجوز) جا لەوێ(یجوز)ە زۆر سوپاس کاک دکتۆر، کاک یۆنادەم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پشتگیری رای برادەران ئەکەم، کە ئەبێ راستاندن دوای پشتگیری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بێت، رای کۆتایی بۆ وەزیر بێت، تەنها تێبینیەکەی من ئەوە بوو. لەوانەیە ئەمە وا هاتووە چونکە زەمانی پێشوو دەکرا، چونکە وەزیر کارتۆنی بوو لەهەرێم کاتی حوکمی زاتی، هەر تەنها پێی دەووترا رازی یان نا؟ بەڵام ئێستا ئەبێ پەسەند کردنی کۆتایی هی ئەو بێ، چونکە ئێمە هەموومان یەک دەسەڵاتین، هەم پارێزگا وهەم ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یۆنادەم پێشنیارەکان لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنە ئەوان ئەڵێن یان بەپێشنیار یان بە پشتگیری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بێت، ئەوان لاریان نییە لەسەر رەزامەندی وەزیر، جەنابی وەزیری شارەوانی، پێم باشە تێبینیەکان بنووسێ چونکە لە کۆتایی ئەبێ ئەو هەوڵ بدات کورتەی وەڵامەکانمان بداتەوە لەگەڵ لیژنەی یاساش بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەین لەم بابەتەدا، کاک مامەند ئاغا بابفەرمووێ.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن بەپێی هەندێ زانیاری خۆم کە ئیشم کردووە لەشارەوانی وحەز دەکەم هەندێک شت بخەمە بەرچاوی جەنابتان. من هەروەک ئەو رۆژەش وتم بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی قەت نەبووە قائمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە (تەصدیقی) بکات، لە هیچ یاسایەکی عێراقیدا ئەوە نەهاتووە. هەمیشە قائمقام وبەڕێوەبەری ناحیە بەپێی یاسای پارێزگاکان سەرپەرشتیارن بەسەر هەموو فەرمانگە حکومییەکاندا، لەجێگای لێپرسراوی یەکەمین، بۆیان هەیە لەئیش وکاری هەموو فەرمانگەکاندا (تەدەخول) بکەن، بۆیان هەیە ئیشی چاکەو خراپە بکەن، بەڵام پەسەند کردن بۆ قائمقام وبەڕێوەبەری ناحیە نەهاتووە. لێرە برادەرانی یاساش هەن کە لە بەڕێوەبردن ئیشیان کردووە، دەتوانن رای ئەوانیش وەربگرن، تەنها پارێزگار دەتوانێ

پەسەندی بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی بکات، بەپێی یاسای پارێزگاکان پارێزگار دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەیە سەرپەرشتی لەسەر فەرمانگەکانی حکومەت بکات، بەڵام بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی پارێزگار بۆی هەیە پەسەندی بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی بکات، بۆ قائمقام وبەڕێوەبەری ناحیە نییە. قائمقام وبەڕێوەبەری ناحیە بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن لەگەڵ شارەوانیدا پێش ئەوەی کە بڕیارەکان بدەن پێش ئەوەی کەشف بکەن هەردوو لایەن دادەنیشن بۆ خۆیان گفتوگۆ دەکەن تا بەقسە دەگەنە بڕیارێک بۆ خۆیان دوایی ئەنجوومەنی شارەوانی کۆ دەبێتەوە دەیکات بە بڕیار وەدینێرێ بۆ پارێزگار، پارێزگار پەسەندی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە. کاک سەعید یەعقوبی بابفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/٦/٩دا بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندیی فەرمووی ئێمە ئەو هەموارکردنە دەکەین لەبەر ئەوەی شێوەی دروست بوونی کابینەی یەکەم ودووەم جیاوازی هەیە لەگەڵ دروست بوونی کابینەی سێیەمدا، پێویست دەکا دەور بدرێتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن؟ ئێمە لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان لەکاتێکدا بەتەواوی پشتگیری ئەوە دەکەین کە رۆڵێکی باڵا بدرێتە سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستە بەرژەوەندی گشتی کە دەکا بەرژەوەندی جەماوەر بخەینە پێش چاو پێش ئەوەی کە هەنگاو بنێین بۆ گۆڕین یان هەموار کردنی هەر یاسایەک. ئەوەی تێبینی دەکرێت کادیرەکانی فەرمانبەرو کادیرە پێشکەوتووەکانی وەزارەتی شارەوانی ئەوە رایەکی تایبەتییان هەیە لەو هەموارکردنە، لیژنەی ناوخۆ لەپەرلەمان رایەکی هەیە. پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هەموارکردن نەکەین، بەیانی هەموارکردنێکی تر بکەین یاسایەکە جێگیر نەبێ هەر رۆژێ ئێمە هەموارکردنەک زیاد بکەینە سەری، بۆ ئەوەی تۆژینەوەکان تەواوکەری یەکدی بن چونکە بۆچوون وڕا زۆرن، پێشنیار ئەکەم لیژنەیەک پێک بێ لەنوێنەرانی لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی کارگوزاری گشتی ولیژنەی یاسایی ئەگەر پێویست بکا پسپۆڕێک لە وەزارەتی شارەوانییەکان لەگەڵماندا بەشداری بکات لەماوەیەکی کەمدا تۆژینەوەی بنچینەی یاسایەکە بکەین، چونکە برادەران دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆریان یاسای ژمارە(١٦٥)شیان نەخوێندۆتەوە کە بنچینەی یاسای ژمارە(٦)ساڵی(١٩٩٣)یە زۆر شت هەیە باس نەکراوە، چونکە پەلە کراوە لەدروست کردنی بنچینەی یاسای ژمارە(٦)ە ساڵی١٩٩٣، لەبەر ئەوەی یاسای شارەوانییەکان یاسایەکە راستەوخۆ پەیوەندی بەکاروباری خەڵکەوە هەیە، جا لە پێشکەش کردنی جۆری ئەو خزمەتگوزارییانە بە خەڵک بۆ ئەوەی ئێمە تووشی پەشۆکان نەبین یاسایەکەش هەر رۆژی هەموارکردنێکی نەیەتە سەر، داوا ئەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، ئەو گفتوگۆیە دوا بخرێت تاوەکو ئەو لیژنەیە پێک دەهێنرێ کە پێشنیارم کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید، کاک سەعید داوای ئەوە ئەکات ئەم بابەتە دوا بخرێ، لیژنەیەک لە لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی کارگوزاری گشتی ولیژنەی یاسایی پێک بهێنرێ بۆ ئەوەی چاوپێخشاندنێک بکرێت لەو بابەتەوە. وەکو پێشنیارێک داوای دواخستنی ئەم گفتوگۆیە ئەکات، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کۆبوونەوەی دووەمە ئێمە گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەین ونزیکەی سێ چوار مادەشمان پەسەند کردووە، ئەمە شتێکی یاسایی نییە سەر لەنوێ دوا بخرێ لەبەر ئەوە من لەگەڵ دواخستندا نیم. لیژنەی ناوخۆ با بەتێروتەسەلی گفتوگۆی بکات، ئێستا لێرە بوار هەیە سێ سەعات، چوار سەعاتی تر دابنیشین گفتوگۆی بکەین. ئێمە دەستمان پێ کردووەو سێ مادەشمان پەسەند کردووەو تەواو بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە وەزارەتدا زۆر پێویستیمان بەوە هەیە کە لێرە بڕیار لەسەر هەموو شتەکان بدرێ هەتاکو بەرێک وپێکی دەست بەئیشەکانی خۆمان بکەین ولەبەر ئەوە هەر دواخستنێک لەبەرژەوەندی وەزارەتدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک سەعید فەرمووی دوای بخەین وبچینەوە سەر یاسای ژمارە(١٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤کە بنچینەی یاسای شارەوانییەکان و یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی(١٩٩٣) لەو یاسایە وەرگیراوە، تەماشای هەردووکیان بکەین، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی(١٩٩٣)لە (١٦٥)وەرگیراوە لەوانەیە هەندێ جیاوازی کەمی تێدا هەبێت، لەبەر ئەوە پێویست نییە ئێمە جارێکی تر بگەڕێینەوە یاسای ژمارە(١٦٥) پاشان ئەو هەموارکردنەش لەگەڵ یاسای ژمارە(٦)دا بەتەنها جیاوازیەکی کەمی هەیە، ئەویش دەسەڵاتی بەڕێوەبردنمان داناوە. کاک سەعید بۆ گفتوگۆی نەکرد، کاتێ یاسای ژمارە(٦) ساڵی ١٩٩٣ لەم پەرلەمانە، لەم هۆڵەدا پەسەند کرا؟ بۆ ئەو کاتە ئەو پێشنیارەی نەکرد؟ لەبەر ئەوە من هیچ بە پێویست نازانم دوا بخرێت و ئێمە ئامادەین وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی تا ئێوارە دابنیشین گفتوگۆی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرمووکاک کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید وتی کاکەڕەش دەڵێ جیاوازی هەیە. من دوێنێ و پێرێ روونم کردەوە وتم ئەو یاسایە تەنیا بۆ ئەوە دانراوە و بنەمای هاوبەش وەرگیراوە کەوا دەزگاکانی بەڕێوەبردن بتوانن لەگەڵ دەزگاکانی شارەوانی بگونجێن وپێکەوە ئیش بکەن، ئامانجەکە لە یاساکەدا ئەوەیە. دووەم ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەدەستمانە برادەران وا گفتوگۆی دەکەن کە گوایا لیژنەی یاسایی پرۆژەکەی داناوە، خۆی پرۆژەکە پرۆژەی حکومەتە، لیژنەی یاسا هیچ گۆڕانکاری لەسەر نەکردووە، چۆن لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بەو شێوە خستوومانەتە روو وهیچمان لێ نەگۆڕیوە، حەزدەکەم پرۆژەکە بە هی ئێمە تێ نەگەن، ئێمە پشتگیری پرۆژەکەمان کردووە، بەڵام ئێمە دامان نەناوە. دووەم لیژنە دروست بکرێ، حکومەت خۆی دەتوانێ لیژنەک وپسپۆڕان دابنێ، ئەوانەی کاک سەعید هێمایان پێ دەکا کە هاتوونەو داوا ئەکەن رایەکیان هەبێ. ڕای ئەوان پەسەند نییە، چونکە ئەوانە لەگەڵ جەنابی وەزیر کە گفتوگۆیان کرد وهاتنە ئێرە رایەکی جودایان هەبوو، هەق نییە ئەو بوارە بدرێتە فەرمانبەر لەپشتەوەی وەزیر بێ رای دەرببڕێت لەدژی وەزیر. ئەبێ بچێ لەگەڵ وەزیرەکەی خۆی گفتوگۆ بکات ئەگەر وەزیرەکەی رای وەرنەگرێ دەتوانێ نووسراوێک بنووسێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران داوای دووبارە بوونەوەی پرۆژەکە بکات وداوای دواخستنی بکات، داوای کێشانەوەی پرۆژەکە بکات، ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێ ئەوە بکات. بەڵام فەرمانبەرێک لە فەرمانگەیەک وەزیریش ئاگادار نەبێ بێتە پەرلەمان بڵێ من رام جیاوازە لەگەڵ ئەم پرۆژەیە، ئەوە بەڕای من راست نییە وهەقیش نییە برادەرانی پەرلەمان لەو ئاستە بن گوێ بدەنە فەرمانبەرێکی فەرمانگەیەک لەخۆڕا بێ، پێویستە هەر پەیوەندییەک هەبێ راستەوخۆ ئەو فەرمانبەرە لەگەڵ وەزیردا بیکات. ئینجا بەڕای من جۆرە بەرەڵلاییەک پەیدا ئەبێ ئەگەر ئێمە ئەو بوارە بدەین. وەزیر خۆی دەتوانێ نووسراوێک بۆ لیژنەی یاسایی بنووسێ بڵێ ئێمە ئەو تێبینیەمان هەیە حەز ئەکەین لەبەرچاو بگیرێ لەسەرمان ڕۆیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر قسەکەی کاکەڕەش، هەموو هاووڵاتییەک، هەموو کارمەندێک بۆی هەیە بێتە پەرلەمان، بۆی هەیە سەردانی لیژنەکان بکات، بۆی هەیە راو بۆچوونی خۆی باس بکات، ئەرک وفەرمانی ئەندامی پەرلەمانە گوێی لێ بگرێ، بەڵام مەرج نییە وەکو ئەو بکات، لەڕاستی ناکرێ لە ناو ئەم هۆڵەدا بەو شێوە ئێمە بۆچوونەکانی خۆمان پیشان بدەین بەرامبەر بابەتێکەوە. لەگەڵیدا ناکۆکین ئەوە شتێکی ترە. ئەگەر ئەندامی پەرلەمان دەرگای نەکاتەوە بۆ خەڵک فەرمانبەریش لەلایەکەوە هاووڵاتییە، لەلایەکەوە لە ئیش وکاری خۆی پسپۆڕە، مافێکی

زۆر سروشتییە چ لیژنەکان ئیستیشارەیان پێ بکەن، چ خۆیان بێن وەکو هاوولاتیەک، وەکو مراجعێک، بەڵام دیسان دووپاتی ئەکەمەوە ئەمەیە ئەرکی ئەندامی پەرلەمان ئەبێت ئەو ڕایانە گەڵاڵە بکات، ڕێک وپێکی بکات وبگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەگەر لەبەرژەوەندی بوو، بەباشی زانی تەبەنی ئەکات ئەگەریش نەتوانێ، وەڵامی بداتەوە، ئەوە تەنها روون کردنەوەیەک بوو فەرموو، کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک حەسەن فەرمووی کاتی خۆی سەعید بۆ لەیاسای ژمارە(٦)ی ساڵی١٩٩٣ڕایەکەی وا نەبوو؟ ئەگەر تەماشای پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکان بکەین ئەوکاتە لەدەرەوە چارەسەرم دەکرد لە پەرلەمان نەبووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز ئەکەم لەخودی بابەتەکە دەرنەچین، بابەتەکە گفتوگۆی چەند هەموار کردنێکە لەسەر یاسایەکی دیاریکراو، کاتی خۆی لەم پەرلەمانە یاسا دەرچووە ورەزامەندی لەسەر کراوە، ئەمڕۆ لەوەیە پرۆژەیەک بێتە پێشەوە هەمووی هەڵئەوەشێتەوە، بەڕاستی ئەوە پەیوەندی بەوە نییە کاتی خۆی چی بووە ئێستا چییە؟ ئێمە تەنها گفتوگۆی چەند بەندێکی ئەو هەموار کردنە دەکەین کە لەسەر پرۆژەیەک هاتووە تکایە لەو بابەتە دەرنەچینە دەرەوە. فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەر دەستمانە پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیرانە. لە ڕاستیدا ئەوە لەوێ گفتوگۆ کرا کە خەلەلێک هەیە دەڵێن یاسای شارەوانیەکان ناگونجێ لەگەڵ بارودۆخ وئەو بەرنامەی کە کابینەی سێیەم دایناوە بۆ خزمەتگوزاری وجێبەجێ کردنی ئیش وکارەکان. ئەوە بوو لە ئەنجومەنی وەزیران باسی لێ کرا، لیژنەیەکی باڵا لە سێ وەزیر بۆ تۆژینەوەی ئەو بابەتە پێکهات. ئەم لیژنەیە زیاتر لە(٤٥)ڕۆژ خەریکی تۆژینەوەی ئەو بابەتە بوون، بەتێرو تەسەلی ئەو تێبینیانەمان نووسی ودامانەوە ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حەواڵەی پەرلەمانی کرد، شتەکە هەروا نەهاتووە، پاش ماوەیەکی زۆر کە پێوە خەریک بووینە بەرژەوەندی گشتی و ئیش وکارەکان چۆن دەڕوا لەبەرچاو گیراوە تەنها گۆڕانکارییەکەش لێرە ئەوەیە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەجێگای بەڕێوەبەری گشتی داندراوە. دوایی یاسا لێرە دەردەچێ، بۆ ئەو ڕۆژە چ باشە ئەوە بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئیشەکان. ئەگەر لێرە هۆیەکان کە گفتوگۆی دەکەن نارێکیەکی تێدایە بابیخەینە ڕوو. بڵێن ئەوە نارێکە وئەوە ناگونجێ ئەوکاتە دەڵێین ئا یان نا، بەڵام هەر ئەوها ڕەخنە بگرین بڵێن ئەوە پێویست ناکاو دوا بخرێت وابزانم پاساوێک بۆ ئەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووو کاک د.ناسح..

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش پێشنیاری ئەم دواخستنە پەسەند ناکەم. هەر گفتوگۆیەک هەبێ نەک سەعاتێک ودوو سەعات وچوار سەعات چەندێک ئەخایەنێ با لێرە گفتوگۆی بکەین و وابزانم پرۆژەکەش بەباشی ئامادە کراوە. برادەرانی لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی کارگوزارییەکانیش ئەگەر هیچ تێبینیەکیان هەیە با گفتوگۆ بکەن، ئێمەش لێرە هەر یەکە وگفتوگۆی بکەین وابزانم درێژە بە کۆبوونەوەکە بدرێت باشترەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. پێشنیاری کاک سەعید ئەگەر پاش ئەو ڕوونکردنەوانە لەسەر ڕای خۆیەتی یاخود بخەینە دەنگدانەوە ئەبێت ئەو مەسەلەیە ببڕێنینەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر رای خۆمم..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەیخەینە دەنگدانەوە. پێشنیاری کاک سەعید یەعقوبی بۆ دواخستنی گفتوگۆی ئەم پرۆژەیە بۆ کۆبوونەوەیەکی تر ئەخەینە دەنگدانەوە. بەپێی ئەو ڕوون کردنەوەیەی کە کردی، بەپێی ئەو تێبینییانەی کە برادەران وەلامیان دایەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم گفتوگۆیە دوا بخەین؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پێشنیارەکەی کاک سەعید پەسەند نەکرا، زۆربەیان ڕایان ئەوەیە کە گفتوگۆیەکە بەردەوام بێت، زۆر زۆر سوپاستان ئەکەین. بەردەوام ئەبین، دێینەوە سەر ناونووسی برادەرەکان دوا کەس کە قسەی کرد مامەند ئاغابوو، کاک سەعیدیش قسەی کرد ئێستا نۆرەی کاک بورهان جافە با بفەرمووێ پێشنیارەکە کە لەم برگەیە خۆی دەنووێنێ، ئەوەیە لیژنەی خزمەتگوزاری تێبینییەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بکرێ بەپێشنیار یان بە پشتگیری ئەگەر ئێوە چ تێبینییەکتان لەسەر ئەوە هەیە بۆی زیاد بکەن، تەنها لەو چوارچێوەیەدا بێت.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر یاسایەک یان هەر بڕیارێک لەلایەنێکی ڕەسمییەوە دەربچێت بەپێی یاسا پیادە ناکرێ هەتا لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاو نەکرێتەوە، جا من ئەوەی کۆتایی بەزیاد دەزانم ئەڵێ(وینفذ من تاریخ نشره في الجريدة الرسمية). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، پاشان برادەرانی لیژنە لەگەڵ وەزیر ڕوونی بکەنەوە، فەرموو کاک سەفەر..

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەسەند کردن بۆ بەرزترین سەرچاوەی پەیوەندیدارە، بەرزترین مەرجەعیش وەزیرە، وابزانم پەسەند کردن هەر بۆ وەزیر بێت. ئەگەر سەیری بکەین مادە(٥)ی ئەو کێشەیەی هەیە. لە مادە(٥)دا هاتووە ئەڵێ:(بناءاً علی اقتراح السلطة الادارية) وابزانم پەسەند کردن هەر بۆ وەزیر بێت بگوترێ(تأييد باقتراح من السلطة الادارية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەوە برادەران وەڵام ئەدەنەوە، ئەوە ئەو برادەرانە بوون کە تێبینیان هەبوو لەسەر ئەم بابەتەوە. جەنابی وەزیر چ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەو تێبینییانە هەیە؟ بابفەرمووێت.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکی وام نییە جگە لەوەی کە ئەو دوو وشانەی ڕەزامەندی وپەسەند کردن پێم گرنگە ڕای کۆتایی بێگومان ڕای وەزیر بێ، تا پەسەند کردنەکە توندتر وبەهێز تر بێ من پێم وایە پەسەند کردنەکە ئی وەزیر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم جەنابی وەزیر هەر ئەوەندە تێبینییەی هەیە، لیژنەی یاسا فەرموو..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕووی یاساییەوە وەکو پێشنیار لیژنەی کارگوزاری گشتی کردی لەجیاتی( مصادقة) (تأييد - السلطة الادارية) چ لە بارەکە ناگۆڕێ پشتگیری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ورەزامەندی وەزیر، ئەو بابەتە ناگۆڕێ. وەکو کاک مامەند ئاغا فەرمووی بەڕێوەبەری ناحیەو قائمقام وپارێزگار، پارێزگار پەسەندی بڕیار دەکا ئەوانەی تر نایکەن، ڕاست دەفەرمووێ چونکە کاتی خۆی پارێزگار ئەو دەسەڵاتەی هەبوو لەبەر ئەوە وەزارەتی شارەوانییەکان نەبوو، شارەوانییەکان بەشێک بوو لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەو دەسەڵاتە درابووە پارێزگار بەتەنیا ئەو پەسەندی دەکرد، بابەتی وەزیر لەگۆڕێ نەبوو. ئێستا وەزیر لەگۆڕێیە، هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردن تەقریبەن سەربەخۆیە بەئیش وکاری خۆی، چونکە ئەنجوومەنی شارەوانیەکەی سەربەخۆیە. بەرزی دەکەنەوە بۆ وەزیر مادام ڕەزامەندی کۆتایی لە بۆ وەزیرە. لەوانەیە بەڕێوەبەری ناحییەکە لەپارێزگاریش باشتر باری ناحییەکەی خۆی بزانێ، لەگەڵ ئەنجوومەنی شارەوانی پێشنیار بەرز دەکا ئەوە بۆ وەزارەت، ڕای کۆتایی بۆ وەزارەتە. سەبارەت بە

قسەکەی کاک بورهان جاف کە دەڵێ: ئەگەر نەگوترێ( ينفذ من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) ئەو بڕیارە لەرۆژنامەی رەسمی بڵاو ناکرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەموو بڕیارێک لە رۆژنامەی رەسمی بڵاو بکرێتەوە. بڕیارێک لەرۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێ ئەو شیمانەیە کراوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بڵاو بکرێتەوە تاکو خەڵک ئاگاداری لەسەر هەبێ ئەگەر زەرەرمەندەک لەو بڕیارە هەبوو بتوانێ موراجعەت بکا یان رەخنە لەسەر ئەو بڕیارە بگری. سەبارەت بە کاک یۆنادەمیش، هەر وای فەرموو بابەتی پشتگیری ئەوا لاریمان نییە. سەبارەت بە کاک د.رزگار، وای فەرموو(يجوز) ئەگەر بکەینە(إجبار)مانای ئەوەیە ئەو کاتە ئەنجوومەنی شارەوانی دەوری نامێنێ. ئەگەر بڵێین(توحيد) مانای ئەوەیە کە ئەنجوومەنی شارەوانی ئەگەر پێویستی هەبوو کۆ ئەبێتەوە بڕیار بدا تێکەڵیان بکا یاخود سنووریان بگۆڕی وبڕیارەکەش تایبەتە بە راستاندن. ئەگەر راستەوخۆ وتمان(توحد) مانای ئەوەیە اعتیادییەن تەوحید دەبێ و ئەنجوومەنی شارەوانیش دەوری نامێنێ، ئەنجوومەنی شارەوانیش بە هەڵبژاردنە وەکو یاساکە پێویستە ئەو ئەنجوومەنانە هەر دووکیان ئەو دەورەیان هەبێ بتوانن ئەگەر بەپێویستی بزانن بیکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش. کاک بورهان پێشنیارەکەی جەنابت(نشر القرار) وابزانم لیژنەی یاسایی روونی کردەوە سوپاست ئەکەین، وابزانم روونکردنەوەکانی کاکەڕەش روون بوو، فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە قسەکەی کاکەڕەش کە دەفەرمووێ کاتی خۆی وەزارەت نەبووە، وەزارەتی شاوەانییەکان زۆر دەمێکە لەعێراق هەیە، وابزانم هەر لە زەمانی حوکمی زاتی کە درا بەکورد یەکێک لە وەزیرەکانی ئێمە وەزیری شارەوانییەکان بوو. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە تەنها روونکردنەوەیەک بوو. ئێستا ئەو پێشنیارەی لیژنەی کارگوزاری گشتی وبرادەرانی تر کە لەگەڵی بوون ئەخرێتە بەرچاو. رای لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەو هەموارەی کە ئێستا کراوە لەسەر ئەو مادەیە ئەخرێتە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس. تەنها (مُصادقة) دەبێ بە (تأييد السلطة الادارية) (تبقى موافقة الوزير فوق الكل)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الخامسة: تعدل المادة الثانية عشرة وتكون كالآتي:

المادة الثانية عشرة: على الوزير ان يلغي البلدية بناءاً على اقتراح السلطة الادارية او مدير البلديات العام في الحالات التالية:

١- زوال شروط إحداثها.
٢- توحيدها ببلدية ثانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە پێنج ئەو هەموارەی ئەخرێتە سەری، لیژنەی خزمەتگوزاری هیچ تێبینیەکتان نییە؟.. نیانە، سوپاس. کێ تێبینی هەیە باناونووسیان بکەین. کاک جەمیل، مامۆستا مەلاتاهیر، کاک عەبدولخالق، کاک سەفەر، تکامان وایە تەنها تەرکیز بکرێ لەسەر خاڵەکە تۆزێک ئاگاتان لە کات بێ. کاک جەمیل عەبدی فەرموو..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە برادەرانی لیژنەی یاسا هەر چ شتێک لەئەنجومەنی وەزیران بۆی هات هەتا هەڵەی چاپیش بێ، پابەندی دەبن.

المادة الثانية عشرة.. پێویستە(للوزیر) نەک(علی الوزیر) بێ، (علی الوزیر) مانای ئەوەیە ئیجباری جەنابی وەزیر ئەکات. لە جێگای (علی الوزیر) دەبێ(للوزیر ان یلغي البلدية بناءا على اقتراح السلطة الادارية او مدير البلديات العام في الحالات التالية). وشەی (علی الوزیر) ببێتە(للوزیر). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر تێبینییەکانی خۆت بنووسە بۆ ئەوەی وەڵامی هەموویان بەیەکجار بدەیتەوە، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو بڕگەیە بەو شێوەیە هەموار بکرێ (علی الوزیر ان یلغي البلدية بناءاً على اقتراح) یەکەمین(المجلس البلدي) زیاد بکرێ یان(او السلطة الادارية او مدير البلديات). بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەمە یاسایە، ئەنجومەنی شارەوانیش پێویستە بەهەڵبژاردن بکرێ لە داهاتوودا. لەبەر ئەوە ئەبێ (على اقتراح المجلس البلدي) زیاد بکرێ ئەگەر نا ئەوە مافێکی بەدەست هاتووە باش نییە زیادەی(المجلس البلدي) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەو وشەی(علی)دا نیم، تەبعەن(علی)زیادە،(علی)سەپاندنە بۆ وەزیر، وەزیر پێویست ناکا ئیجبار بکرێ بە(علی). (لام) مافی خۆیەتی(للوزیر) وەکو کاک جەمیل فەرمووی. بەڵام

مادەکە خۆی هەر بەزیاد دەزانم، چونکە لەمادە دوو برگە(ب)مافی هەڵوەشاندنەوە دراوە بە وەزیر. لەپێشەوە وتوومانە مافی هەڵوەشاندنی دراوە بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ئەمە دووبارەیە، ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبێ کە بەڕێوەبەری شارەوانی لەگەڵە. ئەگەر زیاد نەبێت ئەو بارانەی کە باس دەکات حەق وایە کەمی ژمارەی دانیشتوان وەک ئاماژەی بۆ کراوە بخرێتە ناو حاڵەتێکەوە (قلة العـــدد) چونکە ئەگەر هاتوو شوێنێک شارەوانییەکەی تازە دروستکراو بێت ژمارەی ئەگاتە(٣٠٠٠)نسمە، دەق نییە لەوە کە ئیلغای کەین. بەڵام حەق وابوو ئەم حاڵەتەش زیاد بکرێ لە(في الحالات التالية). حاڵەتی سێیەمیان (قلة عدد النفوس عن الحد المشار اليه في المادة الثانية ضمن حدود البلدية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک سەفەر..

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (للوزير) بە چاکتر لە (علی الوزير) دەبینم، چونکە(علی الوزير) پابەندی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت ڕوونکردنەوەیەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دیارە برادەران تێبینی برگەی یەک ودووەمیان لە مادە پێنج نەکردووە، کاری وەزیر فعلا پابەندیە، دەبێ هەڵی بوەشێنێتەوە هۆی چییە؟ بڕیاردانی وەزیر ئاشکرایە،دانەر نییە تەنها دیاری ئەکات کە ئەو شارەوانیە هەڵوەشایەوە. هۆی هەڵوەشاندنەوەی چییە؟ برگەی یەکەم(زوال شروط إحداثها) ئەگەر مەرجەکانی دروستکردنی (إحداثي) نەمێنێ چۆن شارەوانی بمێنێ یان هەڵواسراو دەبێ لەسەر ڕەزامەندی وەزیر، وەزیر ڕازی بێت یان ڕازی نەبێت، ئەڵێت(زوال شروط إحداثها) دووەم(توحيدها ببلدية ثانية) ئەگەر بێت وشارەوانی لەگەڵ شارەوانیەکی تردا یەکی گرت شارەوانی یەکەم کیانی نامێنێ، ئەگەر کیانی نەما پێویستە وەزیر کارێکی یاسایی بکات نەمانی ئەو کیانە بۆ ئەو خەڵکە دیاری بکات، لەبەر ئەوە فعلەن مادەکە سەپێندراوییە(وجوب)ییە، نە(مجازيیە)(علی الوزير) لە پرۆژەی حکومەت(للوزير) هاتبوو دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیاری کرد بۆ لیژنەی یاسا کە تۆژینەوەی ئەو پیتە بکات، چونکە کاریگەری زۆرە(علی الوزير) بێت یان(للوزير) بێت، رای دەستەی سەرۆکایەتی ئەوە بوو(علی الوزير) بێت چونکە شتەکە پێویستە سەپێندراو بێت نەک جەوازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت. وابزانم روونکردنەوەکەی کاک فەرسەت روون بوو، بۆ ئەوانەی ئیلتیباسیان هەبوو. وەزیری شارەوانی ئەگەر شتێکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس. لەمادەی پێنج کە گفتوگۆی لەسەر کرا نووسراوە(للوزير ان يلغي البلدية بناءا على اقتراح السلطة الادارية او مدير البلديات العام) پێم باشە( مدير البلديات العام )بسڕێتەوە وتەنانەت ئەو دەستەواژەیە هەمووی بسڕدرێتەوە، چونکە بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵات لە وەزیرەوە وەرئەگرێ وهیچ پێویست بەوە ناکا. وەزیر خۆی هەموو جار گفتوگۆی خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی تایبەت بەردەوامە و ئاڵوگۆڕی بیرورا لەگەڵ جێگر بەردەوامە، پێویست ناکا کە ناوی فەرمانبەر یان ناوی پایەی فەرمانبەر لە یاسادا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری کاک جەمیل کاک فەرسەت جوان روونی کردەوە من دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام یەک برگە دەڵێت لیژنەی یاسا هەڵەی چاپ یان هەڵەی تری ئەنجوومەنی وەزیران بەسەری تێپەڕبووەو هەر بە هەڵەوە گواستویەتیەوە، ئێستا هەندێ برگە دێ هەڵەی تێدایە لیژنەی یاسا چاکی کردووەتەوە و بەهەمان هەڵە نەقلی نەکردووە ئەوە یەک، دووەم جەنابی وەزیری شارەوانی فەرمووی ئەو بەڕێوەبەری گشتی هەر لاببردرێ، ئێمە بە پێویستی نازانین بسڕێتەوە، چونکە ئەوە لکاندنی شارەوانییە واتە مەرجی خۆی لەدەست داوە، بەڕێوەبەری شارەوانی بەحەق ئاگای لەوە هەیە، لەگەڵ، یان ئەو، یان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بەڕێوەبەری شارەوانی گشتی، پێشنیار لای کامیان بێت؟(علی الوزير) وجوبییە هەڵوەشاندنەوەی ئەو شارەوانییە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمووی چونکە کە پێشنیارێک هات (ئەنجوومەنی شارەوانی) زیاد بکەین، ئەصڵەن ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیاری لەسەر (توحید بلديتين) داوە، مادەی پێش ئەوە دەڵێت (بقرار من مجلس بلديتيهما) کە تەوحیدیش کران مانای ئەوەیە ئەنجوومەنی شارەوانیەکان بڕیاری داوە، شارەوانی یەکەم وەکو کاک فەرسەت فەرمووی دەوری نامێنێ، واتە

ئەنجوومەنی شارەوانییەکە خۆی بریاری داوە. سەبارەت بە (زوال شروط إحداث) زۆر جاری وا هەیە شارەوانیەک بریاری (أستحداث) ی رادەگەیەنێ لەوانەیە هێشتا نەگەیشتبێتە قۆناغی دەست پێ کردن یەک لە مەرجەکانی (أستحداث) لە دەست دەدا، لەوانەیە هێشتا ئەنجوومەنی شارەوانی کە دروست نەبووە دەکرێ سنووری بەرێوەبردنی شارەوانی باری بگۆرێ، نەخشەی بەرێوەبردن دەگۆرێ، یەک لەمەرجەکانی دروست کردنیان یان نفووسیان کەم دەبێتەوە لەو حاڵەتە ئەنجوومەنی شارەوانی پێ ناوێ، چونکە لەبنەرەتدا مەرجەکانی دروست کردنی نییە، چی بکا؟ دەبێ لەو حاڵەتەدا هەڵبوەشێندرێ، لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من پێویست بە بریاری ئەنجوومەنی شارەوانی ناکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاستان ئەکەین. گفتوگۆی ئەم خاڵە کاک عەبدولخالق بەدواداچوونی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەیەکی وا گەورەم لەو بابەتەوە نییە. تەنها ئەوەندە دەزانم ئەگەر ئەنجوومەنێکی شارەوانی هەڵبژێردرا بێ ئەبێ رای هەبێ کە پێشنیارێک دێ بۆ نەمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بەوە وەڵام درایەوە. وابزانم لەمادەی تردا هەیە کاک عەبدولخالق مۆڵەت بدە کە دەڵێیت بۆ من کافی نییە، بەڵام کە مادەیەکی یاسایی پێش وەخت هەبێت جازم بێت، بە قسەی تۆ کافی نییە؟..

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی کە مەرجەکانی دروستکردنی نەماوە، کێ دەڵێ بگەرێینەوە بۆ ئەو لایەنەی کە لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم روونکردنەوەکەی بەڕێز کاکەرەش لەجێگای خۆیەتی بۆ ئەو بابەتە، چونکە مادەی تر هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر حەز بکەی ئەیخەینە دەنگدانەوە، تەنها مەبەستم ئەوەی کە جەنابت باست کرد لەمادەیەکی تردا چارە کراوە، ئەو مافە پارێزراوە، جا بۆ ئێمە دووبارەی بکەینەوە؟ یاسایە. جا ئەگەر پێشنیارەکەت لایەنی شێوەییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، باشە زۆر سوپاس.

ئەمێنێتەوە پێشنیاری کاک حسێن وەزیری شارەوانی. لە راستیدا پرۆژەی حکومەت خۆی ناردوویەتی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، کە بەرێوەبەری شارەوانی تێدا هەیە، لیژنەی یاسا وەکو خۆی نووسیویەتیەوە وهیچ دەستکاری نەکردووە. ئەگەر رەخنەیەک هەبووایە ئەبووایە لەوێدا بکرایە، بۆیە ئەم مادەیە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین،

کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

ئەگەر مۆڵەت هەبێت بۆ دووشت، لە راستیدا خاڵێک رۆیشت، ئێمە دەنگدانمان لەسەر کرد بۆ ئەو شارەوانیانەی کە پێش ئەم یاسایە هەبوون وابزانم مامۆستا مەلاتاهیر ئاماژەی پێکرد، یاسای ژمارە(٦)ی ١٩٩٣ی شارەوانیەکان کە دەرچووە لەکۆبوونەوەی رابردوودا ئێمە گفتوگۆمان کرد چۆن هەڵدەوێردرێت وچی ئەکرێت، چ لە هەڵوەشاندنەوەو چ لە بەردەوام بووندا، بە مادەیەکی تر چارەسەر کراوە، لێرە پێویست ناکا مرۆڤ مەترسی هەبێ لەسەر ئەو بابەتە. جا دووپاتی ئەکەمەوە بۆ ئەوەی کاک عەبدولخالق کە پێشنیاری کرد لە مادەی تری هەمان یاسادا چارەسەری ئەو گرفتە کراوە و مافی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی شارەوانییەکان لەحاڵەتی وادا دەستەبەر کراوە. زۆر سوپاستان ئەکەم. مادەی شەش کاکەڕەش فەرموو..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة:

تعدل الفقرة(٢) من المادة الثامنة عشرة وتكون كالآتي:

٢- للوزير بناءاً على طلب السلطة الادارية زيادة عدد الاعضاء على ان لايتجاوز عن واحد وعشرين عضوا وذلك قبل الشروع بالانتخابات بمدة لاتقل عن ثلاثين يوماً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. مادە شەش ئەو برگەی کە داوا کراوە برگە دوو لەمادە دوانزەدا هەموار بکرێ. لیژنەی خزمەتگوزاری ئەگەر شتێکیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێشنیارێکمان هەیە گۆران لەو مادەیەدا بکرێ. المادة السادسة:

تعدل الفقرة(٢) من المادة الثامنة عشرة وتكون كالاتي:

للوزير بناءاً على اقتراح السلطة الادارية زيادة عدد الاعضاء بنسبة زيادة عدد السكان وبحسب اصنافِها في المجلس البلدي على ان لايتجاوز عن واحد وعشرين عضواً بالنسبة للصنف الخاص والممتاز وزيادة عضوين بالنسبة للاصناف الاخرى وذلك قبل الشروع بالانتخابات بمدة لاتقل عن ثلاثين يوماً. وكالآتي:

بالنسبة الى الصنف الرابع تكون الزيادة من خمسة اعضاء الى سبعة اعضاء، وبالنسبة الى الصنف الثالث تكون الزيادة من سبعة اعضاء الى تسعة اعضاء، والصنف الثاني من تسعة اعضاء الى أحدعشر عضواً، والصنف الاول من أحد عشر عضواً الى ثلاثة عشر عضواً، والصنف الخاص والممتاز من سبعة عشر وتسعة عشر عضواً الى واحد وعشرين عضواً، سوپاس. ئەوە رای ئێمەیە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن. ئەگەر ئێمە بواری ئەوە بدەین کەوا لە(٢١)کەس زیاتر

دەسەڵات بدەینە دەست دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، فرە لایەنی لەناو حکومەتی ئێمەدا هەیە، لە داهاتوودا دەشێ حزبێک لەحزبەکان قائیمقامێکی بدرێتێ یاخود بەڕێوەبەری ناحیەیەکی لە شوێنێکی دوور ئەدرێتێ، ئەو بەڕێوەبەری ناحیە، ئەو قائمقامە مافی هەیە کە صنفی ئەو پێنج کەسە لەپێنج کەس بکاتە(٢١)کەس، کە واتە دووشت ئێستا بەرەو رووی ئەو یاسایە دەبێتەوە کە پێشێلکاریە، یەکەم دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی ئەگەر مانگانە بدرێ، ئەوە دەرماڵەی(٢١)کەس لەسەریەتی بدات کە لە یاسا مافی(٢١) کەسی نییە، چونکە(٣)هەزار نفووسی هەیە،(٣)هەزار نفووسەکە بەگوێرەی نفووس مافی پێنج کەسی هەیە لەلایەکی تریش مافی هەیە چونکە دەنگی ئەوە، لایەنی سیاسی دەنگ بەدەست هێنان لەو ئەنجوومەنی شارەوانی بکات لەبۆ خۆی، لەوانەیە خەڵکەکە دەهێنێ ئەو کەسانەی کە ئەو دەیەوێ دایبنێ لەو ئەنجوومەنە شارەوانیییەدا بە بڕیار لەپێنج دەیکاتە(٢١) کەس کەواتە ئەو تواناى هەیە کەسبی دەنگەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی بکات بۆخۆی. ئێمە پێشنیار دەکەین سەبارەت بە زیادەی ژمارەی ئەندامان لەسەر ژمارەی دانیشتووانەوە بێت. سەبارەت بە صنفی ممتاز وخاص کە دەکا پارێزگا مافی هەیە لە(١٩)ولە(١٧)بکرێتە(٢١)بەڵام قەزاو ناحییە ئەو بوارەی نەدرێتێ لەپێنج کەس بکاتە(٢١)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئێمە روونکردنەوەیەکی بچوکمان هەیە، ئەم یاسایە کاتی خۆی دەرچووە یەکێک بوو لەو یاسایانەی کە ئێمە لەهەرێمی کوردستان شانازیمان پێوە ئەکرد، یەکەم جار بوو شارەوانییەکان بەهەڵبژاردن پێک بهێندرێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لەوانەیە لەکاتی یاسادانان(تشریع )ولە بێ ئەزموونیمان ولە پەلەییمان کاتی ئیش کردنمان هەندێ شت دەرباز بوو بێ بەحوسنی نییەو یا بەو بۆچوونەی کە لەسەرەتاوە هەبووە، کە دێین هەمواری مادەیەک دەکەین، وبوار هەیەو مادام حکومەت پێشنیارێکی پێشکەش کردووە وەکو پرۆژەیەک باسی دەکەین، لەبیریشمان نەچێ مەسەلەی هەڵبژاردنەکە سەرچاوەی سەرەکی ئەو یاسایەیە. چۆن ئەم مادەیە چارەسەر بکەین؟ بەرای ئێمە ئەوە بەو شێوەیە بێ کە کار نەکاتە سەر کاکڵی مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەوە، بۆیە لە راستیدا بەو کراوەیەی کە لەخودی بنەڕەتی مادەکەدا هاتبوو ئێستاش ئێمە بێین ئەم هەموارە بخەینە سەری بەو شێوەیە لەوانەیە گومان بخرێتە سەر یاساکەمان لەرووی مەسەلەی هەڵبژاردنەکەیەوە، لەوانەیە مرۆڤ بیریش بکاتەوە، لەوەیە وەکو لیژنەی کارگوزاری باسی کرد دەکرێ فەرمانبەرێک لەجێگایەک لەبەر هەندێک هۆ لەئیشێک تەدەخول بکا کە لەوانەیە ئەو بەحوسنی نییە، بەڵام ئەنجامەکەی کار بکاتە سەر سەرجەم ناوەرۆکی بنەڕەتی یاساکە خۆیەوە. بۆیە ئەگەر بکرێت ئەو زیاد بوونە مادام ئەنجوومەنەکە ئەو هەڵبژاردووە ئەگەر پێویست بکرێ زیاد بکرێت ئەو دەسەڵاتە پەیوەیست بێ بەهەندێک مەسائلی بڕیاردراوەوی، واتە لەنێوان ساڵێک دوو ساڵ، سێ ساڵ چوار ساڵ لەوانەیە هەڵبژاردن نەکرێ، بارودۆخە، خەڵک زیاد دەکا،

خەڵک دەگوازێتەوە لە جێگایەک بۆ جێگایەکی تر. ئەگەر ئەو زیاد بوونە بەراورد بکرێ لەگەڵ ڕێژەی دانیشتواندا شتێکی خراپ نییە. واتە زیادەی دانیشتووان ڕادەی بەرزی ونزمی بۆ دابندرێ، بۆ نموونە ئێستا یەکێک لەو صنفانە لە حەوت ئەندام یان پێنج ئەندام بۆ (٢١)، واتە مافی زیاد بوون ئەدەیە سنووری(١٦)تەقریبەن، واتە سێ بەقەد خۆی زیاتر تۆ مافی زیاد بوونی پێ ئەدەی. ئێوە بێننە پێش چاوتان بەڕێوەبەری ناحیەیەک مافی ئەو پێشنیارەی ئەبێ کە زیاتر لە(١١)ئەندام زیاد بکات، بۆ یەک ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵبژێردراو، واتە ئەگەر بکرێت ئەمە بەڕێژەی دانیشتووان زیاد بوونی دیاری بکرێت، ئەگەر زانیتان ئەو هەمووارکردنە پێویستە بکرێ با بکرێ، واتە بۆ ئێوە بەجێماوە، تەنها ئێمە ئەو ڕوونکردنەوەیەمان هەبوو، ئێستاش دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم مادەیە قسە بکات تکایە با ناونووسی بکەین، ئەوانەی کە ناونووس کران، موداخەلەیان هەیە، د.قاسم، مامەند ئاغا، جەمیل عەبدی، کانەبی ئاغا، د.ئیدریس، کاک فرەنسۆ، کێی تر؟ هەر ئەمانە قسە ئەکەن زۆر سوپاس. کاک د.قاسم فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ڕوونکردنەوەیەی جەنابت لەجێگای خۆیەتی، پاساوەکەشی زۆر ئاشکرایە بەڵام ئەگەر هاتوو مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ماوەکەی کە داندراوە کە(٣٠)سی ڕۆژ بێ بەر لە هەڵبژاردن، بەبۆچوونی من ئەم ماوەیە کەمە، بۆ ئەوەی ئەو ئەندامەی کە دەیەوێ لەنوێوە ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی تێدا کار بکات لەلایەن ئەو خەڵکە بناسرێ، لای ئاشکرا بێ کە مرۆڤێکی چالاکەو بەتوانایە، کارێکی باش دەکات یان نا لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو(٣٠)ڕۆژە بکرێ بە(٦٠)ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک مامەند ئاغا..

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەک باس کرا پلەکانی شارەوانی کە دیاری دەکرێ لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە، قەزاکە یاخود ناحیەکە یا ئەو شوێنەی کە دەیانەوێ دروستی بکەن دیاری دەکرێ. پێویستە بەهەمان شێوەش تێبینی بکرێ بۆ زیادەی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی ئەگەر پێویست بوو، ئەگەر ژمارەی دانیشتوان زیاد بوو بەپێی ژمارەی دانیشتوانی زیاد بکرێ نەک بە (تەحدید). بە دەستنیشان بڵێی شارەوانی پلەی ئەوەندە، ئەوەندەی بۆ زیاد بکرێ، دەکرێ تۆ دیاری بکەی، بەڵام ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەوە هەڵناگرێ کە بۆی زیاد بکەی جا لەبەر ئەوە من ئەو دیاریکردنە بەباش نازانم، وەزیریش وا بە ڕەها بۆی هەبێ لە پێنج ئەندام بیکاتە(٢١)ئەندام هەر شتێکی

پەسەند نییە. جا پێویستە ئەوە دیاری بکرێ بەپێی ژمارەی دانیشتوانی شارەوانییەکە، وەکو پلەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری جەنابت تەنها بەستریتەوە بە ژمارەی دانیشتوان، ئاخر بەچەند؟ بۆ نموونە بلێین(٢٠٠٠)مان زیاد کرد، چەند ئەندام زیاد بکەن؟.

**بەڕێز مامەند ئاغا ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا ئەوە خۆی پلەی هەیە وسەبارەت بە پلەکانیش، پلەکانی تایبەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام ئەبێ ژمارەیەک هەبێ بۆ ئەوە، بۆ نموونە لەوانەیە بلێین(٢)هەزار دانیشتوان زیادی کرد(١٠)کەس زیاد بکرێ، لەوانەیە هەیە بلێت با دوو کەس زیاتر بکرێت؟ کە دەسەلاتی زیاد کردنەکەیە، بزانێ چەند مافی هەیە زیادی بکات؟ ئەگەر هاتوو دانیشتوان هەزار کەس زیاد بووە یان (٢) هەزار کەس زیاد بووە وا نەبێ بە ڕێژەی یەکەمی، واتە هاوڕێژەیەک هەبێ لەنێوان دانیشتوان و زیادبوونی ئەندامی شارەوانیدا.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا لێرەدا پلەکان وا دەلێن، بۆ نموونە پلەی تایبەتی لە (٧٥) هەزار بەرەو سەروو داویەتی، ئێستا پلەی (١٧) ئەندامی هەیە کە هەولێر دەگرێتەوە ئەوجا هەولێر کە پلەی تایبەتیە (١٧) ئەندامی هەیە، بۆی هەیە ئەگەر مەسەلەن بوو بە (٢١) جائیزە بیکات بە (٢٢).سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر نابێ دەست نیشانی کەین بلێین بیکە بە(٢١).

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاریکردنەکە، ئەبێ بەپێی پلەکان دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلێ جا بەپێی پلە یان بە پێی دانیشتوان بێ، ئەگەر بە پێی ژمارەی دانیشتوان بێ خۆ ئەبێ بۆ ئەوەش رادەیەک هەبێ، باشە من تێبینی جەنابت تێگەیشتم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەی جەنابت زۆر لەجێگای خۆیدا بوو، دەبوایە ئێمە پشتگیری بکەین، دەبوایە ئەم مادەیە لەو پرۆژە بڕیارەدا رەوانەی لیژنەی دارایی وئابووری بکرێ، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە باری

ئابوورییەوە هەیە، بۆ نموونە دەرچووی کولێژێک بەپێی یاسا مووچەی(١٤٨)دینارە، پاداشتی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی(١٥٠)دینارە واتە لە مووچەی دەرچووی کۆلێژەکە زیاترە... باشە ئەگەر وابێ بیست ویەک ئەندام مووچەکەیان لەسەر شارەوانی چەند دەوەستێ؟ ئەگەر شارەوانی ئەو پاداشتەیان نەداتێ لەوەزارەتی دارایی، یان لە گەنجینەی حکومەت وەری دەگرن، ئەویش بارێکی قورسە لەسەر شانی حکومەت. بۆ نموونە شارەوانیەک دانیشتوانی(٥٥٤)کەسە، بەڕێوەبەری ناحیە دەیەوێ ژمارەی ئەم ئەنجوومەنە بکاتە(٢١)ئەندام. لەهەمان کاتدا شارەوانیەکی وەکو دهۆک کە پلەی ممتازە لە یاساکە(١٣)ئەندام هاتووە، لەکاتێکدا جەنابی پارێزگار قانیعە بەم ژمارەیە کە نەیگۆڕێ، کەچی جەنابی بەڕێوەبەری ناحیە بەهۆی پەیوەندی کەسایەتی دەیەوێ ژمارەی ئەندامانی شارەوانی لە(٥)ئەندام بکاتە(٢١)ئەندام. واتە نەگونجانێک لە یاساکەدا هەیە بەتایبەتی مادەی یەکەم، بۆیە ئەگەر بکرێت زیادەی ئەندامانی شارەوانی لە(١) یان (٢) تێپەڕ نەبێ، واتە پلە یەک(١١)، پلە ممتاز(١٣)،مەبەستم ئەوەیە لە یەک یان دوو تێپەڕ نەبێ تا لە پلەی بەرزتر لەخۆی تێپەڕ نەکا نەبادا لەگەڵ مادەی (١) یەک نەگرتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک کانەبی ئاغا با بفەرموێ.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقی مادەکە وەکو ئەوەی خوارەوە ئەبێ:

(للوزير بناءاً على قرار المجلس البلدي وتأييد السلطة الادارية تحديد عدد الاعضاء على الوجه التالي: مراعية عدد السكان في كل مدينة أو قصبة، الصنف الخاص لا يتجاوز عن (٢١) عضواً، الممتاز لا يتجاوز عن (١٧) عضوا، الأول (١٣) عضواً، الثاني (٩) عضوا، الثالث (٧) عضوا، الرابع (٥) أعضاء.

وەکو لێرەدا هاتووە مانای ئەوەیە تایبەتەکە(٢١) ئەندامە، صنفی ممتاز کە دووەمە قەت ناگاتە (٢١) (لایتجاوز) ئەوەی تر صنف اول لە (١٣)ڕەت ناکات واتە زیاتر نابێ لە (١٣)، ثانی نابێ لە (٩) زیاتر بێ وبەم شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە جەنابت رایت وایە کە ببەسترێتەوە بەزیادەی دانیشتوان ئەمە یەک، دوو رایت وایە کە رادەیەک دابنرێ بەرزترین رادە بۆ هەر پلەیەک لەوە لە زیاد بوونەکە زیاتر نەبێ.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سێیەمیش لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی شارەوانی بێت.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی وپشتگیری دەسەلاتی بەڕێوەبردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاستان دەکەین. د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر پشتگیری ئەو پێشنیارەی کانەبی ئاغا دەکەم، بەلام لێرەدا نزمترین رادە دیارە لە دروست کردنی شارەوانیەکە، دەکرێت لە گوندێکی سێ هەزاری بکرێ، دەڵێ ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی (٣) هەزار کەس بێ بەرزترین رادە ئەوە دیارە کە پلەی ممتازە چەندە لە (٢١)ی تێی نەپەڕاندووە دەتوانێ ڕادە بەرزەکە لەگەڵ جۆری پلەکە لێرە دیاری بکەی وابزانم زیاتر روونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ دواکەسە کە ناومان نووسی بوو، فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست بوو برادەرانی یاساناس رای خۆیان دەر بڕیبا، بۆ ئەوەی پێش چاومان روون بێ، ئەو قسانەی جەنابتان کردتان زۆر مەنتیقیە، ئەو قسانەی کە کانەبی ئاغا و ئەو برادەرانە دەیکەن مەنتیقین، بەلام پێویست بوو پێشتر رای لیژنەی یاسامان بزانیبا چییە؟ بزانین بۆ وایە، چۆنە؟ ئایا ئەم شتە دانراوە دەستنیشان دەکرێ کە فلان شارەوانی لەوە زیاتر نەبێ یان هەر هەموویان لە گوندیش دەتوانن ببنە (٢١)ئەندام، یان ئەبێ هەندێ شتی تێدا بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی ئێمە تەنها بۆ رەئیەکەی خزمەتگوزاری بوو، بەڕاستی تەنها بۆ روونکردنەوەی ئەو شێوەیە بوو بۆ ئەوەی روون بێت رایەکە چۆنە، چونکە پێشنیارەکە دیارە بە زیادەی دانیشتوانی بەستۆتەوە٠ رادەی بەرزی ونزمی تێدایە. وەزیر چ تێبینی نییە؟ لیژنەی یاسا با بفەرموێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شارەوانییەکان لەسەر بنچینەی پلەکان هاتووە بەگوێرەی ناحیەو قەزاو گوند، ناحیەو قەزاو ژمارەی دانیشتوانی هەر چەند بێ ئەوە شارەوانی لێ دادەنرێت، دیاریش کراوە ئەنجوومەنی

شارەوانیەکەی چەندە، چونکە زۆر زەحمەتە بیبەستیەوە بە زیادەی ژمارەی دانیشتوانەوە، چونکە دەبێ هەر جارەی ئەنجـومەنی شارەوانی سەرژمێـریەکەی لابێ، بزانێ ئەو قەزایە چەندی خەڵک لێیە، ئەو ناحیە چەندی زیاد کردووە، قسەکەی جەنابتان زۆر لە جێگەی خۆی بوو، چونکە بابەتی هەڵبژاردنەو پێشنیارێک بەو زیادەی هەیە لەوانەیە کێشەیەک دروست بکات، بەڵام بەرەئی من و بەرەئی لیژنەی یاساش ئێستا پاش ئەو گفتوگۆیانە بۆمان دەرکەوت رێژەیەک دیاری کراوە(علی ان لا یتجـاوز) ئەو رێژەیە بە رەئی منیش دەکرێ زیاد بکرێت ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی شـارەوانی(علی ان لا یتجاوز ٥٠٪ من عدد أعضائها الاصليين) ، بۆ نموونە ئەوی (٥)ی هەیە کابرا هەر دەتوانێ دووان زیاد بکات ئەوەی (٧)ە دەتوانێ سێیان پێشنیار بکات، لەبەر ئەوە بەو رێژەیە وەربگیرێ باشترە، چونکە زەحمەتە پێوانەی ژمارەی دانیشتوانی وەربگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یۆنادەم.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە ئێمەش خۆمان کۆک بین لەگەڵ رەئی برادەران کە بەرەڵلا نەبێ، بەڵام بەیەک رستە بەرەئی من هەمان (صیاغە)ی لیژنەی یاسایی دەمێنێتەوە و بەرەڵلاش نابێتەوە ئەڵێین (للوزیر بناءاً علی طلب السلطة الادارية بعد توفر الشروط وفق الضوابط والاصول المرعية) رستەیەکی وا بنووسرێ، واتە ئەو بنەمایانە و مەرجانە پیادە دەکرێت، واتە کراوە نابێت (عند توفر الشروط والمبررات) و ئەو شتەی زیادە بکرێت وەکو خۆی دەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یۆنادەم ببوورە ئەگەر قسەکانت دەبڕم، ئێمە کێشەکەمان لەسەر ئەم ئەنجومەنە هەڵبژاردراوەیە، واتە ئێمە ئەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گریمان ئۆردوگایەکی ناوچەیەک(٤٠) هەزار یان(٣٠) هەزار مرۆڤە، لەناکاو خەڵک گەڕانەوە لە ئێران یان لە شوێنێکی ترەوە شوێنەکە بووە(١٠٠) هەزار کەس، لێرە قسەی کاکەڕەش ناخوات، چونکە زیاتر لە دوو بەرابەری ئەو خەڵکە زیاتر بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمەک ە نائاسایی یە نەکرێ بە دەستوور. ئێمە بەگشتی تەماشای دەستوور بکەین حاڵەتەکە بەو شێوەیەیە: ئەنجومەنێکی شارەوانیمان هەیە بەهەڵبژاردن هاتوون، دەکرێ جولانی دانیشتوانی ئەوە هەبێت نەمانەوێت ئیش بەرەو باشی بروات، دەسەڵاتی دەزگای بەڕێوەبردن وئەنجومەنی شارەوانی هەبێت لەکاتی پێویستدا پاساو بێت تا یاساکە بتوانێت زیاد بکات، بۆ ئەوەی ئیش

وکارەکان بەباشی بڕوات، واتە مەبەستم بنچینەکە لەو چوارچێوەیە بێ. فەرموو کاک محەمەد حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(صیغه)ی هەموارەکە یاسایی یە و هیچ هەڵەی تێدا نییەو، هیچ هەمواری پێناوێت، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای بنچینەی ماده(١٠)دەڵێ( اصناف البلديات على اساس عدد النفوس وفق آخر إحصاء رسمي) دەبینین (بلدية المركز عاصمة الاقليم من الصنف الخاص بلديات مركز محافظات الاقليم من الصنف الممتاز، البلديات التي لا يقل عدد نفوسها عن (٧٥) الفاً من الصنف الاول). بەم جۆرە بەپێی ژمارەی دانیشتوان دەبێت ئەگەر بێین بڵێین بەڕێوەبەری ناحیەک لە (٥) ئەندام بیکاتە (٢١) ئەندام بەرای من ئەوە نابێ بۆ؟ چونکە دەبێ پلەی شارەوانیەکەشی بگۆڕین لە مادە (١٠) ژمارە بنچینەی ئەنجوومەنی شارەوانی بەپێی دابوونەریت دیار کراوە ئەگەر بەڕێوەبەری ناحیە لە(٥) بکاتە (٢١) ئەوە یاسا نازانێت، ئەوە نابێت ببێتە بەڕێوەبەری ناحیە، دەبێ پلەی شارەوانیش ئەوکاتە بیگۆڕین، پلەی شارەوانی کێ دەیگۆڕێت؟ وەزیر دەیگۆڕێت (بناءاً على إقتراح السلطة الادارية) ئەوکاتە تێبینی ژمارەی دانیشتوان دەکەن لەبەر ئەوە بەڕێوەبەری ناحیە پێویستە لەسەری و ناچارە تێبینی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی خۆی بکات، ئینجا ئەندامێک یان دوو ئەندام زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ رای بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتەدا نیم، چونکە ئامانجی دەقەکە زۆر روونە هیچ رایەکی جیاواز هەڵناگرێت، دەسەڵاتی رەهای بە وەزیر داوە مافی هەیە پێشنیاری دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەپێی رەزامەندی وەزیر (٥) ئەندام بکاتە (٢١) ئەندام، من وەک ئەندامێک هاودژی ئەو دەقەم لەبەر یەک شت، بەرەئی من تێکدانی بنەمای هەڵبژاردن،ە من هاودژی ئەو دەقەم، چونکە ئەگەر بێتوو ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو هەبێ بۆ بوار بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن یان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بدرێت چەند ئەندامێکی دیاریکراو زیاد بکرێنە سەر ئەو ئەنجوومەنە، ئەگەر وابێت بۆ ئێمە هەڵبژاردن بکەین؟ بەرای من ئەو دەقە کرداری دیموکراتیەت دەشێوێنێ، ئەزموونەکە دەشێوێنێ وبنەمای هەڵبژاردن تێک دەدات، ئەوەی لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکاندا کە پەرلەمانی بەڕێز بڕیاری لەسەر داوە، من وەکو ئەندامێک پێشنیاری ئەوە دەکەم لە بنەڕەتدا ئەو دەقە هەڵبوەشێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەتا رادەیەک لەگەڵ رەئیەکەی کاک فەرسەتم جگە لە رستەی کۆتایی نەبێ. سەبارەت بە

رستەی کۆتایی لەگەڵ پێشنیاری کانەبی ئاغام، لەبەر کۆمەڵەک هۆ (جملة اسباب) یەکەمیان پلەکانی شارەوانی کە لەسەر بنچینەی ژمارەی دانیشتوان دانراوە پێویست وایە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی هەر لەسەر هەمان بنچینە دابنرێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ رایەکەی کانەبی ئاغام، وئەو پلەی کە دایناوە هەمووی فەردیە هۆی دانانی فەردیەکەش ئەوەیە لەبەر زۆرینەو کەماتیە کە، ئەگەر بریارە عەجەبا زۆرینە دەربچێ یان کەمینە؟ بۆیە پشتگیری کانەبی ئاغا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر جار دەگوترێ چاودێری برگەی فلان بکەن، ئەوەی کاک حەسەن باسی کرد مادەی (١٠) بۆ ئێمە ئەڵێین لێرە بۆ نموونە (مع مراعاة ما جاء في الفقرة) یان (على ان لا) واتە شتی ببەستین بە مادەیەکی ترەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام بوار هەیە مرۆڤ تێبینی بدات بەراستی من پشتگیری تەواوی قسەکانی کاک فەرسەت ئەکەم و، هەروەهاش پشتگیری قسەکانی د.قاسم لەبەر ئەوەی کە (٣٠) رۆژ کەمە بکرێتە (٣) مانگ، بەلام من لەگەڵ هەڵوەشاندنم چونکە بەراستی ئەوە دژی دیموکراتیەتە وە دژی مافێکی میللەتە بۆیە ئەو برگەیە لەو یاسایە نەبێ زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە راستیدا دیارە بابەتەکە تۆزێ فراوان بوو، با کورتی بکەینەوە. ئێستاکە کاک فەرسەت ئەگەر زەحمەت نەبێ روونکردنەوەکەت بکە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بابەتێک هەیە حەز دەکەم بۆ برادەران روونی بکەمەوە، یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان بریاری لەسەر بنەمای هەڵبژاردن کردووە، بەلام درێژەی پێ نەداوە، لە هەمان یاسادا هاتووە پێویستی بە دەرکردنی پێڕەوێکە بەشێوەی هەڵبژاردن، چۆن هەڵبژاردن بکرێت؟ پێویستە لەوێ روون بکرێتەوە، هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەوانی نوێنەری چەند هاوولاتی ئەبێت؟ ئەو درێژیە لەو یاسایەدا نەهاتووە، بریاردەر ئەو درێژ کردنەوەی بۆ پێڕەوی هەڵبژاردن بەجێ هێشتووە، بە رای من با خۆمان نەخەینە نێو داهات وخەرجی(إيرادات ومصروفات)، یان جەدەلێکی بێزەنتی لەسەر بابەتەکە نەکەین وبنەمای هەڵبژاردن نەشێوێنین ولەغوی دەقەکە بکەین و هەر درێژکردنەوەیەک، هەر رایەک هەر رێژەو هاورێژەیەک لە نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و ژمارەی هاوولاتیان با ئەو درێژەییە لە پەیرەوی هەڵبژاردندا روونی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە پەیڕەوی هەڵبژاردن (نظام الأنتخابات)؟

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتە پەیڕەوی هەڵبژاردن تاکو ئێستا دەرنەچووە ئێمەش ناتوانین هەڵبژاردن بکەین تاکو پێڕەوەکەی دەرنەچێت، هەر کاتێ دەرچوو دەتوانین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ رای بەڕێز کاک فەرسەت دا نیم، ئەو دەقە وەکو خۆی بمێنێ، من پشتگیری کاک ئیبراهیم دەکەم کە لە کۆتاییەکەی بڵێین (مع مراعاة احكام المادة العاشرة من قانون ادارة البلديات رقم) ئەوەندە زیادە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل، با ناوەکان بنوسین. کاک فرەنسۆ و کاک ئیدریس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە خۆی دانی بەوە دانا، یەکەم جار گوتی ئەم دەقە دەقێکی یاسایی و رێکوپێکە هەر لە قسەکانی خۆی دانی بەوە دانا ئەگەر بەڕێوەبەری ناحیەیەک (٥) کەس بکاتە (٢١) کەس ئەوە مانای پێڕەوی دابەشەکانی شارەوانییەکان بۆ صنفی ممتاز یان صنفی تایبەت یان پلەیەکە ئەمە تێک دەدات، کە لێرە زۆر هاودژایەتی پەیدا ئەبێت، لەبەر ئەوە من پشتگیری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە ئەم مادەیە هەرە زۆری زیادە بنەمای هەڵبژاردن تێک دەچێت، دووەم زۆر لەسەر گەنجینەی وڵات دەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری رایەکەی کاک ئیبراهیم دەکەم لەگەڵ زیادەی ئەوەی (للوزير بناءاً على طلب السلطة الادارية زيادة عدد الاعضاء وحسب الاصناف)، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدواداچوونێکم لەسەر قسەکانی برای بەڕێز کاک مەلا هادی هەبوو کە وتی ئێستا حکومەتەکە بەرفراوانە، ئەگەر بەڕێوەبەری ناحیەکی حزبێک دانرا و ئەو پێشنیارەکەی کرد. ئێمە بڕوامان بەفرە حزبی هەیە، ئێمە کە شت دەکەین تەنیا بۆ پارتی نایکەین بۆ میللەتی خۆمانە، هەر حزبێک قایمقام بێ بەڕێوەبەری ناحیە بێ هەرچی دەکا دەستی خۆش بێ و بڕوامان پێیەتی، واتە

نابێ لەبەر ئەوە ئەوە بکەن، دوو: منیش پشتگیری قسەی کاک ئیبراهیم دەکەم پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم و لیژنەی یاساش پشتگیری کرد، من پێم باشە پێشنیارەکەی ئەو بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێمە کۆمەڵێ پێشنیارمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە تەنها پێشنیاری کاک ئیبراهیم نییە، بەڵێ (٣-٤) پێشنیارمان هەیە، هەڵوەشاندنەوەمان هەیە و هەمواریشمان هەیە، باشە هەڵوەشاندنەوەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، دوای ئەوە ئەگەر رەزامەندیتان لەسەر هەڵوەشاندن بوو پێویست ناکات چیتر لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆی بکەین، ئەو کێشەیە چارە دەکرێت. ئەگەریش هەموار بوو دوای ئەوە سیغەی هەموارەکە گفتوگۆ ئەکەین، جا ئێستا ئێمە بۆ بابەتی هەڵوەشاندنەوەکە برادەران باسیان کردووە کاک فەرسەت روونکردنەوەی دا، بۆیە یەکەم پێشنیار ئەخەینەنە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە لەبنەڕەتدا ئەم برگەیە هەڵبوەشێنینەوە؟.. سوپاستان دەکەم. کێ لەگەڵ نییە؟..ئەو مادەیە بە زۆرینەی دەنگ هەڵوەشێندرایەوە. ببوورن مادە حەوت فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە برگەی(٢) خۆی لە بنەڕەتی یاسایەکەش هەڵوەشاو بوو، چونکە ئەوە هەموار کراوە لە بنەڕەتی برگەکە مانای ئەو جارە دەڵێین :(تلغى الفقرة (٢) من المادة الثامنة عشر) ئەوە هەر مادەکە وەکو خۆی دەمێنێ.

المادة السابعة:

تضاف الفقرة التالية الى المادة الخامسة والعشرين ويكون تسلسلها الثالثة أما الفقرة الثالثة فيها فيصبح تسلسلها (٤) وكالآتي:

٣- تكون قرارات المجلس البلدي التي تتعلق بإعداد التصاميم الأساسية و التفصيلية وتعديلها او الغائها وتقسيم المدينة الى مناطق سكنية وتجارية وصناعية خاضعة للأعتراض من قبل السلطة الادارية خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ وصولها اليها وترفع الاعتراضات الى الوزارة للبت فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٧) بابەتێکی تەکنیکیە، مۆڵەت بدەن با جارێ لیژنەی خزمەتگوزاری با بفەرموێ.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مادەی (٧) پێشنیار دەکەین بەو شێوەیەی خوارەوە وەکو خۆی بێنێتەوە چونکە هیچ کەم وکورتیەکی تێدا نییەو پاساویش هەیە بۆ مانەوەی (المادة السابعة):

(تبقى المادة الخامسة والعشرون على حالها وكالآتي:
المادة الخامسة والعشرون: على المجلس ان يعلن بالطرق المتيسرة التصاميم الاساسية المعدة من قبل التخطيط العمراني لاطلاع المواطنين وذوي العلاقة والدوائر وغيرها عليها خلال مدة ستون يوماً من تاريخ الاعلان و تقبل الاعتراضات والاقتراحات التي تقدم بشأنها خلال المدة المذكورة الى المجلس.
ب- أما بالنسبة للتصاميم التفصيلية والمعدلة والافرازات فتعلن لمدة ثلاثون يوما وإتباع نفس الطرق الواردة في الفقرة (أ) اعلاه.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن لەبەر (٣) پاساو ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، یەکەمیان ئەوە شتێکی تەکنیکیەو پەیوەندی بە نەخشەکێشانی عمرانی هەیە، ئەوان یاسایەکی تایبەتیان لەبەر دەستە ئێستا ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر ئەو یاسایە بگاتە جێ ڕەزامەندی لەسەر بکەین ئەبێ ئەوە لێرە هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی شارەوانییەوە نامێنێ، تایبەت دەبێ بە نەخشەکێشانی عمرانی و تەصمیمی بنەڕەتییەوە. دوو: بڕگەی (١) لە مادەی (٢٥) هیچ کەم وکوڕی تێدا نییە لەبەرئەوەی مافی ڕەخنەی داوەتە هاوولاتیان و پەیوەندیداران وفەرمانگەکانی تر کەواتە دەسەلاتی بەڕێوەبردنیش یەکێکە لەو کەسانەی لەو فەرمانگانەیە لە(ذات العلاقة)ش ئێمە شتی گشتی وەربگرین و ئەوە بکەینە شتێکی تایبەتی ئەوە بە ڕای ئێمە باشتر وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا بەڕاستی من خۆم تێنەگەیشتم، ئێوە چیتان ئەوێ لە لیژنەی خزمەتگوزاری؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەجوومەن.**

ئێمە دەمانەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کامە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی ئێستاکە خوێندرایەوە؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە من خوێندمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاخر تۆ چیت خوێندەوە، کە تۆ ئەڵێی وەکو خۆی بمێنێتەوە واتە تۆ گفتوگۆی ئەوە ئەکەیت کە ئێستاکە لیژنەی یاسا ئەیخوێنیتەوە. مەبەستت وەکو خۆی ئەوەیە کە ئەوان ئەیلێن؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئەوانەی ئەوان دەیڵێین جیایە لەگەڵ ئەوەی ئێمەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئی ئێوە لەکوێوە هاتووە وەکو خۆی؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مادەی(٢٥) لە یاسا بنەڕەتیەکەدا هاتووە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٢٥) لە یاسا بنەڕەتیەکەدا چی ئەڵێیت زەحمەت نەبێ؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

على المجلس ان يعلن بالطرق المتيسرة التصاميم الاساسية المعدة من قبل التخطيط العمراني لإطلاع المواطنين وذوي العلاقة والدوائر وغيرها عليها خلال مدة ستون يوماً من تاريخ الاعلان وتقبل الاعتراضات والاقتراحات التي تقدم بشأنها خلال المدة المذكورة الى المجلس.

ب- اما بالنسبة للتصاميم التفصيلية والمعدلة والافرازات فتعلن لمدة ثلاثون يوما وإتباع نفس الطرق الواردة في الفقرة (أ) اعلاه.

کەواتە لێرە کە دەستی لێ دراوە مافی ڕەخنەی داوەتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بەڵام لە یاسا بنەڕەتیەکەدا مافی ڕەخنەی داوەتە خەڵک وفەرمانگەکانی ترو کەسانی پەیوەندیدار، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیش یەکێکە لەوانە، ئەمە وەکو خۆی بهێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕوونەو با ناونووسی برادەران بکەین ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، پێشەکی گوێمان لە رای لیژنەی یاساو کارگوزاری گشتی بێ، دوای ئەوە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی ئەیەوێ قسە بکا چونکە ئەوان دوو لیژنەن ئەبێ رای خۆیان بدەن بۆ ئەوەی لاتان دیار بێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران ولیژنەی یاسا دەستیان لەمادە (٢٥) نەداوە هەروەکو خۆی ماوەتەوە، ئەم برگەی کە لە هەموارکردنەکەدا هاتووە زیاد کراوەتە سەر مادە(٢٥)، مادەی(٢٥) دەستی لێ نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە مەلا هادی خوێندیەوە وەکو خۆی ماوەتەوە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو خۆی ماوەتەوە ئێمە دەستمان لێ نەداوە، بەڵام مادەی هەمووارکراو ئەڵێت: تضاف الفقرة التالية الى المادة الخامسة والعشرين ويكون تسلسلها الثالثة اما الفقرة الثالثة فيها فيصبح تسلسلها(٤). واتە ئەم هەموارە کە هاتووە بووەتە برگە(٣) برگەکانی تری مادە (٢٥) هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوی تر وەکو خۆی ماوەتەوە. سوپاس کاک محەمەد حەسەن. وابزانم روونە، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لە مادەکەدا هاتووە مافی داوەتە هاوولاتیان و فەرمانگە رەسمی و نیمچە رەسمیەکان (والدوائر الرسمية و شبه الرسمية)، لیژنەی خزمەتگوزاری وای بۆ دەچن کە ئەو ئیعتباری بۆ هەموو فەرمانگەیەک کردووە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیش بەشێکە لەو فەرمانگانە، لەبەر ئەوە پێویست نییە ئەو مافەی بدرێتێ، کەچی ئەو برگەی زیاد کراوە لەسەر ئەو بنچینەیە کە بڕیارەکە لە ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دەردەچێ بۆ هەموارکردنی تەصامیم، ئەو شتانە دەنێردرێتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن کە ئێمە مافی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنمان کەم کردۆتەوە، خەڵکی فەرمانگەی تر مافی (٦٠) رۆژی هەیە قسەی لێ بکات، بەڵام لێرە مافەکەی کەم کراوەتەوە بۆ(١٥) رۆژ، ئەگەر رای خۆی لەسەر بدات، ئەوەش بابەتەکەی بۆ پەلەکردنە بۆ ئەوەی خەڵک ئیشوکاری نەوەستێت، بۆ ئەوەی وەزارەتی شارەوانی رای دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەو بابەتە بزانێ چییە؟ بۆ ئەوەی بتوانێ بەشی بکات بەو شێوەیەی بیروڕای هەموو لایەک بێ، کەچی ئەو مافە لێرەدا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن کەم کراوەتەوە بە(١٥)، بەرای ئێمە(٦٠) رۆژە. لە بنەڕەتی مادەکەدا هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ئەم کێشەیە روون بێتەوە، ئینجا ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقەی کەوا لیژنەی یاسا دەڵێن دەستی لێ نەدراوە، بەڵێ دەستی لێ دراوەو گۆڕاوە، ئەوەش دەقە ئەصڵیەکەیە کە بۆ بەڕێزتانی دەخوێنمەوە.

تكون قرارات المجلس التي تتعلق بإعداد التصاميم الاساسية والتفصيلية وتعديلها و الغائها وتقسيم المدينة الى مناطق عمرانية وسكنية و تجارية وصناعية خاضعة للإعتراض من قبل السلطة الأدارية خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ وصولها إليها وترفع الاعتراضات الى

والوزارة للبت فيها.

ئەو دەسەڵاتی لە فەرمانگەکان وکەسایەتی پەوەندیدارو هاووڵاتی وەرگرتۆتەوە تەنیا مافی رەخنەگرتنی داوەتە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی ئەگەر مۆڵەت هەبێ کاک محەمەد حەسەن روونی کردەوەو گوتی ئەوەی کە ئێوە رەخنەتان لەسەری کردووە وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەو رای وایە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک مەلا هادی دەقی هەموارەکە دەخوێنێ کە نووسراوە(٢) بەڵام (المادة السابعة) با لێرەوە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ مادەی حەوت چی لی دێت دوای ئەم دەستەواژەیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی حەوت ئێمە چیمان لێ کردووە (تضاف الفقرة التالية الى المادة الخامسة والعشرين)، واتە مادەی(٢٥) لە بنچینەی یاساکەدا سێ برگەیە، ئێستا بووە بە(٤)برگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئێوە برگەیەکتان زیاد کردووە، دەسەڵاتتان داوە بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بۆ رەخنە گرتن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەو سێ برگەیە وەکو خۆی مایەوە دەستمان لێ نەداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامەیان گفتوگۆ بکرێ؟ فەرموو مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگەی زیادمان کردووە لە باتی برگەیەکی تریان رەش کردۆتەوە، چونکە برگەی بنچینەییەکە دەڵێ (تكون قرارات المجلس المتعلقة بالتصاميم الاساسية والتفصيلية وتعديلها وإلغائها وتقسم المدينة) لێرەش هەمان شت(على المجلس ان يعلن بالطرق المتيسرة التصاميم الاساسية المعدة من قبل التخطيط العمراني لاطلاع المواطنين وذوي العلاقة والدوائر وغيرها خلال مدة ستون يوماً) لێرە ئەوەی هێناویەتیەوە لە جیاتی ئەوەیە (تكون قرارات المجلس التي تتعلق بأعداد التصاميم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مۆڵەت بدە مامۆستا بابزانین، فەرموو کاکەڕەش تکایە هەندێ بەوردی روونی بکەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا فەرمووی برگە لە جیاتی برگە دانراوە، ئێمە دەڵێین (تعدل المادة الخامسة والعشرين ويكون تسلسل الفقرة الاخيرة الرابعة) یەعنی مادە(٢٥) سێ برگەیە برگەی أولی (أ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢- (ب) على المجلس دراسة اعتراضات) وەکو خۆی ماوە ٣- (تكون التصاميم نافذة المفعول من تأريخ مصادقة الوزير عليها) وەکو خۆی ماوەتەوە ٤- دەڵێین ئەو بریارانە رەچاو بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بریارانە رەچاو بکرێ بە رای من روونە، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای ژمارە(٦) ی ساڵی(٩٣) لە مادە(٢٥) برگە(١)دا لە کاتی دەرچوونی بریاری ئەنجومەنی شارەوانی لە بارەی رەنگ رێژی دەڵێ فەرمانگەی تر یان هاوولاتیان لە ماوەی(٦٠) رۆژ یان(٣٠) رۆژ مافی رەخنەیان هەیە، باشە وشەی (دوائر) لێرە کە بە رەهایی هاتووە، ئایا دەسەلاتی بەڕێوەبردن ناگرێتەوە؟ ئەگەر دەی گرێتەوە، زیادەی ئەو برگەیە پێویست ناکات، چونکە لە برگەیەکی سەرەوە هاتووە دەڵێ (للدوائر وذوي العلاقة حق الاعتراض) باشە ئەگەر سورن لەسەر ئەوەی کە زیادەی لە هەموارەکە بکرێت لەو حاڵەتەشدا رەخنەیەکم هەیە، دەڵێ بۆ هاوولاتی وفەرمانگەکان لە ماوەی(٣٠) رۆژ یان(٦٠) رۆژ مافی رەخنە گرتنیان هەیە، کەچی ئەو برگەیە مافی رەخنە گرتنی دابێتە دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە ماوەی(١٥) رۆژ لەو حاڵەتەدا با ماوەکان بکرێنە یەک، چونکە معقول نییە هەندێ فەرمانگە لە ماوەی(٦٠) رۆژ و(٣٠) رۆژ مافی رەخنە گرتنی هەبێ، دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە ماوەی(١٥) رۆژ ئەو مافەی هەبێ، پێم وایە دەسەلاتی بەڕێوەبردنیش فەرمانگەیەکە وەکو فەرمانگەکانی تر کە مافی داوەتێ لە ماوەی(٣٠) یان(٦٠) رۆژ رەخنە بگرێت بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو برگەیە زیاد نەکرێتە سەر ئەسڵی مادەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە تەنها ئەوانە قسە بکەن کە ناونووس کراون، لەمەو دوا بەمەوە پابەند بن.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نادیاریەک لەو مادەیە دەبینم، جا نازانم هەر بەنسبەت منەوە نادیارە یان هەر نادیارە، حەز دەکەم لیژنەی یاسا بۆمان روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مۆڵەت بدەن من حەز دەکەم روونی بکەمەوە. ئەم پێشنیارە ئەوەی ئێمە تێگەیشتوین لە راڤەی برادەران ئەوەی کە خوێندرایەوە یەک زیادە کراوە، ئەو زیادەیەش برگەیەکە زیادکراوەتە سەر ئەو مادەیە. ئەو برگەیەش دەسەلاتی داوەتە دەسەلاتی بەڕێوەبردن کە لەو ماوەی دیاری کراوە مافی رەخنەی هەیە، لەسەر ئەوەی کە باسی کراوە کە ماوەی(١٥) رۆژ رەخنەی خۆی بگرێ و بگاتە دەستی وەزیر بۆ ئەوەی وەزیر بریاری لەسەر بدات. تەنها ئەم برگەیە زیاد کراوە باقی تری برگەکانی ئەو مادەیە وەکو خۆی ماوەتەوە. ئێوە گفتوگۆی ئەو برگەیە بکەن پێویستە یان پێویست نییە؟ بۆ ئەوەی زیاد نەڕۆین لە بابەتەکە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە جەنابی سەرۆک، پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر هاتوو ئەنجوومەنی شارەوانیی بریاری دەرکرد بۆ رەنگ رێژی سەرەکی و دەسەلاتی بەڕێوەبردن رەتی کردەوە، ئایا وەزارەت بریاری کامیان پەسەند دەکات، پشتگیری دەسەلاتی بەڕێوەبردن دەکات یان ئەنجوومەنی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەز دەکەم ئەگەر یاسا دەقێکی نەبێ ئیجباری خەڵک بکات ئەو مافی رەخنەی هەیە، رەخنەی قبووڵ ئەکرێت یان قبووڵ ناکرێت (وللوزير البت في الموضوع) واتە هیچ دەقێک نییە ئیجباری بکات، وەزیر ئەبێ بەقسەی دەسەلاتی بەڕێوەبردن بکات(وللوزير البت في الامر سلبا أو ايجابا)، بەو پاساوانەی کە هاتووە، با من شتێکی تر روون بکەمەوە، بۆ نموونە ئێستاکە ئەیانەوێت نەخشەی شاری هەولێر بگۆڕن، گریمان ئەنجوومەنی شارەوانی دانیشتن و ویستیان ئەو کارە بکەن، خۆ پرۆژەیەکی وا هەبوو ئەگەر لە بیرتان بێ. پارێزگار وقائمقامی مەرکەز دەشێن هیچ رەئیەکیان نەبێت؟ شارەکە هەموو بگۆدرێت و تێک بدرێت؟ کە ئەوان بەرپرسی راستەوخۆی شارەکەن رەئیان نەبێ لە مەسەلەکەدا، مافیان نەبێ بڵێن بابە ئەمە وا لێ بکرێت ئەوەش وا لێ بکرێت، وابزانم ئەو مادەیە تەنها مافێکە دراوە بە دەسەلاتی بەڕێوەبردن جا بەڕێوەبەری ناحیەیە، قائمقامە مافێکی رەخنەگرتنی هەبێت بە موحەددەدی وەکو باسیان کرد برادەرانی لیژنەی یاسا. مادەکانی تر وەکو خۆی ماونەتەوە، لێرەدا کێشەیەک هەیە لیژنەی خزمەتگوزرای سوورە دەڵێ نەماوەتەوە یان گۆڕدراوە، ئەوە دوایی با ئەم برادەرانە گفتوگۆیەکە تەواوکەن.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

بە رای من ئەم بڕگەیەی کە هاتووە نەبێت چاکـترە، پاساویشم بۆ لادانی ئەو بڕگـەیە بۆ بەڕێزتان دەیخەمە روو. لە بنەڕەتی یاسایەکە کە هاتووە چ هاوولاتی چ فـەرمانگەی حکومی چ کەسایەتی مـەعنەوی وغـەیری مـەعنەوی مـافی هەیە کـەوا رەخنە بگرێت لەو بڕیارانـەی کـەوا ئەنجـومـەنی شـارەوانی دەری دەکـات، بەلایەنی نەخشـەی فـراوانی با بلّـێین نەخشـەی شـار ئەمـە کـە رەخنە ئەگرێت، بلّـێین هاوولاتیەک خانوەکەی بەر شەقامێک ئەکەوێت کە بەوێ تێپەڕ دەبێ، مافی هەیە رەخنە بگرێت، ئەم رەخنانە هەمـووی لە ماوەی دیارکـراودا کە دانراوە لە ئەسـڵی یاسـاکـە ئەڕواتە لای ئەنجـوومـەنی شـارەوانی لەوێش بۆ وەزارەت دەڕوات، علی اسـاس ئەم رەخنانە هاتووە، باشـە ئەم مـافـە ئەدەن بە دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە پاش ئەوەی هاوولاتیـان رەخنەیان گرت ورەخنەکەیان قبوولّ کرا یان نەکرا دەسەلاتی بەڕێوەبردن مافی هەبێت جارێکی کە رەخنە بگرێتەوە، لەو رەخنانە قـبوولّ کـراوە یان نەکراوە وئەو هاوولاتیـانە ئەو لایەنانەی تر پێنازانێتـەوە لەچ لایەک ئەو مـافـە فەوتێندرا؟ بە رای من ئەو بڕگەیە زیاد نەکرێ پارێزگاش وەکو فەرمانگەیەک لە فەرمانگەکانی تر هەمان مافی هەیە لە(٦٠) رۆژی یەکەمدا رای خۆی راگەیەنێ وداوای گۆڕینێ بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

واتە جـەنابت داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەمـوارە دەکەی، باشـە سـوپاس، کـاک جوهر شـاواز فەرموو.

**بەڕێز جـــوهر ئەحـــمـــەد شـــاواز:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئێمە پێشنیارەکەمان دیاریکراو بوو بەلام کاک مەلا هادی تۆزێ درێژی کردەوە، مادەی(٢٥) زۆر بەرێک وپێکی هاتووە، واتە هیچ پێویست ناکات هیچ بڕگەیەک زیادە بکرێت، مـافی رەخنەگرتنی داوەتە هەمـوو فـەرمـانگەیەک وهاوولاتی و لە بڕگەی(٢)و(ب)ش هەمـان شـێوە هاتووە ئەوانی تریش گشتیی رێک وپێکە، واتە هیچ پێویست ناکا ئەو بڕگەیە زیادە بکرێ، واتە پێشنیارەکەمان دیاریکراوە کە زیادە نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

واتە ئێوە لەگەڵ زیادە کردنی ئەو بڕگەیە نین. فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز ئیـدریس هادی سالـح/ وەزیری پیشـەسـازی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

لێـرە زۆر روونە کـە ئەو مـادەیە مـادەیەکی زیادە، سـەبارەت بە کـاک مـەلا هادی ئێـمـە تەئکیـد دەکەینەوە بڕگەکانی وەکو خۆی ماونەتەوە، ئەو شـتەی کە ئەمـان پێشنیـاریان کردووە هەمـووی تێدایە، واتە شـتێکی تازەی تێدا نییە ئەمە یەک، دووەم دەسەلاتی بەڕێوەبردن کە لە بڕگەکانی

پێشی دا هاتووە دەوری دراوەتێ مافی خۆیەتی کە رەخنە بگرێ لەسەر رەنگ رێژی هەر شتەکی یان ئامادەکردنی رەنگ رێژی تەفصیلی یان هەموارکراو بێت، بۆ نموونە ئێستاکە ئەو رەنگ رێژیە لە ئەنجوومەنی شارەوانی هاتووە ئەوان دەیانەوێ شەقامێک لە شوێنێکی نیشتەجێ دا بیکەنە شتێکی بازرگانی، دەسەلاتی بەرێوەبردن مافی خۆیەتی بلێ ئەوە بۆ شوێنی بازرگانی بەکەلک نایەت، لەبەر ئەو هۆیانە یەک ودوو سێ، ئەو کاتە وەزیر کە دەگەرێتەوە لای لێ دەتۆژێتەوەو دەبینێ فعلا ئەو شتە وایە دووبارە چاوی پێدەخشێنێتەوە. یان ناوچەیەکی کشتوکالی هەیە دەیانەوێت پرۆژەیەکی پیشەسازیی لێ بکەن، دەسەلاتی بەرێوەبردن دەلێ ناوچەی پیشەسازی بەو شێوەیە دەبێ لە فلان جێ بێ. مەرج نییە ئەو رەنگ رێژییەی ئەوان دایدەنێن کە قابیل نەبێ بۆ رەخنە، ئەوە مەسەلەیەکی فەردی نییە کەسێک خانوەکەی بەر شەقامێک دەکەوێت رەخنە دەگرێت کەسانی پەیوەندیدار(٦٠) رۆژیان داوەتێ ئەو شتە پاش تۆژینەوە کۆتایی پێ هاتووە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(٣٠) رۆژەکەش تەنها بۆ پەلەکردنی بە هاناوە هاتنە.

**بەرێز ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلێ ئەوەشی تێدایە، بەلێ ئەو(١٥)رۆژەی رەخنەگرتنە بۆ ئەوەیە ماوەیەکی زیاتر دوانەخرێ بۆ ئەوەی کردارەکە بەخێرایی برواتە پێش، واتە ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە مانەوەشی.هیچ خراپیەکی تێدا نییە، بەپێچەوانەوە شتێکی زیادە هێزێکی دەداتە ئەو تەصمیمانە تا بەزووترین کات جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیدریس. کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تقریبا هەموو شتێ تەواو بووە تەنها دەمێنێتەوە ئەو(١٥) رۆژە لەچوارچێوەی(٦٠)رۆژەکەوەیە یان دوای (٦٠) رۆژەکە کە دەسەلاتی بەرێوەبردن رەخنە دەگرێت؟ دوایی کە رەخنەی هاوولاتیان هەمووی تەواو دەکات، ئینجا دێ ئەو دەست پێ دەکات؟ یان لەچوارچێوەی ئەو(٦٠) رۆژەدایە کە لەسەر خەلکیش دابەشی دەکات؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی من لەدەقەکە تێ بگەم، دوایی برادەرانی لیژنەی یاسا لەوانەیە ئەوە باشتر روون بکەنەوە، لەو ساتەی بە دەستی ئەگات، ئینجا مەعقول نییە ئەو ساتەی ئەگات بەدەستی، بەدەستی هاوولاتیان بگات. مانای ئەوەیە لەو رۆژەوەیە کە رەنگ رێژییەکە رادەگەیەندرێ، مانای وایە دەسەلاتی بەرێوەبردن کەمتر لە(١٥) رۆژ مافیان هەیە، ئەویش وابزانم وەکو برادەران باسیان کرد

بۆ ئاسان کردنی ئیشەکەیە بۆ ئەوەی بەزوویی بڕوات تا پرۆژەکە دوانەکەویت. لەگەڵ ئەوەدا هاوولاتیان وفەرمانگەکانی تر(٦٠) رۆژیان هەیە. وابزانم برادەران رەئی خۆیان بە درێژی دەربڕی. ئێستاش لیژنەی یاسا ئەگەر کەرەم کات رونکردنەوەیەکمان بۆ بکەن، فەرمووو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران وای بۆ دەچن کە بابەتەکە تەنیا بابەتێکی تایبەتمەندە کە ئەنجوومەنی شارەوانی ئەگەر پەیوەندی بە تەصامیمەوە بوو بڕیار بدا وبنێردرێتە دەسەلاتی بەڕێوەبردن بۆ ئەوەی بیبینی و بۆچوونی خۆی لەسەر بنووسێ، واتە وەکو فەرمانگەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت. شتێک هەیە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی دەچێتە دەسەلاتی بەڕێوەبردن رەئی خۆی لەسەر دەدات لەماوەی(١٥)دا رۆژ وەکو جەنابی سەرۆک فەرمووی لە مێژووی گەیشتنە وێ، کە وارید دەکرێت لە فەرمانگەکەی وێندەر هەتا(١٥) رۆژ ئەبێ وەڵامی بداتەوە، ئەگەر وەڵامی نەداتەوە مافەکەی دەسوتێ، احتفاظ بە(٦٠) رۆژەکەی ناکات، چونکە ئەوە هەمواری(٦٠) رۆژەکەیە سەبارەت بە دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە ماوەی(١٥) رۆژدا ئەبێ وەڵامی بداتەوە بەڵام بەبۆچوونی من نازانم چ زەرەرێکی هەیە ئەگەر ئاگاداریەکی دەسەلاتی بەڕێوەبردن بکرێتەوە، لەلایەنی یاسایی؟ دووەم برادەران تەصامیمی بنچینەیی تێ دەگەن، بەرەئی من وای بۆ دەچم برادەرانی ئەندازیاریش پشتگیریم دەکەن گۆڕینی تەصامیمی بنچینەیی کۆمەلایەتی و سیاسیەو ئەمنییە. لە هەمان کاتدا هەموویەتی، تەنانەت ئابووریشە لەوانەیە کاک جەمیل پشتگیریمان بکات بە اعتبار پارەی دەوێ دەبێ ئەوانە هەمووی لەبەرچاو بگیرێت، ئەوجا بۆیە زۆر پێویستە ئەو بڕیارە بچێتە دەسەلاتی بەڕێوەبردن ورەئی خۆی لەسەر بدات، مادەم رای کۆتاییش بۆ وەزیرە لە هەموو حاڵەتێکدا نازانم بە بۆچوونی من هیچ زەرەرێک لە مادەکەدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەرسەت روونکردنەوەیەکی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەمۆڵەتی لیژنەی یاسا ولەگەڵ ئەوەی بۆ خۆیان روون کردنەوەیەکی باشیان کرد بەڵام وا دیارە بۆ برادەران جۆرە نادیارییەک هەیە جیاوازی سەرەکی نێوان ئەو برگەو مادەی بنەڕەتی دوو جیاوازیە من حەز دەکەم برادەران ئاگادار بن، یەک ناوی دەسەلاتی بەڕێوەبردن، بە راشکاوی لە مادەی کۆندا نەهاتووە ناوی فەرمانگە هاتووە ئەو دەستەواژەیە دەسەلاتی بەڕێوەبردنیش دەگرێتەوە، لێرە لە هەموارەکەدا ناوەکە ضمنا هاتووە، بە راشکاوی چەسپی سەر ناوی دەسەلاتی بەڕێوەبردنیان کردووە ئەوە جیاوازی یەکەمە. دووەم ئەوەیە مافی دەسەلاتی بەڕێوەبردن کەم کراوەتەوە لە(٦٠)

رۆژ بۆ(١٥)رۆژ دەسەلاتی بەڕێوەبردن لەگەڵ زاراوەی فەرمانگەکان مافی(٦٠) رۆژیان هەبووە، خاوەن رەخنەکان ئێستا مافیان بوو بە(١٥) رۆژ بەرەئی من شتەکە روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ زۆر سوپاستان دەکەین ئەگەر کاک فرەنسۆ شتێکی هەبێ... بابفەرموێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوای قسەکانی کاکەرەش هیچم نییە تەنیا پرسیارم ئەوەیە، ئایا چ زەرەرێک هەیە ئەگەر ئەمە هەبێ؟ حەز دەکەم کەسێ هەبێ بلێ زەرەرەکەی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا زەرەرەکەی ئەوەیە لەوانەیە برادەران وا بۆی دەچن مادەم فەرمانگە تایبەتەکان وفەرمانگەی تر و هاوولاتیان بەگشتی هاتووە، مانای وایە دووبارەیە لە کاتێکدا ئەو روونکردنەوەی برادەرانی لیژنەی یاساو ئەوەی کاک فەرسەت کردی تەنها بۆ تەئکید بووە، لە بیریش نەکەن یاسا لە هەموو دونیادا تا هەتایە نییەو بۆ قۆناغێکی دیاری کراوە، هەموو قۆناغێکی دیاریکراویش بۆچوون ومەرجی خۆی هەیە، لەوانەیە قۆناغێکی تر دابێ لەبنەڕەتیدا پێویستمان بەم دەقە هەر نەبێ، بارودۆخ بۆ بارێکی تر بچێ، چونکە وەکو ئێستاکە کە برادەران باسیان کرد مسائیلی تەکنیکی هەیە لەوانەیە زۆر کەس ئاگادار نەبێ، مەسائیلی رووکەشی هەیە، مەسائیلی مێژوویی هەیە. ئێستاکە لەوانەیە بۆچوونی هەندێ برادەر لەمەڕ قەلا جیاوازی لەگەڵ بۆچوونی برادەرێکی تردا هەبێ، باشە ئێمە لە بارێکی تایبەتدمەند مەسائیلی ئەمنی هەیە وهەموو دونیاش ئەوە ئەزانن مەسائیلی ئەمنی عادەتەن دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە ناحیەو قەزاو پارێزگاکان راستەوخۆ بەرپرسن لەو مەسائیلانە، لەوانەیە تەصمیمێک یاخود هەندێک پرۆژە بکرێ لایەنی ئەمنی تێدا بێ ئەمڕۆ ئێمە سوودی لێ وەرنەگرین لە بەرژەوندا نەبێ بەلام لەوانەیە سبەی ئەو بارودۆخە بگۆڕێت لە بەرژەوەندی دا بێ، بۆیە لە راستیدا ئەگەر بۆچوونی برادەران بەو شێوەیە بێ چ کێشەیەکی وا دروست ناکات، بەپێچەوانەوە وەکو کاک فەرسەت وتی ماوەکەش کەم کراوەتەوە لە(٦٠) بۆ (١٥) رۆژ، کاک محەمەد حەسەن دوایین کەسە بۆ ئاخافتن پاشان گفتوگۆی بابەتەکە کۆتایی پێ دەهێنین وئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دێین دوو دەق دەخوێنینەوە برگەی(أ) یان برگەی(١) لە مادە(٢٥)ی یاسای ژمارە(٦) دەڵێت (على المجلس ان يعلن بالطرق المتيسرة التصاميم الاساسية المعدة من قبل التخطيط العمراني لاطلاع المواطنين وذوي العلاقة الى آخرا لمادة من خلال مدة (٦٠) رۆژ، دێینە سەر مادە زیادەکە(تكون قرارات المجلس التي تتعلق باعداد التصاميم الاساسية والتفصيلية وتعديلها

والغائها) ئەو هەمواركردن وهەڵوەشاندنەوە لە بنەڕەتی مادەكەدا هاتووە نەهاتووە ئەوە پەیوەستە بە هەمـواركـردن وهەڵوەشـاندنەوەی تەصـمـیم لە بنەڕەتی مـادەدا نەهاتووە، ئەو هەمـواركـردن وهەڵوەشـاندنەوە لە زیادە هاتووە (بتعدیل التصمیم بالاساس والغاء التصمیم الاساسي) ئـەو مادەیە بۆ ئەم دوو بڕگەیە هاتووە لەماوەی(١٥) ڕۆژ دەسـەڵاتی بەڕێوەبردن مـافی هەیە لەبەر ئەوە پەلە لەكارەكە بكرێت، هەڵوەشاندن وهەمواركردنەكە بۆ ئەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

برادەرانی لیژنەی یاسا وابزانم لەو ڕەئیەن كە ئەو بڕگەیە زیادە كراوە پەیوەندی بە بڕگەكانی ترەوە نییە، لەبڕگەكانی تردا ئەو مافانە دەستەبەر كراوە بەمافی خەڵكیشەوە، فەرموو مەلاهادی.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر كـوێخـا:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

برادەرانی لیـژنەی یاسا بڕگـەی(١) كـیـان كـردۆتە بڕگـەی(٣) مـافی هاووڵاتیـان و خـەڵكانی پیـوەندیدار سـوتا، لێرە هیـچ هاووڵاتیـەك یان كەسانێكی پەیوەندیدار مـافی نەما ڕەخنە بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

تكایە جـارێ مـۆڵەت بدە، كـاكـەڕەش ئەگـەر زەحـمـەت نەبێ مـادەكـە هەمـووی بخـوێنەوە بەو هەمواركـردنەشەوەو یەك لەدوای یەك، تكایە هەمـوو ئەندامـانی پەرلەمـان گـوێ بگرن بایەك لای بكەینەوە.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

ثانیاً: وظائف المجلس: المادة الخامسة والعشرون:

١-أ- علی المجلس ان یعلن بالطرق المتیسرة التصامیم الاساسیة المعدة من قبل التخطیط العمراني لاطلاع المواطنین وذوي العلاقة والدوائر وغیرها علیها خلال مدة ستون یوماً من تأریخ الاعلان وتقبل الاعتراضات والاقتراحات التي تقدم بشأنها خلال المدة المذكورة الی المجلس.

ب- اما بالنسبة للتصامیم التفصیلیة والمعدلة والافرازات فتعلن لمدة ثلاثون یوماً وباتباع نفس الطرق الواردة في الفقرة (أ) اعلاه.

فقرة(٢) علی المجلس دراسة الاعتراضات والاقتراحات المقدمة ان وجدت وفي حالة رفضها أو قبولها یجب ان یعزز القرار بأسباب معقولة وفي كل الاحوال یرفع المجلس هذه التصامیم مع الاعتراضات والاقتراحات المقبولة والمرفوضة الی مدیریة التخطیط العمراني خلال أسبوع من إنتهاء الاعلان بتعدیل التصمیم علی ضوئها أو إقرارها.

٣- تكون قرارات المجلس التي تتعلق باعداد التصامیم...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە زیادەکەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە زیادەکەیە، بڕگە(٣)یە: تكون قرارات المجلس التي تتعلق باعداد التصاميم الاساسية والتفصيلية وتعديلها والغائها وتقسيم المدينة الى مناطق سكنية وتجارية وصناعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(عمرانية) یان (سكنية)؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ عمرانیەکە نەهاتووە لە چاپەکە جێی بەتاڵ ماوەتەوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بخوێنەوە وەکو خۆی چۆنی ئەخوێنیتەوە با بزانین.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مناطق عمرانية وسكنية) خۆی (عمرانية) خاڵ (سكنية، تجارية، صناعية) چونکە (عمرانية) ئەو سێیە دەگرێتەوە(سكنية، تجارية، صناعية خاضعة للاعتراض من قبل السلطة الادارية خلال خمسة عشر يوماً ومن تأريخ وصولها اليها وترفع الاعتراضات الى الوزارة للبت فيها).

٤- تكون التصاميم نافذة المفعول من تأريخ مصادقة الوزير عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا لێرە من دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەو خاڵەی(١)و(٢)روونە لەو مەسائیلانەی کە ئێستا گفتوگۆی دەکەین چ ڕەخنەیەک لەسەر بڕگەی چوار هەیە جگە لەو(١٥) ڕۆژە کە بۆ ڕەخنە داندراوە؟ چ کێشەیەکی تر هەیە لەو بابەتە کەس دەیەوێ قسەبکات؟ کاک سەفەر، کاک مامەند ئاغا، کاک سەعید یەعقوبی، کاک سیروان کاکەیی، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئێستا باش تێ نەگەیشتووین تۆ لەگەڵ کاک محەمەد روونت کردەوە، باسی هەموارکردن کرا، هەموار لە بنچینەی مادەکەدا هەیە، هەموار لە چێوە(تعديلها والغائها وتقيسم المدينة الى مناطق سكنية وتجارية وصناعية) ئەوە هەمووی زیادەیە. لە دواتر وای تێگەیشتین کە ئەو بڕگە زیادەیە بنەڕەتی مادەشی هەمواری کردووە، هەموارو هەڵوەشاندنەوەو بەش کردن ئەوە هەمووی لە مادەی بنەڕەتیدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داواکاریت چییە ئێستا کاک سەفەر؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕوونکردنەوە، ئێستا هاودژی هەیە لە مەسەلەکەدا، ئەو بڕگەیە زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هاودژیەکە چییە ؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕگەی تازە کە مەلا هادی گوتی، مافی ڕەخنەی هاوولاتیان نە لەهەموارکردن و نەلە هەڵوەشاندنەوەدا نەما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن ئەمە پەیوەستە بە هەندێ لایەنی تەکنیکی و نەخشەی عمرانی و شتی ترەوە، واتە تەصمیمی شتێ ئەکرێت یان هەموار ئەکرێت یان هەڵدەوەشێندرێتەوە لەمە زیاتر هەیە؟ باشە ئەمە لە بڕگە(١)و(٢)ی مادە(٢٥) نەهاتووە، ئەوەی من دەی بینم لە(ب) سەبارەت بە (للتصاميم التفصيلية والمعدلة) هەموار واتە چی؟ هەموارە یان زیادەیەکی ترە یان هەڵوەشاندنەوەیە؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموار هەڵوەشاندنەوە ناگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە ئێستا ئەگەر بمانەوێت پارچە زەویەک هەموارکەین چی لێ ئەکەین؟ یا تۆزێکی لێ ئەبڕین یان تۆزێ ئەدەین بە دەمیەوە، زیاتر هەیە؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الغائها - مناطق تجارية وصناعية) ئەو بڕگەیە لابدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لاماندا چی لێ بکەین، شتێ نەخەینە جێگای؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ گرنگ ناوەڕۆکە لە مادە، تۆ ناوچەیەکی بازرگانی بکەیە پیشەسازی یان پیشەسازی بکەیە

بازرگانی ئەوە زۆر گرنگە لەبەر ئەوە....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەموارکردن نییە، واتە ئەمە چییە؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەتوانی هەمواری بکەی وئەتوانی هەڵیشی بوەشێنیتەوە، واتە بازرگانی بکەیە عادی، کشتوکاڵی بکەیە عادی وەهەروەها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کاک مەلا هادی نازانم بۆ وا لە بابەتەکە گەیشتووە، ئێمە وەکو لیژنەی کارگوزاری نەمان گوتووە مادە هەموار بووە، یان مادە گۆڕاوە وەکو لیژنەی یاسایی دەڵێ زیادەی مادە کراوە واقعی وایە ئەو مادەیە زیادە کراوەتە سەر ئەو مادانەوە، لە واقع دا ئەگەر زیادەکەش نەکرێت هەمان دەسەلات وهەمان توانایان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٦٠) رۆژیشە؟

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٦٠) رۆژیشە ئەگەر نەشکرا بایە، بەڵام کردنەکەی تەئکیدە بۆ ئەوەی کە دەسەلاتی بەڕێوەبردن بەدڵنیایی ئەو شتەیان بدرێتێ جا ئەگەر ببێ هەر باشەو ئەگەر نەشبێ هەر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پانزە رۆژەی کە هاتووە کە داوا کراوە هەموار بکرێت سەبارەت بە تەصامیمی بنەرەتی دەڵێ مافی رەخنە هەیە بۆ فەرمانگەو بۆ خەڵک لە ماوەی(٦٠) رۆژدا بۆ تەصمیمی تەفصیلی، مافی رەخنە هەیە لە ماوەی(٣٠) رۆژ بۆ فەرمانگەو بۆ کەسانی پەیوەندیدار، فەرمانگەکان دەسەلاتی بەڕێوەبردن دەگرێتەوە، باشە مەعقولە دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە برگە(١) لە مادە(٢٥) لە ماوەی(٦٠) رۆژدا مافی رەخنەی هەبێت، لە برگە(٢) لەو ماوەیە سنووورداری کەین، لە ماوەی(١٥) رۆژەکە؟ مادەیەکی یاسای کە دادەڕێژرێ پێویست وایە هاودژی تێدا نەبێت

پابەندی تێدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە جەنابت ڕەخنەت لە (١٥)ڕۆژەکە هەیە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، خۆی(٦٠) ڕۆژ و(٣٠) ڕۆژ بوو، (٦٠)ڕۆژ بۆ بنەڕەتییە، (٣٠) ڕۆژ بۆ تەفصیلیە، لێرە سنوورداری کردووە بە(١٥) ڕۆژ، واتە پێویست وایە یان(٣٠) بێت یان(٦٠) بێت چونکە لەسەرەوە هاتووە دەڵێ (لذوي العلاقة والدوائر) فەرمانگەکان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من زیادکردنی ئەو برگەیە هیچ زەرەرێکی تێدا نییە، چونکە یەکێ لە ئیشەکانی ڕۆژانەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ڕوو بەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ سکاڵای هاووڵاتیاندا واتە خەڵک دێتە پارێزگا، دێتە لای قائیمقام، دەچێتە لای بەڕێوەبەری ناحیە سکاڵای خۆی دەکات ئەگەر کێشەیەکی وای ڕوو بەڕوو بۆوە، مافی پای ماڵ کرا لە حاڵەتێکی وادا دەچێ سکاڵا لای پارێزگار دەکا، واتە مانەوەی ئەو برگەیە پاڵپشتییەکە بۆ هاووڵاتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مەلا محسن.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکاری خەڵک وهاووڵاتیان بە ڕای من لەبەرچاو بگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەسیفەتی ئەوەی لە لیژنەی باڵا بووم لە وەزارەت، داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر روونکردنەوەئەدەم. ئەو شتە لەگەڵ دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا جیاوازیەکی زۆری هەیە.. ئەو هەر فەرمانگەیەک بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی نارەزایی نیشان دەدا، بۆ نموونە فەرمانگەی کارەبا ڕەخنە دەگرێ، بەڕێوەبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆکان ڕەخنە دەگرێ، ئەوانە هەر یەکەو بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی ڕەخنە دەگرێ. جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕەخنەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا. ڕەخنەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن گشتگرە، لایەنی سیاسی تێدایە، لایەنی دارایی وئابووری تێدایە، لایەنی

تەكنیكی تێدایە، واتە ئەوە دوو شتی جیاوازن دوایی باقی شتەكانی تر ڕێچكەی یاسایی خۆی گرتووە، ئەوە شتێكی زیادە لەسەر ئەو شتانەی كە كرا، بەڵام ئەوە لە كردارەكە كەم نەكراوەتەوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس. كاك یۆنادەم چ زیادەیەكت لەسەر ئەوە هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەشێوەیەكی گشتی قسە ئەكەم، جێگای داخە، ئێمە لێرە نابێت وای بۆ بچین كە گوایە بەرەو دكتاتۆریەت دەچین وپەرلەمانتاران لەگەڵ ڕژێم بۆیان زیاتر دیموكراتیخوازن لە برادەرانی حكومەت. ئێمە یەك گروپین، كە ئیش چۆن رێك بخرێ فەرمانگەی پەیوەندی تایبەتی كارەبایە، ئاوە، تەلەفۆناتە، فلانە، ئەوان لە ئەنجوومەنی شارەوانی شوێنیان هەیە ولێ دەتۆژنەوە شتێ ئەكەن، بەڵام پارێزگار ئەندام نییە لە دەستەی بەڕێوەبردن یان وەزیر ئەندام نییە لەوێ تا بزانێ سیاسەتی گشتی دارایی حكومەتی هەرێم چییە؟ فەرمانگە تایبەتمەندەكان نازانێ چییەو چەندە؟ جگە لەو هۆیانەی تر هەر ئەوەیە بۆ بەهێزكردنی ئەو داڕشتنەو بە باشی بەڕێوەبردنی ئیشەكانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس كاك یۆنادەم. فەرموو كاك حسێن وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

مۆڵەت بدەن بەكورتی باسی وەزارەتی شارەوانیەكانتان بۆ بكەم. دروشمێكمان هەیە لە وەزارەت ئەڵێ:(تحسين الاداء الاداري والخدمي والمالي) لە ماوەی ئیشی ڕۆژانەی وەزارەتدا ئێمە ئەبینین كە راوەرگرتن وهەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن جێبەجێ كردن وپیادەكردنی ئەو دروشمەیەو ئیش وكارەكان باشتر ئەكات، راپەڕاندنی كاری بەڕێوەبردن وخزمەتگوزاری ودارایی وئابووری باش دەكات) وپێمان زۆر گرنگە كە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن رەئی خۆیانیان هەبێ وراوەرگرتن وهەماهەنگی لەگەڵیاندا بەردەوام بێت وئێمە دوو حكومەتی جیاواز نین، یەك حكومەتین تەواوكەری یەكترین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی گفتوگۆ كرا، ئێستاكە ماوەتەوە دوو ڕای، بەشێك لە برادەران وای بۆ دەچن ئەو مادەیە زیادە نەبێت، بەشێك لە برادەران بە پێویستی ئەزانن هەبێت. پێشنیاری یەكەم ئەخەینە دەنگدانەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو مادەیە، واتە زیاد نەبێت، كێ لەگەڵە؟.. سوپاس. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادەكە ئەمێنێتەوە..، ئەو مادەیە داوای هەمواركردنی ئەكرێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێت كە خوێندرایەوە؟..

سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟..ئەمەی کە خوێندرایەوە هەمواره زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ هەموارەکەن، بەڵام ئەو هەمواره وەکو خوێندرایەوە ئێستاکە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان هەموار بکرێت ئێمە ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاکەڕەش بەردەوام بە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثامنة: تعدل الفقرة الاولى من المادة الرابعة والثلاثين وتكون كالآتي:

١- تكون قرارات المجلس في استعمال وظائفه المنصوص عليها في هذا القانون والتي لاتتطلب صرف مبالغ من البلدية قابلة للاعتراض خلال خمسة عشر يوماً من قبل الوزير او السلطة الادارية اعتباراً من وصول القرار اليها وللوزير حق توقيف تنفيذ هذه القرارات لمدة لاتتجاوز خمسة عشر يوماً لغرض دراستها وتقدير ما يلزم بشأنها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی خزمەتگوزاری چ تێبینیتان نییە؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لاریمان نییە بەڵام یەک بڕگە بگۆڕێ کە دەڵێ:(خلال خمسة عشر يوماً من قبل الوزير أو السلطة الادارية) بکرێتە یان وەزیر یان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن هیچ مەعقوول نییە دەسەڵاتی وەزیر وەکو دەسەڵاتی ـ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ـ بێت لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لێکدراوەتەوە بە قائمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە وپارێزگار، واتە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ناحیەکە نەیەتە تەرازووی وەزیرێک، جا یان ئەو بێ یان ئەو بێ، نووسراوە(من قبل الوزير أو السلطة الادارية) رای ئێمە وایە یەکێکیان نەبێ، جا کامیان رێک کەوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا ئەگەر چ روونکردنەوەیەکیان لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێمان باشە هەردووکی وەکو خۆی بمێنێ لەبەر یەک شت، چونکە وەکو بەڕێز مەلا هادی فەرمووی ئەگەر یەکیان بیکەینە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن مانای ئەوەیە مافی وەزیر ناهێڵین. ئەمە لەو حاڵەتەی کە ئەنجوومەنی شارەوانی بریارێک بدا. ئەگەر بشی دەینە وەزیر لەوانەیە بریارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی لە هەندێک ناوچەی دوور نەگاتە دەست وەزیر بۆ رەخنەگرتن، واتە ئیشەکە تەواو نابێ لەبەر ئەوە ئەو بوارەمان داوە هەردووکیان کە مافی ئەو رەخنەیەیان هەبێ وهەر وەزیریش بەتەنیا

مافی راگرتنی هەبێ، تەنیا هەر رەخنەکەش پێشکەشی وەزیر دەکرێ، شتەکە بگاتە وەزارەت بۆ ئەوەی بزانین رایبگرێ یان رای نەگرێ، مانەوەی هەردووکیان چ زەرەری نییە ومانای ئەوەش نییە لە تای تەرازوویەک داندراون، تەواوکەری یەکترین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەک ئیلتباسی گچکە دەبینم ئەگەر مۆڵەت هەبێ، ئەو رەخنەی وەزیر کە هەیە لە ئەنجامی کۆتایی مافی راگرتنیشی هەیە ئیتر بۆ مافی رەخنەگرتنی پێش وەخت پێ دەدەن؟ واتە لایەنی یاسایی بۆمان راڤە بکەن مادام ئەو بتوانێت رای بگرێ بۆ هەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەکە رەخنەنەگرێ؟ وئەگەر وەزیر پەسەندی کرد رەخنەکەی قبووڵ بکات، ئەگەر زانی باش نییە رای بگرێت، چونکە خۆی مافی راگرتنی هەیە. لە بنەڕەتدا ئەتوانێ رای بگرێ ئیتر بۆ ئێمە ئەو تێبینیە رەچاو نەکەین! کاکە محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەخنەگرتن لای وەزیر چ ئەبێت؟ ئەو بریارەی ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵەی مادی یان هەڵەی دی هەبێت دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ ئەوەی چاوی پێ بخشێنێتەوە، هەڵەکەیش لەوانەیە رابگەیەنێ جەنابی وەزیر یان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بەڵام ئەگەر ئەو رای گرت لەوانەیە هەمان وەزارەت خەتاکەی بکەوێتە ئەستۆ، واتە بریارەکەی هەموو هەڵدەوەشێندرێتەوە. مانای ئەوەیە ئەنجوومەنی شارەوانی لەم حاڵەتەدا ناتوانێ بە بریاری خۆی چاو بخشێنێتەوە، بەڵام رەخنە لەسەر هەڵەکە، لەسەر بەشێک لەو بریارە دەگرن دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی، ئەنجوومەنی شارەوانی چاو بەو بەشەدا ئەخشێنێتەوە کە وەزارەت یان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن تەماشای کردووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر شتێک رابگرێ دەبێ رەخنەیەکی لەسەر هەبێ، چونکە هەر لە خۆڕا راگرتنی بریار هەر مەعقوول نییە، وەزیر بریاری پێشکەش دەکرێ راستە ئەمە رەخنە لە بریارەکە دەگرێ دەڵێ رەخنەم هەیە لەسەر ئەوبریارە لەبەر ئەوە بریارم دا رامگرت، واتە راگرتن نابێ بەبێ رەخنەگرتن، بریارەکەی رەخنەکەی روون دەکاتەوە، ئەوجا رای دەگرێت، بۆیە وشەی رەخنە(أعتراض) بەکار هاتووە بەتەنیا، بەو واتایەی ئەنجوومەنی شارەوانی وەکو برادەران باسیان کرد هەڵبژێردراون، هەر لە گۆڕێ بریارەکەی راگرت بەبێ پاساو مەعقوول نییە بۆیە ئیشەکە وا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. تەنها ئەو روونکردنەوەیە بوو ئێستاش کێ دەیەوێ لەسەر ئەو مادەیە قسە بکات ناوەکان ئەنووسین. کێ موداخەلەی هەیە؟ تەنها کاک شێخ رەقیب وکاک بورهان جاف وکاک د. ناسح وکاک سەعید یەعقوبی، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز شێخ ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەبینم(تکون قرارات المجلس في «استعمال») بکرێ بە(اداء)، چونکە وشەی (اداء) جوانترە لە وشەی(استعمال)، دووەمین شت (وظائفه المفروض) بوەتە(المنصوص عليها في هذا القانون) وئەو ئیعتیبارەش مافی (توقيف تنفيذ)ی ئەو بڕیارانە، چونکە وشەی(توقيف) زۆر لای من گونجاو نییە (ايقاف تنفيذ هذه القرارات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دوو سێ وشە با بڵێین هەڵەی چاپە زۆر سوپاس بۆ کاک شێخ. کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مامۆستا مەلا هادی ئاماژەی بۆ کرد ئەو مافە دراوە بە وەزیرو بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، جا مافەکە بدرێ بەیەکیان، بە رای من چاکترە بدرێ بە وەزیر چونکە لە کۆتاییشدا جەنابیشتان ئاماژەتان بۆ کرد کە وەزیریش ئەتوانێ راپەڕاندنی ئەم بڕیارانە رابگرێ، جا هەردوو شتەکە مافی رەخنەگرتن ومافی راگرتن هەر بدرێ بە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە پێشنیارەکەت دیاری بکە کامیان؟

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر بەتەنها مافی رەخنەگرتنی هەبێ چونکە لەکۆتایشدا هاتووە (وللوزير حق توقيف) هەر چەندە مامۆستا شێخ رەقیب ئاماژەی بۆ کرد راگرتنی یاسایە نابێ وشەی راگرتن بەکار بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەتۆ گوتت (للوزير حق الاعتراض) ئیتر چ رابگرێ؟

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە مافی هەبێ رەخنەش بگرێ وراشی بگرێ بۆ نموونە(ايقاف تنفيذ القرارات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پێشنیاری جەنابت ئەوەیە مافی رەخنەگرتن لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی تەنها بدرێتە وەزیر سوپاس، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا من ئەبینم وشەی رەخنەگرتن بۆ وەزیر هەر زیادە، واتە لە جێگای خۆیدا نییە، ئەو

رەخنە گرتنە تەنها بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بمێنێتەوە، چونکە لە کۆتاییدا (وللوزیر حق توقیف تنفیذ هذه القرارات) هەیە پێویست بەو رەخنەگرتنە ناکات، بەڵام من تێبینیەکم هەیە دەربارەی رەخنەکانی لیژنەی خزمەتگوزاری پێش ئەو مادەی کە ئێستا رۆیی. برادەرانی لیژنەی خزمەتگوزاری هەر هەموویان بەتێکڕا دەنگیاندا دژی هەمووارکردنەکە بوون، بەڵام لەکاتی هەمووارکردنەکەشدا هەر دەنگیاندایەوە بەتێکڕای دەنگ دەرچوو مانای ئەوەیە ئەو هەموو گفتوگۆیانەی کە ئێمە کردمان بێ سوود بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە حەق نییە ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە گومان بکەن، ئەندامی پەرلەمان ئازادە لەو کاتەی گفتوگۆ دەست پێ دەکات هەتا ئەو ساتەی دەنگدان دەکرێ و دەنگ ئەدا، بیروڕای ئەگۆڕێ لەسەر بابەتێک کە گومانی هەیە دوا سات دەنگدانە ئەو ئازادە، لەگەڵە یان لەگەڵ نییە. دژە، یان دژ نییە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو دەنگدان دراوە هاودژی یەک بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەوان ویستیان ئەو برگەیە هەڵگرین زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بوون بمێنێتەوە ئێمە دەنگدانێکی ترمان کرد گوتمان هەموار بخەینە سەر هەموارەوە، ئەوان لەگەڵ هەموار نەبوون لەسەر هەموار ئەوان لەبنەڕەتدا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە بوون، واتە مافی خۆیانە، ئەوە مافێکی سروشتیە، ئەندامی پەرلەمان ئازادە چۆن دەنگ دەدات، کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو تێبینییەی شێخ رەقیب لە جێگای خۆیایەتی، ئێمەش پشتگیری ئەکەین کە هەموار بکرێ. سەبارەت بە رەخنەگرتنەکەش ئەو برگەیە من حەز دەکەم ئاماژەی پێ بدەم بۆ ئەو حاڵەتە ئەو بڕەپارانەی لە شارەوانی تەرخان ناکرێ، واتە یان خەرج ناکرێ بۆ ئەو حاڵەتە، جا لەبەر ئەوە وەزیر بۆی هەیە رەخنەبگرێت، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بۆی هەیە رەخنەبگرێت، راگرتنەکەش لە دەسەڵاتی وەزیرە نەک دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، وەکو خۆی کە هاتووە ئەوها بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەگەر کاک حسێن چ تێبینییەکی نییە وەکو وەزیری شارەوانیەکان، کاک فرەنسۆ دواکەسە کە بدوێ، فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری قسەکانی کاکە د. ئیدریس ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نموونەیەکی بچوک دێنمەوە، شارەوانی(کانی ماسی) شتێکی کرد با کاک عەبدولعەزیز لەوێ نەبێ کاک مەلا هادی پارێزگاری دهۆک بێ، ئایا کاک مەلا هادی کە نزیکی کانی ماسیەو کە رۆژانە بەڕێوەبەری ناحیە ئەبینێ وقائمقام ئەبینێ و باشتر شارەزایە کە رەخنەبگرێت، یان خەڵکی تر؟ اتە هەندێ شت کە گفتوگۆ دەکرێ با هەموومان، سەرەتا لە خۆمەوە، نەختێک واقیعی بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی خزمەتگوزاری یەک خاڵە: ئەڵێن ئەو رەخنەگرتنە یان بدرێ بە وەزیر یان بدرێ بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بە ئیعتیبار وەزیر دەرئەنجامەکەیە. ئەوان تەنها ئەو تێبینیەیان هەیە، هەر بۆ زانینی برادەران. ئێستا لیژنەی یاسا روونکردنەوەیەکیان هەیە بەڵام با کورت بێ چونکە شتەکە روونە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری کاک شێخ رەقیب لە جێی خۆیایەتی، (تکون قرارات المجلس في استعمال) ئێمەش گوتوومانە(المنصوص عليها) وابزانم کاکەڕەش وای خوێندەوە(استعمال) بیکەینە (اداء)جوانترە لە(استعمال)، (توقيف)یش بکرێتە (ايقاف) پشتگیری ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە یەک بابەت ماوەتەوە بۆ ئەوەی یەک لای بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو مافە بدرێ بە وەزیر یان بدرێ بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، پێشنیارێک هەیە ئەڵێ ئەو مافە بدرێ بە وەزیر، فەرموو کاک کانەبی.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەباشی ئەزانم (قابلة للاعتراض خلال خمسة عشر يوماً من قبل الوزير) ئەوە لابرێ ئەو وشەیە ئەو دەستەواژە (من قبل السلطة الادارية اعتباراً من وصول القرار اليها وللوزير حق ايقاف تنفيذ هذه القرارات لمدة لاتتجاوز خمسة عشر يوماً لغرض دراستها) و(تقدير مايلزم بشأنها) واتە وشەی(تقدير) لە جیاتی(تقرير)، دوای رەخنەگرتنەکەش لەسەرەتا بۆ وەزیر نەمێنێ بۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

وشەی رەخنەگرتن بۆ وەزیر لەدێری (دوو) ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە چونكە پێشنیارێک هەیە كە ئەوە لابرێ، واتە وشەی وەزیر نەمینێ لێرە هەڵگرین بە ئیعتیبار لە كۆتایی رستەكەدا ئەو مافە دراوە بە وەزیر بۆ راگرتن و ئەو شتانەیە. كێ لەگەڵ ئەوەیە وشەی وەزیر لە دێری(دووەم) هەڵگرین تەنها دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بمێنێتەوە؟.. سوپاس. كێ لەگەڵ نییە؟.. مانای ئەوەیە وشەی وەزیر هەڵدەگیرێ چونكە زۆربەی لەگەڵ ئەوەیە كە وشەی وەزیر هەڵبگیرێ، ئەوە پەسەندكرا، سوپاستان ئەكەین. مادەكە پاش ئەو هەمواركردنانەی كە خرایە سەری دەیخەینە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەكەین. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەو مادە چاپ نەكراوە:

المادة التاسعة: تعدل الفقرة الخامسة من المادة الثامنة والثلاثون وتكون كالآتي:

تستثنى القطع السكنية للبلدية من قانون بيع وأيجار اموال الدولة النافذة.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ بڕگە بنچینەییەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی برادەران ئاگاداربن لەسەر ئەوەی زیاد دەكرێت لە(المادة التاسعة) كە لە چاپ دەرنەچووە(تعدل الفقرة الخامسة من المادة(٣٨) وتكون كالآتي) بەڵێ ئێستا مادەكە ئەخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بڕگە پێنج لە مادە بنەڕەتیەكدا دەڵێ: (تستثنى العقارات البلدية عدا ما خصصت منها لاغراض السكن من قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذة).

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

تكایە جارێكی تر بە وردی گوێ لێ بگرن..

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

تستثنى عقارات البلدية عدا ما خصصت منها لاغراض السكن من قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذة. هەموارەكەی(تستثني القطع السكنية للبلدية من قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذة).

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

تكایە بۆمان روون بكەوە ئەو هەموارە چییە كە هاتووە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە دەقەکەی کە لە یاسا بنەڕەتییەکەدا هاتووە دەڵێ:(تستثنى العقارات البلدية عدا ما خصصت للاغراض السكنية) واتە لێرەدا هەموو خانووبەرەو زەویەکانی نیشتەجێ وئەوانەی شارەوانی هەمووی(أستثناء) ئەکرێن لە یاسای (بيع وايجار اموال الدولة عدا الاراضي السكنية) کەچی لەبنەڕەتەوە مەبەست لە مادەکە ئەوەیە ئەو زەویانەی کە شارەوانی تەرخانی دەکات بەمەبەستی نیشتەجێ کردن ئەوە ببوردرێن لە فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکی دەوڵەت، چونکە ئەگەر ئەوە نەبێ بۆ نموونە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار ئەدات زەوی دابەشی سەر مامۆستایان بکات ئەنجوومەنی شارەوانی تەرخانی ئەکات ئەگەر ئەو دەقەی تێدا نەبێ دەبێ ئەو زەویانە هەموو بە مەزاد بکردرێ کەچی لەبنەڕەتەوە ئەو جۆرە زەویە (أستثناء)کراوە، تەرخان ئەکرێ ئەوە لەوێ دەبوردرێن و وشەی(عقار)یشمان لابرد لەسەر ئەو بنەمایەی خانووش ئەگرێتەوە بۆ ئەوەی خانوو ئەوها تەرخان نەکرێ، خانووش هەر یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی موڵکی دەوڵەت بیگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی خزمەتگوزاری ئەگەر شتێکیان هەیە لە بارەی ئەم بابەتەوە با بفەرموون.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەم هەموارکردنە بەڕاست وپەسەند دەزانین، بەڵام بڕگەیەکی زیادمان هەیە لەسەر بڕگە پێنج کە دەڵێ: (تستثنى القطع السكنية للبلدية من قانون بيع وايجار اموال الدولة«عدا القطع الركنية والمتميزة») ئەو دوو وشەیە زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێکی تر، زیادەی چی بکرێت؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(عدا القطع الركنية والمتميزة) دەسەڵاتی ئەوە نییە(أستثناء) نەکرێت لە یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی موڵکی دەوڵەت، بڕگەیەکی تریشمان هەیە زیادە ئەڵێ: ئەگەر ئەوە نەبێ مادەکە بەو شێوەی خوارەوە دەبێ لە جیاتی بڕگەی پێنج (لرئيس مجلس الوزراء بهدف تنفيذ السياسة الاسكانية في اقليم كوردستان بيع الاراضي المخصصة للاسكان الى مواطني الاقليم لذلك الغرض دون مزايدة علنية للذين لايملكون داراً أو قطع ارض سكنية لهم) ئەوە رای ئێمەیە ئەگەر بڕگەکەی تر نەبێ ئەوە لە جێگای ئەو دابندرێ واتە لە جیاتی بڕگەی پێنج لە یاسای(٣٨)، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

روونكردنەوەكە لەسەر ئەو مادەیە كە برادەرانی خۆمان ئاماژەیان بۆكرد. بێ شک لێ بەدەر كردنی پارچە زەوی روكن ومتمیز ئەنجوومەنی شارەوانی وەكو كۆدەبێتەوە بریار دەدا وتەرخان دەكات خۆی هەندێک پارچەی لێ بەدەر دەكـات، چونكە ئـەنجـوومـەنی شـارەوانی ئەو مـافـەی هەیە هەندێک پارچە زەوی نیـشـتـەجێ لێ بەدەر بكات لە تەرخـانكراوەكـە، مـانای ئەوەیە بنەمـای فـرۆشتن و مەزاتی لەسەر دەكات، چونكە لە بنەڕەتەوە تەرخان نەكراوە ئەوە لەلایەک، لە لایەكی تر سەبارەت بەوەی(لمجلس الوزراء بیع الاراضي الى الاشخاص) ئەوە پێویستە مەرجی هەبێت، دوایی بنەمای تەرخانكردن لەبنەڕەتەوە هەیە، چونكە لەیاسای شارەوانیدا ئەوە دەڵێت بۆ مەبەستی نیشتەجێ تەرخان بكرێ، واتە لەیاسای فرۆشتن وبەكرێدانی موڵكی دەوڵەت بەدەرە. لەبەر ئەوە پێویست نییە ئەودەقە بێت بڵێن(لمجلس الـوزراء) بەخۆی ئەو مافە هەیە، ئەنجوومەنی شارەوانی ئەو مافەیان هەیەو لەسەر داوای وەزیری شـارەوانیەكـان ئەو مافەی هەیە داوا بكات لەئەنجوومەنی شارەوانی بڵێ چەند پارچە زەویەكی نیشتەجێ كردن تەرخان بكەن بۆ مەبەستی نیشتەجێ كردن و بۆ فلانە توێژی كۆمەلایەتی، لەبەر ئەوە پێویست ناكات ئەو دەقە لەیاسادا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

زۆر سوپاس، هەمواركردنەكە لەیاسا بنەڕەتیەكەدا بەو شێوەیە هاتووە لە یاسای ژمارە(٦)ئەو پارچە زەویانەی كە تەرخان دەكرێ بۆ نیشتەجێ لەیاسای فرۆشتن وبەكرێدانی موڵكی دەوڵەت هەڵاوێردنەكراون ئەوەی داوا دەكرێ ئێستاكە لەلایەن وەزارەتەوە داوا دەكرێ تەنها ئەو پارچە زەویانەی تەرخان ئەكرێ بۆ نیشتەجێ كردن لەیاسای فرۆشتن وبەكرێدانی موڵكی دەوڵەت لێ بەدەر بكرێ، بەڵام لەیاسا بنەڕەتیەكەدا نەهاتووە، ئەو زەویانە بەدەرە لەم یاسایە، بەو یاسایەش وابزانم ئەبێت مەزات بكرێ، لێرە ئەو لێ بەدەركردنە تەنها بۆ ئەو پارچە زەویانەیە. بۆ ئەوەی روون بێت كە گفتوگۆی لەسەر دەكەن ،دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە بۆ ئەم برگەیە، كێ ئەیەوێ قسە بكات لەسەر ئەم بابەتە؟ كاک ئیبراهیم، كاک سەعید یەعقوبی، كاک كانەبی ئاغا، كاک شێروان حەیدەری، كاک د. ناسح، كاک یۆنادەم، كاک ئیبراهیم سەعید فەرموو..

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەگەر بە قورعە، ئەویش روكنێكی بەركەوێ، بۆ هەموو روكنی بدەیە خەڵک بەموزایەدە؟ واتە ئەو هاووڵاتیەی كە چاكەكت لەگەڵ كرد با باش بێت، بۆ ئەو پارچە روكنانەی لێ لاببرێ؟ هەر پێشتر لە كۆمەڵگاكانیش بەقورعە دەكراو مەبەستم بۆ لیژنەی كارگوزاریە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس كاک ئیبراهیم، فەرموو كاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لیژنەی کارگوزاری دەکەم دەربارەی زیادکردنی پارچە زەوی روکنی وموتەمەیز، هۆیەکەشی ئەوەیە هەموو کاتێک ئەنجوومەنی شارەوانی کە تەصامیم دادەنێ هەندێک شوێن بۆ ئەوە بە لا دەنێ دەیکاتە شەقام، دەیکاتە پرۆژە، گۆڕەپان، قوتابخانە، لەو حالەتەدا پێویستی بە ئیستملاکات دەبێ. باشە شارەوانی پارە لەکوێ دەهێنێ پارچەیەکی موتەمەیزی نەبێ، چونکە ئەگەر حکومەت خۆی دابەشی زەوی بکات بەسەر هەموو توێژێکدا کەس نایێ ئەو زەویە بکڕێ، لە ڕێنمایی شارەوانی دا هەیە دەڵێ پارچە زەوی روکنی موتەمەیز نافرۆشرێ هەڵدەگیرێ بۆ ئیستملاکات بۆ ئەوەی ئەرکی دارایی نەیەتە سەری، هەر زەویەکی دەفرۆشێ پارەی خەڵکی دەدات جێگایەکەی دەکاتە قوتابخانە یان خەستەخانە ئەویش هەر بۆ بەرژەوەندی گشتییە، من پێشنیارەکەم ئەوەیە پشتگیری قسەی لیژنەی کارگوزاری بکرێ زیادەی ئەو وشەیە بکرێت کە پارچەی روکنی وموتەمەیز لێ بەدەر بکرێت وئەو دەسەلاتەش دەبێ دیاری بکرێ، واتە ئەنجوومەنی شارەوانی دەبێ هەر پارچە زەویەکی روکنی وموتەمەیز لەلایەک دابنێ بەویستی خۆی دابەشی بکات، لەژێر رکێفی یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی موڵکی دەوڵەت بێ بفرۆشرێ بە مەزات زۆرترین پارە بکات ئەویش داهاتە بۆ گەنجینەی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید، فەرموو کاک کانەبی ئاغا.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بنەڕەتی مادەکە دیاری نەکردووە پارچەی زەوی نیشتەجێ بۆ چ مەبەستێک دەبێ، دەبێ بڵێ:(لاغراض توزيعها على المواطنين) ودەقی مادەکە بە رای من وای لێ بێ:(تستثنى القطع السكنية التي تخصص للتوزيع من قبل البلدية على المواطنين من قانون بيع وايجار اموال الدولة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر جارێکی تر دووبارەی بکەیتەوە..

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تستثنى القطع السكنية التي تخصص للتوزيع من قبل البلدية على المواطنين من قانون بيع وايجار اموال الدولة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک کانەبی، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شــێـــروان ناسح عــەبدوڵڵا حــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

بە رای من ئەو مـادەیە کـە لەو یاسـایە داهاتووە لە پەرلەمـان پەسـەند کـرا، ئەوە کـاتی خـۆی ئیلتیباسێکی تێدابوو. خۆی ئەو دەقە کە ئێستا پێشنیارە ئەوە دەقە راستیەکەیە، ئەوە تێبینی یەکەم. تێبینی دووەم سەبارەت بە پارچە زەوی روکنی و موتەمەیز هەروەکو بەڕێز کاکەڕەش گوتی ئەوە لە شارەوانیەوە بە بڕیارەکانی تەشریعی جائیز نییە بفرۆشی هەتا ئەنجوومەنی شارەوانیش دەسەڵاتی ئەوەی نییە، بڕیارەکانی تەشریعی دەرچووە لەسەر سەرجەمی عێراق شارەوانییەکان مافیان نییە پارچەی روکنی و موتەمەیز بفرۆشن وتەرخان بکەن بۆ هاووڵاتیان، بۆیە بە رای من پێشنیارەکەی برای بەڕێزم کاک مەلاهادی کە سەرۆکی لیژنەی کارگوزاریە لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئەوە بەپێی یاسا چارەسەر کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

من یەک تێبینیم هەیە، ئێمە ئەم یاسایەمان دەرکردووە وابزانم لە برگەیەکی دا هەیە هەر چ مادەیەک یان یاسایەک هاودژ بێ لەگەڵ ئەو یاسایە نابێ کاری پێ بکرێ، لەوانەیە لەو روانگەوە ئەوان بیری لێ ئەکەنەوە بەو ناوەی ئەوە ئێستا(نافذ المفعول) ـە هەر مادەیەک لەیاسای تر ئەگەر هاودژ بوو لەگەڵ ئەم مادەیەدا ئەوە کاری پێ ناکرێ، لەوانەیە بیر لەمە کرا بێتەوە ئەوە تەنها بۆ تێبینیە، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێـز د.نـاسح غـــــەفـــــور رەمــــــەزان:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

بەقەناعەتی من ئەوەی کە ئێستا هاتووە لەم مادەیەدا (تستثنى القطع السكنية للبلدية المخصصة لاغراض السكن من قانون بيع وايجار اموال الدولة) پڕ بەپێسێتی هیچ پێویست بە روونکردنەوە ناکات، پشت بەو روونکردنەوەیەی کە کاک ئیبراهیم کردی، ئەوهایە، واتە پێویست بەوە ناکا دەقێکیش هاودژ بێ لەگەڵ ئەمە ئەمیان ئەخوا نەک ئەوی تر، واتە ئەمە مانای ئەوەیە پارچەی روکنی وموتەمەیز کە دابەش ئەکرێت ئەدرێت بەفەرمانبەر، کە مووچەکەی ئەمرۆ(٣٥٠)دینارە ناتوانێ پارچەی روکنی متەمەیز بکڕێ، واتە ئەو پارچە روکنیە متەمەیزانە ئەدرێ بە کابرایەکی دەوڵەمەند پوارەدار دێت ئەو پارچانە ئەکرێت ئەکەوێتە ناو مامۆستایان وفەرمانبەران ئەو خەڵکەی کەوا زەوی نیشتەجێ بەسەر دابەش ئەکرێ لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەم مادەیە وەکو خۆی بەم شێوەیە بمێنێتەوە و هەر دەقێکیش هاودژی بێ بەبڕوای من ئەو دەقە ناخوا ئەمە ئەخوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا ئەگەر شتێکیان هەیە با کەرەم کەن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان شارەوانی هەندێ ئیش وکاری هەیە، زۆر جاران لەوانەیە ئەوەی لەشارەوانی ئیشی کردبێ بزانێ، بابەتی ئیستملاکاتیان هەیە، زۆر جاران هەیە لە ناو زەوی نیشتەجێ کردن پارچەی روکنیان هەیە یان پارچەی موتەمەیزیان هەیە ئەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی لێی بەدەر دەکەن جاری یەکەم دابەشی ناکەن، چونکە پێویستیان بە ئیستملاکات هەیە، بۆ نموونە لەناوچەیەک زەوی خەڵک ئیستملاک دەکەن ئەو زەوییەی لەجیاتی دەدەنێ، چونکە ئەویش هەر بۆ مەبەستی نیشتەجێیە ئەوە لەسەر گەنجینەی شارەوانی و لەسەر شارەوانی زۆر کەم دەوەستێ، لەبەر ئەوەی شارەوانی خۆی دابەشی دەکات مافی هەیە لێ بەدەر بکات بڵێ من ئەوە دابەش ناکەم جارێ، وەکاتی خۆش ئەگەر پێویستی بێ، حەزی لێ بێ دابەش بکات، بۆ ئێمە پابەندی بکەین بڵێین ئیلادەبێ روکنی بچی بە مەزات بفرۆشێ. ئەگەر بەپێویستی ئەزانن باتەرخانی نەکەن و بێنێتەوە بەشێوەیەکی دی بەکاری بهێنن، ئەگەر بەپێویستیشی نازانن لە چوارچێوەی دابەش کردنەکەدا با دابەش بکرێ وەکو بەڕێز کاک د. ناسح وئەوان فەرموویان توێژێکی دیاریکراو چەند پارچەیەک وەردەگرێ بۆ پیاوێک بچێتە ناوەڕاستیان بەمەزات زەویەک بکرێ کە هەموویان مامۆستانە، یان هەموویان پارێزەرن یان هەموو دکتۆرن، هەموویان ئەندامی پەرلەمانن، لەبەر ئەوە بەدیدی من ئەو دەقەی کە هاتووە دەقێکی زۆر لە جێگای خۆیەتی، ئەو زەویانەی کە تەرخان بکرێ بۆ نیشتەجێ لێ بەدەر بکرێ. بەڕێز کاک کانەبی فەرمووی لەوانەیە فەرمانبەرێک داواکاریەکی کەسی پێشکەش دەکات بۆ سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەینێری بۆ شارەوانی کە زەویەکی بۆ تەرخان بکەن مانای ئەوەیە لەو حاڵەتەدا دەبێ شارەوانی ئەوەی پێ نەکرێ، چونکە ئەگەر دەقەکە بنووسین ئەیلێین ئیلا ئەوە بێ کە دابەش دەکرێ لەسەر هاووڵاتیاندا، خۆی مادام دیاریکراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ ئەوجا ئەو نیشتەجێیە چ ئەگەر لەسەر هاووڵاتیان بێ چ حاڵاتی فەردیش بێ و جەماعیش بێ بە هەر دوو حاڵەت جائیزە لەو حاڵاتەدا دابەش بکرێ، لەبەر ئەوەی بۆ پابەندی دەقەکەی بکەین دەڵێین(لاغراض السکن) مانای ئەوەیەنیشتەجێ زۆر رەهایەو هەموو جۆرێک دەگرێتەوە.

روونکردنەوەیەکیش سەبارەت بە کاک ئیبراهیم لە یاسای(٣٢) لێ بەدەرکردن نەهاتووە فرۆشتن وبەکرێدانی موڵکی دەوڵەت دەبێ ئیلا بڕیاری پێ دەربچێ، هەموو موڵکی دەوڵەت دەبێ بە مەزات بفرۆشرێ هەتا ئەگەر ئەو ماوەی کۆتایی ئەگەر لەبیری بێ لە ساڵانی (٩٨٨و٩٨٩) شتی ئەوها کۆمەڵێک زەویان دابە فەرمانبەران بەوەش نەیتوانی بۆیان تەرخان بکەن بڕیارێکیان دەرچوواند مەزاتێکی شکلیان دروست کرد چەند کەسێکی فەرمانبەر دەچوون لەگەڵ یەکتر ئامادە دەبوون شتیان لەسەر یەکتر زیاد نەدەکرد، جا ئەمە نامانەوێ داخیلی فرت وفێڵ بین لە یاسایەکە، ئەوەی بۆ نیشتەجێ بێ با لە یاساکە بەدەر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە ئێستا دوو پێشنیارمان لە پێشە، پێشنیارێکیان هی لیژنەی خزمەتگوزاریە داوا دەکەن کە هەڵاوێردن بخرێتە سەر ئەو هەڵاوێردنە(عدا القطع الركنية والمتميزة) ئەگەر پاش ئەو روونکردنەوانە لەسەر رای خۆیانن ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەریش پێشنیاری خۆیان دەکێشنەوە بۆ ئەوەی دەچینە سەر پێشنیاری دووەم. لەسەر رای خۆیانن؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاری ئەوەیە کە لەو هەموارکردنە زیادە بکرێ لەکۆتاییەکەیدا (عدا القطع الركنية والمتميزة) زیادە بکرێ لەو لێ بەدەرەی کە هاتووە، واتە مادەکە بەو شێوەیە دێ ئەگەر زەحمەت نەبێ بخوێندرێتەوە کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی هەموار کردنی برادەرانی لیژنەی خزمەتگوزاریەوە (تستثنى القطع السكنية للبلدية من قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذة عدا القطع الركنية والمتميزة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەمە بەر حوکمی ئەو یاسایەیە بۆیە ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە(عدا القطع الركنية والمتميزة) بخرێتە سەر ئەم هەموارکردنە؟ باشە سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان ئەکەین. بەزۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا سوپاستان ئەکەین.

دێینەوە سەر پێشنیاری دووەمی جەنابی کانەبی ئاغا زیادەیەکی لەسەر هەیە ئەویش ئەوە بەو شێوە ئەیخوێنینەوە، ئەمە پێشنیاری جەنابی کاک کانەبی ئاغایە ئەو هەموارکردنە وای لێ دێ (تستثنى القطع السكنية التي تخصص للتوزيع من قبل البلدية على المواطنين من قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذة). ئەم پێشنیارەیە، ئەم زیادەی هەیە ئەگەر لەسەر رای خۆیەتی بیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر دەیکێشێتەوە لەبەر ئەوەی جیاوازیەکی وای نییە، بەڵام تەحدیدەکەی کردووە، جەنابی لەسەر رای خۆیایەتی مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە کە کاک کانەبی ئاغا خوێندیەوە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا. ئەگەڕێینەوە بۆ دەقە بنەڕەتیەکە وەکو خوێندرایەوە واتە(تستثنى القطع السكنية للبلدية من قانون بيع وايجار اموال الدولة النافذة) دەیخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ دەقەکە پەسەند کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: تعدل المادة الثامنة والاربعون ويصبح اصل المادة الفقرة الاولى منها وتضاف اليها فقرة أخرى وبتسلسل(٢) وتكون كالآتي:

٢- على المجلس ان يقرر تعيين استقامات وسعة الشوارع التي هي ضمن العقارات التي يروم اصحابها تقسيمها تستقطع البلدية في هذه الحالة مجاناً من العقار مساحة الشوارع والمرافق العامة بالنسبة التالية:

أ- مالايزيد عن (٢٥٪) من مساحة العقار الذي لاتتجاوز مساحته الكلية خمسة آلاف متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع فيها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا مادەكە هەمووی بە یەكجار بخوێننەوە باشترە.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ب- (٢٥٪) من مساحة العقار الذي تتجاوز مساحته الكلية على خمسة آلاف متر مربع ولايزيد عن عشرة آلاف متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع فيها.

ج- اذا كانت مساحة العقار تزيد على عشرة آلاف متر مربع تكون النسب كما يلي:

١-(٤٠٪) من مساحته الكلية اذا كان واقعاً ضمن المنطقة العمرانية الاولى والثانية.

٢- (٣٥٪) من مساحته الكلية اذا كان واقعاً ضمن المنطقة الثالثة.

٣- (٣٠٪) من مساحته الكلية اذا كان واقعاً ضمن المنطقة العمرانية الرابعة والممتازة.

٤- (٢٥٪) من مساحته الكلية اذا كان واقعاً ضمن المنطقة العمرانية الخامسة.

د. اذا نظم صاحب العقار خارطة التقسيم وكان مجموع مساحة الشوارع والمرافق العامة يزيد على النسب المبينة بالفقرة السابقة وكانت هذه الزيادة لمصلحته فعليه ان يسجل هذه المساحة باسم البلدية مجاناً مهما بلغت وان كانت الزيادة في المساحة من مقتضيات التصميم الاساسي أو التفصيلي للمنطقة العمرانية التي يقع ضمنها العقار فعلى البلدية ان تستملك هذه الزيادة وفق قانون الاستملاك على ان تعين البلدية مقدماً على الخارطة المساحة التي تؤخذ مجاناً وفق احكام الفقرات السابقة والمساحة التي يجب ان تستملك قبل المصادقة على الخارطة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ ڕوونكردنەوەیەك لەسەر ئەو هەمواركردنەی كە كردووتانە، تكایە مادە بنەڕەتیەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە لەبنەڕەتدا لە یاسایەكەدا نەهاتووە، ئەوە مادەیەكی زیادەیە چونكە لە یاسای ژمارە(١٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤دایە وئێستا شارەوانی كاری پێ دەكات، چونكە پشت بەستە بەو دەقە بەئیعتیبار لە یاسایەكە نەهاتووە كە بڵێ ئەو یاسایەی هاودژیی لەگەڵ ئەو یاسایەدا هەیە

ئیشی پێ ناکرێ، دەڵێن ئەو مادەیە هاودژ نییە ئەمەش لەبەر ئەوەی یاسایەکە بە گشتی وەردەگرین، یاسای ژمارە(٦٤) تقریبا پابەندە بەو یاسایە لەبەر ئەوەی وا بە مەعقوول زاندراوە کە ئەو مادەیە بهاوێشترێتە ناوێ. نەگەڕێینەوە سەر بنەڕەتی یاسای ژمارە(١٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤ کاری پێ بکەین ئەوەش پەیوەستە بە بابەتی فراوانکردنی شەقام وبەشکردن وجیاکردنەوە بەگوێرەی ئەو ڕێژانەی کە هاتووتە خوارەوە، شارەوانی مافی خۆی لێ دەبا وئەوەی تریش کە دەمێنێتەوە بۆ سەر خاوەن موڵکەکە دەبێتە پارچە ودەفرۆشرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو یاسایە وبڕگەکانیش هەمووی بەگشتی ئێمە لەسەری ڕازین، ڕامان لەسەرە بەڵام سەبارەت بە هەندێ بڕگەیەوە تێبینیمان هەیە کە هاتینە سەری ئێمە ڕای خۆمان دەردەبڕین، سەبارەت بە بڕگەی(١) کە دەڵێ ئەو مادانەی کە دانرا لە بڕگە(١)ی (ما لایزید عن ٢٥٪ من مساحة العقار الذي لاتتجاوز مساحته الكلية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاکە مۆڵەت بدەی تێبینیتان لە چ بڕگەیەک هەیە لەم هەموارکردنەدا ئەمە بخوێنەوە، مادەی(٤٨) بریتییە لە (أ،ب ،جـ،ء) جا لە چ بڕگەیەک لەمانە ڕەخنەتان هەیە ڕەخنەکەی خۆتان بڵێن.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەخنەمان تەنیا لەبڕگەی(ب) کە دەڵێ:(لاتتجاوز مساحة الكلية) لە بڕگەی(جـ) دەڵێ: (تتجاوز) تجاوزە (لا) نییە، چونکە رووبەرەکەی(٥) هەزار کەمتر نەبێ ئەوی دی لە(٥) هەزار زیاتر نەبێ من (مساحة العقار الذي لاتتجاوز).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەتان چییە بەتەواوی بیخوێنەوە کاکە؟!

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لا) زیادەیە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە کام بڕگە ولە کوێدا؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی(ب) مادەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٢٥٪ من مساحة العقار الذي لاتتجاوز) دوولا هەیە کامیان؟!

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کۆتایی چونکە ئەوەی تر دەبێ (لاتتجاوز مساحتة الكلية عن خمسة آلاف متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع فيها)، ئەوەی تر(ب):

ب- ٢٥٪ من مساحة العقار الذي لاتتجاوز نە ئەوە الذي تتجاوز مساحته الكلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێ نەگەیشتم تکات لێ دەکەم بە وردی ڕەخنەکەی خۆت دیاری بکە لە کوێیە؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی(ب) یەکە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کام دیسان تەئکید دەکەمەوە؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی(ب)..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو لا هەیە!

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک لا لەوێیە لایەک لە بڕگەی (أ)..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٢٥٪ من مساحة العقار الذي لاتتجاوز)

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لایە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەڵگیرا تەواو بوو، (ب) تەواو ڕەخنەی تر نییە؟ سوپاستان دەکەین، ئەوە ڕەخنەیان لەسەر بوو لادرا، چونکە دوو لا هەیە، لای یەکەم لادرا، لای یەکەم زیاد هاتبوو، هەڵیان گرت دێینەوە سەر ئەو مادەیە. لیژنەی خزمەتگوزاری چ ڕەخنەی نییە لەسەر ئەوە. ئەوە تەنیا هەڵەیەکی ئیملائی بوو چاکیان کردەوە، ئەندامانی پەرلەمان کێ تێبینی لەسەر ئەم مادەیە هەیە ناونووسیان دەکەین، تکایە ئاگاداری کات بن، چونکە زۆر ڕۆیشت وبە وردی ودووبارە نەبێتەوە، کاک حەمید، کاک د. ناسح، کاک ئیبراهیم، کاک سەعید محەمەد، مەلا محەمەد تاهیر، کاک جوهر شاواز، کاک د. رزگار، کاک د. ئیدریس. کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەک پێشنیارم هەیە ئەویش ئەوەیە برگەی(أ- ب) یەک برگە بێ پێویست ناکا دوو برگە بێ، چونکە هەر دووکی ئەڵێ لە (٢٥٪ من مساحة العقار بكرى مالايزيد عن (٢٥٪) من مساحة العقار الذي لاتتجاوز عشرة آلاف متر مربع ) تەواو هەردووکی چونکە هیچ پێویست ناکات دوو برگە دەرچێ بۆ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک حەمید، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە برگەی (أ) وبرگەی(ب) جیاوازیەکی زۆریان لە نێوان دا هەیە و تەنها ڕێژەکەیان وەکو یەکە(٢٥ ٪)، بۆیە من پێم ڕەوا نییە یەکێک دوو سەد یان سێ سەد مەتری هەتا پێنج هەزار مەتری هەبێ، (٢٥ ٪) لێ بستێندرێ یەکێکیش هەتا لە پێنج هەزارە وەتا (١٠) هەزاری هەبێ، هەر هەمان (٢٥ ٪) لێ بستێندری، لەبەر ئەوە(٢٥ ٪)ـەکەی(أ) بکرێتە(١٥ ٪) باشترە، چونکە(أ) (٢٥ ٪) هاتووە(ب)(٢٥ ٪) هاتووە، جیاوازیش هەیە لە نێوانیان، چونکە لە پێنج هەزارەوە بۆ(١٠) هەزار، پێنج هەزار مەترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بخوێنینەوە دەڵێ (مالایزید عن٢٥٪) واتە لەوانەیە تجاوز کەمتر بێ مالایزید عن(٢٥ ٪) لەوانەیە (١ ٪) یان نیو لەسەد دەبێ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام بکرێ(١٥) باشترە چونکە جیاوازیەک هەیە ئەوەکەی تریش ئەڵێ لە پێنج هەزارەوە واتە جیاوازیەکە لەنێوانیان زۆر نزیکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس تێبینیەكەی جەنابت ئەوەیەكە بڕگە(أ) بكەین بە(١٥٪) لە جیاتی (٢٥٪) واتە مالایزید عن (١٥٪)، باشە سوپاس، كاك ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارم لەسەر خانووبەرەیە، صنفی خانووبەرە باس نەكراوە، عادەتەن موڵك صرف ئەو شتەی لێ دروست دەبێ، باشە ئەگەر ئەمیریە پێویستە ببێ بە تاپۆ ئەوەش دەدەیە خەڵك چ باسی ئەوە نەهاتووە، واتە ئاماژە بە صنفی خانووبەرە نەدراوە ئەوە یەك. دووەم مەسەلەی (٢٥٪) یەكەم تۆ ئەبێ ماف بدەیە مصمم، تاكو بواری هەبێت، رووبەرەكە كەم بێ تۆش ڕێژەكەی كەم كەی مانای بواری نامێنێ بۆ شەقامی پان وباش، واتە(٢٥٪)ی(أ) كەم كەیەوە لەكاتێكە رووبەرەكە خۆی كەمە تۆ بێی ڕێژەكەش كەم كەیەوە بوار بۆ مصمم نامێنێ، (مالایزید عن ٢٥٪)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی(٢٥٪) نییە كاك ئیبراهیم لەوانەیە ئێستا وەكو گوتم (١٪) ئەبێ واتە جەنابت پێشنیارەكەت چ بوو صنفی خانووبەرە دیاری نەكراوە، ئەو پرسیارە هی لیژنەی یاسایە دوایی روونی بكات، كاك سەعیدمحەمەد سدیق.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانم كاك د. ناسح كردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك سەعید، فەرموو كاك مەلاتاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەی من لەسەر وشەی (مجانا) كە لەبڕگەكەدا هاتووە، واتە لێبڕینی شارەوانی لەو حاڵەتە ئەو زەویە ئەگەر خاوەنی راستی خۆی هەیە ئیستملاكی نییە ئەمە بەفیڕۆدانی مافی خاوەن ماف نییە بە وشەی (مجانا)؟ ئەگەر شتێكی هەبێ بۆ نموونە كە خەسار نەكات باشتر نییە ئەوە ئەو وشەی(مجانا) بۆ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو وشەی (مجانا) با لیژنەی یاسا روونی بكات سوپاس، كاك جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من روونكردنەویەكم لەسەر بڕگەی (جیم) هەیە، چوارەم پێنجەم نییە، تایبەتە. چونكە ئێمە لە

پێوەرەکانی شارەوانیمان پرسی وتیان یەکەم هەیە دووەم وسێ یەم وچوارەم وممتازە و تایبەتە. دەڵێ عمرانی یەکەم رووبەری پارچەکانی( ١٠٠ ) مەترە برگەی جیم چوارەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەخنەکە چییە؟

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عمرانی پێنج نییە تایبەتە، چونکە لە عمرانیە شەش جۆر هەیە لە(أولی) رووبەری پارچە زەویەکە سەد مەتر دوجایە، لە(ثانیة) دوو سەد مەتر دوجایە(ثالثة) سێ سەد مەتر دوجایە، لە(رابعة) شەش سەد مەتر دوجایە، (ممتازة) هەشت سەد مەتر دوجایە، (خاصة) دوو هەزار مەتر دوجایە، واتە پێنچەم لە زنجیرەی نییە ئێمە لە پێوەرەکان پرسیمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا یان وەزیری شارەوانییەکان ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، کاک د. قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە وەکو باس کرا لە یاسای بنەڕەتی پێشتر نەهاتووە، مادەیەکی زیادە بۆ ئەوەی ئەگەر بێتو نەخشەیەکی عمرانی هەبێ، شەقامێک دروست بکرێ یان شوێنە گشتییەکان ئەوە لەبەرچاو بگیردرێ لەچوارچێوەی مادەکە لەبرگەی(أ) وەکو برادەران باسیان کرد دەڵێ:( مالایزید عن ٢٥٪ ) بۆ نموونە تۆ ناوچەیەک تەرخان ئەکەی تۆ ناتوانی بریار بدەی رێژەکە چەندی دەوێ،( ٢٠٪ ) دەوێ یان( ١٥٪ ) دەوێ یان دەبێ شەقامەکە دیاری بکرێت، یان شوێنە گشتییەکە دیاری بکرێ، ئەو کاتە بریار ئەدرێ رێژەکە چەندی لێ دەبردرێتەوە بەخۆڕایی(مجانا) بۆ شارەوانی، ئێمە وەکو حکومەتیش رێژەکە چەند زۆر بێ باشترە، واتە ئەوە لەبەرچا گیراوە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکیمان مەغدور نەکردووە، رێژەکە زۆر داندراوە سەبارەت بە برگەی(ب) دیاریکراوە دەڵێ:(«٢٥٪» من مساحة العقار)، بەلام سەبارەت بە برگەی یەک دیاری نەکراوە لە (٢٥٪) بەرزترین رادەیە، بەلام لەوەش کەمتر دەبێ، سەبارەت بە برگەکانی تریش بە خۆی لەبنەڕەتدا هەیە پاش ئەوەی کە ئەو بابەتە لێتۆژراوەتەوە ئەو رێژانە داندراوە بەپێی ئەو ناوچەیە، سێیە ناوچەی یەکە یان دووە بەپێی ئەو رێژانە دیاری کراوە، جا لەبەر ئەوە پێم وایە وەکو خۆی کە هاتووە ئەوها بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی لیژنەی یاسا ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بکەن، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د. ئیدریس فەرمووی ڕوونکردنەوەکە هەر وایە، بەڵام بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەڵێم بەرزترین ڕێژەیە سەبارەت بە برگەی(أ) (٢٥٪) ئەبێت کەمتریش بێت ئەبێت، کەچی لە برگەی(ب) نزمترین ڕێژە(٢٥٪) ئەبێت زیاتریش بێت ئەبێت، ئەوە ڕوونکردنەوەکەی منە. سەبارەت بە قسەکەی کاک ئیبراهیم کە فەمووی ئەو بەشکردنە زەوی ئەمیری صرفە دەگرێتەوە یان زەوی صرفە، طبعا لە(اراضي أميرية صرفة) تۆ ناتوانی بەشی بکەی تاکو صونفەکەی ڕاست نەکەیەوە، صونفی ڕاستکردنەوە چییە؟ بەشەکەی حکومەت لێ ئەدرێ ئەوکاتە ئەبێتە موڵک صرف، ئەوکاتە تۆ دەتوانی ڕاستی بکەیەوە ئەمە تەنها زەویەکانی موڵک صرف دەگرێتەوە، سەبارەت بە بەڕێز مامەند ئاغا بە قسەی کە دەڵێ: ئەو(مجاناً) لابەن، ئەگەر ئێمە دەقەکە باش بخوێنینەوە ئەگەر ئەو زیادەیە لە بەرژەوەندی خاوەنی خانووبەرەکە بێت، واتە دابەشەکە لە بەرژەوەندی ئەو بێت، ئەو زیادەیە بە خۆڕایی (مجاناً) بۆ شارەوانی دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر لە بەرژەوەندی شارەوانی بێ، شارەوانی، ناچارە ئیستملاکی بکات، بەپێی یاسای ئیستملاک پارەی بداتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەو (خاصة) و(خامسة) چۆن چارە ئەکەن؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەڵامی جەنابی کاک ئیبراهیم، بابەتی کە صونفی عەقار تۆمار نەکراوە. ئەو یاسایە تەنها ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە لە ئەوصافی نووسراوە(الاراضي المعدة للسكن)، چونکە لە ئەوانی تر زەوی کشتوکاڵی بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) ژمارە(٢٢٢) هەموارەکەی(٨١٧) چارەسەر کراوە ئەڵێ:(تملك الى البلدية) لە چوارچێوەی سنووری شارەوانی چارەسەر کراوە، ئەوە تەنیا بۆ ئەو زەوییانەی کە نووسراوە(المعدة للسكن) و ڕووبەرەکەیان زۆرە وئیفرازی دەکەن، سەبارەت بە قسەی مامۆستاش وەڵام درایەوە کە وشەی بەخۆڕایی (مجاناً) دەبردرێ، ئەوەی ما لايزيد عن(٢٥٪) دیاری کراوە، کارگوزاری وپێویستی کارگوزاریە بۆ نموونە(٥) هەزار مەتر کەمتری هەیە، یان (٥) هەزارەکەی هەیە، چەند پێویست بۆ کارگوزاری بەپێی توانا کارگوزاری پێویست دەبێ، قوتابخانەیەکی بچوک بکرێتەوە، پێویستە نەخۆشخانەیەک بکرێتەوە بە گوێرەی کارگوزاری تەنها( في كل الاحوال) لە(٢٥٪) زیاتر نەبێ نەتوانرێت کەمتر بێ، لەوانەیە کارگوزاری(١٠) هەزار مەتری پێ بوێت، (١٥)ی پێ بوێ بەڵام لە(٢٥) زیاتر نابێ ببێ. ئەوانەی تریش دیاریکراوە تەنها ڕوونکردنەوەیەک بۆ برادەران نەوەک ئیلتباسێکیان لا

دروست بێ، سەبارەت بە( الرابعة والممتازة)، چونکە ممتازە ورابعە لە یەکتر نزیکن لە هەولێر چوار هەیە نەتایبەت هەیەو نە مومتازەش هەیە، یەکەم هەیە، دووەم هەیە، سێیەم هەیە، چوارەمیش هەیە، داخلی شێستیە، چوارچێوەی شێستی هەمووی (رابعـة)یە، ئەوەی تریشی دابەشکراوە لـە(اولی وثانیـة والثالثـة) بە گوێرەی رووبەرو وناوچە شەعبیەکان، ئینجا نەوەک برادەرێک ئیلتیباسێکی لا دروست بێ وبلێ (ممتازة ورابعـة) وەکو یەک دانراون، چونکە دەبێ رابعەکەمتر بێ، بەڵام نەخێر (رابعة) لە (ممتازة) نزیکترە، زیاتر لە سەنتەری شار نزیکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێستا(رابعـة) سەنتەری شارە با بڵێین (ممتازة) لە هەولێر نییە، سوپاستان ئەکەین. وابزانم بەو روونکردنەوانە ئەم بابەتە کۆتایی پێهات. تەنها دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیارێک هەیە بۆ کردنەیەکی برگەی(أ) و(ب) لەلایەن کاک حمید میرانەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ لیژنەی یاسا ئەوە روون نەکراوەتەوە، بۆ کاک حەمید روونی بکەنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خۆی تەقریبەن ئاشکرایە بۆیە من وەڵامم نەداوە، چونکە یەکەمیان ئەڵێ (مالایزید) ئەوەی تری ئەڵێ (٢٥ ٪) مانای ئەوەیە دەمج ناکرێت پێکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کاک حەمید ئێستا لای روونە، برگەی تر ماوە د. ناسح داوا ئەکا ئەو(٢٥ ٪)ە لە (مالایزید) لە برگە(أ) بکرێ بە(١٥ ٪) ئەگەر روونکڕدنەوەیەک هەبێت لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێت(مالایزید) مانای ئەوەیە کارگوزاری پێویستی جۆرەکەی چەند یان رووبەری پێ دەوێ، ئەو دەیخەملێنێ بۆیە بەستوومانەتەوە بە مانای( في كل الاحوال) نابێ لە (٢٥ ٪) زیاتر بێت، بەڵام ئەتوانرێت کەمتر بێ. چونکە وەکو کاک د. ئیدریس ئاماژەی پێدا دەیانەوێ شەقامێک لە ناو ئەو زەویەدا بکەنەوە، ئەگەر ئەو شەقامە(١٠ ٪)ی پێویست بوو، تەنها هەر ئەو شەقامە بێ(١٠ ٪)یەکەی دەبەن زیاتر نابەن، بەڵام ئەگەر پێویستی بەشتی تر هەبێ زیاتری لێ دەبەن، بۆیە بە رای من ئەوە بمێنێتەوە (مالایزید)، بۆ ئەوەی شلی بدەینێ تا موصەمم بتوانێ بەسەربەستی تەخطیط وتەصمیم بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئێمە وەکو حکومەت چەند زیاد بێ ئەوەندە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە بۆ حكومەت چەند زیاتر بێ باشترە، بەڵام ئەبێ ئێمە هاوولاتیانیش لە بیر نەكەین، چونكە هەر چۆنێك بێت باری خراپە، باش نییە. چونكە لێرە نووسراوە(مجاناً)، كە(مجاناً) بێت گوناهە، ئەگەر ئەوانە راستە نووسراوە (مالایزید) عن(٢٥٪) بەڵام لە بیرمان نەچێت ئەوەی دووەم دیسان لە(٥) هەزارەكەوە دەست پێ دەكا مانای ئەوەیە ئەوە دیاري كراوە لە(٥) هەزارەوە تا(١٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی(ب) بە تەحدید لە(٢٥٪) دەست پێ ئەكا ئەگەر(٥) هەزار زیاتر بوو تەبیعی زەویەكە زیاد ئەكات.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر(٢٥٪) لە نێوان(١٠) هەزارو(٥) هەزار، جیاوازی زۆرە(١٠) هەزارەكە دووجار بەقەدەر(٥) هەزارەكەیە لەوانەیە(٢٥٪) لێی بستێنن، ئەگەر لە(٥) هەزاریش كەمتر بێ، بەڵام لەوانەیە ئەوەی(١٠) هەزارەكەش هەر(٢٥٪) زیاتری لێ وەرناگرن، واتە جیاوازی هەیە، چۆن جیاوازی نییە؟ دوو بەرابەری ئەو زەویەیە، لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەكەم بكرێت بە (مالایزید عن«١٥٪») ئینجا (١١٪)بێ یان(١٢٪)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی كاك دوكتۆر جیاوازیەكە چارەكی رووبەری(ب) نێوان(٥)و(١٠) چارەگەكەیەتی و دیاری كراوەتەوە ئەوەی(أ) كراوەیە، یاسادانەر دەڵێت لە(٢٥٪) زیاتر نەبێت نابێ زیاد بكا، جا لەوانەیە (١٥٪)كەی تۆ بێت.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای وەزیری شارەوانی ئێستا ئەڵێ چەند زیاتر بێت بۆ ئێمە ئەوە باشترە، بێگومان(٢٥٪)ـەكە دادەنێ ئەو كاتە(١٥٪)ـەكە دانانێ، چونكە ئێستا خۆی خاوەنی ئەو رایەیە، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە یەك زیادەكە دەبێ پاساوێكی هەبێ، بابەتەكە ویست وهەوەس نییە، شارەوانی پێویستە لە(٢٥٪)بێ لەبەر ئەوە دەڵێت (مالایزید)، چونكە ئەمە ئەبێ پاساوێكی هەبێ، بۆ چییەتی؟ بۆ نموونە نابێ عەرەسەیەك دابنێ بۆ فرۆشتن، پێویستە بۆ كارگوزاری بێ ئەگەر بۆ

کارگوزاریش پێویستی بوو ئەو خەڵکە با (٢٥ ٪ )ەکە ببات، ئەگەر بۆ کارگوزاریش نەبوو مانای ئەوەیە پێویستە لەبنەڕەتدا نەیبات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لە راستیدا روونە ئەو پێشنیارە، کاک د.ناسح ئەگەر لەسەر رای خۆیەتی ئێمە ئەخەینە دەنگدانەوە. د. ناسح پێشنیار ئەکا کە((أ) مالایزید عن٢٥ ٪ ) بکرێتە( مالایزید عن ١٥ ٪ )، کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا. سوپاستان ئەکەین. مادەکە وەکو خۆی کە خوێندرایەوە پاش ئەو چاککردنەوە کە کرا کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەکو خوێندرایەوە پاش ئەو هەموارەی کە لەسەری کرا پەسەند کرا.

لە راستیدا ئیلتیباسی هەرگەورە کاکەڕەش روونی کردەوە، ئەوەی برگە سێ بوو(رابعة وممتازة) لای زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان حیساب ئەکرا دوو شتی جیاوازبن، لەبەر ئەوە ئێستا روون بوو. تەواو بوو شتێکی وانەماوە ئەگەر ماوە بدەن تەواوی ئەکەین، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تعدل الفقرة الاولى من المادة التاسعة والاربعون وتكون كالآتي:

(لمجلس الوزراء بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية أعضائه اذا كانت البلدية من الصنف الخاص والممتاز). بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوە لێرە گۆڕانکاریمان خستۆتە سەری پاش (القضاء)، ئینجا لەسەرەوە ئەیخوێنمەوە:

(لمجلس الوزراء بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه اذا كانت البلدية من الصنف الخاص أو الممتاز وللوزير حل المجلس بالنسبة للأصناف الاخرى بناءاً على اقتراح السلطة الادارية)، چونکە ئەوەکەی ترکە هاتبوو(اما بالنسبة للاصناف الاخرى فيقدم الاقتراح من قبل السلطة الادارية) نامانەوێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن پێشنیارەکە بداتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوە دەچێتە جێگای ئەو هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو مادەیە لەبنەڕەتدا چییە؟ ئەگەر زەحمەت نەبێ تەماشایەکی بکەی.

**کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة(٤٩) دەڵێ: (لمجلس الوزراء بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه اذا كانت البلدية من الصنف الثالث والممتاز اما بالبسبة للاصناف الاخرى فيقدم الاقتراح من قبل المدير العام للبلديات وموافقة الوزير)، واتە بەڕێوەبەری گشتی پێشنیار ئەکات

چونکە ئەگەر وابێت پێشنیارەکە دەبێ بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئەگەر بکرێ پێشنیارەکە بدرێتە وەزیر باشترە بۆ ڕەت کردنەوەش دەسەڵاتی وەزیر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گۆڕینەکە هەر ئەوەیە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن (السلطة الإدارية) مافی ئەو پێشنیارەی هەیە لە جیاتی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی، باشە لیژنەی خزمەتگوزاری چ رایەکیان هەیە بۆ ئەم بابەتە؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لاریتان نییە، سوپاس. دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەم بابەتە دەکەینەوە، لەسەر ئەم مادەیە کێ ئەیەوێ قسە بکا؟ ناوەکان با بنووسین، کاک عەبدولخالق، کاک جەمیل، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من کە ئەنجوومەنی شارەوانی بە هەڵبژاردن بێت، کە میللەت هەڵی بژێری بۆ چی ئێمە ماف بدەین بەلایەنێکی تر چارەسەری بکات؟ دوایی ئەوەی کە هەڵگیرا ئەوە وردترە (لە ئەنجوومەنی وەزیران بناءا علی اقتراح اعضاء المجلس البلدي وللوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه) ئەم مەسەلەیە مافێکی بەدەست هاتووە بۆ مرۆڤ، واتە وەزیر لەلای خۆیەوە هەڵی بوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق بۆ ئەوەی تۆزێک ورد بین لە بابەتەکە (اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه).

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەتا(اذا فقد أكثرية أعضائه)..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مۆڵەت بدە ئەنجوومەنێک(٢٠) کەسە ئەگەر(١٥)(١٦)ـە یان نەما لەو حاڵەتەدا چی بکەین؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە لە ئەنجوومەنی وەزیران (بناءا علی اقتراح اعضاء المجلس البلدي)، واتە ئەوەی ماوەتەوە(وللوزير حل المجلس البلدي)، چونکە لێرە ئیشکالێکی ترمان بۆ دروست ئەبێ. ئەوە هەڵی وەشاندەوە کێ ئەنجوومەنی شارەوانی دەبێ؟ ئاماژەش نەکراوە کە بەدیلی چییە؟ لە

ماوەیەکی زەمەنیدا پێویست نییە ئەنجوومەنێکی شارەوانی تر دروست ببێ؟ یەعنی ئەوە رەتکراوە وتەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە جەنابت لەگەڵ ئەوەی کە مادەکە کەم وکورتی تێدا هەیە، سوپاس. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو برای بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە فەرمووی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی مافێکی بەدەست هاتووە، بە هەڵبژاردن هاتوون لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم لە جێگای ئەم هەمووارکردنەدا وا بکرێت بۆ جەنابی وەزیر(للوزیر اجراء انتخابات تکمیلیة اذا فقد المجلس اکثریة اعضائه) بۆ نموونە ئەگەر فعلا نیوەی تەواو(اکثریة الاعضاء) نەقصێکی زۆرە نابێ تەصفییە ببێت. بۆ وەزیری شارەوانی هەبێت هەڵبژاردنی تەکمیلی بکات، پێویست ناکات، بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەندە دوا بکەوێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت پێشنیار دەکەی لە جیاتی ئەوە چارەکە بە هەڵبژاردن بێ؟ بەڵێ، سوپاس. لیژنەی یاسا چ تێبینیەکتان هەیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی کاک عەبدولخالق کە ئەڵێت:(اذا فقد المجلس اکثریة اعضائه) ئەگەر زۆربەی ئەندامەکان نەمان، چۆن ئەنجوومەنەکە کۆدەبێتەوە هەتا بڕیار بدات؟ ئەنجوومەن بەزۆرینە کۆ ئەبێتەوە، نیصاب کامل ئەبێت. لەو کاتە کامل نابێت چۆن ئەنجوومەن بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دەدات؟ ئەو هەڵوەشاندنەوەیە بە(بناءا علی اقتراح السلطة الادارية) دەبێت، چونکە ئەڵێت (اذا فقد المجلس اکثریة اعضائه) کەمینە ماوە ئەو کەمینەیە چۆن کۆ ئەبێتەوە؟ ئێستا پەرلەمان بە کەمینەیە کۆ دەبێتەوە؟ یاسایی نییە، کۆبوونەوە بشکرێت یاسایی نابێ. واتە دەبێت ئەنجوومەنی شاەوانی کە زۆربەی ئەندامانی نەمان پێشنیار لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و بڕیاری جەنابی وەزیر وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەم بابەتە روون بۆوە، کاک فەرسەت روونکردنەوەیەکی هەیە. فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەلایەنی مەبدەئی یەوە من لەگەڵ کاک عەبدولخالقم، چونکە پێویستە ئەنجوومەنێکی شارەوانی تری بۆ دابنێین، بەڵام لێرە دوو حاڵەتمان هەیە قۆناغی هەڵبژاردن یان پێڕەوی هەڵبژاردن دەرچووبێت ئەو کاتە پێویستە بە هەڵبژاردن دووبارە ئەنجوومەنێکی تر دابمەزرێتەوە، ... وای بۆ

بچین پێرەوی هەڵبژاردن دەرنەچوو بێ تاوەکو لەو حاڵەتە پێویستە بەدامەزراندن ئەنجوومەنێک دووبارە دابمەزرێتەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە (تشکیلە وفق القانون) زیاد بکرێت، ئینجا ئەو کاتە تەماشای یاسا دەکەین ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردن دەرچووبێت پێویستە ئەنجوومەن هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە کەمینەیە وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە باسی کرد، پێویستە ئەنجوومەنێکی تازە دروست بکەین، دروست کردنی ئەنجوومەنی تازە یان بەشێوەی هەڵبژاردن دەبێت یان بەشێوەی دامەزراندن ئەبێت، ئەگەر هاتوو سیستەمی هەڵبژاردن دەرنەچووبێت هەتاکو ئەو کاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق روون بۆوە، پێشنیارێک هەیە زیادکردنی (واعادة تشکیلە وفق القانون) بکرێت ئێمە ئەو پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر هیچ تێبینیەک نەبێت، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە ڕای من ئەو روونکردنەوەیەی جەنابی سکرتێر کردی، ئەو بابەتە بۆ گۆڕینە بۆ هیچی تر نییە (اعادة تشکیلە)، خۆی کە ئەنجوومەن هەڵوەشایەوە دەبێ دروست بکرێتەوە، ئینجا چ یاسایەک لە بەردەست بێت بەوە دروست دەکرێتەوە، ئەگەر شارەوانی هەبوو مانای دەبێ ئەنجوومەنی شارەوانی هەبێت مەرجە لە یاسای شارەوانیەکان داهاتووە دەبێ ئەنجوومەنی شارەوانی هەبێ، بەگوێرەی یاسا دەکرێت ئەگەر یاساکە ئیشی پێ بکرێت ئەوە بێ هەڵبژاردن دەبێ، ئەگەر دامەزراندن بێ - بەپێی ئەم یاسایە- بە دامەزراندن دەبێ، لەبەر ئەوە(واعادة تشکیلە وفق القانون) پێی ناوێ، چونکە(وفق القانون) شتێکی زیادەیە بە رای من هیچی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها ئەوە تەئکیدە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە نەمێنێ، تۆ هەڵتوەشاندەوە چی لێ ئەکەیت؟ چونکە من وای بۆ دەچم، لەبەر ئەوە ئەنجوومەنەکەی ئێمە بە هەڵبژاردنە مەترسییەک لەوە هەیە کە شک بکەوێتە سەر کاکڵی بابەتەکەوە، واتە ئەگەر هەبێ - ئەم قسەیە ئاراستە ئەکرێت بۆ لیژنەی یاسا- ئەگەر ئەوە زیاد بکەین چ کێشەیەک دروست ئەبێ؟ مادام هیچ کێشەیەک دروست ناکات، ئێمە (واعادة تشکیلە) ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زیادەیەکم هەیە ئەگەر بەڕێز سکرتێری پەرلەمان قبوولی بکا ئەویش(بعد ثلاثین یوما) یان(خلال ثلاثین یوما) واتە کاتەکە دیاری بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

(واعــادة تشكيله وفق القــانون) ئەو كـاتـە لەو ياسـايەى كـە دائەنرێ بۆ هەڵبـژاردن چەند مـاوە دائەنرێ بۆ هەڵوەشـاندنەوەى شـارەوانى؟ چونكە ئەوە لەوێ چارە ئەبێت، ئـێـمـە ئەڵێين (وفق القانون) ئەوە پێشنيارى سكرتێرى پەرلەمان بوو. فەرموو كاك د. ئيدريس.

**بەڕێز د. ئـيدريـس هادى سـالح/وەزيرى پيشـەسازى:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە هەتا ئێستا نە پەيڕەوێک نە ياسايەكمان هەيە بۆ هەڵبژاردنى ئەنجوومەنى شارەوانى. لێرە ئەگەر مـەرجى تێدا نەما، زۆرينەى ئەندامـەكانى نەمان خۆى ئۆتۆمـاتيكى دەبێ ئەو ئەنجـوومـەنە نەمێنێ، چونكە ناتوانێ كۆببێتەوە، جا لێرە خۆى(وفق القـانون) بێ يـان (وفق القانون) نەبێ بە راى من هيچ لەبابەتەكە ناگۆڕێ، واتە دووبارە دروستكردنەوەكە هەر دەبێ بكرێ، شـارەوانى بێ ئەنجوومەن نابێ، ئەوە دەرئەنجامەم(تحصيل حاصل) ە، جا هيچ كاريگەرێكى نييە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەگەر كاريگەرى نەبێ بۆ بە هێزكردنى ودابين كردنى راى گشـتيـيـە، ئێمە لە وڵاتێک ئەژين مـاوەيەكى دوور ودرێژە بابەتەكانى هەڵبژاردن و بابەتى ياسايى ئێمەش جێگاى رەزامەندى خەڵكێكى زۆر بووە، ئەمە كە جێگير ئەبێ لەسەرى تەنها بۆ ئەو تەئكيدەيە، ئەو مەترسيانە هەڵئەگرێ مادام زيانى نييـە، ليژنەى ياسا لەگەڵ ئەو زيادەيە ئەگەر زەحمەت نەبێت بيخوێننەوە، دەيخەينە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كـاكــەرەش مـحـمــد نەقـشـبـەندىى:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لمجلس الوزراء بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه اذا كانت البلدية من الصنف الخاص أو الممتاز وللوزير حل المجلس بالنسبة للاصناف الاخرى بناءاً على أقتراح السلطة الادارية واعادة تشكيله وفقا للقانون.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئێمە ئەوە ئەخەينە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟.. سـوپاسـتان ئەكـەين. كێ لەگەڵ نييە؟.. بەتێكڕاى دەنگ پەسەند كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كـاكــەرەش مـحـمــد نەقـشـبـەندىى:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

تعدل المادة الثانية والخمسون وتقرأ كما يلي:

١- للوزير منح بعض الصلاحيـات المنصوص عليـهـا في هذا القـانون الى السلطات الادارية لتقليص الروتين وتسهيل سير الامور.

٢- للوزير ان يخول رئيس البلدية(خۆى ناونيشانەكە بەڕێوەبەرى شارەوانييە) ما يراه ضرورياً من الصلاحيات المقررة له بموجب القوانين المرعية لتسهيل اموره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها یەک پێشنیار هەیە بنووسە(بعض صلاحیاتە) لە جێی(الصلاحیات)، چونکە ئەنجومەنی شارەوانی دەسەڵاتی هەیە(للوزیر منح بعض صلاحیاتە المنصوص علیها في هذا القانون الی السلطات الاداریة)، سوپاس. لیژنەی خزمەتگوزاری هیچ تێبینیەکی نییە؟ کێ لە ئەندامانی پەرلەمان تێبینیان هەیە با ناونووس بکەین، کاک کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المنصوص علیه في هذا القانون الی السلطات الاداریة) بکرێ بە(رؤساء الوحدات الاداریة). دەسەڵات بەوان ئەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە پێشنیارێکە، کاکە شێخ فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەبینم دەقەکە بگۆڕدرێ ببێ بە(للوزیر منح بعض صلاحیاتە الی رؤوساء الوحدات الاداریة المنصوص علیها في هذا القانون تقلیصاً للروتین)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پێش وپاشی بخەین ئەوە بۆ لیژنەی یاسا خۆیان دوای بۆ دارشتن ئەگەر شتێک لە بابەتەکە ناگۆڕێ مادام تەنها، بۆ لایەنی جوانکاریی نووسینەکەیە، تکایە ئەو برادەرانەی کە ناونووس کراون دەستیان بڵند بکەنەوە ئەوە چەند جار ئەم بابەتە دووبارە ئەبێتەوە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک کانەبی ئاغا فەرمووی(رؤساء الوحدات الاداریة) لە یاسای دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا پێناسە کراوە(محافظ، قائمقام، مدیر الناحیة) لەبەر ئەوە ئەو وشەیە نەهاتووە نەمان وتووە(رؤساء الوحدات الاداریة) بە ئیعتبار دەستەواژەکە وا دەبێ وەزیر دەنووسێ دەڵێ( یخول قائمقام عمادیة، فلان ..) پێناسە کراوە، بۆیە دەڵێین( الی السلطات الاداریة) شتێکی زۆر سروشتیە ئەگەر وەزیر بنووسی بڵێ(یخول السلطات الاداریة) مانای ئەوەیە دەبێتە(مدیر الناحیة، وقائمقام) پێکەوە ئەوە نابێ. پارێزگار شێوەیەک دەسەڵاتی دەدرێتێ، قائمقام شێوەیەک دەسەڵاتی دەدرێتێ، بەڕێوەبەری ناحیە شێوەیەکی ئەدرێتێ، ئینجا لەبەر ئەوەی موعەرەفە بۆیە ناوەکەمان هێناوە بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ڕروونە وا نییە کاک کانەبی؟ چونکە لە سەرەتای یاساکەدا هەموارێک هەیە بۆ پێناسە

کردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بەڵام من تەنها یەک تێبینیم هەیە مادام وایە لە جیاتی( السلطات الادارية) بنووسرێ(السلطة الادارية)، باشتر نییە؟ چونکە کۆیە لە پێناسەکەی ئێوەشدا هاتووە (السلطة الادارية: المحافظ، القائمقام، مدير الناحية) ئەگەر ئەوە بکەنە (السلطة الادارية)، سوپاس. ئینجا ئێستا ئەگەر حکومەت تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/وەزیری ئیشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پارێزگار سەر بە وەزیری ناوخۆیە، وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی بە پارێزگار ئەدات لێرە دەبێ دیاری بکرێ (للوزير منح بعض صلاحياته المنصوص عليها) دەسەڵاتی خۆی بدا نەک دەسەڵاتی پارێزگار ئەو بدا.( بعض من صلاحياته)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یۆنادەم (بعض صلاحياته المنصوص عليها في هذا القانون)؟

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/وەزیری ئیشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لای منە تێیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سکرتێر پێشنیاری کرد کە(الصلاحيات) بکرێت بە (بعض صلاحياته) و گرنگی بدرێ کە یاسایەکەش زۆر چەسپاوە، ئەڵێ (في هذا القانون) ناڵێ لە یاسای شارەوانیەکان یان وەزارەتی ناوخۆ یان یاسایەکی تر تەنها ئەم یاسایە. روونە زۆر سوپاستان ئەکەین، ئێمە هەمواری ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگدانەوە پاش ئەو گۆڕانکارییە پوختەی کە لەسەری کرا. کاکەڕەش، وابزانم گۆڕانکارییەکە روونە(السلطة الادارية)؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للوزير منح بعض صلاحياته المنصوص عليها في هذا القانون الى السلطة الادارية لتقليص الروتين وتسهيل الامور)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(٢) تەبعەن لە بنەڕەتی یاسایەکە هاتووە بۆ بەڕێوەبەری شارەوانی لەبەر ئەوە بڕگەیەک زیاد کرا، چونکە بڕگە(٢) هەر وەکو خۆیەتی کە لە یاساکەدا هاتووە(للوزير ان يخول مدير البلدية

مايراه ضرورياً من الصلاحيات المقررة بموجب القوانين المرعية لتسهيل اموره) ئەمە لە یاسای یەکەمدا هاتبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. برگەی دوو ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: تلغى الفقرتان(س.ع) من المادة السابعة والعشرون .. ئەگەر یارمەتی بدەن بۆیان روون کەمەوە بۆچی(س.ع) لەغو کراوە. برگە(س.ع) پەیوەستە بە ئاوەڕۆو پرۆژەی ئاو لە بەر ئەوەی بەڕێوەبەراتیەک ئێستا بەناوی (مديرية الماء والمجاري) هەیە، لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی ئەنجوومەنی شارەوانی هاتووەتە دەرێ، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکان، لەبەر ئەوە ئەم دوو برگەیان لە تایبەتمەندێتی ئەنجوومەنی شارەوانی دەرهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەڕەش جارێکی تر مادەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تلغى الفقرتان(س.ع) من المادة السابعة والعشرون). چونکە ئەم دوو برگەیە پەیوەندیان بە ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆوە هەیە (س ) دەڵێ: (إيصال مياه الشرب الى المواطنين وانشاء المشاريع الخاصة بها وصيانتها).(ع) دەڵێ: (انشاء مشاريع المجاري وصيانتها) ئەو هەر دوو تایبەتمەندێتی بەڕێوەبەرایەتی ئاو وئاوەڕۆیە ولەچوارچێوەی شارەوانی دەرچووە، لەبەر ئەوە لە تایبەتمەندێتی شارەوانی هاتە دەرێ، بۆیە لە یاسای شارەوانییەکان لامان برد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست ئەکەین، لیژنەی خزمەتگوزاری ئەگەر شتێکتان هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ هیچتان نییە؟ ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم هەموارە؟ کاک سیروان کاکەیی وکاک جەمیل عەبدی، کاک سیروان(سەرتیپ) فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو برگەیەی کە لێرە لابرا ئەم دەسەڵاتە لە ئەنجوومەنی شارەوانی وەرگیرایەوە. دەبێ مافی خەڵکیش لەبەرچاو بگیرێت لە چ برگەیەک لە چ جێگایەک شوێنی بۆ ئەکەنەوە کە خەڵکێکی تر

بەو کارە هەڵستێ، چونکە دوو شتی زۆر گەورەن، گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بە هاووڵاتیان و دروست کردنی پرۆژەی تایبەتی بۆیان وپاراستنیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیم بەتایبەتی دەربارەی ئاوەڕۆیە، هەر دەبێ ئیشی شارەوانی بمینێ، چونکە شارەوانی بەقۆنتەراتی ئەدات یان خۆی پێ هەڵدەستێ ئاوەڕۆ دروست ئەکات لە هەموو شارەکان لەبەر ئەوە دەبینم ئەو مادەیە دەبێ هەر بمێنێتەوە، شارەوانی ئاوەڕۆیەک تەواو ئەکات، دروستی ئەکات دوایی ئەگەر فەرمانگەیەکی تر سەرپەرشتی بکا ئەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک جەمیل. کاک فرەنسۆ دەستی بەرز کردۆتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاوەڕۆش هەر سەر بە وەزارەتی شارەوانیە، بەڵام ئیشی شارەوانی هەولێر نییە، ئیشی بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆیە، ئاو و ئاوەڕۆش بەڕێوەبەرایەتیەکە سەر بە وەزارەتە، شتێکی سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز ئەکەم برادەران شتێکیان لا روون بێ، ئەو دوو دەسەڵاتە، ئەنجوومەنی شارەوانی پەیوەندی زۆر لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانیدا هەیە لە تایبەتمەندێتی مومارەساتی بەڕێوەبەری شارەوانیدا، چونکە هەموو بەڕێوەبەری شارەوانییەک تایبەتمەندی خۆی لە ئەنجوومەنی شارەوانی وەردەگرێ، هەموو بڕیارەکان تەنها ئەوەی ئیجرائی نەبێ، ئەوەی تر هەموو ئیشی ئەنجوومەنی شارەوانیە. سەبارەت بە بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی ئاو لە تایبەتمەندێتی بەڕێوەبەرایەتی ئاو وئاوەڕۆیە، چۆن تۆڕی ئاو پەزێرایی دەکاو چۆن دەیگەیەنێتە خەڵک وچۆن ئاوەڕۆ دروست دەکا؟ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە (المديرية العامة للماء والمجاري) هەر پەیوەستە بە وەزارەتی شارەوانی تەنها لە چوارچێوەی مومارەساتی ئەنجوومەنی شارەوانیدا نییە. واتە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئاوو ئاوەڕۆ ئاسایی نییە، چونکە ئەودابەشکردنی کار ئەرکی خۆیەتی، لەبەر ئەوە پێویست نییە ئەنجوومەنی شارەوانی دابنیشێ بڕیار لەسەر ئاوەڕۆ بدات، چونکە پلانی خۆی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی ئاو پێشکەشی وەزیری شارەوانی دەکا لەسەر ئەو بنچینەیە لێرە لادراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس کاکەڕەش. وابزانم ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ برادەران کافی بوو ئەگەر هیچ شتێک نەبێ دەیخەینە دەنگدانەوە؟ هیچ شت نییە؟ زۆر سوپاس. ئەو مادەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خوێندرایەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الرابعة عشرة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو مادەیە، چ تێبینیەک نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
یەک ئیشکال هەیە بۆتان ڕوون بکەینەوە لە نێوان لیژنەی یاساو دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر ئەو مادەیەی کە کاتی خۆی بڕیارمان دا کە مادە دوو وتمان لیژنەی یاسا دایبڕێژێتەوە. لەبەر ئەوە ئەگەڕێینەوە بۆ پرۆتۆکۆڵ چۆن دەنگدانی لەسەر کراوە، چونکە ئیلتیباسێک لە نێوان لیژنەی یاساو سکرتێری پەرلەماندا هەیە بەتایبەتی بابەتی یاساییە ئەگەڕێینەوە بۆ پرۆتۆکۆڵ چۆن لەوێ جێگیر کراوە، ئێمە ئەو دەقە وا جێگیر ئەکەینەوە لەسەر پرۆژەکە وەکو بڕیار ئەیخەینە دەنگدانەوە. وەکو بڕیار کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو بڕیار پەسەندکرا، سوپاستان ئەکەین. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ تەواو بوو. بەڵام تەئکید ئەکەینەوە ڕۆژی دووشەممە وسێ شەممەو چوارشەممە کۆبوونەوەمان هەیە، ڕۆژی دووشەممان پێشنیارێک هەبوو برادەران حەز ئەکەن کۆبوونەوەکان لە نێوان(١١)و(١٢) بێ لەو ڕوانگەوەی بڕیار وشت گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت، بەشێکیان لەوانەیە لە دوورەوە بێت، لەوانەیە کۆبوونەوەکانی ڕۆژی دوو شەممە زۆر نەخایەنێ، بۆیە پێشنیارەکە بکەینە(١٢) یان(١١) مانای ئەوەیە کاتژمێر(١٢)دوو شەممان کۆبوونەوەمان هەیە، بەڵام تکاتان لێ دەکەم پێش کاتژمێر(١٢) لێرە بن، چونکە نامانەوێ وەکو هەموو جار نیو کاتژمێر دوا بکەون، زۆر سوپاس دانیشتنەکەمان لێرەدا هاتە کۆتایی.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

**دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٦/١٦**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٦

***کاتژمێری (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن دانیشتنی ژمارە(٧)ی ئاسایی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجومەن رادەی یاسایی کۆبوونەوەیان چەسپاند، ئامادەبوان ( ٥٤) ئەندام بوون بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٧) ئەندام.***

***ناوی غائیبەکان:-***

***١- بەڕێز ئازاد عبدالقادر قەرەداغی(دەرەوە)، ٢- بەڕێز ئازاد فتاح رەشید میران(غائیب)، ٣- د.حەسەن حسین بەفری(دەرەوە)، ٤- د. رۆژ نوری شاویس(مۆڵەت)، ٥- بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی(دەرەوە)، ٦- بەڕێز موحسین صالح عبدالعزیز(غائیب)، ٧- بەڕێز یۆنادەم یوسف کەنا(مۆڵەت).***

***بەرنامەی کار:***

**** پرۆژەی یاسای بەرابەر کردنی بڕوانامەی خوێندنی قوتابخانە ئایینیەکان لەکوردستاندا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنی ئەمڕۆمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ١٩٩٧/٦/١٦یەک خاڵە، ئەو خاڵەش تەواو کردنی پرۆژەی یاسای بەرابەرکردنی بڕوانامەی خوێندنی قوتابخانە ئایینیەکانە لەکوردستان دا. ئەگەر برادەرانی یاسا وئەوقاف تەشریف بێننە ئێرە، بۆ ئەوەی وەکو جارەکەی تر بەردەوام بین لەسەر ئیش وکارەکەی خۆماندا. جەنابی وەزیر ئەگەر چ موستەشارو یاریدەدەر پێویستە بێنە ژوورەوە، ئەو برادەرەی کە لەگەڵ وەزیری ئەوقاف هاتبوو بابفەرمووێ، کاتی خۆی ئەم پرۆژەمان دواخست بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەو بناغەیەی کە ئیستیشارەیەکی لیژنەی تایبەتی پەروەردە بکرێ دەربارەی ئەم بابەتەوە، دیارە ئیستیشارە کراون، ئەگەر چ تێبینییەک هەیە حەز دەکەین پێشەکی گوێمان لێ بێ. ئەگەر چ تێبینیەک نییە، چ موداخەلەیەک نییە پێشەکی بۆ ئەوەی داخیلی پرۆژەکە بین ودەستی پێ بکەین لیژنەکان، لیژنەی یاسا هیچی هەیە لەم بارەیەوە؟ لیژنەی ئەوقاف چتان هەیە؟ مامۆستا، پێشەکی داخیلی بەرنامە بین جەنابی وەزیریش چ تێبینیەکی نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ مەحمود کاوە شێخ لەتیف/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی لەپرۆژەکەدا هاتووە بەتەئکید لەدوو خاڵی سەرەکی خۆی دەنوێنێ کە چڕمان کردۆتەوە، ئەوەیە کە ئەو قوتابخانە ئایینیانە کاتی خۆی بە بڕیاری تایبەت ڕاستەوخۆ بە وەزارەتی ئەوقاف بەستراونەتەوە. چوار قوتابخانەمان هەیە، داوامان کردووە کە بە سێ قۆناغ، قۆناغی ناوەندی کە لە دوای شەشی سەرەتایی قوتابییان وەردەگرێ، پاشان دواناوەندی، پاشان بەدوو ساڵ بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا (دبلوم عالي)، داوامان ئەوەیە لەپێشنیاردا کە هاتووە بەرابەری بروانامەی قوتابیانمان بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن لەکۆلیژی شەریعە وکۆلیژی ئاداب بەشی خوێندنی ئیسلامی وەربگیردرێن هەر ئەوەندەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەی ئەو کۆبوونەوەی پێشوودا کە ئامادە کرابوو ئەوەی کە جەنابی وەزیری ئەوقاف فەرمووی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی کە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن بروانامەکانیان لەقۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بەرابەر بکرێ بە بروانامەی ناوەندی و دواناوەندی، بەڵام کاتی خۆی کە گفتوگۆ کرا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە دوابخرێ تاکو رای لیژنەی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردە وەربگیرێ سەبارەت بەو بابەتەوە پرۆگرامەکان دەستنیشان بکەن ئایا تا چ رادەیەک لەگەڵ قوتابخانە ئایینیەکان کە بەرابەری دواناوەندیینە دەگونجێن؟ وە تا چ رادەیەک ئەوانە هاوبەشن لەسەر ئەو بناغەیە؟ نووسراوێک لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، ئەو نووسراویشمان لەوێ هێنا پێشکەشی سکرتێری پەرلەمانمان کرد. بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەویش بەدەوری خۆی دایە بەشی کاروباری ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بیخەنە ناو فایلەکەوە وبۆ ئەوەی هەموو لەسەر رۆشنایی نووسراوەکە کار بکەن، ئەگەر لاتان پەسەند بێ تاکو بیخوێنینەوە بۆ برادەران بۆ ئەوەی گوێیان لێ بێ رای بەڕێزتان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. بە نووسراوتان ژمارە (٣٣٣٣) لە ٥/١٠/١٩٩٦ نێودراوە دەربارەی بەرابەرکردنی بروانامەی ئامادەیی ئایینی لەگەڵ ئامادەیی ئیسلامی وپاشی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەو بەرابەر کردنە. لیژنەکە ئەم بەشانەی بۆ روونکردینەوە:

١- وانە ئایینیەکانی ئامادەیی ئایینی بەهێزترە لە ئامادەیی ئیسلامی.

٢- زیاتر لەنیوەی وانەکانیان هاوبەشە.

٣- ساڵەکانی خوێندن لە هەردووکیان وەک یەکە.

بۆیە دەرچووانی ئامادەیی ئایینیەکان ئاستی خوێندنیان وەکو دەرچووانی ئامادەیی ئیسلامیەکانە دەشێ لەکۆلیژە ئایینیەکان بەردەوام بن لەخوێندن لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لیژنەی پەروەردە چ تێبینیەکیان نییە لەسەر ئەوە؟ باشە ئەگەر چ تێبینی تر نییە، شێخ موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو پڕۆژەی کە هاتووە لیژنەی یاسا مادەی یەکەمی داناوە، جاری پێشوو هەموو گفتوگۆی لەسەر کرا وهەمووومان لەسەری کۆک بووین، مادەی یەکەمی کە هاتووە بەپێی ئەو بڕیارە دانراوە لەلایەن لیژنەی یاسا هەمووومان رامان ئەوە بوو لەسەر ئەوەی کە بڕوات ودوایی ئەوە مادەکانی تر ئەو کاتە رایەکمان لەسەری هەیە لەگەڵ ڕێزمان، سەبارەت بەو مادەی کە هاتووە ئێمە هیچ رەخنەیەکمان لەسەری نییە، ڕازین. وەزارەتی ئەوقافیش لەگەڵیان دانیشتووین لەگەڵ جەنابی وەزیر لێمان تۆژیوەتەوە هەر رازین تەنها لە مادەی چواری دەقی پڕۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئەوەی ئێمە پێشنیارمان کردووە دەخوێنینەوە کە رامان وایە بکرێتە مادە دووی ئەم بڕیارەی کە لەپەرلەمان دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەو پڕۆژەیە ئێستا کە لەلایەن لیژنەی یاساوە ئامادە کراوە ئێمە ئەوە دەخەینە گفتوگۆ کردن، ئەگەر شتێک هەبوو لەسەری گفتوگۆی دەکەین ئێمە ئەم بڕیارە تەواو ئەکەین، پاشان، پێش وەخت لیژنەی یاسا ڕاپۆرتی خۆی دەخوێنێتەوە. ئێستا ئەم پڕۆژەیە ئامادە کراوە تکایە پێویست بە گفتوگۆ ناکات، با بێینەوە سەر مادەکە، کە مادەکەمان خوێندەوە ئەوجا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الاوقاف والشؤون الإسلامية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر

المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الآتي :
قانون معادلة شهادة المدارس الدينية بمرحلتى المتوسطة والاعدادية بشهادة المتوسطة والاعدادية :
المادة الاولى : تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين (المتوسطة و الاعدادية) للمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتي الدراسة المتوسطة والاعدادية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الاداب بجامعات الاقليم وذلك بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية(العامة) المقررة قانوناً.
المادة الثانية : على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.
المادة الثالثة : ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر لە بیرتان بێ ئێمە ناونیشانەكەمان لەكۆبوونەوەی پێشو گۆڕی وەكو خۆی كورتمان كردەوە، جەنابت هەمووت خوێندەوە یان كورت كردنەوەكەت خوێندەوە؟ ئێستا فەرموو كورت كراوەكەی مادەكە بخوێنەوە واتە(قانون معادلة شهادة المدارس الدينية فقط) فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى : تعادل الشهادة الدراسية للمرحلتين المتوسطة والاعدادية للمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بشهادتى الدراسة المتوسطة والاعدادية لغرض التعيين والقبول في كلية الشريعة وقسم الدراسات الاسلامية في كلية الاداب بجامعات الاقليم وذلك بعد اجتيازهم الامتحانات الوزارية العامة المقررة قانوناً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی ئەوقاف چ تێبینیەكیان لەسەر ئەمە هەیە؟ شێخ موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە رازین لەسەر ئەم مادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، دەرگای گفتوگۆ كراوەیە بۆ ئەندامانی پەرلەمان لەسەر مادە یەك، ناوەكانیان ئەنووسین، د.قاسم، د.ناسح، كاك ئیبراهیم، د.ئیدریس، مەلا هادی، كاك سیروان، كاك سەفەر، كاك ئەكرەم عاشور، كەسی تر هەیە؟ هەر ئەمانە مافی قسەیان هەیە. كاك د.قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی كە ئێستا هاتووە وابزانم هەمان پرۆژەی ساڵی ١٩٩٠ی حكومەتی ناوەندیە، كە هەمان

مەفهومیان هەیە، ئەم بڕیارەی حکومەتی ناوەندی تاکو ئێستا لە هەرێمدا کاری پێ دەکرێ چونکە لە تەمووزی ١٩٩٠دەرچووە، ئەگەر یارمەتی هەبێ بۆتان دەخوێنمەوە:(تعليمات خاصة للمدارس الدينية التابعة لوزارة الأوقاف والشؤون الدينية في المنطقة الشمالية):

المادة الأولى: تأسيس المدارس الإسلامية في كل من المحافظات أربيل ودهوك والتأميم والسليمانية.

ماده سێی ئەم بڕیاره دەڵێ:(الدراسة في هذه المدارس ثماني سنوات تقويية تكون الدراسة فيها اللغة العربية، وتقسم إلى ثلاث مراحل دراسية ثلاث سنوات للدراسة المتوسطة و للدراسة الإعدادية ثلاث سنوات وسنتان للدبلوم)، ئەو یاسایە هەروەک ئاماژەم بۆ کرد لە ١/٧/١٩٩٠بە ئیمزای وەزیری ئەوقافی عێراقی(عبدالله فاضل عباس)دەرچووە، ئەو یاسایە تاکو ئێستا لە کوردستان کاری پێ دەکرێ، چونکە پێش کێشانەوەی دەزگا ئیدارییەکان لە ساڵی ١٩٩٠ ئەم کارە کراوە، ئەو یاسایە تاکو ئێستا لە کوردستان بڕیاری ڕاگرتنی یان هەڵوەشاندنەوەی نەدراوە، جا نازانم ئەوە بۆ وا هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ تۆزێک بۆمان روونتر بکەی، ئەوە یاسایە یان ڕێنماییە؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو یاسا دەرچووە، یاسا بۆ قوتابخانە ئایینیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف، ڕێنمایی پەیڕەوی ناوخۆی بۆ ئەوان دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر مافی هەیە یاسا دەربکا؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مافی نییە، بەڵام وەکو ڕێنمایی زیادە لەوانەیە بڕیارێک دەرچووبێ، ژمارەی بڕیارەکەی نازانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.قاسم، کاکەڕەش رونکردنەوەیەک؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕێنماییەی کە بەڕێز د.قاسم ئاماژەی پێدا پەیوەندی بە پەیمانگای(الائمة والخطباء)ەوە هەیە، پەیوەندی بە ئیشی ئێمەوە نییە، ئەو قوتابخانە ئایینیانەی کە تاکو قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی هەیە، کاتی خۆی خولێک لە وەزارەتی ئەوقاف کرابۆوە، پەیمانگایەکیان کردبۆوە

ناویان لێ نابوو پەیمانگای(الائمة والخطباء) قوتابیانی دوو ساڵیان دەخوێند. لەو دوو ساڵەدا دبلۆمیان وەردەگرت. ئەمە ئێستا نە باسی دبلۆم دەکەین نە پەیوەندیمان بەو پەیمانگایەوە هەیە، تەنیا ئەو قوتابخانە ئایینیانەی کە سەر بەوەزارەتی ئەوقافن دوو جۆر قوتابخانەمان هەیە، هەندێکیان قوتابخانەی ئیسلامینەو ئەو بروانامەیان بەرابەرە، بەشێکیان ناویان قوتابخانەی ئایینیە بەوەزارەتی ئەوقاف بەستراونەتەوە. دەمانەوێ بروانامەی ئەوانیش وەکو بروانامەی قوتابخانە ئیسلامییەکان بێ بۆ ئەوەی لەو دوو جێگایە وەربگیرێن، لەکۆلیژی شریعەو بەشی خوێندنی ئیسلامی، کۆلیژی ئاداب باسی ئەو پەیمانگایە ناکات. دوایی ئەو پەیمانگایەی کە کاک د.قاسم ئاماژەی پێدا هەر لە بنەڕەتەوە بە یاسا دانەمەزراوە لە بنەڕەتەوە بە ڕێنمایی دیوانی سەرۆکایەتی دانەمەزراوە و وەزارەتی ئەوقاف ڕێنمایی لەسەر بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی دەرچووەندووە و لەسەر پێڕەوی ئالقەکانی کاتی خۆی گەڕاندویەتیەوە لەسەر پێڕەوەکەی و دایناوە، ئێستاش لەگەڵ برادەرانی لیژنەی ئەوقاف قسەمان کرد ئەو پەیمانگەیە بە وێنەیەکی تر چارەسەری بکەین، هەوڵ دەین پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ بکەین کە ئێستا هەیە بۆ ئەوەی بتوانین دراسەتی بکەین وچارەسەری بکەین بە هەماهەنگی لەگەڵ خوێندنی باڵادا ولەوانەیە برادەرانی ئەوقاف ئەگەر تێبینیان هەبێ چونکە قسەمان لەسەر کرد ئەوانیش تۆزێک ئەو بابەتە روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەوەی کاکەڕەش لێک جیاوازن، ئەوە پەیمانگا نییە، بەڵکو قوتابخانەی ئیسلامینە هەر وەکو بەڕێز ئاماژەی پێدا فعلا دوو جۆرە قوتابخانەی ئایینی لە کوردستاندا هەیە، یاساکە کاری پێ دەکرێ(نافذ المفعول)، بەڵگەش بۆ ئەوە ساڵی خوێندنی ٩٦-٩٧ دوو قوتابی ئەم قوتابخانانە لە کۆلیژی شەریعەی دهۆک وەرگیران، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم قوتابخانانە پەیمانگا نییە، ئەوانە قوتابخانەی ئایینیە ئێستا لە دهۆک هەیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مۆڵەت بدە مانای ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا ئێمە ئەو بروانامەیان بۆ بەرابەر ئەکەین لە کوردستاندا هەیە وەکو ئەخوێنن وئەو قۆناغانەی لەو نووسراوە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی تێدا دەستنیشان کراوە کە دوو ساڵی دوای دواناوەندی دەیخوێننەوە جارێکی تر.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەری ناونیشانەکە دەڵێ:( التعليمات الخاصة بالمدارس الدينية التابعة لوزارة الاوقاف و الشؤون الدينية والمدارس الدينية).

المادة الثالثة: مدة الدراسة في هذه المدارس ثمان سنوات تقويمية تكون الدراسة فيها باللغة

العربية وتقسم على ثلاثة مراحل دراسية، ثلاث سنوات للدراسة المتوسطة والدراسة الاعدادية ثلاث سنوات وسنتان للدبلوم.

واته پەیمانگا نییە، قوتابخانەی ئایینیە تاکو ئێستا لە دهۆک هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

واتە قوتابخانەی ئایینی بە هەمان قۆناغەکانی خوێندنی کە ئێستا تەشریعی ئەکەین هەیە؟

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ هەمان شتە بە بەڵگە ساڵی خوێندنی ٩٦ـ٩٧ دوو قوتابی لە کۆلیژی شەریعە وەرگیران وسەر بەم قوتابخانانە بوون ئێستا لە قۆناغی یەکەمن، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی ئێستا کاک د. قاسم فەرمووی دامەزراندنی ئەو قوتابخانانەیە، ئێمە ئەو قوتابخانانە دانامەزرێنین. ئێمە بڕوانامەی قوناغی ناوەندی و دواناوەندی ئەم قوتابخانانە بەرابەر ئەکەین، بە ناوەندی و دواناوەندی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە. کە بتوانن لەوێ دەوام بکەن، ئێستا فەرمووی دوو قوتابی لەکۆلیژی شەریعە ئێستا دەوام دەکەن ڕاست دەکەن لەکۆلیژی شەریعەی دهۆک دەوام دەکەن، بەلام لە زانکۆی(صلاح الدین) لە هەولێر دەرچووانی قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافیان لەکۆلیژی ئاداب وەرنەگرت، کە چی بەشی خوێندنی ئیسلامیان لەکۆلیژی ئاداب دا وەرنەگرت لەبەر ئەوەی بڕیاری بەرابەر کردنی بڕوانامە دەرنەچوو بوو، ئەوەی کە کاک دکتۆر دەفەرمووێ ئێستاش پەیمانگایەک هەیە داوایان کردووە، لە پرۆژەکە هاتووە کە پاش ئەو قوتابخانەیە ئەگەر بچن دوو ساڵ بخوێنن دوو ساڵی تەقویمی دبلۆمیان بدەنێ، ئێمە باسی بڕوانامەی دبلۆمان نەکردووە ئێمە قۆناغی ئەو شەش ساڵەی سێ ناوەندی و سێی دواناوەندی بەرابەری ناوەندی ودواناوەندی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەکەین بۆ ئەوەی مافیان بدەینێ بتوانن لەکۆلیژی شەریعە ولەکۆلیژی ئادابی بەشی خوێندنی ئیسلامی دەوام بکەن، تەنیا بەرابەری بڕوانامەکەیان دەکەین بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر ئەم بڕوانامانە بەرابەر نەبێ چۆن ئەوانەی باسم کرد لە کۆلیژ وەرگیراون، پرسیارەکەی من لە لیژنەی یاسا ئەوەیە: ئایا ئەم دوو قوتابیە چۆن وەرگیراون؟ بۆ زانینتان ئێستا لە قۆناغی یەکەمن بە قبووڵی مەرکەزی بوو نەک بە قبووڵی فەردی، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، ئەم بابەتە بۆ ئێمە شتێکی تر دەرچوو، واتە نادیارە، جارەکەی تر ئێمە بۆی بچمان

هەبوو لەسەر وەزارەتی پەروەردە، ئێستا ئێمە ئەگەر بڕیاری شتێک بدەین کە لە بنەڕەتدا یاسا نییە، ئێستا ئەتانەوێ ئێمە لێرە شایەدیەک بەشتێک بدەین کە لە بنەڕەتدا یاسا نییە ئەو قوتابخانانە هەنە کە بە بڕیارێکی وەزیری ئەوقاف دروست بووە. هەمان ساڵانی خوێندنی ناوەندی ئەوەندە بێ، دواناوەندی ئەوەندە بێ، دوو ساڵیش بخوێنن، ئێستا ئەتانەوێ ئێمە، پەرلەمانی کوردستان، تصدیقی ئەو شتە بکەین کە لە بەرنامەی ئێمەدا نەبووە ئەوە بابەتێکە بۆ ئێمە کتوپڕ بوو، چونکە وایان بە ئێمە نەگوت، نەلیژنەی ئەوقاف نە لەناو خودی پرۆژەکە هاتبوو ئاماژە بکەن بەو خەلفیاتە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەکانی پەرلەمان بە تێروتەسەلی گفتوگۆی ئەم لایەنە بکەن، وەزارەتی پەروەردەش دەبووا بەتێروتەسەلی تەماشای بارەکەیان بکردبایە، واتە ئێستا ئێمە دێین بڕوانامەی پەیمانگا ئەدەین بەخەڵکێک کە نازانین بەڕاستی چۆن ئەو قوتابخانانە کراونەتەوە، لەسەر چ بنامەیەک بووە؟ وەکو دەرکەوتیش بە ڕێنمایی وەزیری ئەوقافی حکومەتی ناوەندی بووە، جا ئەو بابەتە هەقە ئەندامانی پەرلەمان هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەن وباش ڕوونی بکەنەوە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوێندن لەم قوتابخانانە هەشت ساڵە، لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی مەرکەزی بەپێی ڕێنمایی ئەو هەشت ساڵەی سێ قۆناغی دیاری کراوە وەکو د.قاسم ئاماژەی بۆ کرد، بەڵام ئەم ڕێنماییە سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی خۆمانەوە ورەسمیەتی بڕوانامەکەیان ئیعتباری پێ نەکراوە، ویاسای بۆ دەرنەچووە، وبەپێی یاسا هیچ دەسەڵاتێکی ئەوەی نەبوو کە شەشی پەیمانگا شەشی ئەو قوتابخانە ئاینییەی سەر بەوەزارەتی ئەوقافە بتوانن لە کۆلیژەکانی تایبەتی وەربگیرێن ورەسمیاتی لە دامەزراندنیان نەبووە، تەنها خوێندنەکەیان هەبووە تاوەکو ئەو حاڵەتەی کە هەبووە بۆیە لە پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف وئەنجوومەنی وەزیران کە هاتووە داوا کردنەکە لە دوو قۆناغدا هاتووە، قۆناغی یەکەم: بڕوانامەی ناوەندی ببێتە ڕەسمی وبەرابەر بێ لەگەڵ بڕوانامەی ناوەندی سەر بەوەزارەتی پەروەردە. لەگەڵ بڕوانامەی دواناوەندیشیان بەم شێوەیە بەرابەر بکرێت. بەهەمان شێوە هیچ زیادەیەکی لێ نەهاتووە تەنها ئێمە لەپرۆژەی یاساکەدا یاسایەکی زیادە نایکەین، چونکە شتێک ناکەین جێگیر بووبێ و دووبارە جێگیری بکەینەوە، بەڵکو شتێک ئەکەین کە بەرابەری بڕوانامەکەیان بەرەسمی لە بڕوانامەیەکی ڕەسمی بکەین کە بتوانن لەکۆلیژەکان بخوێنن، ئەوەش کە د. قاسم ئاماژەی پێدا کە لەکۆلیژی دهۆک وەرگیراون، بەڵێ کۆلیژی دهۆک ساڵانی ڕابوردوو ڕەسمیەتی نەبوو، هەر قوتابییەک هەتا مۆڵەتنامەی زانستیشی هەبووایە پێش تەصدیقی پەرلەمان ئەوان وەریان ئەگرت، بەڵام دوایی ئەوەی کە ڕەسمیەتی وەرگرت ئێستاکە پابەندە بە قەبوولی مەرکەزی. ئێستا کۆلیژەکانیش وکولیژەکانی ئیسلامی لە هەولێرو لەسلێمانی ناتوانن ئەو قوتابیانە وەربگرن تەنها ئەبێ ئەم یاسایە دەربچێ لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو لایەن لەم بابەتەدا هەیە تکایە ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن لەسەر ئەم خاڵە بێت. ئەو شتەی کاک د.قاسم خستوویەتیە روو ببڕێنینەوە دوای ئەوە دێینەوە سەر خاڵەکانی تری ئەم مادەیە. لەم بابەتە دوو شت هەیە ئێستاکە ئەبێ روون بێتەوە (١) ئەم قوتابخانانە هەبووە پێش ئێستاکە بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ دروست بوونی ئەم قوتابخانانە پێش ئێستاکە دەقێکی یاسایی هەیە، یان نا؟ یاخود رێنمایی هەیە بۆ کردنەوەیان؟ واتە یاسایەک هەیە ئەو قوتابخانانەی پێ دامەزرابێ هەتاکو ئێستا بێین دان بە بروانامەکەیانا بنێین؟ ئەگەر دەقێکی یاسایی هەیە، پێش ئێستاکە دان بە بروانامەکەیان نراوە وەکو پەیمانگا تا ئێمە بێین تصدیقی کەین. لێرە پرسیارێکی تر هەیە لەبارەی ئەم بابەتەوە کە ئەوانەی قبوول کراون لە شەریعەی دهۆک پار قەبوول کراون، چۆن وەرگیراون؟ کاک د.قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قبوولّ کراون قبولیش مەرکەزی بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا حەز دەکەم ئەو برادەرانە کە مداخەلەیان هەیە لەسەر ئەو بابەتە ناوەکانیان ئەنووسین، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم قوتابخانانەی وەکو باس کران فعلا ماوەیەکی زۆرە لە پێش راپەرینەوە هەن، بەڵام لەدوای راپەرینەوە کە کۆلیژی شەریعە لە دهۆک کرایەوە قوتابی ئایینیەکانی ئەو قوتابخانەیان وەرئەگرت، بەڵام کۆلیژی شەریعەکەی بووە رەسمی؟ پار ساڵ ١٩٩٦ کە من ئەو کاتە لە وەزارەتی پەروەردە بووم، ئێمە دامان پێ دانا تاکو خرایە سەر زانکۆ، ئینجا ئێستا بەشێکە لە زانکۆی دهۆک. هەڵبەت کە ئەوانە وەرگیران واتە ئێمە شەرعیەتێکیشمان داوە بەو قوتابخانە ئایینیانە، مەبەستم لە قوتابیەکانی کە لە دەرچووانی دواناوەندی ئایینین یان هی پەیمانگە وەکو خۆیان ناویان لێ ناوە. جا شەرعیەتەکەی پێ دراوە بەڵام بێگومان پێویستی بەوە هەیە کە بەیاسا شەرعییەت بەوە بدەین، لەسەر ئەم خاڵە من هەر تەنیا ئەمەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری شێخ موحسێن دەکەم. ئەوە کاتی خۆی بە یاسا نەبووە، بەڵکو بە [illegible]

بۆیە پێویستە یاسایەکی بۆ دەرکەین، دوو جۆرە قوتابخانە هەن، هەندێک هەن وەکو گوتمان، پەیمانگای ئیسلامیە سەر بە پەروەردەن، ئەوانەی ئێمە لەبەر دەستمان دایە سەر بە ئەوقافن، لەبەر ئەوە دەبێ یاسایەک دەربچوێندرێ ئینجا گفتوگۆی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک لە برادەرانی یاسازان دەکەم. من پێم وایە هەندێ شت لە سەرۆکایەتی کۆماری یان لەدیوانی سەرۆکایەتی دەرچووە هەندێ بریار هێزی یاسایان هەبووە، ئینجا ئایا ئەمەکاتی خۆی کە دەرچووە هێزی یاسایی هەبووە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر یاسایەک یان بریارێک لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەربچێت وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی هێزی یاسایی هەبووە، بەڵام لە هەمان یاسادا ئەڵێت (علی الوزير المختص اصدار التعليمات) جا ئەو ڕێنماییەی کە لە وەزارەتەوە دەرچووە هیچ هێزی یاسایی نییە، دەبێت یاسایەک هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد، باسی دیوانی سەرۆکایەتی دەکات، باسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) ناکات بریارەکانی دیوانی سەرۆکایەتی یاساییە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسایی نییە. ئەگەر یاساییش بێت دەبێت ڕێنمایی بۆ دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، مانای ئەوەیە ئەمەی کە ئێستا ئێمە دەیکەین بەڵگەیەکی یاسایی نییە، واتە ئێمە بڕوانامە بەرابەر دەکەین بێ بەڵگەیەکی یاسایی، باشتر نییە ئێمە یاساکەی تەصدیق بکەین، ئینجا بەرابەری بڕوانامەی پێ بکەین؟ ئەمە گرفتێکە وەکو ئەڵێن هێشتاکە هیچ نەبووە ئێمە دێیین بەرابەری بڕوانامەیەک ئەکەین و ئەیکەن بە پەیمانگا لەکاتێکدا بەیاسا هەر نییە، بۆیە باشتر وایە یاساکە ئامادە بکرێت، پاشان لە چوارچێوەی یاساکەدا بڕوانامەکەشی دانی پێ دابندرێت، بۆیە ئەبێ یاساکەی بۆ ئامادە بکرێت و ئەگەرنا شتێ کە یاسا نەبێت ئێمە بیکەین بە یاسا. ناوەکان ئەنووسین چونکە بابەتەکە گرنگە با تەواوی کەین، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە لە یاسای وەزارەتدا ئەگەر بێتوو یاسا دەرچێ ڕێنمایی دەردەچێ، دیارە یاساکە هەبووە، هەر وەکو کاک د.ڕزگار ڕێنماییەکەی خوێندەوە بۆیە وەزیرەکە ڕێنمایی دەرهێناوە بۆ درێژەدانی ئەو یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکوێیە یاساکەی؟.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە نووسراوێکی رەسمییە ژمارە (١١٢٠) لە ١٩٩١/١١/٢٣ ئەڵێ (حصلت الموافقة على المقترحات الواردة في كتابكم المرقم) ئەوەندە ڕەزامەندی سەرۆکی کۆمار(ئەحمەد حەسەن بەکر)هاتووە، بە ئیمزای سەرۆکی دیوانی کۆماری مانای ئەوە ئەوەیە بەپێی ئەم نووسراوە ڕەزامەندییە کە هاتووە بۆ ئەو ڕێنماییەی کە دراوە بۆ دروست کردنی ئەو قوتابخانە ئایینیانەی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف (حصلت الموافقة) مانای ڕەزامەندی سەرۆکی کۆمار دەرچوو لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە، هەموو رازی بوونێک یاسایی بێت. ئێستاکە ئێمە لێرە سەرۆکی وەزیرانمان و سەرۆک پەرلەمانمان هەیە و هەموو ڕەزامەندییەکی وەزیر مەرج نییە یاسایی بێت. سەرۆک کۆمار لەوانەیە ڕۆژێ(١٠) پێشنیاری بۆ بێت لەسەر هەموویان ڕەزامەندی بکات، پێشنیارو یاسا جیاوازی هەیە، جا باشە ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ وەقائعی عێراقی تا بزانین ئەو یاسایە هەیە یان نییە، وا نییە؟ چونکە من بەباشی نازانم شتێ تەصدیق کەین کە یاسایەکەی نەبێ با یاساکەی بۆ دابڕێژین، تەصدیقی بڕوانامە خۆی ئۆتۆماتیکیەن دەبێ، هیچیش لە بارەکە ناگۆڕێ وابزانم، کاک د.قاسم محەمەد فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک من پرسیارم لە برادەران کرد، وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ئاماژەی بۆ کرد بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قیادة الثورة)ی عێراقی هێزی یاساییان هەیە ئەوە یەک، دووەم یاساکە بەو ڕێگەیە، من تەنها هێما بۆ نووسراوێک بکەم ئەو نووسراوە بە ژمارە ٨/١٥، واتە ٨ر١٥(مصنفة سري وشخصي) لە ١٩٩٠/٣/١٢ ئەگەر مۆڵەت هەبێ پێشنیارێکی بخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ئەگەر پێتانە بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

محضر الاجتماع:

عقد اجتماع بتأريخ ١٩٩٠/٧/١٩ برئاسة السيد الوزير وبحضور الشيخ بشير الاتروشي الامين العام لإدارة شؤون الاوقاف لمنطقة الحكم الذاتي والسادة وكيل الوزارة ومدير عام دائرة المؤسسات الدينية ومدير عام الدائرة الادارية والمالية والدكتور حمد الكبيسي، محمد احمد التكريتي، ومدير الحسابات ومدراء الاوقاف في منطقة الحكم الذاتي ومسؤول شعبة المدارس الدينية وقد تضمن محضر الاجتماع مناقشة موضوع المدارس الدينية في المنطقة الشمالية وقد كانت التوجيهات.

ئەم خاڵە درێژە ئەمەش تەئکیدە کە یاسایە، بەڵام برگەی یاساکە داوای لێبووردن دەکەم چونکە من نەم دیوە، وە من بەدوایدا گەڕاوم بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانە دەڵێن یان یاسایە یان بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشە، ئەم ڕێنماییانەی وەزیر کەوا هەیە بۆ ئەم بڕیارە ئەوە هەر بۆ زانیاری بوو تا سوودی لێ وەرگیرێت. هەندێ زانیاریشم هەیە ئەگەر مۆڵەتم بدەن بیانخەمە ڕوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئێستا بەرچاو خراوە، قوتابخانەکانی ئایینی ئێستا لە دهۆک هەنە کە بەدوو قۆناغە ناوەندی ودواناوەندی، دەرچووی پۆلی شەشەم وەردەگرن بە مەرجێ لە تاقیکردنەوەی تەقدیری سەرکەوێ، دەرچووی مزگەوتەکان وەرناگرێ، واتا ئەو کەسانەی لە مزگەوت دەردەچن دەبێ ئەوانیش تاقیکردنەوەی تەقدیری بکەن وسەرکەون ئینجا قبوول دەکرێن، بە هەمان شێوە بۆ ئامادەییش، هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد ساڵی خوێندنی ٩٦-٩٧دوو قوتابی وەرگیران، هەر وەک بڕیارە دەبێ(١٠)یەکەمەکانی ئەو قوتابخانانە وەربگیرێن، پرۆگرامی خوێندنیان لەناوەندی بەم شێوەیەیە:

قۆناغی یەکەم: تلاوەو لەبەر کردن وراڤە کردنی قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەر(حدیث) و (الدین/الفقه)، نحو، صرف، عقیدە، مێژوو، ئنگلیزی، کوردی، بیرکاری.

قۆناغی دووەم: لەسەر ئەوانە دوو بابەتی دی زیاد دەبن(تجوید لەگەڵ جغرافیا)هەروەها لە قۆناغی ئامادەیی زیاد لەسەر ئەم وانانە وانەی زانستی قورئان وزانستی ڕەوانبێژی، واتە ئەوانە هەموو تەئکید بوو لەسەر ئەوەی ئەم قوتابخانانە یاسای خۆی هەیەو هەر هەموو لە ئەنجومەنی

سەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) دەرچووە ئەو ڕێنماییانەی وەزیریش هەر لەڕوانگەی ئەم یاسایە بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە چۆن بزانین ئەوە یاسایە؟ کاکە محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز د.قاسم ئەفەرمووێت لە مانگی (٧)ی ساڵی (٩٠) دەرچووە حەتمەن ڕێنمایی هەر لە دوای یاسادا دەردەچێ، دەبێت یاسا هەبێت یان بڕیارێ هەبێ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشێ(مجلس قيادة الثورة) ئەو ڕێنماییانە دەرچووە ئەگەر ئەو یاسایە ساڵی (٩٠)دەرچوو بێ من وای بە باش دەزانم بگەڕێن ئەو یاسایە بدۆزنەوە، ئەگەر کاک د.قاسم ژمارە و مێژووی ئەو یاسایەی بدا بایە بە ئێمە زۆر مەمنوون دەبووین، یان لە وەقائیعی عێراقی ساڵی (٩٠)دا هەیە ئێمە بگەڕێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک سەفەر محەمەد فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە گفتوگۆکەدا وا دیارە کە دوو جۆر قوتابخانەی ئایینی هەیە، ناوەندیی و دواناوەندیی ئایینی و قوتابخانەکانی ناوەندیی و دواناوەندیی خوێندنی ئیسلامی. قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندیی و دواناوەندیی خوێندنی ئیسلامی پێشتر لە کۆلیژی شەریعەی بەغدا وەردەگیران وابزانم پەیڕەوی خوێندن و بڕوانامەکانیان بە یاسا بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام وەک صیفەتی یاسایی بەڕاستی وا دیارە قوتابخانە ئایینیەکان کە لە بنەڕەتدا صیفەتێکی یاسایی نەبووە، شەرعیەتێکی یاسایی نییە. جا کە لە بنەڕەتدا شەرعیەتی یاسایی نەبێت ئێمە چۆن بێین ئەنجامێکی شەرعیەی یاسایی بدەینێ، هاودژ پەیدا دەبێت ئەوەش وابزانم یاسایی نییەو پێشنیار دەکەم ئەوە دوا بخەین بۆ ئەوەی زیاتر دراسەتی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا سەدیق وەکو پسپۆڕێک لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەوقاف هاتووە لە وەزارەتی ئەوقافەوە تەنها بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەسائیلانە لەگەڵ خۆی هێناویەتی، با بفەرمووێ.

**بەڕێز مامۆستا مەلا سەدیق/پسپۆڕ لە وەزارەتی ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ساڵی ١٩٨٩ لە ١/١ وەزارەتێ ئەوقاف پێشنیارێکی لەسەرۆکایەتی کۆماری داواکرد بە نووسراوی(٢٣٦٩) لە ١/١١/١٩٨٩ کە پرۆژەی(احياء المدارس الدينية في المنطقة الشمالية)

بکرێ ئەوجا سەرۆکایەتی کۆمار لەسەرئەم پرۆژەیە بەنووسراوی (ژمارەکەی نازانم) رۆژی ١٩٨٩/١١/٢٢ رەزامەندی دەربری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، چ یاسا هەبوو؟

**بەڕێز مامۆستا مەلا سەدیق/پسپۆڕ لە وەزارەتی ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، بەڵام پشت بەسترا بەوەی دەڵێت (حصلت الموافقة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە باسی کرد گرفتی ئێمە مەسەلەی یاسایییەکەیە، جا مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران دیارە هەر کەسەو بۆچوونی خۆی هەیە، بەڵام حەز دەکەم من شتێ بەرچاوتان بخەم، ئەو قوتابخانانە لە ساڵی (٩٠)دا دروست بوونە (احیاء مدارس) کاتی خۆی بووە کەوا وەزارەتی پەروەردەی عێراقی بڕوای پێ کردووە. مەلایانی باش وپیاوانی هەڵکەوتووی چاک وەکو مامۆستا عەبدولکەریم مدرس هەوڵی بۆ داوە کە (احیاء) ئالقەکان بکاتەوە یەکەم بڕیار کە دەرچووە لەسەر بنەرەتی ژیاندنەوە کە بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕش بووە کاتی خۆی (٥) قوتابخانە لە کوردستان لەسەر ئەم بڕیارە دامەزراوە (٥)ی تریش لە ناوچەی باشوورو ناوەند دامەزراوە، قوتابیانی قۆناغی(٦) شەشەمی ئەو قوتابخانانە کە تخرج دەکەن لە کۆلیژەکانی زانکۆکانی عێراق لە خوێندنی ئیسلامیدا لە زمانی عەرەبی و لە شریعەی ئیسلامی وەرئەگیرێن. حاڵی حازر سەبارەت بە ئێمەوە بۆشاییەک، چونکە نامە گۆڕینەوە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی دا نییەو یاسایەکە دەستی ئێمە ناکەوێت، لە راستیدا ئەو قوتابییانەش خاوەنی مافێکن، واتە ئەوەی کە خوێندویانە هەتا ئەوەی کە مۆڵەتی زانستی هەیە لای مامۆستایەک بەمۆڵەتی تاقە مامۆستایەک ئەتوانێ بێ لە وەزارەتی ئەقاف تاقیکردنەوەیەکی کاتی بدات بڕوانامەی بەرابەری بە بڕوانامەی شەشی خوێندنی ئیسلامی وەرئەگرێ وکاری دەروا لە کۆلێژی شەریعەی دهۆک دەوام دەکات. ئەوانە رادەی زانیارییان طبعا لەقوتابییانی خوێندنی ئیسلامی زیاترە لەوانەیە کە موجازن لای مامۆستاکان هەوڵ و تێکۆشانی چاکیان هەیە وەزارەتی ئەوقاف گرنگیەکی پێ داون، واتە ئەوەی کە بەرهەمی وەزارەتی ئەوقافە بەکردەوە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەند قسەکانت دەبڕم مامۆستا ئێمە گفتوگۆی رادەی زانیاری ناکەین، تەنها گفتوگۆی یەک خاڵ دەکەین، ئەم بڕوانامەی ئێستاکە، پەرلەمانی کوردستان بڕیارێک ئەدات ئەمانە بکات بە دەرچووانی پەیمانگا بناغەیەکی یاسایی هەیە یان نا؟ ئەگەر بنچینەی یاسایی هەیە موشکیلە

نییه، ئەگەر نییە بۆ ئەوەی خاوەن پێشنیار ئاگادارکەینەوە یان پرۆژەیەک پێشکەش کات یان داوا لە پەرلەمان کات پرۆژەیەک بکات، تەنها پرسەکەی ئێمە ئەوەیە، پەیوەندیمان بە رادەوە نییە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

جا ئەگەرمۆڵەت بفەرموی ئەگەر قۆناغی (٦)ە کەیان بەرابەر بێ بە قۆناغی(٦)ی خوێندنی قوتابخانە ئیسلامیەکان، ئێستا لەو دەمەدا قۆناخی پەیانگا لێ دەگەڕێین ئێمە قۆناخی ئەم دوو ساڵەگفتوگۆ بکەین.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

دیسان تەئکید دەکەم دەڵێم ئەم مەکتەبانە ئێستاکە بناغەیەکی یاساییان هەیە یان نییە؟

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ، بنچینەی یاسایی هەیە

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ، ئێمە ئەوەمان دەوێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

واتە قوتابخانەکانی ئایینی حەلەقاتە، لە کوردستان کاتی خۆی بووە.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مامۆستا ئێمە ئەو یاسایەمان ئەوێت بۆ ئەوەی سودی لێ وەرگرین، ئەو بەڵگەمان ئەوێ ببینین وەک بناغە قسەی لە سەر بکەین،ئەو یاسایە چی یە ؟

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من تەنیا دوو قسەت بەرچاو دەخەم یەکەم: «إحیاء» حەلەقاتی ئەو قوتابخانانەیە، دووەم لەناوچەی باشوورو ناوەندی عێراق دەرچووانی شەشی ئەو قوتابخانانە لە کۆلیژەکان دەوام دەکەن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

باشە با ئەو یاسایە بدۆزینەوە، خۆ زەحمەت نییە، موشکیلەش نییە، یاساکە چی یە؟ ژمارەی چەندە، کەی دەرچووە؟

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی یاساکە پەیداکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قوتابخانە ئاییینیانە هەر وەک کاک سەفەریش گوتی بنچینەیەکی یاساییان نییە، تەنها پێشنیاری(شێخ بەشیر)ەکە بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەوکاتە بووە، لەوەزارەتی ئەو کات گفتوگۆیان کردووە ناردراوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی، ئەبا ئیمزای سەرۆکی کۆماریشی لە سەربا، کە چی تەنها بەرینمایی دەرچووە، واتا هیچ یاسایەکی پێ دەرنەچووە تەنها رێنماییە بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی، تەنانەت زۆربەی قوتابخانەکانی لەم جۆرە تاکو ئێستا لە هەرێمدا پابەند نابن بەم رێنماییانە، چونکە لەو رێنماییانە هاتووە دەڵێ ئەوەی لەو قوتابخانانە وانە بڵێتەوە دەبێ بەلایەنی کەم بەکالۆریۆسی لە کۆلیژی شەریعە یان کۆلیژی فقهی هەبێ بەڵام ئێستا هەیە لەو قوتابخانانە وانە دەڵێنەو بروانامەی تەنها سێیەمی ناوەندی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز ناکەم بەدوورو درێژی بچینە ناویەوە، سەنەدە یاساییەکەمان پێویستە، بەڵگەکمان پێویستە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستین تاکو بیکەین بە بڕیارێک، ئێمە ئەم چارەسەرەمان دەوێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هیچ پایەیێکی یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس. کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر یاسا هەبووە پێشتر لە حکومەتی عێراقی دەرچوبوو، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان یاسامان بۆی دارشتووەتەوە، پێدەچێ باشترین شت ئەوەبێ یاسایەک بۆ ئەو قوتابخانانە لێرە لە پەرلەمان دابنێین، بڕیاری لە سەر بدرێت، ئەوە هەڵوێستی ئەو قوتابخانانەش بەهێز دەکات، لەگەڵ بروا نامەکانیان، دوایی بەرابەری بروانامەکە بەپێی رێنمایی و زەوابتێک دەردەچێ، واتە یاسا بۆ بەرابەری بروانامەی ئەو قوتابخانانە دانرێت، ئەوەش دەبێتە دەرئەنجام (تحصیل حاصل )، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ مەحمود کاوە شێخ لەتیف/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو دانیشتنەکەی پێشوو دوامان خست هەوڵماندا کەبنچینەی یاساکەمان دەست بکەوێت

وناردیشمان بۆ ئەو قوتابخانانەی کە لە بەغدا و موصڵن، دیار بوو وەکو بۆمان روون بۆوە ئەوان یاساکەیان لا نەبوو، وایان دیار خستبوو هەر تەنها لە سەر داوای سەرۆک کۆماری عێراق دامەزرابن هەتا ئەوەش بە یاسا ئیشی پێ کراوە پێشتر هەبووە، واتە ئەمە تەنها بۆ بۆچوونەوە بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

به بۆچوونی من وێنەکە نزیکە روون بێتەوە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو برادەران روونیان کردەوە بابەتەکە ڕێنمایی دیوانی سەرۆکی کۆمارە، دەبێ ئێمە ئەو لەو روانگەوە سەیر کەین عەجەبا سەرەک کۆمار ئەو دەسەڵاتەی هەیە قوتابخانە بکاتەوە یان نییەتی؟ دەبێ بەراستی بەشوێن یاساکەدا بگەڕێین چونکە ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ قوتابخانە بکاتەوە، مانای وایە بڕیاری کردنەوەی ئەو قوتابخانانە هێزی یاسای هەیە، دروست کردنی نەک تەنیا بەیاسایەکی تایبەتی بێ، چونکە قوتابخانەی سەرەتایی وقوتابخانەکانی تری پەروەردە یاسایان هەیە، وەزیری پەروەردە قوتابخانەیەک دەکاتەوە خۆ ئەو قوتابخانانە یاسایێکی تایبەتییان نییە، بەو واتایەی وەزیری پەروەردە لە بنەرەتدا مخەوەلە لەکردنەوەی قوتابخانە، هەموو قوتابخانەیەک مەرج نییە یاسایێکی تایبیەتی هەبێ. خاڵێک هەیە لەدەستوری عێراقی دەبێ تەئکیدی لێ بکەین، تەماشا بکەین بزانین رئیس کۆمار ئەو دەسەڵاتەی هەیە یان نیە، چونکە رەزامەندیەکە تەنها لەوێ دەرچووە، جا ئەوەش بەتەئکید پێویستی بە دواخستن هەیە تاکو ئەوە تەئکید بکەین بزانین عەجەبا ئەو دەسەڵاتەی هەیە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا بۆ تەئکیدە دەسەڵاتی سەرۆکی کۆماریش هەبێ، نابێ! ئەوە بابەتێکی ترە. وابزانم ئەگەر قوتابخانەش بکرێتەوە ئەبێت پێش وەخت یاسا هەبێ تاکو سەرۆک کۆمار پشتی پێ ببەستێ یان وەزیری پەروەردە پشتی پێ ببەستێ تا بزانێ قۆناخی خوێندنی دواناوەندی، قۆناخی خوێندنی سەرەتایی، قۆناخی خوێندنی ناوەندی چەندە، هی زانکۆ بەو شێوانەیە. مەبەستی من دەسەڵاتەکەیە کە لەو یاسایە وەرئەگیردرێ کە پێش وەخت هەیە. ئێستاش ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا جێگەی خۆیەتی، بەڕاستی ئێمە هێشتا لەو بابەتە کاتمان زۆر لە بەردەست ماوە بۆیە ئەگەر لیژنەی یاسا ئەو زەحمەتەمان بۆ بکێشن بە بنچینەی ئەم بابەتەدا بچنەوە بۆ دانیشتنی ئایندە ئەگەر کرا، یان دانیشتنێکی تریش گرفت نییە، ئەو بابەتانەمان بۆ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکەمان بەرێکو پێکی دەربکەین، واتە گەیشتن بە قەناعەت چارەیەکی یاسایی نییە، پێشنیارێک هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند ولەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا قسە بکەین تاوەکو ئەوان پرۆژەی یاساکە بکەن یاخود لێرە کۆمەڵێک لە برادەران داوایان لێ بکرێت پێی

هەستن، بۆیە باشتر وایە ئەم بابەتە دوابخەین تاکو دانیشتنێکی ئایندە زیاتر ئامادە دەبین . ئەم بابەتە ئەخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵ ئەوەیە دوای بخەین؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ دواخرا، زۆر سوپاستان دەکەین. سبەی هەر کاتێ لیژنەی یاسا تەواوی کرد ئێمە پیشانی ئەنجومەنی ئەدەین وئاگاداری وەزارەتی ئەوقاف دەکەینە بۆ ئەم بابەتە ئەمە خاڵێکە، خاڵی تر سبەی بۆ گفتوگۆی پرسیارەکان جەنابی وەزیری ئیشغال ونیشتەجێ ئامادە دەبێ بۆیە تکا لەو ئەندامانەی پەرلەمان دەکەم کە پرسیاریان بۆ جەنابی وەزیر ئامادە کردووە، سەعات(١٠) لێرە ئامادە بن، دانیشتنەکە بۆ ئەو بابەتەیە.
دانیشتنی ئیمرۆمان تەواو بوو، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٧/٦/ ١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/ ٦/١٧

سەعات ( )ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/ ٦/١٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی هەشتەمی ئاسایی خولی یەکەمی ساڵی شەشەمی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجوومەن ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەیان چەسپاند ئامادەبووان (٥٤) ئەندام بوون و بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٧) ئەندام.

بەرنامەی کار:

* پرسیارەکانی کە تاکو ئێستا هاتوون بۆ سەرۆکایەتی.
* خستنەرووی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بە ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنی ئەمڕۆمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵە، خاڵی یەکەم ئەو پرسیارانەیە کە لە ئەندامانی پەرلەمانەوە هەتاکو ئێستا بۆ سەرۆکایەتی هاتوون و لە هەفتەی ڕابوو ڕدو ناردوومان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. خاڵی دووەمیش وەکو ئاگادارن سێ شەممان ڕۆژی حکومەتە، واتە ئەوڕۆش خستنە رووی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانە بە ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کاک یۆنادەم.

لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین ئەویش ئەو پرسیارانەیە کە لەماوەی دواییدا گەیشتینە سەرۆکایەتی و نێردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئێستاش جەنابی سکرتێر پرسیارەکان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری (٣١) لە ڕێزدار د.رزگار «قاسم محەمەد قاسم» بۆ ڕێزدار وەزیری پەروەدە و وەزیری ئەوقاف ئەڵێ: دوو چەشنە قوتابخانەی ئایینی هەیە هەندێکیان سەر بەوەزارەتی پەروەردەیە هەندێکی تریشیان سەر بەوەزارەتی ئەوقافە ئایا ناکرێ هەردوو چەشنەکان ڕێکی بخەن و یەکیان خەن بیکەنە یەک قوتابخانە؟.

پرسیاری ژماره (٣٢) له ڕێزدار ئیبراهیم سەعید بۆ ڕێزدار وەزیری داد دەڵێ زۆر یاسا و بڕیارمان هەنە پێویستیان بەوە هەیە کە وەزارەتی داد ڕێنوماییان بۆ دەربکات یەکێک لەوان بڕیاری ژمارە (٧)ی ١١/٨/١٩٩٢وە لەسەر موڵکی لێپرسراوەکانی پێشووە، هەتاکو خەڵک لەڕاقە جیاجیاکانی فەرمانگاکان نەجاتیان بێت.

پرسیاری ژمارە (٣٣) لە ڕێزدار ئیبراهیم سەعید بۆ ڕێزدار وەزیری ناوخۆ پرسیاری بەندیخانەی دهۆک دەکات ئەڵێ: پێشوو شوێنی ڕاگرتن(موقف) بوو ئێستاش بوویتە بەندیخانە بەڵام پێویستە سەرەکییەکانی تەندروستی تێدا نییە پرسیارەکەی ئەوەیە کە ئەگەر بکرێ وەزارەتی ناوخۆ چ پلانێکیان هەیە بۆ دروست کردنی بەندیخانەیەکی تازە کە هەموو پێویستیە سەرەکییەکانی تێدا هەبێت، ئایا لە توانادا نییە؟ خانوێک لە دهۆک بدۆزنەوە بیکەنە بەندیخانەی منداڵان تاکو لە خەڵکانی تر جیا بینەوە؟

پرسیاری ژمارە (٣٤) لە ڕێزدار ئیبراهیم سەعید بۆ ڕێزدار وەزیری ئەشغال ئەڵێت بۆ دوو تیپی(فرقة) صیانە دروست ناکەن بۆ ڕێگای دهۆک و هەولێر یەکێکیان سەر بەئەشغالی دهۆک بێت، ئەوی تریش سەر بەئەشغالی هەولێر بێت؟

پرسیاری ژمارە(٣٥) لە ڕێزدار سەفەر محەمەد حسێن بۆ ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری پرسیاری بەگەڕخستنەوەی پرۆژەی لۆمانە ئەکات لە قەزای سمێل بۆ بەرهەمی مریشک و هێلکەو پرسیارەکەی ئەوەیە وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەم پرۆژەیە؟

پرسیاری (٣٦) لە ڕێزدار ئەکرەم عاشور بۆ ڕێزدار وەزیری پەروەردە پرسیارەکە ئەوەیە ئەڵێت: پلەی دەرچوون لە زمانی کوردی هەر بۆ سەرکەوتنە (نجاح) یان داخلی مەعەدەلیشە؟

پرسیاری (٣٧) لەڕێزدار یەحیا محەمەد بەرزنجی بۆ ڕێزدار وەزیری شارەوانی ئەڵێ: هەندێ جار بۆری ئاوی هەندێ گەڕەکی هەولێر قوڕاوی لێ دێ. پرسیارەکە ئەوەیە بۆ چاککردنی ئەو بارە چ پلانێکیان هەیە؟

پرسیاری ژمارە (٣٨) لە ڕێزدار یەحیا محەمەد بەرزنجی بۆ ڕێزدار وەزیری دارایی، ئایا مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە مووچەکانیان لەدەرەوەی هەرێم وەردەگرن ئایا هەنگاوێک هەیە حکومەتی هەرێم ئەو مووچەیان پێ بدات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ پرسیارەکانیان، سوپاسیش بۆ جەنابی سکرتێر. دێینەوە سەر خاڵی (٢) لە بەرنامەی کارمان، چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێش ئێستاکە چەند پرسیارێکیان ئاراستەی جەنابی وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردبوو بۆ ئەوەی وەڵامەکەی بدرێتەوە. کاکا د.ڕزگار پرسیارێکی هەیە بۆ جەنابی وەزیر با بفەرمووێت، برا وەزیرەکانمان ئەتوانن ئیستراحەتی خۆیان وەرگرن ئەگەر بچنەوە سەر ئیشوکاری خۆیان ئەگەر خۆیان حەز بکەن گوێ بگرن زۆر سوپاسیان دەکەین. فەرموون زۆر سوپاستان دەکەین بۆ هاتنتان، کاک د.قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی پردی خازەر یان قەسرۆک، خزمەتێکی گەورە بوو سودێکی ئابووری وخزمەتگوزاری بۆ جەماوەر تێدایە، جێگای ڕێزو پێزانینە کە ئەم کارە کراوە، هەرچەندە ئەوە کاری حکومەتیە لەگەڵ ئەوەشدا جێگای ڕێزو نرخاندنی ئێمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەندێ تێبینیمان لەسەر هەیە، لەدوای ئەوەی پردی قەسرۆک داندرا تاکو ئێستاکە نزیکەی سێ چوار ساڵ دەبێ، باجێکیش لەو ئۆتۆمبیلانە دەستێندرێ کە بەسەری رادەبوورن چ لە هاتن چ لە چوون هەرچەندە ئەگەر بەراوردی ئەو باجە بە بارودۆخی ئێستامان بکەین باجێکی کەمە، بەلام هەر بارێکی گرانە لەسەر شانی هاوولاتیان بەتایبەتی لەباری ئابووری ئەمرۆی کوردستان کە لەژێر باری گرانی دوو گەمارۆدا دەژین پرسیارمان ئەوەیە هەروەک پێشتریش هێمامان بۆ کردووە، کە ئەو لایەنەی ئەم باجە وەردەگرن هەرچەندە کەمیش بێ پێویستە لە چاودێری و چاک کردنەوەی پردەکە خەرج بکرێ. بەهۆی هاتووچۆمان لەسەر ئەم پردە تاکو ئێستا هیچ جۆرە چاک کردنەوەیەکمان بە بەرچاو نەکەوتووە ئەگەریش کرابێ زۆر کەم بووە بەرامبەر ئەو باجەی وەردەگیرێ.

پرسیارەکەم لە وەزیری ئەشغال ونیشتەجێیە، گومان لەوەدا نییە کە ئەو باجە وەردەگیرێ یاسای بۆ دانەندراوە هەرچەندە لە بارودۆخێکی نائاسایی وەردەگیرا بۆ داوای ناکەن پەرلەمان ئێستا باری ئاساییە، بەلام وەکو باج یاسای بۆ دانەندراوە ئەوە یەک، دووەم ئەو بارە گرانەی ئاماژەمان بۆ کرد ئایا هەتا کەی درێژە دەکێشێ؟ ئایا کۆتایی بۆ هەیە یان نا؟ ئەو پرسیارەش هەر ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ئەشغال ونیشتەجێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.قاسم، هەر وەک لە پێڕەودا هاتووە ئەمەوێ بیری ئەندامانی پەرلەمان بخەمەوە کە پرسیار بۆ ئەندامی پەرلەمان سەرەتا پێنج دەقیقە. بۆ جەنابی وەزیر بۆی هەیە لە سنووری (٥-٧) دەقیقە وەلامی بداتەوە موداخەلەی ئەندامی پەرلەمان لە (٣-٥) دەقیقە، وەموداخەلەی دووەمی وەزیر لە سنووری (٥) دەقیقە بێت، بۆیە تکایە ڕەچاوی کات بکرێت لەکاتی پرسیار کردن و وەلامدانەوە بۆ ئەوەی بتواندرێ پرسیارەکان هەموو لەکاتێکی دیاریکراو وەلام بدرێتەوە، با جەنابی وەزیر بفەرموویت.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەلامە ڕەسمییەکەی کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، بە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێویستە ئەو وەلامە بخوێنینەوە لەگەڵ دوو پاساوی تر، ئەو باجە پاساوی سەرەکیەی ئەوەیە کە ئێمە لە هەرسێ کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتاری سیاسەتەکەی بەک ئەوە بوو بۆچوونمان ئابووری بازارو ئابووری سۆسیالستی هەبوو زەمانی پێشوو ئەمە ئە زۆر

پێشنیار وا هەبوو کە ئێمە رێگەو بان، یان هەندێ پرد بکرێت یان هەر وەکو کۆمپانیای ئەهلی چاودێری وچاک کردنیان بگرتە ئەستۆ لەبەر ئەو بۆچوونە هەر لە(٩٢)هەتا ئێستا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان وەلامە رەسمیەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

الى رئاسة مجلس الوزراء/ المديرية العامة للديوان/ الذاتية م/ سؤال.

كتابكم ئەوەندە في ئەوەندە لە(٩٧) المعطوف على كتابي رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقمين (٣٠٩) و (٣١٢) في ١١/٥ وە ١٤/٥/١٩٩٧ نود إعلامكم بما يلي:

ان جسر «قصروك» من الجسور الخاصة التي تنصب بصورة مؤقتة للحالات الطارئة وتم نصبه لعدم وجود بديل له ذات الارضية الخشبية المغلفة ببليت لمقاومة الكثافة المرورية و الثقيلة) واتە پردێکی کاتییە وەکو پردی سەربازی لە دار دروست کرابوو لەسەر ئەم تەختانە پلێتی لێدرابوو بۆ ئەوەی نەشکێ، چونکە یەک هەفتە دوو هەفتە دوایی نەدەما بۆ سەربازی بوو ئەوە لەبەر نەبوونی توانای لێدانی پایالات لەناو رووبارەکە ئێمە ناچار بووین پردێکی کاتی دابنێین (التي لايتحملها هذا النوع من الجسور لفترات طويلة على الطريق الرئيسية يجب ان تجرى لها صيانة دورية ويومياً جيدة كشد البراغي للمسدات وتبديل قطعة الخشب والپليت التالفة والجسر بحاجة الى حراسة مشددة ومنظمة من التخريب وسرقة اجزاء الجسر لكونه يقع على الطريق الرئيسي بين اربيل ودهوك وداخل قصبة قصروك واثناء ممارسة الكتلة الوزارية لمهامها في شقلاوة عام ١٩٩٥ وللاسباب اعلاه تم فرض رسوم وتم تعيين حراس مسلحين بصورة مؤقتة لحماية جسر قصروك و الحسينية لتلافي نفقات الحراسة والصيانة الدورية من هذه الايرادات وان عملية الجباية تتم بوصولات رسمية منظمة ومختومة من قبل مديرية الطرق والجسور في دهوك وبأشراف لجنة مشكلة لهذا الغرض بعد ان تم اقرارها في محافظة دهوك بكتابها (١٠٠٦) في ٢/٤/١٩٩٥ ويتم قيد الوصل ايراداً خاصاً ويتم التصرف بها لتغطية النفقات المدرجة ادناه بالطرق الاصولية وموافقة السيد محافظ دهوك وتحريرياً بهامشه على اصل كتاب مديرية الطرق والجسور في دهوك المرقم(٢٩٦٩) في ٢٢/٢/١٩٩٦ الذي ينص على التصرف بهذه الايرادات البالغة(٤٣) الف دينار شهرياً تقريبا كمعدل الأشهر الأربعة الاخيرة في هذا العام وكما يلي:

١- رواتب حراسة المسلحين المؤقتين للجسرين، قصروك والحسينية والبالغ عددهم ١٥ حارس بمعدل (١٣) الف دينار شهرياً.

٢- نفقات صيانة الجسر الدورية وإطعام عمال الصيانة ولجنة الجباية بمعدل (١٥) ألف شهرياً، أما المبالغ المتبقية والمتراكمة يتم صرفها للاعمال الضرورية للجسرين قصروك والحسينية بموجب كشوفات مصادق عليها إلا ان لكثرة تعرض اعضاء لجنة الجباية للاهانات من المواطنين تم طلب من محافظة دهوك إلغاء تلك الرسوم بموجب كتاب مديرية طرق محافظة دهوك(٢١١) في ١٥/٢/١٩٩٧ شريطة تأمين الحماية اللازمة تأمين مبلغ (١٠) الآف دينار شهرياً لصيانة الجسر الا انه لم تحصل الموافقة على ذلك بموجب هامش السيد محافظ

دهوك على اصل كتاب مديرية شرطة محافظة دهوك المرقم(١٠٩) في ١٩٩٧/٣/٢٩ لذا نقـتــرح) تەنها حەقی پاساوانەکانی کە لە پۆلیسی دهۆک بۆ ئەم کارە داندرابوون گەیشتبووە(٥٩) هەزار دینار، (لذا نقترح تأمين الحماية اللازمة من قبل وزارة الداخلية وتخصيص مبلغ (١٢٠) الف دينار سنوياً اضافة على موازنة الوزارة لهذا الغرض وجعل السلفة المستديمة للمديرية المعنية (٦٠) الف دينار بدل (٥٠) الف دينار مع تقديرنا) ئەوەش داواکاری ئێمە بوو لەلایەنی تایبەتمەند، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ، سەرەڕای ئەوە من قەناعەتم بەو وەڵامدانەوەی نییە، چونکە ئەگەر گرفتەکە خەرجیە، کارمەندانی صیانەی پردەکە نییە بەڵکو خاڵێکی پشکنینیشە هەروەها ئێمە بە تەنها پردی قەسرۆکمان نییە پردی تریشمان لە کوردستان هەیە بۆ نموونە بۆ پردی قەندیلیش ئەوەی بۆ ناکرێ، ئەگەر فعلا بۆ ئەوەیە، بۆ بە تەنها بۆ ئەو پردە دەکرێ. ئەوە یەک، دووەم ئەوە لە ماوەیەکی درێژو برێکی زۆرە سێ چوار ساڵ دەبێ. لەوانەیە ئەگەر بارودۆخێکی نائاسایی هەبێ ئێمە چاو پۆشی لێ بکەین بڵێین چی نییە، ئەو بارودۆخە نائاساییە بەسەر چوو باری ئابووریمان ئێستا باشە، بەڕای من ئەو بارە گرانە لەسەر خەڵک پێویست ناکات بۆیە داوا دەکەم لە وەزیری بەڕێز کە بڕیارێک لەم بارەیەوە وەرگرن. هەرچەندە ئەو باجەی وەردەگیرێ یاسایی نییە چونکە دەبێ یاسای هەبێ، ناکرێ بەویستی خۆی باجەک لەسەر خەڵک دابنێ، ئەوە یەک، دووەم وەزیری بەڕێز گوتی ئێمە بڕەپارەیەکی زیادەش لەم بارەیەوە سەرف دەکەین، راستە لەوانەیە حکومەتە دەتوانێ باج لەسەر هەموو شتێ فەرز بکات، پارەیەکی زۆریشی بۆ کۆ دەبێتەوە، ئێمە دەبێ زیاتر خزمەتی گەلەکەی خۆمان بکەین ئەمڕۆش باری ئابووریمان باشە بەڕای من کاتی ئەمە هاتووە کە بڕیارێک لەم بارەیەوە وەربگیرێ تاکو ئەم بارە گرانە لەسەر شانی هاووڵاتی لابەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی جەنابت دوو لایەنی هەیە لایەنێکی ئەو باجەی هەتا ئێستا کە وەرئەگرێت لەسەر بنەمایەکی یاسایی نییە، یاسایەک نییە پشتی پێ ببەستن، واتە لەلایەنە یاسایی یەکەیە دووەم وای بۆ دەچم ماوەیەکە ئەم باجە وەرئەگیرێ کەچی پێویست ناکات ئەو باجە، جەنابی وەزیر ئەگەر تەنها ئەم دوو خاڵەمان بۆ روون بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک تێبی پەزێرایی لە هەموو دونیا نەک تەنها وڵاتی خۆمان شوێنی وا هەیە باجێک فەرز ئەکرێ زۆر سروشتیە، بەڵام منیش پشتگیری رای کاک د.قاسم ئەکەم [illegible] ئەم

باجە نەمێنێ، ئەو ڕۆژە کە ئەو باجە سەپێندرا لەوانەیە بێ پارەیی بوو بێ ئێستاکە باری ئێمە زۆر باشترە هەروەکو خۆمان باسمان کرد وتمان تکا ئەکەین ئەو پاسەوانیەتیە لەسەر ئەستۆی ئێمە لابیردرێ بخرێتە سەر وەزارەتی ناوخۆ هەروەکو هەموو شوێنێکی تر یان دەبێ سەر بە ناوخۆ بێ جا چ پۆلیس بێ چ هێزی ئاسایش، بەڵام (١٠) هەزار دینار لەسەر ئێمە دەکەوێ چونکە پردی سەربازیە کاتیە کە ڕۆژانە دەبێ تیمێکی پەزیرایی لەسەر بێ ئەو بورغیانە توند بکاتەوەو ئاگای لێ بێت نەوەکو خەلەلێکی لێ پەیدا بێ، چونکە پردی کاتیە ئەوە سیفەتیەتی بۆ کاری سەربازی منیش لەگەڵ قسەکانی کاکە قاسم، بەڵام پێویستمان بە(١٠)هەزار دینارە لە(سلفة مستديمة) بۆ ڕێگاو بانی دهۆک هەر بۆ دابین کردنی ئەو تیپەو ئەو کارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لایەنە یاساییەکەی.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساییەکە ئەوە لە هەموو شوێنێکدا، لە عێراق و لە هەموو دونیادا ئەو شتە کراوە، لەسەر بنەمای یاساییدا وەردەگیرێت پێشووش ئێستاش لای ئێمە لەوانەیە ئێمە صیاغەی یاسامان بۆ نەکردبێ، بەڵام لە ڕێگەو بانی بەغدا و بەسرەش ئەو شتە ئەکرێت و هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە لەوە نییە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بنەمای یاسایی هەیە، بەڵێ هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر چ بنەمایە، کام یاسا؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزناکەم بچمە ناوەڕۆکی شتەکە، لەوانەیە کاک ئیبراهیم سەعید زیاتر لە تەفصیلاتەکە ئاگاداربێ، بەڵام بنەمای یاسایی هەیە لە هەموو شوێنێک کە کراوە، گلدانەوەو باج لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا وەرگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د، سوپاسیش بۆ جەنابی وەزیر، پرسیارێکی تر لەلایەن کاک سەفەرەوە لەهەمان بابەتە، ئەگەر بەدواداچوونێک و ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، کاک سەفەر با بفەرموێت.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە کاک د. قاسم پرسیاری گرنگی پردی کرد جەنابی وەزیریش وەڵامی دایەوە، بەڵام من نازانم ئایا پرسیارەکەم پێشی ئەو بوو، وەکو پرسیارەکەی ئەو بوو بە تەحدید یان نا؟ ئەگەر وەکو وی بێ پرسیارەکە پێویست نییە. بەڵام بەدواداچوونێکی دیم هەیە کە بەڕاستی من ئاگادارم هەتا ئەو پارەی کە وەری دەگرن وابزانم(٥)دینارە نرخێکی وای نییە، قەڵەباڵغی هاتووچۆ کەم دەکاتەوە لەسەر پردەکە چ ئۆتۆمبیلی بچووک یان گەورە، دووەم لە جەنابی بەڕێوەبەری ڕێگاوبان و پردەکانمان بیست ماوەیەک تەنگوچەڵەمەیان هەبوو گەمە بەو پارە دەکرا. ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە کە بە پاسەوانی پردەکە هەڵبستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک یۆنادەم چ بەدواداچوونێکت هەیە؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر باری نالەبار لە هەرێمی کوردستاندا لەسەرەتاوە ئێمە دەمان زانی کە پردەکان دەستنیشان کراون لەلایەنی دوژمنانمان بە هەموو ڕەنگەکانیان، داوامان کردووە بە سووربوونیشەوە لە هەموو لایەک دەبێ دەست بەجێ دابینی پاراستنیان بکرێت، بە سوپاسەوە لە زۆربەی شوێنەکانی پاراستنە دابین کراوە، ئەوەی بۆی دابین نەکرابوو ئێستا نەماوە، جوتیارێک هاتووە بورغی بردووە بۆخۆی کردوویەتیە پیمی تراکتەرەکەی، یان پارچە ئاسنێکی بۆخۆی بردووە بۆ سەقفیماڵەکەی. دوو سێ شوێن لە ناوچەی سەرێ هەیە لای دیانە بەرەو دەشتی بەراز زۆر پردی ستراتیجی زۆر گرنگ هەبوون ئێستا هەر نەماون، ئینجا ئێستاش من پشتگیری قسەکانی برادەران دەکەم دەبێ وەزارەتی ناوخۆ دابینی ئەو پاراستنە بکات. هەرچەندە جیاوازێکی زۆر هەیە لەنێوان پۆلیسەکان و پاسەوانەکانی ئێمە، بەڵام دیسان وەزارەتی ناوخۆ دەبێ بە ئەرکی خۆیان هەڵسن، منیش پشتگیری ئەوان دەکەم تکام وایە لە پەرلەمانەوە یان لە خۆمانیش لە حکومەتەوە ئەو باسە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بکرێ تا بەو ئەرکە هەڵستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک یۆنادم. هیواداریین لە دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو بابەتە بڕیارێکی وای پێ وەرگرن کە چارەسەری ئەو کێشەیە بکات. کاک ئیبراهیم سەعید دوو پرسیاری هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوی من لە بابەتی تر هات حەزدەکەم بڵێم لە دونیا تول کاکس هەیە بۆ ڕێگەوبان بۆ های وەی

ئێکس پرێس وەی بۆ ئەم مەسەلانە، بەڵام لە عێراق یاسایەکی وا هەیە یان نییە من موتەئەکید نیم. ئنجا دێمەوە سەر پرسیارەکەی خۆم پرسیارەکەم پەیوەستە بە رژانی (تەسەروب) بەرو بوومەکانی نەوت یان کە پێی دەڵێین (لیک) بەتایبەتی گازوایل بە هۆی تەنکەراتی ئەم مادەیە کاتێ کە دەگوێزرێتەوە بۆ زاخۆ، رژانی ئەو مادەیە، ئەو گازوایلە دەبێتە هۆی دروست بوونی چینێکی چەوری خلیسکاو لەسەر رێگەی دەولی کە هەرێمی کوردستان بە دەرەوە دەبەستێتەوە، ئەم چینەش دروست دەبێتن لەگەلی زاخۆ لەبەر ئەوەی کەوا شۆراتیەکی زۆری هەیە بە واتای ئەندازە پێی دەڵێین (گرید) گرێدی زۆرە لەبەر ئەو مادەیە لەناو تانکەران دەرژێتە سەر جادەکەو دەبێتە هۆی ئەوە کە شوفێری هەموو ئۆتۆمبیلەکان، بەهەموو چەشنەکانیانەوە کۆنترۆڵی تەواویان لەسەر ئۆتۆمبیلەکانی خۆیان نامێنێ هەر دەخلیسکێن و دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کارەساتی هاتووچۆی گەورە لەسەر ئەو جادەیە روودەدات و زۆر خەڵکی بێ تاوان دەبێتە قوربانی ئەو هەڵخلیسکانە. جا پرسیارەکەم لە جەنابی وەزیری ئەشغال ئەوەیە کە تیپی هەمیشەیی ئەبێ هەبێ لەگەڵ ئی زاخۆ شەو و رۆژ (٢٤) سەعات، مادەی قوم بە شوێنەدا بکەن دەکرێتن بەگرێزەر تاکو ئەو هەڵخیسکانە کە چارە بکرێت هەرچەندە ناوە ناوەش وەزارەت بەشێوەیەکی پچڕ بچڕ بەمە هەڵدەستێت ئەمەش چارەسەرێکی کاتییە. ئەوەش چارەی بەوە دەکرێ رکی و گرێدی ئەو جادەیە بینینە خوارێ. ئەویش بە دوو رێگە دەکرێت، یان تونێلێک لەگەلی زاخۆ دروست بکرێت، ئەوەش تەکالیفی کە زۆر زۆر دەوێت، ئێستا لە توانای ئێمەدا نییە ئەوی تریش رێگاکە بێنینە خوارێ دابیرین سەرەوەکەی بێنینە خوارێ نزیکی (٣٠) مەتر ئیشی تێدا بکەین رەنگە ئەوەش ئێستا پێمان نەکرێتن ئەمە بەشی یەکەمی پرسیارەکە. بەشی دووەم لەبەر ئەوە زۆران رووداوی لێ دەبێت وا بەباش دەزانم کەوا وەزارەتی ئەشغال لەگەڵ وەزارەتی دارایی پرۆژە بریارێک پێشکەشی پەرلەمان بکەن بۆ ئەوەی باج وەربگرن تەنها لە تانکەرەکان ئەوانەی کە ئەو مادەیە دەگۆزنەوە بەپێی قەبارەو فراوانی ئەو تانکەرە لەو پارەیەش سوود وەربگیردرێت بۆ دوو شت، بۆ پەزێرایی رێگاکە، هەم قەرەبویەک بۆ زیان پێکەوتوانی سەر ئەو جادەیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو باجەی کە بەڕێز کاک ئیبراهیم باسی ئەکا، دانراوە، لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل لە هەموو تەرێلەکانی بازرگانی کە لە دەرەوە دێنە هەرێم وەردەگیردرێ، ئەو ترێلا تورکیانەی کە بەناوی گواستنەوەی کەلوپەلی خۆراک دێن هەر هەموویان ئێستا بووینەتە تانکەراتی گازوایل، واتە نایەن بۆ کاری بازرگانی، دێن بۆ بردنی گازوایل، هەر تانکەرێک جێگای(١٠) هەزارە، (٢٠) هەزار لیتر گازوایلی بە لۆریەکانیان خستووە کە بە هۆیەوە گازوایل دەبەن بۆ تورکیا

وبازرگانی پێ دەکەن لەبەر ئەوە ئەو باجەی کە کاک ئیبراهیم باسی کرد ئێستا (٥٠)دینار بۆ هەر شاحینەیەکە، داهاتەکەشی لەوانەیە رۆژانە(٤٠-٥٠) هەزار دینار بێت، هەندێ رۆژ زیاترە (٨٠) هەزارە هەندێ رۆژیش کەم دەبێتەوە بۆ (١٠) هەزار بەگوێرەی هاتووچۆی خاڵی سنووری(ابراهیم خلیل)ە، بەڵام لە دابەشینەوەی خەرجی نەختێک جیاوازی هەیە، چونکە دێتە داهاتی سەر گەنجینەی هەرێم لە دهۆک لەوێش لەژێر چاودێری بەڕێز پارێزگاری دهۆک بۆ هەموو فەرمانگاکانی خزمەتگوزاری شاری دهۆک دابەش دەکرا و هەندێکیشی بۆ ئەشغال بوو کە چاودێرە لەسەر پەزێرایی ئەو پردە دەکرد، بەشێکیشی دەدرێ بە شارەوانی بۆ رێگاو بان و ئاوەدانکردنەوەو ئاوو ئاوەڕۆیەکان، جگە لە بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی خۆیان هەر هەموو ئەو فەرمانگانە لەو قۆناغەی بێ پارەیی لەو پارەیە دەهات، وا ئیستغلال دەکرا، لەم دواییەدا دوای سەردانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەی وەزیران و وەزیری دارایی بۆ ناوچەکە وابەباش زانرا کە ئەو پارە زیاتر بۆ چاککردنەوەو پێش خستنی ئەو رێگەیە بێت، سایدی سێیەمی زاخۆ ئیبراهیم خەلیل بکەنەوەو کە ئێستا دەستیان پێ کردووە، دووەم لە گەراجەکانی ئیبراهیم خەلیل کە جێگای ئەم شاحینانە بیێتەوە بچن لەناو گۆڕەپانەکان بوەستن باشترە نەوەکو بەدرێژایی چەندان کیلۆمەتر لەسەر رێگاکە بوەستن ئەو پارانەی دێنە دەست لەو بارەیەوە تەنیا بۆ رێگەی بێ لە داهاتوشدا تەنها ئەو پارەیە ئەبێت بۆ پێش خستنی ئەو رێگە بێت. بۆچی تیمی پەزێرایی رۆژانە نییە ئەویش هەر لەبەر کەم دەرامەتی بوو وەکو حاڵمان ئەوە بوو، کەم دەرامەتی بوو بەسەراحەت نەمان دەتوانی تیمێکی هەمیشەیی لەوێ بێت ئەو ئیشە بکات ئێمەش پشتگیری ئەو قسە ئەکەین و پێدا دەگرین لەسەر مافی خۆمان لەسەر ئەو باجەی(ابراهیم خلیل) تاکو بەردەوامی تیمێکی پەزێرایی لەوێ بێت وەئێستاش لەم دوو مانگەی کۆتایی رەزامەندی کراوە کە رێگەی(ئالوکە بۆ زاخۆ)سەر لەنوێ ئەسفەلتی تازە و نوێ دەست پێ بکرێتەوە و ئێستاش سەرقاڵی دابین کردنی قیرین لەگەیارەو باشووری عێراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئیبراهیم ئەگەر بەدواداچوونێکت هەبێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیری بەڕێز باسی لۆریە تورکیەکانی کرد کە دێنە ناو هەرێم باجێکیان لێ وەردەگرن لەساڵانی (٨٠) من ئەندازیاری ئەو رێگایە بووم، هەم دیسان هەمان گرفتمان هەبوو(رژانی گازوایل) لەسەر جادەکان خەڵکی زاخۆش دەزانن ئەوە گرفتێکی گشتییە زۆر زۆر کارەساتی لێ دروست بووەو دەبێتن، ئەوسا زۆر مەرج هەبوو لەسەر ئۆتۆمبیلەکانی گواستنەوە(تانکەرات)، چونکە کە بەسەر ئەو هەورازە دەکەوێت دەشلەقێت، گازوائیلەکەی لە تەنیشتەکانی دێتە خوارێ ئەوسا دوو سەتڵیان دادەنا لە تەنیشتی تەنکەرەکە لەسەر جادەکان گازوائیلەکە دەرژا ناو ئەو سەتڵانە، دوایی

شوفێرەکە کە بەوێ تێپەڕبووبایەوە دەیگەڕاندەوە بۆ تەنکەری خۆی، ئێستا کە تەماشای سەیاراتی ئێمە بکەی واتە سەیاراتی هەرێم ئەو تانکەرانە هیچ مەرجیان تێدا نییە یان زۆربەیان لۆرییە بۆخۆی تانکەرێکی خستۆتە ناوی لەحیمەکەی باش نییە شتی باش نییە لەوێ تەسەروبێکی مادەی گازوائیلی زۆر لەسەر جادە دەڕژێتن ئینجا بەڕای من ئەگەر باجێک بخەینە سەر ئەو جۆرە سەیارانە تاکو شوفێری سەیارە مەرجی مەتانەی هەبێ ئەو ڕژانەی لێی نەمینێتن یا بۆ ماوەیەکی کەم بێتن بەرامبەر ئەوە باجەکە هەڵدەگرین من تەنیا باسی تانکەرات دەکەم باسی سەیاراتی ئەهلی و ئەوانی تر ناکەم واتە باجەکە تەنیا بۆ سەیاراتی گواستنەوەی گازوایل بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. جەنابی وەزیر با بفەرمووێ.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینییەی کاک ئیبراهیم باسی کرد ئێمە تێبینیمان کردووەو ڕێنمایی خۆمانمان لەم بارەیەوە دەرکردووە بۆ پۆلیسی ڕێگاوبان بۆ وەزارەتی ناوخۆ، داوامان کردووە کە ئەو جۆرە تانکەرانەی کە نائاساین وەکو باسی کرد نەک تەنیا گازوایل ئەڕژێتەوە، بەڵکو هەر تانکەرێکی کە عەمبارگەیەکی دایان ناوەتە لۆریەکەی کە چەقی قورسایی زۆر بەرز ئەبێت لە لۆفەکان چەندین کارەسات ڕوویدا خەڵکی بێ گوناھ بووینە قوربانی ئەو کارەساتانە ئێمە ئەو ڕێنماییەمان بۆ پۆلیسی ڕێگاوبان ناردووەو داوامان کردووە هاوکاریمان بکەن، من ڕام ئەوەیە کە ئەو مەرجانە دیسان تەئکیدی لەسەر بکرێ، بەڵام سزای پارەدان دابنێین بۆ ئەو خەڵکە نەک ئەو باجە هەموو ڕۆژێک بێ ئەو سزایەش بۆ ئەو تانکەرانە بێ کە نائاسایی بێ لەوانەیە ئەوە باشترە بێ، چونکە ئەوە زۆربەیان کەم دەرامەتن بازرگانی ئەکەن لەنێوان سلێمانی و دهۆک ولەنێوان دهۆک و هەولێر، لەوانەیە ئەوەی پابەندی پێ نەکا پۆلیسی هاتووچۆ سزای پارە وەرگرتن لەسەر دانێ جارێک و دوو جار تا پابەند دەبن ڕێگاکانیشمان تێک ناچن ئەوانیش نانی خۆیان بخۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیاری دووەمی کاک ئیبراهیم با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری دووەمیش هەر بابەتی ڕێگاوبانە، ڕێگای سەرەکی نێوان دهۆک و هەولێرە زۆربەی ئەو ڕێگایە ئەمە ماوەیەکی زۆر درێژە کە دروست کراوە، بەشێکی کەمی نوێ کارە زۆربەی زۆری ئەو ڕێگایە کۆنە، زاندراوە کە ئەسفەلتی کۆنکریتی تەمەنی لەنێوان(١٥) هەتا(٢٠) ساڵە، دوایی(١٥) ساڵ دەست ئەکاتن کە تەقەرشین و چاڵ و ڕەگلات تاسەی لێ دروست ئەبێت، ئێمە هاتووچۆ زۆر لەو ڕێگایە ئەکەین دەبینین ڕۆژانە تێکچوونەکانیان بەرەو زیادی دەچێت چاڵی نوێ

لێ دروست دەبێتن ئینجا پرسیارەکەم ئەوەیە بۆچی دوو تیمی پەزیرایی یەکێک سەر بە ئەشغالی هەولێر بێت بارەگای لە شەقلاوە بێت ئەوی تریان سەر بە ئەشغالی دهۆک بێت بارەگای لە ئاکرێ بێت یان لە قەسرۆک بێت رۆژانە پەزیرایی ئەو رێگایانە بکەن چەند تاسەیەک یان تەشەقوقێکیان دی چارەسەری بکەن و کاتی نەبێت، واتە مەوسمی نەبێت بۆ نموونە سەرەتای ساڵ حەملەیەک لەسەر رێگا دەکرێت هەرچی چاڵ و ئەوەیە لێی چا دەکرێت کەچی دوایی دوو مانگ یان سێ مانگی تر دەبینی کۆمەڵێکی تر لە چاڵ و تەشەقوقاتی لێ دروست بووە ئەگەر پەزیرایی هەمیشەیی بێت وەتەرخان کراوی بۆ هەبێت بە تەئکید ئەو تیمانە بەئیشی خۆیان هەڵدەستن ئێمەش بەئیستراحەت لە رێگاکە هاتووچۆ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی کاک ئیبراهیم خۆی پسپۆرو تایبەتمەندێتیە منیش کۆکم لەگەڵی، پێش هەموو شتێ بۆچی ئەو تیمانە نییە؟ لەوانەیە خۆی لەمن باشتر بزانێ، چونکە بارە ئابووریەکە وای لە ئێمەی کردووە، ئێستا خانووی بنکەی پەزیرایی خۆمان لە شەقلاوە هەندێ لە خێزانە ئاوارەکانی تێدایە هەر داگیریان کردووە ئێمە ناتوانین دەریشیان کەین، دوو خانیمان لە شەقلاوە هەیە کە بنکەی ئەو کارە بوو،(دار الضیافة) خۆمان بوو بۆ ئیشی ئەندازیارەکانی خۆمان بوو، هەر دیسان داگیر کراوە (٢٢) خانیمان لە سۆران هەبوو خەڵک بە یەکتری ئەفرۆشن، ئێستا تازە دەستمان پێ کردووە هەموو ساڵێ دوو بەرنامەمان هەیە، دوو پرۆگرامان هەیە، پرۆگرامی زستانە کە دژی مەترسی لافاو ولادانی بەفرە(کسح الثلوج) بودجەیەکیشی بۆ دائەنرێت لە سەرەتای زستانەوە دەست پێ دەکەین تا سەرەتای بەهار، بەرنامەی بەهار بەداخەوە ئەو تەرخان کراوەی کە ئێمە داوا ئەکەین تا رەزامەندی دەکرێ، راستاندن دەکرێت، دەچێتە مانگی (٦ و ٧) دوا دەکەوێ ئێمە بەبێ تەرخان کراو ناتوانین هیچ ئیشێکی خۆمان بکەین، ئێستا (الحمد لله) کابینەی سێیەم ئێستا نەختێ کە باری ئابووری باشترە، (١٩) کیلۆمەتری نێوان قەندیل و شەقلاوە ئێستا رەزامەندی لەسەر کراوە کە ئەسفەلت بکرێت نەک تەنیا پەزیرایی (صیانە، أسفلت) بکرێت چونکە پەزیرایی زۆرتری بە ئەسفەلتە زۆربەی ئەو جادە کە باسی دەکات راستە ئاوایە پشتگیری دەکەم منیش ئەڵێم زۆرترینی تەمەنی جادە (٢٥) ساڵە، لای خۆمان لەبەر کەشو هەوا((الجو)و (مواصفات)ی وشتی وا بە(١٥) ساڵ تێک دەچێ ئێستا فعلا عومری نەماوە دەبێ یەک چین یابایندەر یان ویرینگ لەسەر بدرێتەوە، ئێستا دەستمان بەو چارەسەرە کردووە، بەڵام دیسان باری ئابووری باش بێت ئەو تیمانە لەوێ ئەبێت باری ئەمن وئیستقرار باش بێ خانوەکانی خۆمان وەرئەگرین ئەو ئاوارانە دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان وهەر دوو لاش بەینی ئاکرێ و بەینی قەسرۆک وتا مریڤەش

لەویش تادەوری رەزامەندی(٣) ملیۆن دینار بەرێوەیە پەنا بەخوا ئەویش دەستی پێ دەکەین، بە کورتی بۆ ئەرکەکانی خۆمان ناکەین؟ چونکە تەرخان کراو و سیولەمان لە دەست نییە ناتوانین هیچ حەرەکەتێ بکەین، کاک ئیبراهیم دەزانێ تا پارچە ئەسفەلتێ بکەی دەبێ چەن کەلوپەل و چەن ئامێرو وکەرستە وپێویستی ئامادەکەی تا ئەو تیمانە ئیش بکات، جا هەر کەم دەرامەتی کە ئەو تیمانە نەبوون، بەلام دیسان ئێمە لەمەودوا بەرەو ئەوە ئەچین کە زیاتر توانامان بەهێزتر بێت. نازانم دوایی ئەگەر پرسیار هەبێ یان خۆم باس کەم زۆر زۆر توانامان دوو بەرامبەر و سێ بەرابەر بووە لەو ماوەی کۆتایی پەنا بەخوا باشتریش ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ژۆر سوپاس. کاک ئیبراهیم هیچ بەدواداچوونی نییە؟

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک لە هۆیەکانی ئەم پرسیارانەم ئەوەیە تاکو وەزارەت داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکات پارە بۆ ئەوە تەرخان بکەن. ئەگەر چی خۆشمان دەزانین بارمان رەنگە باش نەبێت تەرخان کراویان نەبێ هەرچەندە ئەگەر ئێمە تەماشای بارودۆخی سالی ١٩٩٢بکەین وەزارەتی ئەشغال رێگای گەلێک باشی دروست کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتایبەتیش ئەو رێگەیەی کە تۆ باسی دەکەی.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلێ لە راستیدا دەوریان تێدا بینیوە ئەبێ مافیان نەخۆین لەوێ یانی باسی باشیشیان بکەین ئێمە ئومێدمان ئەوەیە باشتر ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکان کە دیار کرابوو ئاراستەی جەنابی وەزیر کرا تەواو، ئەوەندە بوون ئێمە عادەتەن ماوە ئەدەین بە یەک دوو پرسیاری شەفەوی ئەوانەی ئەندامانی پەرلەمان لەوانەیە بە فرسەت بزانن پرسیارێکیان هەبێ بۆ روون کردنەوە لەلایەن جەنابی وەزیر کە لێرەیە، بەلام دوو تێبینیمان هەیە پرسیارەکە یەکجارە هیوادارم بەکورتی بێ جا جەنابی وەزیر بۆی هەیە وەلام داتەوەو بۆشی هەیە وەلام نەداتەوە دوای وەلامدانەوە یان دوای ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بەپێویست بزانێ بە نووسین پرسیارەکە بۆی بنووسێ هەردوو لا ئازادن، جا ئێستا ناونووسی ئەو برادەرانە ئەکەین هیوادارم پرسیارو وەلامدانەوە بەکورتی بێ، تەنها کاک سەعید یەعقوبی وکاک مامەند ئاغا وحەمید میرانیش، سێ کەس سوپاستان دەکەین، مامۆستا مەلا مەحمودیش سوپاس. پرسیاری شەفەویان هەیە جەنابی وەزیریش ئازادە لە وەلامدانەوە کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینیمان کرد لە قسەی بەڕێز وەزیری ئەشغال لە بابەتی پردی قەسرۆک باسی داهات و باج هات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکام وایە ئەگەر بەدواداچوونێک لەسەر پرسیاری ئەندامان بێ نەیکەن، چونکە ئەو پرسیارە مافی ئەندامی پەرلەمانەو گفتوگۆمان داخست، ئەگەر شتی تازە هەیە لە دەرەوەی ئەو بابەتە بەسەرچاو ئەو بابەتە تەواو بوو، چونکە ئەندامی پەرلەمان پرسیاری خۆی هەبوو بەتێرو تەسەلی وەڵام درایەوە بابەتەکە تەواو، ئەگەر پرسیارێکی تر دەرەوەی ئەو بابەتە هەیە کە باس کرا، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پارەی کە لە پردی قەسرۆک چ بەناوی باج چ بەناوی هەر شتێ بێت ئەوەی تێبینیمان لێ کرد جارێک دەڵێن بۆ پاسەوانی جارێک دەڵێن بۆ پەزێرایییە، هەروەها ئەو پارانەی کە وەردەگیرێت لەو تەنکەرانە کە گازوایل دەبەن جارێ دەڵێن پارەکە ئەوەندەیە، رۆژ هەیە (٢٠) هەزارە رۆژ هەیە (٨٠) هەزارە ئەوانە بۆ ناچێتە ناو بودجەی حکومەت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید ئەوە وەڵام درایەوە، لە راستیدا ئەو بابەتە چارە کرا.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریم نییە وەلامی بدەمەوە ئەگەر جەنابت لاریت نەبێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وتم با پرسیارەکە تەواوکەم، زەحمەت نەبێ بۆ ئەوانە دەڵێم کوا چاودێری دارایی ئەوان بۆ ناچێتە ناو بودجەی حکومەتی هەرێم؟ باشە چەند جێگای تری وا هەیە باشە چۆن دەبێ پارێزگارێک بتوانێ لەخۆڕا باج بسەپێنێ، لەسەر پردێکی لەسەر لۆریەکی لەسەر تەنکەرێکی دابنێ؟ دەبێ چاودێریەکی دارایی هەبێ ئەوە بچێتە ناو داهاتی حکومەتی هەرێم، بەڵکو جێی تر هەیە، پارێزگایەکی تر هەیە پێویستی بەشتی پێویستی تر هەیە کە بۆی خەرج بکرێت. کێ ئەو بریارە ئەدا ئەو پارە کۆ بکرێتەوە؟ بە چ یاسایەک کۆ دەکرێتەوە بە چ یاسایەک سەرف دەبێت؟ پرسیارەکەم ئەوەیە، من پێم خۆش بوو وەزیری دارایی و ئابووری لێرە بێ خۆی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەگەر حەز دەکەی پرسیارەکە دەدەینە وەزیری دارایی یاخود بەنووسین ئاراستەی دەکەین.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پارەیە هەمووی بەوەسڵ وەردەگیرێ لەبانق دادەندرێ بەناوی داهات و هەر لە گەنجینەی دهۆک حیسابێکی تایبەتی بۆ هەیە، بۆ ئەو کارەو هەموو کاتێک پێخۆشحاڵ دەبین کە خۆمان کردوومانە ئەگەر پەرلەمانیش ئەیەوێ بیکا ئەتوانێ بفەرمووێ لیژنەی چاودێری پەرلەمانیش بچێت ببینێ چۆن سەرف ئەکرێ هیچ خەلەلێکی تێدا نییە نەهی ئەو، نەهی ئیبراهیم خەلیل. تەنها ئەوەیە لەوانەیە نابێ بچێتن بۆ شەش حەوت دایەرە، دەبێ بۆ ڕێگاو بان بێ. تەنیا ئێمە لەوەدا خیلافمان هەیە لەگەڵیان، بەڵام بە حساب وکتابە هیچ خەلەلێکی تێدا نییە. مەمنوونیش ئەبین ئەگەر خۆتان حەز ئەگەن سەیرێکی بکەن، جیاوازی ئەو ژمارەیە لەبەر باری سیاسیی وئەمنی ئەو ناوچەیە هەندێ ڕۆژ هەیە (١٠٠) لۆری دێتە ژوورێ، هەندێ ڕۆژ هەیە (١٥٠٠) لۆری دێتە ژوورێ، جا ڕۆژێک داهاتی کەمە ڕۆژێک داهاتی زۆرە، بەڵام ئەو کەسانەی کە گومرگ وەرئەگرن گومرگی نیزامی وەرئەگرن ئەوانەن لەگەڵ فەرمانبەرانی ئەشغال پێکەوە بەوەسڵ و بە ژمارەو بەکیتاب و بەحیساب هەموو شتێک ڕێکخراوەو کۆنترۆڵیش کراوە، وانەبێ هەر کەسێ بەویستی خۆی وەری بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر وەڵامەکە کافی نییە کاک سەعید ئەتوانێ بەنووسین شتێک پێشکەش بکات، ئێمەش ئەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس کاک سەعید. بەڕێز مامەند ئاغا بابفەرمووێ.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەی پرسیارەکە یەکێکیان لەسەر قسەکەی کاک (ئیبراهیم)ە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە دیسان تەئکید ئەکەمەوە ئەو ئوسولەی کە هەمانە لەسەری بڕۆین، ئەندامی پەرلەمان کە پرسیار ئاراستەی وەزیر ئەکا گفتوگۆ لەنێوان ئەو دووانە ئەبێت، ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە خۆی تێکەڵ بکات ئەو بوارەی کە ئەدرێ ئێستاکە لەدەرەوەی ئەو بابەتەیە، مادام جەنابی وەزیر لێرەیەو ماوەش هەیە، با ئەو ڕوونی بکاتەوە، لەو ئوسولە دەرنەچین کە دەستەی سەرۆکایەتی دیاری کردووە.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆزێک بەدواداچوونە ئەگەر مۆڵەتم بدەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ناتوانین، ئەگەر شتێکت هەیە بۆی بنووسە ئێمە دوایی بۆی ئەنێرین، لەسەر بابەتێک کە باس کرا لە نێوان ئەندامی پەرلەمان و وەزیر لەوێ تەواو ئەبێت، کە تەواو بوو ئەگەر شتێکتان هەیە بنووسن دوایی ئێمە ئەینێرین بۆ جەنابی وەزیر یان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوان وەڵامان ئەدەنەوە، فەرموو کاک حەمید.
**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پرسیارێکم هەیە لەبارەی ئەو بەرنامانەی کە وەزارەت هەیبوو لەسەر حیسابی پلان (خطة)، لە پەرلەمان راستاندن لەسەر بودجەی ئەو پرۆژانە کرا، دەمانەوێ بزانین ئەو پرۆژانە دەستی پێکراوە، رێژەی هەموو پرۆژەکان نوێنەری چەند ئەکا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر مۆڵەت هەبێ روونکردنەوەیەک بدەم لەوانەیە وەڵامێکی گشتیی بێ بۆ بەڕێزان، وەزارەتی ئێمە مەشموول نەبوو بە قۆناغی یەکەمی بڕیاری(٩٨٦)، بەڵام ئەم ساڵ هاوکارییەکی یەکجار باشمان لەگەڵ کراوە، پرۆژەو دەرماڵەمان بۆ هاتووە لەوانەیە زیاتریش بێ. دەبێ ئاگامان لەخۆمان بێ لە پلانەکە تێپەڕ نەبین، سێ ژمارە بۆ بەڕێزان دەخوێنمەوە، بای نزیکەی سێ ملیۆن و نۆسەدو حەفتاو نۆ هەزار ئینجاز کرا تەواو بووە، بیست و شەش ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو دوو هەزار دەست داوەتێ بۆ رێگای حاجی ئۆمەران و ئەسمەندیل، یەک ملیۆن و نیو رەزامەندی هاتووە لەم رۆژانە دەست پێ دەکەینەوە، بۆ پرۆژەکانی پێشنیار کراویشمان سەدو بیست و چوار ملیۆن و هەشت سەدو شێست و شەش هەزار بەرێوەیە بۆ راستاندن و رەزامەندی لەسەردان (مصادقةو موافقة) بەوانە لە پیلانی خۆمان تێپەڕ دەبین، بەڵام ئێمە خۆمان ئامادە کردووە، لەقۆناخی دووەمی بڕیاری(٩٨٦) کە بووەتە (١١١١) پاڵپشتمان دەکەن و ئێمەش دەگرێتەوە، بەسوپاسەوە نوێنەرانی(UN)لە قۆناغی دووەم بە بڕی پێنج ملیۆن دۆلار هاوکار بوون لەگەڵماندا بۆ هەرسێ پارێزگاکانی کوردستان هەولێرو دهۆک و سلێمانی بۆ ماکینەکان و ئامێرەکان و کارگەکانی ئەسفەلت ودەسحەق و جێبەجێ کردنی رێگاو بانەکان و پردەکانە، ئێستا دواپلان کە بەدەستمانەوەیە راستاندنی لەرێگایە، سەدو بیست و چوار ملیۆن و هەشت سەدو شێست و شەش هەزار لەوانەیە ئێمە(١٥٠٪) پلانی خۆمانی پێ جێبەجێ بکەین ئەگەر فعلەن ئەوەی قۆناغی دووەمی بڕیاری (٩٨٦) کە بۆوەتە (١١١١) بگاتە دەستمان پێش کۆتایی هاتنی هاوین، ئەگەر نەش گەیشت هەر ئاوا بەردەوام دەبین و سەرف دەکەین بۆ بوژانەوەو چاککردنەوەی کارگەکانی ئەسفەلتی خۆمان و(أحتياط) وەرگرتن بۆ بلدۆزەرات و مەکینەو ئامێرەکان و هەموو شتێک، واتە لە(١٥٠٪)ی پلانەکەمان ئەم ساڵ جێبەجێ دەکەین بەیامەرتی(UN)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە کە چ جێبەجێ کراوە؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ. ئینجا جێبەجێ کراوەکەش دیارە، دەوری (٢٤) پرۆژە هەتا ئەم دەقیقەیە تەواو بووە لە ١٩٩٧/٩/٢٦ بەم لاوە نازانم، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن جا نازانم بیخوێنم یان نا؟ کەیفی خۆتانە ئەگەر کاتتان هەبێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خراپ نییە ئەگەر بە زوویی پیایدا بچیتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان تا ئاگادارییان هەبێ مادام باسی لایەنێکی دەستکەوتەکانی پلانەکە کرا، فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ جا ئەوانەش زیاتر وەکو بڵێین پلانەکانی مەینەر(بچوک)بوون میجەرەکان (گەورەکان)کە بە حەقدە ملیۆن و نیو ڕێگای حاجی ئۆمەران تازە دەستمان پێ کردووە بەسێ کارگە ئەسفەلتەوە، بەڵام ئەمانە دیسان ئینجاز کراون لە ١٩٩٧/٩/٢٦ تا ئێستا، جگە لە ١٩٩٧/١/١ ئەم ساڵەش،(المشاريع المنجزة) مدرسة سفين الابتدائية في شقلاوة، مدرسة گوران الابتدائية في صلاح الدين، مدرسة كاويس الابتدائية في شقلاوة، ترميم دار السيد نائب الرئيس، تحويل طرق سد دهوك«پیرومەرە» الطريق المؤدي الى مشروع ماء البديل في دهوك، انشاء جدار الساند في مضيق زاخۆ، صيانة طرق قەسروک، تغطية حدائق مجمع ابراهيم، ترميم دار مدير الديوان في اربيل، ترميم بناية الوزارة، ترميم ثانوية «اشای گەورە» في راوندوز، ترميم ثانوية زوزك في ديانه، ترميم ثانوية سوران في قضاء سوران، قنطرة بنصلاوة جسر صغير، صيانة جسر ابراهيم الخليل، صيانة طريق بابلو، صيانة جسر زبنكي، صيانة جسر ساويا و ژيريا، طريق قسري بيشنكي، تسوية و تفريش حصه خابط، طريق مدرسة شەندوخا، تبليط طريق مديرية التسجيل العقاري، صيانة طريق زاويتة ـ عمادية وطريق ئامينكي)، واتە ئەو پرۆژە بچوکانە کە دەکەنە نزیکی چوار ملیۆن دینار تەواو بوونەو ئەوەی تر کە دەستمان پێ کردووە زۆر گرنگیشن بیست و شەش ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو دوو هەزار دیناری تێدەچێ ئەوانەش ئەو ڕێگا سەرەکییانە دەگرێتە خۆ ڕێگای هەولێر ـ قەندیل کە دەوری(١٩)کم باسم کرد، ڕێگای گوندی غەربیش ، ڕێگای گوندی کرپلێ، پەزێرایی ڕێگای دهۆک ـ ابراهیم خەلیل، کردنەوەی ڕێگا بۆ سوسنە لە هەولێرەوە، پرۆژەی سەری بڵند، ئاوەدانکردنەوی یاریگای (الادارة المحلية) کە بەسێ قۆناخ جێبەجێ دەکرێ، قۆناغی یەکەم لە تەواو بوون دایە، ڕێگای بەربیان دێرێ، ئاوەدانکردنەوەی وەرشەی کەسنەزان کە تەفلیش کرابوو، ئاوەدانکردنەوەی ڕێگای سەلاحەدین ـ

زیارەت ـ کۆڕێ، (اعمال درع اخطار الفیضان في ابراهیم الخلیل) کە کاتی خۆی زۆر تێکچو بوو، پەزیرایی و قیرتاو کردنی ڕێگای خانکێ، دروست کردنی سایدی سێیەم لە ڕێگای زاخۆ ئیبراهیم خەلیل، کە ئێستا دەستیان پێ کردووە وەکو باسم کرد، لەگەڵ ئەوە دروست کردنی گەراجات بۆی (ساحة ابراهیم الخلیل) ئەویش پرۆژەیەکە بایی دوو ملیۆن و دووسەد و بیست و نۆ هەزارە ئەوەی تریش یەک سەهم بۆ ئێمەیە یەک سەهم بۆ ئاوەدانکردنەوەیە ڕێگاکە دابەشی دوو کراوە، انشاء جدرانساندة الی زاویتة، طریق شیخ ممودیان ـ زینە تیر، صیانة طریق حاجي عمران اکسا، بە حەڤدە ملیۆن و نۆسەدو حەفتاو شەش هەزار دینار. و هەندێ چاک کردنەوەش لە دیوانی وەزارەت ئەوە ڕەزامەندی بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەی کە باست کرد ئێستا دەست بەکاری کراوە، ئەوانی تر تەواو بوونە ئەمەش لە پرۆژەی ترە کە ئێستا ئەیخوێنیتەوە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێستا لەژێر دەست دایە دوایی ئەوەی ڕەزامەندی بۆ هاتووە لەم ڕۆژانە دەستی پێ دەکەین، ئێستاکە بۆی ئامادەین، باقستیان ـ مێرگەسوور، چواریانی ڕێزان، ڕێگای دۆڵە ـ کەوەرگۆسک ـ گاینج، ڕێگای گوندی قلاچۆغان، ڕێگاو کۆڵانەکانی سەری ڕەش پەزیرایی ڕێگای کەپکی حەمەد ئاغا، چاک کردن و تەئسیساتی کارەبایی لە تاقیگەی هەولێر، پەزیرایی ڕێگای سەرەکی ئاکرێ ـ زاوێتە و ڕێگای کۆمەسپان. جگە لە لیستێکی یەکجار درێژە کە(٥٠) پرۆژەیە ئێستا پێشنیارە لەنێوانی ئێمەو ئەنجومەنی وەزیرانە وا هەوڵ دەدەین سوود وەرگرین لەقۆناغی دووەمی بڕیاری(٩٨٦) ئەوانیش زۆر زۆر ڕێگای گرنگ و ستراتیجی تێدا هەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر. پرسیاری مەلا مەحموود دێرشەوی با بفەرمووێ.

**بەڕێز مەلا مەحموود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من بە کورتی هەر ئەوەیە، ئەو داهاتە تەنها بۆ پردی قەسرۆک وحوسەینی دەبێت پردی ئەتروش خەریکە بەرەو هەڵوەشاندن بچێت، ئێمە وا بۆی دەچین ئەو داهاتەی دێتە ئێرە بۆ هەموو پردەکان بێت. هەر ئەوەیە پرسیارەکەم، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داهات یان درامەتی هەر شوێنێک بێتە بودجەی خۆمان وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن بەتەئکیدەوە لەهەموو شوێنێک سەرفی دەکەین، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی تایبەتی بوو، پردی

ئەتروش پردێکی هەمیشەییە ئێستا بەرەو ئەو ئەچین بە ئەسفەلتەوە بکرێتن، ئەمەی قەسرۆک ئەسفەلت ناکرێ هەر قەت ناکرێ تەحەمولی نییە چونکە لەژێرەوە جولەی هەیەو پردێکی کاتییە کێشەکەمان ئەوەیە داهاتەکە بێتە گەنجینەی وەزارەتی خۆمان، لەوانەیە لەهەموو شوێنێک سەرفی بکەین، بەلاَم ئەوە بزانیرێ کە بە حسابێکی تایبەتی لەدهۆک لەژێر چاودێری بەڕێز پارێزگاری دهۆک بۆ ئەو دوو شوێنە سەرف کراوە. ئەو برادەرە گوتی جارێک بۆ پاسەوانە جارێک بۆ پەزێراییە، نەخێر تەنها بۆ ئەو سێ شتانە بووە پاسەوانەتی، پەزێرایی، هەندێ ئیش تایبەتی لەوێ کراوە وەک دروست کردنی ژوور بۆ پاسەوانەکان، دەنا، زۆر سروشتیە داهات بۆ هەموو شوێنێک بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکان لێرە تەواو، سوپاسی برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەم بەدواداچوونەو موداخەلاتیان و سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ ئامادە بوون و وەلاَمدانەوەی پرسیارەکانی کە بۆی رەوانە کرابوو، هەروەها وەلاَمدانەوەی ئەو پرسیاری راستەوخۆ ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەیان کرد، بەیانی سەعات «١١» کۆبوونەوەیە جارێکی تر زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨/٦/١٩٩٧

# پرۆتوکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٨

*بریار وابوو کە ئەم دانیشتنە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٨ ببەسترێت،بەڵام بە پێی پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ،لەبەر پڕ بوونەوەی رادەی یاسایی (نصاب)دانیشتنەکە نەبەسترا .*

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٤/٦/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٦/٢٤

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٦/٢٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن دانیشتنی ژمارە(١٠)ی ئاسایی خولی یەكەمی ساڵی ١٩٩٧خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان و سكرتێری ئەنجومەن ڕادەی یاسایی كۆبوونەوەیان چەسپاند، ئامادەبووان (٥٥) ئەندام بوون و بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٦) ئەندام. ئەم بەڕێزانە ئامادە نەبوون :***

***١ـ ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی (لەدەرەوەیە).***
***٢ـ ئازاد فەتتاح ڕەشید (غائیب).***
***٣ـ د.حەسەن حوسێن بەفری (لەدەرەوەیە).***
***٤ـ عەدنان محەممەد نەقشەبەندی (غائیب).***
***٥ـ موحسین ساڵح عەبدولعەزیز(غائیب).***

***بەرنامەی كار:***

**** ئامادە بوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بۆ دوان لەسەر بڕیاری(٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی.***
**** پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بۆ ڕێزداران وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری شارەوانیی و گەشت و گوزار.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ ئەكا، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆمان ١٩٩٧/٦/٢٤دوو خاڵی سەرەكیمان هەیە:

خاڵی یەكەم: دوێنێ دانیشتنێكی گرنگ لە نێوان نوێنەرانی(U.N)و ئەو لیژنە وزاریەی كە بە سەرۆكایەتی جەنابی سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران كاك د. ڕۆژ نوری شاویس پێكهاتبوو كرا، دەربارەی بڕیاری(٩٨٦)، بە باشمان زانی ئەمڕۆ سەرەتا جەنابی سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران كاك د. ڕۆژ شتێك لەو بارەیەوە ڕوون كاتەوە بۆ ئێوەو بۆ خەڵكی كوردستان. خاڵی دووەمیش لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆماندا ئەو پرسیارانەیە كە ئاراستەی بەڕێزان وەزیری ڕۆشنبیری كاك فەلەكە دین كاكەیی و وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار كاك حسێن سنجاری لەلایەن ئەندامانی

پەرلەمانەوە کاتی خۆی کراوە. ئەمڕۆ هەردوو بەڕێزان لێرەن هیواداریین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێنەوەو، سوود بەخش بێ. ئێستاش ئەگەر جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران تەشریف بێنێتە سەر منەسەوە بەڵکو دەربارەی کۆبوونەوەکەی دوێنێوە شتێکمان بۆ باس بکا لەسەر چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕیاری(٩٨٦) و ئەو شتە نوێیانەی کە پەیوەندیدارن بەو خاڵەوە، فەرموو کاک د. ڕۆژ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا جێگای نرخ لێنانە کە ڕێ درا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەو کۆبوونەوەی دوێنێ بکات لە هۆڵێ پەرلەماندا، ئەمە یەکێکە لەو بوارانەی کە دەتوانین تیایدا هاوکارییەکی باش لە نێوان پەرلەمان وحکومەتی هەرێمدا بکرێ بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان وئەزموونە دیموکراتییەکەمان. دوێنێ ئەو کۆبوونەوەی کە کرا کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگ وبنەڕەتی بوو سەبارەت بە بڕیاری(٩٨٦) لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان ونوێنەرانی(U.N)دا. وەک هەمووتان ئاگادارن بڕیاری(٩٨٦) کە بە(نەوت بەرامبەر بە خۆراک ودەرمان) ناسراوە ئەم بڕیارە قۆناغی یەکەمی لە جێبەجێ کردن دایە لەسەر بنچینەی پێویستیەکانی عێراق بەگشتی وکوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی، وجیاواز حساب بۆ گەلی کوردستان کراوە. جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە بەگشتی لە سوود وبەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە و باری ئابووری میللەتەکەمان وهەرێم بەگشتی تا ڕادەیەک ڕاست دەکاتەوە، بۆیە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتمان ئەوە بووە کە پشتگیری جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە بکەین وهەوڵ بدەین هیچ ئاستەنگێک وتەگەرەیەک نەیێتە ڕێگای جێبەجێ کردنی.

ئەو کۆبوونەوەی دوێنێ کە نوێنەرانی(U.N) هەموو ڕێکخراوەکانی(U.N) کە لە عێراق وکوردستان ئیش ئەکەن وەفدێکی زۆر گەورەیان تیایدا ئامادەبوون، ئێمە پێشەکی سوپاس وپێزانینی خۆمان پێشکەش کردن بە ناوی گەلی کوردستانەوە، بە ناوی حکومەتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی کە لە کوردستان سەرفی ئەکەن وئەو ئیشانەی کە ئەیکەن کە هەمووی لە ڕاستیدا جێگای ڕێز وپێزانینی گەلەکەمانەو، بۆمان ڕوونکردنەوە کە ئێمە بایەخ ئەدەین بەوەی بڕیاری(٩٨٦) بەبێ پێشێلکاری وبەبێ گیروگرفت زۆر بەڕێک وپێکی لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێ و، بەشێوەیەکی وا کە جێبەجێ کردنەکەی نموونەیی بێ بۆ هەموو عێراق چ لەلایەن ڕێک وپێکی وگەیشتنی کەل وپەل بە خەڵکی و چ لەلایەنی بەکار هێنانی ئەو توانایە کە بەرژەوەندی گشتی تێدا بێ، چ لەلایەن هاوکاری نێوان دام ودەزگاکانی بەڕێوەبردنی کوردستان ودام

دەزگاکانی(U.N) وڕێکخراوە خێرخوازەکان هەبێ، لە هەمان کاتدا ئێمە تەئکیدمان لەسەر دوو سێ خاڵی بنەڕەتی کردەوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک جێبەجێ بکرێ وگەلەکەمان زەرەرمەند نەبێ، چونکە بەخۆتان ئەزانن ئەو بڕیارە لە ڕاستیدا خۆی بۆ ئەوەیە کە کارگوزاری بگەیەنێ بە هاوولاتیان، لە هەمان کاتیشدا بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو هاوکارییەی جاران لەلایەن وڵاتان وڕێکخراوە خێرخوازەکان ئەکرا ئەوە بوەستێ بە بیانووی ئەوەی کە بڕیاری(٩٨٦) هەیەو، بڕیاری(٩٨٦) دەرمان ئەهێنێ وخۆراک ئەهێنێ وپڕۆژە ئەنجام دەدات، بۆیە ئیتر پێویست بە وڵاتانی تر نییە یارمەتی ئێمە بدەن. لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە دوا کەوت یا تەگەرەی تێدا کەوت ئەبێتە هۆی دروست کردنی گرفتێکی کاریگەر، کە بە ڕەنگاری هاوولاتیانمان ئەبێتەوە. بۆیە ئێمە ئەوەمان بۆ ڕاڤە کردن کە ئێمە زۆر بە گرنگی دەزانین خاڵەکانی ئەم بڕیارە لە ڕاپەڕاندندا دوا نەکەوێ ولە کات وساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێ، چونکە ئەگەر دوا کەوت شتێکی تر نییە جێگای بگرێتەوە، ئەوەی کە جاران هەبوو لە کوردستان ئێستا نەماوە، هەمووی بە چاوەڕوانی بڕیاری(٩٨٦)ە.

هەندێ خاڵ هەیە زۆر گرنگە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، ئەگەر لە کاتی خۆی جێبەجێ نەکرێ ماوەیەک یان مانگێک دوا بکەوێ یان بڵێین هەتا ئەگەر هەفتەیەکیش دوا بکەوێ سوودی نامێنێ، بۆ نموونە دەرمان وەکو نموونە بۆ نەهێشتنی مەلاریا دەبێ لە کاتێکی تایبەتی دەست پێ بکا لە مانگی(٥) ئەگەر دەرمانەکە لەو وەختانە نەگەییشت پاشی هەفتەیەکیش گەیشت کاریگەری نامێنێ، ئەو کاتە ساڵێکمان ئەڕوا بەبێ ئەوەی کە ئێمە بەو کارە هەڵسابین ئەوە نموونە بوو بۆ ئێوەم هێنایەوە، یان بۆ نموونە، کتێبی قوتابخانە، ئەگەر هاتوو لە کاتی خۆیدا چاپ نەکرا. واتە پێش دەست پێ کردنی دەوام چاپ نەکراو دابەش نەکرا ئەوا قوتابیان بێ کتێب دەبن، یونیسیف وڕێکخراوەکان هاوکاری ناکەن چونکە هەموویان چاوەڕوانی ئەو کتێبانە ئەکەن کە بەپێی بڕیاری(٩٨٦)دابین دەکرێ ئەوە قوتابیانمان ساڵێکی ڕێکیان لە دەست دەدەن و بێ کتێب ئەمێننەوە وپرۆسەی خوێندن ڕائەوەستێ. ئێمە لامان گرنگ بوو لە ڕاستیدا بزانین ئەو پارانەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەو بوارانەی کە هەیە، بۆ نموونە: شەش مانگی یەکەم پارە تەرخان کراوە بۆ خۆراکە، بۆ دەرمانە، بۆ تەندروستییە، بۆ کۆمەڵایەتییە، بۆ پەروەردەیە، بۆ ئاوە، بۆ کارەبایە، بۆ کشتوکاڵە، بۆ ئاوەدانکردنەوەیە، ئەم پارانەی کە تەرخان کراوە چۆن خەرج ئەبێت ولەسەر چ بنەمایەک خەرج ئەبێت ولەم ماوەیەدا چەند سەرف کراوە؟ واتا ئەو بەڵێننامانەمان پێشان بدەن وئەو پارانەی کە خەرج کراوە، چونکە ئێمە ڕێکەوتننامەیەکی پێشوومان هەبوو لەگەڵیاندا، ئەو ڕێکەوتننامەیە لەسەر بنچینەی ئەوە کە بتوانین لە دەرگایەکەوە بۆ دەرگایەکی تر موناقەلە بکەین،

لە کاتی پێویستدا داوای موناقەلە بکەین لە هەمان کاتیشدا بتوانین پرۆگرامی شەش مانگی داهاتوو دابنێین. ئەگەر ئێمە نەزانین چەند خەرج کراوە وچۆن خەرج کراوە وچی هاتووە پێویستیەکانی خۆمان بە تەواوی نازانین. نازانین لەکوێ زیادەیە، لە کوێ کەمە، لە کوێ هەڵگرین بخەینە سەر کوێ، ئەمانە بەگشتی تێبینییەکانی ئێمە بوون لەسەر ئەم شەش مانگە. لیژنەی باڵای بڕیاری(٩٨٦) لەسەر نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران دروست کراوە. ئەم لیژنەیە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان(U.N)لەگەڵ ئەوانەی کە لێرە ئیش دەکەن لەگەڵ هەموو نوێنەرەکانیاندا بە بەردەوامی ئیش کراوە وبۆچوونێکی نزیکی یەکیان هەیە لەسەر پێویستییەکانی هەرێم بەگشتی. لە هەر وەزارەتێک بە درێژی داخیلی پێویستییەکان بوون، پێویستییەکان چ پرۆژەکان بێ چ پێویستی خزمەتگوزاری بێ، هەروەها حسابی ئەوە کراوە چەند خۆراک پێویستە، چەند دەرمان پێویستە، چەند کەرەستەی پزیشکی پێویستە، بۆ کشتوکاڵ چی پێویستە، هەر کەسە بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی لە وەزارەتی خۆی راپۆرت ولیستی خۆی ئامادە کردووە وئەمە لە چەند دانیشتنێکی بەردەوامدا وبە بەردەوامی دراوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانیان لێرە، لەسەر ئەو بنەمایە هەندێ گۆرانکاری بۆ سەر بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قۆناغی دووەمی بڕیاری(٩٨٦) کراوە، قۆناغی دووەمی بڕیاری(٩٨٦) بڕیاری لەسەر دراوە ونەتەوە یەکگرتووەکان بەتەمایە بە زووترین کات پرۆگرامی خۆی پێشکەش بکات بۆ جێبەجێ کردنی وئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئەو بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە کوردستاندا ئەکرێ وەکو ئەوەی کە باسم کرد بەشێوەیەکی تایبەتی کە حسابی تایبەتمەندێتی کوردستانی تێدا بکرێت و رەچاوی ئەو پێویستیانە بکرێ کە لەوانەیە هەندێکیان لەوە زیاتر بێ کە لە ناوەڕاست وباشووری عێراقدا هەیە. ئەنجام هەردوولامان گەیشتینە ئەوەی کە ئەو بەرنامەی ئامادە کراوە، ئەو رەشنووسەی ئامادە کراوە بۆ کوردستان تا رادەیەکی زۆر پێویستییەکانی هەرێم پڕ ئەکاتەوە، هەر چەندە ئێمە هەندێ پێویستیمان هەیە لەوانەیە لەوانە زیاتر بێ، بەڵام، بەپێی بۆچوونی وەزارەتەکان وئەنجوومەنی وەزیران ولیژنەی باڵای بڕیاری(٩٨٦) ئەو بەرنامەیەمان بە پەسەند زانی وپەیمانمان لەگەڵ نوێنەرانی(U.N) مۆر کرد کە بۆ شەش مانگی داهاتوو بەم شێوەیەی خوارەوە بێ کە ئێستا بۆتان باس ئەکەم، خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوولاتیان بکرێ، هەر بۆ زانیاریتان، لە ڕاستیدا بۆ مەسەلەی خۆراک ئێمە تەئکیدمان لە سەر ئەوە کرد کە خۆراک نابێ کەم بێتەوە، خۆراک ئەو بڕەی کەوا بۆ نەفەرێک لە کوردستاندا داندراوە ئەمە شتێکی پێویستە نابێت دەستکاری بکرێ ونابێ لە خۆراک کەم بکرێتەوە وبخرێتە سەر هەر بابێکی تر، رەئی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەمان شێوەیە، بۆیە بەپێی دوایین سەرژمێرییان پێویستیمان بۆ شەش مانگی داهاتوو، قۆناغی

دووەم(سەد وبیست وسێ ملیۆن دۆلار) ئەبێت، بایی(سەدو بیست وسێ ملیۆن دۆلار) خۆراک دابەش ئەکرێ لەسەر هاوولاتیانی کوردستاندا لە کەلارەوە تاکو زاخۆ، ئەمە بە بەراورد بە شەش مانگی پێشوو نزیکەی(چوار سەد وهەفتا هەزار دۆلار) زیاترە، چونکە لیستە بەراییەکان تەواو نەبوو ئەم ماوەیەی کە ئەم لیژنانە ئیشیان کردووە، پێداویستی تر کە پێشکەشمان کردووە، هەندێ ئاوارە کە هاتوونەتەوە ئەمانە هەمووی بەوە پڕ کراوەتەوە کە تێکرای بڕەپارەکە نزیکەی ( چوار سەد وهەفتا هەزار) دۆلار زیاد بکا وبە تێکرا بڕەپارەی(سەد وبیست وسێ ملیۆن) دۆلار کە بڕەپارەیەکی زۆرە تەرخان بکرێ بۆ خۆراک بۆ هاوولاتیانی کوردستان. سەبارەت بە دەرمان وپێویستی خەستەخانەکانمان نزیکەی(بیست ودوو ملیۆن) دۆلار تەرخان کراوە بۆ دەرمان،(حەڤدە ملیۆن) دۆلار تەرخان کراوە بۆ مسائل و ئامێرە پزیشکییەکان وپێویستی خەستەخانەکان، ئەمەش بڕەپارەیەکی زۆرە کە بەگشتی دەکاتە(سی ونۆ ملیۆن) دۆلار ئەمە هەر نزیکەی هەمان بڕەپارەی پێشووە کە تەرخان کرا بوو بۆ لایەنی تەندروستی بۆ شەش مانگی پێشوو. لە هەمان کاتدا هەندێ ئاڵ وگۆڕی کراوە لەوانەیە دەرمان تۆزێ کەمتر بێ، بۆ ئامێرەکان زیاتر دانرا بێ، بەپێی پێویستی وپێداویستی کە لەسەر بنەمای پێداویستیەکانی خەستەخانەکان داندرابوو، هەروەها بۆ یارمەتی دانی هەندێ توێژی ناو کۆمەڵ وەکو ئافرەتان، منداڵان، ئەوانەی بێ کارن ،کەم ئەندامن، بۆ ئەمانەش لە سنووری(٩) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە. ئەمە(چوار ملیۆن) دۆلار زیاترە لە تەرخان کراوی شەش مانگی پێشوو، واتە بایەخێکی زیاتر بە چینە هەژارەکان ئەدرێ تا پێویستییەکانیان بۆ دابین بکرێ لە ڕێگای بڕیاری(٩٨٦)ـەوە ئەمە بە هەنگاوێکی زۆر باش ئەزانین.

سەبارەت بە ئاو وئاوەڕۆکانەوە(بیست ملیۆن) دۆلار تەرخان کراوە. سەبارەت بە پەروەردەو(تدريب مهني) و(تأهيل مهني)(پانزە ملیۆن وسێ سەد هەزار) دۆلار تەرخان کراوە، بەزیادەی(سەدو پەنجا هەزار) دۆلار. لێرەدا لەسەر داوایەکی ئێمە کە زۆر تەئکیدمان لەسەری دەکرد، ئەوە بوو سەبارەت بە پەروەردەوە تەنیا حسابی پەروەردەو(تدريب مهني) کراوە، حسابی زانکۆکانمان نەکراوە، کە زانکۆکانمان شتێکی بنەڕەتین، حسابیان بۆ بکرێ وپێویستییەکانیان پڕ بکرێتەوە، ئەمە ڕەچاوکراوەو ئەمجارە ڕەزامەندیان کردووە بۆ زانکۆکانمان، بەتایبەتی ئەوکۆلیژانەی کە پەیوەندیان بە لایەنی مرۆڤایەتی وتەکنیکییەوە هەیە، کە یارمەتی ئەو کۆلیژانە بدەن لە ڕێگای تاقیگاکانیانەوە یان پێویستی تریان بۆ ئەوەی کۆلیژەکان بۆ پێشەوە بەن، وئاستی زانستییان پێش بکەوێ وبەردەوام بن، بەتایبەتی کۆلیژی پزیشکی، کۆلیژی ددان، ئەندازیاری، کشتوکاڵی، زانست. سەبارەت بە کشتوکاڵەوە حسابی ئەوە کراوە ئێمە زۆر

تەئکیدمان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەبێت ئەو خواردەمەنیەی دەهێنن بۆ کوردستانی عێراق کە هیچ نەبێ بەشێکی لێرە لە کوردستان بکڕنەوە، بەڵام تەبیعی ئەوان بڕیاری خۆیان هەیە وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان کە خۆراک بەپێی مواسەفاتێکی تایبەت لە بازاڕەکانی دەرەوە بکڕن وئەم بڕیارە ئێمە ئەو کاریگەریەمان نەبوو لەسەری کە بە شێوەیەکی وا بیگۆڕین کە بێن لە کوردستان خۆراک بکڕن، دیارە ئەو بڕیارە جاریێ بە ئێمە ناگۆڕێ هۆکارێکی سیاسی تۆزێ گەورەتری هەیە لە تەنیا باری کوردستان. بەڵام لە هەمان کاتدا حسابی ئەوە کراوە کە زیاتر یارمەتی جووتیاران بدەن بۆ ئەوەی تێچووی(تکالیف) بەرهەمی کشتوکاڵی کەمتر بکەنەوە، واتە یارمەتی جووتیاران بدەن لە کەرستەی تایبەتی کە ببێتە هۆی ئەوەی کشتوکاڵیان بەرو بوومەکانیان بە هەرزانتر بەرهەم بهێنن، بۆ ئەمە نزیکەی(دوو ملیۆن) دۆلاریان زیاتر تەرخان کردووە بۆ کشتوکاڵ وبۆ شەش مانگی داهاتوو ئەبێ بە(بیست ودوو ملیۆن) دۆلار. هەروەها سەبارەت بە کارەباوە پێویستییەکانی هەرێم لە کارەبا وکانزا مەسەلەیەکی چەند گرنگە لەبەر ئەوە نزیکەی(چوار ملیۆن وپێنج سەد وسی) هەزار دۆلاریان زیاد کردووە وبووە بە(حەڤدە ملیۆن وحەوت سەد) هەزار دۆلار. سەبارەت بە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، هەر چەندە ئێستا ئەوەی قۆناغی شەش مانگی یەکەم هیچیان نەگەیشتووە، بەڵام شەش مانگی دووەم بڕیاری لەسەر دراوە وبۆ ئەم مەبەستە(یانزە ملیۆن)دۆلاریان تەرخان کردووە. ئەگەر ئێمە هەمووی بخەینە سەر یەک، شەش مانگی یەکەم وشەش مانگی دووەم، ئەمە بڕەپارەیەکی زۆرە ئەتوانین هەڵمەتێکی ئاوەدانکردنەوەی گەورە بەرپا بکەین.

هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی لوغمەوە کە مەسەلەیەکی جیهانییە و وڵاتەکەمان پڕ کراوە لە ئەلغام کە لە ناو کوردستان بە نزیکەی(بیست ملیۆن) مین مەزەندە دەکرێ کە لەگەڵ ئەوەشدا کە بابەتێکی مرۆییە بابەتێکی سیاسی زۆر گەورەشە، بۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی(شەش ملیۆن دۆلار) تەرخان کراوە کە بەگشتی ئەم بڕەپارانە هەمووی ئەکاتە (دوو سەد وشەست ملیۆن دۆلار) بۆ شەش مانگی دووەم. ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەرنامەیە بە بەرنامەیەکی باش ئەزانین. راستە ئاواتمان لەوە زیاترە ،مرۆڤ داخوازییەکانی لەوانەیە قەد کەم نەبێتەوە، زیاد ئەکا، بەڵام بەم شێوەیەی کە ئێستا دابەش کراوە بە بۆچوونی هەموو وەزارەتەکانمان ئەمە بەرنامەیەکی باش وڕێک وپێکە. تەبیعی بەو مەرجانەی دامان ناوە کە دوانەکەوێ، لە کاتەکانی خۆی جێبەجێ بکرێ وئەوانیش لە راستیدا بەڵێنی ئەوەیان داوە کە ئەم شەش مانگی داهاتووە ئەزموونیان زیاتر ئەبێت وتوانای جێبەجێ کردنیان زیاتر ئەبێت وئەتوانن بەرنامەکە بە ڕێک وپێکتر جێبەجێ بکەن. ئەمە کورتەی ئەنجامەکانی دانیشتنەکەی دوێنێ بوو، کە بە بۆچوونی من

دانیشتنێکی زۆر گرنگ بوو وسەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ گەلی کوردستان بەگشتی کە بەشێوەیەکی تایبەتی حسابی تایبەتمەندی بۆ بکرێ، بودجەی بۆ دابنرێ لە پرۆژەی نەتەوە یەکگرتووەکانداو لە هەمان کاتدا کە پێش هەر لایەنێکی تر لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێک کەوتبێ. ئێمە رێکین لەسەر ئەم شتانە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان. ماوەتەوە ئەوەی لایەنەکانی تریش لەسەر هەمان شێوە رێک بکەون بۆ ئەوەی بەرنامەکە بە رێک وپێکی سەر بگرێ وسەرکەوێ، زۆر سوپاستان ئەکەم، ئەگەر پرسیارێک یان شتێکتان هەبێ ئامادەم وەڵام بدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو روونکردنەوەیەو، پیرۆزباییان لێ ئەکەین بۆ ئەو هەوڵانەی کە سەرفیان کردووە، وسوپاسی (UN) و ئەو دام ودەزگایانەش دەکەین کە بەوشێوە بە دەنگەوە هاتن وداوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین. لەوانەیە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان هەبێ، بەڵام دوو شت رەچاو بکرێ دووبارە نەبێ ودیاریکراو بێ، چونکە بەرنامەیەکی تریان هەیە وسەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەبێ بگەڕێتەوە سەر ئیش وکارەکانی خۆی، سوپاسی ئەکەین مادام ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، با ناونووس بکەین. تکایە ئاگاتان لە کات بێ وبەکورتیش بێ، بەڕێزان شێخ یەحیا، عەبدولخالق زەنگەنە، ئیبراهیم سەعید، د. رزگار، سەفەر محەمەد، مەلا هادی، سیروان کاکەیی، بورهان جاف، مامەند ئاغا. جا لە پرسیارەکان هیوادارم یەکسەر بچنە ناو بابەتەکەوە چونکە کاتەکەمان دیاریکراوە، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم هەنگاوە جێی پێخۆشحاڵی ئێمەو هەموو هاووڵاتیانە. دوو سێ تێبینی زۆر زەق هەن کە خەڵکی لەوانەیە لە دابەش کردنی خۆراک نارازی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە لەسەر بابەتەکە بدوێن، تەنها ئەوەی پەیوەندی بەشی کردنەوە(شرح)ـەکەوە هەیە. دوایی وەزیری ئابووری بانگ ئەکەین، رۆژێک ئەگەر چ پرسیارێک هەیە دەربارەی ئەو بابەتە، ئێستا تەنها لەسەر ئەم بابەتە کە باسی کرد لەو چوارچێوەیە زیاتر نەبێ تکایە، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتێکی باشە ئەو خەبەرە بۆ میللەتەکە بلاوبێتەوە، تەنیا دوو سێ پرسیارم هەیە لە سەرۆکی

ئەنجوومەنی وەزیران. یەکێکیان ئەوەیە کە حکومەتی عێراق بڕیاری دەرکرد کە نەوتەکە رابگرێ. ئایا ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێ؟ خەڵک نیگەرانە. دووەم خەڵکانێکی زۆرمان هەیە ،لەوانە ئاوارەکان، کە زیاتر لە هەشت سەدو پەنجا خێزانن. ئەوانە خۆراکیان بۆ دابەش نەکراوە، ئەبێ چۆن چارەسەر بکرێن؟ سێیەم هەتا ئێستا چاوو شەکر نەگەیشتووەو دابەش نەکراوە وزۆر لە کەل وپەلەکانیش بەشێوەیەکی باش دابەش نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق، پرسیارەکە تەنیا بۆ ئەم بابەتە دیاری بێت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش دیاری کردنەکەم ئەوەیە کە بەڕاستی ئەبێ گرنگییەک بدرێ بەو لایەنانەوە بۆ ئەوەی میللەتەکە نەختێک بحەسێتەوە. ئینجا بە رای من ئەبێ کەشێکی باشیش لە کوردستان بخوڵقێت بۆ ئەوەی هیچ بەربەستێ نەکەوێتە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی چوار ملیۆن دۆلار کرا کەوا بۆ پەککەوتەکان تەرخان کراوەو ئەمجارە نۆ ملیۆن، ئەمە چۆن دابەش ئەکرێت؟ ئەو پارەیە چ وەزارەتێک دابەشی دەکات یان کێ دەگرێتەوە؟ دووەم ئەم(سەد وبیست وسێ ملیۆن) دۆلارە کە تەرخان کراوە بۆ خواردەمەنی هەر چەندە جۆرەکە باشە، بەڵام ئێمە ئاواتمان هەیە وابزانم( سەد وبیست وسێ)یەکە باش نییە، ئەگەر داوا کراوە کەوا زیاد بکرێ لە(سەد وبیست وسێ) ملیۆنە کە زیاد بکرێ لەسەر حسابی هەندێ شت وەکو خزمەتگوزاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکە بە دیاریکراوی (سەد وبیست وسێ) ملیۆنە. ئەمە یاسایی ئەنجوومەنی ئاسایشە، بەدەست ئێمە نییە .

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە وەکو پێشنیارێک ئەکەم ئەزانم بڕیاری ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیە بۆ نموونە (سێ ملیۆن) دۆلار بۆ مین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکا لە ئەندامانی بەڕێز ئەکەم ، سەرەتا وتمان چ روونکردنەوەیەکتان پێویستە دەربارەی ئەو قسانە بێ کە بەڕێزیان کردی. هەندێ مەسائل، ئێوە ئەندامی پەرلەمان ئەزانن بڕیاری ئەنجوومەنی

نێودەوڵەتیە دیاریکراوە، چەند بەشی کوردستان بێت، چەند بەشی ئەوانی تر بێ، هەندێ شت بەدیهیاتە حەق نییە بەڕاستی دووبارە بکرێتەوە لەبەر ئەوە تکا ئەکەم پرسیارەکە دیاریکراو بێت. جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتنەکەی دوێنێی روونکردەوە، هەندێ مەسائلی تازە زیاد کراوەتە سەر ئەو بڕپارەی کە کاتی خۆی بۆ هەندێ ئەبوابی تر بووە، ئەگەر هەندێ روونکردنەوەی تر هەیە،پێویستە تەنها لەو چوارچێوەیە بێت. بۆ ئەوەی سوود وەرگرین لە کاتەکەو لە ئامادەبوونی جەنابی د. ڕۆژدا. فەرموو د. قاسم(د.رزگار).

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوە کرد کە(U.N)رازی نەبوو بەشێک لە کەل و پەلی خۆراک لە کوردستان بکڕدرێ، بێگومان ئەوەش بە سلبی دەگەڕێتەوە سەر باری بەرهەمی ناوخۆی هەرێم، ئەنجوومەنی وەزیران چۆن ئەمە چارەسەر دەکات، هەر چەندە (٢٢) ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د. قاسم، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو تێبینی گچکەم هەیە، ڕای گشتی ئەڵێن لەوانەیە شەش مانگی یەکەم بفەوتێت ونەدرێت، حەز دەکەین جەختی لەسەر بکرێ. دووەم دوا کەوتن ،هەرچەندە بەڕاستی دواخستن بەدەستی ئێمە نییە بەدەستی ئەوانە، جا هیواداریـن بە زووترین کات چارەی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک سەرتیپ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، من دوو پرسیارم هەیە: یەکەمیان ئەو شەش مانگەی رابردووی کە کراوە سەرفیاتەکەی ئایا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداری تەواوی هەبووە لەسەر شێوەی سەرفەکان ورەئیان دەربارەی ئەو لایەنە؟ دووەم ئالیەتی جێبەجێ کردنی ئەم شەش مانگی داهاتوو کە ئەم هەموو بڕپارانەی تێدایە، حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی وەزارەتەکان چەند دەوری راستەوخۆی ئەبێ لە جێبەجێ کردنی نەخشەکەدا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم کاک ئیبراهیم کردی، هەر دەربارەی (٩) ملیۆن دۆلارەکە بوو، شێوەی دابەشکردنی چۆن دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەدئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من کرا لەبارەی ئاوارەکانەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک مامەند. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبوایە لە دەرەوە عەرزی جەنابی سەرۆک وەزیرانی بکەم، خاڵێک بوو بۆ ئەوەی ئەو ئاگای لێ بێ ئێمە وەکو پارێزگا دانیشتنێکی تایبەتیمان لەگەڵیاندا کرد و بەتایبەتی لەگەڵ ڕێکخەری گشتی(UN)لە بەغدا باسی ئەو کێشانەمان کرد کە کاک عەبدولخالق باسی کرد، زۆر کەس هەیە پسولەی نییەو من پێم خۆشە ئەوە بڵاوبکرێتەوە، چونکە شتێکی گرنگە دوایی دانووسان و هەولێکی زۆر ڕێککەوتین لەگەڵیاندا ماوەکە تا ٧/٩ درێژ بکرێتەوە هەر کەسێ پسولەی نەبێ ناوی نەنووسرا بێ، کەمیان نووسی بێ، زۆریان نووسی بێ، تا ڕۆژی ٧/٩ ڕێ هەیە بێتە لای ئێمە لە پارێزگا بۆ ئەوەی پسوولەی بۆ بکەین، دوای ٧/٩ ئێمە دەسەڵاتمان نامێنێ. ئەوەش بە زۆرە ملێ سەپاندوومانەتە سەریان، گوتمان هەولێر وەکو سلێمانی نییە، وەکو دهۆک نییە، هێمنی تێدا نەبووە ماوەیەک خەڵکی تر لێرە بووە، ئێمە لێرە نەبووین، ئێمە هاتووین خەڵک لێرە بووە، واتە بارودۆخی هەولێر تایبەتی بووە، ئەگینا دهۆک وەهی سلێمانی تەواو بووە ئێمە ئاوا لەگەڵیاندا ڕێککەوتین تا ٧/٩ خەڵک بۆیان هەیە، دوای ٧/٩ لە هیچ کەسێک هیچ وەرناگرین هەوڵیشیان بۆ نادەین تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێت: هەندێ ئاوارە هەن لەوانەیە لە ئێران دەگەڕێنەوە دوای ٧/٩ دەرگامان کراوەیە بۆیان، هەندێکی تر ئەگەر لە ناوچەی (پ.ک.ک) عاسێ بووبن، هەندێکی تریش کە بەنوێیی دەردەکرێ. بەڵام ئەوانی لێرەن و لە هەر شوێنەک بن دوای ٧/٩ ئێمە ناتوانین هیچ شتێکیان بۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە کاک فرەنسۆ. پرسیارەکان تەواو، با جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بفەرموێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە پرسیارەکانیان ئاراستە کردین .لە راستیدا ئەگەر بمانەوێ ئەو پرسیارانە وڵام بدەینەوە دەبێ هەندێ شت روون بکەینەوە، هەندێ لەو پرسیارانە زۆر لەجێی خۆیانن بەتایبەتی مەسەلەی راگرتنی نەوت، ئێستا حکومەتی عێراق نەوتی راگرتووە، نەوتەکە نانێرێتە بازارەکان، ئەمە شتێکی ئاساییە ئەو تاکو ڕێکەوتن لەسەر بەرنامەی شەش مانگەکە نەکا دەست ناکات بەنەوت فرۆشتن، هەموو کەسێک وایە، من پێش ئەوەی کە ڕێک بکەوم لەسەر بەرنامەیەک، لەسەر شتێک، لەسەر نرخی و شێوەی چۆن دەبێ و مواصفاتی چۆن ئەبێ، پارەکەی نادەم. لە پێش ئەمە ئیجرائەکە هەر ئەوەندەیە بە قەناعەتی من و ئێستا نەوتەکە راگیراوە چاوەڕوانی ئەوەن کەوا ڕێککەون لەسەر ئەو بەرنامەی حکومەتی عێراق کە پێشکەشی ئەکات، جا ئەگەر ڕێککەوتنەکە لەسەر بەرنامەکە بوو نەوتەکە ئەڕوات، چونکە نەوتی شەش مانگی پێشوو تەواو بووە، ئەو بڕەی بۆ شەش مانگ دایان نابوو بۆ ئەوەی بەدوو ملیار دۆلار نەوت بفرۆشن ئەوە هەمووی ڕۆیشتووە، نەوتەکە فرۆشراوەو تەواو بووە، لەبەر ئەوە جارێ رادەوەستێ. کە راوەستا کەی دەست پێ ئەکاتەوە؟ کاتێ دەست پێ ئەکاتەوە کە لەسەر بەرنامەی شەش مانگی داهاتوو ڕێکەوتن بکەن. ئەوەش پرۆسەیەکی بەردەوامە لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراقیدا. لەوانەیە کاریگەری ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان یان وەکو کوردستان بەگشتی زۆر زۆر کەم بێ لەسەر ئەو پرۆسەیە.

ئاوارەکان، بەگشتی ئەوانیش وەکو هاووڵاتیانی تر هەموو پسولەیان هەیەو هاووڵاتی چەند خۆراکیان بەردەکەوێت ئەوانیش هەمان شتیان بەر ئەکەوێ، هیچ فەرق و جیاوازیەکی تێدا نییە و هەمووش ناونووس کراون .ماوەیەکی زۆریشە لیژنە دروست کراوە ئیشێکی زۆریان کرد تا هەر کەسێک ئەوانەی ناونووس نەکرا بوون جارێکی تر خۆی ناونووس کردووە و ئەو هەڵانەی لە کۆمپیوتەر کرابوو ئەو شتانە هەموو چارەسەر کرا. چاو شەکرەکە نەگەیشتووە، زۆر کەل وپەل هەیە نەگەیشتووە نەک هەر چاو شەکر، ئەوە شتێکە نە بەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە نە بەدەستی حکومەتی عێراقە، ئەمە بەدەستی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیەتی و بەتایبەتی چۆن ئەو بەڵێننامانە ئەکەن، چۆن تەمویل ئەکرێ، چۆن شتەکانیان پێ ئەگات، چۆن دەیگوازنەوە؟ تەنیا یەک شتیان هەیە لەسەر بنەمایەک لەوانەیە هەندێ شت دوا بکەوێ، ئەوان هیچ شتێک دەست ناکەن بە دابەشکردنی تا بڕێکی تەواو نەبێ کە لە هەموو عێراقدا دابەش بکرێ، کە بڕێکی کافی وا کۆبووە بەجارێک لە هەموو عێراقدا دابەشی ئەکەن. ئەوە بنەمایەکی گشتییە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری ئەڕوات.

ئەمە یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە ئێمە کفتوگۆمان لەگەڵدا کردوون و لە چەند دیمانەیەکدا داوامان لێ کردوون کە مەسەلەی دواکەوتن شتێکی گرنگەو کێشە بۆ خۆیان دروست ئەکا، چونکە ئەوان

شتەکە ئەکرن، شتەکە دێن دابەشی ئەکەن، لەمە تەدەخولاتێک پەیدا ئەبێ، لەوانەیە ئەگەر تەسفیاتی ئەو شەش مانگە نەکەن سبەینێ لەشەش مانگی دووهەمدا سەیر دەکەی شتی شەش مانگی دووەم پێش شەش مانگی یەکەم جێبەجێ بکرێ، ئینجا ئەمە گرفێکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی زۆریان بۆ دروست ئەکا، هەر لە بەرژەوندی خۆیانە بە باشی و زوویی جێبەجێی بکەن. مەرجێکی بنەڕەتیە جێبەجێ کردنی بڕیاری(٩٨٦) ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر نامەکەشماندا وتوومانە مەرج ئەوەیە ئاشتی لە کوردستاندا هەبێ، بارودۆخێکی ئاسایی هەبێ و هیچ بیانگەیەک نەدەین بەدەستی حکومەتی عێراق و نەبەدەست خەڵکی تر و نەبەدەست نەتەوە یەکگرتووەکان کە جێبەجێ کردنی بڕیاری(٩٨٦) لە کوردستاندا رابگرن، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیشی بۆ دەکەین و پێویستە هەموو ئەو حزبانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەپەرلەمان بەشدارن بەیەک دەست و بەیەک بۆچوون کار بۆ ئەم مەبەستە بکەن. مەسەلەی ئەو(٩) ملیۆنەی کە تەرخان کراوە، تەرخان کراوە بۆ خۆراک بۆ شتی تر نا. پرسیارەکەی کاک ئیبراهیم، خۆراکی دووگیانەکان و ساوایەکان خواردەمەنیەکی زیادەیە، هی نەخۆشە، بریندارە، هی پەک کەوتووانە شتێکی گشتییەو (WFP) بەرنامەی بۆ ئامادە دەکات. ئیتر ئەمە بەرنامەیەکی گشتییە کە پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە کە زۆربەی خواردن و شتی وایە. مەسەلەی خۆراک حیسابی کراوە لەسەر بنەمای (سلـة) ئەو سەلەیە چەسپاوە و ئەو سەلەیە زۆر لەوە زیاتر کە سەرەتا بڕیار بوو نەتەوە یەکگرتووەکان دابەشی بکات، لەو سەلەیەش زۆر زیاترە کە بازاڕی ئەورووپی هاوبەش کە بەپێشنیار پێشکەشی کرد وەکو نزمترین رادەی خۆراکی هەر نەفەرێک .لە هیچ دونیا نەبووە هەموو وڵاتەکە، هەموو هاووڵاتیەکەی خۆراکی پێ بدرێ، ئەمە تەنیا لە عێراق دا هەیە. واتە تاقیکردنەوەی ئەوها لە هەموو زەمینداً نەبووە بڵێی وڵاتێکی تەواو بێنی نەفەر بە نەفەر خۆراکی بدەیتێ، ئەمە تاقیکردنەوەیەکی تازەیە تۆ سەیر ئەکەی ئەوانەی کە خۆراکیان پێ ئەگا حەز ئەکەن زیاتریان پێ بگا، ئەوانەی پارەکە لە خۆراک سەرەف ئەکەن حەز ئەکەن تۆزێک کەمتر بێ هی خۆراکەکە، بەس هەندێ مواصفاتی تەندروستی جیهانی هەیە، خۆراکەکە ئەبێ زۆرترین رادەی لە(السعرات الحرارية) هەبێ ،لە ڤیتنامینات هەبێ سەلەیەکیان دروست کردووە ئەم سەلەیە بە بڕیاری دکتۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری ڕێکخراوە تەندورستییەکانی جیهانی ئەمە کیفایەتە، و لە کیفایەتیش تا رادەیەک زیاترە، واتە رادەیەکی زیاتر حیساب کراوە لەبەر ئەوە زیاد کردنی ئەوە نەک ئێمە بە گونجاوی نازانین ئەوان بە گونجاوی نازانن، لەوانەیە ئێمە حەز بکەین زیاتر بێت ئێمە پێمان خۆشە چەند زیاتر خواردەمەنی بدرێ بە میللەتەکەمان پێمان خۆشە. ئێمە هەموو دەم تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەینەوە ئەگەر زیادی نەکەن کەمی نەکەنەوە ، ئەو سیاسەتمانە و وابزانم هەمووشمان ڕێکین لەسەر ئەو سیاسەتە، کڕینی خۆراک بڕیارێکی (UN) پەیوەستە بە گەمارۆی ئابووری، کە ئەم پارەیە دوو ملیار دۆلارەکەی کە سەرەف ئەکرێ نابێ بە پارە هیچی بگاتە دەستی حکومەتی عێراق لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو پارەی هێناوە

کوردستان گەنمی پێ بکرێ کوردستان پارچەیەکە لە عێراقە ئەبێ پارەش بداتە عێراق گەنمی پێ بکرێ، ئەوان ناتوانن بڵێن بانێکەو دوو هەوا . لە لایەنی یاسای نێودەوڵەتییەوە عێراق ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بیرخەرەوەی لێک گەیشتن لەگەڵ ئەوان مۆر کراوە بەپێی ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق ئێمە بەشێکی لا بەلاین لە بابەتەکە، لەگەڵ ئەوەشدا حیسابێکی تایبەتیمان بۆ ئەکرێ لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆمان لەبەر ئەوە لەسەر شێوەی کرینی خۆراک ئێمە ئەو کاریگەرییەمان نییە تەنیا ئەتوانین داوا بکەین و داواکەمان ئەبێ ئەوان خۆیان لێکی بدەنەوە، ئایا لەگەڵ بڕیارەکەیان ئەگونجێ یان ناگونجێ؟ دیارە تا ئیستا ناگونجێ.

دواخستنەکە باسم کرد دواخستنی مادەکانە کە ئەمە زەرەر ئەداو ئێمە پێمان وتوونە و لە هەموو کۆبوونەوەیەکیشدا پێمان ڕاگەیاندوونە، ئەم دواخستنە لە هەندێ مەسائیل ئەو کاریگەریەی نابێ ئەگەر لەبارەی ئاوەدانکردنەوەیەک بێ یا بابەتی پرۆژەیەکی ئاوو ئاوەڕۆیی بێ ،شتێک بێ کە پەیوەندی بە بارودۆخێک بێ کە تۆ بەدوو سێ مانگ جێبەجێی کەی لەوانەیە (مسألة فيها نظر) ئەویش باش نییە. بەڵام هەندێ مەسائل هەن چارەنووسازن، لەبەر ئەوە نابێ دوابخرێ. ئێمە تەئکیدێکی تایبەتیمان کردۆتە سەر ئەو مەسائیلانەی کە چارەنووسین و نابێ دوا بکەوێ لەوانە دەرمانە، خۆراکە، شتی قوتابخانەکانە، ئەو شتانەی( ١٠٠ ٪ ) زۆر پێویستین و ئەبێ لە کاتی خۆیاندا بێ و بەتایبەتی ئەگەر لەکاتی خۆیاندا نەهات زیانی لە قازانجی زیاتر ئەبێ، ئێمە دەسەڵاتی تەواومان چییە؟ ئێمە وەکو دەزگایەکی بەڕێوەبردنی هەرێم ،ئاگاداری هەموو پێویستیەکانین، بە دوورو درێژی ئاگامان لە بچوکترین ئیشێکی هەرێم هەیە، وەکو ئەو کەسانە نین کە دانیشتوون دەڵێن ئەوە بکرێ باشە، ئێمە بە کردەوە لە ئیشەکە داین، ئەزانین پێویستیمان بەوە هەیە، ئەزانین چەند هاووڵاتی هەیە، چەند کیلۆ شتی پێویستە، چەند قوتابی هەیە، چەند دەفتەری پێویستە، چەند کتابی پێویستە، ئەزانین چەند نەخۆش ئەچێتە خەستەخانەکانمانەوە، چەند دەرمانی پێویستە، ئەزانین جۆرێ نەخۆشیەکان چییە، ئەزانین چەند دێمان هەیە ئاوی نییە، ئەزانین لە کوێ مەسەلەی ئاوەڕۆ، تەگەرەکانی چییە، ئەزانین کشتوکاڵمان بەچی دوا ئەکەوێ، چی گرانەو چی هەرزان و چی بکرێ بۆ جووتیار باشە؟ لەبەر ئەوەی ئێمە ئەتوانین پێشنیار پێشکەش کەین ئەم شتانە ئەگەر بکرێ بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ گەلی کوردستان، شتێکی باشە، ئێمە بە بەردەوامی ئیشمان تێدا کردووە و لیستەمان ڕێکخستووە و باشترمان کردووەو ، نوێمان کردوونەوەو پێشکەشمان کردووە . ئەو بەرنامەی بۆ کوردستان دائەندرێ لەسەر بنەمای ئەو زانیارییەی خۆمانە هەندێکیشی لەسەر شارەزایی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیەتی کە لێرە ئیش ئەکەن و ئەوانیش سەرژمێرییان هەیە، چونکە ئەوانیش شەش ساڵە خەریکی ئیشن لەم بوارەوە خەریکی یارمەتین، لەبەر ئەوە دەسەڵاتمان نییە. ئێمە بڕیار ئەدەین کە بڵێین فلانە شت پێویستە بۆ فلانە شوێن بکردرێ ئەوەشیان پێشی فلان شت بێخن، وەکو خۆراک و دەرمان پێش شتی تر بخەن ئەوەش لە دەسەڵاتی ئێمەیە. ئەگەر ویستیان پرۆژەکان بکەنەوە و ئێمە ڕازی نەبین

ئەوان ناتوانن ئەو پرۆژەیە بکەنەوە. قوتابخانەیەک بگرێتەوە دەبێ ئێمە مامۆستای بۆ دابنێین، لەبەر ئەوە ئەبێ بە قسەی ئێمە بکەن لە کوێ قوتابخانە بکەنەوە، چۆن قوتابخانە بکەنەوە، ئەگەر لەناو نەخشەی وەزارەتی پەروەردەدا بێت.

ئەوە نموونەیەکی بچووک بوو بۆم هێنانەوە. رۆڵە راستەقینەکەی حکومەتی هەرێمە، ئەفزەلیاتی داوە بە شتەکە، پێداویستیەکانی جێگیر کردووە و رەئیەکی هەیە لە بەرنامەکە کە داندراوە. ئەمە جۆری ئیشەکەمانە. بابەتێک هەبوو ئەوەشمان نیشاندا بابەتێکی زۆر گرنگ بوو لە درێژەی قسەکانم لە بیرم چوو باسی کەم، وای بۆ دەچووم پرسیار بکرێ لەم بارەیەوە. بابەتی بەرنامەی شەش مانگی پێشوو مەسەلەی نەوتی تێدا هەبوو پارەیەکی زۆری بۆ داندراوە، لەبەر ئەو بارودۆخەی بەسەر هەرێم داهات پێویستی بەنەوت بەو شێوەیە نەما گە پێویستیەکی زەروری ژیانە لە(١٠٠٪) ئەبێ نەوتەکە دابین بکرێ چونکە نرخی هاتە خوارەوە، لەم بارودۆخەدا نەوتێکی وا هەوبوو کە بگات بە هاوولاتی دیارە نەتەوە یەکگرتووەکان حیسابی کردووە، چونکە پار بەکاری نەهێنا ئەو پارەیە دابەشی کرد بەسەر مەسائیلی کارەبا، بەتایبەتی کارەبا بەکاری هێناوە. لەشەش مانگی پێشوودا دیارە ئەو زیادانەی کە هاتوونە سەر بەرنامەکەمان لە پارەی نەوتەکە وەریان گرتووە، تەبیعی ئێمە تەئکیدی ئەوەشمان لێ گرذن پێمان وتن ئەو نەوتەی کە بە نرخێکی گونجاو دێتە هەرێمەوە پێداویستیەکانی هەرێم دابین ناکات، لە(٢٥٪) پێویستیەکانیەتی. ئێمە وتمان(٢٥)، وتمان لە سنووری(٢٥٪) پێداویستی هەرێمە، ئەوەی کە دێ و شتێکە چەسپاو نییە بە دەستی خۆمان نییە، بە دەستی حکومەتی مەرکەزیە. ئەگەر هاتوو حکومەتی مەرکەزی نەیویست ئەوا لێمان دەبڕێت و ئەو کێشەیە جارێکی تر دورست ئەبێتەوە. ئەوە رەچاو بکرێ کاتێک ئەو تەگەرەیە دروست بۆوە فریامان کەون، ئەوە رەئیان لەم بارەیەوە زۆر رەها بوو، گوتیان هەر کاتێ ئێوە ئەو حاڵەتەتان هاتە پێشەوە پێویستتان بە نەوت هەبوو ئێمە بێجگە لە بڕیاری (٩٨٦)کەمتەرخەمیتان لەگەڵ ناکەین لەمەسەلەی نەوتدا، نەتەوە یەکگرتووەکان نەی کردووە، ئەوە بۆ زانیاری و زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، سوپاسی جەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین بۆ ئەو روونکردنەوەیە و بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی کرا، هیواداریین سوود بەخش بوو بێت و ئەوەی کە بڕیاری لەسەر دراوە وەکو پێویست ئەنجام بدرێت. جێگای دڵخۆشکەرەوەیە بەو شێوەیەکە گوێتان لێ بوو و بەرنامەی ئایندەی شەش مانگەو دەوری حکومەتی هەرێم و لیژنەی بالا کە بە سەرۆکایەتی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە.

دێینەوە سەر خاڵی دووهەم ،پرسیارەکانە، پرسیاری یەکەم لەلایەن کاک ئەحمەد سالارەوە بۆ جەنابی وەزیری رۆشنبیری کاک فەلەکەدین کاکەیی یە، با بفەرمێ کاک فەلەکەدین کاکەیی بێتە

سەر مونەسە و کاک ئەحمەد سالاریش پرسیارەکەی ئاراستەی جەنابی وەزیر بکات، دیسان تەئکید ئەکەینەوە کاتەکە دیاریکراوە بۆ هەر پرسیارێک و بۆ هەر وەڵامێک و موداخەلەیە. کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و تایبەتە بە راگەیاندن، وەکو دەزانرێ کە راگەیاندن نەک رووکارێ بەڵکو بنەمایەکەو کۆڵەگەی تەواوی بایەخ پێدان و راگرتنی حکومەتە، وەک مەبەستێکە هەروەها بەپێی کارنامەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەروەها بەپێی یاساو پەیرەوەکەی دەبوو خاوەنی دەسەڵاتی راگەیاندن بوایە، بەڵام لە گرنگترین هۆی راگەیاندنەکانداکە تەلەفزیۆن ورادیۆیە هێشتا وەکو لە باری نیمچە پاشکۆ دایەو رادیۆکەش (FM) مەودایەکی کورتی هەیەو، پرسیارەکە ئەوەیە . بۆ وەزارەتی رۆشنبیری نەیتوانیوە پەرە بەو بوارە راگەیاندنە بدا بەتایبەت تەلەفزیۆن و رادیۆ؟ ئایا چ تەگەرەیەک لە رێگای بووە کە نەی توانیوە ئەو سەربەخۆییە بەدەست بێنێ، واتە ببێتە خاوەن دەسەڵاتی راگەیاندن وەکو پێویست؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد. جەنابی وەزیر کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی راگەیاندن وەکو کاک ئەحمەد سالار باسی کرد مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و لە بەرنامەی وەزارەتی رۆشنبیریی وبەرنامەی کابینەی سێیەم بوو، مەسەلەی راگەیاندن بەراستی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی رۆشنبیری (١٩٩٢) کەوا ئەو ململانێیە نەی هێشت هیچ دەزگایەکی راگەیاندن هەبێت، دام ودەزگای راگەیاندن هەر لەسەرەتاوە نەبوو، رەنگە بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت کەرستەیان هەبووە جێگایان هەبوو یان شتێکیان بەجێ مابوو، بەڵام بەتایبەتی پاشی ١٩٩٦/٨/٣١پارساڵ کە هەولێر رزگار کرا، لە هەموو دەزگاکان زیاتر راگەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن زیانی پێگەیشتووە هیچی نەمابوو واتە رادیۆ، تەلەفزیۆن ئەگەر شتی کەش هەبوو بێ تەنیا موسجیلەیەک و یەک دوو کامیرە نەبێ، ئەویش لەم لاو لەولا پەیدامان کردنەوە .لە رووی بەڕێوەبردنیشەوە هیچ نەمابوو و کاری کردبووە سەر دیوانی وەزارەتیش، ستودیۆیەکمان لە دیوانی وەزارەت هەبوو ئەوەش سووتا بوو، وا سووتا بوو تەنانەت دۆسیەکانی کارمەندان وفەرمانبەران هەتاکو ئەوانەی پێشی راپەڕینیش دامەزرا بوون، سەردەمی ئەمانەتی گشتی ئەوەش سووتا بوو، ئێمە ناچار بووین لە کۆتایی ١٩٩٦دا تۆمار و دۆسیەی تازە

بۆ فـەرمانبەران بکەینەوە، لەسەر بنەمای ئەم نووسراو و ئەو نووسراو، لەم لاو لەو لا دەستمان کەوتن هەروەکو وتم راگەیاندن زیانی پێ گەیشتووە ، واتە هاتینەوە سەر سفر ، هاتنیەوە سەر ئەوەی کەوا سەر لە نوێ دەست بەکار بکەین، ئێمە لەوەدا نەبووین بەتایبەتی کە بودجەی وەزارەتیش لە کابینەی سێهەم درەنگ پەسەند کرا لەبەر ئەو بارودۆخەی کە دەزانن، نەمان دەتوانێ چی تەرخان بکەین بۆ راگەیاندن تەنها شتی رۆژانە نەبێ، راگەیاندنمان لە سێ بواردا دەستی پێ کردووە لە مانگی (٩)ی ١٩٩٦ـەوە یەکێک ئەوەیە کەوا رۆژنامەی هەرێمی کوردستان حەفتانە دەستی پێ کردەوە و لەمانگی(٣)شدا بۆ ماوەی (١٤) رۆژ رۆژانەش بوو هەر ژمارەیەکی (٤) لاپەرە بوو، بەڵام لە مانگی (٩)وە حەفتانە دەرئەچێ بە رێک و پێکی تا ئەمرۆ کە بوارێکی گرنگی راگەیاندنە.

بواری تر مەسەلەی ئاژانسی دەنگوباس بوو، ئاژانسی دەنگوباسیش دیسان نە بەرێوەبەرایەتی هەبوو نە جێگای هەبوو، هەتا کورسی نەبوو، ئەویش بە هەرحاڵ دووبارە دامان مەزراندەوە، ئێستا چەند ژمارەیەک نزیکی سەد و قسور ژمارەی دەنگوباسی بڵاو کردۆتەوە و لەگەڵ ژمارەیەکی تایبەتی(روانگە) کە هەر چەندە هەڵەو شتی وای تێدا دەکەوێ ودەمانەوێ پێشی خەین، بەڵام زیاتر ئێستا خەریکی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ناو هەرێمین ،چالاکی هەرێم، ئاژانسی دەنگوباس بە پێی توانا یارمەتی دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێم و هەموو حزبەکان ئەدات، بە هەمووی بۆ نزیکەی (٨٠) جێگا ئەچێت ئەویش بوارێکی تری راگەیاندنە.

بەڵام وەکو پرسیارێکە مەسەلەی رادیۆو تەلەفزیۆن. مەسەلەی رادیۆو تەلەفزیۆن بنەرەتیە، لەبەر ئەوە بەلای ئێمەوە هیچ ،دەزگا لەبەر دەست نەبوو وتوانی کرینیش نەبوو لەسەرەتادا و تەماشامان کرد پارەی زۆری دەوێت ناچار رووماں کردە سەر شێوەی وەکو بەڵێنێکی هاوکاری لەگەڵ هەندێ دامودەزگا ، یەکەم بۆ ئەوەی کەوا دەنگوباسی هەرێم بگەیەنین بەدوورترین خاڵ نە بەس لەناو هەرێمدا بەڵکو بۆ دەرەوەی هەرێم ،وبۆ ئەورووپاش داوامان لە رادیۆی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کرد کە یارمەتیمان بدات بە سوپاسەوە یارمەتی داین لەسەرەتای ئەو ساڵەوە رۆژانە بەرنامەیەکمان هەیە جاران پێنج تا شەش بوو ئێستاش حەوت تا هەشتە، کەوا رۆژێ سەعاتێک هەموو دەنگوباسەکانی هەرێم و هەندێک هەڵوێستی حکومەتی هەرێم و هەندێ چالاکی تر بە کوردی و عەرەبی بڵاو دەکەینەوەو بەرنامەی تریشمان هەیە بە زمانی تر کەوا دەگاتە دوورترین وڵات، ئەو جێگایەی کە رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراقی پێ دەگات لەسەر شەپۆلی کورت جاران (٧٥) مەتر بوو ئێستا (٤١)مەتریشی هاتۆتە پاڵ، ئەمە یارمەتیەکی زۆر بوو بۆ ئەوەی ئێمە هیچ نەبێت دەنگوباسی هەرێم بگەیەنێت و بەناوی دەنگی هەرێمی

کوردستانەوە ئیش دەکات، ئەوەش بۆ ماوەی شەش مانگ زیاترە پشتیوانیێکی زۆر بوو بۆ ئێمە هەتا ئێستاش بەردەوامە تا ئێستا بەدیلمان بۆ ئەوە نییە لە راستیدا ناچارین لەم رادیۆیە سوود وەرگرین. پاشان لەگەڵ دەزگای راگەیاندنی گوڵان بەسوپاسەوە رێککەوتین کە رۆژانە چوار سەعات لە(FM)کەیان وەرگرین رادیۆی مەرکەزی تەنیا(FM)نییە ئەوەی مەوجەی کورتی (٧٥) مەتریمان هەیە(٤١)مەتریان هەیەو (FM)بۆ ماوەی چوار سەعات رۆژانە دیسان لەسەرەتای ئەم ساڵەوە دەستمان پێکرد و ئێستاش بەردەوامە و لەم دواییە توانیمان بۆ یەکەمین جار دەزگایەکی تایبەتی بکڕین بۆ وەزارەت، ئێستا وەزارەت هەم ستودیۆی خۆی هەیەو ئەمە ماوەی (٢٠) رۆژیشە هەم رادیۆی خۆمان هەیە ئامێری پەخشی خۆشی هەیە(AM)و(FM)ـە، بێگومان ناگاتە هەموو جێگایەک، رۆژی چوار سەعات و نیو، هەندێ جار بەرنامەکانی بەیانی تا سەعات (١٢،٣٠)بلاو دەکاتەوە، من نالێم کە بەپێی ئاواتی ئێمەیە، نەخێر ئێمە حەزدەکەین بەرنامەیەکی رادیۆی دوورو درێژمان هەبێ بگاتە هەموو جێگایەک، بەڵام ئەوەی کە هەیە ئێستا یەک سەعاتیمان هەیە کە ئەمە ئەگاتە هەموو جێگایەک و ئەوەی ترمان هەیە(AM) بۆ هەولێرو دەوروبەرو رەنگە بگاتە نزیکی ئاکرێ و شەقلاوە و دەوربەری پردێ کە تاکو ئێستا تاقیکراوەتەوە، بەرنامەمان زۆر هەیە لە رادیۆکەمان، بەرنامەیەکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە ئەگەر کاتتان نەگرم بیخەمە روو. چاومان لێیە لە ئایندەدا خاوەن رادیۆیەکی مەرکەزی بین بگاتە هەموو جێگایەک بەداخەوە لە هەرێمدا تا ئێستا تەنها دوو رادیۆ هەیە زۆر بە هێزە، رادیۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و رادیۆی یەکێتییە کە ئەمانە دەتوانن بگەنە دەرەوەی هەرێم .ئەمانەی تر هەموو خۆجێییە(FM)و (AM)، کابینەی سێیەم یان بڵێین حکومەتی هەرێم شایەنی ئەوەیە رادیۆی هەبێت و لە بودجەی ئەم ساڵەشدا ئەوەی داندراوە بۆ هەموو راگەیاندن بە هەموو ئەوانی کە باسم کرد بێجگە لە بودجەی رۆژنامە، رۆژنامە بودجەکەی لەسەر بەرێوەبەرایەتیەکی ترە، ئەو پارەیە نییە کە بتوانین رادیۆو تەلەفزیۆنی پێ بکڕین، بەڵام موفاتەحەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردووە کە پارەی زیادمان بۆ تەرخان بکات تاکو بتوانین دەزگای تایبەتی رادیۆو تەلەفزیۆن بکڕین.

ئەو دەزگای (AM) کڕیوومانە بە (٢٠) هەزار دینار لێرە ئەندازیارەکانی خۆمان دروستیان کردووە و سوودیشی لێ وەردەگرین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ رادیۆیەکی زۆر باش دابمەزرێنین بگات بە هەموو شوێنێک زۆری دەوێت، رادیۆ بەو شێوەیە. سەبارەت بە تەلەفزیۆن بەراستی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، تەلەفزیۆن لەسەرەتای ١٩٩٢وە وەزارەت دیارە تەلەفزیۆنی نەبووە ئەگەر هەشی بووبێ جار جار بەرنامەیەکی یەک سەعاتی بووە هەر جارێ لە تەلەفزیۆنێک بلاوکراوەتەوە پاشان وەستاوە بەشێوەی تر بووە، بەڵام ئێستا یەکەم جارە توانیمان بە هاوکاری دەزگای گوڵان بە

سوپاسەوە یارمەتی داین کەوا هەر رۆژەی (٣) سەعاتە خۆی چوار سەعاتە، سەعاتی یەکەمی سەرەتایی کردنەوەی تەلەفزیۆن و هەندێ پێشەکی و شتی وایە (٣) سەعاتی تەواو دەمێنێتەوە بۆ ئێمە لەو (٣) سەعاتە ئەوە بۆ (٥) مانگ زیاتر دەچێت بەرنامە بلاودەکەینەوە، ئەو بەرنامەش هەموو بەرنامەکان نووسراوە بێگومان ئەگەر بتوانم بۆتانی بخوێنمەوە چەند بەرنامە بەلام رەنگە کاتتان ئەگرم، سەبارەت بە بەرنامەکان بایەخمان بە بەرنامەی وەزارەتەکان داوە. بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ بێ ،وەزارەتی کشتوکاڵ بێ ،وەزارەتی تەندورستی بێت، واتە هەر وەزارەتێک بێ داواش دەکەین بەردەوام جگە لەبەرنامەی گشتی تەلەفزیۆنەکە و چالاکی هەرێم بە چالاکی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەوە بەچالاکی وەزارەتەکان و بە بەرێوەبەرە گشتیەکانەوە بلاو ئەکەینەوە، بەلام ئەمەش لە ئاستی ئاواتی وەزارەت دا نییە کە شیاو بێ بە ناوچەکەی.

ئێستا لەو رۆژانە هەوڵ دەدەین کەوا یەکەم جار بۆ خۆمان تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆمان هەبێ، بەپێی رێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی پێش ماوەیەک کرا بوو ئەگەر لەوەدا سەرکەوین دەتوانین رۆژانە ببینە خاوەنی شەش سەعات پەخشی راستەوخۆ، واتە پەخشی رادیۆی هەرێم و تەلەفزیۆنی هەرێم و هەندێ کەرستەشمان پەیدا کردووە، بۆ ئەوەی سەربەخۆ بین. باسی سەربەخۆیی کرد بۆ ئێمەش زۆر گرنگە کەوا هەمووشتمان جیا بێت، ئیستا ستودیۆی خۆمان داناوە تەواومان کردووە ـ ستۆدیۆی تایبەتی ـ خەریکین تاوەرێک دادەنێن و دوو ستودیۆ لە جیاتی ستۆدیۆیەک. وەزارەت ئەوە خەریکە ستیۆدیۆی تریش لە بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن کە لەگەڵ چاودێری زانستیە بەوە دەتوانین بۆ یەکەم جار خۆمان ببینە خاوەنی بەرهەمی خۆمان. دوای ئەوەش مەسەلەی پەخش زۆر گرنگە مەسەلەی ئامێری پەخش ئەوە وتم بەلێنێکمان پێ دراوە کەوا دەزگایەکمان بدەنێ، ئەگەر ئەو دەزگایە درا ئەوەی کەوا باستان کرد فیعلەن ئێمەش هەست دەکەین کەوا کەم وکوری هەیە، ئێمەش رازی نین لە ئیشەکە وەکو پێویست، بەلام برادەرانمان ئەوەندی کە هەنە بەپێی ئەو توانایەی خراوەتە ژێر دەستیان خۆیان ماندوو کردووە، مەسەلەیەکی گرنگی تریش هەیە کادری تەلەفزیۆن، ئێمە کادری تەلەفزیۆن و رادیۆ هەموو سەر لەنوێ رێکمان خستوونەتەوە ئەو کەمەی هەبوو تێکچوو بوو، بۆ یەکەم جار ئێمە دامان ناوە ئیعلانی وەرگرتنی با بلێین (موزیع) و دەرهێنەر و هونەرمەندی تر ئەکەین، تا ئێستا نزیک (٨٥) کەس پێشکەشی کردووە لیژنەیەکمان داناوە ئەو لیژنەیە خەلک هەلبژێرێ، واتە یەکەم جارە یەکەم دەزگایە یەکەم فەرمانگەیە لە هەموو هەرێمی کوردستاندا بەپێی ئیعلان کردنی پرکردنەوە شوێنی بەتالی وەزارەت وەردەگرن نەک لا بەلایی و ئەوە ئێستا خەریکن لەو کۆمەلە خەلکەی پێشکەشی کردووە ژمارەیەکیان وەردەگرین بۆ ئەوەی کادری بەرنامەی داهاتووی تەلەفزیۆن لەسەر بنچینەی کە

تەلەفزیۆنی سەربەخۆمان هەبێت پڕبکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەت شارەزایەکی تایبەتی داناوە تەنها بۆ تەلەفزیۆن . ئەو شارەزایە زۆر زانایە لە رادیۆی تەلەستاری یەمەن کاری کردووە، لە بەغدا داوا کراوە کار بکات، بەلام هاتووە بۆ ئێمە ئیش ئەکات ،توانای ئەوەشی هەیە کەوا ئەگەر ئێمە رۆژێ لە رۆژان لە هەرێمی کوردستان هەمان بوو لە تۆری ئاسمانی بەشدار بین ئەتوانێ یارمەتی ئەوەمان بدات و ئەوەش هەڵسوڕێنێ، ئێمە لیژانی تایبەتیمان داناوە بۆ تەلەفزیۆن و ئەوە تا ئێستاش دەورەشی کردۆتەوە ئەمانەی تازە وەردەگیرێن دیسان دەورەیان بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەر شێوەیەکی تازە کار بکەن. لێتان ناشارمەوە یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵ دەدەین لەسەر سیستەمێکی زۆر تازە کار بکەین، تەلەفزیۆنەکانی هەرێم لە (٩١) و (٩٢) تا ئێستا هی هەموو حزبەکان (علی الاطلاق) بەبێ جیاوازی تا ئێستا لەسەر سیستەمێک نارۆن، لەسەر هەوەس ئەرۆن، هەندێک کەم وکوری تەکنیکیش هەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ یەکەم جار یاسایەک یان پێڕەوی ناوخۆیەک بۆ کاری تەلەفزیۆن دابنێن، بابڵێین تا ئێستا نەبووە لەهەرێمدا، دامان ڕشتووە ،لە وەزارەت خەریکین پێڕەوی کەین(تطبیق)کەوا رادیۆو تەلەفزیۆن لەسەر یاسایێ بڕوات وەکو یاسای هەموو تەلەفزیۆنەکان ورادیۆکان لە جیهاندا. هەموو سیستەمیان هەیە، لەسەر ئەوە بڕۆین .گەورەترین گرفت لەپێشمان ولە پێش خستنی کاری تەلەفزیۆنی لەهەموو هەرێمی کوردستاندا مەبەستم وەزارەتی رۆشنبیری و سەبارەت بە حزبەکانیش مەسەلەی هەرە بنەرەتی ئەوەیە کەوا تا ئێستا لە سیستەمێکی دواکەوتوو سوود وەردەگیرێت (V.H.S)کە ئەمانەوێ بیکەینە پێتاگام بۆ ئەمە پرۆژەیەکمان داناوە بۆ گۆڕینی سیستەمی کاری تەلەفزیۆنی بۆ پێتاگام نزیکی(٤٠٠)هەزار دۆلاری دەوێت، بێگومان ئەوە زۆرە وئەزانین لەو رۆژەدا لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نییە، بەلام لەهەمان کاتیشدا دامانناوە بۆ ئەوەی بیر بکرێتەوە تەرخان کراوێکی بۆ دابنرێت بە(٤٠٠)هەزار دۆلار دەتوانین یەکەم جار لە هەرێمدا ئەگەر بێت و فلیمێک دەربکەین فلیمەکە ستاندارد بێت ولەدەرەوەش وەربگیرێت چونکە ئەو فلیمانەی کە تا ئێستا لەهەرێمدا و یافلیمی حزبەکان ستاندارد نین، واتە هیچی ئەو فلیمانە نییە یا ئەو ریپورتاجانە نییە کەوا وەربگیرێت وەکو شتێکی هونەری.

ئێمە ئەمانەوێت لەو سیستەمە سوود وەرگرین، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بیر کردنەوەی دەوێت کەوا ئەو پارەیەمان بۆ ئاسان بێنێتە دەست ئەو پارەیەی کە دانراوە تا ئێستا زۆر لەوە کەمترە ئەگەر مەبەست زیادە نەبێت، هەموو چالاکیەکانی راگەیاندن(٦ر٣٢٨)ملیۆن وبۆ هەموو چالاکیەکانی دانراوە بۆ ئەم ساڵ، وەزارەت طبعا تەنیا بۆ راگەیاندن بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن(٦)ملیۆن بۆیان دانراوە کە بۆ دەنگوباسە بۆکارمەندەکانە بۆ تەلەفزیۆنە بۆ رادیۆیە ئیتر

ئەو بۆ چالاکی تریشە، چالاکی زیادەش بۆ تۆماری بەرنامەکانیشە. ئەوەش زۆر کەمە، نووسیومانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کەوا تەرخانکراوی زیاد بکرێت، کە ناتوانین ئەو بەرنامەیەی هەیەو پێویستە دای بنێین، بەهەر حاڵ ئێمە هەست دەکەین پێویستمان بە ئیشی زۆر هەیە، بەڵام ئەوەندەی یان ئەو دەرفەتەشی دراوە بەکادرەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، لە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن چ رادیۆ چ تەلەفزیۆن بەپێی توانای خۆیان ئیشیان کردووە. بەرنامەشیان پێشکەش کردووە بەرنامەیەکی زۆریش پێشکەش دەکەن وئەوەش ئەگەر برادەران بیانەوێت ئەتوانین یەکە یەکە بەرنامەکان باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، کاکە ئەحمەد ئەگەر چ بەدواداچوونێکی هەیە؟ فەرموو کاک ئەحمەد..

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی بەڕێزی دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوەیە، دەست پێکردنی بۆ ئەوەی بەرەو تەکنیک و سیستەمێکی نوێ بڕوات کە بتوانێ تەلەفزیۆنەکە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ و ورادیۆیەکەش بگاتە ئەو بوارەوە کە مەودایەکی فراوانی هەبێ، بەڵام ئێمە سەرنجمان لەسەر ئەوە بوو پتر هەوڵدان بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی راگەیاندن، سەلماندنی راستی حکومەتی هەرێمە و بەلایەنی ئەو برەپارەشەوە زیاتر بۆ وەزارەت ئەگەڕێتەوە ،لەبودجەکەدا هەیە، هیوادارم کە بتوانن زیاتربکەن لە ساڵی ئاینده بۆ ئەوەی ئەو ئاواتانە بێتە دی وجارێکی کە سوپاسی بەڕێزی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس کاکە ئەحمەد، مادام وایە چ بەدواداچوونێکی تر نییە، بەڵام ئێمە عادەتەن کە جەنابی وەزیر لاری نەبێت بۆ ئەوەی یەکجار لەوانەیە هەندێ برادەر پرسیارێکی هەبێ لەئەو بابەتەو کورتیش بێ زۆر باشە. تەنیا کاک جەمیل وکاک د.ئیدریس.کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زۆر سوپاسی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی دەکەم. بەپێی زانیاری ئێمە هەر وەک لە بودجەدا کارمان کردووە، وەزارەتی رۆشنبیری داوای هیچ برەپارەیەکی تری نەکردبوو، تا وەزارەتی دارایی یان لیژنەی دارایی پەرلەمان دایبەزاند بێ، وەزارەتی رۆشنبیری هەر چیەکی داوا کردبێ بۆ کڕینی ئەو کەرستانە بۆ ئەم مەبەستە بەتەواوی تصدیق کراوە، لێرەدا ئەگەر کەم وکوڕیەک هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای ژمێریاری وەزارەتی رۆشنبیری کە بەراستی پلانی خۆی یان داخوازی خۆی بۆ ئەم مەبەستە دانەناوە، ئەوە تەنها بۆ روونکردنەوە بوو ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالّح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەکەین، من وەکو ئەندام پەرلەمانێک ئەو پرسیارە دەکەم: وەکو هەنگاوی یەکەم بەکار هێنانی دەزگای گولاّن بۆ تەلەفزیۆن زۆر چاکە، بەلاّم ئەوەی کە تێبینی کراوە پەخشی ئەو دەزگایە ڕێک وپێک نییە لە زۆر شوێن بە چاکی وەرناگیرێ، بۆ نموونە ئێستا لە ناوچەی(٩٢) لەلای کولیژی ئەندازە ئەو مالاّنە هەر وەری ناگرێت، ئەگەر بکرێت ئەنتێنەکانی لایەنی تەکنیکی ئاراستە بکرێت وبۆ ئەوەی هەولێر داپۆشێ، لەهەندێ شوێن باشە لە هەندێکیش زۆر خراپە(تناسق) ی تێدا نییە ئەگەر بکرێت ئەوە چاک بکرێت بە رای من بەرنامەکان وەکو دەزگای هەرێم ئێستاکە باشن، سێ سەعات کە باسی کرد چالاکی هەموو وەزارەتەکان دەکات ئەوە شتێکی خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.ئیدریس. جەنابی وەزیر ئەگەر شتێکی هەیە لەسەر رای برادەران..

**بەڕێز فەلەکەدین سابیرکاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس تێبینیەکەی د.ئیدریس لە جێگەی خۆیایەتی بەڕاستی مەسەلەی گولاّن هی ئێمە نییە، وەکو گوتم ئێمە ئێستا خەریکین تاوەرێک لە تەلاری وەزارەتەکەمان دادەنێین، لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەوەی کە لەسەری قسەمان کردووە سەرکەوتین ئێمە لە بلندترین جێگە لەسەری رەشەوە، واتە لێرە دەیدەین بەوێ لەوێ پەخشی دەکەین، لەلایەنی تەکنیکیەوە ئەو کەم وکوریەی باسی کرد ئێمەش هەستمان پێ کردووە بۆ ئەوەی ئەی هێلّین، بەو شێوەیە دەیکەین. سەبارەت بە دانانی بودجە بەڕێز کاک جەمیل باسی کرد، راستە منیش پاش ئەوەی پێشکەش کرا من تازە هاتبووم بۆ وەزارەت پاشان هەست کرا، نە تەنیا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندنمان نییە بەڕێوەبەرایەتی تریشمان هەنە لەبەر ئەوەی پەلە کرا هەمووشی دەزگاکان لە رووی بەڕێوەبردندا هەلّوەشابۆوە، هەندێکی لە رووی مەزەندییەوەو بە بنەمای(واقع) دانەنرا بوون لەبەر ئەوە تێبینیەکەی دروستە سوپاسی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر فەلەکەدین سابیر کاکەیی، سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ پرسیارەکانیان، جارێکی تریش سوپاس .

ئێستاش دێینەوە سەر ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار، حسێن سنجاری کراوە ،جەنابی لێرەیە پێمان باشە بێتە سەر مەنەسەو

جێگای خۆی بگرێت وئەندامانی پەرلەمانیش پرسیارەکانیان بەو شێوەیەیە : ئەوانەی کە پرسیاریان کردووە، کاک ئەحمەدسالار، کاک جوهر ئەحمەدشاوازە دوو پرسیاری هەیە، وکاک یەحیا محەمەد بەرزنجی ئەویش پرسیارێکی هەیە، دێنە سەر پرسیاری یەکەم لەلایەن کاک ئەحمەد سالارەوە ئاراستەی جەنابی وەزیری شارەاونی وگەشت وگوزار کراوە .کاکە ئەحمەد فەرموو..

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزارە، سەرەتا ئەڵێین بیرۆکەیەکی گەلێک نازدار بوو کە بۆ یادی ئازیزان نەمام بچێندرێت بەتایبەتی لەکوردستانێکی رووت کراوە لە بۆنەیەکی وا ئازیزا پۆشتەی کەینەوە لەیادی سەرداری نەتەوەکەماندا، بارزانی نەمر، لەسایەی ئەو هەڵمەتە نیشتمانییە پیرۆزەی لەیادی بارزانی نەمردا بۆ نەمام چاندن بەتایبەتی لە پایتەختی هەرێمدا کرا بەداخەوە نەتواندرا پارێزگاری لێ بکرێت، بۆیە وەک بێ ئاکام بوو ئایا وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار کە بەرپرسی یەکەمینی ئەو کارەیە چ نەخشەو مەرامێکی هەبوو؟ بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار لەگەڵ هەڵمەتی نەمام چاندنەکەدا کاری بۆ پاراستن وپێ گەیاندنی نەکرد؟ سوپاس.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجومەندا ئێمە لیژنەیەکی باڵای وەزاریمان دامەزراند بوو بەڕێز وەزیری رۆشنبیری سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو کە سەرپەرشتی سەرجەم چالاکیەکانی ئەو بۆنەیە بکات، بودجەشی بۆی تەرخان کرابوو گفتوگۆش کرا، رای وەزارەتی شارەوانی زۆر روون بوو کە لەبەر مەڕوماڵات کە لەشاری بەخێوی دەکەن لەکۆڵانەو شەقامەکان دەیانگێڕن ئەوانیش دەکەونە سەر دارو درەختە زۆرەکان و ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی پۆلیسمان نییە ئەو دەسەڵاتەشمان نییە کە بچین ئەو مەڕوماڵاتە بگرین. ئێمە بە ئاشکرا لەو لیژنەیە گوتمان رامان وایە کە دارەکان نەچێندرێن لە جێگەیەک کە شوورەی نەبێ، یاخود ناتوانین بیان پارێزین، بێگومان زۆر لەو دارانە نەمان بەداخەوە کە بە پارەش کرا بوون، ئەوە تەنها بەرپرسیەتی شارەوانی نییە، چونکە ئێمە پۆلیسمان نییە، مافی سزادانیشمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک حسێن سنجاری. گەر کاک ئەحمەد بەدواداچوونێکی هەیە بابفەرموێت.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری شارەوانی لەگەڵ رێزو سوپاسمدا بۆ ئەو روونکردنەوەی بەڕێزی، بەڵام لە سەرەتاوە ئەبوو ئەو لیژنەیە رەچاوی ئەوەی بکردایە چ لایەنی ئاودێری چ پاراستنی دەستی بزێوو ئاژەڵ و

دەبوو ئەو لایەنانە لەسەرەتاوە کۆمەک کاریان بکردایە هەر یەکە بەپێی پەیوەندی بەو کارەوە چ وەزارەتی ناوخۆ چ وەزارەتەکانی تر چ لایەنی رۆشنبیری بۆ پروپاگەندەو روونکردنەوەو هۆشیاری بۆ ئەو بابەتە، جگە لەوە ئێمە لە نەخشەی شاری هەولێرو بەتایبەتی گەڕەکەکاندا دەستنیشانی ناوچە باخچەییەکان کراوە دەتواندرا بەلایەنی کەمەوە باخچەی چەن گەڕەکێک کە خۆی بەپێی ئەو سەردەمانەی پێشوو بۆتە کەلاوەو وێرانە ئاوەدان بکرایەتەوەو سەوز بکرایە، بکرابا بە باخچە، رەنگە زیاتر بتواندرایە پارێزگاری بکرابا. ئەو کاتە پەرژینێکی ئەبوو، پاسەوانی وئاودێریشی ئەبوو وهەر لایە بە ئەرکی خۆی هەڵئەستا. لەگەڵ رێزو سوپاس بۆ بەڕێزی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاکە ئەحمەد، کاک حسێن ئەگەر چ بەدواداچوونێکی هەبێ..

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، هیچ تێبینیم نییە تەنها لەو لیژنە بالایە من ئەندام بووم، ئێمە بە ئاشکرا داوامان کرد کە ئەو مەڕو مالاتانە دوور بخرێنەوە، بەلام وەکو گوتم دەسەلاتمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مۆڵەتم بدەن، با پرسیارەکان تەواو بێت ئەو ساکە پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەن ئەگەر کاتی هەبێ بۆ پرسیاری زارەکی، جارێ ئەوەی رەسمی تەواو دەکەین، پرسیاری دووەم کاک جوهر ئەحمدشاواز بابفەرمێ.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکەی من دەربارەی پاک وخاوێنی شارەکانە بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی. تەبعەن یەکەم شت ئەرکی هاوولاتیانە کە یارمەتی شارەوانی بدەن بۆ پاک وخاوێنی ناو شار ئەو پیسیە کە لەبەر دەرگای مالیان دایە، لەکۆلانەکەیان دایە کۆ ئەبێتەوە بیخەنە شوێنە تایبەتیەکان و ئەرکی شارەوانیشە کە بتوانێ ئەو پیسیە کۆ ئەکرێتەوە لەحاویەکە لەو حاویانەکە دابەش کران، لەگەڕەکەکان یان ئەو حاویانە کە تێکچوونە چاکی بکەن یان حاویە بخەنە ئەو شوێنانە کە حاویەیان نییە، هەروەها ئەو سەیارەو ئامێرانەی شارەوانی هەیە بە زۆری ئەو ئامێرانە تێکچوونە یان تایەیان نییە وهەروەها زۆر ئاو وپیسی لە کۆلانەکاندا تێپەڕ ئەبێت، چونکە زۆر ئاوەڕۆیەکان گیراون بۆتە هۆی بۆ گەنییەک وپیسییەک بەتایبەتی ئێستا هاوینە، ئایا وەزارەتی شارەوانی کاتی خۆی هەڵمەتێکی کرد بەڕاستی ئێمە دەست خۆشانەی لێ ئەکەین کە ناو شاری هەولێریان پاک کرد چەن هەزار تەنێ پیسیان خستە دەرەوەی شار. ئێستا هەندێ پیسی کۆبۆتەوە شارەوانی هیچ هەڵمەتێ یان پرۆژەیەکی هەیە بۆ پاککردنی شاری هەولێر؟ دووەم پرسیارمان ئەوەیە وەکو

بیستوومانە لە شوێنان هەیە بۆ نموونە پاککردنی شاران، شوێنان ئەدرێتە قۆنتەراتچی، ئایا شارەوانی هیچ بیرێکی لەوە کردۆتەوە هەندی شوێن یا هەندی بەش لە هەولێر دابەش بکاتە سەر قۆنتەراتچی بۆ پاکردنەوەی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکە. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە کە پاک وخاوێنی مەسەلەیەکی کەلتوورییە وپێغەمبەر ئەفەرموێت(النظافة من الایمان) الایمان لە ضمنی کەلتوورە، واتە گرێ دراوە بە کەلتووری خەڵک وکەسانیش، خەڵک بێگومان زۆر غەمگین ئەبێ کە ئەبینێ پایتەختی هەرێم پاک وخاوێن نییە. لە وەزارەتی شارەوانی دروشمێکمان هەیە ئەڵێ(تحسین الاداء الاداري والخدمي والمالي) بەپێی کارگوزاری بە سەرژمێری لە هەندێ جێگا لە(٦٠٪)باشتربووە لە جارانی پێش ئەوەی کە کابینەی سێهەم دەستی بەکار بێ لە بارەی ئاو وپاک کردنەوەی جادەکان و کۆکردنەوەی پیسایەتی لەمالان، بەڵام بێگومان ئەمە کارێکی یەک رۆژو دوو رۆژ نییە ئەبێ پرۆگرامی هەبێت بە بەردەوامی بێ وەکو چۆن گوتم مەسەلەیەکی کەلتوورییە، واتە چی بکەی کە جادەیەک کە بۆ نموونە کارمەندانمان بچن پاکی بکەن، ئینجا دووبارە خەڵک بچن هەر پیسایەتی فرێ بدەنە سەری؟ ئێمە بەرمیلمان هێناوە لەناو جادەکان دامانناوە، چوونە بەرمیلەکانیان دزیوە یاخود بەرمیلمان داناوە لەسەر چەن جادەی دیکە، بەشەو ئێمە پاک وخاوێنیان کردوونە بە رۆژ منداڵان شەقیان تێ هەڵداوە هەموو زبڵەکەیان فرێ داوەتە وێ، ئێمەش هەموو کاتێ کرێکار ناچن بۆ لابردنی. ئۆتومبیلەکان لەکاتی داندراودا زبڵەکان خڕ دەکەنەوە فرێ ئەدرێ.

دەربارەی پرسیارەکە بە روون وئاشکرایی ودیاریکراوە، ئایا شارەوانی هەڵمەتێکی پاک وخاوێنی هەیە؟ بەڵێ ئێمە بریارمان دابوو لە دەوری ٧/٥ بۆ حەفتەیەک لە سەرتاسەری هەرێمدا هەڵمەتێکی پاکسازی پاک وخاوێنی دەست پێ بکەین ئەویش بۆ چی لەو کاتە؟ تاکو پشووی زانکۆو قوتابخانەکان دەست پێ ئەکات لە سەرانسەری هەرێم دەبێتە هەڵمەتێک هەموو وەزارەت بەشدار ببێت هەموو خەڵک بەشدار ببێت، هەموو دەزگاکان هەموو کەس بەشدار ببێت ولیژنەشمان پێکهێناوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز بریکاری وەزارەت و نوێنەری گشت وەزارەتەکانی تێدا بێ بەلای کەمەوە ئەبێ نوێنەری تێدا بێ، بەلای کەمەوە ئەبێ بەڕێوەبەری گشتی بێت و هەتاکو لە سەرانسەری هەرێمدا ئەوجا دەستی پێ بکەین، بەداخەوە ئێستا ناچار بووین دوای بخەین لەبەر نەبوونی کەرستەکان، کەرستەکانمان زۆربەی هەرە زۆری کۆنە ئەگەر هەمووشی نەبێ مۆدیلەکانی ساڵەکانی هەشتایە تا(٨٢)لە شەری عێراق وئێراندا بەشداریان کردووە لە بۆ شەری کورد، کوردیان بەکار هێناوە زۆریان پەک کەوتوون پێویستیان بە چاککردنەوەیە، پێش حەفتەیەک

مەسەلەن یاخود نزیکەی(١٠)رۆژێک زانیوومانە یەکێک لە ئالیاتی خۆمان تایەک لە تایەکانی(٢٦)جار پەنچەر بووە، جا ئەوە چ کەڵکی دەمێنێ؟ بێگومان ئەزانن باش ئاگادارن کە چاککردنەوەی ئالیات تێچوونی زۆری دەوێت. ئەم بەیانیە پێش بێم بۆ خزمەتی جەنابتان من نووسراوێکم ئیمزا کردووە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی بفەرموێ بۆ چاککردنەوەی لیستەیەک لە ئالیات کە زیاتر لەسێ ملیۆن ونیو دیناری دەوێت، ئەوەشمان کردۆتە سێ لیست، لیستەیەک بە ئالیاتی کە ئەبێ ئێستا چاکی بکەینەوە، لیستەی دووەم بەو ئالیاتەی کە دەکرێ لە قۆناغی دووەم چاک بکرێتەوە، واتە زۆر زۆر پێویست نییە، وهەروەها لیستەیەکی تریش کە دەکرێ کە سەبری لەسەر بگیرێ، چەن مانگێک تا دوو سێ مانگی تریش ئەتوانێ چاوەڕوانی بکەین باشە ئەوە هەمووی پارەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام ئاگاداری بەڕێزتان ئەکەمەوە لە رۆژێکی نزیکدا رەنگە ئەو ئامێرە پەک کەوتووانە چاک بکەینەوە وبێگومان ئێوەش دەزانن کە بەبێ ئالیات شار پاک وخاوێن نابێ خۆ ئێمە لەچەرخە کۆنەکان ناژین تا وەکو بە دەست ئەم ئیشانە بکەین و. شارەکانیش گەورە بوونە ئەگەر جاران یەک شار بوو ئێستا چەندان شارن وگەورەن، پێویستی بە ئالیاتێکی زۆر دەبێ، بێ ئالیات پاک وخاوێن کردنیان ناکرێ، ئێمە هەر وەکو وتم بریارمان دابوو لە سەرەتای حەفتەی یەکەمی مانگی(٧) بە هەڵمەتێکی گشتی هەستین. بەڵام دوامان خست رەنگە بیکەین بە سەرەتای مانگی (١٠) تا وەکو قوتابییانی زانکۆکان بەشدار بن. ئەمە وەڵامی پرسیاری یەکەم بوو.

دووەم کە ئایا بە قۆنتەراتەو. سوود لە کەرتی تایبەتی وەرگرین سوود لە سەرمایە دارەکانمان بکەین؟ گومان نییە ئێمە سەرمایە دارەکانمان هان دەدەین بۆ بەرهەم وەدەست هێنان، زۆر جار گوتوومانە ئەگەر حکومەت نەی توانی بێ ئیشێک بکات ئەبێ ئاسانکاری بۆ سەرمایە داران بکات بێن ئەو ئیشە جێبەجێ بکەن، چونکە ئێمە دەوڵەتێکی نەوتی نین بتوانین هەموو شتێ بە پارەکەی بکرین وبکەین ئەبێ هاندانەکەشمان بۆ سەرمایە دارانی تایبەتی بێ لەوانەیە بە قۆنتەرات پیسایەتی کۆ بکەین لە مالان. ئیمرۆ ئەم بەیانیە لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر رامان گەیاند ئەم ئیشەیان کردووە وزۆر پێمان خۆشە ئەو خەڵکانەی کە سەرمایەیان هەیە بێن بفەرموون بۆ بەشداری کردن لە پاک کردنەوەی شارەکەی خۆیان وبەشدار بن لەگەڵ حکومەتدا کە بەم ئیشە گرنگە هەستین. ئەوەی پەیوەستە بە شارەوانی، ئێمەش لە وەزارەت هەموو جۆرە ئاسانکاریەکیان پێشکەش دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر. کاک جوهر ئەگەر چ بەدواداچوونێکی هەیە.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەوەی هەڵمەتەکە بە چارەسەرێکی کاتی دەزانم ئەگەر شارەوانی بیر لە چارەسەری بەردەوامی

بکاتەوە بۆ پاک کردنی ناو شار وەکو حاویات دابەشێتەوە لە گەڕەکەکانی کە حاویەیان نییە بۆیان دانێ یان دروست بکرێ، تێکچووەکانیش چاک بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە پیسی تێ بکات نەک هەر کەسێ بە ویستی خۆی بیسی فڕێ بدات و، دوا بەدوای ئەوەش هەر دوو ڕۆژ جارێ یان سێ ڕۆژ جارێ ئەو پیسییە کۆبکرێتەوە وەفڕێ بدرێتە دەرەوەی شار. هەروەها ئێستا لە هولێردا کارخانەی کیسەی نایلۆن هەیە شارەوانی ئەتوانێ لەگەڵ ئەو کارگەیە رێ بکەوێت بە نرخێکی گونجاو کیسە دابەشێتەوە سەر ماڵەکان دوای ئەوە پێویست ناکات ناوە ناو زبڵ کۆببێتەوە وچەند هەزار تەنێ لە ناو شار هەڵمەتی بۆ بکرێ ئەگەر کرداری بەردەوامی بێت وگونجاو بێت. شارەوانی ستافێکی زۆری هەیە، کرێکاری هەیە، چاودێریشی هەیە، چاودێری ماڵەکان بکات چاودێری ئەو شوێنانە بکات کە زبڵی لێ کۆ ئەبێتەوە ئیشەکە بەباشی ئەڕوات، هەروەها لەسەر ئاوەڕۆش ئەوە پێویستە، چونکە زۆر ئاوەڕۆش هەیە لە ناو هەولێر بۆرییەکان گیراون وئەویش لەسەر وەزارەتی شاوەوانیە چاودێری ئەو ئیشە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک حسێن چ بەدواداچوونێکی هەیە.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسائیلانە هەمووی راستە، هەمووشی هەوڵ ئەدەین جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بەکیسی نایلۆن ئێمە فعلا ئەمە(١٠) رۆژ دەبێ بەڵێننامەیەکمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی کیسی نایلۆن مۆر کردووە، کە کیسی نایلۆنیان بەرهەم هێناوە تاکو بە دابەشێنەوەی سەر ماڵان هەڵبستێ. لە بارەی ئاوەڕۆی هەولێر، ئێمە ئەو توانایەمان نییە ئاوەڕۆ دروست بکەین، بەڵام بڕیار وایە کە بخرێتە سەر بودجەی بڕیاری(٩٨٦)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک جوهر شاواز پرسیارێکی تری هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی دووەم لەسەر گەشت وگوزارە. کوردستان خوا پێی بەخشیوە ئاوو هەوایەکی پاک و وشوێنەکی چاکە بۆ گەشت وگوزار، زۆر شوێنمان هەیە گەشت وگوزار (منشآت) ی تێدایە ئەو هەندێکیان بێ کەڵک بووە یان بۆ کاری تر ئیستغلال کراینە، کاتی خۆی پێشی راپەڕین حکومەتی عێراق زۆر شوێنی داوە خەڵکان بیکەنە شوێنی گەشت وگوزار وتا ئێستا بە نیوەچڵ ماوەتەوە، ئێستا وەکو ئێمە هەست دەکەین خەڵکی کوردستان زۆر حەز لەوە ئەکەن بچنە گەشت وگوزار ئەگەر ئەو شوێنانە رێک وپێک بێت، چونکە ئێستا ئەمن وئاسایش لە هەرێم بەر قەرارە. هەروەها حاڵەتی دارایی خەڵکان چاک بووە پرسیارەکەم ئەوەیە: ئایا وەزارەتی شارەوانی وگەشت

وگـوزار چ هەنگاوێکی هەیە بۆ بوژانەوەی جێگەی هاوینە هەوارەکـان لە کـوردسـتـان بۆ ئەوەی هاوولاتییان بڕۆنە ناوی بەخۆشی وبەکامەرانی کاتی لێ ببەنە سەر؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. جەنابی وەزیر با بفەرموێ.

**بەڕێز حـسـێن سنجـاری/وەزیری شـارەوانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بابەتی گەشتیـاری پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە ئاسایی بوونی بارودۆخەوە. چەک هەبێت خەڵک چۆن گەشت بکات، شەڕ هەبێ چۆن خەڵک گەشت بکات؟ هەروەها بابەتەکە پەیوەستە بەگیرفان، ئەگەر گیرفانی خەڵک کەمی تێدا بێ یاخود تەنها بەشی نانەکە بکا وبەشی پیلاوی منداڵەکان بکا چۆن گەشت بکات؟ سوپاس

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر. فەرموو کاک جوهر.

**بەڕێـز جـوهـر ئـەحـمـەد شـاواز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار چ هەنگاوێکی هەیە بۆ بوژاندنەوەی هاوینەهەوارەکان؟

**بەڕێز حـسـێن سنجـاری/وەزیری شـارەوانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

زاندراوە کە پێش شەڕی کەنداو (نەوعا ما) گەشت وگوزار هەبووە و خەڵکیش تەنها گەشتی لە ناوخۆیی هەبوو، هاوولاتیـانی براو خوشک و عـەربیش ئەهاتن بۆ ولاتمان بۆ گـەشت، هەروەها لە ولاتانی عـەربی کەنداویش هەندێکیان دەهاتن، بەلام ئێستا ئەو توانایانە نییە هاوولاتیەکان و خوشک و برا عەرەب لە شارەکانی تر ناتوانن بێن هەتاکو لە شارەکانی خۆمانیش رەنگە ئەوەندە هاتوچۆ نەبێ، خۆتان ئەزانن بارودۆخ چۆنە. بێجگە لەوە بابەتی گیرفانە، چەند لەگیرفاندا هەیە؟ ئەگـەر نا شتێکی چەند باشە کە یەکێک دڵخۆش بێ و گـیرفـانیش پڕ بێ نەک بۆش بێ بچن گـەشت بکەن بێـجگە لەمـە هەمـووتان باش ئاگـادارن کـە کـەل وپەلی هاوینەهەوارەکـان چی لێ هاتووە، واتە ئەمە بابەتێکە بەدەرە لە بەڕێوەبردنی وەزارەت، ئەوەی پێمـان کراوە شتی بچکۆڵەن، شتی گـەورەمـان پێ ناکرێ ئەوەی پێمان دەکرێ هەوڵ دەدەین بیکەین، بۆ نموونە چەند شوێنێکی گەشتیاری لە قەلای هەولێر کە ئێمە چاکسازیمان کردەوە چوار خانوومان لەقەلای هەولێر، هەروەها دوێنێ جـەنابی سـەرۆک وەزیران فـەرمووی رەزامـەندی کردووە لەسەر داواکـاریەکەی وەزارەت کـە چاکـسـازی کـردنی (Rest house) ڕێست هاوسی کە جاران ئنگلیز دروستی کردبوو ڕێست هاوسێکی جوان و قەشەنگە زەمانی ئیستعماریيە معماریەکەشی جوانە لەم چەند رۆژانە دەست بە

چاكسازی دەكەین. كێشەیەكی دەستەی گشتی گەشتیاری هەیە كە پەیڕەوی ناوخۆیان هێشتا بە تەواوەتی تەواو نەبووە لەبەر ئەوەی هەندێ هاودژی كە هەیە لە نێوان دەستەی گشتی گەشت و گوزارو شارەوانیدا. شارەوانی ئەڵێ ئەو كەلوپەلانە هێشتا سەر بە شارەوانین، لیژنەیەكمان داناوە لە وەزارەت كە لەم گرفتە بكۆڵێتەوەو چارەسەری ئەو جیاوازیانەی نێوانیان بكەین. داوا لە جەنابتان دەكەین كە هەوڵمان لەگەڵ بدەن بۆ ئەوەی لەم گرفتە رزگار بێ بە گشتی ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار چۆن شارەوانین ئەوهاش گەشت وگوزارین، بەشی گەشت و گوزارمان بەڕاستی چالاك نیيە، لەبەر چەند هۆیەك كە بەدەرە لە ئیرادەی ئێمە، ئەوەی پەیوەستە بە ئێمەوە جێبەجێ دەكەین، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. كاك جوهر ئەگەر بەدواداچوونێكی هەیە.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی وەڵام نەداوە، هەندێك پرۆژەی گەشتیاری هەیە كاتی خۆی دەستیان پێ كردووە ئێستا نیوەچڵ ماوە. ئایا وەزارەت هەوڵی نەداوە بكەوێتە گەڕو تەواوی بكەن تا سوودی لێ وەربگیرێ؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ نموونە؟

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئوتێل هەیە، بۆ نموونە هەولێر چەند ئوتێل و شتی هەیە، لە شەقلاوە چەند باڵەخانەم بینیووە بە نیوەچڵ ماوە تەواو نەبووە یان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین حەتمەن لە شوێنەكانی تریش ئەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك حسێن.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە وەزارەت پێشخستن وپاشخستن هەیە، هەتاكو بابەتی ئاو وبابەتی ئاوی خواردنەوە وبابەتی قیرتاو كردنی رێگاوبان هەبێ، ئێمە پارە تەرخان ناكەین بۆ پرۆژەی گەشت و گوزار، پێشخستن هەیە سەرپشكیش هەیە، ئێمە بەپێی سەرپشكی وپێشخستن كامەیان گرنگترە بۆ خەڵك ئێمە ئەوە جێبەجێ ئەكەین ئەوە یەك. دووەم هەندێ پرۆژە باس ئەكەن و هەیە زۆرە، ئێمە بەڵێ داوامان كردووە، رامان گەیاندووە لەسەر خەڵكی فەرموون با وەكو چۆن لەسەرەتا باسم كرد كە ئێمە هانی سەرمایە دارە تایبەتیەكان ئەدەین، هانی ئیستثمارات دەدەین ئێمە ئاسانكاریشیان بۆ ئەكەین،

ئێستا ئەو پارەیە تەرخان کراوە بۆ هەندێ شوێن، یان بۆ چاککردنەوە لەبەر ئەوە کە پاش وپێشمان هەیە، پێویستیەکانی خەڵک و هاووڵاتیان زانراوە چین، بۆ نموونە ئوتێلی شیراتۆن لە دهۆک هەیە رەنگە (٣٠) میلیۆن دینارێکی تێدا بچێ ناتوانین ئەوەیان چاک بکەینەوە چونکە ئەو پارەیەمان نییە، بەڵام ئەگەر خەڵکی دەیانەوێ بەشداری بکەن لە چاککردنەوەی وەکو کۆمپانیای هاریکاری (ئەسهوم) بێ زۆر پێمان خۆشە پێ خۆشحاڵ ئەبین ئێمە یارمەتیان ئەدەین هەموو جۆرە ئاسانکارییان بۆ ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دوا پرسیار کاک شێخ یەحیا بەرزنجی پرسیارێکی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم پەیوەندی بەژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە. بەڕاستی ئەوە لە یاد نەکەین کە حکومەتی هەرێم چ وەکو وەزارەتی پیشەسازی و وزە چ وەکو شارەوانی هەوڵێکی باشیان دا لەو ماوەیەی کە ئاو نەبوو توانیان تەضحیە بدەن بەکارەبا بۆ ئەوەی ئاو بە رێکو پێکی دابەش بکەن بەسەر گەڕەکەکانی هەولێردا، کارێک باشیان کردووە جەماوەریش دەستەخۆشی ئەم هەنگاوەیان دەکا، بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەندێک گەڕەک و شوێنی ناو شاری هەولێر هەیە کە ئاوەکانیان بەڕاستی پیسە، بۆریەکان کە ئەکرێتەوە هەندێ جار نەک هەموو جار قووڕاوی رووتیان بۆ ئەچێ یان ئاوەکە بۆنی دێت. پرسیارمان ئەوەیە بۆ رێزدار وەزیری شارەوانی: چ هەوڵێکیان داوە، هەنگاویان چییە بۆ چاک کردنەوەی ئەو بۆریانە یان ئەو ئاوەڕۆیانە بۆ پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان لە هەولێر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ یەحیا، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتێکدا کە کارەبایان بڕیبوو لەسەر هەولێر، توانیمان چارەی ئەو گرفتە بکەین، ئاوی پاکی خواردەنەوە دابین بکەین بۆ دانیشتوانی هەولێر، من لێرەدا بە ئەرکی خۆم ئەزانم سوپاسێکی زۆر پێشکەش بە جەنابی وەزیری پشەسازی و وزە بکەم بۆ ئەو یارمەتیەو هاوکاریە و ئەو هەماهەنگی کردنە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بۆ خزمەتی خەڵک، بابەتی ئاوی خواردنەوە لە هەولێر ئەوە بابەتێکی زۆر کۆنە. وەکو دەزانین ئاوی هەولێر لە دوو سەرچاوە دێت: لە ئیفرازەوە، لە بیرەکانەوە، نزیکەی دوو سەد بیرێکمان هەیە، ئەوەی ئیفراز هەموو جار پێویستی بە خاوێن کردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ماڵان، ئەو ئاوە ببێتە(میاه صالحة للشرب) هی بیر ئاوێکی باشە پاک وخاوێنە، بەڵام پێویستی بە مامەڵە کردن هەیە، ئێستا تەقریبەن گرفتی ئاوی هەولێر چارە

کراوە، بەڵام زیادڕۆیی هەیە، کێشە هەیە ئەو کێشانە لە کۆمەڵێک هۆکار هاتووە، بۆڕیەکان کۆنن، زیادڕۆیی هەیە هەروەها لەلای خۆمانەوەش پەزێراییان بەشێوەی پێویست نییە، بە بەردەوام ئێمە خەریکی ئەم بابەتانەین هیواشمان وایە کە هاوولاتیان یارمەتیمان بدەن کە زیادڕۆیی نەکەن وهەروەها ئاگاداری شارەوانی بکەن کە بینیان بۆ نموونە بۆڕییەک لە جێگایەکەوە شکاوە ئاو دەرئەدا ئاگادارمان بکەن تاکو تیمی چاککردنەوە بنێرین وچاکی بکەنەوە.

لێرەشدا باش ئەزانن کە ئەچن بۆڕییەک چاک بکەن ئەبێ ئەرزەکە بکۆڵن دیسان تووشی گرفتێکی تر ئەبین، جادەکە دەکۆڵدرێ وقیرپشمان نییە یان دووبارە قیری بکەین گرفتەکان بە یەکتری بەستراون وئاسانیش نییە ئەوەی راستی بێت. بابەتی هۆکاری بۆڕییەکان کە زۆربەیان کۆن بوونە وئاو دەرئەدەن، من کە لە لەندەن بووم لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا باسی ئەم بابەتانەی گشتیمان کرد ولەگەڵ رێکخراوی(O.D.A) کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەیە، وەزارەتی یارمەتی دەرەوە وەکو یارمەتیدانی جیهانی سێ وشتی وا ئامێرێکی پێشکەش کردم وئامێرەکەیان ناردە ئێرە لە لەندەنەوە لەگەڵ ئەندازیاری خۆیان ئامێرەکە وەکو ئامێری نۆڕینی دڵە، ئامێرێکی بیستەرە، سەماعەی پێوەیە کە لەسەر بۆڕی رێگا داندرا بە سەماعەکە ئەزاندری لە کوێ ئاو دەر ئەداو. لەکوێ کەم وکوڕی هەیە؟ ئێمە ئەوەشمان بەکار هێناوە لەو ئامێرە هەستیارە یەک دانەیان ناردبوو ئامێرێکی سەرەتایی نارد ووتیان دەتوانن لێرەش دروستی بکەین، خۆش بەختانە من ناردم بۆ پیشەسازییەکانی خۆمان لە وەزارەت، چەند دانەیەکیان لە( Made in Britain) مانای دەستکردنی بەریتانیان لە هی وان باشتریشیان دروست کرد، لەو هەستیارتر، لەبەر ئەوەی بە رۆژ ناتوانین ئەو ئامێرە بەکار بهێنین لەبەر دەنگی سەیارەو دەنگی دەوروبەر. جا ئەبێ نیوە شەو بەکاری بێنن، جارو بار ئەچن فەحصی پێ ئەکەن و سوودی لێ ئەکەین، بەهۆی ئەوەش توانیومانە چەند بۆڕیەک وچەند جێگایەک کەشف بکەین. بێگومان ئەمە گرفتێکی گرنگە بۆ پیس بوونی ئاوەکە ئەگەر بۆڕیەک کۆن بوو لە جێگایەک ئەوە ئاوی پیسیش ئەچێتە ناوی، لە بابەتی پاکسازی کردنی ئاویش هەندێ رێکخراو هەنە هەموو جار یارمەتیمان ئەدەن و هەروەها لەچوارچێوەی پرۆژەکانی بریاری(٩٨٦) دیسان تێدایە کە یارمەتی وەزارەت بدرێ چ بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە یاخود بۆ پەزێرایی وبەگشتی ئەم شتانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر. کاک شێخ یەحیا بەدواداچوونێکی هەیە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی وەڵامەکانی ئەکەین. ئەوەی سەرنج رائەکێشێت باوەڕ ناکەم بەو گرانیە، بەو زەحمەتە بێ. بۆ نموونە خەم خواردنی ئاوی گەڕەکێکە کارەبای گەڕەکێک ئاوی پاک پەیوەندی بە ژیان ومنداڵ وگەورەی ماڵەکان وگەڕەکەکانمانەوەیە. هەندێ گەڕەک هەیە کە بۆنی لێ دێت ئاوەکەیان

ناخورێتەوە خەمی ئاو خواردنیان زۆرە ئەگەر ئەو ئاوە بخۆن نەخۆش دەبن تکامان وایە تۆزێ زیاتر بایەخ بدەن بەو لایەنەوتۆزێ هەنگاوەکانیان پەلەتر بێ وگەڕەکەکانیش زۆر ئاشکرانە، چەند فەرعێک لە ئازادی، چەند فەرعێک لە سەیداوە وچەند شوێنێک لەگەڕەکی عەسکەری ئەوە حالیەتی. جگە لەمەش حالەتێکی تر هەیە حەز ئەکەم لەیاد نەچێت، هەندێ گەڕەک هەیە سێ رۆژ جارێک ئاویان بۆ دەچێت و گەڕەکی مەلایان لە سێ رۆژ جارێک ئاوەکەیان بۆ ئەکرێتەوە جگە لەم سێ رۆژە رەنگە نەیان دەنێ جا ئەگەر ئاوەکەشیان ئاوی پیس بێ ئەوە خراپترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ یەحیا. جەنابی وەزیر ئەگەر چ بەدواداچوونی هەیە فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش سێ هەفتە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکان کرد کە گرفتی ئاو، واتە دابین کردنی ئاوی خواردنەوە جێبەجێ بکەین ومن بە راشکاوی ئەڵێم لەماوەیەکی کورتدا ئەم کێشەیە بە تەواوەتی چارە ئەکرێ. سوپاسی ئەو بایەخ پێدانە ئەکەم لەبەر ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگەو لەبەر گرنگی ئەوەش نووسراوێکمان دەربارەی ئاوی هەولێر بۆیان ناردووە، رەنگە جەنابتان ئەو نووسراوەتان دیوە و بەردەوامی ئێمە ئەو چاودێریە ئەکەین. بێگومان کەم وکورتی هەیە وئێمە بەڵێنمان داوە لەسەر ئەوەی کە ئەم کەم وکورتیانە نەهێڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، پرسیارەکان کە ئاراستەی جەنابی وەزیر کرابوون تەواو، ئێمە سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەو بەدواداچوونەو ئەو پرسیارانە ومداخەلاتانەیان، و سوپاسی بەڕێزان جەنابی وەزیری رۆشنبیری جارێکی تر وجەنابی وەزیری شارەوانی دەکەین بۆ ئامادەبوونیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی تێرو تەسەڵ.، سێ پرسیاری ترمان بۆ سەرۆکایەتی هاتووە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بنێرین بۆ وەزیرانی پەیوەندیدار. یەکێکیان بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، دەربارەی توانایان چییە وەکو وەزارەت بۆ پەیوەندی لەنێوان هەرێم و دەرەوە، مەبەستی تەلەفۆناتە، چی کراوە لەم بارەیەوە؟ پرسیارەکەی ئەوەیە. پرسیاری دووەمی کاک حسێن عەلی کەمال دەربارەی ئەو پرۆژانەیە بەتایبەتی هەندێک کە کراوە لەکابینەکانی تر گەیشتە کوێوە ئایا جەدوایەکی ئابووری هەبووە یان لەسەر تۆژینەوەیەکی ئابووری بووە؟ پرسیاری ئەویش لە بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە بەتایبەتی لەسەر بابەتی پاککردنەوەی نەوتی شیواشۆک، پرسیاری سێیەم هەم دیسان لەلایەن بەڕێز حسێن عەلی کەمال بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێریە دەربارەی ئەو کۆگایانەی کە کەرستەی یەدەگیان تێدا بووە، ئەپرسێ چارەنووسی ئەو کۆگایانە چی لێ هاتووە؟ ئێمە هەر سێ پرسیار ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بەپێی یاسا ئەوانیش ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار دەکەن هەر

کاتێک وەڵامان بۆ هاتەوە لەکاتی ماوەی یاساییدا بەتەئکید ئێمە ئاگاداری ئێوەی بەڕێزی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئامادە بن لەو گفتوگۆیەدا.
بۆ ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان تەواو بوو، سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین. بۆ سبەی تکامان وایە سبەی پێش سەعات (٩٫٣٠)دانیشتنێکمان هەیە دانیشتنەکەش تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوەو گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ کە وەکو لیژنەیەک راپۆرتێکی هەمە چەشنەی ئامادە کردووە دەربارەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ودیدو بۆچوونی ئەوان وجەنابی وەزیری ناوخۆ ئامادە ئەبێت بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئەو راپۆرتە بکرێت، لە سەعات(٩٫٣٠) ئامادە ئەبێت بۆیە داوا دەکەین لەگشت ئەندامانی پەرلەمان کە پێش سەعات(٩٫٣٠)لێرەبن چونکە کاتەکە دیاریکراوە ودوایی ئەویش وەکو وەزیری ناوخۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەیە ئەبێ ئاگامان لەکاتەکە بێت، وا بەرنامەمان کردووە بۆیە ئەندامانی پەرلەمان پێویستە پێش سەعات(٩٫٣٠)لێرەبن بۆ ئەوەی رێک لە(٩٫٣٠)دانیشتنەکەمان بکەین، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم ئەو پرسیارەی ئاراستەی من کرا دەتوانم وەڵامی بدەمەوە یان بۆ دانیشتنێکی ترە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ دانیشتنێکی ترە، سوپاس. کاک دکتۆر ئیدریس زۆر بە دەنگەوە هاتووە سوپاسی دەکەین، ئەینێرین بۆتان بەپێی دەستوور پاشان وەڵامەکەی بە رێک وپێکی بدرێتەوە، وای بۆ دەچم پێویستی بە سەرژمێری وژمارەوە هەبێت ولە بەرنامەی کاری ئەمڕۆشماندا نییە، ئەمە هەموو جارێک کە ئەندامانی پەرلەمان پرسیار دەکەن ئێمە لەپێشەکی دانیشتنەکەدا پرسیارەکان ئەخوێنینەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداربن کە پرسیارەکەیان ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکرێن. بۆ ئەمڕۆ سوپاستان ئەکەین، سبەی لێرە یەکتری ئەبینینەوە، سوپاس. دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو..

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

**چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢٥**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢٥

**کاتژمێر (٣٠ر١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە(١١)ی ئاسایی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجوومەن رادەی یاسایی کۆبوونەوەیان چەسپاند ئامادەبووان (٥٤) ئەندام بوون و بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٧) ئەندام. ئەم بەڕێزانە ئامادە نەبوون:**

**بەرنامەی کار:**

*** گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ، بە ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ناوخۆ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمرۆمان ١٩٩٧/٦/٢٥ بریتیە لەیەک خاڵ، ئەویش گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاک فازڵ میرانی. لیژنەی ناوخۆ ئەگەر تەشریف بێنە ئێرە، لیژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتەکەی ئەخوێنێتەوە و ئەچنە جێگەی خۆیان. جەنابی وەزیری ناوخۆ تەشریف دێنێتە سەر مەنەسە بۆ ئەوەی وەڵامییان بداتەوە یان خاڵەکانی ڕاپۆرتەکە روون بکاتەوە، پاشان لیژنەی ناوخۆ موداخەلەی دەبێ دواتر جەنابی وەزیریش موداخەلەی تری دەبێ، کاتەکەشی تەرخان کرابوو بە سەعات و نیوێک، بەڵام بەداخەوە وا نزیکەی سەعاتێکی ڕۆیشت هەرچەندە ئێمە چەند جار دووپاتی دەکەینەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، تکایە ڕەچاوی کات بکەن، دوێنێش وتمان سەعات (٣٠ر٩) لێرە ئامادەبن، بەڵام هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان سەعات (١٠)ش نەگەیشتبوونە ئێرە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان لە هەندێ دانیشتن (٥-٦)دەقیقە دوابکەوێ قەیناکە بەڵام کە دانیشتنێک کاتی دیاریکرا، وەزیر دەستی لە کاری خۆی هەڵگرتووەو هاتووە بۆ ئێرە کاتەکەمان بۆ دیاری کردووە، بەتایبەتی ئەمرۆش کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران سەعات (١١)دەست پێ دەکات، باشتر وابوو ڕەچاوی ئەمە کرابا کە وتمان پێش وەخت، پێش وەخت باشترە، واتە بەرنامەی خۆیان وا دابنێن، کەچی تر با دوا نەکەوین، ئێستا ئێمە لەو سەعاتە لەوانەیە زۆر شتمان کردبا، لیژنەی ناوخۆ با بفەرموێ ڕاپۆرتەکەیان

بخوێنێتەوە، برادەرانی وەزیری تر ئەگەر ئیشیان هەیە ئازادن، سوپاسیان دەکەین ئەگەر حەزیش دەکەن ئامادەبن ئەوە بۆ خۆیان بەجێ ماوە، فەرمو کاک محەمەد سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقرة

م/ محضر الاجتماع الشهري (نيسان)

اشارة الى توجيهاتكم المؤرخة في ١١/٣/١٩٩٧ والحاقاً بتقريرنا المرقم «١» في ٢٩/١/١٩٩٧حول نشاطات اللجان البرلمانية بدءاً من الدورة البرلمانية الحالية و لحد اليوم. فقد عقدنا سلسلة من الاجتماعات وكذلك قمنا بزيارة وزارة الداخلية و بعد المداولة مع السيد الوزير والمدير العام والمستشار القانوني للوزارة حول المهام والواجبات الملقاة على عاتق الوزارة بشأن تطبيق القوانين الواجب تنفيذها ومراقبة تنفيذها من قبلها وبعد دراسة المنهاج الوزاري للكابينة الثالثة التي أولاها البرلمان ثقتها وخاصة ما يتعلق منها بالشؤون الادارية وحماية الأمن والاستقرار والممتلكات العامة والخاصة وبعد توجيه مجموعة من الاسئلة حول مجمل تلك النشاطات خاصة وقد مرت فترة اكثر من ستة أشهر على تشكيل الكابينة الحالية مما يستوجب تقييمها من قبل اللجنة الداخلية في البرلمان عليه فقد توصلنا الى مايلي:

بالنسبة إلى قانون وزارة الداخلية رقم(٩) في ١٩٩٣

اولاً - أ - ان الابنية الخاصة بالوزارة تم تعميرها و تأثيثها بحيث تلائم اداء الواجبات فيها.

ب - تم تعيين معظم رؤساء الوحدات الادارية في الاقضية والنواحي وتم اعادة بعض الادارات الحكومية فيها.

ج - تمت اعادة تنظيم ملاكات الشرطة والآسايش وتعيين عدد غير قليل من الضباط والافراد مع هذا فان الاجهزة الامنية لاتزال دون مستوى اداء مهامها على الوجه المطلوب في حماية المواطنين وممتلكاتهم وغيرها من الواجبات.

د - وكما علمنا من مسؤولي الوزارة بانه قد تم شراء عدد من السيارات وأجهزة الاتصالات السلكية واللاسلكية وغيرها من المتطلبات لاستخدامها من قبل اجهزة الشرطة والآسايش والمديريات الاخرى التابعة للوزارة لتمكينها على القيام باداء واجباتها على الوجه الاكمل.

ثانياً - لاحظنا بان بعض المناصب الحساسة التي هي ضمن ملاك ديوان الوزارة لم يتم اشغالها لحد الآن ومنها تعيين وكيل وزارة وكذلك عدم تشكيل محكمة قوى الامن الداخلي وتشكيل مديرية الاقامة والجوازات وهيئة التفتيش الاداري.

ثالثاً - عدم اصدار النظام الداخلي والذي بموجبه تحدد مهام واختصاصات جميع تشكيلات الوزارة كما جاء في المادة الخامسة من قانون وزارة الداخلية.

رابعاً - نرى بان يقتصر حمل السلاح داخل المدن والقصبات على قوى الامن الداخلي وبقدر الضرورة حيث يلاحظ بان العشرات من المسلحين يتواجدون داخل المدن والقصبات من غير افراد قوى الامن الداخلي وهم بغير علامات مميزة كونهم تابعين لاحدى مؤسسات الحكومة وهذا يؤدي حتماً الى تسرب عناصر تخريبية الى داخل المدن والقصبات وليس بخاف ما يترتب على ذلك من اخطار وحدوث جرائم و سلبيات اخرى فوجود السلاح بحد ذاته يغري ضعاف النفوس ويسهل لهم الاجواء لأرتكاب الجرائم من سطو وقتل وسرقة سيارات.

خامساً - يلاحظ ان الوزارة قد قامت بتهيأة بعض الوسائل الضرورية من سيارات وأجهزة كومپيوتر لشرطة المرور والتي قامت بترقيم السيارات الأن الملاحظ بأنه لازالت توجد سيارات خالية من الارقام أو تحمل أرقاماً اجنبية وأخرى ذات زجاجات معتمة او ذات ستائر خلفية او جانبية تحجب ما بداخلها وليس بخاف ما في ذلك من محاذير أمنية وسلبيات لا نرى داعي لذكرها.

سادساً - يلاحظ انه لدى اصدار الاوامر الى قوى الامن الداخلي لاتخاذ اجراءات معينة وخاصة مايتعلق منها بمنع المتاجرة بالسلاح أو بيع الادوية خارج الصيدليات وغيرها من الظواهر السلبية فان هذه الاجراءات لاتستمر لحين القضاء على شأفة تلك الظواهر.

سابعاً- سبق وأن اسندت مهمة حماية الامن والاستقرار في مدينة أربيل الى قوات اللواء الخاص (لواى تايبەتى) وقد قامت تلك القوات باداء واجبها على أتم وجه مما يستوجب منا الشكر والتقدير... ولكننا لاحظنا اخيراً انه بعد إنهاء مهمة القوة المذكورة وسحبها من أربيل فقد لوحظ أزدياد نسبة الجرائم من قتل وسرقة سيارات وحوادث اطلاق النار... الخ. عليه نرتأي اعادة تكليف المهمة بنفس القوات ولحين استتباب الامن والاستقرار في المدينة بصورة نهائية.

ملاحظاتنا حول قانون الاحزاب رقم «١٧» لسنة ١٩٩٢

يظهر بان عدد الاحزاب المجازة من قبل وزارة الداخلية لحد الآن هي (١١) حزباً وهنالك طلبات (٣) احزاب هي تحت الدراسة. الا أن لنا بعض الملاحظات العامة عن السلبيات في الممارسات الحزبية التي تخالف أحكام قانون الاحزاب المعمول بها في أقليم كوردستان نجمل تلك السلبيات بمايلي:

١- تنص المادة التاسعة من قانون الاحزاب وجوب قيام الاحزاب المجازة باعلام وزارة الداخلية لدى فتحها لاي فرع لها خارج الاقليم ويظهر بانه ولحد الآن ان الوزارة لم تبلغ بذلك من قبل الاحزاب.

٢- ألزمت المادة الخامسة عشرة من هذا القانون وجوب التزام جميع الاحزاب المجازة بنبذ الارهاب وأحترام القوانين وأستقلال القضاء وعدم تنظيم تشكيلات عسكرية أو شبه

عسكرية وأحترام النظام العام ... الخ. الا انه لم تلتزم بذلك الاحزاب ولايخفى على أحد مدى تأثير ذلك على مجمل الاوضاع في الاقليم وكذلك على مستقبل التجربة.

٣- لحد الآن لم تقم الوزارة اية دعوى أزاء الاحزاب التي تخالف بنود قانون الاحزاب وموادها كما أوجبت ذلك المادة (١٧) من هذا القانون.

٤- ان الوزارة لم تصدر التعليمات لحد الآن المشار اليها في المادة (٢٠) من هذا القانون.

٥- يلاحظ بان هناك أحزاباً تمارس نشاطاتها في الساحة الكوردستانية ومنذ سنوات إلا انه لم يرد ذكرها ضمن القائمة الواردة الينا والخاصة باسماء الاحزاب المجازة.

ملاحظاتنا حول قانون الجمعيات رقم «١٨» لسنة ١٩٩٣

يتبين من القائمة الواردة الينا من وزارة الداخلية بان عدد الجمعيات والنوادي والمنظمات والاتحادات والمراكز الثقافية والاجتماعية والنقابات والمؤسسات الخيرية هي (٦٢) جمعية. وملاحظاتنا بصدد تنفيذ أحكام هذا القانون هي:

١- يوجب القانون بانه على الجمعيات ان تقوم بتنظيم سجلات تتضمن اسماء جميع منتسبيها وعناوينهم وجنسياتهم ومهنتهم وهيئاتها العامة وسجل آخر يتضمن الواردات والمصروفات وسجل رابع تسجل فيه ممتلكات الجمعية وتصديق ذلك لدى كاتب العدل ويظهر بأن الجمعيات لم تلتزم بذلك.

٢- كما أوجب القانون على الجمعيات أن تقوم بتنظيم سجلات وتنظيم ميزانياتها السنوية وتصديقها من قبل كاتب العدل وتهيأة ذلك تمهيداً لتدقيقها من قبل مدققي وزارة المالية و يستدل من المعلومات الواردة الينا بانه عدا جمعيتين فان بقية الجمعيات لم تلتزم بما أوجب القانون عليهم من هذه الناحية.

٣- ان وزارة الداخلية لم تقم باتخاذ أية اجراءات تجاه مخالفي أحكام هذا القانون من قبل الجمعيات لحد الآن.

٤- لدى إستفسارنا من الوزارة (مديرية الجمعيات) لتزويدنا بقائمة بعدد الجمعيات المجازة. فقد أجابت بان العدد هو(٦٢) جمعية وقد ضاعت أو اتلفت أوليات جميع تلك الطلبات وخلال الحوادث التي مرت على أربيل العاصمة. لذا فان لجنتنا ترى ضرورة اصدار بيان من قبل وزارة الداخلية لابلاغ تلك الجمعيات ضرورة مراجعة الوزارة بغية تقديم جميع المعلومات المتوفرة لديها الى الوزارة اعتباراً من يوم تأسيسها وتنظيم أضابير لكل جمعية تتضمن كافة المعلومات المطلوبة لكي تكون الوزارة على بينة من أمر كل جمعية.

ملاحظاتنا حول قانون حماية الاجانب رقم «٦» لسنة ١٩٩٢

أوجبت المادة الاولى الفقرة الثانية من القانون أعلاه بان الشخص العامل مع المنظمات الاجنبية عليه أستحصال موافقة الجهات المختصة تجيز له العمل مع تلك المنظمات وحيث أن ذلك من إختصاص وزارة الداخلية (المديرية العامة للاسايش) الا ان وزارة الداخلية لا تعتبر

ذلك من إختصاصاتها.
ملاحظاتنا حول قانون معاقبة حيازة واستعمال وصنع المتفجرات رقم (٨) لسنة ١٩٩٢.
ورد في جواب أستفسارنا من وزارة الداخلية حول مدى تنفيذ هذا القانون وما اتخذ من اجراءات لمنع ظاهرة حيازة وحمل وصنع وإستعمال المتفجرات فقد تبين بان الوزارة أصدرت أوامرها الى أجهزة الشرطة والآسايش لاتخاذ الاجراءات القانونية ومراقبة مخالفي أحكام هذا القانون وبأستمرار.
ملاحظاتنا حول قانون الاسلحة رقم «١٦» لسنة ١٩٩٣
١ـ ان الوزارة قد أصدرت بياناً وخولت المحافظين صلاحية منح إجازة حمل وحيازة الأسلحة الى المواطنين.
٢ـ كما منحت المحافظين صلاحية اعطاء الاجازات الى مصلحي ومتاجري الاسلحة.
٣ـ لم نتلق أية معلومات حول مدى تنفيذ محتوى القانون وما تم من إجراءات بشأن تطبيقه ومدى إستجابة المسلحين وعامة المواطنين.
عليه ختم المحضر ووقع.

لجنة الشؤون الداخلية

احمد علي دزەیی — يوسف جميل ميران — سعيد احمد يعقوبي
رقيب حسين ملا — كانبي عزيز دزەیی

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
سوپاس بۆ لیژنەی ناوخۆ، با بفەرموون بۆ جێگەی خۆیان. جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەگەر تەشریف بێنێتە سەر مەنەسە بۆ وەڵامدانەوەی یان روونكردنەوەی ئەم خاڵانەی كە لە راپۆرتەكەدا هاتوون. فەرموو.

**بەڕێز فازل میرانی/وەزیری ناوخۆ:**
بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله حمداً يوافي نعمه ويوافي مزيداً والصلاة والسلام على سيدنا وحبيبنا محمد و من تبعه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
سەرەتا خۆم بە بەختەوەر دەزانم بەناوی پۆستی وەزارەتی ناوخۆی كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەمرۆ بۆ ئەم ئەركە پیرۆزە خۆم لەناو پەرلەمانی كوردستاندا ببینمەوە، لە راستیدا سەرفرازین بەم دیاردەیەی كە پەرلەمانی كوردستان ئەو پەرلەمانەی كە لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردراوە بەدوای ئەرك وكارەكانی ئەو حكومەتەدا بچێ كە بروای پێداوە، ئەمەش

کارنامەیەک یان پرۆسەیەک بەدی دێنێ و، بەشداربوونی جەماوەر لە ڕێگەی نوێنەری خۆیەوە کە پەرلەمانە، لە دروست کردنی یاسا یان بڕیار، لە لایەکی تریشەوە چاودێری کردنی ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ وەکو ئالیەتێک، وەکو نوێنەرایەتی گەلیش بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە، یان ئەم بڕیارانە، ئەمە کارێکی زانستی و سروشتی و پێشکەوتوانەیە لەلایەن گەلان و وڵاتانی پێشکەوتن خواز کە بیانەوێت یاسا سەقامگیر بێ و، کۆمەڵگا پارێزراو بێ لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا. سوپاسێکی بێ پایان بۆ ئێوەی بەڕێز بۆ ئەم دەرفەتە بۆ ئەوەی جەماوەریش لەم چاوپێکەوتنانەدا ئاگادار بێ ئەو بیروڕایەی ئەوان ناتوانن ڕاستەوخۆ ئاراستەمان بکەن با لە ڕێگەی پەرلەمانی خۆیانەوە ئاراستەمان بکەن و، ئەو دیاردانەی کە ئەوان لێی نارەحەتن یان جێگەی شوکرو تەقدیرن لەڕێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە بخەنە بەردەممان بۆ وەڵامدانەوەیان.

لێتان شاراوە نییە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و، وەزارەتی ناوخۆ بەتایبەتی لە دوای کۆمەڵێک ڕووداوی سەرئەنجامی شەڕی ناپیرۆزی ناوخۆ کە شەڕخوازان سەپاندوویانەتە سەر میللەتی کوردو ئەزموونە پیرۆزەکەیدا، لە وەزارەتی ناوخۆی ئێمە دەتوانم بڵێم لە سفرەوە دەستمان پێکرد چونکە نەک تەنها پێداویستیەکانی کار کردنی ڕۆژانەی کارمەندانی وەزارەت لەناوبرا بوون، بگرە هەرچی تۆمارو بەڵگەنامەو و فایل و تەنانەت دۆسێی کارمەندانی وەزارەتیش سوتێنرا بوون، لەبەر ئەوە ئەمەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە من ئەڵێم زۆر بە ڕاشکاویەوە داوایان کردووە ئەگەر ئێمە بەراوردی بکەین بە ئاستی ئاوات و پێداویستیەکانی ئاسایی جەماوەری خۆمان لەم بارودۆخەدا، بەڵام نەبوونی ئەو پێناسین و ئەو بەڵگەنامانە و نەبوونی ژێرخانێک (البنية التحتية) بۆ جهازێکی کارگێری گرنگ، کە بەرپرسیارە لە سەقامگیر کردنی ئاسایش بۆ پاراستنی گیان وسەر ومال و کەرامەت و بەهاپیرۆزەکانی نیشتمان پەروەرانمان، دیسان ئەڵێم کارێکی سەخت بووە کە ئێمە تووشی هاتین، لێرەدا من هەموو تێبینیەکانی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی پیرۆز بە سنگێکی فراوانەوە وەردەگرم و، دیسان دەڵێم بە بەراورد بۆ خواست و ئاواتەکانی بارودۆخی ئەمنی و کارگێری خۆمان زۆر کەمە، بەڵام بۆ ئەوەی واقیع ببین بە شێوەیەکی زانستی دەبێ مرۆڤ هەمیشە بەراوردێک بکات لە نێوان ئاوات وتوانای جێبەجێ کردنی ئەو ئاواتە، توانای هێنانەدی ئەو ئاواتانە، ناکرێ ئێمە بیان کەینە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی ئێمە ئاواتەکان بەجێ بهێڵین و فەرامۆشیان بکەین، بەڵام ناکرێش ئاواتەکەش دوور بخەینەوە لە قەوارەی توانای بەدیهێنانی بۆ ئەوەی وەکو ئاوات بمێنێ، پێویستە ئێمە هاوشانی یەکتر هەوڵ بدەین ئەو ئامانج و ئاواتانەمان بهێنینە دی بۆ ئەوەی پێکەوە بگەین بەو ڕادەیە کە پێویستی و خواستەکانی جەماوەری میللەتەکەمان جێبەجێ دەکات.

پاش ئەم دەست پێکە دێمەوە سەر کۆمەڵێ کار، لە ڕاستیدا من بە ساکاریەوە دەڵێم نامانەوێ لە دەروازەی دەسکەوتەوە باسی بکەین بەڵکو لە دەروازەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی بە ئێمە سپێردراوە لە قەڵەم دەدەین، چونکە دەسکەوت ئەوەیە کە لەسەرەوەی ئەرکەکانی تۆ بێ، واتە زیاد

لەسەر ئەرکەکانی خۆت خزمەتگوزاری پێشکەش بکەی ئەوە بە دەستکەوت دەژمێردرێت، ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ ئەوەی کردوومانە و ئەوەی دەشی کەین تا دەگەینە ئەو ڕادەیەی کە جێگەی ڕەزامەندی جەماوەری نیشتمان پەروەری کوردستان بێ ئێوەی بەڕێز کە نوێنەری ئەون بەو ڕادەیەی کە لە توانا دایە بە ئەرکی دەزانن و، پێکەوە هەوڵ ئەدەین لەدوای ئەرکەکان موەفەق بین ئەوەی لە دوای ئەرکەکان بێ بەدەستکەوتی لە قەڵەم بدەین. لەبەر ئەوە لەدوای دروست کردنەوەی ژێرخانی(البنية التحتية) هەیکەلی وەزارەتی ناوخۆ لە وەزارەتەوە بەرەو خوار یان لە ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆ و فریاکەوتن و بەرگری شارستانی بەرەو سەرێ.

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئاگاداربن ئێمە گرنگیمان بە هەیکەلی ژێرخان داوە لە پۆلیس و ئاسایش و هاتوچۆوە دەستمان پێ کردووە بە دروست کردنەوەی ئەو بنکە و بەڕێوەبەرایەتیانەی پۆلیس و ئاسایش و بەرگری شارستانی کە تێک درابوون، سوتێندرا بوون، ڕووخێندرا بوون ئێمە لەوە دەستمان پێ کردووە، ئەمڕۆ بە سەرفرازیەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە لە داخلی شاری هەولێرو زۆربەی زۆری قەزا و ناحیەکان هەموو بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش ئاوەدان کراونەتەوە. لە داخلی هەولێر ژێرخانیان بنیات نراوەتەوە نەک لەڕووی کەمیەوە بەڵکو ئێمە گرنگیەکی تایبەتیشمان لە ڕووی نەوعیەوە پێداوە، چونکە بەدیدی ئێمە بۆچوونەکانی کابینەی سێیەم و بڕیار و یاسایەکانی پەرلەمان ئەگەر ئێمە پۆلیسێک و ئاسایشێکی نەوعیمان نەبێ ناتوانین وەکو پێویست یاسا و بڕیارەکان ئەنجام بدەین یان جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوە ئێمە بێجگە لە جێگیر کردن و دیاری کردنی میلاکاتی پۆلیس و ئاسایش و مرور ئێستا بە ڕێکوپێکی خولی ڕێنیشاندان بەتایبەت بۆ کادیرەکانی ئاسایشمان کردۆتەوە، واتە ئێمە و ئاسایش فەهمێکی هاوبەشمان هەبێ بۆ پێناسەی ئاسایش، دەمانەوێ فێریان بکەین کە ئاسایش و پۆلیس لە خزمەتی گەل دا بێ، لە خزمەتی نیشتمان دابێ، دەبێ مەفهومی پۆلیسی و ئەمن و سەرکوتکەری لە مێشکی دەزگای خۆماندا دەربێنین، بۆ ئەوەش دەبێ ئەم دەزگایانە دووبارە بڕوا بە خۆیان بکەنەوە، دوای ئەوەی بەداخەوە بۆ چەند ساڵێکی ڕابردوو لە بەیەکەوە کارکردن و ماوەیەکیش بەسەر کابینەی سێیەمدا ڕۆیشتووە کە چی هێشتا لە ئەنجامی هەندێ هەل ومەرجی دەوروبەری یان بارودۆخی بابەتیانە یانیش بارودۆخی خۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بازنە بزرەی ئەو دەزگایانەی پەیدا نەکردۆتەوە، واتە دەمانەوێ ئەم دەزگایانە بڕوا بەخۆیان بکەن کە ئامێری سەرەکی جێبەجێ کردنی یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

ئێمە داکۆکیمان لەمە کردووە بەبێ ئەوە ئێمە ناتوانین جێبەجێکەری یاساکانی خۆمان بین، بە سەرکوت کردن وهێز یاسا جێبەجێ ناکرێت، بەڵێ لە کاتی ڕووبەڕوو بوونە لەگەڵ تاوان و تۆڕی تێکدەر ئەمە پێویستە وەک لە هەموو دنیادا هەیە، بەڵام خەڵک تفاعلی جەماوەر لەگەڵ یاسا تەنها لە ڕێگەی یاسادانانەوە نابێ، ئەبێ ئەو لایەنەی یاساکە جێبەجێ دەکات ڕێ خۆشکەر بن بۆ ئەوەی جەماوەر تەفاعلیان لەگەڵدا بکات لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاساکە، ئەگەر نا یاسا

ئەبێتە شتێکی بڵند و خەڵکێک ئیستعابی ناکات، سەرەڕای ئەوەی ئێمە لیژنەی تەسقیفی لە دەزگاکانی راگەیاندن و لە تەلەفزیۆن بۆ خەڵکەکە دەربێنین، بەڵام دیسان بۆ رادەی فکری کۆمەڵایەتی ئێمە، بەدیدی ئێمە رەوشنبیریی یاسا یان تێنەگەیشتنی یاسا تەفاعلی خەڵکەکە، هۆکارێکی بنەڕەتی و راپەڕاندنە ئەوانەی یاسا جێبەجێ دەکەن، خەڵکەکە تێگەیەنن کە ئەم یاسایە جێبەجێ کردنی لە سوودی ئێوەیە، ئێمەش بەم شێوەیە جێبەجێی دەکەین ئەبێ هاوکاریمان لەگەڵ دا بکەن، ئەوسا یاسا لە یاسادانان لە تێگەیشتن، یاسا لە جێبەجێ کردن، هاوشان بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو ئەویش بوونی یاسا بە جێبەجێ کراوی نەک بوونی یاسا لەسەر رەفەکان یان لەناو ئەرشیفەکان، ئەمە لە پرۆگرامە هەرە بنەڕەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆیەو، کادرمان تەرخان کردووە بۆ ئەم کارە ئێمە بڕوامان بە سەختی کارەکە هەیە، بەڵام بۆ ئەم بڕوایەش بڕوایەکی لەوە بەهێزتر هەیە کە هاوشانیەتی ئەویش پێویستی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە مێژوویی یە کە لەسەرشانی ئێمەدا کەوتووە، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمان داوە کەوادیری پۆلیس و ئاسایش بەو رادەیەی کە تا ئێستا دەکرێ خەڵکی شیاو بۆ شوێنی شیاوی خۆی دابنێین، ئەمە لەغوی یان رەتی ئەوە ناکات هێشتا خەڵکانێکی ناشیاو لە جێگای ناشیاو دان، بۆ ئەوەی ئێمە پەرلەمانی خۆمان بەشێوەیەکی واقع بینانە بخەینە سەر خاڵەکانی کە ئەمڕۆ ئێمە روو بەڕووی بووینەتەوە. ئەمەش نەک لە بێ توانایی و لەبیرنەکردنەوەیە، بەڵکو لە ئەنجامی بارودۆخێکە کە ماوەیەکی کورتە ئێمە میراتگرینە، هێشتا ئەو هەل و مەرج و ئەو دەرفەتەمان بۆ نەڕەخساوە لەرووی زەمەنیەوە، کە بەتەواوی ئیشەکان وەکو ئێوە یان لیژنەی بەڕێز ئاماژەی بۆ کردووە ئەنجام بدەین، ئەگەر نا ئەوەی لە تێبینی لیژنە هاتووە ئەوە ئامانجی ئێمەشە، ئێمە سوپاس گوزارین چونکە لەسەر ئەو رێنماییانە بەرەو ئەو ئامانجانە دەچین کە بە جووتە هەردوو لامان دەستنیشانمان کردن.

پێداویستیەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی توانا سەرپشکی( ٨٠٪ ) لە توانای وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەرخان کراوە، من حەز ئەکەم خوشک و برایانی پەرلەمانتار ئاگاداربن ئەمە بۆ پێداویستە گرنگەکان نەک پێداویستیەکانی کەمالی داندراوە، چونکە ئێمە پێداویستیەکانی خۆمانمان کردووە بەدوو جۆر، جۆرێکیان پێویستە جۆرێکیش کەمالیە، کەمالییەکە بە مەفهوومی بارودۆخی ئێستای ئێمە گونجاو نییە، ئەگەر نا ئەویش سروشتیە بۆ یاسایەک و بۆ میللەتێک کە لە بارودۆخێکی ئاساییدا بژی، هەم لە رووی سیاسی و هەم لەرووی (ئابووریی) ئیکۆنۆمی، بۆیە ئێمە لەوانەیە لەم بارودۆخەدا بە کەمالیاتی لە قەڵەم دەین و خۆمان لێ تەریک گرتووە بەو رادەیەی کە کراوە، بۆیە ئێمە تەئکیدمان کردووەتە سەر پێدواویستیەکانی هێزی ناخۆ لە مەخافری پۆلیس، لە سەیارە، لە جل و بەرگ، لە چەک وەلە سیستەمی پەیوەندییەکانی وەکو ئامێری بێتەل.

خۆش بەختانەش ئەتوانم بە بڕوایەکی زۆرەوە بەرامبەر پەرلەمان بڵێم ئەگەر بمانەوێ بەراوردی بکەین بە نۆ مانگ و دە مانگ لەمەوپێش یان دوو ساڵ لەمەوپێش هیچ بێوانەیەکی بەراوردی

نییە لە نێوان باری هێزی ناوخۆی لەو ڕووانەی کە باسمان کرد لەگەڵ ئەو ساڵ، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە و ئێوە دەمانەوێ ببێت لە ڕاستیدا دیسان من دەڵێم بوارێکی زۆرمان ماوە کە بگەینە ئەو ئاستە. دیسان ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیە هانمان بدات کە پێکەوە هەوڵ بدەین لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، سوپاسی بێ پایانمان بۆیان و بە تایبەتی بۆ جەنابی وەزیری دارایی کە زیاتر دەستێکی کراوەی هەبووە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و گورج کردنی ئەفرادو دەزگاکانی هێزی ناوخۆی، هەر بۆ ئەمەش بۆ نەهێشتنی کەم کردنی کەمی لە پلەداران یان کادری پۆلیس و ئاسایش، ئێمە دەورەیەکی پلەدارانمان کردۆتەوە لە قوتابخانەکانی پۆلیس( مدارس الشرطة) خۆش بەختانە هەوڵمان داوە ژمارەیەکی زۆر لە ماف پەروەران بەشداری ئەمە بکەن بۆ ئەوەی پاش خولێکی شەش مانگی ئێمە ئەفسەری پۆلیسی ماف پەروەر پێ بگەیەنین و بخەینە کار، چونکە ئەمە زۆر لە تەنگ و چەڵەمەی یاسایی ئاسایی ئێمە چارەسەر دەکات. هەم وەکو ماف پەروەرێک وەهەم ئەفسەرێکی پۆلیس ئەتوانێ دوو گرفتمان بۆ چارەسەر بکات، بەدیدی ئێمە هەر پلەدارێکی ماف پەروەر ئەتوانێ ئەرکی دوو پلەدار ببینێ یەکێک پۆلیسی ئاسایی، یەکێک پلەدارێکی تۆژەرەوەی دادوەری ماف پەروەر. ئەمە دیاردەیەکە هەموو حکومەتێکی نیشتمان پەروەرو پێش کەوتن خواز کە بیەوێ یاسا سەقامگیر بێ ئەبێ کادری یاسایی بخاتە ناوکار، بۆیەش بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەر هەموو بەڕێوەبەری ناحیەکان مەرجمان داناوە ئەبێ دەرچووی کۆلیژی ماف یانیش سیاسەبن وە سەرپشکیشمان داوە بە دەرچووی کۆلیژی یاسا، ئەمڕۆ بە سەرفرای ئەڵێین هەموو ناحیەکان بەڕێوەبەری ناحیەیان بۆ دانراوە هەر هەموویان یاساناسن مەگەر تاک( ١ ٪ ) یان (٢ ٪ )دەرچووی سیاسە بن کە ئەویش دوو شتی تەواکەری یەکترین.

بایەخێکی تایبەتیمان داوە بە بەندیخانەکان، چونکە هەموومان دەزانین ئەمڕۆ ئەزموونەکەی ئێمە و مافی مرۆڤیش یەکێک لە دروشمە درشتەکانی ئەم سەر زەمینەی کە ئێمە تیایدا دەژین وئێمە دەزانین مافی بەندکراو یان ئەوەی لە حەبسدایە، زۆربەی بە ڕادەیەکی زۆر مافی خوراوە یان ئەو یاسایانەی کە مافی مرۆڤ دەپارێزن (بشکل او بآخر) پێشێل کراوە، من ناڵێم هەمووی (سبق الاصرار)ی تێدایە، بەڵام من ئەڵێم هەل و مەرجەکانی ئەمڕۆی کوردستان تیایدا دەژی وە ئەو خەلفیاتەی کە ئێمە هاتووینە وەرمان گرتووە و، بارودۆخی تازەی کە تیایدا کەوتووین وای لێ کردووین وەک نەبوونی بینایەی بەندیخانە، باری بەندکراوەکان ئەبێ ئێمە لەسەر ڕابوەستین، وەکو وەزارەتی ناوخۆ یەکەم کاری کردوومانە ئێمە بینایەتێکی بەندیخانەی ناوەندی بە پێی مواصەفاتی دەولی، کە من ئەڵێم، بە پێی مواصەفاتی دەولی بەڵگەم ئەوەیە ڕەنگ ڕێژی وچاکردنەوەی دووەم ئەو بڕە پارەیەی کە لێمان خەرج کردووە کە تەواومان کرد، بەڵام بە داخەوە بارودۆخێکی کتوپڕ( طارىء)تر پێداویستی پێویست تر، بوونی هێزەکانی (P.M.F) کە ناوبژی کەرن بۆ شەڕی ناپیرۆزی ناوخۆ و دەستنیشان کردنیان بۆ ئەو بینایە وای کرد ئێمە بکەوینە بن

فشاریک بۆ باری حەپسخانەکان. دووەم کاروانی دەرکراوەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکووک و وای لێ هاتووە ئەم ڕۆژانەی تەواومان بووە کە بەندکراوی نەوجەوان، واتە ئەوانەی کە(دون السن القانوني) نە بەتالی بکەن لەگەڵ ڕێکخراوی (فرانس لیبەرتی) کە بە سوپاسەوە بڕەپارەیەکیان تەرخان کردووە بۆ دووبارە چاککردنەوەو بنیاتنانەوەی ئەم بەندیخانە وە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە سوپاسەوە ڕەزامەندیان کردووە دوو بەرابەر ئەو بڕەپارەیە زیاد بکات، بۆ ئەوەی ئێمە بەندیخانەی نەوجەوانان بۆ منداڵ چاک بکەینەوە وبیکەین بە دوو بەش، بەشێک بۆ بەندکردنی ئافرەتان وە بەشێکیش بۆ منداڵان. وەزارەتی ناوخۆش سەرەڕای فشاری بودجەی خۆی ئێمە بەڵێنمان داوە کە بودجەی دامەزراندنی کادری کارگێڕی وە کادری ڕێنیشاندان چونکە بەدیدی ئێمە ئەم بەندیخانە و هەموو بەندکراوەکان پێویستیان بە کۆڕێکشن هەیە، بەمانای چارەسازی کۆمەڵایەتی(مصلح اجتماعي)، چونکە بە پێی هەموو نەریتەکان سزادان بۆ دارمانی کەسایەتی فەردی نییە، بەڵکو بۆ بەربەستە(ردع) لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە چڕ بکەین نەک سزا دارمان بەڵکو ئێمە بنکەی(الاصلاح الاجتماعي) لە کادری تایبەتمەند دەرچووی زانستی کۆمەڵایەتی یان پیاوانی ئایینی، هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی بکەین کە کۆمەڵێک لە توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی لەم بەندیخانانە دابنرێت بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە کە ماوەی حکومدانەکەی یان ڕاگرتنەکەی خۆیان تەواو دەکەن ئازاد بکرێن وەکو هاووڵاتیەکی بەکەڵک عیبرەت وەرگرن لەو سزایەی کە دانراوەو ئەو ماوەیەی کە لە بەندیخانە بووە لە حکومدانەکەی یان ڕاگرتنەکەی بە حوکمی بوونی چارەسازی کۆمەڵایەتی دەربچێ، مرۆڤێکی یان ئەندامێکی کارامەو صالح لە کۆمەڵگاکەی. ئاماژەم بەوە داوە لە ئاستی دەزگاکانی ئەمنی وەکو پێویست لە ڕووی فکری یان لە ڕووی تەئهیلەوە، بەڵام من ناتوانم ئەمە بکەمە بەڵگەیەک بۆ کەم کردن لە دڵسۆزی ئەم دەزگایانە بە تایبەتی لە کادرە لێپرسراوەکانیان، ئێمە هەوڵ ئەدەین دڵسۆزی و توانا یەکتر بگرنەوە لە کەسێک کە کارێکی ئەمنی پێ دەسپێرین، بەڵام نەبوونی کەسێک لەمانە نەفی کەسی تر ناکات، هەمانە کادرێکی بە تواناو پێگەیشتووە، بەڵام لەوانەیە ئەو پێگەیشتن و توانا زاڵ بێ بەسەر پلەی دڵسۆزی بۆ ئەرکی خۆی، دڵسۆزی لەوانەیە هەندێ جار هۆکاری فیزیکی ئەفسەرێکی ئاسایش هەیە تەمبەڵە، ئەو تەمبەڵیە لە توانای دا کەم ناکات کە یەکێک لە مواصەفاتی توانایە، بەڵام ئەنجامی ئیشەکەی خۆی لەنگ ئەکات، ئێمە هەوڵمان داوە بەڵام لە ڕووی دڵسۆزییەوە من ئەڵێم دەزگای ئاسایش و پۆلیس ئەو ماوە کەمە هەوڵێکی زۆر بەرچاویان داوە ئێمە وەکو بەڵگەیەک بۆ ئەم بۆچوونە، لەوانەیە لە بەشێکی کۆک بین لەگەڵ برایانی لیژنە لە بەشێکی ناکۆک بین.

ئێمە ئەگەر لیستەیەک ئێستا لەگەڵ خۆم هێناوەو دەیخەینە ڕووی جەنابتان خشتەیەکی زەمەنیمان هەیە ژمارەی تاوانەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە لە مرورەوە بگرە هەتا کوشتنی بە ئەنقەست یان کوشتنی هەڵە یان سەرپێچی تر ڕێژەمان پێی هێناوە، مانگەکانی کە حکومەتی هەرێم دەست

بەکاربووە هەتا ئەم مانگەی کۆتایی کە مانگی(٥) ـە. ئێمە ئەتوانین لە زیادبوونی ڕێژەی تاوانی دۆزراوەو تاوانی نەدۆزراوە ڕێژەیەک دەربهێنین، لەوە شتێکمان بۆ دەردەکەوێ کەم بوونی ڕێژەی تاوان یان لە زیادبوون دایە یان ئەوانەی دۆزراوەن لە زیادبوون دایە، ئەمە ڕێژەیێکی هاوبەشمان دەداتێ، ڕێژەیەکمان ئەداتێ کە پێوەی ئەتوانین هەڵسەنگادنێکی بابەتیانەی دەزگاکانی هێزی ئاسایشی خۆمان بکەین، ئایا ڕێژەی تاوان زۆرتر بووە؟ ئەمە ئۆباڵەکە ئەکەوێتە ئەستۆی بێ توانایی یان نادڵسۆزی دەزگاکانی هێزی ناوخۆ؟ ئەگەر تاوانەکان کەم بوو بنەوەو ڕێژەی تاوانی دۆزراوە زۆر بوو بن ئەمە دیسان هێمایەکە کە بڵێین دەزگای هێزی ئاسایشی ئێمە بە ئاگا بوونە چاویان کراوە بووە، هەوڵیان داوە تاوان نەبێ، نەبوونی تاوان بەخواستی هێزی ئاسایش بە تەنها نییە، چونکە تاوانبارەکانیش موتەمەیزن بە (سبق الاصرار) بە درندەیی وە هەندێک جار بە توانایی، ئەگەر تاوانەکە سیاسی بێت بۆ نموونە تەقینەوەکان کە دەکرێ ئەوەی دەیکا ئەمانە کەسانی موئەهلن دەبێ لایەنی بەرامبەر حسابێکی بۆ بکات، ئەگەر ڕێژەی تاوانەکان و خۆشبەختانە ئێوە شاهیدن کۆمەڵەک تاوان پوچەڵ کراون، لە هەوڵی تیرۆری سیاسیەوە کە بەشێکی بە داخەوە تا ئێستا فائلی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەیە نەگەیشتۆتە ئەنجام، بەڵام بەشێکی زۆری تاوانبارەکان لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە گیراون (متلبس بالجريمة) وەکو ئەوەی کاک فرەنسۆ، وەکو ئەوەی کوڕەکەی کاک محەمەد شەریف تاوانی هەوڵی تەقاندنەوەی پارێزگا، دراون بە یاسا و بە سزای خۆشیان گەیشتوون، تاوانی دزی یان تاوانی بەسەردادان لە دهۆک، لێرە نەماوە. زۆر بوونی ڕێژەی تاوانی دۆزراوە ئەمە خۆی لە خۆیدا هێمایەکی ئیجابییە هەم کە ڕێژەی تاوان بە گشتی کەم بووەتەوە، هەم ڕێژەی تاوانی دۆزراوە زۆر بووە، ئەم سەرژمێریە کە ئێستا لەبەردەمی بەڕێزتان دایە خۆی لە خۆیدا هێمایەکە، ئەم هێما ئیجابیانە لە نرخی تێبینیەکانی لیژنەی کاروباری ناوخۆی پەرلەمان کەم ناکاتەوە ئەمە ڕۆشنکەرێکە یان ڕوونکردنەوەیەکە، بەڵام بۆچوونەکانی لیژنە دەمێنێ ئێمە پەیڕەوی لێ دەکەین، چونکە ئامانجی باڵامان ئەوەیە کە ڕێژەی تاوان کەمتر بکەینەوە بەرەو نەهێلان و تاوان ئەگەر کراش ڕێژەی دۆزینەوەی زیاد بکەین، ئەمە (مەنطوقی) بۆچوونەوەکەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانە وئێمە پەیڕەوی لێ دەکەین، بەدوایدا دەچینەوە تا ئەگەینە بەرزترین ڕادە لە جێبەجێ کردنی ئەو تێبینیانە.

سەبارەت بە بابەتی ڕێنمایی لە ڕاستیدا یاسای وەزارەتی ناوخۆ ئێمە دوو بڵاوکراوەمان دەرهێناوە کە ئەمەش لەبەر دەستی بەڕێزتان دایە هەمووش ئەگەر لێکی بدەینەوە ڕاستە ناوی پەیڕەومان لێ نەناوەو ئێمەش ئەوە بڕیاری لەسەر ئەدەین، بەڵام فوقهیەت دەڵێ: (العبرة للمقاصد والمعاني وليست للالفاظ والمباني) ئەم ڕێنماییانە ئەگەر لێکی بدەینەوە خۆی لە خۆیدا پەیڕەوێک دەبێ، بەڵام ئێمە ناوی پەیڕەومان بۆ دانەناوە، ئێمە داواکەی لیژنەکەمان ئەنجام داوە بەڵام ناوەکەی کە لیژنە ویستوویەتی ئەنجامان نەداوە. ئەمەش دوو توخمی جووتی سەرەکین لە ئیشەکە یەکێکی متوفر بووە ئەوی تر ناوەکەی متوفر نەبووە، ئێمە لەمەدا کۆتایی بەمە دەهێنین بۆ ئەوەی هێزی

تێبینیەکە بمێنێ و پەرلەمانی بەڕێزیش ئاگادار بێ کە ئێمە بەشێکی ئیشەکەمان ئەنجام داوە، بەلام هەر بەناو ئەو هێزە دەمێنێتەوە. سەبارەت بە دیاردەی چەکدرای، لە راستیدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەولمان دا ئەمن بۆ خەلکەکە فەراهەم بکەین، هانامان برد بۆ لەشکری لیوا تایبەتیەکان، چونکە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش ئەوکات نەیان دەتوانی بە ئەرکی خۆیان هەلسن، ئێمە بەیەکەوە لیژنەیەکی ئەمنیمان هەیە لە هەولێر کە گەیشتینە قەناعەت ئاسایش و هێزی پۆلیس و فریاکەوتن پاش تەجهیز کردنیان و ئامادە کردنیان کە ئەوان ئەتوانن کۆنترۆلی ئەمنی شارەکە بکەن.

بوونی چەکدار لەناو شارەکان خۆی هێمای بێ ئەمنیە، ئەگەر ئێمە بگەرێین بۆ بارودۆخی یاسایی، هاتنی چەکدار بۆ هەلسان بە ئەرکی پۆلیس و ئاسایش هێمای بێ ئەمنیەتە بە شێوەیەکی گشتی و هێمای بێ ئەهلیەتی پۆلیس و ئاسایش بۆ بە جێهێنانی ئەرکی خۆیان بە شێوەیەکی تایبەت، کە ئەمە زۆر بوو وازمان لە چەکدار هێنا بۆ ئەرکە بنەرەتیەکەی خۆی بۆ ئەوەی دیاردەیەکی سروشتی لەناو شاردا بێت، لەگەل سوپاسی ئێمە بۆ فەرماندەو دەزگای لیوای تایبەتی ئەمە چەند مانگ دەبێ هێزی ئاسایش وپۆلیس کۆنترۆلی شارەکەیان کردووە. من لەگەل ئەوە دا نیم کە رێژەی تاوان لە دوای کێشانەوەی لیوای تایبەتی زیاد بوو بێ، بەلکو ئەلێم سەرزمێریم هەیە کە کەم بۆتەوە، چونکە دوو مەبەستمان هەبوو: یەکێکیان دەمان ویست تەرویضی ئالیەتی هێزی ناوخۆ بکەین، کە ئایا توانایان گەیشتووەتە ئەو رادەیە کە ئەرکەکەی خۆیان ئەنجام بدەن؟ هی دووەم دیاردەی نەبوونی لیوای تایبەتی کە دیاردەیەکی نائاسایی نیشانی خەلک ئەدات لەناو شارەکە وا دەبینین ئەوانە بچن ئەرکەکانی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە داوا کردنی لیوای سەربازی تایبەت بۆ ناو شار من بەشێوازێکی یاسایی نازانم، چونکە پێویستمان پێ نییە، هەر کاتێ پێویستمان پێیان بوو ئەوە سەرکردایەتی حکومەتە، ئێمە ئەتوانین داوایان بکەین بێن، بەلام لەبەر ئەوەی داواکردنی ئەوان بۆ ناو شار هێما نیشاندەرەی بێ ئەمنیەتەو، ئەمە ناتوانین جارێ لەم بارودۆخەدا لەگەلی رێک بین، ناتوانن قبولی بکەین، چونکە بۆچوونی ئێمە رێژەی کەم بوونەوەی تاوان، زیادبوونی تاوانی دۆزراوە لەلایەن ئاسایش وپۆلیسی هاتوچۆو فریاکەوتنی ئێمە هێمای ئەوەیە کە دەتواندرێ لەجیاتی ئەو چەکدارانەی لەناو شار دان پشتی پێ ببەسترێ.

سەبارەت بە دیاردەی چەکداری، بەشێکی ئێمە نەمان توانی دەستی بەسەردا بگرین، لەبەر نەهاتنی میلیشیاتی حزبەکان بۆ ناو لەشکری یەکگرتووی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی پێشمەرگە، ئەویش هۆکاری خۆی هەیەو، ئێمە ئێستا لیژنەیەکمان دروست کردووە لە حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەر کردنی صیاغەیەک بۆبە رێکخستنی میلیشیاتی ئەو حزبانەی کە بەشدارن لە حکومەتی هەرێم. بابەتی دووەم تەشەنەی بارودۆخ وشەرێ یەکێتی لەگەل بزووتنەوەی ئیسلامی و، بوونی برایانی بزووتنەوە ـ بەهەر هۆیەک بێ ـ ئەو کۆکردنەوانە ئەو تێبینیانەی هێناوەتە پێش و، بەتەئکید لە کاتی هاتنی لیژنەدا ئەو حالەتە هەبوو ئێمە ناتوانین هەلیوەشێنینەوە، بەلام کە

دیتمان بارودۆخەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەڕوات ئەو حاڵەتە خۆی لەخۆیدا بەرەو کەم بوونەوە چووە. سەبارەت بە سەیارەکانی ژمارەکراو ژمارە بیانیەکان وبێ ژمارەکان بۆ مێژوو ئەڵێم سەیارەی بێ ژمارە بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێ بە دەگمەن من ئەڵێم (١ ٪)نییە، ژمارە بیانیەکانیش دوو جۆریان هەیە، جۆرێکیان هی خودی بیانیەکانە جۆرێک لە ژێر موعامەلەیە، دوای دەرچوونی بڕیار لە پێش مانگێک هیچ سەیارەیەک بە ژمارەی بیانی داخلی کوردستانی عێراق نابێ گەر(إدخال گمرگي مؤقت) لە ئیبراهیم خەلیلی پێوە نەندرێ، ئەمانەی کە لەبەر چاون ئەوانەش زۆر کەم بوونەتەوە هێشتا لەژێر مامەڵەدان بەشێکیان موقیمن لێرە ئەیانەوێ بگەڕێنەوە لە کوردستان دەربچن سەرپشکیمان داوەتێ کە ماوەی تەواو ئەبێ ژمارەی سەیارەکانیان تەسلیم بکەن. بابەتی جامی ڕەش وپەردەکان ئێمە لە پارێزگای دهۆک بە تەواوی بنبڕمان کرد، مانای(٩٨ ٪- ٩٩ ٪ )جامی ڕەش و پەردە نەماوە لەپارێزگای دهۆک، لێرە ئێمە بە تەماین و، جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش ئاگادارە لەکۆبوونەوەکانی حکومی وسیاسی خاڵێکە هەمیشە لەبەر چاوی ئێمەیە، چونکە بە بۆچوونی ئێمەش جامی تاریک وپەردە یەکێکە لە هۆکارەکانی دروست بوونی تاوان وپەناهەن کردنی تاوانبارەکانە، تاوانبارەکانی نەک تەنها کوشتن هەتا قاچاغیش ئەم دیاردانە هەمووی بۆ ڕووداوەکانی کوشتن وهەتا بۆ تەهریبیش ئەکرێت ئەوە بەداخەوە، وئەمەش هۆیەکانی خۆی هەیە ئێمە بەشوێنی کەوتووینە وئەمەش لە فرسەتێکی زۆر نزیک دا چارەسەر ئەکرێ لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێریش.

بێینەوە سەر کۆمەڵەک خاڵی بنەڕەتی تا کاتی ئێوەش نەگرین ئێمەش کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەیە، سەبارەت بە یاسای حزبەکان ویاسای کۆمەڵەکان لە ڕاستیدا یاسای حزبەکان حکومەتی هەرێم هەندێک تێبینی نووسیوە پێشخستنی پێ بکرێ یان گۆڕانکاری تێدا بکرێ، لەسەر بنچینەی ئەو کەم وکورتیانەی کە لیژنەی بەڕێز دەست نیشانی کردووە، بوونی لقی ئەو حزبانە لە دەرەوە ئەمە دوو ئەرک ئەگەیەنێ، یەکێک حزبەکان خۆیان ئەبێ موراجعە وئاگاداری ئێمە بکەن. دوو وەزارەتی کاروباری پەیوەندیەکانمان هەیە کە ئیشی دەرەوە دەبینی ئەوانیش ئاگاداری ئێمە بکەن. زیادڕۆیی حزبەکان، هەموویان زیادڕۆییان هەیە ئەمە ڕاستیەکەیە هەموو حزبەکان بەبێ ئیستثناء زیادڕۆییان هەیەو، ئەبێ ئێمە بەشێوەیەکی فراوان تر بارودۆخەکە لەبەر چاو بگرین بچن بەپیر ئەم خاڵەوە، من نامەوێ بچەمە قالبی گشتییەوە ئەگەر لێی دەربچم من دەمەوێ بیخەمە قالبی عمومیات بۆ ئەوەی لێ بەدەری لێی پەیدا نەبێتەوە ئەمە ڕاستیەکەیە.

سەبارەت بە کۆمەڵەکان تێبینیەکانی ئێوە زۆر لە جێگای خۆیانن ئێمە کەمتەرخەمیمان هەیە لە گەڕان و تۆژینەوەی تۆمارەکانی کۆمەڵەکان، بەڵام نامانەوێ ئەمە بۆ تەشەفی بێ، چونکە پارێزگامان هەیە ئەوان مۆڵەت دەدەن بە کۆمەڵەکان وبە ڕێکخراوەکان، ئەبێت ئەوان سەرپێچی بێ تەنزیمی ئەو ڕێکخراو ئەو کۆمەڵانە بۆ ئێمە بە ڕاپۆرت بنێرن، بەڵام پارێزگاکانیش بەشێکن لە ئێمە دەبێ ئێمە ئاگاداریان بکەین کە ڕاپۆرتمان بۆ بنێرنەوە دیسان ئەمە نەفی مەبەستی لیژنەی

بەڕێز ناکات و، نامانەوێ بەرگری لە شتێک بکەین کە واقیعە، ئەمە واقعە، ئێمە دەزگایەکمان داناوە بۆ ئەم کارەو، لەسەر ڕۆشنایی ڕێپورتاج یان ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێز ئێمە پەیڕەوی ئەم کارە دەکەین.
سەبارەت بە نیشتنەجێ بیانیەکان. ئێمە بەشێکی تایبەتیمان هەیە لە ئاسایش بۆ ئەم مەبەستەو، بیانیەکانیش بەشێکی بۆ ڕێکخراوەکان ئیش دەکەن کە ئیقامەیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی، چونکە ئەو سیستەمەی جاران ئێمە گۆڕیوومانە ئێستا ئێمە بە تەواوی ئەوانەمان کردووە بە عایدی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی ئەوان ئاگادارمان بکەن کێ لێرە دەبێ کێ لێرە نابێ ئێمە هاوکاریەکی ڕێک وپێکمان هەیە لەگەڵ وزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی. لەکۆتایی دا من سوپاسڤانم بۆ لیژنەی بەڕێزی کاروباری ناوخۆی پەرلەمان بۆ سەردانەکانیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ دەزگاکانی ئێمە ودڵنیاتان دەکەین کە سووربوونێکمان هەیە لەسەر ڕۆشنایی فەرمودەکان و یاساکانی ئێوە، کە هەوڵبدەین کەم وکوریەکان کەمتر کەینەوە بەرەونەهێشتن، بتوانین هەموومان پێکەوە خزمەتگوزاری ئەم نیشتمانەو ئەو میللەتە بین کە هەرچەندی بۆیان بکەین ناتوانین قەرەبوویان بدەین، چونکە زۆریان بە دەستی ئێمەوە کێشاوە وبەرگەی زۆریان گرتووە، ئەبێ ئێمەش سەرفراز بین کە جێگەی بڕوای ئێوەو لەڕێگەی ئێوەوە متمانەی ئەوان بین و هەمیشە پەیڕەوی فەرمانەکانی پەرلەمانی خۆمان بیکەین، بڕوامان لە پەرلەمان وەرگرتووەو، بەڕینماییەکانی پەرلەمان خزمەتگوزارین و من ناڵێم حوکمڕانی بەڵکو خزمەتگوزاری دەکەین،(وقل اعملوا فسيرى الله اعمالكم ورسوله والمؤمنون)(صدق الله العظيم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری ناوخۆ بۆ وەڵام دانەوەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ بەو شێوەی کە گوێتان لێ بوو. مداخەلەیەکمان هەیە لە لایەن لیژنەی ناوخۆ ئەگەر چ ڕوونکردنەوەیەکی تریان هەبێت، یاخود چ تێبینیەکیان هەبێ، دوای ئەوە جەنابی وەزیر وەڵامیان ئەداتەوە، ئاگاداری کاتەکەش بن چونکە کاتەکە بەرەو تەواو بوون دەڕوات. فەرموو کانەبی ئاغا.

**بەڕێزکانەبی عەزیز ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جەنابی وەزیری ناوخۆ هیچی بۆ ئێمە نەهێشتەوە، زۆر بە درێژی باسی هەموو شتێکی کرد، ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ڕوون بوو، ئێمە هەموو بڕوایێکی تەواومان هەیە بە هەموو تفصیلاتەکەی تەنیا بەراوردێکم هەیە بۆ هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆ. ئەگەر یارمەتی هەیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک کانەبی.

**بەڕێز کـــــانەبی عــــەزیز ئەحـــــمــــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

پاش ئەوەی ڕاپۆرتەکەمان خستە روو حەز دەکەم وەکو سەرۆکی لیژنە بەراوردێکی کورت لە بابەت ئیشو کاری وەزارەتی ناوخۆ پێشکەش بکەم بێجگە لەو کەم و کورتی و سەلبیاتی هەندێ حزب وکۆمەڵەکان وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، تێبینی لیژنە دەربارەی دیاردەی چەکداری و بێ ئیجرائاتی وەزارەت بۆ موحاسەبە کردنیان و ئەتوانم بڵێم کە ئەو ئیجرائاتانەی وەزارەتی ناوخۆ پێی هەستاوە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی لە کاتی کە وەزارەتی کابینەی سێیەم دامەزراوەو، بەڕێز کاک فازڵ میرانی ئیستلامی لێپرسراویەتی وەزارەتی ناوخۆی وەرگرتووە هەمووی زۆر بە ئیجابیەت لە قەڵەم دەدرێت وزۆر روونە بۆ هەموو لایەک کە بارودۆخی گشتی لە هەرێم لە ژێر حکومداریەتی حکومەتی شەرعی کابینەی سێیەمدا زیاتر بەرەو ڕێکوپێکی دەڕوات و ئەمن و ئاسایش بەر قەرارن، ئەرکێکە هەر وەکو پێویست وایە، دزی و جەردەیی وتاوان بە شێوەیەکی گشتی بەرەو نەمانە، دەبێ ئێمە بەو بۆنەیەوە سوپاسێکی زۆری بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکەین کە بەڕاستی هەردەم ئامادەیی خۆی نیشانداوە لەگەڵ لیژنەکەماندا بۆ چاوپێکەوتن وگفتوگۆکردن لە بابەت کاروباری وەزارەتەوە وهەر زانیارییەک پێویستمان بووبێ بەزووترین کات وزۆر بە ڕاشکاوی پێمان دراوە. لە کۆتاییدا ئومێد ئەکەین بارودۆخی هەرێم لە هەموو بارێکەوە هەر زیاتر بەرەو هێمنی وخۆشی بڕوات وئەمن وئاسایش زیاتر دابین بکرێ بۆ خۆشی وپاراستنی ژیان وملک ومالی هاوولاتیان، لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ بۆ ئەو هەڵوێستە ونرخاندنە. ئەگەر جەنابی وەزیر بەدواداچوونێکی کۆتایی هەبێت ، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فـــازڵ مـــیـــرانی/وەزیری نــاوخـــۆ:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لە ڕاستیدا وتەی بەڕێز کاک کانەبی ئاغا سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ جێگای ڕێز وستایشە وئاواتم ئەوەیە ئێمە جێگای ئەو بڕوایە بین، ئەو کەسە بین بۆ ئەو تێبینیانەی جەنابی پێشانی دا ودڵنیاتان ئەکەین سوێندەکەمان خواردووە لەپێش هەمووتان ئێمە تاماوین وتا لەم ئیشەدا بین پابەندی ئەو سوێندەین، چونکە ئەمە کارێکی شەرعی ومرۆیی ومیللی ئێمەیە هەر ئەوەندەش ئەڵێم (ربنا لاتزغ قلوبنا بعد اذ هديتنا وهب لنا من لدنك رحمة انك انت الوهاب) ئەمەش باشترین پەیڕەویی وباشترین خۆراگریبە بەرامبەر هەموو لادانێک، بەرامبەر بە هەموو فشارێک کە مرۆڤ لە ڕێگای ڕاستییەوە لابردرێت. دڵنیاشم ئەم کارەی پەرلەمان ئێستا خراوەتە گەڕ کاری

خۆی کردووە وتوێژینەوەی حکومەتی خۆی دەکاتەوە، ئەمەش یەکێک لەدەست کەوتەکانی ئەم ئەزموونەیە کە پێشکەشی کوردستان دەکرێت وهەمیشە جێگای رێزو سەرفرازبی ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ کاک فازڵ میرانی بۆ ئەو موداخەلەیە. جارێکی تریش سوپاسی لیژنەی ناوخۆ ئەکەین بۆ راپۆرتەکەی بۆ هەڵسەنگاندنی، بەراستی راپۆرتێکی بابەتی بوو وهیواداریـن لیژنەکانی تریش بەردەوام لەسەر ئەو پرۆگرامە برۆن وبتوانن وەکو لیژنەکانی پسپۆری ناو پەرلەمان لەگەڵ وەزیرە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم جۆرە ئێمە دەستنیشانی ئەو گیروگرفتانەی کە هەن بکەین وهەوڵدەین هەموو لایەکمان پێکەوە چارەسەرێکی هێمنانەی بۆ بدۆزینەوە. جارێکی تریش بە ناوی ئێوەی بەرێزەوە سوپاسێکی لیژنەی ناوخۆ ئەکەین وهەروەها سوپاسی جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەکەین کە تەشریفی هێنا بۆ ئێرە وبەو شێوەیە وەڵامی ناوەرۆکی راپۆرتەکەی دایەوە. دانیشتنی ئەمرۆمان لێرەدا تەواو ئەبێ ، سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان حەیدەری**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)نائاسایی

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٧/٧/٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)نائاسایی

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٧/٧/٦

**کاتژمێر ( ١١ )ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٧/٧/٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن دانیشتنی یەکەمی نا ئاسایی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی سازدا. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجومەن رادەی یاسایی کۆبوونەوەیان چەسپاند ئامادەبووان (٥٥ ) ئەندام بوون و بەرامبەر بە ئامادەنەبوونی(٤٦) ئەندام. ئەم بەڕێزانە غائیب بوون: ١ـ بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی ٢ـ بەڕێز د.حەسەن حوسێن بەفری ٣ـ بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی(لە دەرەوەن) ٤ـ بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز(غائیب) ٥ـ بەڕێز سەلام کەریم خان مەحمود(غائیب).**

**بەرنامەی کار:**

**١ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەزگای شەهید.**

**٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای راگرتنی سەر لەنوێ تۆمار کردن لەهەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٣ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای (إرجاء النظر بالالتزامات الحكومية السابقة).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکات.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ١٩٩٧/٧/٦ سێ خاڵە:

١. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەزگای شەهید.

٢. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای راگرتنی سەر لەنوێ تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای (إرجاء النظر بالالتزامات الحكومية السابقة).

بۆ بەرنامەی ئەمڕۆمان بە خاڵی یەکەم، گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەزگای شەهید، دەست پێ دەکەین. با برایانی لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرەوە، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:
تاريخ القرار:

(قرار)

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٦/٧/١٩٩٧ اصدار القانون الآتي:

قانون المؤسسة العامة للشهيد

القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٧

هەمووی بخوێنمەوە یان مادە مادە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە بە مادە دەخوێنرێتەوە، ئێستا لیژنەی یاسا هەندێ تێبینیان هەیە، ئەگەر هاتە پێشەوە لەناو ئەو مادەیە باسی ئەکەن، پاشان ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران چ تێبینیەکیان هەبێ، دوای ئەوە دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە لەسەر ئەو مادەیە. فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نوسخە کوردیەکەمان لەلایە وای بەباش دەزانم ئەگەر بە کوردیەکەی بخوێنێتەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بەندێکمان هەیە، لەوێ دەقی بنەڕەتی یاساکان موعتەمەد بە عەرەبییە لەبەر زاراوەی یاسایی(مصطلحاتی قانونی) بۆ دروستیی کوردیەکەی بەراورد ئەکەینەوە، چ ئیشکالێک دروست ناکات. لەدانیشتنی پێش ئێستا هەردووکی دابەش کراوە بەسەرتاندا لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران ئەو ڕۆژە نەهاتبوونە ئێرەوە، ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەمان نەکرد بۆیە لەوانەیە نەدراوە بە حکومەت. فەرموو کاکەڕەش دەست پێ بکە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى :ـ

تعني المصطلحات التالية والواردة في هذا القانون المعاني المؤشرة ازاءها:

١- المؤسسة ـ مؤسسة الشهيد.

٢- المجلس ـ مجلس ادارة مؤسسة الشهيد.

٣- رئيس المجلس ـ رئيس مجلس ادارة مؤسسة الشهيد (رئيس المؤسسة).

٤- الحركة ـ الحركة التحررية لكوردستان ـ العراق.

٥- الشهيد - شهيد الحركة التحررية لكوردستان - العراق.

٦- المعوق - المصاب بعوق جراء الحركة التحررية لكوردستان - العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش. ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینیەکتان هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نییە. ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر چ تێبینیەک هەبێ لەسەر ئەم خاڵە؟ فەرموو وەکو ئەنجوومەنی وەزیران یان وەکو وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز یوسف حەنا یوسف/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

في المادة الاولى الفقرات(٤، ٥، ٦) جاء في التعريف بالحركة: الحركة يعني الحركة التحررية لكوردستان - العراق، انا اقترح اضافة (الوطنية) الحركة التحررية الوطنية لكوردستان - العراق لانه هناك فرق سياسي كبير بين الحركة التحررية والحركة التحررية الوطنية، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش ئەگەر تێبینیەکت هەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئێمە جیاوازێکی لێ نابینین چونکە (الحركة التحررية) مانای ئەوەیە رزگار کردن. باوەڕ ناکەین چ رزگار کردنەک نیشتمانییەتی تێدا نەبێ. جا لەبەر ئەوەیە زمانی یاساش زۆر درێژی ناکاتەوە، هەمیشە یاسا کورت وچڕە، بۆیە لیژنەی یاسا پێشنیار دەکەین کە وەکو خۆی بمێنێتەوە. ئەوجا ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیر لەسەر پێشنیارەکەی خۆی سور بێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەتوانی بابەتەکەی بداتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. مافی دەنگدانی نییە.کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی دیاری بکرێ زۆر بە پەرت و بڵاوی هاتووە، من وای بەباش ئەزانم کە (الحركة التحررية لكوردستان- العراق) ئەمەی بۆ زیاد بکرێ(التي اندلعت منذ ١١/ ايلول/١٩٦١)، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەمە یاسای دەزگای شەهیدانی کوردستانە، ئەوەی کە پەیوەندارە بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. لەوانەیە زۆر کەس هەیە پێش(١٩٦١)تووشی ئازار وگرتن بوو بێت، لەوانەیە سەقەت یان شەهید بووبێت. لەبەر ئەوە ئەمە یاسای دەزگایەکە بۆ مافی ئەو شەهیدانەیە. یاسایەکی ترمان هەیە دوای ئەم یاسایە لەوێ مافی شەهیدان دیاری ئەکات لەو بابەتەوە. ئەو روونکردنەوەی کاکەڕەش لەسەر ئەو خاڵەی کاک أبو حکمەت پێشکەشی کرد وابزانم روونە، ئەمە مەسەلەیەکی یاساییە، ئەمە ووتارێکی سیاسی نییە، عادەتەن لە مەسائیلی یاسایی مرۆڤ ورد ئەبێ. تکاتان لێ ئەکەم ئەو برادرانەی کە دەرگای ناونووس ئەکرێتەوە ناوی خۆیان بنووسن، دوایی حەز ناکەین برادەران دیسان دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە چونکە کاتمان لێ دەبا. مادە یەک بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دانگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. فەرموو کاکە دکتۆر.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پرسیارەکەم لە لیژنەی یاسایە: تەنها ئەوەم بۆ روون بکەنەوە، خاڵی شەشەمی مادەی یەکەم (المصاب بعوق جراء الحركة التحررية لكوردستان ـ العراق) من ئەوە تۆزێک ئەشکالاتی تێدا ئەبینم، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وشەی (من جراء الحركة التحررية لكوردستان ـ العراق) بۆ(جراء)مان بەکار هێنا نەک (من أشتراك) چونکە لەوانەیە زۆر کەس هەیە خەڵکی دێهاتە لە ئەنجامی تۆپ بارانی رژێم بەبەر دەکەوێ قاچێکی لەدەست دەدا، دەستێکی لەدەست دەدا ئەویش هەر بەهۆی(الحركة) وەیە ئەگەر(حركة) نەبوایە کابرا وای بەسەر نەدەهات. جا بۆ ئەوەی ئەوەیش مەغدوور نەبێ وشەی(أشتراك) مان بەکار نەهێنا. هەرچی زەرەرمەند بێ، ئەندامێکی لە دەست دابێ بەهۆی بزووتنەوەکەوە.وا بەباشمان زانی کەوا ئەو یاسایە بیگرێتەوە، بۆیە بنەمای بەشداریمان لەبەر چاو نەگرت، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

راستی ئەو(جراء)ـە ئێستا تێبینیم کرد، ئەبێ ببوورن، ئەو(جراء)ـە لەوانەیە لە لایەنی یاساییەوە نەختێک هاووڵاتی بگرێتەوە، بەڵکو خەڵکێک بگرێتەوە کە شۆرشی کورد لێی دابێ، لەبەر ئەوە ئەبێ رێگای ئەوە ببرین، ئێمە لەلایەنی یاساییەوە ئەبێ بەشێوەیەکی وا دایبرێژینەوە کە ئەوانە

نەگرێتەوە کە شۆرش لێی داون یان ئەوانەی دژی کورد بوون بەو هۆیە وایان لێ هاتووە، ئەم شتە ئەبێ روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاکەڕەش با تەواوی بکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە(حركة) مان روون کردووە، ئەوەی شۆرش لێی بدات (الحركة التحررية) نایگرێتەوە، چونکە ئێمە گوتمان ئەوەی بەهۆی (الحركة التحررية) وە بێ، کابرایەک ئەگەر شۆرش لێی بدا بێگومان لە خەندەقێکی موعادی (االحركة التحررية) یە مانای ئەوەیە نایگرێتەوە ولە زمنی(الحركة التحررية)دا نییە. لەبەر ئەوە کۆتایی بابەتەکە براوەتەوە بەڕای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک حەسەن تێبینیت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین (من جراء) بکەین (أو بسببها) هەمان شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن، بەڕای من ئەم مەسەلەیەی کە کاکەڕەش ئاماژەی پێدا، ئەو تێبینیەی جەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران لە جێگای خۆیەتی وئەو روونکردنەوەی کاکەڕەش کردی وەکو لیژنەی یاسا روونکردنەوەیەکی روونەو هێماکەی جەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران دروستە، بەڵام لە بیر مەکەن دیسان بەتەئکید ئێمە یاسایەکی ترمان هەیە بۆ مافی شەهیدان وئەوانەی کە پێکراون. لەوێ بە وردی ئەبێ دیاری بکرێ، جەنابی سکرتێریش رای وایە کە لەوێ دیاری ئەکرێ و راڤەکەی ئەم برگەیە ئەوەیە کە ئێستاکە لیژنەی یاسا ئەو روونکردنەوەیان لەسەردا، ئێمە دەنگدانمان لەسەر داوە وبڕاوەتەوە. کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری موداخەلەی د. رۆژ دەکەم، چونکە بەم دەقە رەهایە سبەی هەر کەم ئەندامێک ئەتوانێ پارێزەرێک بگرێ(من جراء) ئەکەوێتەوە بەرگێکی یاسایی وداوای مافی خۆی ئەکات. ئینجا لە درێژییەکەی ئەبێ ئەم جیاوازیە دیار بکرێتەوە، ئەگەر نا خۆمان تووشی پابەندیەکی زۆر ئەکەین، هەر بەپێی ئەو یاسایەوە، ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی سکرتێری پەرلەمان ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، پاشان ئەوان ناونووس دەکەین فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ ڕەئیەکی مەعقوولە، چونکە یاسایەکی ترمان ماوە ئەو یاسایە مافەکانی کەم ئەندامان(معوق) ئەدات، ئەو کاتە لەوێ ئەتوانین وای لێ بکەین زیاتر روونی بکەینەوە مەبەستمان کامە کەم ئەندامە(معوق). لێرە لەو یاسایەدا ناوی(معوق) وابزانم لە یەک برگەدا هاتووە، ئەویش لە(مراكز التأهيل) واتە ئەگەر بێتوو ئێمە یەکێکی مەدەنیش وەربگرین لەوێ ڕای بهێنین ومەشقی پێ بکەین و وای لێ بکەین فێر بێت دوور نییە بارەکە زۆر نەبێت لەسەر حکومەت یان لەسەر خەزینەی گشتی، بەڵام سەبارەت بە یاسای تر پێویستە(معوق) زیاتر ڕوونکرنەوەی پێ بدەین، کامە (معوق) ئێمە مافی خانەنیشنی پێ بدەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. با ناونووس بکەین، دیارە برادەران ئەیانەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن. ڕوونکردنەوەی تریش هەیە، جا ئەگەر مۆڵەت بدەن با لیژنەی یاسا ڕوونکردنەوەکە بدات. فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە پەلەمان کردووە، لە مادە دوودا شتەکە ڕوون کرابێتەوە.(تؤسس بموجب احكام هذا القانون مؤسسة عامة تختص بشؤون شهداء الحركة التحررية لكوردستان العراق والمصابين بالعوق جراء مشاركتهم فيها تسمى بـ(مؤسسة الشهيد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ئینجا با ناونووس بکەین. ئەو برادرانەی دەیانەوێ قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بە باشی بیانبینم. د.ڕۆژ، کاک فرەنسۆ، کاک سەعید، د. ناسح، کاک سەفەر، کاک یونادەم، کەسی تر هەیە؟ شێخ جەعفەر، باشە. کاک دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە داوای قسە ئەکەم، ماوەم پێ بدەی، نەک ناونووس، چونکە لەوانەیە گفتوگۆ کە یەکلا بکەمەوە. من ئەمەوێ دوو شت لە یەکتر جیاواز بکەمەوە، یەکەم ئەوانەی کەم ئەندامن و ڕاهێنانیانە، ئەوە شتێکە ئیشی حکومەت وئیشی دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتیەو لە شوێنی خۆیدا ئەکرێ. ئەمە نابێ لەگەڵ (مؤسسة الشهيد) تێکەڵاو بکرێ. ئەمە دەزگای شەهیدە. ئەوانەی کە بەهۆی بەشدار بوون لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردا

شـەهـيـد بـوون يان تـووشى كـەم ئەندامـى بوون، ئينجـا من بە چاكى ئەزانم زۆر روون بێ لە ياساكەماندا و بەڕاستى ئەمە پێويست بە گفتوگۆو روون كردنەوە ناكەن، ياسا ئەبێ روون بێت، نابێ دوو بۆچوون هەبێ، چونكە ئەمـە تەنيا بۆ ئەمڕۆ نييە لەوانەيە بۆ(٥٠) ساڵى تر بێت. لە يەكەم رۆژەوە كە دامانا شتێكى روون دائەنێين و ئاشكرا ئەبێ هەم كەم ئەندام فلان هاوولاتيە كە فڕۆكە لێيداوە كەم ئەندام(معوق) بووە، يان پێشمەرگەيەكە قاچى بڕاوەتەوە(معوق) بووە، ئەمە مـافێكى تـايبەتـى هەيە وجێگير ئەبێ، ئينجا لە ياساكەدا ئەگەر ماوە هەبێ بە وشەيەك ئەوە بگۆڕێ با وشەيەك بكەينە سەرى، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس بۆ جەنابى سەرۆك ئەنجوومەنى وەزيران. خۆى ئەگەر پرۆژەكە هەموو بخوێندرايەتەوە لەوانەيە ئەو تێكهەڵچوونە كەمتر دروست ئەبوو. لەبەر ئەوە تێبينيەكەى هەر لەجێيە. لە برگە(١٠) لە ئيشوكارى ئەنجوومەنى دەزگا بۆ مەسەلەى كەمئەندامان ئەڵێت (رعاية وتأهيل معوقي الحركة من ال(پێشمەرگە) ودراسة أوضاعهم واعداد الاحصاءات الخاصة بهم ووضع الخطط لتدريبهم ورعايتهم وتأهيلهم ورفع مستواهم الصحي والاجتماعي والثقافي بانشاء مراكز خاصة بهم أو الاستفادة من المراكز والمعاهد الخاصة بدوائر الرعاية الاجتماعية والمنظمات الانسانية ذات الاهداف المماثلة و منحهم حق الاولوية في القبول وذلك بالتنسيق مع الجهات المختصة) لێـرە بە روونى مەسەلەى(معوقين) ئەو پێناسەيەى بۆ هاتووە. ئێمە ياساى شەهيدانمان هەيە، لەوێ بە تەئكيد ئەو تێبينيەى جەنابى سەرۆك ئەنجوومەنى وەزيران كە پيشانى دا بەدياري كراوى بيرى لێ كراوەتەوە. ديسان دەرگاى گفتوگۆ كراوەيە بۆ ئەو برگەيە، چونكە خاڵێكى يەكجار گرنگە حەقە ئەندامانى پەرلەمان بەتێروتەسەلى باسى لێوە بكەن وئەو تێبينيەى سەرۆك ئەنجوومەنى وەزيران باس بكرێ وبڕيارێكى لەسەر بدەين ئەگەر پێويست بوو بەبڕيار. ئێستاكەش كاك فرەنسۆ با بفەرمووێ.

**بـەڕێـز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەريـرى:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـوومـەن.**

كاكەڕەش گوتى مادەى دووەم دەڵێ بەپێى حوكمەكانى ئەم ياسايە دەزگايەكى گشتى دادەمەزرێ كە تايبەت بێ بە كاروبارى شەهيدەكانى بزووتنەوەى رزگارى خوازى كوردستانى عێراق وبەو كەسانەى كە لە ئەنجامى بەشدار بوونيان تيايدا تووشى كەم ئەندامى بوون، پێى دەگوترێ دەزگاى شەهيد. واتە لە بەندى دووەمدا چارەسەر كراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـوومـەن:**

جا ئەگەر جەنابى سەرۆك ئەنجوومەنى وەزيران واى بۆ دەچێ لەم دوو مادەيە كە ئێستاكە ئاماژەمان پێدا باسمان نەكردووە وهێشتاكە نەهاتينە سەرى، بەتەئكيد ئەو تێبينييەى ئێستا ديسان لە ياساى شەهيدان رەچاو دەكرێ. فەرموو كاك دكتۆر.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من روونە، (المعوق ـ المصاب بعوق جراء الحركة التحررية لكوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، بابزانین، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو یاسایەک یەکەیەکی تەواوە وبەش بەش ناکرێ. هەر مادەیەک راڤەی مادەیەکی تر دەکا. مادە دوو بابەتەکەی شەرح کردووە دەڵێ(ئەو کەسەی بەشداری کردووە) ئەمە زۆر روونە لەلایەنی یاساییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادە یەکدا برگە شەش پێناسەی کردووە دەڵێ(المصاب بعوق جراء الحركة) لەبەر ئەوە هەر جێگایەک زاراوەی (معوق) هاتبێ دەبێ لە هەموو جێگایەک بەهەمان مانا بڕوات. لە مادە دوودا دەڵێ(من جراء مشاركتهم) لە مادە هەشت دا دیسان دەڵێ(من جراء مساهمتهم) کەچی لێرە لە پێناسەکەیدا دەڵێ(جراء الحركة) ناڵێ(جراء مساهمتهم في الحركة) ئەوجا پێویست وایە لەهەر جێگایەک ناوی هاتبێ ئەو پێناسەیە دەبێ بگەڕێینەوە سەر مادە یەک کە دەڵێ(جراء الحركة)، دەبێ یەکگرتوو بێ و زاراوەکەش بەیەک مانا لێک بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەم مادەیە لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بە پێناسەوە هەیە، پێناسەش پێویستە زۆر روون بێت. تێبینیەکەی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە جێگای خۆیەتی، بۆیە من پێم باشە شەشەم بەو شێوەیە بێ:(المعوق ـ المصاب بعوق جراء مشاركتهم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاکە دکتۆر دەنگدانمان لەسەر ئەم مادەیە کردووە، بەڵام حەز دەکەم گوێ بگرین لە تێبینیەکان بۆ ئەوەی چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(جراء مشارکتهم) وشەی(مشارکتهم)زیاد بکرێ لەدوای(جراء) بە بڕوای من ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دەنگدانمان لەسەر ئەو مادەیە کردووە. بۆ ئەوەی تر ئەگەر چارەسەریەکی بۆ بدۆزینەوە، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیەکەی من هەر ئەوەیە(من جراء مشارکتهم) بەڕاستی(من جراء) لە یاسای عێراقیشدا مانا ناگەیەنێ(المساهمة الفعلیة)(المساهمة المباشرة فی الحرکة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس. کاک یونادەم فەرموو.

**بەڕێز یونادەم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە هەندێ (تەحەفظوزی) برادەران لێرە مەسەلەی سیاسی بێ. بۆ نموونە یەک دژی ودوژمنی شۆڕش بوو، بەڵام کەم ئەندامە. ئێستا چی بۆ بکرێ؟ بەڕای من بەشدار بووان کە ئەو کاتە دژی شۆڕش بوون ئێستا هەندێ مەواقیعیان وەرگرتووە. کەم ئەندام زۆر سروشتیتیە یارمەتی بدرێت چونکە مەسەلەیەکی مرۆییە، بەڵام لە کۆمەڵایەتی نەک لە دەزگاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بۆ شەهیدیش ئەوە پێناسە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە شێخ، ببوورە قسەکەت دەبڕم، ئێمە نە پەرتووک دەنووسین نە وتارێکی سیاسی دەنووسین.

ئەمە یاسایەو یاسا ئەبێت دیاریکراو بێت، گشتگر بێ. لەوانەیە سبەی ئەنجوومەنی وەزیران ڕێنوێنیێکی دوور ودرێژ دەرئەکات لەسەر هەر یەکێک لەمانە بۆ دەزگای شەهیدان، کە دەزگای شەهیدان خۆی لەسەر ڕۆشنایی ئەو یاسایە دادەمەزرێت یاخود ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕێنوێنی تایبەتی بۆ دەرئەکات، جا بەڕای من لە یاسایەک دا ناکرێ بەو شێوەیە درێژەپێدان هەبێ.
سوپاستان ئەکەین بۆ ئەو موداخەلاتانە، ئێمە دەنگدانمان لەسەر ئەو مادەیە کردووە. لە مادەکانی تردا هەندێ شت روون ترە. ئەو ئیشکالەی کە جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران هێمای بۆ کرد لە یاسای شەهیداندا بە تەئکید پێناسە ئەکرێ ویەکلاش دەکرێتەوە، وئەگەر لە دوارۆژا پاش دانانی ئەم یاسایە وپەسەند کردنی لە پەرلەماندا زانیمان گرفتێک هەیە ئەوکات ئەنجوومەنی وەزیران، یان( ١٠ ) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە داوای هەموار کردن بکەن وکێشەکە چارەسەر بکەن، بەو شێوەیە. زۆر سوپاستان دەکەین وبا بێینەوە سەر مادەی دووەم.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية : تؤسس بموجب احكام هذا القانون مؤسسة عامة تختص بشؤون شهداء الحركة التحررية لكوردستان - العراق والمصابين بالعوق جراء مشاركتهم فيها تسمى بـ(مؤسسة الشهيد ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینیەکی هەیە؟ نیتانە؟ ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینیەکیان نییە؟ بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە. تەنها دوو ئەندامی پەرلەمان ئەیانەوێ لەم بابەتە قسە بکەن. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا پرسیارەکەم ئەوەیە: ئەمە چەندین ساڵە کوردستان پرۆژەیەکی هەمیشەییە بۆ شەهید بوون. لەبەر ئەوە بۆ چی ناوی دەزگای شەهیدە، وەزارەتی شەهید نییە؟ لە چەند وڵاتێک لە دنیادا ناوی وەزارەتی شەهیدە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە شەهیدیان زۆرە. یاخود سەر بە وەزیرێکی هەرێم بێت بۆ کاروباری شەهیدان، چونکە وەزیر هەمیشە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەیە، کە چی ئەم ئەنجوومەنە هەموو دەم ئامادە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە وەڵام ئەدەنەوە. جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم بۆ چی دەزگای وەزارەت نییە؟ وەزارەت پابەندە بەهەندێ یاساوە ولەوانەیە بە تەواویی

سەربەست نەبێ، لە لایەنی دارایی وپیتاک و بەڕێوەبردنی کاروباری شەهیدان وپەنابەرانەوە. ئەگەر دەزگا بێ سەربەستیەکی ئەبێ بەو شێوەی بتوانێ زیاتر چالاکی هەبێ، زیاتر بەشێوەیەکی دوور لە رۆتین ودوور لە هەندێ یاسای تایبەتی یارمەتی چاکترو سەرپەرشتی باشتر بکاتە سەر کاروباری شەهیدەوە. سەبارەت بە پرسیارەکەی ترەوە ئەم دەزگایە هەروەکو لەمادەی (١٥)هاتووە بەستراوە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، سەرۆکی وەزیرانیش ئەتوانێ جێگرەکەی یان یەکێ لە وەزیران دەستنیشان بکات بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو دەزگایە، جا ئەوە چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرپەرشتی ئەکاو مافی هەیە ئامادەی کۆبوونەوەکان بێت. ئەمە ئاشکرایە زۆر سوپاس. کاک یونادەم فەرموو..

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گوێم لێ بوو ئەڵێ (قانون المؤسسة العامة للشهید) ئێستا دەزگاکە گشتییە یان تەنها دەزگایەکە؟ لەخوارەوە درێژکردنەوەکەی هەمووی دەڵێ(المؤسسة).

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المؤسسة العامة للشهید) چونکە پێناسە کراوە کە گوتت (مؤسسة) بەهەمان پێناسە دێ.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نابێ یەک بێ لەسەرەوەو لەخوارەوە؟

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چونکە پێناسەکە دەڵێ(قانون المؤسسة العامة للشهید). هەر کە گوتمان(مؤسسة الشهید) واتا(المؤسسة العامة للشهید) چونکە یاساکە ناوی ئەوەیە ئەوجا ئەگەر هەموارەکەشی زیاد بکەین چ اشکالی تیادا نامینێ(تسمی المؤسسة العامة للشهید)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین. مادە(٢)دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تكون للمؤسسة شخصية معنوية وذات نفع عام وتتمتع بأهلية قانونية كاملة واستقلال مالي وإداري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٣)چ تێبینیەک نییە؟ مامۆستا مەلاغەنی.

**بەڕێز مەلا عەبدولغەنی تەها محەمەد/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لە(شخصیەی معنویە) چییە بۆمان روون بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس. فەرموو کامتان؟ کاک محەمەد حەسەن فەرموو..

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(شخصية معنوية ذات ذمة مالية مستقلة وميزانية مستقلة تتملك الاموال المنقولة وغير المنقولة) ئەوە مانای (شخصية معنوية تقام الدعاوي عليها). کەساتیەکی دیار داوای لەسەر تۆمار دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک د.رزگار فەرموو..

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شخصیەی معنوی یەعنی (حقوق والتزام )یەعنی مافی موکتەسەبەو التزامیشی دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامیان دایەوە سوپاس، چ تێبینیەکی تر نییە لەسەر ئەم مادەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە. مادە سێ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تتولى المؤسسة تخصيص الرواتب التقاعدية والمكافات للشهداء والمعوقين وعوائلهم المستحقين وصرفها لهم وفقاً للتشريعات الخاصة بهم ورعاية أسرهم وتوفير التعليم والتأهيل الاجتماعي والمهني لهم للعيش حياة كريمة لائقة بمكانتهم تقديراً لتضحياتهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده(٤)چ تێبینی نییە لیژنەی یاسا، ئەنجوومەنی وەزیرانیش نیەتی؟ ناوی ئەندامان ئەنووسین، تکایە ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێت لەسەر ئەو مادەیە قسە بکەن دوای ئەوە کە رامانگرت دەستیان بڵند نەکەنەوە. کاک بورهان، کاک مەلاهادی، کاک یونادەم، مامۆستا مەلامەحمود، ئەم چوار کەسە ئەیانەوێت قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

عادەتەن خێزانی شەهید موچەکە وەرئەگرێ، لێرەدا هاتووە ئەڵێ(تتولی المؤسسة تخصيص الرواتب التقاعدية والمكآفات للشهداء) گونجاوتر ئەبێت ئەگەر بگوترێ (لعوائل الشهداء)(وللمعوقين) زیاد بکرێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس، با برادەران هەموو تێبینی خۆیان بڵێن، مەلا هادی فەرموو..

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەبوو، چونکە شەهید مافی براوەتەوە. خانەنشینی بۆ کێیە؟ بۆ خێزانی شەهیدە (وللمعوقين) هەمان رەئیشم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یونادەم ..

**بەڕێز یونادەم یوسف کنا/وەزیری ئیشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر ئەوە بوو(لذوي الشهداء والمعوقين) خێزانەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا ملامەحمود پرسیارەکەیان کرد سوپاستان دەکەین جا ئەو تێبینیە هەیە لەلایەن کاک بورهانەوە وبرادەرانی تر هەمان رەئیان هەیە، لیژنەی یاسا فەرموون ئەگەر چ تێبینیان هەیە..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای خانەنشینان بەناوی شەهیدان دەردەچێ دوایی کەس وکارانی شەهید پێدا دەچن و قەساماتی شەرعی پێشکەش دەکەن، بەگوێرەی ئەوە هەر یەکە بەشی بۆ دادەنرێت. بەڵام یاساکە یاسای خانەنشینانی شەهیدە، نەک یاسای خانەنشینی خێزانی شەهیدان، بۆ شەخسی شەهیدەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک فازڵ..

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر قسەی کاکەرەش ئەوە مافی شەهید وکەم ئەندامە(معوق)ـە بەلام میرات گرەکان وەری دەگرن بۆیە یاسای موچەی شەهید و(معوق)ـە، هی میراتگرانی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاکە وابزانم وەلامەکە روون وئاشکرایە، باشە، سوپاس. مامۆستا مەلاهادی وکاک یونادەمیش وابزانم وەلامەکەی برادەران روون بوو، ئەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الخامسة: ترتبط المؤسسة برئاسة مجلس الوزراء ولرئيس الوزراء انابة نائبه او أحد الوزراء للاشراف عليها ويحدد هذا القانون حدود وطبيعة هذا الاشراف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(٥)چ تێبینی لەلایەن لیژنەی یاساو ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لەسەر نییە؟ برادەران ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر تێبینیەکیان هەیە؟.. نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. ببورن، دەگەڕێمەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەڵێن(يحدد هذا القانون) بڵێن (اشرافها) کە تەبیعەتی سەرپەرشتی بەپێرەوە، چونکە ئەو یاسایە دیاری نەکردووە(بهذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم پێویست ناکات بڵێین لێرە لەم یاسایە هەندێ لە کارەکانی ئەو سەرپەرشتیە دیاری کراوە، بەلام ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە پێرەوێکی تایبەتمەند دەربکات، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو بریارەکانی ئەنجوومەنی دەزگا بەر رەزامەندی ئەو وەزیرە یان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەوەی سەرپەرشتی لەسەر دەزگا دەکات، ئەوە چەشنێکی سەرپەرشتیە ئیتر مافیشی هەیە لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دەزگاکەدا ئامادە بێت وگفتوگۆیان لەگەڵدا بکات مانای

سەرپەرشتیەکە ئەو سنوورەیە، واتە ئەگەر بێتو بڕیارێک بۆ خۆی ڕەزامەندی نەکات لەسەری ڕەت دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، مادە(٥). کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تتكون تشكيلات المؤسسة ممايلي:-

١- مجلس ادارة المؤسسة ٢- تشكيلات مركز المؤسسة وتتكون من: أ- قسم الادارة والذاتية ب- قسم التخطيط والدراسات والمتابعة ج- قسم الحقوق د- قسم الحسابات هـ- قسم التدقيق.

برگەی(٣):(المديرية العامة)، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن لێرە ئێمە تێبینیەکمان هەیە دەخوێنینەوە(المديرية العامة للمؤسسة وتتكون.). لێرە واهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا حەز دەکەی بیخوێنەوە دوایی تێبینیەکەی خۆتان بڵێن..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المديرية العامة للمؤسسة وتتكون من أ- مديرية التقاعد ب - مديرية التأهيل ورعاية المعوقين ج - مديرية الاستثمارات د- المديريات والادارات الفرعية في المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو تێبینی ئێوە چییە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر برگەی(٣)یە بەو شێوەیە:(المديريةالعامة للمؤسسة يرأسها موظف يحمل شهادة جامعية اولية وينوب عن رئيس المؤسسة عند غيابه لأغراض رسمية ويخول كافة صلاحياته وتتكون المديرية العامة مما يلي: ئەوجا برگەکان(أ، ب، جـ،،ء) هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقەکە ئەگەر زەحمەت نییە بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی برادەرانیش لایان روون بێت برگە(٣) تێبینییەکی لیژنەی یاسا هەیە ئەیخوێنیتەوە تکایە ئەگەر حەز دەکەن بینووسن لای خۆتان. فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣- المديرية العامة للمؤسسة يرأسها موظف يحمل شهادة جامعية اولية وينوب عن رئيس المؤسسة عند غيابه لاغراض رسمية ويخول كافة صلاحياته وتتكون المديرية العامة مما يلي :(أ، ب، جـ ، د) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، تەنها ئەو تێبینییەی لیژنەی یاسا هەیە. ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینی نییە؟ سوپاس، ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئەو گۆڕانکاریە لارییان نییە. کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی ترم هەیە لەسەر بڕگەی(٣) مادە(٦) (المديرية العامة للمؤسسة يرأسها موظف من الدرجة الأولى) وەیاخود(له خدمة لاتقل عن عشر سنوات يحمل شهادة جامعية والى آخره) یەکێک لە کۆلێژ دەربچێ ئەمساڵ ئایا دەکرێ ببێتە بەڕێوەبەری گشتی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێوە لێرە بەناوی لیژنەی یاساوە ئەبێ یەک ڕەئیتان هەبێ. بابزانین سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، کاک د. فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین بەڕێوەبەری گشتی بڕوانامەی جامیعی ئەوەلی هەبێت، پشتگیری ئەوە دەکەین پێویستە لەو مەرکەزەدا کە بڕوانامەی جامیعی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەڕێوەبردنی ئیشەکە بە ڕێک و وپێکی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەبێ(١٠) ساڵ خزمەتی هەبێ، چونکە لەوانەیە کادرێکی پێشکەوتوی شۆڕش وبزاڤی ئازادیخوازی کوردی هەبێ کە شایستەی ئەوەی هەبێ ئەو دەورە ببینێ بڕوانامەی زانکۆشی هەیە، ئێمە ئەو ئەرکە بە باشتری ئەزانین بەوی بسپێرین نەک بە کارمەندێکی تر بۆیە نامانەوێ ئەو شەرتە دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک فرەنسۆ دەستی بەرز کردەوە واتە باشە. سوپاس ئێستا ناونووسی برادەران دەکەین کە ئەیانەوێ لەسەر ئەو بابەتە بدوێن، کاک شێخ جەعفەر، کاک ئیبراهیم، کاک جەمیل ئەم سێیانەن. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی کەسوکاری شەهیدان دەوریان هەبێت لە بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایەدا من واپێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێ: (المدیر العام للمؤسسة ویشترط ان یکون حاصلاً علی شهادة جامعیة اولیة ومن ذوي الشهداء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەڕاستیدا جێگای تەقدیرە کاک شێخ جەعفەر بەو شێوەیە بیر لەوە ئەکاتەوە چونکە وەکو لیژنەی پێشمەرگە بەڕاستی گرنگی بە مەسەلەی شەهیدان داوە وەکو برادەرانی تریش، بەڵام وابزانم ئەو دیاری کردنە لەوەیە ئەگەر دەست نەکەوت چی بکەین لەو حاڵەتە؟ لەبەر ئەوە وابزانم لە یاسادا بەو دیاری کردنە لەوانەیە هەندێ کێشە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دروست بکات.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس وکاری شەهیدان زۆریان خاوەنی بڕوانامەی بەرزن وئەو مەرجانەشیان تێدا هەیە، هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی ئەو مەرجانەیان تێدایەو زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک د. هیچ هەیە؟

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس وکاری شەهیدان شایستەی هەموو شتێکن، شایستەی هەر وەزیفەیەکن، شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان ئەوەندە زۆرن وپیاو بەڕاستی بەبێ ئەوەی موبالەغە بکات ئەتوانێ بڵێ هەموو مرۆڤێکی کورد شەهیدێکی هەیە لە خێزانەکەیدا. لەبەر ئەوە ئەو مەرجە پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی(٣)، بەڕێوەبەری گشتی لەڕاستیدا وورد تر بیت، دەزگاکانی بەرهەم هێنەر بە گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بەتایبەت کە بەرهەم هێنەرن لە عێراقدا پێیان دەڵێن (المنشأة العامة)، پێیان ناڵێن(المدیریات العامة) کە سەر بە دەزگانە، وابزانم کۆمپانیاکانیی گشتی دەسەڵاتی لەبەڕێوەبەرایەتیەکان زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

دەربارەی بڕگەی(٣) من چ تێبینیم نییە، پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم، بەلام من لە هەمان بابەتدا تێبینیم لەسەر بڕگە(٢) هەیە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

مادەی(٦)، فەرموو..

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەو بڕگەیە دەڵێ (تشكيلات مركز المؤسسة تتكون من: قسم الادارة والذاتية، قسم التخطيط والدراسات والمتابعة، قسم الحقوق، قسم الحسابات، قسم التدقيق) هێژا سەرۆکی پەرلەمان دەزگای شەهید زۆر گەورەیە من وای دەبینم ئەو بەشانە بەڕێوەبەرایەتی بێت، (مديرية إدارة و ذاتية مديرية تخطيط ودراسات) چونکە زۆر دەزگایەکی گرنگە بەشێکی بچوک نییە، هەروەها بەشی ماف ئەبێ بەڕێوەبەرایەتی ماف بێت، بەڕێوەبەرێکی ماف پەروەری هەبێت، چونکە بەدواداچوونێکی زۆری دەوێ ئیشێکی زۆری ئەوێ، هەروەها ژمێریاریی شتێکی زۆر گرنگە، (حسابات وأستثمارات)ئەبێ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بێ، وردکاری زۆر گرنگە ئەبێ بەڕێوەبەری وردکاری بێ نەک بەشی وردکاری، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس. ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینییەکی هەبێت دەربارەی ئەو رەئیەی کاک جەمیل.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ ســـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لەڕاستیدا ئەو شێوەیە بە بەش بێ بە باشتری ئەزانین، لە بچوک دەست پێ بکەین باشترە لەوەی کە دەزگایەکی گەورەی بەڕێوەبردن دروست کەین کە داهاتی خۆی خۆی بیخوات، هەتا پێمان بکرێت بچوکی کەینەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس. کاکەڕەش وەڵامت هەیە بۆ برادەران؟

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بەوەی کاک ئیبراهیم فەرمووی بابەتی کۆمپانیا شتێکی مەرج نییە ئیلا لە چوارچێوەی دەزگاکان هەر دەبێ کۆمپانیا بێ، دەکرێ کۆمپانیاش بێ ودەشکرێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت. کۆمەڵێک کۆمپانیا ئێستا لەوەزارەتی کشتوکاڵیدا هەیە. دەزگا هەیە دەزگای رۆشنبیری

جووتیاران هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تێدایە کۆمپانیا نینە، چونکە کۆمپانیاکان عادەتەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیان هەیە وئێمەش نامانەوێ دوو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنمان هەبێ. لە ناو دەزگاکەدا سێ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنمان هەیە، لە ناو کۆمپانیای گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیش هەر هەمان بێ لەبەر ئەوەی ناومان ناوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شتێکی زۆر ئاساییە(أعتیادي) ـە، سەبارەت بەو پێکهاتەی کە کاک جەمیلیش فەرمووی ئەوەی بەڕێز کاک د. ڕۆژ شەرحێکی زۆر معقولە ولە دواییشدا دەقێک هەیە دادەنرێت کەوا دەزگاکە بۆی هەیە دروست کردنی ولابردنی بەڕێوەبەرایەتیەکان وبەشەکان بکات مانای وایە ئەگەر شتێکی پێویست بوو کاتی خۆی دایدەنێ و ئیشوکاری خۆی دەتوانێ راپەڕێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەلامەکە روونە بۆ هەردوو برادەران، چ تێبینیان نییە؟ هەموارەکەو پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا بەو زیاد کردنەی لەسەر برگە(٣)ی مادە(٦)دا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السابعة: یكون مجلس الادارة السلطة العلیا في المؤسسة ویتألف ممایلي:

١- رئیس المؤسسة .

٢- مدیر عام المؤسسة. تەبعەن ئەوە گوازراوەتەوە، ویشترط أن یكون حاصلاً على شهادة.
ئەوەی پێناوێ ئەوە چوێتە سەرەوە.

٣- ثلاثة اعضاء یعینهم مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجدید، ممن لهم ماضي مشرف ومساهمات مشهودة في الحركة تؤهله خبراته المكتسبة منها لخدمة أغراض المؤسسة والمساهمة في تحقیق اهدافها.

٤- ممثلو وزارة المالیة ووزارة ال(پێشمەرگە) ووزارة الصحة والشؤون الاجتماعیة ووزارة التنمیة والاعمار على ان یكون ممثل كل وزارة بدرجة مدیر عام وتكون وظیفته ذات تماس بمهام واهداف المؤسسة ویتم امر تنسیبه من قبل رئاسة مجلس الوزراء بعد ترشیحه من قبل الوزیر المختص.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئێمە تێبینیەکمان هەیە رامان وابووە ئێمە لیژنەی یاسا ناوەکان یەکسەر بچەسپێنین هەر ناونیشانەکان ناو بنێین بلێین فلان بەڕێوەبەری گشتی ئەوجا ئەوەش بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە:

صیاغة المادة السابعة من المشروع بالشكل التالي :

أ- رئیس المؤسسة: رئیسا لمجلس الادارة.

ب- مدير عام المؤسسة: نائباً لرئيس مجلس الادارة- ويكون رئيساً عند غياب رئيس المؤسسة.

ج- مدير عام الرعاية الاجتماعية ممثلا لوزارة الصحة.

د- مدير عام التنمية والاعمار ممثلاً لوزارة التنمية والاعمار.

هـ- مدير المالية العام ممثلا لوزارة المالية.

و- ممثل عن وزارة شؤون ال(پێشمەرگە)-لاتقل رتبته العسكرية عن(رتبة عقيد).

ز- ثلاثة خبراء يعينهم مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد ممن لهم ماضي نضالي مشرف ومساهمات مشهودة في الحركة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسا بوو لەسەر مادە(٧)برگە(٤)ی بەتایبەتی، تەنها ئەوەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن ئەوە لابدرێ بەو ناوەی پێناسە کراوە. باشە ئەو پێشنیارە بابزانین سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران تێبینیەکی هەیە؟

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو گۆڕانکاریانە بەباش ئەزانین، هەموار بکرێت ئاستی دەقەکە دەوڵەمەند دەکات وپشتگیریشە بۆ ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانەی کە لەدەزگای شەهیدان کار دەکەن لەدوا ڕۆژدا کە بە یاسا فەرمانەکانیان یەکسەر جێگیر دەکرێ. تەنیا تێبینیم هەیە لەسەر نوێنەری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، زۆر روون نییە وهۆیەکەی چییە(لاتقل رتبته العسكرية عن رتبة عقيد)، من ئەوە بەباش نازانم، بەپێچەوانەوە دیاری بکرێت باشترە یان سەرۆکی ئەرکان یان یەکێ لەیاریدەدەرانی سەرۆکی ئەرکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێوە خۆتان وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کامیان پێشنیار دەکەن؟

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیاری سەرۆکی ئەرکان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مافی خۆتە سەرۆکی ئەرکان بچەسپێندرێت لەوێندەرێ، چونکە پێشنیاری ئەوانە ئەو پێشنیارە دەخەینە ناو ئەوەوە. کاک فازڵ فەرموو..

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی هەیە، ئەو بێ باشترە،

چونکه سەرۆکی ئەرکان ناتوانێ بە بەردەوامی لەدەزگای شەهید ئامادە بێت، کردەوەکەی جیاوازە ولەوانەیە خەلەلێک بخاتە دەزگای شەهیدو کار بکاتە دەوام لە وەزارەتی پێشمەرگەدا. بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی پێشمەرگە لەجێوە ئەتوانێ ئەم ئیشە ببینێ نەک سەرۆکی ئەرکان، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک د.ڕۆژ..

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر ئاساییە(أعتيادية) لەڕاستیدا دامەزراوی تازەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ئەوە بە تێرو تەسەلی گفتوگۆ بکرێت.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە، بەڕێوەبەری گشتی دارایی ئیشی کەمتر نییە لە سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە. بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان هونەرییە، ئیشی کەمتر نییە، ئەوەش ئیشی ڕۆژانەی خۆی هەیە، بەلاّم ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای شەهید گەورەترین دەزگایە مانگێ جارێک کۆبێتەوە لەبەر ئەوە ئەو کەسایەتیانەی کە ئامادە ئەبن تا پلەو پایەیان زیاتر بێ واتە گرنگی زیاتر بە دەزگای شەهید ئەدەین وگرنگی زیاتر بە شەهیدان ئەدەین، بۆیە من دووبارەی ئەکەمەوە سەرۆکی ئەرکان بێ چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کۆبوونەوەکانی دەزگای شەهید هەمیشەیی نییە، وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد کە بکرێتە مانگێ جارێک، وابزانم دیاری کراوە لەکاتی پێویست دا کۆبوونەوەکان بکرێت. ئەوەی کە کاک فازڵ باسی کرد ئەوە بەڕێوەبەری فەرمانگە لەکاتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی تری دا کە بەڕێوەبەری گشتین. ئەگەر ئێمە بڵێین فەرمانگەی یاسایی لەوانەیە لەبارەی فەرمانبەرایەتی لەگەڵ ئەواندا نەگونجێ، جا پێشنیارێک هەیە ئێستاکە ئەوە ئەڵێین پلەکان نەما.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تێبینی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگیرێت ئێمە لاریمان نییە، با بێتە جێی پێشنیارەکەمان، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

دووەمیش پلە نەمـا(بدرجــة)، ئەوە ئەبێ هەڵـیگرن چونکە یەکسـەر پێناسە کـراوە، بەڕێوەبەری گشتی بەناو، پلە هەڵگیرا لە مەسەلەکە، سەرۆکی ئەرکان لەوەزارەتی پێشمەرگە، ئەو پێشنیارەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە خرایە سەر پێشنیاری لیژنەی یاسا وپەسەندیان کرد وەکو مادە ئەیخەینە دەنگدانەوە مادە(٧). مامۆستا ملامەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مـەحـمـود فـەندی عـەبدوڵلا دێرشـەوی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بڕگـە(٣) ثلاثة اعضاء يعينهم مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد ممن لهم ماضي مشرف) ئەڵێ ئەگەر ئەو سێ ئەندامانە رابوردوویەکی پاکیان هەبێ، پاش وەخت پیس بێت بەوی دی بدرێت هەر هەمان شتە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەڵێ سوپاس، کاکەڕەش وەڵامی نییە؟

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەو دەسەڵاتە هی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەگەر(٣)ساڵەکەش تەواو نەبێ خۆ دەتوانێ لایان بدات، ئەگەر مەرجەکەی لێ نەهاتە دی، ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە. ئێمە وتمان دەبێ مەرجی تێدا هەبێ ئەگەر مەرجەکە نەما مانای وایە دەبێ ئەندامەتیشی نەمینێ، بەڵام ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان رێم بدات کە دووبارە بیخوێنمەوە، لە پێشنیارەکاندا بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران رای وابوو کە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بچێتە زنجیرەی پێشەوە ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

خراپ نییە فەرموو.. جارێ مامۆستا وابزانم رەئیەکەی لیژنەی یاسا روون بوو، مەرجی(٣)ساڵە ئەگەر ونی کرد بەتەئکید زۆر ئاساییە کە ئەو مەرجەی لێرە تێدا نییە..

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

يكون مجلس الادارة السلطة العليا في المؤسسة ويتألف ممايلي:

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ويكون المجلس السلطة العليا في المؤسسة ويتألف ممايلي:

أ ـ رئيس المؤسسة ـ رئيساً للمجلس.

ب ـ مدير عام المؤسسة نائباً لرئيس المجلس ويكون رئيساً عند غياب رئيس المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەڕەش ئەگەر مۆڵەت بدەی، بە یەک و دوو هاتووە لە پرۆژە بنەڕەتیەکەدا. بیکە (١و٢) چونکە لە یاساکەدا وا نووسراوە.

١ـ رئيس المؤسسة.

٢ـ مدير عام المؤسسة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢ـ مدير عام المؤسسة: نائباً لرئيس مجلس الادارة، ويكون رئيساً عند غياب رئيس المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەڕێوەبەرە گشتییەکە پێناسەیەک کراوە، بۆچی لە برگە (٣) دیاریمان کردووە، لە مادە (٦) ئەوە تەواو بووە؟ وابزانم لای ئەدەین، پێویست بەوە ناکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣ـ رئيس اركان وزارة شؤون الـ(پێشمەرگە) ممثلاً عن وزارة شؤون الـ(پێشمەرگە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، سێ ئەندام.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەوە پێش ئەخەین، برادەران رایان وابوو سەرۆکی ئەرکان پلەی لە(المدير العام) گەورەترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ١ـ رئيس المؤسسة، ٢ـ المدير العام للمؤسسة، ٣ـ ثلاثة اعضاء يعينهم مجلس الوزراء.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە، لەلای ئێمە زنجیرەکەی وانەبوو، ئێمە تێبینییەکانی خۆمان دەخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ بووە چوار.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٣- رئيس اركان وزارة شؤون الـ(پێشمەرگە) ممثلاً عن وزارة شؤون الـ(پێشمەرگە).

٤- مدير عام الرعاية الاجتماعية ممثلاً لوزارة الصحة.

٥- مدير عام التنمية والاعمار ممثلاً لوزارة التنمية والاعمار.

٦- مدير المالية العام ممثلاً لوزارة المالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە گفتوگۆی لاوەکی نەکرێتەوە بابزانین، ئێستا ئەوەهای لێ هات. ممثل وزارة الـ(پێشمەرگە) ئەبێت بە (رئيس الاركان) تەواو بووین. ئەی بڕگە (٣) تان چی لێ کرد؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆتاییەکەیە.

٧- ثلاثة خبراء يعينهم مجلس الوزراء لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد ممن لهم ماضي نضالي مشرف ومساهمات مشهودة في الحركة. دوا بڕگەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەم مادەیە خوێندرایەوە بەو شێوەیە، ئەوەی ئەیەوێ قسە بکا دەستی بەرزبکاتەوە، ناونووسی ئەکەین ئینجا مۆڵەت وەربگرێ و قسە بکات. کاک سەعید. کێی تر لە برادەران ئەیانەوێ قسە بکەن لە بابەتەکە؟ کاک ئیبراهیم. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و سەرۆکی دەزگاکە ئامادە نەبێ دەڵێ بەڕێوەبەری گشتی جێی ئەو دەگرێتەوەو چاودێر دەبێ لەسەر لیژنەکە. باشە مەعقولە بەڕێوەبەری گشتی ببێتە سەرۆکی لیژنەیەک سەرۆکی ئەرکانی سوپای تێدابێ لەلایەنی پرۆتۆکۆلییەوە؟ من بۆیە پشتگیری کاک فازڵ دەکەم کە دەڵێ بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە ئەنجومەنەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی کە سەرۆکی ئەرکان ئەندام ئەبێ لە لیژنەی دەستەی دەزگا سەنگ وپشتگیرییەکە بۆ دەستەی دەزگاکە، ئەو نوێنەرەی وەزارەتی پێشمەرگەش کە لەوێ دەبێ ئەبێ یەکێکی باڵا دەست بێ وبتوانێ بڕیاریش بدا وپشتگیرییەکی تەواوی دەزگاکە بکات، بۆیە ئێمە بەچاکی ئەزانین

نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە سەرۆکی ئەرکان بێت، بەڵکو یاریدەدەری تری نەبێ، بۆ نموونە بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی کاری تەنیا بابەتی کاروباری یاساییە، بەڕێوەبەری میرە تەنها ئیشی میرەیە، بەڕێوەبەری حەرەکات تەنها ئیشی حەرەکاتە. لەبەر ئەوە پێکهاتەی وەزارەتی پێشمەرگە خۆی وایە ئەندامێکی چالاکی بەتوانا سەرۆکی ئەرکانە، سەرۆکی ئەرکان کە ئامادە دەبێ وەکو باسمان کرد، مانگێ جارێک ئامادە دەبێت. مەسەلەی نەهاتن، جێگری سەرۆکی دەزگا کاتێ سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە دەکات ئەگەر سەرۆک ئامادە نەبێ، ئەمە دەشێت بارێکی نائاسایی بێ ولەوانەیە لەبنەڕەتدا روونەدات، چونکە لەهەمان کاتدا وەزیرێکیش هەیە سەرپەرشتی دەکا، وەزیر ئەبێ بە سەرۆکی کۆبوونەوە وئەوەشتان لە بیر نەچێ سەرۆکی دەزگا خۆشی پلەی بریکارە، واتە پلەی بریکاری وەزارەتە، لەبەر ئەوە شتەکە هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە، ناتەواویەکەیش شتێکی وا نییە بڵێین ئێمە ناتوانین بیکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەها دەکرێ کە دەڵێن(الوکیل کالاصیل) کە ئەو بریکارە دەسەڵاتی سەرۆکی دەزگاکەی هەبێت، بەپێی ئەم یاسایە وابزانم ئەو کاتە سیفەتی بەڕێوەبەرە گشتییەکەی نامێنێ لەو دانیشتنەدا، هەتا ئەگەر وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باسی کرد ئەو ئەگەرانەش نەبێت. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا لەسەر سێ ئەندامەکان هاتووە ئەڵێ(لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجدید) نوێ کردنەوە بۆ چەند جار؟ واتە ئەگەر زۆر جار بێ ئەبێتە فەرمانبەر، بۆ نموونە جارێک، دوو جار ئەیگۆڕن، سێ کەسی تر ئەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەرای من حەق نییە بەو شێوەیە بیر بکەینەوە. ئەم بابەتە بەجێ هێشتراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران سێ کەس دادەنێ، ئەگەر زانی باش ئیش وکارەکەی خۆیان دەکەن خوا ئەکا(انشاء الله) دە جار نوێیان ئەکاتەوە، ئەگەر ئیش وکارەکەیان وەکو پێویست ناکەن، لایان ئەدا سێ کەسی تر دەهێنێ، بۆ ئەگەر نوێ بکرێتەوە ئەبێتە فەرمانبەر؟ یەکەم بەسیفەتی فەرمانبەر نایەت، بە پاداشت دێن وهیچ سیفەتی فەرمانبەرایەتیان نییە وبە خزمەت بۆیان حساب ناکرێ، چونکە فەرمانبەری دەزگا نین وناش بن بە فەرمانبەر، ئەوانە پسپۆڕن، وەکو

پسپۆڕ دێن. دەکرێ ئەهلی بن. گوتوومانە مەرج نییە فەرمانبەر بن وئەنجوومەنی وەزیرانیش مافی خۆیەتی ئەو دەسەڵاتەی هەبێ کە سێ کەس دابنێ وبیگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش. ئینجا مادە حەوت وەکو بەو هەموارانەی کە خرایە سەری خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەم. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثامنة: يختص المجلس بالمهام التالية:ـ

١ـ تطبيق احكام هذا القانون والقوانين والقرارات والانظمة الخاصة بتقاعد شهداء الحركة أو المصابين بالعوق جراء مساهمتهم فيها، والقوانين والقرارات ذات العلاقة بشؤونهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، هەمووی دەخوێنیتەوە یان بڕگە بڕگە؟ هەمووی بخوێنەوە بەڕای من باشترە بۆ ئەوەی تەواو بێ ئینجا برادەران ئەگەر چ تێبینیەکیان هەبێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢ـ اقتراح التعديلات القانونية لتطوير المؤسسة والقوانين والقرارات ذات الصلة بمهامها ورفعها الى مجلس الوزراء.

٣ـ وضع السياسة العامة لتنمية موارد المؤسسة واستثماراتها ضمن اطار اهدافها القومية والوطنية والاجتماعية والاقتصادية والاشراف على تنفيذها من قبل اجهزة المؤسسة.

٤ـ إقرار الميزانية العامة للمؤسسة وحساباتها الختامية واجراء المناقلات والتعديلات عليها وفق القوانين النافذة.

٥ـ وضع ملاكات المؤسسة وتعديلاتها.

٦ـ احالة المناقصات والمزايدات والموافقة على العقود والتعهدات والالتزامات المالية ضمن نطاق الميزانية المصدقة.

٧ـ تحديد ومنح المخصصات للموظفين العاملين في اجهزتها أو المنتسبين اليها وقتياً والخبراء المنتدبين لها على ان لا يتجاوز(١٢٠٪) من راتبهم. ومنح مخصصات لاتزيد عن(٧٠٪) من الراتب لمن يكلف باعمال اضافية خارج أوقات الدوام الرسمي.

٨ـ تشكيل اللجان لدراسة مختلف شؤون المؤسسة ولها الاستعانة بخبراء من خارج المؤسسة لقاء اجور يقررها المجلس.

٩- رعاية وتأهيل اولاد الشهداء ممن يخشى معاناتهم من حالات التفكك العائلي لفقدانهم الوالدين أو احدهما.

١٠- رعاية وتأهيل معوقي الحركة من الـ(پێشمەرگە) ودراسة اوضاعهم واعداد الاحصاءات الخاصة بهم ووضع الخطط لتدريبهم ورعايتهم وتأهيلهم ورفع مستواهم الصحي والاجتماعي والثقافي بأنشاء مراكز خاصة بهم أو الاستفادة من المراكز والمعاهد الخاصة بدوائر الرعاية الاجتماعية والمنظمات الانسانية ذات الاهداف المماثلة ومنحهم حق الاولوية في القبول وذلك بالتنسيق مع الجهات المختصة.

١١- اقتراح تعيين الموظفين لمجلس الوزراء، وللمجلس ترفيعهم ونقلهم وقبول استقالاتهم واحالتهم على التقاعد وتنسيبهم ومعاقبتهم وفصلهم والتعاقد مع الخبراء والفنيين للعمل فيها.

١٢- وضع تقرير سنوي عن اعمال المؤسسة يرفع الى مجلس الوزراء عن مجمل نشاطات المؤسسة وانجازاتها ومشاكلها وأرائها ومقترحاتها.

١٣- للمجلس فتح دوائر فرعية للمؤسسة في الوحدات الادارية واستحداث الاقسام والشعب ودمجها والغاءها حسب الحاجة وتحديد مهامها واختصاصاتها بتعليمات.

١٤- للمجلس تخويل بعض من صلاحياته لرئيس المؤسسة ومديرها العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینی نییە؟ دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بۆ ئەم مادەیە، ئەوانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن لەسەر ئەم مادەیە: کاک فازڵ، کاک شێخ مەئمون، کاک شێخ ڕەقیب، کاک ئیدریس، کاک بورهان، کاک شێروان، کاک جەمیل، مامۆستا مەلا تاهیر، د.رزگار. فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک پێشنیاری زمانەوانی هەیە، بەڕای من لە ژمارە(١١)، یەکەم لە لایەنی زمانەوانییەوە تۆزێک نارێکە(اقتراح تعيين الموظفين لمجلس الوزراء)، عادەتەن(الاقتراح على) پاشان راستەوخۆ و(للمجلس ترفيعهم ونقلهم) کامە ئەنجوومەن؟ ئەنجوومەنی وەزیران یان ئەم

ئەنجـوومـەنە؟ من ئەڵێم لەلایەنی زمـانەوە نارێکەو بۆچوونی جـیـا هەڵدەگـرێ ئەمـە راست بکرێتەوە(اقتراح تعيين الموظفين لمجلس الوزراء، وللمجلس ترفيعهم) روونتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ مەئمون.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

هەمان تێبینی کاک فازڵم هەبوو برگە(١١)(للمجلس ترفيعهم) دیاری بکەن کـام ئەنجوومەن؟ ئەنجوومەنی وەزیران یاخود ئەنجوومەنی نیشتمانیی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ئیدریس

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە برگە حەوت خاڵی حەوتەم(تحديد ومنح المخصصات للموظفين العاملين في اجهزتها) ئەوە سـەبارەت بە دەرمـاڵە لە(١٢٠٪) ئەوە یەکـێکە لە دام ودەزگـاکـانی حکومـەتی هەرێم. دەرمـاڵەی فـەرمـانبـەران هەمـووی بەپێی پەیڕەو ویاسـا دیاری کـراوە. ئەندازیارێک لە(١٢٠٪) زیاتر وەرئەگرێ، ئەگەر لەم دەزگایە بێ مانای ئەوەیە مەغدور دەبێ. بەڕای من دیاری کـردنی ئەو سەقفە بەو شێوەیە(على ان لا يتجاوز ١٢٠٪ من الراتب لمن يكلف بأعمال اضافية) باوەڕ دەکەم ئەم دیاری کردنە لە شوێنی خۆی دا نییە، سەقفەکە دیاری کراوە ئەبێ هەر وەکو دام ودەزگاکانی تر دەرمـاڵەکـانیـان ئیـشی پێ بکرێ. ئینجـا رەچاوی هونەری وبەڕێوەبردنی ئەوانی تریش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بـورهـان عـەلی جـاف:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من تێـبینی تێکەڵاوی ئەکەم لە دەسـەڵاتی ئەنجـوومـەن وسەرۆکی دەزگـا وەکـو لە برگـە(١١)دا هاتووەو ئەڵێ:(اقتراح تعيين الموظفين لمجلس الوزراء، وللمجلس ترفيعهم ونقلهم) ئەگەر مۆڵەتم بدەی بگەڕێینەوە بۆ مادە(١٥) برگـە(٧) ئەڵێ پێـشنیـاری ئەمـە لە دەسـەڵاتی سـەرۆکی دەزگـایە ئەڵـێ(اقتراح تعيين موظفي المؤسسة كما له ترفيعهم ونقلهم ومعاقبتهم وفصلهم واحالتهم على التقاعد وفق القوانين والانظمة وبموجب الصلاحيات التي يحددها مجلس الادارة). پێـشنیـار ئەکەم برگەی(١١) لەم مادەیە کە ئێستا تەماشای ئەکەین مادەی(٨)، لابرێ چونکە دەسەڵاتەکە بێنێ بۆ سەرۆکی دەزگا وەکو لە مادە(١٥)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لێرە رائەوەستین بۆ ئەوەی لیژنەی یاساو ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر چ تێبینیەکیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە وەڵام بدەنەوە، چونکە ئەوان زۆرن. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک فازڵ فەرمووی خۆی ئەنجوومەنی دووەم دیارە(معلوم) ـە ئەنجوومەنی دەزگایە، بەڵام دەکرێ لەلایەنی زمانەوە نارێک بێ(اقتراح تعيين الموظفين على مجلس الوزراء) گرفت نییە(لمجلس الوزراء)(على مجلس الوزراء)(للمجلس ترفيعهم) واتا ئەنجوومەنی دەزگاکە، چونکە ئەنجوومەن ناسراوە(پێناسە کراوە) لەسەرەتاوە کاک د.ئیدریس فەرمووی بابەتی دەرماڵە(١٢٠٪)لەوانەیە ئەگەر ئەندازیارێک بێت ئەو زیاتر وەرئەگرێ ولەوانەیە ئەو قسەیە وا بێت، بەڵام خۆی ئەوە پێڕەوی دەزگاکانە، پێڕەوی دەزگاکان دەبێ تۆزێک جیاوازیەکی هەبێ لەگەڵ دامودەزگاکانی تر، مەرج نییە بەهەمان رێژەی لەدامودەزگاکانی تر هەیە بەکار بێ. فەرمانبەر لەزۆر دامودەزگا هەیە لە بنەڕەتدا دەرماڵەیان نییە لێرە دەسەڵاتەکە بەجێ ماوە بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕیی، بەڕای من ئەو(١٢٠٪) هەندێک یاسا هەیە رای ناگری، بۆ نموونە(١٢٠٪) ئەو دەیداتێ سەبارەت بە یاسای دەزگاکە ئەگەر ئەندازیارەکە هاتە ئەوێ بەگوێرەی یاسای سەندیکای ئەندازیاران(١٥٠٪) هەبێ پیشەیی وئەوانە لەوانەیە ئەوە راینەگری، چونکە ئەو دەسەڵاتە هی خۆیەتی وەک ئەنجوومەنی کارگێڕیی. بەڵێ ئەوە دەزگایە پرۆگرام وپێڕەوی تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە تێبینی کاک بورهان ئەڵێ تێکەڵاوی هەیە لەنێوان برگە(١١)و(١٥)دا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێکەڵاوی نییە چونکە لێرە(بموجب الصلاحيات التي يحددها مجلس الادارة) مانای ئەگەر ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دەسەڵاتی بداتێ ئیشەکە لەجیاتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بکات ئیشەکەی دەکات، ئەگەر دەسەڵاتی نەداتێ خۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن مافی خۆیەتی، چونکە لێرە لە کۆتاییدا دەڵێ(بموجب الصلاحيات التي يحددها مجلس الادارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک.شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من سەبارەت بە برگە(١١)یە(اقتراح تعيين الموظفين) من پێشنیار دەکەم فەرمانبەرانی

ئەو دەزگایە لە خزم وکەسوکاری شەهیدان بن. ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی توانا نەبێ، فەرمانبەرانی تر هەمووی لە کەسوکاری شەهیدان بن، چونکە ئەوان لە کەسانی تر زیاتر لە ئێش وئازاری شەهیدان ئەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان بۆ تێبینیەکەت. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(١١) دەسەڵاتی ڕەهای داوەتە ئەنجومەن(للمجلس ترفيهم ونقلهم وقبول استقالاتهم واحالتهم على التقاعد وتنسيبهم ومعاقبتهم وفصلهم والتعاقد مع الخبراء والفنيين للعمل فيها). لێرەدا دەبینم نارەوایی بەرامبەر زۆر کەس دەکرێ. بەپێی یاسا باوەکان ئەو وشەیە و(فصلهم حسب القوانين النافذة) زیاد بکرێ، دەسەڵاتی سەرۆکی دەزگا کەواتە بووە بە(حسب القوانين النافذة) بەم شێوەیە بگوترێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر چ تێبینیەکت هەیە لەسەر وەڵامی کاک شێروان وکاک جەمیل، چونکە کاک شێروان دەڵێ ئەگەر فەرمانبەران تایبەتمەند بکرێن بە کەسوکاری شەهیدان کاک(جەمیل)یش وای بۆ دەچێ زیاد کردنی(القوانين النافذة) بەجێیە فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر پێشنیاری کاک جەمیل تێبینیم نییە، ئەوە لیژنەی یاسا وەڵامی دەداتەوە. سەبارەت بەکاک شێروان ئێمە خێزانی شەهیدان ڕێک دەخەین، ئەگەر ئێشو ئازاریان هەبێ کەسوکاری شەهید بن دایان دەمەزرێنین لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، جا بۆ لەو دەزگایە دایان نەمەزرێنین؟ تەنیا ڕەئیمان ئەوەیە کە نەکرێتە مەرج، مانای ئەوەیە دیاری نەکرێ ئەگینا ئێمە بەزۆری پەسەندی دەکەین ئەگەر سەرۆکی دەزگاکە برای شەهیدێکی ناسراو بێ وئەو خاڵانەی تیابێ ئەوە ئەیکەینە سەرۆکی دەزگاکە وبەتەئکید (تفضيل) دەکرێ وخێزانی شەهید پێش ئەخرێ لەو بابەتەدا. بەڵام ئەگەر بخرێتە یاساکەوەو دەزگاکە بەوانەوە ببەسترێتەوە وابزانم تووشی کێشە دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.ڕۆژ. کاک شێروان ئەگەر چ بەدواداچوونێکت هەبێ؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانرێت زیاد کردنی سەرپشکی بدرێ بە کەس وکاری شەهیدان،(وتكون لهم الافضلية في

التعيين) ئەگەر لەشەهیدان نەبوو لە غەیری شەهیدان قەیدی ناکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، وابزانم کاکەڕەش بەدواداچوونێکی هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم بۆ لێرە لەبنچینەوە هەندێک شت دابنێین وجێ گیریان بکەین؟ بۆ ئەو بوارە نەدەین بە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن تا وەکو بەهەمان شێوە بیر بکاتەوە کەس وکاری شەهید دابنێ؟ یان ئەنجوومەنی وەزیران بیر لە هەمان شت نەکاتەوە؟ لەبەر ئەوە بەڕای من ئەو شتانە بەجێ بهێڵین بۆ ئەوەی ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن. سەبارەت بە پێشنیاری کاک جەمیل بۆیە ناگوترێ(بەیاسای تایبەت) چونکە ئەو یاسایە پەیوەندیی فەرمانبەر لەگەڵ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردندا دیاری دەکات. ئەگەر بڵێین(وفق القوانين الخاصة) مانای ئەوەی ناگەڕێینەوە سەر یاسا، بۆ نموونە یاسای کارگوزاری و میلاک لەوکاتە مانای ئەوەیە پەیوەندیی دەگۆڕێ، ئێستا ئەو یاسایە پەیوەندیی نێوان فەرمانبەرو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دیاری ئەکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک د.ڕۆژ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام ئەگەر زیاد بکرێ چ کێشەیەک دەبێت؟ (حسب القوانين النافذة) دوای ئەو برگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلام دوای فەسڵەکانی پێشتر نەء. چونکە دەبەسترێتەوە، وپەیوەندی نامێنێ. ئەگەر وتمان(حسب القوانين النافذة) مانای ئەوەیە سەرۆکی دەزگاکە ئەبەسترێتەوە بە(القوانين النافذة) ئەگەر نا بەو یاسایە ناتوانێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر پشتی فەسڵ بێ چ کاریگەری ئەکا؟ وەکو پێشنیارێک جێگیری بکە بابزانین برادەرانی تر چ تێبینیان نییە؟ مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی زمانەوانییەوە لە برگە(٨)و(١١)مادە(٨). لەبرگە(١١) قسە نەما بۆ ئەوەی کەوا من

ئێستا بیکەم، بەڵام سەبارەت بە برگە(٨)(تشكيل لجان لدراسة مختلف الشؤون ولها). (لها) بۆ ئەنجوومەن، لەم یاسایە چاودێری دارشتنی زمانەوانی زۆر کراوە، ئومێدیش وایە ئەو(ها)یەش بکەن بە(هو) و(لە) و لەکاتی چاپ کردنیشدا زۆر چاودێری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من لەسەر برگە(١١)یەو باس کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من لەسەر ئەو تەفضیلە، لەڕاستیدا هەر یاسایەک ڕێنمایی بەدوایدا دەرئەچێ. بەم تەفضیلە پابەند دەبین، لەوانەیە ڕێنماییەکانی یاسایەکە پاشان زەحمەت بێ، لەبەر ئەوە(ئەفضەلیەت) ڕێگا لە(کەفائەت) دەگرێ. هەر یاسایەک لێکدانەوەو ڕێنمایی بەدوادا دێت، ئەو لێکدانەوانە (تفصیلات) ـە بدرێتە دەست دەزگاکانی جێبەجێ کردن نەک بدرێتە دەقی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەفضیلی تێدا نییە، وابزانم ئەم مادەیە بە تێروتەسەلی باس کرا، وەکو ئەو پێشنیارانەی کە کران ئێستاکە بیخوێنەوە، بۆ ئەو برگەیە بەتایبەتی لە برگەی(١١)دا قەوسێک بکەرەوە(معاقبتهم وفصلهم) ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، برگە(١١) لە مادە(٨) ئەیخوێنینەوە چونکە هەندێ گۆڕانکاری خرایە سەر.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(اقتراح تعيين الموظفين على مجلس الوزراء، وللمجلس ترفيعهم ونقلهم وقبول استقالاتهم واحالتهم على التقاعد وتنسيبهم ومعاقبتهم وفصلهم(وفق القوانين النافذة) والتعاقد مع الخبراء والفنيين للعمل فيها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو زیادەیە کەوتە سەر برگەی(١١)، ئەوی تر هەندێکی ڕێنووسیی بوو ڕاست کرایەوە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، مادە(٨) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة التاسعة :- تكون اجتماعات المجلس برئاسة رئيس المؤسسة وله دعوته للانعقاد في دوراته الاعتيادية والاستثنائية وتوقيع ما يصدر عنه من قرارات ومقترحات وتوصيات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین کە دەچنە دەرەوە زوو بگەڕێنەوە جێگای خۆیان چونکە گفتوگۆی بابەتێکەو دەنگدانی لەسەرە، بۆ دەنگدانەکە ئەبێ ئامادەبن. مادە(٩)، لیژنەی یاسا هیچ تێبینیەکی نییە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەرگای گفتوگۆ بۆ مادە(٩) کرایەوە. کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم مادەیە قسە بکا؟ فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خولی ئاسایی و نائاسایی هاتووە لێرەدا، بۆ ئەم ئەنجوومەنە دانیشتنی ئاسایی ونائاسایشی هەیە؟ مۆڵەتی هەیە کە داوای خولی نائاسایی ودانیشتنی نائاسایی بکات؟ حەز دەکەم ئەوە بزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەرسەت ڕوونکردنەوەیەکی هەیە بابفەرمووێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆبوونەوەی نائاسایی ئەوەیە کە لەنێوان دوو کۆبوونەوەی ئاساییدا شتێکی لەناکاو بێتە پێش، واز لە کۆبوونەوەی ئاسایی پاش وەختەکە بهێنرێت وداوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پێش وەختەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لەبەر ئەوەی هیچ تێبینی لەوە زیاتر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە. دەنگدان لەسەر ئەم مادەیە دوادەخەین، دێینەوە مادەیەکی تر هەتا برادەران دەگەڕێنەوە، گفتوگۆی تەواو بوو، ڕوونە. تکا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین، ئەگەر گفتوگۆ لەسەر بڕیارێک یان یاسایەک پێویستی بە دەنگدان بێت ڕەچاوی(نیصاب) بکەن لەهۆڵەکە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: يترأس المكلف بالاشراف على المؤسسة من اعضاء مجلس الوزراء جلسات المجلس في حالة حضوره اجتماعاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ کێشەیەک هەیە بیخوێنینەوە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يترأس المكلف بالاشراف على المؤسسة) بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەوی من (اعضاء مجلس الوزراء) یان جێگریان یەک لە وەزیرەکان(جلسات المجلس في حالة حضوره اجتماعاته) واتە(في حالة حضوره اجتماعات المجلس)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم برگەیە تەنها بۆ ئەوە دانراوە.. مامۆستا مەلا غەنی تەنها تێبینیەکی هەیە، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا عەبدولغەنی تەها/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(في حالة حضوره اجتماعاته) بەراستی لەزمانی عەرەبیدا نابی دوو ئاوەڵناو زیادەی سەر یەکتر بکرێ(في حالة حضوره)، (في حالة حضور اجتماعاته) ئەوها بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس. ئەوە لایەنی زمانەکەیەتی، موشکیلە نییە، با برادەران چاکی کەن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەی وای لێ دەکەین(في حالة حضوره اجتماعات المجلس) روون و ئاشکراتریش دەبی، ئیشکالی زمانەوانی تێدا نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆبوونەوەی ناوێ، راست دەکات، بخوێنەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ. يترأس..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

االمادة العاشرة: يترأس المكلف بالاشراف على المؤسسة من أعضاء مجلس الوزراء جلسات المجلس في حالة حضوره. کافییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مادەیە وابزانم گفتوگۆی تەواو بوو. کێی تر ماوە لە ئەندامانی پەرلەمان؟ ئەم بڕگەیەش دەنگدان لەسەری دوادەخەین وئەچینە بڕگەیەکی تر، فەرموو مادەیەکی تر کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الحادية عشرة: على المجلس عقد ما لايقل عن جلسة واحدة كل شهر ولعضو مجلس الوزراء المشرف على المؤسسة أو ما لايقل عن ثلث عدد الاعضاء دعوته لاجتماع استثنائي كلما اقتضت الضرورة ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(على المجلس عقد ما لايقل عن جلسة واحدة كل شهر ولعضو مجلس الوزراء المشرف على المؤسسة أو ما لايقل عن ثلث عدد الاعضاء دعوته لاجتماع استثنائي كلما اقتضت الضرورة ذلك). روون وئاشکرایە ئەمە ئەو(ما لايقل) هەڵیشگرین هیچ کار ناکا لە ناوەڕۆکی رستەکە، وابزانم ئەو(على المؤسسة أو عن ثلث عدد الاعضاء) هیچ پێویست ناکات(أو ثلث) ئەویش دەبێ، وانییە؟ (أو ثلث عدد الاعضاء) روون وئاشکرایە. باشە ئەگەر چ تێبینی تر نییە لەسەر ئەم بڕگەیەی مادە یانزە! فەرموو ئەوانەی کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم مادەیە قسە بکەن، فەرموو شێخ مەئمون.

**بەڕێز مەئمون نور محەممەد بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکرنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەی نۆدا هاتووە سەرۆکی دەزگا دەسەڵاتی هەیە بۆ خولی نائاسایی ولێرەش هاتووە (على أساس ما لايقل عن ثلث عدد الاعضاء دعوته لاجتماع استثنائي) ئەوە روون وئاشکرا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، روونکردنەوەی ئەوەت دەوێ؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوێش مافی هەیە، لێرەش مانای ئەوەیە(ثلث عدد الأعضاء) ئەوانیش ئەو مافەیان هەیە، مانای ئەوە نییە مافی ئەویش سووتاوە. وەزیری سەرپەرشتیار مافی ئەوەی هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، ئەگەر پێویست بێ، واتە هەر سێ لا مافیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەکورتی سێ لایەنن، بەڕێز وەزیری تایبەت وسەرۆکی دەزگا وسێیەکی ئەندامانی دەزگاش مافیان هەیە، سوپاستان ئەکەین، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مادەی یانزدەهەم ئەگەر داڕشتنەکەی ئاوای لێ بکرێ باشترە:(علی المجلس عقد ما لایقل عن جلسة كل شهر ولعضو مجلس الوزراء المشرف علی المؤسسة، أو عدد من الأعضاء لا يقل عن الثلث دعوة المجلس لأجتماع استثنائي كلما اقتضت الضرورة ذلك)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لای ئێمە روونە، ئەگەر لیژنەی یاسا چ وەلامێکی هەبێت، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من داڕشتن چ گرفتێک نییە، بە مەرجێک هەمان مەبەست بدات، لاری نییە بەشێوەی مامۆستا دەفەرمووێ یان بە هەر شێوەیەک بێ، گرنگ ئەوەیە هەر هەمان چەمک بدات. حەز دەکەم ئەو برادەرانەی کێشەی داڕشتنەوەیان هەیە پاشی ئەم دانیشتنە دەتوانن بفەرموونە لامان لە خزمەتیان بین وچ پێشنیارێکیان لە داڕشتنەوە هەیە بە مەرجێک مانای نەگۆڕی، رێکی دەخەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم مادەیەش تەواو بوو ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەلام ئێمە دوو مادەی ترمان هەیە بۆ دەنگدان تائێستا دوامان خست بوون.

مادە(٩) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

مادە(١٠) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ مادە(١٠)ش پەسەند کرا.

مادەی(١١) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. مادە(١١)ش بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: يتم النصاب القانوني بحضور رئيس المجلس ونصف عدد الاعضاء وتصدر القرارات والتوصيات والمقترحات باغلبية الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەنی وەزیران چ تێبینییان نییە؟ ئەوانەی کە ئەیانەوێ لەم مادەیە قسە بکەن تکایە با ناویان بنووسین. کاک یونادەم ود. رزگار وکاک جەمیل وکاک سەعید. کاک یونادەم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەیەکی سەرەوە وتمان کە سەرۆک ئامادە نەبێ جێگری یان بەڕێوەبەری گشتی دەزگا جێی دەگرێتەوە. دیارە لێرە یان پەڕیوە یان لە بیریان چووە. برادەران ئەڵێن (يتم النصاب القانوني بحضور رئيس المجلس) وتێپەڕ ئەبێ دەبێ بڵێ:(أو نائبه) چونکە ئەگەر وا نەبێ گەر سەرۆک ئامادە نەبوو تەواو، نابێ کۆبێتەوە، کەسی تر نییە، واتە (نصاب) تەواو نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک یونادەم. کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لە هەمان برگەدا ئەوە دیاری کرا کە سەرۆکی ئەنجوومەن ئامادە بێ، ئەگەر لە کۆبوونەوە ئامادە نەبوو وەزیری تایبەت کە سەرپەشتی ئەنجوومەن دەکا ئامادە دەبێ، ئەوە (نصاب)ی یاساییە یان نەء؟ یان ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە مافی ئەوەی هەیە و سەرپەرشتیارە لەسەری، ئەنجوومەنەکە خۆیشی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەگەر خۆی ئامادە نەبوو ئایا (نصاب) یاساییە یان نەء؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. دووانی تر ماون با تەواویان کەین. فەرموو د.رۆژ.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم خاڵەدا سەرۆک ئەو کەسەیە کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوە دەکا، ئینجا جێگری سەرۆک بێ، یان وەزیری تایبەت بێ، جیاوازی نییە، هەر کامەکیان ئامادە بێ لەگەڵ نیوەی ئەندامانداً ئەوە(نصاب) تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک دوکتۆر. کاک جەمیل فەرموو..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەدواداچوونێکم لەسەر قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە فەرمووی کێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەکات. سەرۆکی ئەنجوومەن لەپێشەوە لەو پێناسەیەدا دەستنیشانی کردووە(رئيس المجلس-رئيس مجلس إدارة المؤسسة) واتە لێرە سەرۆکی ئەنجوومەن نەء ئەوەی سەرۆکایەتی دەکا. لەبەر ئەوە دەبێ جێگرو یانیش ئەو وەزیری سەرپەرشتی دەکا لێرە زیاد بکرێ .

ئەگەر بەم دەقە بێ، مانای وایە ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەن خۆی ئامادە نەبێ کۆبوونەوەکە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس. کێ مابوو قسە بکا؟ کاک سەعید، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەڵێ:(يتم النصاب القانوني بحضور رئيس المجلس ونصف عدد الاعضاء). ئەگەر بڵێین ئەو ئەنجوومەنە لە(١٠)کەس پێک بێ، نیوەی ئامادە بێ لەگەڵ سەرۆک دەکاتە شەش. دەڵێ دەنگدانیش بەزۆرینەی دەنگ دەبێ، واتە ئەو پێنجە دەبتە دوو جێ، دووکەس، ئەو شەش کەسە لەگەڵ سەرۆک دا دەبنە(٣)کەس. واتە مەعقوولە ئەنجوومەنێک لە(١٠)کەس پێک بێ بە دەنگی(٣)کەس بڕیارەکان پابەندبن وببنە بڕیاری ئەنجوومەن هەمووی؟ چونکە دەڵێ:(يتم النصاب القانوني بحضور رئيس المجلس ونصف عدد الاعضاء ويتم التصويت بأغلبية الحاضرين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید. کاک فرەنسۆ قسەت هەیە؟.. نییە. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران راڤەی کرد کەوا سەرۆک ئەو کەسەیە کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوە دەکات، ئینجا ئەگەر وەزیر بێ، یان سەرۆکی دەزگا ئامادە نەبێ، جێگرەکەی کە دێ سەرۆکایەتی دەکات دەبێتە سەرۆک. کە بووە سەرۆک دەڵێ سیفەتی سەرۆک وەردەگرێ. ئەوەی کاک سەعید فەرمووی شتێکی یاساییە، ئێستا ئێمە لەپەرلەمان(١٠٥)کەسین بە(٥٤)کەس یاسا دادەنێین. باشە ئەنجوومەنی دەزگایەک بە(١٠)کەسان، بەشەش کەسان بۆ ناتوانن بڕیارێک بدەن پەیوەندی بە دەزگاکەی خۆیانەوە هەبێ؟ خۆی شتێکی یاساییە لەدنیادا هەموو (٥٠٪+١)لەهەموو دەزگایەک پەیڕەو دەکرێ، دەتوانن بڕیارەکان دەربچوێن وبڕیارەکانیش دەبێتە هی زۆربەی ئامادە بووان،(وعند تساوي الاصوات ترجح الكفة التي معها الرئيس) ئەوە شتێکی چەسپاوە لە یاسادا و زۆر ئاساییە. ئێستا ئێمە(٥٤)کەسین، دیسان هەر بەزۆرینە بڕیار دەدەین، مەرج نییە هەر(٥٤)کەس لەسەر هەمان شت رازی بن لەو(٥٤)ەی (٢٩)ی رازی بێ مانای ئەوەیە(٢٧)وسەرۆک رازی بن مانای ئەوەیە بڕیارەکە هێزی یاسای هەیە ودەبێتە یاساش. کە چی ئی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن یاساش نییە، تەنها بەڕێوەبردنی دەزگایەکە، تەنها ئیش وکارێکە بۆ خزمەت کردن. ئەگەر ئەوهاش نەبێ لەوانەیە هەموو دەم ئەو(١١)کەسەت پێ کۆ نابێتەوە، مانای

ئەوەیە ئیشوکاری دەزگایەکە هەموو دەم رادەوەستێ. لەبەر ئەوە شتێکی زۆر نیزامییەو هیچ گرفتێک دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش. کاک فازڵ فەرموو..

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورن. بەڕای من جیاوازیەک هەیە لەنێوان یاساو لەنێوان بڕیاردا لەلایەنی زاراوەوە. ئەوەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوە ئەکات ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران بێ مافی دەنگدانی نییە لە ئەنجوومەن، چونکە ئەو سەرپەرشتیارە نەک ئەندامە، من هەر ئەم تێبینیەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فازڵ. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی وەزیر بە تەنها مافی لە کارخستنی یاسای ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی هەیە، دەسەڵاتی هەیە کە بڕیار دەچێتە پێشی رازی نەبی و پەسەندی نەکا، بەڵام بە(٣)(٤)کەس بۆ ناتوانن بڕیارێک دەربچوێنن کە هەر بۆ خۆشیانەو بۆ بەرژەوەندی خۆیانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. گفتوگۆی ئەم مادەیە تەواو. ئەیخەینە دەنگدانەوە. مادە(١٢) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثالثةعشرة: ترسل قرارات المجلس الى عضو مجلس الوزراء المشرف على المؤسسة واذا لم يعترض عليها خلال خمسةعشر يوماً من تأريخ التبلغ بها تعتبر مصدقة وقابلة للتنفيذ وفي حالة الاعتراض عليها ضمن المدة القانونية فيكون قراره نهائياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە سێزدە دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، چونکە لیژنەی یاساو ئەنجوومەنی وەزیران رازینە لەسەر ئەم دەقە. تکایە ئەوەی قسە دەکات دەستی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بیبینین. تەنها کاک سەفەر لەسەر ئەم مادەیە قسەی هەیە کاک سەعیدیش، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر وەزیری سەرپەرشتیار توانای ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی هەبێ، خۆ باشترە دەزگاکە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕەئی کاک سەفەر ئەوەیە ئەگەر وەزیر ئەو دەسەلاتەو مافەی هەبێ بڕیار ڕەت بکاتەوە باشترە کە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێتەوە، وا نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە گوێرەی پێڕەوی دەزگاکان، بە شێوەیەکی تایبەتی لەعێراقدا هەموو دەزگاکان سەر بە یەک وەزیرن، لەبەر گەورەیی ئەو دەزگایە وبایەخ پێدانی لەلایەن سەرکردایەتیەوە بڕیار دراوە کە بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێتەوە، وە لەوانە بوو بەیەک لە وەزیرەکان ببەسترێتەوە، ئەنجوومەنی وەزیران کە دادەنیشێ جێگر یان یەک لە وەزیرەکان بڕیار دەدات مانای ئەوەیە هەر ئیشوکاری دەیکات لەجیاتی ئەنجوومەنی وەزیران دەیکات. بۆ بگەڕێتەوە ئەنجوومەنی وەزیران؟ ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێ خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بکات کەس دانەنێ، لەبەر ئەوە هەر بڕیارێک لەو وەزیرەوە دەربچێ مانای ئەوەیە بڕیارەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەفەر بەدواداچوونێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من هەر بە وەزارەتەوە ببەسترێنەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک سەفەر فەرمووی لەرووی یاساییەوە نابێت، بۆ نابێت؟ بەڵگەی یاسایی چییە نابێت؟ بۆ ئێمەی روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیاری کاک محەمەد حەسەن ئەوەیە ئەڵێ بۆ نابێت؟ فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نەم گوت لەرووی یاساییەوە نابێت، من گوتم وای بۆ ناچم لە یاسادا شتێکی وا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. روون وئاشکرایە، ئەوەی کاک سەفەر تەنها بۆ روونکردنەوە بوو. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا دەڵێ:(واذا لم يعترض عليها خلال خمسةعشر يوماً من تأريخ التبلغ)، باشە ئەگەر خۆی ئامادەبێ لەئەنجوومەن بۆ لەوێ رەخنەی خۆی ناگرێ، چی پێویست دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببوورە، من وابزانم لەوێ ئەگەر خۆی ئامادە بوو لەوێ رەخنە دەگرێ وگفتوگۆ دەکات.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش مەبەستم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لەوێ ئامادە نەبوو ئەینێرن بۆی لەماوەی(١٥)رۆژدا، ئەگەر لاری لەسەر نەبوو، دەچەسپێت. روونە وابزانم، سوپاس کاک سەعید. ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الرابعةعشرة: يعين رئيس المؤسسة بدرجة خاصة و بقرار من الجهة المختصة وفق القوانين النافذة على أن تكون له خدمة ومساهمات مشهودة في الحركة لفترة مناسبة تؤهله لإدارة المؤسسة وتأدية مهامه وصلاحياته بموجب القانون ويكون حاصلاً علىٰ مؤهل دراسي يرى مجلس الوزراء كفايته لإشغال وظيفة رئيس المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە چواردە، دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە. ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە با دیار بن. د. رزگار، د.ناسح، کاک ئەحمەد سالار، کاک رەجەب، مامۆستا ملا تاهیر، کاک شێخ رەقیب، کاک یونادەم. کاک د.رزگار فەرموو..

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە لەسەر دوو بڕگە. یەکەم(فترة مناسبة)، دووەم(مؤهل دراسي)، ئەو(فترة مناسبة) وشەیەکی زۆر بەرفراوانە، باشترە ژمارەیەکی بۆ دابنێین چونکە ئەوە یاسایە پێویستە روونکردنەوەی تێدا هەبێت. دووەم (مؤهل دراسي)، ئەو(مؤهل دراسي)یە چییە؟ ئی کۆلێژە، هی دواناوەندییە، ناوەندییە؟ ئەمەیش دیاری بکرێ زۆر باشتر وجوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە. یەکەم ئەوەیە کە هەر مادەی چواردەمین بە بڕوای من لەجێی خۆی بە ریز نەهاتووە باشتر وایە ئەم مادەیە بێتە پێش(مهام المجلس)، چونکە ئێمە باسی(مهام المجلس) ئەکەین لەمادە هەشتەوە، واتە پێش بخرێت ئەمە یەکێکیان، چونکە ئەم مادەیە پەیوەندی بە(مهام المجلس)ەوە نییە. دوو تێبینیەکی ترم هەیە(ویکون حاصلاً علی مؤهل دراسي یری مجلس الوزراء کفایته لاشغال وظیفة رئیس المؤسسة) بە بڕوای من هەر لابدرێ باشترە، چونکە پێویست بەو بڕگەیە ناکات مادام (مؤهل دراسي) دیاری نەکراوە هەر تێدا نەبێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم بەڕێز د.رزگار فەرمووی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ویکون حاصلاً علی مؤهل دراسي یری مجلس الوزراء کفایته) نابێت، ئەگەر بکرێت(کفاءته لهذا المنصب) لەجیاتی(کفایته) لەلایەنی دارشتنەوە جوانتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی نووسراوە (کفایته) نەک (کفاءته)، ئینجا بیگۆڕین بیکەینە(کفائەت)؟

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببێتە(کفاءته لهذا المنصب) لەجیاتی(لإشغال وظيفة رئيس المؤسسة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەست لێرەدا ئەوەیە شیاوی ئەو پلەو پایە بێ. کاک فەرسەت وەکو سکرتێری پەرلەمان تێبینیەکی هەیە لەسەر ئەمە، با خۆی روونی کاتەوە باشترە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست ئەوەیە (كفاية المؤهل) نەک (كفاءة الشخص)، (کفایته) هی(مؤهل دراسي) مەبەستەکە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شتەکە روون وئاشکرایە. مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی(من الجهة المختصة)، جگە لە ئەنجوومەنی وەزیران مەبەست لە(الجهة المختصة) چییە؟ سەبارەت بە بەڕێزان لیژنەی یاسایی(الجهة الرسمية والجهة المختصة) جگە لە ئەنجوومەنی وەزیران چییە؟ ئەوە یەک. و(لفترة مناسبة) دەبێ سنووردار بێت پاشان ئەو(مؤهل دراسي)یە پەیوەستە بە(یری مجلس الوزراء) ەوە، پێم وایە ئەگەر ئەو کارە دیاری بکرێت کەوا تەئهیلەکە چییە، روونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس. رای جەنابت واتە؛(الجهة المختصة) بکرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، هەر ئەوە بوو، وا نییە؟ باشە، سوپاس. کاک یونادەم فەرموو.

**بەڕێز یونادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من هەر لەوێ بوو(بقرار من مجلس الوزراء) وبەبێ وشەی(القوانين النافذة). ئەمە دەزگایەو، ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک یونادەم. پاشان روونکردنەوەی دوو سێ خاڵی سەرەکییە، فەرموو کاک دکتۆر.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لەم مادەیە تەنیا ئەوەیە، کە سەرۆکی دەزگا بە پلەیەکی تایبەتی دابمەزرێ وئەبێ

(مـــــــؤهلات) یكی تایبـەتی هەبێت، لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی كـورد دا خـزمـەتی كـرد بێت وپێویستە ناسراوبێ وبتوانێ ئەو رۆڵە ببینێ، پاشان چۆن(صیـاغـة)ئەكرێ ئێـمە لەو لایەنەوە كێشەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

برادەران داوایان كـرد كـەوا ئەو لایەنە دیاری بكرێ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەمـە یەک. دوو: یاسامان هەیە، یاسایەكـان دیاری كـردنی دەسـەڵاتی تێدایە بۆ دامـەزراندن، لەبەر ئەوە دیاریمان نەكرد پێشەكی، چونكە لەوانەیە دەستكاری هەندێ یاساكان بكەنەوە، كێ خـەریكی دامـەزراندن دەبێ؟ وكێ بەو دامـەزراندنانە هەڵدەستێ؟ ئەوكاتە كە ئەوە دیاری كـرا مانای ئەوەیە ئەو لایەنە دەبێتە(الجهة المختصة بالتعيين) بۆیە پێشەكی دیارمان نەكرد كە ئەنجوومەنی وەزیران دایبمەزرێنێ، دەنا یاسای ژمارە دوومان هەیە. كاتی خۆی یاسای ژمارە دوو هەموار كرا(بقرار مجلس الرئاسة) تا ئێستا یاساكە كێشـەیەكی تێدایە، یاسای ئەنجوومـەنی وەزیرانمان هەیە، لەوانەیە دەسـەڵاتی دامـەزراندن لەیاسـای ئەنجوومـەنی وەزیراندا نەبێت، ئەوە ئێـسـتـا لەوانەیە ئەو گـرفـتـە چارەسـەر بكرێ. كە ئەو گرفتە چارەسەر كـرا، چ لایەنەک سپێردرا ئەو لایەنە دەبێتە(الجهة المختصة بتعيين) و ئـەو(درجات خاصة) ئەو دایدەمەزرێنێ. لەبەر ئەوە بەڕای من پێویست ناكات ئێستا بنووسین ئەنجوومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

با تەواوی كـەین، تێبینیەكـان ئەمێنێتەوە، تێبینیەكـان، پێش و پاشی مـادەی(١٤) یە، كە د. ناسح ئاماژە بۆكرد بكەوێتە پێش كارەكەی ئەنجوومەن.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

زنجیـرەكە لەجێی خۆیەتی، چونكە دوایی یەكسـەر دامـەزراندنی دەزگاو دەسـەڵاتی دەزگا دێنێتـە خوارەوە لەگەڵ خۆی، بەڕای من هیچ كێشەیەک دروست ناكات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بۆ(مـؤهل دراسي) ش، كە زۆربەی برادەران پرسیان، وابزانم سـەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران روونی كردەوە كە ئەوە رێزلێنانە، پایەیەكە(منصب)، كە پلەیەكی تایبەتیە بۆ ئەو راژەی كە كردوویەتی هەر ئەو رێزلێنانەش بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنەی كە دەسـتنیشـانی دەكـات. وابزانم ئەو خاڵە بەتێرو تەسەلی باس كرا چ تێبینیەكی تر هەیە؟ كاكە شێخ رەقیب وابزانم تێبینییەكی هەیە.

**بەڕێـز رەقـــیـب حـــــســــێـن مـــــەلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لەگەڵ رێزمدا ئەو یاسایە دەبێ ئاشكراو روون بێت، نابێ بنیات نرا بێ لەسەر یاسایێک كە تەواو

نەبووەو نادیارە، ئەگەر نا، بلێین (لمجلس الوزراء) دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران ئایا چ لاری هەیە؟ بۆ روون نەبێت؟ یاسا لە ئەنجوومەنی وزەیرانمان گەورەتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. وابزانم وەڵامیان دایەوە تەنها لەم یاسایە نییە، یاسای ترمانیش هەیە. پێش ئێستاکەش دیسان ئەو لایەنەی تایبەتمەندە جێگیر کراوە. لەبەر ئەوەیە کە ئێستاکە کاکەڕەش روونی کردەوە ئەو گرفتە هەیە بۆیە دارشتنەکەی ئەم مادەیە لەسەر ئەم بنەمایە کراوە، رەچاوی ئەو بارە یاساییە کراوە، ئەگەر چارەسەری ئەو بارە کرا پاشان ئەمە خۆی ئۆتۆماتیکیەن ئەڕۆیشت بۆ ئەو خانەی کە چارەسەری پێ ئەکرێت. فەرموو کاکە شێخ.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نابێ ئێمە لەسەر ئەگەر بنیات بنێن. ئەوە یاسایە، یاسا ئەبێ روون وئاشکرا بێت، راشکاو بێت بۆ بلێین(لمجلس الوزراء الی مجلس الوزراء) دەسەلات دەدەینە ئەنجوومەنی وەزیران چ لاری هەیە؟ ئەنجوومەنی وەزیران بڕوای هەموو میللەتی دەدەینێ، بڕوای هەموو میللەتی لەگەڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت یاسایی و کەسێکیت چەن ساڵ ئیشت کردووە، ئەمە پلەیەکی تایبەتیە واتە کە ئێمە دەکرێت، بەو پلە تایبەتیە، چونکە پلە تایبەتیەکانی تریش هەیە، (أستثناء) ئێستاکە ئەو گرفتەمان هەیە. دەقی یاساکە ئاشکرایە لەبەر ئەوە وای دەبینم ئەوەی یاسادانەرە رەچاوی ئەو بارەی کردووە، ناکرێ ئێمە هەڵاویردی بکەین بۆ شتێک کە بمانەوێت (أستثناء)ئەوانی تر بە هەڵواسراوی بمێنێت. مادە(١٤) وابزانم کاک فازڵ دەستی بەرز کردەوە، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک دوو تێبینیم هەیە، لەڕاستیدا لەسەر ئەوە جەنابی کاک رەقیب و برادەرانیش زۆریان لێ توژییەوە. یەک(الجهة المختصة) بەیاسا، زۆر راستە چونکە ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیرانە سبەی (الجهة التي ترتبط بها هی جهة مختصة سواءً كان مجلس الوزراء أم أجهزة أخرى) لەبەر ئەوە ئەو تایبەتیە گشتگرترە(شامل)بۆ ئەمڕۆ و بۆ سبەینێش، دووەم، (مؤهلات) لەلایەنی زمانەوانییەوە من ئەڵێم یەکێک لەم دوو (ب) یانە واوێکی لەبەر دابنێین، بەڵام هی دووەم (واو)ی لەبەر دەم بێ وبکرێ بە(وبقرار) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس. کاک فازڵ وابزانم گفتوگۆمان تەواو کرد، لەو مادانە. ئەو (واو)ەتان زیاد کرد وا

نیـیـه؟ (و)ی عـهطفـه. ئهم مـادهیه ئهخـهینه دهنگدانهوه. کێ لهگهڵه؟.. سـوپاسـتـان دهکـهین. کێ لهگهڵ نیيه؟.. بهزۆرینهی دهنگ پهسهند کرا.

**بهڕێز کـاکـهڕهش مـحـهمـهد نهقـشـبـهندیی:**

**بهڕێـز سـهرۆکـی ئـهنجـوومـهن.**

المادة الخامسة عشرة:

تكون مهام رئيس المؤسسة كما يلي:ـ

١ـ يكون المسؤول الاداري للمؤسسة والمسؤول عن تنفيذ مهامها بموجب قرارات مجلس الادارة.

٢ـ اصدار التعليمات اللازمة لسير العمل في المؤسسة وفق القوانين والانظمة وقرارات مجلس الادارة.

٣ـ اقتراح الخطط والبرامج لمجلس الادارة.

٤ـ الاشراف على تنظيم الملاكات واعداد مشاريع ميزانية المؤسسة المقترحة من قبل دوائر المؤسسة وتقديمها لمجلس الادارة.

٥ ـ تقديم الحسابات الختامية للسنة المالية المنتهية الى مجلس الادارة مع بيانات مفصلة بالايرادات والنفقات.

٦ـ متابعة تنفيذ الخطط والبرامج وتقديم تقرير سنوي لمجلس الادارة عن نشاطات المؤسسة ووضعها المالي.

٧ـ اقتراح تعيين موظفي المؤسسة كما له ترفيعهم ونقلهم ومعاقبتهم وفصلهم واحالتهم على التقاعد وفق القوانين والانظمة وبموجب الصلاحيات التي يحددها مجلس الادارة.

٨ـ الامر بالصرف في حدود الصلاحيات المخولة له من قبل مجلس الادارة.

٩ـ تخويل بعضاً من صلاحياته للمدير العام وغيره من موظفي المؤسسة.

**بهڕێـز سـهرۆکـی ئـهنجـوومـهن:**

مـادهی(١٥)، لیـژنهی یاسـا چ تێـبـینی ههیه لهسهر ئهم مـادهیه؟ نیـتـانه. ئهنجـوومـهنی وهزیران تێبینییـان نییه؟ دهرگای گفتوگۆ ئهکهینهوه بۆ ماده(١٥)، با ناونووس کهین، کهس تێبینی نییه؟ مامۆستا مهلا تاهیر فهرموو.

**بهڕێز مهلا محهمهد تاهیر محهمهد زین العابدین:**

**بهڕێـز سـهرۆکـی ئـهنجـوومـهن.**

له برگـهی(٥) ئهڵێ: حـسـاباتی کـۆتایی بۆ ئهو سـاڵهی دارایی، ئهنێـردرێ بۆ ئهنجـوومـهنی بهڕێوهبردنی، ئهنجوومهنی وهزیران رهت بێت بهسهریا. سهرۆکی ئهنجـوومهن خۆ ئهندامێک نییه له ئهنجوومـهنهکه، سهرۆکی دانیـشـتنهکه نییـه. واته راست وایه حـسـاباتی کـۆتایی پێـشـکهشی ئهنجوومهنی وهزیران بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستیدا ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی، پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکات. لەوێدا هاتووە کە دەبێ سەرۆکی دەزگا شتەکان ئامادە بکات، بیداتە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی، بۆ ئەوەی دوای گفتوکۆی دەکەن لەسەری بەرزی بکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاکەڕەش. کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم (اقتراح تعيين موظفي المؤسسة) هاتووە، لە ئەرکەکانی ئەنجوومەنیش دا هاتووە(إقتراح تعيين) لە هەر دوو لا هاتووە، جا ئەوە هی سەرۆکی دەزگایە یان هی ئەنجوومەنەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وتوومانە(بموجب الصلاحيات التي يحددها مجلس الادارة)، لە بنەڕەتەوە ئەوە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنە. ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن هەندێک لەو دەسەڵاتانە دەداتە سەرۆکی دەزگاکە، چ گرفتیش دروست نابێت ئەگەر نەی داتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە(١٥) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة عشرة: ميزانية المؤسسة مستقلة وتوضع ضمن اطار السياسة المالية العامة لاقليم كوردستان ـ العراق، ويتم اعدادها من قبل رئيس المؤسسة ومديرها العام وترفع بعد إقرارها من قبل مجلس الادارة عن طريق رئاسة مجلس الوزراء الى المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق للمصادقة عليها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادە(١٦) دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە، كێ دەیەوێ قسە بكات، تەنها كاك جەمیل، فەرموو كاك جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام بە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەستراوەتەوە، مافی خۆیەتی بودجەی خۆی دابنێت وبودجەیەكی سەربەخۆ بخاتە روو بۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن، بەڵام لێرەدا وا هاتووە كە دەبێ لە رێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ پەسەند كردنی، وەک كارێكی رۆتینی، ئەگینا هەر دەبێ وەزارەتی دارایی بڕیاری لەسەر بدات و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش رەزامەندیی لەسەر هەبێت پاشان بدرێتە پەرلەمان بۆ راستاندن، ئەمەش هەمووی هەر رۆتینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاک جەمیل. فەرموو كاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە لە جیاتی وەزیری داراییش دەدوێم. بودجەی سەربەخۆ ئەو بودجەیە كە لەبن دەستی وەزارەتی دارایی نییە(لها مواردها الخاصة) بۆیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا گفتوگۆ دەكرێت تەنها ئەو دەزگایە مافی نییە بەرەو رووی پەرلەمان بێتەوە. لە بارەی رێكخستنەوە، بە ئەنجوومەنی وەزیران بەستراوەتەوە. بۆیە لە رێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەڕوات، ئەگەر نا(منحة) ئەنجوومەنی وەزیران بەشێک لە داهاتی ئەو دەزگایەیە بۆیە ئەو بودجە سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاک فازڵ. كاكەڕەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری وەزارەتی دارایی ئەوەیە و ئێمەش پشتگیری دەكەین(وتخضع حساباتها للرقابة المالية)، حەقە حساباتی ئەو بودجەیەش بكەوێتە ژێر چاودێری داراییەوە. سەبارەت بە تێبینیەكەی كاک جەمیل، ئەو بودجەیەی كە لە رێگەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە پێشكەشی ئەنجوومەنی وەزیران دەكرێت لە رێگەی ئەوانەوە گفتوگۆ دەكرێت. چونكە ئەندامێک لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ خۆی سەرپەرشتیارە لەسەر بودجەكە، خۆی لە ضمنی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنە. لەبەر ئەوەی بابەتەكە گرنگە وبۆ دەزگای شەهیدە بۆیە دەنێردرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەگەر نا دەكرێ

ئەنجـوومـەنی وەزیران خـۆی بودجـەکـە دیاری بکات. بودجـەکـەش وا دادەندرێت کـە سـەربەخـۆیە لە دەزگاکە. ئێمە لە عێراق دەژین، دەزگای عێراقی زۆربان، وەزیر خۆی یەکسەر پەسەندی دەکات ولە ضمنی بودجەیەکی چەسپێندراوە بەڕاستی حەز دەکەین گرنگی پێ بدرێت وبێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەگینا ئەنجوومەنی وەزیران خۆی ئەو مافەی هەیە پەسەندی بودجەکە بکات، وا داش دەنرێت بەسەربەخۆ، مانای وایە خۆی بە مفرداتی بودجەی خۆی، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات پێ گەڕانەوە بۆ هیچ کەسێک، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزو احترامم بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە فەرمووی بودجەی سەربەخۆ، سەر بە وەزارەتی دارایی نییە، مانای بودجەی سەربەخۆ بەو شێوەیە نییە، بودجەی وەزارەتی ناوخۆش خۆی لە خۆیدا یەکەیەکی سەربەخۆیە، بودجەی سەربەخۆ، هەر بابێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و بۆ ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێش ئەوەی بێت بۆ پەرلەمان، تەنانەت شارەوانییەکانیش بودجەی تایبەتی وسەربەخۆیان هەیە، بەڵام هەر دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، وڕەزامەندی بەڕێز وەزیری دارایی دەوێ. وەزارەتی پیشەسازی تەمویلی ذاتیە پارە لە وەزارەتی دارایی وەرناگرن بەڵکو زۆر جار ئەو(١٥ ٪) یان قازانجەکەی خۆی لە وەزارەتەکەیان بۆ وەزارەتی دارایی ئەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا کە بودجەیەکی سەربەخۆ هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێش بێتە پەرلەمان. لەبەر ئەوە من بەپێویست دەزانم ڕەزامەندی دارایی ئەنجوومەنی وەزیرانی لەسەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک فەرسەت روون کردنەوەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی خۆم زۆر بەدواداچوونەوەی ئەو بابەتەم کرد. بودجەی سەربەخۆ زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ بودجەی ئاسایی حکومەت، ولەگەڵ بودجەی پاشکۆ. بودجەی پاشکۆ سەر بە وەزارەتی داراییەو دەتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکات. دەتوانێ سەرپەرشتی لەسەر ڕێکخستنی بکاتن. بودجەی سەربەخۆ بودجەی ئەو دەزگایەیە کە داهاتی خۆی بۆ خۆی بێت وسەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دا بکات. تەماشای زۆر یاسای دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقم کردووە وەکو کاکەڕەش فەرمووی، ئەو بودجانە وەزیر ڕەزامەندی لەسەر ئەکات یاخود ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بەتەنیا پەسەندی ئەکات یان خۆی ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی ئەکات. یەک دەزگام بینی سەر بە دەسەڵاتی یاسادانان

بێ، ئەویش یاسای دەزگای خانەنشینانی کرێکار(تقاعدو ضمان العمال)، ئەو بودجەیە دێتە دەسەڵاتی یاسادانان، وئەویش راستاندنی(المصادقة) لەسەر ئەکات، یان بودجەی دەزگاکانی تر ئەگەر پاشکۆ نەبێت، ئەگەر پاشکۆ بێت شتێکی ترە سەر بە وەزارەتی داراییەو زۆر دەستکاری تێدا ئەکات. ئەگەر سەربەخۆ بێت پەیوەندی وەزارەتی دارایی لەگەڵ نابێ، چونکە دەسکەوتی تایبەتی خۆی هەیە وبەخۆی ئازادە تەصەروف بەو دەسکەوتانە بکات، تەنها ئەو برەپارەیە نەبێت کە وزەراتی دارایی بۆیان دابین دەکات چ بەشێوەی (سلفة) یان بەشێوەی (منحة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت. ئەو برادەرانەی تێبینیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە دوو شت دەبێ رەچاو بکەن، یەکەم: وەزیری تایبەت کە سەرپەرشتیار دەبێ بەسەر ئەم دەزگایەوە دەسەڵاتەکەی دیاریکراوە کە مافی هەیە چۆن مامەڵە بکات لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایە. دووهەم: لەوانەیە جەنابی وەزیری دارایی وجەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بەڕێکەی ئەو، هەموو ساڵێک پێش دەست پێکردن بە دانانی بودجە کۆمەڵێ رێنمایی دەرئەکات بۆ چۆنیەتی کارکردن لەسەر بودجەکان بە شێوەیەکی گشتیی. ئەم دەزگایەش بێگومان بەر ئەو رێنماییانە دەکەوێت. ئەوەی کە لێرەدا باس کراوە بۆ ئەوەیە کە گرنگییەکی تایبەتی بدرێت بەو دەزگایە. چۆنیەتی بنیاتنان وداهاتەکانیشی زیاتر ئەو سەربەخۆییەی دەزگاکە دیاری دەکات. کاک فازڵ تێبینی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیر ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا کاک جەمیل لەوانەیە باش تێ نەگەیشتبێ. بودجەی سەربەخۆ کاک فەرسەت روونکردنەوەیەکی پێشکەس کرد لە نێوان بودجەی فەرمانگەکانی حکومەت و وەزارەتەکان وەسەربەخۆی کیانی وەزارەت، بەڵام(مستقل في ايراده) جیاوازیەکی هەیە. پرسیارێک دەکەم، ئەگەر پارەیەک غەیری مسروفی ساڵی دارایی مایەوە، وەزارەتی دارایی دەیگەڕێنێتەوە یان نا؟ من ئەڵێم دەزگای شەهید ئەو یاسایە نایگرێتەوە (المبالغ غير المصروفة تبقى ميزانية للمؤسسة) بەڵام هی وەزارەت دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جگە لەمەش بەڕێوەبەرایەتیەکی ئیستثماراتیان هەیە، حەتمەن ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە، یان بەشی ئیستثمارات ئیشی ئەوەیە ئەو پارانەی کە هەیە ئیستثماری بکات، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێکم لە بیر چوو سەبارەت بە بودجەی سەربەخۆ. ئەو دەزگایە ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆی

مێژووی ساڵی دارایی دابنێت، واتە پابەند نییە بەساڵی دارایی حکومەتی هەرێم بەڵکو ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆی مانگێک دیاری بکات بۆ نموونە، بڵێت ساڵی دارایی لە فلان مێژوو دەست پێ دەکات و لە فلان مێژوو کۆتایی دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری قسەی جەنابت دەکەم، بەڵام من تێبینیم هەیە لەسەر قسەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان. ئەگەر دەزگا بودجەی سەربەخۆشی هەبێت ناکرێ بڵێین، وەزارەتی دارایی حەقی تێدا نییە. نەخێر هەر دەزگایەک تەنانەت ئەگەر سەربەخۆش بێت، دەزگایەکی بازرگانی بێت، دەزگایەکی پیشەسازی بێت چەن دەزگا هەبێت هەموو یاسای لقی کۆنە، بۆ نموونە لە(١٥٪)ی قازانجەکەی هەر بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری بوو، بەڵام ئەگەر قازانجی نەکرد یان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، یان خەرجییەکانی زۆرتر بوو لە داهاتەکانی، وەزارەتی دارایی تەحەمول ئەکات، هەروەها دەربارەی فەرموودەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ، پارەی دەزگاکە ناگەڕێتەوە، ئەگەر پارەی مووچە بێ دەگەڕێتەوە، بەڵام هی ئیستثمارات راستە دەمێنێ، بەڵام کە بەپێی یاسا باوەکان(کالقوانین المرعية) ئەگەر قازانجی هەبێت لە(١٥٪) بۆ وەزارەتی دارایی یە، بەڵام کە قازانجی نەبێت وەزارەتی دارایی تەحەمولی ئەکات. وەزارەتی دارایی یارمەتی ئەوانە ئەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی چاک هاتووە، وەنەبێ وەزارەتی داراییش مافی نەبێ، دەڵێ بودجەی دەزگا سەربەخۆیە و لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێت. بەپێی سیاسەتی وەزارەتی دارایی ئەوە دادەندرێت وەنەبێ ئاگای لێ نەبێ، ئاگای لێیە و بۆشی هەیە بۆیان دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس. فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دەزگای شەهید، ماوەیەکی دوورو درێژە بەڕێزتان ئاگادارن کە وەزارەتی دارایی

وئابووری گەڕایەوە سەر بڕیارەکانی بەڕێزتان کە لە کاتی خۆیدا بۆتان جێبەجێ نەکرا بوو. یەک لەو ئەرکە پیرۆزانە مەسەلەی دەزگای شەهید بوو، لەڕاستیدا ئێمە لە بابەتی بودجەی ساڵی ١٩٩٧ کە لەراپۆرتەکەی خۆشماندا ئاماژەمان پێداوە، لەو کاتەوە ئێمە کارمان بۆ ئەو دەزگایە کردووە، وتوانای پێویست تا رادەیەک بۆمان دیاری کردووە. لەڕاستیدا ئێمە هیچ گرفتێکمان نییە، بۆیە داخلی گفتوگۆی ئەم بابەتە نەبووین، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە بوو کە خزمەتی ئەو یاسایە بکرێت کە ئێستا لەبەر دەستمانە وگفتوگۆی لەسەر ئەکرێت هەروەها وەزارەتی دارایی وئابووری کابینەی سێیەم خۆی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە. تەنها ئێمە تێبینیەکمان هەبوو کە ئەویش بەنووسین دامانە برای بەڕێز کاکەڕەش، کە داوامان کردبوو زیادەیەک بکرێتە سەری، کە وەزارەتی دارایی بۆی چاودێری هەبێ دارایی خۆی بنێرێ بۆ ئەو دەزگایانەی کە خۆی پشتیوانی دەکات، دەنا ئەوەی کە بڕیاری پێ دەرچوو وەراستەوخۆ پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە هێچ واتایەک نابەخشێ بۆیە پێم باشە بسڕینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لە هەمان مادە زیادمان کرد، (وتکون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کاک یونادەم تێبینی هەیە، فەرمو‌و کاک یونادەم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی چاودێری، لە مادەی(١٨) داوامان کرد لەوێ جێگای خۆیەتی کە باسی پارە ئەکات، باسی دیوان ئەکات، هەموو برگەی(ه)زیادە ئەبێ هەر(تکون حسابات) ئەوە ئەخرێتە سەر چاودێرییەوە. لەوێ شوێنی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەویش ئەبێ هەڵگرین بۆ ئەوێ، وابزانم ئەو مادە بە تێرو تەسەلی گفتوگۆ کرا، یەک: هەر وەکو رێگەپێدانێک دەرناچێ لە چوارچێوەی سیاسەی دارایی حکومەتی هەرێم و ورێنماییەکانی. دوو: مادام لە رێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەرز ئەکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بێگومان ئەنجوومەنی وزەیران خۆ هەر وەکو خۆی ناینێرن، بەڵکو بۆیان هەیە تەماشای بکەن ولایەنەکانی پەیوەندیدار لێرە، وەزارەتی دارایی وئابوورییە، بۆیە من وای بۆ دەچەم ئەو مەترسییەی کە هەیە لەوێدا چارەسەر ئەکرێت ومادەکەش وەکو هاتووە برادەران کۆکن کە دارشتنەکەی باشە، بۆیە

ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر چ تێبینی هەیە؟ نییە مادە(١٦) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

تتكون اموال وايرادات المؤسسة مما يأتي:

١- المنحة المقررة لها من قبل حكومة الاقليم والمرصدة ضمن الميزانية العامة.

٢- الاموال المنقولة وغير المنقولة التي تمتلكها المؤسسة.

٣- عوائد استثمارات المؤسسة.

٤- الهبات المقدمة للمؤسسة ويتم قبولها من قبل مجلس الادارة على أن تكون من مصادر ظاهرة ومشروعة قانوناً.

٥- الرسوم التي تفرض لاغراض تحقيق اهداف المؤسسة.

٦- ريع النشاطات التي تقوم بها المؤسسة.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ئێمە تێبینیەکمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جیاتی (المنحة المقررة لها من قبل حكومة الاقليم) بكرێتە (المبالغ المرصدة لها ضمن الميزانية العامة) چونکە لە خوارێ (هبات) هاتووە ئەوە مووچەیان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت خاڵی یەکەمە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ مەبەستم خاڵی یەکەمە ( المبالغ المرصدة لها ضمن الميزانية العامة) لەجیاتی(المنحة المقررة لها) چونکە لەخوارێ (هبات) هاتووە، مووچەیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المبالغ المرصدة لها ضمن الميزانية العامة) واتە خاڵی یەک ئەبێتە(المبالغ المرصدة لها ضمن الميزانية العامة) فەرموو کاک د.رۆژ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو مادەیە(المنحة المقررة لها من قبل حكومة الاقليم والمرصدة ضمن الميزانية العامة) ئەتوانین بیگۆڕین بە (المبالغ المقررة لها من قبل حكومة الاقليم والمرصدة لها ضمن الميزانية العامة) لە جیاتی (منحة المبالغ المقررة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(منحة) هەڵگیرا، واتە پێشنیارەکەت لەسەر(منحة)یە.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە(المبالغ المقررة لها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المرصدة)، هەر هەمان شتە.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قبل حكومة الاقليم والمرصدة ضمن الميزانية العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المبالغ المرصدة المقررة لها.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

والمرصدة ضمن الميزانية العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس تێبینی نییە؟ کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە(٤) بەم شێوەیە بێ باشترە:(الهبات والتبرعات المقدمة من قبل الافراد والاشخاص للمؤسسة) مەبەستم کەسایەتی مەعنویە واتە(الأشخاص المعنوية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست کەسایەتی مەعنویە(الأشخاص المعنوية)، کاکەڕەش فەرموو ئەگەر چ تێبینیەکت هەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە ڕەها هاتووە (مطلق)ە، مانای وایە لە تاکیش دەتوانێ، مادام ڕەوا بێت تەنیا مەرجەکەی

ئەوەیە کە رەوا بێت، ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بڕیار بدات هی کەسانیش(الأشخاص) بێت، هی کەسانی مەعنویش بێت. دەتوانی وەری بگری روون کردنەوەو هاندان بۆ کەسەکان و ئەشخاص وەکو بابەتێکی روون لەوێ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر حەز ئەکەی خۆمان دوای ئەنووسین لەسەر ئەو بابەتە هانیان دەدەین، بەلام ئەمە گشتییە. دیارە مادام وایە چ تێبینی تر نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە. مادە(١٧)کێ لەگەڵە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

أـ جميع أموال المؤسسة، أموال عامة لايجوز التصرف بها لغير أغراض هذا القانون.

ب ـ تعتبر ديون المؤسسة والمبالغ المستحقة لها قانوناً، ديوناً ممتازة ويطبق في جبايتها قانون جباية الديون المستحقة للحكومة.

ج ـ تعفى أموال المؤسسة المنقولة وغير المنقولة من الضريبة والرسوم.

د ـ تعفى المؤسسة مما يترتب عليها من رسوم عن التصرفات القانونية التي تقوم بها والدعاوي التي تقام لها أو عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینیتان هەیە لیژنەی یاسا؟ نیتانە؟ مادە(١٨) ئەخەینە گفتوگۆوە، کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم مادە؟ کاک یونادەم، کاک سەعید، کاک رەجەب. فەرموو کاک یونادەم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەر لەئێستا کە باسی چاودێریمان کرد، لێرە پێشنیار دەکەین بڕگە (هـ)زیاد بکرێت. (تكون حسابات المؤسسة خاضعة للرقابة المالية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک یونادەم. زیادەتان لە بیر چوو، سوپاس کاک یونادەم، بۆ ئەو تێبینییە. کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەڵێم مافمان هەیە ئیعفای بکەین، لەو باجانەی (لها)، بەڵام (ماعلیها) مافی خەڵکی ترە. (الدعاوي قانونا) من ئەڵێم (أعفاءها من رسوم الدعاوي التي تقوم لها أو عليها ،(لها) ئێمە ئەتوانین (عليها) مافی خەڵکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فازڵ. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای بەڕێز وەزیری ناوخۆم، هەندێ باجی دادی (الرسوم العدلية) هەیە، مافی ئێمە نییە، ئیعفای بکەین، و ئەوە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە(تقام لها) ئاساییە. ئەوە(عليها) تێبینیەکەی لە جێی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. وادیارە کاک فەرسەت تێبینییەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای بەڕێز وەزیری ناوخۆم، سەبارەت بەو دەعوایانە، ئەگەر بێتوو لەسەر کەسانی ئاسایی داواکاری بکرێت. بەڵام دور نییە داواکراو(مدعي عليه) سەر بە فەرمانگەیەکی حکومی بێت، ئەو کاتە مافمان هەیە ئیعفای بکەین. بەڕای من ئەو جیاوازیە بکرێ باشتر، هەروەها رای کاک فازڵ رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەمان مادە زیادمان کرد(وتكون خاضعة للرقابة المالية)، مانای بودجەکەی لە ژێر چاودێری(خاضعة) داراییە. بەتەنیا ئەم وشەیە بەسە(تعفى المؤسسة مما يترتب عليها من رسوم عن التصرفات القانونية التي تقوم بها والدعاوي التي تقام لها) ئەو وشەی(عليها) لا ببرێ، کێشەکە چارەسەر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەنها(عليها) نامێنێ، تقام لها. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک فازڵ، بۆ تێبینیەکەی من چوو وکێشەکەش چارەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک رەجەب.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاتووە(غیر المنقولة من الضریبة والرسوم) بکرێتە (من الضرائب والرسوم)، ئایا بەڕای لیژنەی یاسا لەلایەنی دارشتنەوە چاکتر نییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، بکرێ بە کۆ برادەران ئەڵێن زمانی یاسایی(لغة القانون) بەتاک(مفرد) دەبێ، نابێ بە(جمع ومثنی) دیارە دارشتنی یاسایی خۆیان هەیە، وابزانم تەواو ئەو برادەرانەی کە ناونووس کراون، فەرموو کاک دکتۆر.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی بچووکم هەیە، ئەو خاڵە خۆی تەنها(تعفی المؤسسة مما یترتب علیها من رسوم)، تەنها(رسوم) نە جەزایە، نە بری پارێزەرایەتیە، نە غەراماتە، تەنها(رسوم) رسومی مافی ئیقامەی دەعوا ودەعوایە، بیکا یان نەیکا. ئەم خاڵەشمان بۆیە زیاد کردووە بۆ ئەوەی ئاسانکاریەکی بۆ بکەین، هەندێ برەپارە زیادە کە خەرجی دەکا، لە جیاتی ئەوەی لە دەزگای شەهید بچێتە لای وەزارەتی داد، لە وزارەتی داد بچێتە وەزارەتی دارایی و، وەزارەتی داراییش بداتە دەزگای شەهید هەر لای دەزگای شەهید بمێنێتەوە. لەوانەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران بیری لێ بکەینەوە بۆ ئەوەی ئاسانکاری زیاتریان بۆ بکەین پارەی کرێی ئاو وکارەبایان لێ وەرنەگرین بۆ نموونە هەندێ باجی تریان لێ وەرنەگرین، هەروەها لەوانەیە بتوانین لەرێگای ناڕاستەوخۆ باجی زیادە بخەینە سەر هەندێ شت تایبەت بێ بە ناوی دەزگای شەهیدەوە، ئەمانە هەمووی بۆ یارمەتیدانیانە، لەبەر ئەوە نییە ئەگەر دەعوایەکیان لەسەر کرا ئیتر جەزا نەدەن. بەڵێ ئەبێ جەزا بدا تەنیا باجەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی کاک دکتۆر فەرمووی هەمووی رۆیشتووە ئاساییە، بەڵام دوای ئەوەی(والدعاوي التي تقام لها أو علیها)، کێشەکە لێرەیە، چونکە هەندێک داواکاری هەیە( من قبل

الاشخاص)(إقامه) دەکەوێتە سەر دەزگا، کابرای داواکار باجی داواکە دەداتەوە. کە داواکە بباتەوە بە یاسا، ئەو باجە دەکەوێتە سەر لایەنی تر. باشە ئەو بۆچی بکەوێتە ئەستۆی، تەنانەت کرێی پارێزەرایەتیش (أجور المحاماة)؟ تەنیا(والدعاوي التي تقام لها)،(عليها)یە کە لای بەرین کافیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم باج(رسوم) تەنها ئەو باجەیە کە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد، چەند باجێکی دیاری کراون. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دوو خاڵ هەیە: یەکەم (الاعفاء من الرسوم عن التصرفات القانونية)، بۆ نموونە کڕین وفرۆشتن ومامەڵەی ڕەهن وهەموو مامەڵەیەک دەگرێتەوە ئەوە لایەنێک. ئەمە وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بۆ کرد راستە لە باج. بەڵام لایەنی دووەمی سکاڵاکە سەبارەت بەو سکاڵایەیە کە خۆی ئیقامە دەکات(معفى من الرسوم) إعفاء دەکرێ دەبەخشرێ بەڵام ئەوەی لەسەری ئیقامە دەکرێ وەکو کاک فازڵ ئاماژەی پێدا، دەبێ باجەکە بکەوێتە ئەستۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران هیچ تێبینییەکی نەبێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، واتە ئەم ماددەیە دوو هەمواری کەوتۆتە سەر، یەک:(عليها) هەڵ ئەگیرێ. دوو: بڕگەیەکی تر زیاد ئەکەین بۆ مەسەلەی چاودێری دارایی، وەکو خوێندرایەوە. ئەگەر زەحمەت نەبێ(د) بخوێنەوە لەگەڵ زیادەی بڕگەی(ه).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(د) تعفى المؤسسة مما يترتب عليها من رسوم عن التصرفات القانونية التي تقوم بها والدعاوي التي تقام لها.

هـ - تكون حساباتها خاضعة للرقابة المالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

للمؤسسة التنسيق مع الوزارات المختصة لتأدية مهامها وتحقيق أهدافها بواسطة الدوائر ذات المهام والطبيعة المماثلة لمهام المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینیەکتان هەیە لەسەر مادەی نۆزدەهەم؟ ئەگەر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة العشرون:
للمؤسسة إنابة الدوائر المختصة في الوحدات الادارية التي لاتوجد فروع لدوائر المؤسسة فيها لتوزيع الرواتب التقاعدية على مستحقيها ضمن حدود الوحدة الادارية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە بیست؟ کاک سەعید فەرموو.
**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من دەڵێم تەنها بۆ دابەش کردنی مووچە نەبێ، بەڵکو هەر ئیشێکی تر هەبوو کە رایان بسپێرن جێبەجێی بکەن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، فەرموو کاک یونادەم.
**بەڕێز یونادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لێرە دەڵێ:(إنابة الدوائر المختصة) ئەگەر بووترێ (السلطة الادارية)، وەکو چۆن باسمان کرد دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە ناحیە بێ یان قائمقامیەت بێ وابزانم باشترە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، کاک فەرسەت ڕوونکردنەوەیەکی هەیە.
**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مەبەستی لەم مادەیە ئەوەیە سبەی دوور نییە لە ناحیەیەک ئەو دەزگایە لقی نەبێ، مووچەی خانەنشین دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی دارایی لەوێ دابەشی دەکات، یان بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین لە

قـەزايەک دوور نـيـيـە هەبێت، پێـويست ناكـات لقـێكی دەزگـا لەوێ بكاتەوە، وەدەدرێتـە بەڕێوەبەرايەتی خانەنشين، ئەوان مووچەكە دابەش دەكەن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، فەرموو كاک سەعيد.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعيد ئەحـمـەد يەعـقـوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـوومـەن.**

(أو اية مهمة تكلف بها)

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـوومـەن:**

كاک سەعيد، ئەوە دەزگايەكی تەواوە، بۆ ئيش وكاری خۆی. ئەگەر هانی دام ودەزگای تر بدەين، بێن لەجياتی ئەم دەزگايە كار بكەن، ئەوكات، بەڕای من لە پلەو پايەی دەزگاكە، كەم دەبێتەوە. لەوانەيە تەنها بۆ كارێكی دياريكراو ئاسايی بێت. واديارە جەنابی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزيران تێبينيەكی هەيە. فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شـاوەيس/سـەرۆک وەزيران:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـوومـەن.**

ڕاستە دام ودەزگای تر ئيشەكانی بۆ جێبەجێ بكا ئەوە بە باشی نازانين، مەبەست لەو خاڵە تەنيا ئەوەيە بۆ نموونە، ئێمە خێزانی شەهيد شوێنانی دوورەوە كۆ نەكەينەوە بيهێنينە هەولێر بۆ ئەوەی، مووچەكانيان وەربگرن يان بچنە دهۆک مووچە وەربگرن. هەر كەسە لە شوێنی خۆيدا بتوانی وەری بگرێ ودام ودەزگـای زيادەش دروست نەكەين، تەنهـا مـەبەسـتـەكـەی ئەوەيە، لەوە زياتر نيـيـە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـوومـەن:**

سوپـاس. مـادەی بيـست ئەخـەينە دەنگدانەوە. كێ لەگـەڵە؟.. سـوپاسـتـان ئەكـەين. كێ لەگـەڵ نييە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـوومـەن.**

مادەكەمان هەيە زيادە بچێتە ناو ياساكە پێش(على مجلس الوزراء) ئەبێتە(٢١)(للمؤسسة)، چونكە لەبەر ئەوەی ئستثمارات هەيە، كردوومـانە(للمؤسسة أن تمتلك بدون بدل ما تحتاجه للقيام بأغراضها من العقارات الحكومية والاراضي الاميرية وفقاً للقوانين المرعية).

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن، ئێمە بواری ئيستثماراتمان داوەتە دەزگاكە، لەوانەيە بەيانی داوا دەكا لە ئەنجوومەنی وەزيران يان لە وەزارەتی كشتوكاڵ دەڵێ پێويستيم بە پارچە زەوييەكە، پارچە زەويەكی كشتوكاڵی بۆ ئەوەی پرۆژەيەكی كشتوكاڵی لەسەر بكەم بۆ ئەوەی سوودو داهاتێكی هەبێ، ئەگەر وەزارەتی كشتوكاڵ لاری نەبوو لەو كاتە داوای پارەی لێ نەكا كە دەيدەنێ بەبێ هيچ

بدرێتێ، لە هەمان کاتدا یان لە ناو شار دەیەوێ شتێک بکات پارچە زەویەکی دەیەوێ بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، ئەگەر هاتوو لایەنی پەیوەندار بەپێی یاسا رەزامەندیان بۆ کرد لەو حاڵەتە بەبێ پارە بێ، نەک بە پارە، چونکە وتومانە بەپێی(القوانين المرعية) وە نییە هەرچی دەستی لەسەر دابنێ بۆ ئەو بێ، کە رەزامەندی کرا ئەبێ بەبێ پارەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ڕۆژ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دەرئەنجامە(تحصيل حاصل)، عفو کراون لە باج و ئەتوانین وەکو ئەنجوومەنی وەزیران کە هەر شتێ بە باشی بزانین لەگەڵ دەزگا کە پێشنیار هەبێ بیان دەینێ، زەوی بێ یان پێویستی بەهەر شتێک بێ کە دەست بەسەر گیراوبێ بگوازرێتەوە بۆ دەزگای شەهید. بەڵام بەو شێوەیە لە یاساکە بێت، زیاتر هانیان بدا داوای شتی زیاتر بکەن بمان بەستنەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی تێدا نەبێ کەمێک بە باشتری دەزانم، ئەگەر ئەو برگەیەی تێدابێ یان نەبی بەڕای من ڕێگای ئەوەی لێی نەگیراوە اعفاء بکرێ. چونکە اعفاء کراون لە رسوم و باج وهەموو شتێک ئێمە اعفائیان دەکەین لە نرخی شتێک کە پێویستیان پێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو بەخشش(هبات)، وەزارەتێک بە(هبة) شتێکیان بداتێ، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی رسوم وباج لەوەی عەفو نابن، پاشان ئەگەر بە باش نازانرێ هیچ گرفتێک نییە، بەڵام خۆی تەنیا ئەوەی کە مەعقولە لە باج و رسوم ئەگەر زەویەکی کشتوکاڵیان بدەنێ عەفو ناکرێن لە بەدەلی زەویەکە، چونکە بەدەلی زەوی جیاوازی هەیە لە رسوم و باج، یان پارچە زەوییەک لە ناو سەنتەری پارێزگا پێویستیان پێیەتی بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو بۆ شتێکی ئیستثماری، لەو کاتە عەفو نابن دەبێ بخەملێندرێ وبەپێی یاسا بچن بزانن چەندە ئەو پارەیە بدەن ودەزگاش خۆی ئەو پارەیەی نییە دەبێ دیسان ئەنجوومەنی وەزیران لە بودجەی ئایندە بۆی دابنێ، بچێ بەدەلی ئستملاکی ئەو زەویە یان بەدەلی اطفایی ئەو زەویە بدات، بۆ ئەوەی ئەمە روو نەدا ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر کرد پارچە زەویەکی بدەنێ، راستە سەبارەت بەوان بەبێ بەدەلە وئەگەر رەزامەندیش لەسەر نەکا شتێکی زۆری تێدا نییە وەک کاک د. فەرمووی دەمان بەستنەوە، داوا دەکەن، ناتوانن ئەگەر داوا بکەن نەیان دەنێ. شتەکە زۆری تێدا نییە لە کاتی رەزامەندی بەخۆڕایی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شـــاوەیس/ ســــەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من ئەڵێم صیغـەیەک بدۆزرێتـەوە بڵێین ئەنجوومـەنی وەزیران ئەتوانێ بەخۆڕایی بیـان داتێ هەر شتێک داوا بکەن نەک رەهابێ (مطلق)، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت بەدواداچوونێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

هەر بۆ روونکردنەوە یاسایەک لە عێـراق هەیە یاسـای(تملیك الاراضي الحكومـيـة)، ئێـسـتـا ناونیشانەکەم باش لە بیر نییە(الى الجهـات الاخـرى بدون بدل) شـتـێکی وا هەیە، بۆ نموونە لایەنی ئاییـنیـیـەک لەو لایەنەیە بەڕای من ئەگـەر دەقـێکی وا لێـرە جـێـگیـر نەکـەین دوور نیـیـە ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی دانی ئەو زەویەی بەبێ پارە نەبێت. لە رسوم اعفا دەکەن بەڵام لە بەدەلی زەوەیەکە لە بەدەلی خانوەکە بەپێی یاسا دوور نییە ئەو دەسەڵاتە نەبێت، بە بەلاش بیان داتێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

سوپاس، ئێستا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکا؟کاک جەمیل، کاک شێروان، کاک سەفەر. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عــەبدوڵلا حــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

گـوتراوە (تكون للمؤسسة شخصية معنوية)، ئەگەر دەزگا(شخصية معنوية)یەی هەبێ لەرووی یاساییەوە مافی بە خاوەن بوون وخاوەن کردن هەیە، پێی ناوێ لە یاساکە بگوترێ، ئەوە لایەنی یاسایەکەی پێویست ناکات لە یاساکە بهێنێتـەوە زەوی بێ پارە لە بۆ دابنرێ تەرخـان بکرێ یان دانەنرێ ئەگەر یاسای ئەو وەزارەتەی کە زەوی بۆی تەرخان بکرێ وتوانا و ماوەی هەبێ سروشتی دەیداتێ ئەویش(شخصية معنوي)یەی هەیە قبوڵی دەکا، ئەگەر یاسای فەرمانگەکە تواناو ماوەی نەداتێ ئەوە نایداتێ وەتا ئەگەر قبوولیش بکا، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بـەڕێز جــــەمــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من پشـتگیری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکـەم وهەروەها پێویست ناکات مـادده زیاد

بکرێت. بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئێستا وتی یاسای عێراقی هەیە مادام یاسا هەیە(بدون بدل) هەروەک بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەباشی دەزانم کە ئەو خەملاندنە بمێنێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، برادەرانی لیژنەی یاسا ئەڵێن دەق پێویستە، چونکە وەزارەتێک ئەو دەسەڵاتەی نییە کە تەنازول بکا لە خانووبەرە وشتی خۆی بکا بەبێ پارە، خۆیان باشتر دەزانن روونی بکەنەوە.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێروان فەرمووی لەبنەڕەتدا هەر وارد نییە، لە یاسا دەڵێ ئەگەر لە یاسای وەزارەتەکە هەبێ ڕەزامەندی بکات ئەبێ و بەپارە ئەیداتێ، ئەگەر ڕەزامەندی نەبێ نایداتێ، بەڵام ئەگەر لێرە دەق هەبوو بەبێ بەدەل مانای وایە کە تەرخان کرا، نەبێ بەدەلەکە لەبەر ئەوەی وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی خەملاندنەکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بێ، دەتوانین وابکەین وبڵێین (لمجلس الوزراء تمليك المؤسسة بدون بدل ما تحتاج للقيام بأغراضها من العقارات الحكومية والاراضي الاميرية وفقا للقوانين المرعية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، مادام ئەنجوومەنی وەزیران رازیە، ئەمە پێشنیاری ئەوانە. ئەو دەقە زیاد دەکەین، پاشان ئەگەر چ تێبینییەک هەبێت ئێمە ئەیخەینە دەنگدانەوە. بیخوێنەوە زەحمەت نەبێت.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لمجلس الوزراء تمليك المؤسسة بدون بدل ماتحتاجه للقيام بأغراضها من العقارات الحكومية والأراضي الاميرية وفقاً للقوانين المرعية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیاری لیژنەی یاسایە بۆ ئەوەی مادەیەکی تر(٢١) زیاد ئەکرێت. مادە(٢١) ئەمەیە کەس تێبینی نییە لەسەر ئەو پێشنیارە؟ فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببێتە (لأغراضه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفت نییە، ئێستا داڕشتنەکەی وای لێ هات ئەڵێ (لاغراضها) لەبەر ئەوەی دەزگایە. کە واتە ئەمە ئەبێتە مادە(٢١)، مادە(٢١) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

(على مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق تنفيذ هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢٢) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٢٣) ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة:

اذا كان لشعب كوردستان ـ العراق ان يعتز اليوم بنظامه السياسي القائم ومؤسساته الدستورية فانما الفخر يعود لمن ضحوا بحياتهم من أجل قيامها فصنعوا تأريخ شعبنا المجيد وانارو درب مستقبله، اولئك هم شهداء الحركة التحررية لكوردستان، فوفاءاً لهم واكراماً لتضحياتهم وتقديراً لمكانتهم كان لابد من ايجاد مؤسسة متخصصة تتولى ما يتعلق بحقوقهم تنظيماً ومتابعةً وتنفيذاً وترعى شؤون من اصيب بعوق جراء نضاله في صفوف الحركة، عليه فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە واتە یاسای دەزگای شەهیدان. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. ئەم برگە تەواو بوو. لە بەرنامەی کارمان (٢)برگەی تر ئەمێنێتەوە، ئەنجومەنی وەزیران بەباشیان زانی کە ئەم دوو پرۆژە دوابخەین بۆ

دانیشتنێکی ترمان بۆ ئەوەی زیاتر باسی لێ بکرێت، کاک د. رۆژ لە مسوەدەکە زیاتر نووسراوە لێرە نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش وەکو ئەنجوومەنی وەزیران زۆر سوپاستان دەکەین، بۆ ئەم دانیشتنە نائاساییە. لەڕاستیدا بۆ بابەتێکی وا گرنگ بۆ بڕیاردانی یاسای دەزگای شەهید، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەزموونە دیموکراتیەکەمان(٥) ساڵە خەریک بووە کە ئەنجامی بدات، تا ئێستای پێ چووە، ئەمە کەم تەرخەمیەکی گەورە بوو لە کابینەکانی یەکەم ودووەم وتائێستا هی سێهەمە، وبڕیاردان لەسەر ئەم یاسایە هیوادارین ئەم کەم وکورتیە بەزووترین کات پڕ بکەینەوەو دەزگاکە بکەوێتە کارو، خزمەتی خێزانی کوردو کوردستانمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەم بڕیارەی ئەمڕۆ کە درا، گرنگترین بڕیارە دوای بڕیاری فیدرالیەت، بەتایبەتی ئەگەر ئەم شەو جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەیری تەلەفزیۆن بکاو گوێ لە بڕیارەکە بگرێ یەکێک لە ئاواتە هەرە پیرۆزەکانی ئەو ئەمڕۆ هاتە دی. ئەو برادەرانەی کە زۆر نزیکی کاک مەسعودن دەزانن کە ساڵەهای ساڵ خەریک بووە دەزگایەکی وا دروست بێ، ئەمڕۆ ئاواتەکەی هاتە دی پیرۆزبایی لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە مۆڵەتی بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کە هەموو قسەکانی کرد، لەڕاستیدا من خۆم سوپاسی لیژنەی یاسای پەرلەمان دەکەم، چ وەکو تاکە کەس و چ وەکو دەستە، لەڕاستیدا جگە لەو روونکردنەوانەو گفتوگۆیانەی کە زۆر گشتگر(شامل) بوو کارێکی مێژوویان ئەنجام دا، سوپاسیان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ دانەوەی بەشێکی کەم لەو قەرزەی کە لە ئەستۆی هەمووانایە بەرامبەر شەهیدان درایەوە. بوونی ئەمڕۆمان بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وهەموو دەسکەوتەکانەوە بەروبوومی مایەی ئەو ڕەنجەو خوێنی ئەو شەهیدانە بوو. بۆیە ئەمڕۆ ڕێگا بفەرموون بەناوی هاڤالانمەوە لە فراکسیۆنی پارتی دیمکراتی کوردستان، و هەموو برایان ئەگەر ڕێگا بفەرموون پیرۆزبایی لە خۆمان ولە هەمووان بکەم. هیوادارین کە ئەم بڕیارە جێی خۆی بکاتەوە و وبنیاتی گەورەی لەسەر بنێین، وبتوانین ئەوەی کە خواستی هەموومان بووە وەکو ئەرکێکی پیرۆز بیگەیەنین، جارێکی تریش لەگەڵ ڕێز وسوپاس وپیرۆزبایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو ئەبێ وسوپاستان دەکەین، بەم بۆنەیەشەوە حەز دەکەم سوپاسی هەموو بەڕێزان بکەم کە ئەمڕۆ ئامادە بوون وسوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان دەکەین بۆ ئامادە بوونیان لەم کۆبوونەوە نائاسایی یەدا. پشووی پەرلەمانیش وەکو ئەزانن لە(١)ی تەمووزەوە دەستی پێکردووە هیوادارم خولی ئایندە پڕ بێت لە ئیش وەخولێکی بە بەرهەم بێت بۆ خەڵکی کوردستان، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای دەزگای گشتیی شەهید

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە کە لەم یاسایەدا هاتوون ماناکانی تەنیشتیانە:

١ـ دەزگا: دەزگای گشتی شەهید.

٢ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای گشتی شەهید.

٣ـ سەرۆکی ئەنجوومەن: سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای گشتی شەهید (سەرۆکی دەزگا).

٤ـ بزووتنەوە: بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردستانی عێراق.

٥ـ شەهید: شەهیدی بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردستانی عێراق.

٦ـ کەم ئەندام: تووش بوو بەکەم ئەندامیی لەئەنجامی بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردستانی عێراق.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەزگایێکی گشتی دادەمەزرێ کە تایبەت بێ بەکاروباری شەهیدەکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردستانی عێراق و بەو کەسانەی کە لە ئەنجامی تێدا بەشدار بوونیان تووشی کەم ئەندامی بوون، پێی دەگوترێ دەزگای گشتی شەهید.

**ماددەی سێ یەم:**

ئەم دەزگایە کەسیەتی یەکی مەعنەوی هەیە و خاوەن سوودی گشتی دەبێ و هەموو شیاوی یەکی تەواوی یاسایی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێریی دەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

دەزگا مووچەی خانەنشینی وپاداشت بۆ شەهیدان و کەم ئەندامان و، ئەو خێزانانەی کە ئەو مووچانانەیان دەکەوێ تەرخان دەکات و بەپێی یاساکاریی تایبەت بەوانەوە بۆیان سەرف دەکات وچاودێریی خێزانەکانیشیان دەکات و فێرکردن و شیاویی کۆمەڵایەتی و پیشەییان بۆ دابین دەکات و بۆ ڕێزلێنان لە خۆبەخت کردنیان ژیانێکی سەربەرزانەی شیاو بە پلەو پایەیان بۆ دەستەبەر دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەزگا بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوەو سەرەک وەزیران بۆی هەیە جێگرەکەی یان یەکێک لەوەزیرەکان لەجیاتی خۆی دابنێ بۆ سەرپەرشتی کردنی و ئەم یاسایە سنوورو جۆری ئەو سەرپەرشتی کردنە دەست نیشان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

پێکهاتەکانی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێک دێ:

١- ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەزگا.

٢- پێکهاتەکانی مەڵبەندی دەزگا کە لەم بەشانە پێک دێن:

أ - بەشی بەڕێوەبردن و خۆیەتی.

ب - بەشی نەخشەکێشان ولێکۆڵینەوەو بە دواداچوون.

ج - بەشی ماف.

د - بەشی ژمێریاری.

ه - بەشی ورد بینی.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دەزگا فەرمانبەرێک سەرۆکایەتی دەکا کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت و بریکاری سەرۆکی دەزگا دەبێت و هەموو دەسەڵاتەکانی ئەنجام دەدات لە کاتی ئامادەنەبوی ڕەسیمداو لەمانە پێک دێ:

أ - بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینیی.

ب - بەڕێوەبەرایەتی شیاندن وچاودێریی کردنی کەم ئەندامان.

ج - بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنان.

د - بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبردنە لقی یەکان لەپارێزگاکان دا.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی باڵا لە دەزگادا لەمانە پێک دێ.

١- سەرۆکی دەزگا - سەرۆکی ئەنجوومەن.

٢- بەڕێوەبەری گشتی دەزگا - جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.

٣- سەرۆکی ئەرکان لە وەزارەتی کاروباری (پێشمەرگە) - نوێنەری وەزارەت.

٤- بەڕێوەبەری گشتی دارایی - نوێنەری وەزارەتی دارایی.

٥- بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدان و ئاوەدانکاری - نوێنەری وەزارەتی گەشەپێدان و ئاوەدانکاری.

٦- بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی - نوێنەری وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.

٧- ئەنجوومەنی وەزیران سێ پسپۆڕ بۆ ماوەی سێ ساڵ دادەمەزرێنێ و بۆی هەیە تازەش بکرێتەوە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی ڕابردوێکی شەرەف مەندانەی تێکۆشانن و بەشداری بەرچاویان لە جوولانەوەکەدا هەیە.

## کارو ئەرکەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجوومەن تایبەتە بەم کارو ئەرکانەی خوارەوە:

١ـ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو یاساو بریارو پێرەوە تایبەتی یەکان بەخانەنشینی شەهیدانی بزووتنەوەو، ئەوانەی لەئەنجامی بەشداریی کردن تێی دا تووشی کەم ئەندامی بوون، هەروەها ئەو یاساو بریارانەش کەپەیوەندییان بەکاروباریانەوە هەیە.

٢ـ پێشنیارکردنی هەموارکردنی یاساکان بۆ پەرەپێدانی یاسای دەزگاو، یاساو بریارەکانی کە پەیوەندیدارن بە کاروبارەکانی و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

٣ـ دانانی سیاسەتی گشتی بۆ گەشەپێدانی دەسکەوتەکانی دەزگاو وە بەرهێنانی لەناو چوارچێوەی ئامانجە نەتەوەیی ونیشتمانی و کۆمەلایەتی و ئابووری یەکان و سەرپەرشتی کردنی جێ بەجێ کردنیان لەلایەن فەرمانگەکانی دەزگاکەوە.

٤ـ سەلماندنی بودجەی گشتی دەزگا وژمێرکاریی کۆتایی وئەنجامدانی گوێزانەوەو هەموارکردنی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٥ـ دانانی میلاکی دەزگا وهەموار کردنەکانی.

٦ـ ئەنجامدانی کەم کردنەوە ومەزات کردنەکان و بریاردان لەسەر بەڵێننامە وقۆنتەرات و خۆبەستنەوەی دارایی لەنێو بازنەی بودجەی سەلمێنراوی دا.

٧ـ دانان و بەخشینی دەرماڵە بەفەرمانبەرە کارامەکان لەفەرمانگەکان دا یا ئەوانەی بەشێوەیەکی کاتی پێی سپێردراون، لەگەڵ شارەزا نێردراوەکان دا بەمەرجێک لەرێژەی ١٢٠٪ی مووچەکانیان پتر نەبێ و، بەخشینی دەرماڵە کەلەرێژەی ٧٠٪ی مووچەکانیان پتر نەبێ بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ئەنجام دانی کاری زێدە لەدووای دەوامی رەسمی روویان لێ دەنرێ.

٨ـ پێکەوە نانی چەند لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەکاروباری هەمەجۆری دەزگاکەو بۆیشی هەیە پشت بە شارەزایان لەدەرەوەی دەزگا ببەستێ بەرامبەر بەکرێ یەکی وا کە ئەنجوومەن بریاری لەسەر دەدات.

٩ـ چاودێری کردن و شیاندنی مندالانی شەهیدان، لەوانەی کەمەترسی لەسەر موعاناتیان هەیە، کەلەئەنجامی باری هەڵوەشانەوەی خێزانیی و لەئاکامی نەمانی دایک و باوک یاخود یەکێکیان لەلایان خوڵقاوە.

١٠ـ چاودێری کردن وشیاندنی کەم ئەندامانی بزووتنەوە لەناو پێشمەرگەداو، لێکۆڵینەوە لەباری ژیانیان و ئامادەکردنی ئامارکردنێکی تایبەت پێیان و دانانی نەخشە بۆ راهێنان و چاودێری کردن و شیاندنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری یان بە

دروست کردنی مەڵبەندی تایبەتی یا سوود وەرگرتن لەمەڵبەند و پەیمانگای تایبەت بەفەرمانگەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراو کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی یەکانی کەهەمان ئامانجیان هەیە و مافی پیشەیی یان لەوەرگرتن بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە تایبەتەکان دا پێ بدرێ.

١١- پێشنیار کردنی دامەزراندنی فەرمانبەر بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنیش بۆی هەیە بەرزیان بکاتەوەو بیان گوێزێتەوەو وازهێنانیان لێ قەبووڵ بکات و خانەنشینیان بکات و بەشێوەیەکی کاتی بیان سپێرێ و سزایان بدات و لەکاریان لابدات و بەڵێنکاریی لەگەڵ پسپۆرو شارەزایان وتەکنیکاران ببەستێ بۆ کارکردن لەدەزگاکەدا.

١٢- دانانی ڕاپۆرتێکی ساڵانە لەبارەی کارو ئەرکەکانی دەزگاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی پوختەی چالاکی یەکانی دەزگاو ڕاپەراندنی کارەکانی وکێشە وڕاو پێشنیارەکانی.

١٣- ئەنجوومەن بۆی هەیە لقەفرمانگە بۆ دەزگاکە لەیەکەکانی بەرێوەبردن دا بکاتەوە وبەش وهۆبە لەنوێ دابنێ ولێکیان بدات وهەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویست لەگەڵ دانانی سنوورێک بۆ کارو ئەرکەکانی و پسپۆری یەکانی بەپێی ڕێنماییەکانی خۆی.

١٤- ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی خۆی بدات بە سەرۆکی دەزگاو بەڕێوەبەرە گشتی یەکەی.

**ماددەی نۆیەم:**

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دەزگا دەبێت و بۆی هەیە داوای بەستنی بکات، لە خولی ئاسایی و خولی نائاسایی داو هەرچی لێیەوە دەربچێت لە بڕیارو پێشنیازو ڕاسپاردە ئیمزایان دەکات.

**ماددەی دەیەم:**

ئەوەی رووی لێ نراوە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی دەزگاکە بکات، سەرۆکایەتی دانشتنەکانی ئەنجوومەن دەکات لە کاتی ئامادە بوونی لە کۆبوونەوەکەدا.

**ماددەی یازدەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەن هەر مانگە بەلانی کەمەوە جارێک کۆبێتەوەو ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی وەزیران کە سەرپەرشتی دەزگاکە دەکات یاخود بەلانی کەمەوە سێ یەکی ژمارەی ئەندامان لە کاتی پێویست دا بۆیان هەیە داوای بەستنی کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ڕادەی یاسایی بە ئامادەبوونی سەرۆکی دانیشتنەکە ونیوەی ژمارەی ئەندامان تەواو دەبێ و هەموو بڕیارو ڕاسپاردەو پێشنیارێکیش بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ و لەکاتی بەرامبەربوونی دەنگەکان ڕای ئەولایە پەسەند دەکرێ کە سەرۆک دەنگی لەگەڵ داوە.

**ماددەی سێزدەیەم:**

بڕیارەکانی ئەنجوومەن بۆ ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی وەزیران دەنێردرێ کە سەرپەرشتی دەزگا دەکات وئەگەر لاری نەبوو لێیان لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پێ ڕاگەیاندنی بە سەلمێنراو دادەنرێن و بۆیان هەیە جێ بەجێ بکرێن و، بەلام لە کاتێک دا کە لاری بوو لێیان لەو ماوە یاسایی یەدا، ئەوە بڕیارەکەی ئەم بنبڕو دوا بڕیار دەبێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی دەزگا بەپلەیەکی تایبەتی و بە بڕیارێک لە لایەنی تایبەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دادەمەزرێ، بە مەرجێک خزمەتگوزاری و بەشداری بەرچاوی هەبێ لە بزووتنەوە بۆ ماوەیەکی گونجاو کە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا بیشێنێ و بتوانێ کارو ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات و دەستەلاتەکانی خۆی بەپێی یاسا بە کار بێنێ و پێویستە شیاوییێکی خوێندنی وای هەبێ کە ئەنجوومەنی وەزیران دلنیا بێ لە وەرگرتنی فرمانی سەرۆکی دەزگاکە.

**ماددەی پازدەیەم:**

کارو ئەرکەکانی سەرۆکی دەزگا ئەمانەن:

١- بەرپرسی بەڕێوەبردنی دەزگاکەیە وبەر پرسیاریشە لە جێ بەجێ کردنی ئەرک و کارەکانی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

٢- دەرچوواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ رِوواندنی کار لە دەزگاکەدا بەپێی یاساو پێڕەوو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٣- پێشنیارکردنی پلان و بەرنامەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٤- سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی میلاک و پرۆژەکانی بودجەی پێشنیارکراوی دەزگا لەلایەن فەرمانگەکانی دەزگاو پێشکەش کردنی بە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن.

٥- پێشکەش کردنی ژمێرکاریی کۆتایی بۆ سالی دارایی کۆتایی هاتوو بۆ ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لەگەل بەیاننامەیەکی دوورو درێژ بەداهات و خەرجی یەکان.

٦- بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی پلان و بەرنامەکان و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سالانەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە بارەی چالاکی یەکانی دەزگاکەو باری دارایی.

٧- پێشنیارکردنی دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی دەزگا، هەروەها بۆی هەیە پلەیان بەرز بکاتەوەو بیان گوێزێتەوەو سزایان بدات و لێیان بخات و خانەنشینیان بکات ئەمەش بەپێی یاساو پێڕەوو ئەو دەستەلاتانە دەبێ کە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دەست نیشانیان دەکات.

٨- فەرمان دەدات بە سەرف کردنی پارە لە سنووری ئەو دەستەلاتانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە پێی دراوە.

٩- هەندێ لە دەسـتـەڵاتەکـانی خـۆی دەدات بە بەڕێوەبەری گـشـتی یا هەر کـەسـێکی تر لە فەرمانبەرانی دەزگا.

**ماددەی شازدەیەم:**

بودجەی دەزگا سەربەخۆیەو لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێ و لەلایەن سەرۆکی دەزگـاو بەڕێوەبەری گشتی یەوە ئامادە دەکرێ و دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە، لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆ پەسەند کردنی.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

پارەو داهاتی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێک دێن:

١- ئەو بەخشینەی کەلەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆی بڕیار دراوەو بۆی خراوتە ناو بودجەی گشتییەوە.

٢- ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوە کە موڵکی دەزگاکەن.

٣- دەستکەوتەکانی وە بەرهێنانی دەزگا.

٤- ئەو بەخششانەی پێشکەش بە دەزگا کراون و ئەوانەش لەلایەن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە قەبووڵ دەکرێن، بەمەرجێک لە سەرچاوەی ئاشکراو بەپێی مەشروعیەتی یاساوە وەرگیرابن.

٥- ئەو ڕەسمانەی کە لە پێناوی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی دەزگاکە فەرز دەکرێن.

٦- قازانجی ئەو چالاکی یانەی کە دەزگا دەینوێنێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

أ- هەموو موڵک و ماڵێکی دەزگا، ماڵی گشتین، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە نەبێ نابی دەسکاری بکرێن.

ب- قـەرزەکـانی دەزگـاو هەمـوو پارەیەکی کـە بە قـانون دەیکەوی، قـەرزی نایابن(ممتـاز) لەوەرگرتنیان یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی ڕەوای حکومەتیان لە سەر پیادە دەکرێ.

ج- هەموو ماڵێکی گوێزراوەو نەگوێزراوەی دەزگا لە باج و ڕەسم دەبووردرێن.

د- دەزگا لە هەموو ئەو ڕەسمانەی دەبووردرێ کە بەهۆی هەڵسوکەوتی یاساییەوە کەوتۆتە سەری، هەروەها لەو داواکارییانەش کە بۆی بەرز دەکرێتەوە یان لە دژی دەدرێ.

هـ- حسابەکانی دەزگا لەژێر چاودێری دارایی دا دەبێت

**ماددەی نوزدەیەم:**

دەزگا بۆی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارو ئەرکەکانی و وەدەست هێنانی ئامانجەکانی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکان دا بکات، بە هۆی ئەو فەرمانگانەی کە کارو ئەرک وسروشتیان لەگەڵ دەزگا وەک یەکن.

**ماددەی بیستەم:**

دەزگا بۆی هەیە لەو شوێنانەی کە لقی فەرمانگەی خۆی تێدا نییە، دابەش کردنی مووچەی خانەنشینان بە سەر ئەوانەی کە دەیان کەوێ بە فەرمانگەی تایبەتی نێو یەکەکانی بەڕێوەبردن لەسنووری خۆیدا بسپێرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

لە سەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

**ماددەی بیست و دووەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە:

**ئەمرۆ ئەگەر گەلی کوردستانی عێراق بۆی هەبێ شانازی بەو سیستەمە دیوکراتی یە و دەزگا دستووری یەکانی یەوە بکات، ئەو شانازی یە، لەڕاستی دا بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە لە پێناو بوونی دا گیانی خۆیانیان بەخت کردو مێژوویێکی شکۆداریان بۆ گەلەکەمان دروست کرد ورێگەی دوا رۆژیان رۆشن کردەوە. ئەوانە شەهیدانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستانن. جا، وەک وەفاداری یەک بۆیان و رێزگرتن لە قوربانی یەکانیان و نرخاندنی پلەو پایەیان دەبوایە دەزگاییێکی تایبەتمەند هەبێت، بۆ بە ئەستۆوەگرتن و سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕاندنی هەرچی پەیوەندی هەیە بە مافەکانیانەوە لە رێکخستن و بەدواداچوون و جێ بەجێ کردن وسەرپەرشتی کردنی کاروباری ئەوانەی بە هۆی خەباتیانەوە لە ریزەکانی بزووتنەوەکەدا پەک کەوتەو کەم ئەندام بوون، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.**